# واتە

2
کۆوارێکی رۆشنبیریی گشتییە
ئەیلوول ٢٠١٠

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**

**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری

# چمکەکانی سەردەم... بۆچی؟

عەبدوڕەزاق عەلی

لە ژمارە یەکیدا، "واتە" وا گوڕی داوەتە خۆی کۆواری چمکەکانی سەردەم بێ، ئەمەی پێ دەکرێ؟ وەک هەر کارێک، گەر پەکی لە دڵسۆزی و لێزانین نەکەوێ، بەڵێ. وەلێ پرسیاری گرینگ ئەمە نییە، بەڵکە ئەوەیە: داخۆ چمکەکانی سەردەم بۆچی؟

لە کتێبی "ئاوابوونی سەروەری.. شۆڕشی زانیاری چۆن دنیا دەگۆڕێ"دا (نووسینی: وڵتەر ب. ڕستۆن ١٩٩٢، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەمیر عیزەت نەسار و جۆرج خوری)، نووسەر دەڵێ، کورد پێشەنگی سوودمەندانی شۆڕشی زانیاری و نەمانی سەروەریی دەوڵەتان و سنوورە ئاسنینەکانیانن لەژێر زەبری ئاڵوێری زانیاریگەلدا، کۆڕەوی خەڵکی کوردستانی عێراق یەکەمین کۆژان و کارەساتی مرۆیی بوو لە ڕێی سەتەلایتی تازە داهێنراوەوە بگاتە هەموو دنیا.

نەتەوەی کورد لەوەتەی خوا خەڵقی کردووە، تاک و تەرا نەبووبێ، هەرگیز سەرداری ماڵی خۆی و دەسەڵاتی بەدەست خۆی نەبووە، ئەو تاک و تەرایەی لێ دەرکەی، نیوچە ڕزگاربوونی کوردستانی عێراق دەمێنێتەوە کە نیواونیو ئەگەر زیاتر نەبێ، بەرهەمی ئەو دنیا تازەیەی دوای نەوەتەکانی سەدەی بەرێ و چمکە سەردەمیانەکانیەتی.

ڕاستە کورد بۆ خۆشی کۆڵی نەداوە و خەبات و قوربانییەکی زۆری داوە، بەڵام دەبێ خۆمان لەو ڕاستییەش لانەدەین کە ئێمە کوڕی دنیای تازە و چمکەکانین. ئێمە پارێزراوی تەشەنەکردنی دیموکراسی و باڵادەستبوونی ڕێکخراو و یاساگەلی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نینۆککردنی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی چواردەور و وڵاتانی دوورەدەستین. کەواتە؛ خۆنەبانکردن لەو چمکانە و پێداویستییەکانی تێگەیشتن لێیان و پەروەردەکردنی نەوەکانی کورد بەو زانیاریگەلە سەردەمییانەیە، کاری نەکردەیە.

گوتنەوەی وانەکانی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و منداڵان و ئافرەتان و دلۆڤانی لەگەڵ پیر و کەمئەندام و پەککەوتوواندا، خۆشویستنی وڵات، دڵسۆزی لە کارکردن، میهرەبانی لە مامەڵەکردن و گیانی لێبووردەیی و دەیان چمکی تر، لە قوتابخانەکاندا، پێویستییەکی ئەم قۆناخەیە. وەک چۆن خوێندنی سەرلەبەری چمکە سیاسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و کولتووریی سەردەم لە زانکۆکاندا و ئاگەداربوونی قوتابییانی زانکۆ لە تازەترین توێژینەوە و کۆڵینەوە و بابەتەیلی ئەو چمکانە، کارێکە دواکەوتنی زیاتر هەڵناگرێ.

دەزانم دیموکراسی و پێشکەوتن و گۆڕینی کۆمەڵایەتی، هێلکەوڕۆنی سەرکولانکەیە و ساڵان و پشوودرێژی گەرەکە تا پێڕۆکە دەبن، وەلێ نەک وەک ئەمەی لای خۆمان هەرچەند ساڵ جارێک هەڵبژاردنێک دەکەین و دەستەوئەژنۆ لێی دادەنیشین وەک ئەوەی دیموکراسی هەر ئەوە بێ. نەخێر جگە لە زەوینەسازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و ئاکارییەکان، دیموکراسی لەم ڕۆژگارەدا، لە چمکگەلێکی تری سەردەم ئاڵاوە و بێ ئەوان ناتوانی بڵێی دیموکراسیم یان ڕاستت دەوێ هەر نابێ.

دیموکراسی، دەوڵەتێکی یاسا تۆکمەی پێویستە. سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی جێگیری دەوێ کە شەرعییەت لە دامەزراوەکانی و ڕازیبوونی زۆرینە وەرگرێ. سیستەمێکی ئابووریی دیوەدەر و ئازاد کە یەکسانی لە گەشەسەندنی هەرێم و ناوچەکاندا ڕەچاو بکا. میدیایەکی ئازاد و بێلایەن کە زانیارییەکان وەک خۆیان بگەیەنێتە خەڵک و چاودێرێکی بەرپرسیار بێ بەسەر کار و خەرجییەکانی حکوومەتەوە. هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ئاگەداربوونیان لە ماف و ئەرکەکانیان، پێویستییەکی واز لێ نەهێنراوە. پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و هاوکاری و یەکتر قبووڵکردنی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، لە پایە سەرەکییەکانی ڕۆنانی دیموکراسین. دیموکراسی ڕێزی هەموو ڕەگەز و ئاین و مەزهەبەکان وەک یەک دەگرێ و چاکەی یەکێکیان نادات بەسەر ئەوانی تردا.

جێی خۆشحاڵییە کە ئەو دنیا تازەیە مامەڵە لە تەک کرداردا دەکا نەک گوتار، کەواتە گەر کورد بیەوێ ئەو دنیایەی هاوکاری بوو لە ڕزگارکردندا تا سەر هاوکاریی بکا، هیچ چاری نییە دەبێ چمکەکانی ئەو دنیا تازەیە نەک قبووڵ بکا، بگرە پێویستە بە دەستپاکییەوە پێڕەویان بکا و برەویان پێ بدا، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش، دەبێ خەڵکەکەی هۆشیار بکاتەوە.

بۆیە مەعریفە و فێربوونی ئەو چمکگەلە سەردەمیانەیە و پێڕەوکردنیان گەر جاران فەزڵ و چاکەیەک بووبێ، بۆ ئەم سەردەمە ئەرکە، دەنا دنیای تازە نەک هاوکارمان نابێ، فرێشمان دەداتەوە ئەو جێیەی پێش نەوەتەکان لێی بووین.

ئەڵبەت دەزگەکانی میدیا بەگشتی، ڕۆڵێکی تا بڵێی کاریگەر دەبینن لەو بوارەدا. "واتە"ش نیازی هەیە لەو هەرەوەزەدا قۆڵی لێ هەڵماڵێ بەشێوازێک خەڵک پەنجەی ئافەرینی بۆ درێژ بکەن.

# کولتووری ستوونی، کولتووری ئاسۆیی

محەمەد فەریق حەسەن

بەپێی قاموسی (پۆلیتیکن)ی زمانی دانیمارکی، کولتوور واتە: «خدە، بڕوا، هونەر و بەرهەمەکانی تری مرۆڤ و کارگەکان، کە لەلایەن گرووە مرۆڤێکی دیاریکراوەوە، لە قۆناغێکی دیاریکراودا بەرهەم هاتوون. دەوترێت: کولتووری ڕۆمانی، کولتووری بیانی.. دیاردەیەکە، لە گشت کولتوورێکدا هەیە.. ئەو لە کولتووری چینیدا پسپۆڕە.. کولتوورێکی ئاستبەرزی هیندییە سوورەکانە.. کولتووری پیشەسازیی ئەوروپایی.. مەڵبەندی کولتووری (مەڵبەندی فەرهەنگی، یان ڕۆشنبیری).. خاتوونێکی خاوەن کولتوور و ستایل.. ئەو دەوڵەمەندە بەڵام بێ کولتوورە... تاد»

کولتوور کۆمەڵێک بنەما و داوونەریتە، جڤاکێک یان گرووپەک مرۆڤ، بە گوێرەی نۆرمی ژیان و مگێزی خۆیان دایانهێناوە و پەیڕەوی دەکەن. کۆمەڵی بێ کولتووریش لەم جیهانەدا نییە. ئەوەندە هەیە، کەلتووری دەوڵەمەند و کولتووری هەژار هەنە. کولتوور شێوازی ژیان، خواردن، خواردنەوە، پۆشاک، موزیک، شایی و هەموو ئەو هەڵسوکەوتانە دەگرێتەوە، کە گەلێک یان گرووپەکی ئیتنیکی پێ لەوانی تر جیا دەکرێتەوە.

دەشێ بە گشتی بڵێین: کولتوور، یان فەرهەنگی کوردی لە کۆندا، سەر بە کولتووری میزۆپۆتامیا و گەلانی ئێرانی کۆن بووە، یان لەوانەوە نزیک بووە. لەو هەرێمە فراوان و بەپیتەدا، بۆ یەکەمین جار کشتوکاڵ بەرهەم هێنراوە. جێی ئاماژە پێدانە بەپێی قاموسەکانی زمانی ئینگلیزی و دانیمارکی، چاندن و کشتوکاڵیش لە واتاکانی کولتوورە، یان با بڵێین کولتوور چاندن و کشتوکاڵیش دەگرێتەوە. یەکەم مەڵبەندی کشتوکاڵیش واتای ئەوە دەگەیێنێ، یەکەمین جار لە کوردستاندا، مرۆڤی کۆن لە ئەشکەوتەوە دابەزیوەتە پادەشت و گوندی چێ کردووە. لێرەوە مرۆڤ پێی ناوەتە ژیانێکی نوێوە و جێگیر بووە. خانووبەرەی بنیات ناوە. گیانداری کێویی ماڵی کردووە. کۆمەڵە خەڵکێک پێکەوە گروویی ژیاون. جڤاکی سەرەتاییان پێکەوە ناوە و مامەڵەیان لە تەک

زەویدا کردووە. لە کاتێکدا پێشتر سەرگەردان و پەڕاگەندە، تەنیا لەسەر ڕاو و کۆکردنەوەی بەروبوومی ڕووەکی سروشتی ژیاون. کەواتە ئەم گرووە خەڵکە بوونەتە خاوەنی کولتوورێکی نوێی پێشکەتووتر.

هەر لەم مەڵبەندەیشدا، مرۆڤی کۆن یەکەم نووسین و خەتی بزماریی داهێناوە، کە دواتر یەکەم یاسای پێ نووسراوە. یەکەم کتێبخانەیش داهێنراوی ئەم دەڤەرەیە. واتە کولتووری ئەم دەڤەرەیە. هۆیەکەیشی ئەوەیە، ئەوان لە پێش نێوچەکانی تری دنیاوە دەوڵەتیان چێ کردوە. جووتە کتێبی پیرۆزی میسحەفەڕەش و جیلوەی ئێزدی، هەروەها کتێبی سەرەنجامی یارسانەکان، دەرهاویشتەی مینتەلێتیی کوردن و سەرباشقەی کولتووری کورد پێک دێنن. بەڵام کورد چونکە بەردەوام شەڕ و کۆچی گەرمیان و کوێستانی لە پێش بووە، نەیپەرژاوەتە سەر هونەری بیناسازی و چێکردنی پرد و ڕاکێشانی ڕێگەوبان. تۆ بزانە، بە پانی و درێژیی کوردستان، زۆر بەکەمی پاشماوەی کۆشک و تەلاری میرانی کورد، بەرچاو دەکەون. کۆشک و تەلاری پادشاکانی ئەوروپا بوونەتە دێرینخانە و گەشتیاران بەتایبەتی ڕوویان تێ دەکەن. وێنەی یادگارییان لە پاڵدا دەگرن و گەشتیاران سەرسام دەکەن. تۆ هەروا سەرنجی بیناسازی لە دێهاتەکان بدە. وەک دووهەزار ساڵ پێشی ئێستان.

تۆ ئەگەر بتەوێت ڕۆمانێکی مێژوویی لەسەر سەد ساڵێک لەمەوبەری خێڵێکی کورد بنووسیت، گەرەکە کولتووری گەشتی گەرمیان و کوێستان، شەڕی نێوان خێڵەکان و چەکوچۆڵیان، جلوبەرگی پیاوان و ژنان و کولتووری ڕەشماڵ و سوارچاکی و پێداویستییەکانی، زەمبەری ئەسپ و چیغ و هەرچی کاسە و کەوێڵ و جلوجۆرێک، کە ئەوان لەو سەردەمەدا بەکاریان هێناوە، وێرای خۆشەویستی و شەڕ و سوڵح و شین و شایی بزانی. ژیانی نێو ڕەشماڵ و تاقەتکردنی گاوگۆتاڵ و مەڕومالات و بەرهەمهێنانی شیرەمەنی. هەموو ئەمانەیش کولتووری کوردیان لەو سەردەمەدا پێک هێناوە. تۆ دەبێت هەموو ئەمانە بزانیت دەنا هیچ بە هیچ ناکەیت. دەشێ ئەم فیگەرانە بە کەڤاڵی شێوەکاریش بکرێن. دەمەوێت بڵێم: لە دوای گرینگیی ڕۆڵی زمان و خەیاڵ، بۆ نووسینی ئەدەبی گێڕانەوە (Narration)، پێویستە نووسەر شارەزای کولتووری میللەتی خۆی بێت.

بەسەرێکی تر کورد میللەتێکی فرە ئۆل و فرە خێڵە، واتە کولتوورەکەیشی فرە ڕەنگە. بۆ نموونە جیاوازیی زۆر لە نێوان کولتووری شەبەک و ئێزدیدا هەیە، ئەگەرچی لە ڕووی جوگرافییەوە لەیەکەوە نزیکن. دیاردەی فرە کولتووری، لە خۆیدا کولتووری کوردی دەوڵەمەندتر کردووە. تۆ هەروا بۆ نموونە سەرنجی جەژن و بۆنە میللی و ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی کوردی ئێزدی و کوردی موسڵمانی سوننە و کوردی عەلەوی بدە. دەبینی جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە.

بەسەرێکی تر، دەکرێت کولتوور بکەین بە دوو بەشەوە، کولتووری ستوونی، واتە هەموو ئەو داوونەریت و خدانەی لە باپیرانمانەوە بۆمان ماونەتەوە، کە موڵکی خۆمانن. ئەوجا کولتووری ئاسۆیی، واتە ئەوانەی خوازراون و ئێمە خاوەنە ڕەسەنەکەی نین. بگرە لە دەوروبەر و لە

سەردەمەکەوە هاتووەتە نێومانەوە، وەک عەبا و پەچە گرتنەوەی ئافرەتان و پۆشینی (گەلەبیە)، کە بێگومان سەر بە کولتووری خوازراوە. ئێستایش، مۆدیلەکانی قژبڕین، تەلەفۆنی دەستی و پۆشینی کاوبۆی لە بری جلکی کوردی، خواردنی هەمبەرگەر و پیتزا و خواردنەوەی کۆلا و پیپسی و گوێگرتن لە موزیکی پۆپ و ڕاپ و گۆرانیی عەرەبی و تورکی و فارسی.

کولتووری دەوڵەمەندیش واتە، میللەتی خاوەن پاشخانی دەوڵەمەند و چالاک، خاوەن ژیار و داهێنان، لە هەموو بوارەکاندا. هەر گەلێک، هەتا لە مێژوودا کۆن و ڕەگاژوو بێت، ئەوا خاوەنی کولتووری دەوڵەمەندترە. نەوەکانی ئەو گەلە لە ئێستا و داهاتوویشدا پشتی پێ دەبەستن و شانازی بە لایەنە گەشەکانییەوە دەکەن و لێی سوودمەند دەبن. ئەو گەلانەی، کە زەمینەیەکی فراوان و دەوڵەمەندیان هەیە، دەکرێت بگەڕێنەوە سەری و بیکەن بە جێی سرووش و ئیلهام. دەشێ سەرچاوەیەکی چکنەکردوو بێت و بەردەوام لێی هەڵێنجن. کولتوور بۆی هەیە گەلێکی مێژووکرد شێوەگیر بکات و پێی بناسرێتەوە. شارستانییەتە گەورەکان، خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیان بوون، کە پێی دەناسرێنەوە.

وەلێ کولتوور پیرۆزیش نییە. گۆڕانی بەسەردا دێت. لایەنی ڕووناک و لایەنی تاریکی هەیە. هەر بۆ نموونە ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و ڕەدووکەوتن و تۆڵەسەندنەوەی خێلەکییانە و بێڕێزی کردن بە ئافرەت، گوێڕایەڵی کوێرانە بۆ خێڵ و سەرخێڵ، لە بری ئەوەی گوێڕایەڵی تاک بۆ نیشتمان بێت. سوڵحی عەشایەری، کە بێڕێزکردنی دادگە و یاسایە... گشت ئەمانە و زۆری تریش، لایەنی تاریکی کولتووری خێڵە کوردە، کە کۆمەڵی ئێمەیان گیرۆدە و بەجێماو کردووە.

هەر ترادشیۆن و عورف و عادەتێک، یان هەر کولتوورێک، مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤی بە نێر و مێوە، لە بەرچاو نەگرتبێت و بەرز و بەڕێز ڕاینەگرتبێت، ئەوا کولتوورێکی نامرۆڤانەیە و شایانی پیادەکردن و ڕێز لێگرتن نییە. مرۆڤایەتی فرە ڕەنگ و فرە دەنگە، وەلێ بە جیاوازیی کولتووریشیانەوە، هێشتا هەر یەک مرۆڤایەتی هەیە. هەموو ئەو خاوەن ڕەنگ و دەنگە جیاوازانە، مافیان چوونیەکە و هاوسانن.

کاتێک ئاینی ئیسلام بەسەر نووکی شمشێرەوە گەیشتە کوردستان، یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو، ئاینی زەردەشتی بە خۆی و تەواوی وردەکارییەکانیەوە سڕییەوە. هەر لە ئاتەشگەدە و پەرستگەی زەردەشتییەوە هەتا سرووتەکان و زەمزەمە و داوونەریتی هاوسەرکاری. لێرەیشەوە کولتووری فرە ژنی هاتووەتە نێو کوردانەوە، کە پێشتر نەبووە. واتە بە هاتنی ئاینی ئیسلام ئێمە دەستبەرداری بەشێکی زۆر لە کولتووری خۆمان بووین و لە بری ئەوانە زۆرمان لە کولتووری بیابان و خێڵی عەرەب پەیڕەو کردووە. کەواتە کولتوور لە ئەنجامی داگیرکاری و دین گۆڕینی بە خورتیدا، گۆڕینی بنەڕەتی بەسەردا دێت و کولتووری نوێی سەردەست جێیان دەگرێتەوە.

باسی لایەنی تاریکی کولتوورمان کرد. لە ڕاستیدا ژن بە ژن برێتییە لەوەی، دوو خورت خوشکەکانیان، یان دوو باب کیژەکانیان دەگۆڕنەوە. ئەم کولتوورە، مۆدیلێکی زۆر دواکەوتووی

هاوسەرکارییە، لە وڵاتە ئیسلامییە خێڵەکییە دواکەوتووەکانی وەک (یەمەن)یش پەیڕەو دەکرێت. لە کن ئەوان بە (زواج البدل) ناسراوە.

زۆر لایەنی کولتووری، کە لە بناغەدا سووکایەتیکردن بوون بە ڕەگەزی مێینە، لە کۆمارە موسڵمانەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی جاراندا ڕەگاژوو بوون. دەوڵەت لەوێ، چەند هەوڵی لەگەڵدا دەدان و ئامۆژگاریی دەکردن، بێ ئەنجام بوو. ئەوان دەستبەرداری نەدەبوون. بۆیە ناچار بوون بە زەبری یاسا قەدەغەیان بکەن و غەرامەیان لەسەر دابنێن. وەک چۆن ئێستا، لە باشووری کوردستان، بە زەبری یاسا دیاردەی فرە ژنی سنووردار کراوە.

مرۆڤەکان لە هەرکوێیەکی ئەم دنیایەدا بژین، هاوسان و چوونیەکن. ئەوە زمان و ئاین و کولتوورە پۆلێنیان دەکات. لە یەکیان جیا دەکاتەوە و دەیانکات بە خاوەنی شوناسی تایبەت بە خۆیان. یان ڕاستتر وایە بڵێین کولتوور ڕۆڵی بەرچاوی لە شێوەگیربوونی شوناسی میللەتاندا هەیە.

ئەگەر کولتوورێکی تری نوێ و بەهێز، ڕووی کردە ناوچەکەمان، ئەوا لە تەک کولتوورە خۆماڵییەکەدا پێکەوە هەڵدەکەن و شان بەشان درێژە بەخۆیان دەدەن. بۆ نموونە ماکدۆناڵد گەیشتووەتە کوردستان و لەمێژیشە کۆلا و پێپسی هەنە، وەلێ ماکدۆناڵد و هەمبەرگەر و کۆلا، کە کولتووری خۆراکی ئەمەریکان–، تاکو نهۆ نەیانتوانیوە کفتە و گیپە و دۆڵمە و ساوەر و تەنانەت ترخێنەیش لە بەرچاوی ئێمەی کورد بخەن. بگرە هەردوولایان شان بەشانی یەک ڕێ دەکەن و بەردەوامن. سەبارەت بە کۆلایش ئێمە هیچ ساردەمەنییەکی تر بەرهەم ناهێنین تاکو کۆلا ڕکابەریی بکات و بیکات بە ژێرەوە. هەروەها بۆ کاوبۆی و پۆشاکی کوردی، کە پێکەوە ڕێ دەکەن. ئەمە ئەگەر ملانێیەکە هاوکوف بێت، زەبروزەنگ و زۆرەملێی تێ نەکەوێت و وەک بازاڕی ئازاد مامەڵە بکەن. وەلێ لە درێژاییی مێژوودا هەر وەها بووە، هەردەم شارستانییەتیی بەهێز، کە دەرکەوتبێت، هەوڵی داوە زمانی خۆی، هەندێک جاران ئاینی خۆی و داوونەریت و کولتووری خۆی بەسەر گەلە بێ هێزەکاندا بسەپێنێت.

نهۆ ئەمەریکا کوێخای جیهانە، بێگومان مەبەستێتی کولتووری خۆی بە جیهاندا بڵاو بکاتەوە و برەوی پێ بدات. بیکات بە باو. ئەوان پێیان خۆشە تەواوی گەلانی دنیا، لە شێوازی پرچ بڕین، گۆرانی و موزیک، خۆراک و مۆدیلی پۆشاکدا لاساییان بکەنەوە. فەرەنساییەکان نزیکەی سەدەیەک وڵاتی جەزائیریان بندەست کرد. ئەوان ئاینی خۆیان بەسەردا نەسەپاندن، وەلێ بە تۆپزی زمانی فرەنساییان بە سەردا سەپاندن. دوای ئەوەی جەزائیر ڕزگاری بوو، ناچار بوو مامۆستای زمانی عەرەبی لە عێراق قەرز بکات. نیوسەدە پتر بەسەر ئازادبوونی ئەو وڵاتەدا تێ پەڕیوە، کەچی تاکو ئێستایش گرفتی زمانیان هەر ماوە. لە زۆربەی ئەو وڵاتە ئەفریقاییانەی، کە کۆڵۆنیی فرەنسا بوونە، تا ئێستایش هەر فرەنسی زمانی فەرمییانە و زۆریان زمانی دایکی خۆیان دۆڕاندووە، یان زمانی خۆیان تەنیا بۆ گفتوگۆ بەکار دەهێنن، نەک بۆ نووسین و خوێندنەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

وەلێ ئەم ڕکابەرییە هەردەم وەها بە ئاسانی بەڕێوە ناچێت. ئەتاتورک، بە تۆپزی پۆشاکی کوردیی قەدەغە کرد و کاسکێتی تایبەت بە تورکانی تەپاندە سەر تاکی کرد و پۆشاکی یەکگرتووی بە بالای تەواوی گەلانی تورکیا بڕی. جلکی کوردی لە تورکیادا ئاسەواری بڕایەوە. ئەوەتا، تاکو ئێستایش، بەشێک لە کوردانی بندەستی عەرەب لە پادەشتی نەینەوادا بە تەواوی، مەیلی پۆشاکی کوردییان ناوە و عەگالیان لەسەر ناوە، کە پۆشاکێکە فرێ بەسەر کولتووری کوردییەوە نییە، بگرە عەگال لە بناغەدا، کولتووری و پێناسەی خێڵە ڕەوەندی بیابانگەڕی عەرەبە و لەوانیش جوان دەوەشێتەوە. ئەمەیش بەو واتایە دێت، کوردانی پادەشتی نەینەوا بەشێک لە ئەوێتی (شوناس: هوية)ی خۆیان لە دەست داوە، ئەویش جلوبەرگی کوردەوارییە، کە کورد لە نەتەوەکانی دەوروبەری پێ جیا دەکرێتەوە، چونکە جلوبەرگ زمانی خۆی هەیە، ڕانک و چۆغە، کوڵەباڵ و پەستەک، کراسی ژنانەی شۆڕ و سەروپێچ و دەسماڵ و ئاوەڵکراسی ژنانە... هەروا بێتەوە کڵاوبۆرکە و فەرنجی و کڵاشی هەورامی لە دوورەوە هاوار دەکەن و دەڵێن، ئێمە سەر بە کولتووری کوردەوارین. زۆر جاران، کاتێک گەلان دەکەونە بەر هێرشی بیانی، بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن؛ پاڵ دەدەن بە کولتووره کۆنەکەیانەوە. دیسان دەیژیێننەوە و دەیهێننەوە پێشەوە، تاکو لە بەرانبەر کولتووره نوێیە نامۆکەدا وەک ڕکابەر ڕابوەستێ و بەرگری بکات.

ئێستا بە هێز و بە هەژموونەوە، شەپۆلێک ئاواز و گۆرانیی عەربی و تورکی و فارسی، ڕووی لە باشوور کردووە. ئەم شالاوە دەستی خۆیشمانی تێدایە و خەریکە ئاواز و گۆرانیی کوردی بەژێرەوە دەکات. چونکە ئەو هونەرمەندانەی بەم هونەرەوە خەریکن وەک پێویست بەر بەهەرووژمی ئەم کولتووره ناکوردییە ناگرن. بگرە هەندێک جاران بۆ خۆیان ئاوازی تورکی عەرەبی بەگۆرانیبێژەکان دەدەن و ئەو گۆرانیبێژانەیش، بێ بیرکردنەوە و بەرگری، قەبووڵی دەکەن.

جاران لە ساڵێکدا گۆرانییەک دووانی کوردیی نوێ بەدەردەکەوتن، وەلێ بە ڕووبەری کوردستانەوە دیار بوون. خەڵک لە شامەوە بۆ شیراز دەیوتن و دەیوتنەوە و پێی دڵخۆش بوون. پێیان وابوو ئەو جووتە گۆرانییە موزیکی کوردییان دەوڵەمەند کردووە. ئێستایش ساڵانە چەندان ئەلبووم و سیدی و دەیان گۆرانیی نوێ دەکەونە بازاڕەوە، کەچی موزیک و گۆرانیی کوردییان پێ دەوڵەمەند نابێت. خەڵکیان پێ خەنی نابێت. بەو دڵگەرمی و پەرۆشییەی جارانەوە بەرەوڕوویان ناچن. ڕەنگە هۆیەکەیشی ئەوە بێت، لەژێر کاریگەریی کولتووری بیانیدان، کەواتە دەتوانین بڵێین، نەک کولتووری موزیک و گۆرانیی کوردی، لە باشووری کوردستان لە ژێر فشار و هەڕەشەی موزیک و گۆرانیی زاڵی دراوسێکاندایە. کەچی سەمای کوردەواری، لە دیوی ڕۆژهەڵات، بە پەرەپێدان و جوانییەکی باڵاوە دەبووژێتەوە و شان بەشانی گۆرانیی میللی، وەک تەواوکەری یەک و دوو بن، بەدیار دەکەوێت.

ئێمە بەرەو هەڵسانەوە و دووبارە ژیانەوە بەڕێوەین، بە نیازین جارێکی تر بگەڕێینەوە نێو مێژوو. هەموو ئەو گەلانەی، کە بەم قۆناغەی ئێمەدا تێ پەڕیون، گرینگیی زۆریان بە کولتووری خۆیان داوە و وەک پایەیەک، یان پێگە و ئاماژەی بەهێز پیشانی خۆیان و بیانییان داوە. وەک

بەڵگەی چالاکی و ئامادەبوونی ئەوان لە مێژوودا بایەخیان پێ داوە. کولتوور، بیرەوەریی میللەتێکە، هەم مێژووە و هەم شوناس. هەندێک لایەنی نەرێنی کولتووریش لەنێو کورددا هەن، وەک: هەر کاتێک ویستت بۆت هەیە بچییە سەردانی خزم و ناسیاو، بێ ئەوەی پێشتر لێت گێڕابنەوە. ئەمەیان کولتووری ڕەشماڵە، کە دەرگەی نییە و هەموو کات بۆ پێشوازی لە میوان، خوێش بێت یان بیانی، ئامادەن و دەست بە ڕووی میوانەوە نانێن. ئەم کولتوورەیش لە ئێستادا هەتا بڵێی بێ تام و بێ واتایە، چونکە هەر خێزانێک، یان هەر تاکێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و بە کاروباری خۆیەوە سەرقاڵە، بە تایبەت لە شارستاندا.

لەم وڵاتەی من لێی دەژیم، کولتوورێکی زۆر جوان هەیە، ئەویش ئەوەیە، تۆ بۆ هەر ماڵێک بانگهێشت کرابیت، دەبێ دیارییەک لەگەڵ خۆتدا ببەیت. وەک چەپکێک گوڵ، یان نوقوڵ و شیرینی. کەس بەبێ دیاری سەردانی ئەوی تر ناکات، لەلای ئێمەیش لۆژ لۆژ، (دەست لە گونان درێژتر) دەچنە سەردانی ماڵان. ئەگەر بڵێی ئەم کولتوورە جوانەی باسم کرد، پێشتر لەنێو کورددا هەبووە. لە کۆندا، هیچ کوردێک بە دەستی بەتاڵ سەردانی ئەوی تری نەکردووە. کەچی لە پڕێکدا شارنشینەکان ئەم کولتورە جوانەیان پشتگوێ خست، کە نیشانەی سۆزبەندی و بەتەنگەوەهاتنە.

شیعرێکی هێمن هەیە دەڵێ:

لەنێو کورددا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێربووی گوڵم پەیمان شکاندن؟

وشەی (پەیمان) فرە واتایە و زۆر لایەنی هەیە، هەر بە تەنیا پەیمانی دڵداری ناگرێتەوە. پێم وایە ئێمە میللەتێکی بێ پەیمان و بەڵێنین.. ئەوەتا هەر بەڵێنە دەدرێت و ناچێتە واری جێبەجێکردنەوە. تۆ جارێ واز لەوەیان بێنە زۆرێک لەو کوردانەیش، کە پەڕیوەی هەندەران بوون تەرکی ناکەن. ئەگەرچی لە خۆرئاوادا شەرمە مرۆڤ لە (مەوعید) دوا بکەوێت. وەلێ ئەم دیاردەیە، لە ئاهەنگ و کۆڕی جەماوەریدا، لە نێوان تاکەکاندا بەدیار دەکەوێت. تاکی کورد مەگەر بە دەگمەن، دەنا لە کاتی دیاریکراودا ناگاتە جێی مەبەست. ئەو، کە لە ژوان دوا دەکەوێت، هیچ ڕووداوێکی نەخوازراوی کتوپڕ دوای نەخستووە. بەڵکو دواکەوتنی تاکی کورد زیاتر لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو نرخی کات نازانێت و ڕێز لە زەمەن ناگرێت. لەم ئەوروپایەدا، کە تۆ دەبێت ڕابکەیت بۆ ئەوەی فریا بکەویت، کەچی کاکی کورد لێرەیش هەر دوا دەکەوێت.

جلیتبازی و شەڕەبەران و شەڕەگاگەل و ئاشەبەتەنوورە و قەلەمرادارێ و فڕێوە و گورزی بن مێخ و زۆری تریش، لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی زەماندا خۆیان نەمان و بەرگەی ئەم سەردەمەیان نەگرت. گەمەی تری هاوچەرخ جێی پێ لێژ کردن. وەلێ ژنکوژی و تۆڵە و زۆری تریش، لەلای کوڕانی خێڵ، وەک ڕەگی گولی، هەر لە جێی خۆیانن. هەندێک کولتووری خراپ، خەڵک خۆیان دەستبەرداری دەبن و هەندێک بە ڕێنوێنی و بە هۆی ڕێنوێنی میدیاکانەوە. هەندێکیش گەرەکە کاری جدییان بۆ بکرێت. خۆ ئەگەر بدرێنە دەست ڕۆژگار، ئەوا زۆر بە درەنگ دەستبەرداریان

دەبین، بۆیە هەندێک لەو کولتووره ڕزیوانە، گەرەکە بە زەبری یاسا قەدەغە بکرێن.

هەڵوەشاندنەوەی خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی و ئەنجوومەنی خێڵ، هەنگاوی نوێ و شۆڕشگێڕانەیە. پێدڤییە دیوەخانانە نەمێنێ.. وەک لە وڵاتانی دنیادا باوە، گەرەکە ئەوانەی خاوەنی خانووبەرە و زەویوزارن (سکات: باج) بە دەوڵەت بدەن. نەک لەسەر ئەو هەموو سامانەدا، کە هەیانە، حکوومەت بێت لە دەمی خەڵکی بگرێتەوە و بیدات بە کۆنە موستەشار. مووچە دەبێت بەرانبەر بەکار بێت. قسەی خۆمان بێ، ئەو پارە مفت و کاشەی حکوومەتی خۆمان بە سەرخێڵەکانی دەدات. لە سەردەمی عوسمانیدا پێیان وتووە (حق السكوت)، کە هەر بە ناوەکەیدا دیارە چ مەبەستێکی لە پشتەوە بووە. ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیێنێت ئێمەی کورد لە باشووری کوردستان، سەبارەت بەو پرسە، هێشتا لە ڕۆژگاری عوسمانیدا پێکوتەمانە. باوەڕ ناکەم لە خودی تورکیادا، کە میراتگری شەرعیی عوسمانییە، ئەم کولتووره باوی مابێت.

نازناوی خێڵیش لەگەڵ سەردەمی (دی ئێن ئەی) و ئینتەرنێتدا نایەتەوە. چاکتر وایە بەپێی یاسا قەدەغە بکرێت، تاکو ئێمەیش، خێڵ و زەینی خێڵایەتی لە پشت خۆمانەوە جێ بێڵین، ڕوو لە تازەگەری بکەین. تاکو (تاک) و تاکگەرایی دروست ببێت و تاک لەژێر سەبەتەی خێڵ بێتە دەرێ و ئازاد ببێت. بیرت بێت، زۆر نووسەری کورد هەن، لە بواری ئەدەبدا، دەم لە پۆست مۆدێرنیزمەوە دەدەن. بەڵام لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانیدا، لە دوان و خێڵەکییانە مامەڵە دەکەن، لە ماڵی خۆیاندا یاساکانی ڕەشماڵ و دیوەخان پەیرەو دەکەن. بۆیە نووسەرانی نوێخواز و خەمخۆر، ئەوانەی سەربەخۆن، دەتوانن لەم بەستێنەدا بنووسن و هێزی پاڵەپەستۆ بن، ئەگەرچی ئەوان نە خاوەنی دەستەڵاتی یاسایین و نە ڕاپەڕاندن. نووسەرانی سەربەخۆیش ئەوانەن، کە لە دەستەڵاتی سیاسیی فەرمی بێ منەتن.

بە ئاوابوونی سیستەمی خێڵایەتی، هەموو کولتووره دزێوەکانی ژنکوژی و تۆڵە و جاشایەتی و... نامێنن و ڕێگە بۆ چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆش دەبێت. نزیکەی هەزار ساڵێک لەمەوبەر، باپیرانی ئەم گەلە نەجیبانەی دانیمارک و سوێد و نەرویج، برێتی بوون لە کۆمەڵێک خێڵی پەڕاگەندە، خەریکی جەردەیی و ڕاوڕووت بوونە. ئەوان بەسواری کەشتییە باریک و درێژەکانیانەوە، بە شمشێرە تیژەکانیانەوە، بەسەر شارەکانیاندا داوە و خەریکی تاڵانی بوونە. بەم شێوەیە بژێویی خۆیان دابین کردووە. ئەم خێڵانە لە مێژوودا بە (ڤیکینگ) ناسراون. حاڵی حازر نەوەکانیان لە ڕیزی هەرە پێشکەوتووترین گەلانی دنیان. نە کولتووری ڕاوڕووت ما، نە ڤیکینگ. مەگەر لە مۆزەخانەی ڤیکینگەکان و فیلمی سینەما و کتێبەکانی مێژوودا باسوخواسی ئەو کولتووره کۆنە مابێت. کوردیش ئەگەر پێشەنگی دنیادیوەی هەبێت، کاری بۆ بکات، دەشێ کولتووری ڕزیوی خێڵ تێ پەڕێنێت و باوەش بۆ تازەگەری و دنیای نوێ بکاتەوە. هەرچی کولتووره جوانەکانیشە بەرز و بەڕێز دەمێننەوە.

تێبینی: ئەم بابەتە، وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری ڕۆژنامەنووسی هێژا (غەمگین بولی)یە، لەمەڕ پرسی کەلتوور.

# ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس "ئاکانیوز"

## Kurdistan News Agency “AKnews”

پێڕۆیی بۆ ڕۆژنامەنووسان

بنەما، ڕێسا، ڕاهێنان

ئولریش پێتزۆلد و هۆرست ڕوێپەر

Kurdistan News Agency in democratic responsibility-basic principles for the AKnews work

**١- ئاژانسی کوردستان لە لێپرسراویی دیموکراتیدا - پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی کاری** AKnews:

AKnews بێلایەنانە، تا بکرێ ڕاستگۆیانە، گشتگیرانە و تێروتەسەلانە ڕاپۆرت لەبارەی ڕووداو و پێشوەچوونەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ڕادەگەیەنێ. لە کاری خۆیدا دیموکراسی پەیڕەو دەکا و هانی دەدا، خۆیشی دەنگێکی دیموکراتیی کوردییە بەرەو جیهان. بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسی چاپەمەنیی ئەڵمانیایی dpaدا پێوەرە پیشەییەکان لە وەشاندنی هەواڵگەلی نایاب و بەکوالیتێت و خستنەڕووی زانیاریدا بۆ خۆی دەکا بەئامانج. AKnews لە کوردستاندا هانی ڕۆژنامەوانیی پیشەیی دەدا، هەواڵ لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆژەوە دەوەشێنێ، ڕاپۆرتەکان لەگەڵ پێشوەچوونەکانی وڵاتدا ڕێک دەخا و پشتەوەی پێشوەچوونەکان ڕووناک دەکاتەوە. AKnews کارتی پێناسەی میدیاییی کوردستانە لە عێراق و جیهاندا.

ئاکانیوز و دیموکراسی:

ئاکانیوز سەربەخۆیانە کار دەکا و لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەوە یاخۆ یەکلایەنانە ئاراستە ناکرێ و سانسۆر نایگرێتەوە. دامەزراوەیەکی ئابووریی سەر بەکەرتی تایبەتە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و ئازادیی هەرێمی کوردستان - عێراقدا کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە خەمی دابینکردنی هەواڵ و زانیاریی تازە و هەنووکەییدایە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە حکوومەتییەکان و جەماوەر و ئۆرگانە

........................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: بەکر شوانی.

هاوتەریبەکانی خۆی. هاووڵاتییان بۆ ئەوەی بتوانن بڕیاری سیاسی بپێکن، پێویستە گشتگیرانە بەزانیاری دەوڵەمەند بکرێن و لەو بارودۆخ و بیرورِا جیاوازانە، کە بۆ پرۆسەی سیاسیی بنیاتنانی هزر و پێکانی بڕیاری دروست گرینگن، ئاگەدار بکرێنەوە. هەواڵ گواستنەوەی سەربەخۆ و بێلایەن بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەموو بوارە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گفتوگۆی تایبەت بەپێشکەوتنەکانی وڵات بەزیندوویی ڕادەگرێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەو فۆرمە دیموکراتییانەی کە پێویستە پرۆسەی پێشوەچوونیان تێدا جێبەجێ بکرێ. ئاکانیوز زانیاریی پێویست بۆ ئەو مەبەستە دابین دەکا و بەڕاپۆرتە بەردەوامەکانی خۆی، بەئاراستەی ناکۆکییەکانی ناو ڕای گشتیدا کار دەکا. بیر و بۆچوونە گشتییەکان خۆیان لە ئاکانیوزدا دەخەنە ڕوو و بەم جۆرە بەڵگەکان لە پەیڤین و دژە پەیڤیندا ڕوون دەبنەوە و هەلی حوکمدان و بڕیاردان بۆ هاووڵاتییان دەڕەخسێ. ئاکانیوز هەمان کات لە ژیانی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان – عێراقدا پردی نێوان گەل و پەرلەمان و حکوومەتی هەڵبژێردراوە لەلایەن گەلەوە. ئاکانیوز ئەو ڕاوبۆچوون و نیازانە کۆ دەکاتەوە کە بەردەوام لەناو کۆمەڵگە و بەشەکانیدا خۆیان دەردەبڕن، بەدوای ناکۆکی و کێشمەکێشی دەرهاویشتەی ڕاوبۆچوون و نیازەکاندا دەچێ و دەیانگوازێتەوە بۆ ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوانەی کە بەکاریان دێنن، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئۆرگانەکانی دەوڵەت.

تا بکرێ بەدەربەست و تا بلوێ ڕاستگۆیانە: So carefully as possible and so really as possible

پێش وەشاندنی هەر هەواڵێک، پێویستە ئاکانیوز بەکەرەستەکانی بەردەستی تا بۆی دەکرێ بەدەربەستەوە لە ڕاستی و دروستیی ناوەڕۆکی زانیارییەکان بکۆڵێتەوە. ئاکانیوز تەنیا لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە هەواڵ وەردەگرێ و لەم کردەیەشدا مەودا و بێلایەنیی خۆی دەپارێزێ. هەروەها ئاکانیوز لە کاری خۆیدا کەڵک لەو مەرجی زانیاری پێدان و ئەرکانە وەردەگرێ کە دامەزراوە گشتییەکان و داوودەزگاکانی دەوڵەت لە بەرامبەر ڕاگەیاندندا هەیانە. لە ڕاستیی ئەو هەڵکەوتە و لێدوان و بانگەشانە دەکۆڵێتەوە کە پێی دەگەن و ناوی ئەو سەرچاوانە دێنێ کە زانیارییان لێ وەردەگرێ. ئاکانیوز زانیاری لە هەموو ناوچەکانی وڵات و کۆمەڵگەوە کۆ دەکاتەوە و بەگرتنەبەری شێوازی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی پێچەوانە لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکان دەکۆڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە پێوەرە پیشەییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەکاری ڕۆژنامەوانیی ئاژانسەکانی هەواڵ وەردەگرێ.

ئەگەر هەواڵێک لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێ و ڕاستیی ناوەڕۆکەکەی یەکلایی کرابێتەوە، ئەوا ئاکانیوز لە وەشاندنیدا مل نادات بۆ هیچ پاڵەپەستۆیەکی زانیاری کە لە پێناوی بەرژەوەندیی کەس یان لایەنێکی دیاریکراودا بخرێتە سەر. پاڵەپەستۆ خستنە سەر زانیاری، دەتوانرێ بەشێوەیەکی ئاوەرتە و تەنیا بۆ کاتێکی دیاریکراو، بەمەرجێک لە بەرژەوەندیی گشتیدا بێت، پەنای بۆ ببرێ، وەکو لە حاڵەتی ڕفاندنی مرۆڤدا، یاخۆ خۆپاراستن لە گەیاندنی زیانی گشتی بەوڵات و

بەهاووڵاتییان کە لەوانەیە بەهۆی وەشاندنی هەواڵێکەوە ڕوو بدا.

ئاکانیوز بۆ ئەوەی پێشوەچوونەکان دوور لە بەرژەوەندیی تاکڕەوانە چاودێری بکا و ئاماژە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بکا و هەنگاوە ئابووری و تەکنیکییەکان ڕێک بخات و لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە ئاگەداری بدات و پەردە لەسەر هەڕەشە و هەوڵەکانی سنووردارکردنی ڕاگەیاندن و ئازادیی بیرورا دەربڕین هەڵبداتەوە، پێویستە لە کاری ڕۆژنامەوانیی خۆیدا بێلایەنی پەیڕەو بکات. پێویستە ئاماژە بۆ هەڵوێست و لێدوانی لایەنە دژ بەیەکەکان بکا و تا ئەو ڕادەیەی لە دەستی دێت، لە تێکستێکی گشتگری هاوکێش (کۆنتێکست)دا گەلاڵەی بکا و بەڕاشکاوی پەنجە بخاتە سەر بەرژەوەندی و ڕای لایەنە دژ بەیەکەکان. ئاکانیوز هەمان دووری لە هەمووانەوە وەردەگرێ و لە هەڵوێستدا بێلایەن دەبێت و بەهیچ جۆرێک نابێت بەزوڕناژەنی پارتێک یاخۆ دەزگایەک. ئامانج لە کاری ئامادەکردنی هەواڵ ئاسانکردنی ناکۆکییەکانە بەبەڵگە و بەرەنجامەکانەوە بۆ تێگەیشتن.

ئاکانیوز بەر لە هەموو شتێک هەواڵ و زانیاری بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراو و دامەزراوە گەورەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق دەگوازێتەوە. خۆی وەک دامەزراوەیەک دەناسێنێ کە جیهانی دەرەوە لە پێشهاتە گرینگەکانی ناوەخۆی وڵات ئاگەدار دەکاتەوە. خۆی بەزوڕناژەنی حکومەت یاخۆ دامەزراوەکانی تر نازانێ. لە چوارچێوەی بنەماکانی ڕۆژنامەوانیی بێلایەندا ڕەفتار دەکا و مەبەستی ئەوەیە پێناسەی گشتیی ئاژانسێکی دەنگوباسی دەستپاک و بەدەربەست بەدەست بێنێ.

**٢– لە زانیارییەوە بۆ هەواڵ**: From the information about the news

بەپێچەوانەی هەڵچوونی پڕ لە ترسی تووشبووانەوە، قەرەباڵغیی ڕێگەکانی هاتوچۆی نێوان شارەکان لە ساتەکانی نیوەڕۆدا، هەواڵ نییە. هەر شتێک بەهای هەواڵی تێدا نەبێ – ئەوەی کە کەسانی هەڵچوو هەردەم حەز دەکەن بەنوێ دابنرێ –، پێویست نییە لە هەواڵدا بڵاو بکرێتەوە. لێرەدا کاتێک هەواڵ دروست دەبێت کە باری هاتوچۆ لە شاردا بەشێوەیەکی دراماتیک بگۆڕدرێ، نەخشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بخرێنە سەر مێز و ڕێکخراوەکان بەهۆی تێکچوونی باری هاتوچۆوە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر سیاسەت.

هەواڵەکان، زانیاریی گەرم و هەڵمدار کە شتێکی نوێی تێدایە و مایەی سەرنجڕاکێشانی جەماوەرە، یاخۆ دەکرێ سەرنجڕاکێش بێ، دەخەنە بەردەستی جەماوەر. زانیارییەکان، بەپێی ڕێسا دەستنیشانکراوەکانی کاری ڕۆژنامەوانی و بەشێوەیەکی پیشەیی دەخرێنە فۆرمێکەوە کە تەنیا تایبەتە بەهەواڵ. لە کردەی بەرهەمهێنانی پیشەییی هەواڵدا دوو نیشانە مۆری خۆیان لەم فۆرمی خستنەڕووە دەدەن:

ناوەڕۆک و فۆرم: Contents and form

مەرج نییە تەنیا ئەوەی کە پێش کەمێک ڕووی داوە یاخۆ خەریکە ڕوو بدا، بکرێ بەهەواڵ. تازەییبوون "actuality" هەواڵدانە لە نوێکاری. هەروەها دەکرێ شتگەلی دۆزراوە لە ڕابردووشدا نوێ بن، بۆ نموونە: ڕوونکردنەوەی تاوانێکی مێژوویی، ئازادکردنی بەڵگەنامەی تایبەت بەڕووداوە مێژووییەکان، یاخۆ ئاشکراکردنی ڕەفتارەکانی دەوڵەت لە وڵاتێکی نادیموکراتیدا. هەر زانیارییەکی مایەی بایەخ پێدانی جەماوەر، دەکرێ هەواڵی تازەی لێ بەرهەم بهێنرێ. خەسڵەتێکی تریش کە پێویستە هەواڵ لە پاڵ تازەییبووندا هەیبێ، گرینگی – واتاداری Relevance –یەتی بۆ جەماوەر، بۆ بەرژەوەندیی گشتی، یاخۆ بۆ ڕەوتی بڕیاردان و دانوستاندن لەناو کۆمەڵگەدا. بۆیە یەکلاکەرەوەی ناوەڕۆکی هەواڵ بریێتییە لە:

تازەیی و واتاداری Actuality, Relevance

کێشانەکردنی واتای زانیاری و بایەخدان بەهەواڵ لە پێداویستییەکانی کاری ڕۆژنامەوانیی پیشەیییە. هەروەها ئەگەر لە هەمان کاتدا زنجیرەیەک ڕێسا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو پێداویستییانە لە ئارادا بێت، پێویستە سەرنووسیارانی هەواڵ و ئاژانسەکانی دەنگوباس وریای ئەوە بن هەواڵەکان بەتەنیا هەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکانی جێی سەرنجی ڕای گشتیدا نەبێ، بەڵکو پێویستە بتوانن جاروباریش وزە بخەنە بەر جەماوەر و وریای بکەنەوە.

بێگومان پرۆسەی گفتوگۆی درێژ و وشکی حکوومەت و پارتە سیاسییەکان و کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان لەبارەی یاسایەکی دیاریکراوەوە، زۆر سەرنجڕاکێش و جێی بایەخی جەماوەر نابێ. بەدەگمەن شتی نوێ لەو جۆرە پرۆسانەدا بەدی دەکرێ و کەرەسەی گفتوگۆ لەسەر کراویش زۆرجاران فرە ئاڵۆزە. بەپێچەوانەشەوە، دەکرێ یاساکە دوای تەواوکردنی، ئاکامی باشی بۆ مرۆگەل هەبێ. پرۆسە و ئاکامەکان لە ڕوانگەی وەشاندن و دەستاودەست پێکردنی هەواڵەوە زۆر جیاوازن، بۆیە زۆر گرینگە ڕۆژنامەوانیی هەواڵ بەزووترین کات و لەو نێوانەدا کە لە زانیارییەکانی تایبەت بەگفتوگۆکان هەواڵ بەرهەم دەهێنرێ، جەماوەر وریا بکاتەوە و کارێکی وا بکا جەماوەر بەدرێژاییی پرۆسەکە پرسیار لەبارەی هۆکار و ئاکامەکانی یاساکەوە بکا.

پێویستە هەواڵ بێتە فرۆشتن: News must sell

زانیارییەکان لە بازاڕدا مامەڵەیان پێوە دەکرێ و مرۆڤ دەتوانێ قسە لە بازاڕی هەواڵ بکا. زۆر هەواڵ هاوشێوەی ئەو زانیارییانەن کە نەریتە کۆنەکان پێشکێش بەبازاڕیان کردووە. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا لەو هەواڵانەوە دەست پێ بکا کە بەسوودن و دەتوانن بۆ ساتێک جێگەی سەرنج بن، هەواڵگەلێک کە شایەنی بەکارهێنان و گۆڕینەوەن. هەواڵێک بەسوودە کە ڕێنیشاندەر بێت و مرۆڤ بتوانێ دوای بکەوێ. هەواڵەکانی کەشوهەوا و بۆرسە ساکارترین نموونەی زانیاریی بەسوود و تازەی لەو بابەتەن.

ئاکانیوز پێویستە هەواڵەکانی بفرۆشێ، بۆیە مەرجە لە داڕشتنی هەواڵدا بازاڕ لە بەرچاو بگرێ. ئاژانسەکان دەزگای پەروەردەی کۆمەڵایەتیی سەر بەدەوڵەت نین، بۆیە هەواڵگەڵێکیش دەوەشێنن کە لەوانەیە بۆ کڕیار بەهاری بەرز و بۆ دانوستاندنی سیاسی نرخی کەمتری هەبێ. هاوکات هەواڵی تازە بۆ زۆربەی بەکاربەران بەهایەکی بەرزی (دەمەتەقێ entertainment)ی هەیە. ئەو جۆرە هەواڵانە باس لە ئەستێرەکان "خەڵکانی ناسراو"، چارەنووسی مرۆگەل، تاوانکاری و سەرکەوتن و شکان دەکەن. مرۆڤ، بۆ جیاکردنەوەی ئەو هەوڵانەی کە لەسەر بنەمای گرینگی بۆ پرۆسەی سیاسی و بۆ دەمەتەقێ دەپۆلێندرێن، دوو جۆر هەواڵی داڕشتووە:

وشکە هەواڵ hard news و نەرمە هەواڵ soft news.

بەر لە هەموو شتێک، لە ڕوانگەی کڕیاری سەر بەپیشەسازیی میدیاوە، کاری ئاژانسی دەنگوباسی سەر بەکەرتی تایبەت ناتەواوە ئەگەر بێتو لە هەمان کاتدا بایەخ بە نەرمە هەواڵیش نەدا.

پێشکێشکردنی وشکە هەواڵ و نەرمە هەواڵ لە پاڵ یەکتردا بازاڕی هەواڵ ڕەنگینتر دەکا. ئەو ڕۆژنامەوانییەی بە بۆلڤار ناو دەبرێ و بناخەی کاری خۆی لەسەر نەرمە هەواڵ دادەڕێژێ، بەهۆی نزیکیی لە جەماوەرەوە، ئەو مەودایە بەهێز دەکا کە سیستەمی دیموکراتیی ڕاگەیاندن، فرە لایەنیی خۆی تێدا بەدەست دەخات. ڕۆژنامەوانیی بۆلڤاریش وەکو ئەو بەشانەی تری ڕاگەیاندن کە لە رووی سیاسییەوە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرن، سەر بەو کالاّیانەیە کە لە چوارچێوەی ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا پارێزراون. هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەشێوازی جیاواز پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و دەیجووڵێنن، دەتوانرێ بکرێن بەهەواڵ.

ئاژانسی دەنگوباس پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی هەواڵدا ڕەچاوی هەردوو بەشەکەی بایەخی ڕای گشتی بکا:

ئەو هەواڵانەی کە وەشاندنییان جێی بایەخی ڕای گشتییە، چونکە لە کۆمەڵگەدا هانی دانوستاندن دەدەن و ڕوونی "شەفافیەت" بەهاوسەنگی لە بڕیارداندا دەدەن (وشکە هەواڵ). یاخۆ ئەو هەواڵانەی کە مایەی سەرنجی کەسانی فزووڵی و ئەوانەن کە پێویستیان بەدەمەتەقێ هەیە، یاخۆ بێ ئەوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بەناوەندەکانی بڕیاردانی وەکو بوارە سیاسی و ئابوورییەکانەوە هەبێ، لەگەڵ خواستی هاوولاتییاندا یەک دەگرنەوە (نەرمە هەواڵ).

هەواڵی شیاو بۆ بازاڕ و دانانی وشکە هەواڵ و نەرمە هەواڵی تازە لە پاڵ یەکدا، لەگەڵ سیستەمێکی پێکهاتوو لە هۆکارەکان"factor" ی هەواڵدا دەگونجێ کە ڕێ بۆ بەهەواڵکردنی بڕێک زانیاری خۆش دەکا و مۆڵەت بەهەندێک زانیاریی تریش نادات لە ڕێی ئاژانسەوە بوەشێنرێن و دەستاودەستیان پێ بکرێ.

(News agencies - collaboration AKnews and dpa)

ئاژانسەکانی هەواڵ – هاوکاریی ئاژانسەکانی دەنگوباسی AKnews و dpa:

شێوازی بنیاتنانی هەواڵ لای هەموو ئاژانسەکان بەهەمان شێوەیە. هەواڵ بەپێی کۆمەڵێک ڕێسا و پێوەر کە لە سەدەی نۆزدەمدا لەلایەن ئاژانسە نێودەوڵەتییە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە ئافرێندراون و چەسپێندراون، بەرهەم دەهێنرێ. هەواڵەکان، بەچاوپۆشین لە جیاوازیی ناوەڕۆکیان، بەشێوازێک کە بتوانرێ لە هەموو جیهاندا بەکار بهێنرێن، دەخرێنە ڕوو. ئەم پێوەرانە، مامەڵەی کریاری ئاژانسەکان لەگەڵ هەواڵەکاندا لەسەر ئاستی جیهان ئاسان دەکەن و بناخەی پێویست بۆ هاوکاری و گواستنەوەی هەواڵ لە نێوان ئاژانسەکاندا دەخوڵقێنن.

ئاکانیوز بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵ dpaدا هاوکاری دەکات، لەسەر بنەمای ڕێسا گشتییەکانی هەواڵ کە پەسندکراوی هەردوولا بێ، هەواڵ بۆ dpa دەنێرێ و کەرەسەی هەواڵی لێ وەردەگرێ. ئەم کریارەی AKnews ئاژانسێکی لە بەردەستدایە کە هەموو ناوەندەکانی جیهان دەگرێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، دەکرێ لە ڕێی ئاکانیوزەوە هەواڵ بگەیەندرێتە بازاڕی هەواڵی جیهانی. ئاکانیوز و ئەو هەواڵانەی لەلایەن ئەوەوە بەرهەم دەهێنرێ، تەنیا بەمەرجی پێوەستبوونی تەواو بەڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژنامەوانیی هەواڵەوە دەگەنە تۆڕی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی هەواڵ.

پێوەرەکانی ڕۆژنامەوانیی هەواڵ پێویستە بەر لە هەموو شتێک ئەوە مسۆگەر بکەن کەوا هەواڵەکان بەدەربەستەوە خراونەتە بەر تاقیکردنەوە و بەوردی داڕێژراون و هێندەی دەلوێ هەواڵی بابەتی بۆ ڕاگەیاندن مسۆگەر بکەن یان بەلایەنی کەمەوە هان بدەن. شێوازی داڕشتنی هەواڵ گرینگترین مارکەی هەواڵە لە بازاڕدا. بەپێی پێناسەی ئاژانسەکانی دەنگوباسی ڕۆژئاوایی، ڕاستگۆییی هەواڵ دەکەوێتە پێش خێراییی وەشاندنی هەواڵەوە. زۆرجاران هەردوو پێداویستیی خێرایی "تازەیی" actuality و ڕاستگۆیی "بابەتی" objectivity دەبنە مایەی پەیدابوونی گرژی لە کاری ڕۆژانەی ئاژانسەکانی هەواڵدا. گرینگیی ڕێساکان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە پێویستە ڕاستگۆییی هەواڵ بەر لە وەشاندنی خێرای، لەلایەن سەرنووسیاری ئاژانسەوە بپشکێندرێ.

گەورەترین ئاژانسەکانی هەواڵ لە جیهاندا، کە لە کۆمەڵگە دیموکراتەکانی خاوەن سیستەمی ڕاگەیاندنی دیموکراتیدا کار دەکەن، ئەمانەن:

1- Associated Press (ap) ئاسیۆشیتد پرێس

2- Reuters (rtr) ڕۆیتەرز

3- Agence France Presse (AFP) ئاژانسی چاپەمەنیی فرەنسا

4- Deutsche Presseagentur (dpa) ئاژانسی چاپەمەنیی ئەڵمانیا

ژمارەیەکی زۆر ئاژانسی دەنگوباس لەسەر ئاستی ناوەخۆیی وڵاتان هەن کە هەریەکەیان بەهاوبەشی لەگەڵ ئاژانسێکی گەورەی نێودەوڵەتیدا کار دەکات و ئەم شێوازی پێکەوە کارکردنەش

تۆڕی نێودەوڵەتیی بەرفراوانی ئاژانسی دەنگوباسی لێ دەکەوێتەوە. تۆڕەکانی ئاژانسی دەنگوباس لەسەر ئاستی ناوەخۆی وڵاتە گەورەکانیشدا بوونیان هەیە. ئاژانسە پێشڕەوەکانی نێودەوڵەتی، هەندێک جار وەکو ڕکابەر لە وڵاتە زلهێز و خاوەن ئابوورییە بەهێزەکاندا و بەزمانی ئەو وڵاتانە پێ دەنێنە بازاڕەوە. هەروەها لە هەندێک وڵاتدا ئاژانسی ئەوتۆ هەن کە لە بوارێکی دیاریکراودا هەڵدەسووڕێن. هەریەکە لەو ئاژانسانەش بەرێژەی جیاواز لەگەڵ ئاژانسە زەبەلاحەکانی نێودەوڵەتیدا بەدووقۆڵی کار دەکەن. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا ئەو ئاژانسانەش هەیە:

1-Deutscher Depeschen Dienst (ddp) ئاژانسی تەلەگرافی ئەڵمانیایی

2- Sport-Informationsdienst (sid) خزمەتگوزاریی زانیاریی وەرزش

3-Vereinigte Wirtschaftsdienste (VWD) خزمەتگوزاریی ئابووریی یەکگرتوو

4- Evangelischer Pressedienst (epd) خزمەتگوزاریی چاپەمەنیی ئیڤانژیلیک

5- Katholische Nachrichten-Agentur (KNA) ئاژانسی دەنگوباسی کاتۆلیک

هەموو ئاژانسەکانی دەنگوباس، هەواڵەکانیان بە"کورتکراوەیەک" کە سەرچاوەی هەواڵەکەیە بۆ دەستاودەست پێکردن، ئیمزا دەکەن. بەگشتی ئاژانسەکان بە"کورتکراوە" ئاماژەیان بۆ دەکرێ، بۆ نموونە، دەگوترێ "dpa" یاخۆ "AKnews". تەنیا "rtr" بەکار ناهێنرێ، ئەم ئاژانسە بەریتانیاییە بەناوی تەواوەوە "Reuters" ئاماژەی بۆ دەکرێ.

ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر ئەو بەها گرینگانەی کە مۆری خۆیان لە هاتوچۆی نێودەوڵەتیی هەواڵ داوە و هەمان کات پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکانی پێوەست بەکات و زمانی هەواڵ دەستنیشان دەکەن، مەرجی بەستنەوەی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاکانیوز) بەئاژانسی چاپەمەنیی ئەڵمانیا dpaوە. بۆ ئەوەی خۆمان لە تێکەڵکردنی سۆز بەهەواڵ و بەزوویی ئاراستەکردنی تاوان بپارێزین، پێویستە لەم بوارانەی خوارەوەدا زۆر بەهەستیاری، ڕاپۆرتی تازە و بابەتی و تێروتەسەل و لێپرسراوانە بەرهەم بهێندرێ:

تیرۆریزم: Terrorism

دەستەواژەی تیرۆریزم لە زمانی دەنگوباسدا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە گرووپێکی بەدەر لە دەوڵەت، یاخۆ ڕێکخراوێک، لەبەر هۆکاری ئایدیۆلۆجی، ئەتنیکی یاخۆ ئاینی، بەمەبەستی گەیاندنی زیان بەمرۆڤگەل، پەنا بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ ببات، یان بکۆشێ لە ڕێی ترس و تۆقاندنەوە، کۆمەڵگە و وڵاتان، یاخۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بترسێنێ و سەقامگیرییان تێک بدا.

دەستەواژەکانی لە جۆری تیرۆری دەوڵەت و تێکۆشانی ڕزگاری، پێویستە لە بەرژەوەندیی فۆرمی ڕوونکردنەوەدا، بخرێنە لاوە. زۆریش پێویستە پەنا بۆ بەگشتیکردنی چەوت نەبرێ. بەو پێیە شتێک نییە بەناوی "تیرۆریستانی ئیسلام"، بەڵکو "تیرۆریستانی ئیسلامی" هەن، یاخۆ

ناگوترێ "دەستدرێژکەرانی ڕاسترەو"، بەڵکو "دەستدرێژکەرانی ڕاسترەوی توندڕۆ" بەکار دەهێنرێ.

توندڕەوی: Extremism

ئەم دەستەواژە لاستیکی و ناڕوونە پێویستە لە زمانی هەواڵدا بەپێوەنان و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکار نەهێندرێ. ئەم دەستەواژەیە لە کاتێکدا بەکار دەبرێ کە بەدڵنیاییەوە بزاندرێ ڕێکخراوگەلێک ڕای سیاسی و ئایدیۆلۆجیی پێچەوانەی بنەماکانی دەوڵەتی دیموکراتی و یاسا بڵاو دەکەنەوە.

بناوانگری: Fundamentalism

دواکەوتوویی ئاینی بەشێوەیەکی گشتی لە دەوروبەرە ئاینی و ئایدیۆلۆجییەکاندا بەدی دەکرێ. هەر کەسێک بخوازێ دواکەوتوویی ئاینی وەکو ئامێر بۆ ناچارکردنی کۆمەڵگە بەپابەندبوون بەبیروباوەڕەکانی خۆیەوە بەکار بهێنێ، کەسێکی نادیموکراتییە. ئاژانسی دەنگوباس، بێ ئەوەی بوار بدات لە ڕێی بەکارهێنانی لێدوانی دەستەواژەی دیاریکراوەوە وەک ئامێرێک بەکار بهێندرێ، هەواڵ لەبارەی ئەو جۆرە پێشوەچوونانەوە دەوەشێنێ، هەمان دووری لە لایەنەکان وەردەگرێ و لەو میانەیەدا لە ڕێی بەراوردکردن لەگەڵ هەڵوێستەکانی تر و ئەنجامدانی دیدار و تێوەگلاندنی دەسەڵاتە دیموکراتییەکانەوە، پۆلاندنی زانیارییەکان مەیسەر دەکرێ.

دژەسامێتی، ڕەگەزپەرستی، دوژمنایەتیی بێگانە: Anti-Semitism, racism, xenophobia

زمانێکی ناوەڕۆک دەوڵەمەند بەکلێشە و ستریۆتیپ هەیە کە شکۆی گرووپ و گەلان و تاکەکان کەم دەکاتەوە و پلەیان بۆ دادەنێ. لەبەرئەوەی لە سەردەمی سۆسیال ناسیۆنالیزمدا کە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە کۆمەڵکوژی دژ بەجووەکان پەیڕەو کراوە، لە ئەڵمانیا جۆرێک لە هەستیاری و لێپرسراوی بەرامبەر بەم جۆرە کلێشانەی شێوازی ئاخاوتن دروست بووە کە لە کاری ئاژانسی دەنگوباسدا بەهایەکی گرینگی هەیە. پاراستنی کەمینەکانیش یەکێکە لە ئامانجە دیموکراتییەکانی ئاژانسەکانی هەواڵ. لە باسکردنی کۆمەڵکوژییە مێژووییەکاندا پێویستە بایەخ بە بەکارهێنانی شێوازێک لە کولتووری زمان بدرێ کە هاندەر بێت بۆ ڕێزگرتن لە کەمینەکان و پاراستنیان.

بەهاکانی مرۆڤ Human dignity

ئاژانسی هەواڵ پێویستە پابەندی ئەو بنەمایەی دەستووری دیموکراتی بێت کە: هەموو مرۆڤەکان هەمان مافیان هەیە. نابێ هیچ مرۆڤێک لەبەر جیاوازیی ڕەگەز، ڕەچەڵەک، زمان، ڕەنگی پێست، ئاین یاخۆ بیروڕای سیاسی، پێش ئەوانی تر بخرێ یاخۆ لە بەهای کەم بکرێتەوە. تەنیا کاتێک لە هەواڵدا ئاماژە بۆ ڕەگەز و ڕەچەڵەک دەکرێ کە بۆ دەرک پێکردنی بابەتەکە گرینگ بێت.

### هەڵبژاردن و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن: Election and election campaigns

بەدەربەستبوون و ڕاستگۆیی و هاوسەنگی، لە پێوانە گرینگەکانی ڕاپۆرتدان لە شاڵاوەکانی هەڵبژاردندا. ڕاپۆرت نووسین بەگشتی بێلایەن و ناحزبی دەبێت. هەموو لایەنە گرینگەکانی شاڵاوی هەڵبژاردنی سیاسی پێشکێش دەکرێن، بەڵگە و لێدوان و دژە لێدوانەکانیان دەخرێتە ڕوو. لە وەشاندنی هەواڵدا لایەنگیری لە کەسانێکی سیاسی یاخۆ پارتێکی سیاسیی دیاریکراو ناکرێ. ڕای کەسیی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەوانیی هەواڵدا هیچ بەهایەکی نییە. هاوکات ڕاپۆرت لەبارەی ناکۆکییە سیاسییەکان و هەوڵەکانی فێڵکردنەوە ئامادە دەکرێ. لە گواستنەوەی لێدوان و ڕاپرسی و پێشبینیکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ئاماژە بۆ سەرچاوە دەکرێ. بە لە بەرچاوگرتنی بەرەنجامەکانی بۆ وڵات و هەرێمەکە و هەندێک جار بۆ جیهانیش، پێویستە ئەنجامی هەڵبژاردن لە سەرچاوە بەدەربەست و فەرمییەکانەوە وەربگیرێ و ڕابگەیەندرێ. ئاژانسی دەنگوباس شیکردنەوەی تایبەتی خۆی سەبارەت بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان بڵاو ناکاتەوە.

### پرۆسەی لەدادگەدان Court procedures

لە وادەی لێکۆڵینەوەی یاسایی و دادگەییکردندا نابێ لە بۆچوونی لایەنێکی دۆزەکەوە هەواڵ ڕابگەیەندرێ و مۆڵەت بەوەشاندنی هەواڵێک نادرێ کە بڕیاردانی پێشوەختی پێوە دیار بێت. پێویستە لە ڕووی زمانەوە جیاوازی لە نێوان گومان لێکراو و تاوانبارانی تاوان بەسەر ساغەوەبوودا بکرێ. تاکو دادگە بڕیاری یەکجارەکی لەبارەی تاوانبارکراوێکەوە نەدات، ناکرێ باس لە تاوانکاری بکرێ و تەنیا دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگە مۆڵەت دەدرێ قسە لەبارەی تاوان و تاوانبارانەوە بکرێ.

### تاوانی توندوتیژی Violent crime

بەچاوپۆشین لەو پرسیارەی کە کێ بەدەست ئاکامی خراپیی وەشاندنی هەواڵ لەبارەی توندوتیژییەوە دەناڵێ، پێویستە ڕاپۆرت لەبارەی توندوتیژییەوە بوەشێندرێ. بەڵام پێویستە هاوسەنگی لە نێوان بایەخی جەماوەر و پاراستنی قوربانییەکانی توندوتیژیدا ڕەچاو بکرێ. پاراستنی قوربانی دەکەوێتە پێش بایەخدان بەوردەکارییەکانی تاوانەوە. هێندەی لە توانادایە پێویستە دەستبەرداری پێشکێشکردنی کاریگەرانەی هۆڤیەتی و توندوتیژی بین. ئەگەر مەترسیی ئەوە لە ئارادا بێت کە لە ڕێی وەشاندنی هەواڵەوە دیسان دەکەونە بەر هەڕەشە یاخۆ سووکایەتی پێکردن، ئەوا پێویستە قوربانییانی توندوتیژی ناویان لە هەواڵدا نەهێندرێ.

### پاراستنی منداڵان و گەنجان Protection of children and young people

پاراستنی منداڵان و گەنجان یەکێکە لەو پرسە یاساییانەی کە سنوور بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی دادەنێن. لە هەواڵ نووسیندا پێویستە دەست لەو خستنەڕووانە هەڵبگیرێ کە بۆیان هەیە زیان

بەمنداڵان و لاوان بگەیەنن. بەپێچەوانەشەوە، پێویستە لە هەواڵ نووسیندا هەموو ئەو ڕەفتارانەی ناو کۆمەڵگە بخرێنە ڕوو کە لەوانەیە ئازادیی منداڵان و گەنجان بخەنە مەترسییەوە یاخۆ سنووردارییان بکەن.

هەستیاریی ئاینی و کولتووری Religious and cultural sensations

ئیرۆتیک و هەندێکی تر لەو ئازادییانەی کە لە ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا بابەتی ئاساین، بەهۆی داوونەریتی کولتووری و ئاینییەوە بەکوردستان نامۆن. هەموو ئاژانسێکی دەنگوباس پێویستە ڕەچاوی ئەم هەستیارییە ناوچەییانە بکا. بەتایبەتی نابێ ئەندامە هەستیار و ناوەندییەکانی جەستە نیشان بدرێن. ئەو تێکستانەی کە بابەتی سێکسی لەخۆ دەگرن، لە ئاکانیوزدا بەشێوەیەکی جیاواز لە ڕەوتی dpa مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ. پێویستە لە وەشاندنی هەواڵە بینراوەکاندا پێوەرە ڕەچەڵەکی و ئەتیکییەکان فەرامۆش نەکرێن.

**٣ – هەڵبژاردنی هەواڵ – هۆکارەکانی هەواڵ**: News choice - news factors…assessment of information for the news choice

هەڵسەنگاندنی زانیاری بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ:

ئاخۆ ئەو هەموو زانیارییە بەردەوام نوێ و لە ژماردن نەهاتووانە چۆن دەکرێن بەهەواڵ و لە ڕێی ئاژانسەکانەوە دەوەشێندرێن؟ پێشتر باسی ئەوەمان کرد هەواڵ لە بازاڕێکدا، کە پێویستە تێیدا خستنە ڕوو و داواکاری (عرض وطلب) لەگەڵ یەکدیدا بگونجێن، مامەڵەی پێوە دەکرێ. پێویستە هەواڵ بایەخی تەواوی هەبێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر.

ئەرکی سەرنووسیارانی هەواڵ ئەوەیە ئەو جۆرە زانیارییانە بدۆزنەوە و هەڵبژێرن کە شایەنی ئەوەن بۆ بەرژەوەندیی ڕای گشتی بەرهەم بهێندرێن. کەواتە ئەرکێکی بنەڕەتیی ئاژانسی دەنگوباس بریتییە لە هەڵبژاردنی هەواڵ. یەکلاییکردنەوەی سەرکەوتوویی و واتای هەواڵ پێوەست نییە بەژمارەی ئەو هەواڵانەوە، کە ئاژانس دەیانوەشێنێ، بگرە پابەندە بەهەڵبژاردنی هەواڵی تازە و گرینگ و جێی متمانە و ئەو هەواڵانەی کە شایەنی گرینگی پێدانی بازاڕی هەواڵن. زانیاریی هەڵبژێردراو لەمیانەی ئاژانسی دەنگوباسەوە بەهای هەواڵ بەدەست دەخا.

لە ڕووی زانستییەوە سەلمێندراوە کە هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ لە هەڵبژاردنی گرینگترین وشکە هەواڵەکاندا هاوشێوە ڕەفتار دەکەن. کاتێک لەسەر سنوورێک چالاکیی سەربازی ڕوو دەدا و کاتێک هەڕەشەی شەڕ دێتە ئاراوە، مرۆڤ دەتوانێ سەرنج بدات چۆن سەرجەم ئاژانسەکانی هەواڵ پێشڕەوی بەزانیارییە گونجاوەکان دەدەن و هەواڵیان لێ بەرهەم دەهێنن. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کڕیارانیش دوای ئەو پێشڕەوییانە دەکەون و بەم جۆرەش ڕووداوەکان لە زۆربەی وڵاتان هەمان گرینگی وەردەگرن و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی وڵاتانی جیهان تا ڕادەیەک لەیەک دەچن. ئەم دیاردەیە هەروەها وەشاندنی هەواڵ لەبارەی شەڕەوە، ناکۆکییە نێودەوڵەتییە

گەورەکان و کۆنفرانسەکانیش دەگرێتەوە.

چەندە بەهای هەواڵ روونتر بێت، ئەوەندە شیمانەی کۆکردنەوەی زانیاری و خستنە بەر تاقیکردنەوەی و وەشاندنی لەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵەوە زیاتر دەبێت. ئاژانسەکان تەنیا لە بواری خێراییی وەشاندنی هەواڵدا کێبەرکێ "competition" ناکەن، بگرە لە قووڵایی و پانتاییی بەرهەمهێنانی هەواڵیشدا. لە راگەیاندنە گرینگەکانی وڵاتانی خاوەن ئازادیی رۆژنامەوانیدا بەشێوەیەکی گشتی یەک ئاژانس بۆ نووسینی هەواڵ بەکار ناهێنرێ، بگرە مرۆڤ تا بۆی بکرێ تێ دەکۆشێ بەسوود وەرگرتن لە چەند ئاژانسێکی جودای هەواڵ بناخەی راپۆرتە هەواڵی خۆی دابرێژێ. لێرەدا دەبێ بزاندرێ کام ئاژانسی دەنگوباس لە کام دووری لە رووداوەوە یاخۆ لە چ ئاستێکی بەرپرسیاریدا راپۆرت دەوەشێنێ. لە کاتی سوود وەرگرتن لە کەرەسەی ئاژانسەکانی هەواڵدا پێویستە ئاگەداری ئەوە بین کە هەندێک لە ئاژانسەکان لەمیانەی بەرژەوەندیی دیاریکراو و بۆچوونی تایبەتەوە بەرێوە دەبردرێن. بۆ نموونە، ئاژانسی دەنگوباسی تورکیایی "ئەنادۆڵو ئاژانسی" بەشێوەیەکی تر راپۆرت لەبارەی جموجۆڵی سەربازی لەسەر سنووری باکوری عێراقەوە دەوەشێنێ و ئاماژە بۆ سەرچاوەی جیاواز لە سەرچاوەکانی ئاکانیوز دەکا. بۆ ئەوەی کاردانەوە و باری ئەودیوی سنوور فەرامۆش نەکرێ، زۆر پێویستە لە ئاکانیوزەوە هەواڵ و زانیاری برژێتە تۆری ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانەوە.

ئەوەی ئیدراکی نێودەوڵەتی کەمتر بایەخی پێ دەدا، نەرمە هەواڵە. هەندێک لە ئاژانسەکان بەزۆری لەم بوارەدا مافی پاوانداریەتی "Exclusivity" بەدەست دەخەن. لەوانەیە سازدانی کۆنسێرتێک لەلایەن ئەستێرەیەکەوە لە هەولێر، بۆ وەشاندنی هەواڵ لە کوردستان زۆر گرینگ بێت، بەڵام مەرج نییە هەمان گرینگیی بۆ بەشەکانی تری جیهان هەبێت. بۆیە پێویست ناکات ئاکانیوز بەم جۆرە هەواڵانەوە لەگەڵ ئاژانسەکانی جیهاندا بچێتە مەیدانی بۆربۆرێنەوە.

بەهای هەواڵ بەشێوەیەکی گشتی بەندە بەئەزموونی بەدەستهێندراو لەوەی کە چ شتێک لە رەوتی بەردەوامی رووداودا مایەی بایەخ پێدانە. بەهای هەواڵ برێتی نییە لە کاتالۆگی پێشتر نووسراو بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ. ئەزموونی دەیان ساڵ و تراديسیۆنی دەزگا زەبەلاح و سەرکەوتووەکانی راگەیاندن نیشانیان داوە کە مرۆگەل لەسەر رووی زەوین چاوەروانیی دیاریکراویان لە هەواڵی تازە هەیە. لێکۆڵینەوەی ورد لەمبارەیەوە ئەنجام دراوە و دەدرێ و ئاکامەکان سەردێری (هۆکارەکانی هەواڵ) هەڵدەگرن. پێویستە هەموو سەرنووسیاری هەواڵێک هۆکارەکانی هەواڵ بزانێ. هۆکارەکانی هەواڵ، کەم تا زۆر و بەئاگەداریی خۆمان، ئاراستەی هەڵبژاردنی ئەو بابەت و زانیارییانە دەستنیشان دەکەن کە بەهای هەواڵیان بەسەردا دابەش دەکرێ. کەواتە هۆکارەکانی هەواڵ چەند پێوەرێکی خۆرسکن بۆ هەڵبژاردنی هەواڵ.

هۆکارەکانی هەواڵ – خۆئامادەکردن بۆ راهێنان: News factors - preparation for the exercises

ئاژانسی دەنگوباس و رۆژنامەنووسەکانی بریار دەدەن کام زانیاری، کەی، بۆچی و چۆن دەبێ

ببێ بەهەواڵ. ئەم بڕیارە بۆ چارەنووس بەجێ ناهێڵدرێ. هەروەها ڕۆژنامەنووسانی ئاکانیوزیش پەیڕەوی لە چەند بنەمایەکی دەستنیشانکراوی هەڵبژاردن دەکەن کە وەک هۆکاری هەواڵ ناسراون. چەندە زیاتر ئەم هۆکارانە بۆ ڕووداوێکی تازە دەست بدەن، هێندە زیاتر شیمانەی ئەوە هەیە کە زانیاریی تایبەت بەو ڕووداوە ببێ بەهەواڵ، بگرە پێویستە بکرێ بەهەواڵ.

زۆر گرینگە لە وەشاندنی هەواڵدا ئەوە بزاندرێ کە بابەتی تازەی ڕۆژانە دەخرێنە پێش پێشوەچوونە درێژخایەنەکانەوە. ئیدراکی لە پێوان نەهاتووی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی بناخەی خۆی لەسەر ئەم ڕاستییە داناوە.

ڕاهێنانەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی هەواڵ پەیڕەوی لە چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ هۆکارەکانی هەواڵدا دەکەن. هۆکارەکان بەزۆری لە لیستێکدا کۆ دەکرێنەوە. کەواتە هۆکارەکانی هەواڵ ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی زانیارین کە خۆیان بۆ جەماوەر سەرنجڕاکێش دەکەن. ئەم خەسڵەتانە ڕێڕەوی گۆڕینی زانیاری بۆ هەواڵ کورت دەکەنەوە. گرینگترین ئەو چاودێرییانەی کە پێویستە بۆ هۆکارەکانی هەواڵ لە بەرچاو بگیرێن، بریتین لە:

نزیکی nearness نزیکی لە ڕووداوێکەوە یان لە پێشوەچوونێکەوە دەکرێ لە ڕوانگەی گەردوونی، سیاسی، کولتووری یاخۆ ئابوورییەوە پێناسە بکرێ. زانیارییە گونجاو و لەبارەکان ڕێگەی گەیشتن بەجەماوەر کورتتر دەکەنەوە، چونکە بەسەرنج و سۆز و هەستی جەماوەرەوە پێوەستن. ئەوانە زانیاریگەلێکن، کە لە جیهانی (من) و لە جیهانی (ئێمە)وە سەرچاوە دەگرن.

ڕووداوی وروژێنەر Sensation: شتێک چەندە ناباو، لە پڕ، نایاب یاخۆ ترسناک بێت، هێندەش ڕێگەی گەیشتنی لە ڕێی هەواڵەوە بەجەماوەر کورتتر دەبێتەوە. دۆشدامان، سەرسوڕمان، دڵەکوتێ و خۆشی – هەستی بەهێز بەشێکن لە لایەنی بەوروژێنەرهێنی ڕووداو و هەواڵی بەرهەمهێنراو لەبارەی ڕووداوەکانەوە. هەبوونی بڕێکی زۆر زانیاریی شیاو بە بەرهەمهێنانی هەواڵ لە بەردەستدا، هانی ڕۆژنامەنووسان دەدا شتێک بوروژێنن بۆ ئەوەی سەرنجی زیاتر بۆ سەر هەواڵەکە ڕابکێشن.

کارەسات، شەڕ، تەنگژە Disasters, wars, crises

جیهان پڕیەتیی لەم کێشانە کە بەردەوام و وەکو دەستوەشاندنی چارەنووس لە پڕ بەهەموو مرۆڤێکەوە دەدەن. ئەم زانیارییانە بەئاسانی دەگەنە جەماوەر و هەندێک لە میدیاکانیش لەم بوارەدا تایبەتمەندییان وەرگرتووە و ئەم زانیارییانە دەکەن بەبناخەی هەواڵ نووسین. بەڵام پێویستە لە ڕۆژنامەوانیی کاری هەواڵ نووسیندا بەر لە هەموو شتێک تا ئەوەندەی لە توانای کردندایە، هۆکار و ئاکامەکانی ڕووداو و پێشوەچوونەکان لە هەواڵەکاندا ڕەنگ بدەنەوە.

سادەکردنەوە simplification: زانیارییەک چەندە سادە و ڕوونتر بێت – با پاشخانەکەشی ئاڵۆز بێت – هێندە زیاتر مرۆڤ دەتوانێ بیگوازێتەوە. لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە کاتێک بەلێپرسراوییەوە

مامەڵە لەگەڵ ئەم پێداویستییە بنەڕەتییەی مرۆڤدا دەکرێ، کە ڕووداو یان پرۆسەیەک کۆتاییی پێ هاتبێ. پێویستە ڕووداوەکان تا دەکرێ بەسادەیی و بەڕوونی لە هەواڵدا بڵاو بکرێنەوە. کاری خراپی هەواڵ ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس وەکو پێویست خۆی بەڕووداو و پێشوەچوونە ئاڵۆزەکانەوە خەریک نەکات و لە ڕێی سادەکردنیەوە لای جەماوەری بەچێژی نەکات. ئەم جۆرە خراپەی ڕۆژنامەوانیی هەواڵ کلێشە و ستریۆتیپی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

بەردەوامی continuity: هاوکات لەگەڵ ئاراستەکردنی بابەتێکدا بۆ جەماوەر لە ڕێی هەواڵەکانەوە agenda setting، ڕۆتینی بەردەوامیی بنیاتنانی هەواڵ agenda building بەرهەم دێت.
ڕۆژنامەنووسانی هەواڵ، لەسەر شێوەی درامای کاتێکی زانراو پەرەگرتنی بابەتێک یان ڕووداوێک (دەگێڕنەوە). کاتێکیش هەواڵەکان بەهۆی نەبوونی زانیاریی نوێوەوە کێشی خۆیان لە دەست دەدەن، دیسانەوە ڕێڕەوی مەودای گەیشتنی هەواڵ بەجەماوەر درێژ دەبێتەوە.

زۆرجاران گازندەی ئەوە دەکرێ کە سەرنووسیارانی هەواڵ لە هەواڵەکاندا جیهان زۆر لەوە خراپتر دەخەنە بەرچاو کە لە ڕاستیدا هەیە. لە ئەمەریکا ڕستەیەک هەیە دەڵێ: Bad News are good News ئەم پێوەرە ڕۆژنامەنووسانی هەواڵ ناگرێتەوە. هەواڵەکان خۆیان بەو ڕاستییە دەسپێرن کە بارودۆخەکان – هەلومەرجەکان هەرگیز ناگەنە ئارامی و ڕێکوپێکیی هەمیشەیی. هەڵسەنگاندنی باری گشتیی جیهان ئەرکی ڕۆژنامەنووسانی هەواڵ نییە. هەواڵەکان هەردەم برگەیەکن لە ڕاستی و هەرگیز ناتوانن سەرلەبەری ڕاستییەکان و ئاڵۆزییەکانیان بخەنە ڕوو. تەنیا ناوکی هەواڵەکە نوێیە و خۆی دەگۆڕێ و نەزانراوە. بۆیە ناکۆکی و ململانێ، نەک مانەوە و چەسپاوی، لە هەواڵەوە نزیکترن. هەر ڕاستییەکی بەرجەستە داوا لە مرۆڤ دەکا بۆ نەخشە داڕشتن لە پێناوی گۆڕینی شتێکدا. ئەمەیش وای کردووە هەموو کاتێک هەواڵ هەبێ. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی هەوڵی دا تەنیا هەواڵی (باش) بوەشێنێ. ئامانجیشی لەم کارە، سەرکەوتن و زیادکردنی فرۆش بوو. تاقیکردنەوەکە زۆری نەخایاند. ڕۆژنامەکە جەماوەری دەست نەکەوت و لە هەوڵەکەیدا شکستی هێنا.

هەموو کارمەندانی ئاژانسێکی هەواڵ پێویستە لە ئاستێکدا بن وەڵامی سێ پرسیاری گرینگ، کە ڕەوتی کاری ئاژانسێک دیاری دەکەن، بدەنەوە و بتوانن لەگەڵ کاری ئاژانسەکەدا گرێی بدەنەوە:

– بەهای هەواڵ News value چییە؟ برێتییە لەوەی بەچ جۆرێک ڕاپۆرت لە ڕووداوێک دەدرێ، بەدوایدا ئەوە دەستنیشان دەکرێ کام هۆکارەی هەواڵ یاخۆ کام تێکەڵەیە لە هۆکارەکانی هەواڵ مۆری خۆی لە ڕووداوەکە دەدا.
– هۆکارەکانی هەواڵ چین؟ برێتین لە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ڕووداوەکان کە بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی جەماوەر ڕادەگەیەندرێن و بەهۆکاری وەشاندنی زانیاریی تازە دادەنرێن.
– ئەو پێوەرانە چین کە بۆ بەرزی و ڕیزبەندیی بەهاکانی هەواڵ پێویستن؟ برێتین لە ڕازاندنەوە،

پۆلاندن، تایبەتمەندکردن و مەودای هەواڵ و گرینگترین ئەو پێوەرانەی کە ئاژانسەکان ڕادەی گرینگیی هەواڵێک و جیاکردنەوەی لە هەواڵەکانی تری پێ دابەش دەکەن.

ژمارەی هۆکارەکانی هەواڵ دەخرێتە لیستی جیاجیای بەردەستەوە. کاتێک پێکهاتەیەکی بەسوودی هۆکارەکانی هەواڵ دەستگیر دەبێت، کە مرۆڤ بۆی ڕوون بێتەوە زۆربەی جیاوازیی هۆکارەکان لەمیانەی وەشاندنی نەرمە هەواڵەوە هاتوونەتە ناو کاری هەواڵەوە. زۆربەی هۆکارەکان خۆیان لەگەڵ کاتەگۆریی (بەرژەوەندیی مرۆیی) human interestدا دەگونجێن. ئەم ڕەهەند و کاتەگۆرییانەیش هەن کە هۆکارەکانی هەواڵیان لێ پێک هاتووە و بەپێی ئەوان خۆیان پۆلاندووە:

– تازەیی actuality

پۆلێنکردنی ڕووداوێک لە ڕووی کاتەوە لە ڕانەبردوودا

گونجاندنی بابەتێک لەگەڵ کاتی ڕانەبردوودا

– واتا (Significance, Importance, ma agnitude) - Meaning

قەوارەی ڕووداوێک

بەرەنجامەکانی ڕووداوێک

– حەزی جەماوەر publikumsenteresse جەماوەر، کۆمەڵگە

نزیکیی ڕووداوێک (فەزا، کۆمەڵایەتی، دەروونی)

ناسراوی و پایەی ئەوانەی هەواڵیان لەبارەوە دەوەشێندرێ.

ناکۆکی، گرژی، گومان، ململانێ conflict

ئاسایش، باری ئابووری، پێشوەچوون

– بەرژەوەندیی مرۆیی human interest

کارەسات/توندوتیژیی سروشت

نامۆ/ناباو unusualness

گرژی/تراجیدی tragedy

گاڵتەبازی humor

ڕۆمانتیک romance

هاوسۆزی sympathy

تەمەن age

سێکس/ئیرۆتیک/ئەویندارى sex

سەرچڵی/مەترسی
منداڵان، ئاژەڵ

– دیمەنی بینراو
زانیاریی ڕووداو لە شێوازی وێنە یاخۆ کەرەستەی دەنگ و ڕەنگدا
کراوەیی ڕووداوێک بۆ وێنە و ماتەریاڵی دەنگ و ڕەنگ

**٤ – شێوازی هەواڵ و داڕشتنی هەواڵ**: News pattern and construction of the news

بەبابەتکردن: Thematization

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و بەتایبەتیش ئاژانسی دەنگوباس، بەتەنیا چاوەڕێی ڕووداو و ژوان ناکەن بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ، بگرە دەستەی نووسیاران خۆشیان لەم لایەنەوە دەستپێشخەری دەکەن. دەستەی نووسیاران بۆ ئەم مەبەستە پەیڕەوی لەم ستراتیجییانەی لای خوارەوە دەکا:

داڕشتنەوەی ڕووداوەکان: Reconstruction of events (incidents)

بۆ نموونە پەنابردن بۆ ئەنجامی بەدواداچوونی نوێ (لێدوانی گەواهیدەران و بینەرانی تر... هتد) دەتوانێ وەسفی ڕەوتی ڕووداوێک بکا. بەدواداچوون وەک لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی قەومانی ڕووداو.

بەگشتیکردن: generalization

لە ئاکامی بەدبەختییەکاندا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە ئاخۆ تاکە ڕووداوێک تا چ ڕادەیەک لێکچوونی هاوبەشی لەگەڵ ڕووداوگەلێکی تردا هەیە؟ بۆ نموونە: ڕووداوێکی هاتوچۆ لە شوێنێکدا کە پێشتر ڕووداوی (هاوشێوە)ی لێ قەوماوە. یاخۆ: ئاوی پیس لە تۆڕی بۆڕیی ئاودا. حاڵەتە عەمبارکراوە لێکچووەکان دۆکۆمێنت دەکرێن و خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوانیان دەبن بەبابەت.

نوێکردنەوە: actualisation

پێشوەچوون لە دوای ڕووداو بەدەست دێت. بۆ نموونە: ڕەوشی برینداران لە پاش ڕووداوێک؛ لە حاڵەتی قەومانی تاوانێکدا، زانیاریی نوێ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا. چاودێریکردنی ڕۆژنامەوانییانەی پرۆسەیەک زۆرجاران باندۆرێکی شانۆیی – نواندن ئامێزی بەسەر جەماوەرەوە هەیە.

بەرەنجام: Conclusions

لە دوای هەر ڕووداوێکی ناخۆش، پرسیار لەبارەی بەرەنجامەکان ئاراستەی لێپرسراوان دەکرێ. بۆ نموونە ڕاستکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی ئاسایش؛ ڕێکخستنەوەی یاسایی. بەبابەتکردن

لە میدیاکاندا بەم شێوازە، دەبێت بەبنەما بۆ چالاکیی سیاسی.

بنیاتنانی هەواڵ: Construction of the news

هەواڵ لەسەر شێوازی سیستەمی حوکمڕانیی پاشایەتی دادەڕێژرێ. لێدوانە هەرە گرینگەکان لەسەری سەرەوە دادەنرێن. پاشان لێدوانە تەواوکەرەکانی تر بەپێی گرینگییان بەدوای یەکدا ڕیز دەکرێن. هەموو هەواڵێک، بەپێچەوانەی تێکستە ئەدەبییەکانەوە، لەسەر شێوازی هەرەم بنیات دەنرێ. بەشە لێدوانەکانی ئەو هەرەمە تا بکرێ زۆر بەوردی پەیڕەوی لە شەش پرسیارەکە دەکەن: "کێ، چی، کەی، لە کوێ، چۆن، بۆچی". سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاخۆ ڕۆژنامەنووس زانیارییەکانی خۆی (لە کوێ)وە وەرگرتووە؟ بنیاتنان و بەئەنجام گەیاندنی هەواڵ کرۆکی کاری ڕۆژنامەنووسی پێک دەهێنێ.

* کێ: کەس – کەسانی مایەی باس و هۆکاری ڕووداو. ئەگەر ناسراو بێ – بن، ئەوا هەواڵ لەسەر شێوازی بکەری دیار (شێوازی ئەرێنی) دەنووسرێتەوە. خۆ ئەگەر نادیار بێ – بن، ئەوا هەواڵ لەسەر شێوازی بکەری نادیار (نەرێنی) دەنووسرێتەوە.
* چی: قەومان، باس، ڕووداو و لێدانی (کێ).
* کەی:
  - ١– بەیاناتی کاتی (کێ – چی).
  - ٢– ئەو ساتەی کە لەمیانەیدا (چی) ڕووی داوە.
* لە کوێ:
  - ١– شوێنی باسی (چی).
  - ٢– ئەو شوێنەی کەس – کەسانی مایەی باس و ڕووداو ڕووی تێ دەکەن (کێ).
* چۆن: هەلومەرجە هاوتەرییەکانی ڕووداوێک یان لێدوانێک لەبارەی (چی)، هەروەها جۆر و شێواز و مۆدیلی پەیدابوونی لێدوان.
* بۆچی: پشتینە بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوێک (هۆکارەکانی ڕووداو)، یان بۆ تێگەیشتن لە باسێک (هۆیەکانی باس و لێدوان).

ئەرکی فۆرمەکانی هەواڵ: Functions of the news forms

بنیاتنان و دارشتنی هەواڵ هەرگاو پەیڕەوی لە بنەماگەلێکی فۆرمی هاوشێوە دەکەن. فۆرم پێناسەی پیشەییبوونی هەواڵ و ویستی بابەتیبوونی ڕۆژنامەوانییانەیە. دەتوانین لەمیانەی پرەنسیپی فۆرمی هەواڵەوە چەندان ئەرکی جیاوازی هەواڵ بناسینەوە، وەکو ئەوەی پێشتر لە جیاوازیی نێوان وشکە هەواڵ و نەرمە هەواڵدا هەستمان پێ کرد. بەهەبوونی پرەنسیپی فۆرمی هەواڵ، نموونەی لێدوان مەیسەر دەبێ، کە بەزۆری نموونەی لێدوانی زانیاریدەر، ڕوون وەک وێنە و

شرۆڤەئامێز بەدەستەوە دەدا.

نموونەکانی لێدوانی زانیاریدەر: Informative

- بەکەڵکی زانیارییە سەرەتاییەکانی ڕووداوێکی مایەی سەرنجی جەماوەر دێن و هەواڵنووس دەبەنەوە سەر بنکەی زانیارییەکان.
- کرۆک و درێژەی زانیارییەکان لەخۆ دەگرن و تەنیا لە حاڵەتێکدا پشتینەکان و پێوەندییەکان بەتەواوی ڕووناک دەکەنەوە، کاتێک زانیارییەکان بێ پێچ و پەنا خرابێتنە ڕوو.
- هەردەم بەپێی ئەم نۆرمانە ئاراستە دەکرێن: بێلایەنی، بابەتیبوون، تازەیی، واتای گشتی.

vividly clearly statement pattern

نموونەی لێدوانی ڕوونی وەک وێنە:

- وا لە خوێنەر دەکا بەدوای لێدوانەکاندا بچێت و لەگەڵیاندا بژی. ئەم لێدوانە وەڵامدەرەوەی هەستی جوانی و حەزی دەمەتەقێ و داخوازی جەماوەرن.
- لێدوانە ڕوونەکان جۆرە وردەکارییەک لەخۆ دەگرن، کە ڕەنگدەرەوەی میزاج و سروشتی هەواڵن. هەروەها نیشاندەری ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکان ئەگەر بێتو ڕووداوەکان بەتەکنیکی تایبەتی چاودێریکردن و بەگێڕانەوە دابڕێژرێن.
- لە لێدوانە ڕوونەکاندا و لەمیانەی زۆریی بابەت و جۆری تێڕوانینەوە، نۆرمەکانی خستنە ڕووی بابەتییانە مۆری خۆیان لە هەواڵ دەدەن.

شێوەی لێدوانی شرۆڤەئامێز: Analytic statement patterns

- بەکەڵکی ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەئامێزی پێشوەچوونەکان دێن. نموونەکانی لێدوانی شرۆڤەئامێزە کۆنترۆڵی ڕای گشتی و پێکهاتنی ویستی سیاسی دەردەبڕن و ئاماژە بۆ فرەلایەنیی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە و پاساوەکانی دەکەن.
- لە شێوازە واتەییەکانیشیاندا پێوەندی لەخۆ دەگرن و بیر و ڕا و بۆچوون دەخەنە بەردەست.
- نۆرمەکانی گواستنەوەی حوکمە بەهادارەکان و جۆری تێڕوانین لە هەواڵدا، لە ڕێساکانی بەڵگەهێنانەوەدان.

## ٥- شێوەکانی خستنەڕووی هەواڵ: Representation forms of the news

لە نموونە جیاوازەکانی لێدوانی تایبەت بەهەواڵەوە، شێوازی تایبەت بەخستنە ڕووی هەواڵمان دەستگیر دەبێت، کە دەتوانین وەکو "تەرزەکانی ڕاپۆرت Report Types"ی کاری ڕۆژنامەوانیی هەواڵ وەسفی بکەین.

ڕاپۆرتی ڕووداو: event report

ڕاپۆرتی ڕووداو باوترین شێوازی ڕاپۆرتی کاری ڕۆژنامەوانیی هەواڵە، کە ڕاپۆرت لەبارەی ڕووداوێکی هێشتا بەردەوام یان بەکۆتایی هاتووەوە، یاخۆ لەبارەی هەڵکەوتەیەکەوە ڕادەگەیەنێ. لە ڕاپۆرتی ڕووداودا، (چی) لە ڕیزبەندیی شەش پرسیارەکەی ڕۆژنامەوانیدا لە هەموویان زیاتر جێی باسە. کەس و هۆکاری ڕووداو و قوربانییەکان و... هتد، زۆر لە نزیکەوە پێوەستن بە(چی)یەوە.

ڕاپۆرتی باس: action report

چەقی ئەم جۆرە ڕاپۆرتە باسی شیاو بۆ تایبەتکردن لەخۆ دەگرێ. لە ڕاپۆرتی باسدا، بەپێچەوانەی ڕاپۆرتی ڕووداوەوە، زانیارییەکان ملکەچی لێدوانی کۆنکرێتیی کەسان و کردەوە و کاریگەریی بینراوی ئەوانە. لە بنیاتنانی ڕاپۆرتی باسدا گرینگە ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی نەخرێتە ڕوو. کرۆکی لێدوانی هەواڵ (پێشەوان Lead)، کە بەیەکلاکەرەوەی ئەنجامی ڕووداو دادەندرێ، دەکەوێتە سەرەتای ڕاپۆرتەوە. پاشان بەشەکانی تری لێدوان وەردەگیرێ و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا ڕاپۆرتی لەسەر بنیات دەنرێ.

ڕاپۆرتی جاڕدان: Announcement report

ڕاپۆرتی جاڕدان ئاماژە بۆ ڕووداوێک دەکا کە لە داهاتوودا ڕوو دەدا و ئەرکی ئاراستەکردنی جەماوەر لەخۆ دەگرێ و بەشێکی بنەڕەتیی خزمەتگوزاریی ڕۆژنامەوانییە. ڕاپۆرتی جاڕدان پەیڕەوی دەکا لە پرسیاری:

(کەی، لە کوێ، چی) ڕوو دەدا؟

لەم جۆرە ڕاپۆرتانەدا زۆر گرینگە ئاژانسی دەنگوباس بزانێ ڕووی هەواڵەکەی لە چ گرووپ و توێژێکی کۆمەڵگەیە. ئەو زانیارییەی کە جێی بایەخ پێدانی هەوادارانی وەرزشە، ڕەنگە بەهیچ جۆرێک مایەی سەرنجراکێشانی کەسێکی ئابووریناس نەبێت. هەندێک ڕووداو هەن ئەوەندەی بەلای هەوادارانی کولتوورەوە جێی بایەخن، بەلای کەلەپوورپەروەرانەوە هێندە مایەی گرینگی پێدان نین. ڕاپۆرتی جاڕدان لە بواری سیاسەتیشدا گرینگە، چونکە تەنیا لەمیانەی ڕاپۆرتی جاڕدانەوە دەکرێ ئەو هێڵانە ڕوون بکرێنەوە کە دیوەدەری (شەفافیەت) بەڕووداوە سیاسییەکان دەدەن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ لە ڕێی ڕاپۆرتی جاڕدانەوە بەشێک لە ئەرکی خۆیان لە بواری بەبابەتکردندا بەئەنجام دەگەیەنن.

ڕاپۆرتی لە زار گواستنەوە: citation report

ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە بەلێدوانێکی بەهێزی زۆر تایبەت دەست پێ دەکەن. لە کاتێکدا لە جۆرەکانی تری ڕاپۆرتدا ڕۆژنامەنووسی هەواڵ پێویستە خۆی بڕیار بدا کرۆکی گرینگترین لێدوان لە

کوێدایە، لە ڕاپۆرتی لێ وەرگرتندا کرۆکی گرینگترین لێدوان لە کەسی سێیەمەوە وەردەگیرێ، بۆ نموونە لە کەسایەتییەکی ناسراو، لە شارەزایەک، لە تووشبوویەک، لە بینەرێکی گرینگ و... هتد.

نموونە:

"تەقینەوەکان لەخۆوە نەبوون، بگرە تاوانی بەتەواوی نەخشە بۆکێشراو بوون." ئەمە لێدوانی سەردۆزگەری کۆماری بوو لە بەغدا لەمیانەی پرۆسەی لەدادگەدانی هێرشکارانی ١٤ی دیسەمبەردا. تۆمەتباران بێ هیچ گومانێک بەبکوژی ٣٤ مرۆڤ دادەنرێن....

هونەری ڕاپۆرتی لێ وەرگرتن لەوەدایە لێ وەرگرتنەکە بەجۆرێک بێتە هەڵبژاردن، کە بەمەبەستی پوختەکردن و تێڕوانینێکی گشتیی کرۆکی هەواڵ لەخۆ بگرێ. چۆنیەتیی داڕشتنی ڕاپۆرتی لێ وەرگرتن جۆرێک لە سەرنجڕاکێشانی زیاتر بەناوەڕۆکی هەواڵ دەدا. لە نووسینەوەی ڕاپۆرتی لێ وەرگرتندا هەل هەیە بۆ داڕشتنی ڕستە و دەستەواژەی ناباوی ئەوتۆ، کە ڕۆژنامەنووسی هەواڵ ناتوانێ لە جۆرەکانی تری ڕاپۆرت – هەواڵ نووسیندا بەکاریان بهێنێ.

ڕستەی پێشەوان: Lead sentence

لە هەموو ڕاپۆرتەکانی هەواڵدا کرۆکی لێدوان، کە گرینگترین بەشی هەواڵە، لە سەرەتادا دادەندرێ. ئەم کرۆکی لێدوانە، ئەگەرچی کەموکووڕی لە وردەکارییەکانیشیدا هەبێ، خۆی بەهەواڵێکی تێروتەسەل دادەندرێ. خاڵێکی تری گرینگ ئەوەیە، کە ڕستەی سەرەتا بتوانێ بایەخ بجووڵێنێ و تام و چێژ بەهەواڵ بدا. دەست پێکردنێکی باش لێدوانی بنەڕەتی لە شێوازێکی زمانەوانیی سەرنجڕاکێشدا پوخت دەکاتەوە و وا لە وەرگر دەکا تامەزرۆی زانینی وردەکارییەکانی تری ناو هەواڵەکە بێت.

چەند شێوازێک هەیە بۆ بنیاتنانی ڕستەی سەرەتا. زۆرجاران پێویستە سەرەتای گشتگیر بدۆزرێتەوە. دەکرێ هەر شەش پرسیارەکەی هەواڵ لەم جۆرە سەرەتایەدا بەکار بهێندرێ و تا دەکرێ کورت بکرێنەوە. ئەوەندە هەیە لێرەدا مەترسیی ئەوە هەیە، کە ڕستە و دەستەواژەگەلی تەمومژاوی و لە زانیاریدا هەژاری ئەوتۆ بێنە ئاراوە، کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نەبێت.

نموونە:

ڕاپۆرتێکی پۆلیس بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: سەعات ١٦:٣٠ی دوانیوەڕۆی دوێنێ، چەند کەسێکی نەناسراو، لە ئۆتۆمۆبێلێکی ڕاگیراو لە گەراجی ژێرزەوینی شارەوانیی بەغدادا جانتایەکی چەرمی گەشتیارانەی ڕەنگ قاوەییی کاڵ و جانتایەکی دەستیی ڕەنگ قاوەییی تێری کارمەندێکی ٤٢ ساڵەی بانکیان دزیوە. دواتر ڕاگەیەندرا، کە جانتای گەشتیارییەکە توورەکەیەکی پلاستیکیی مارکە نەزانراوی پڕ لە گازی سیانیدی پۆتاسیۆمی تێدا بووە.

ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵ بەم شێوەیە دەست پێ دەکا: دوێنێ چەند کەسێکی نەناسراو لە ئۆتۆمۆبێلێکی ڕاگیراوی ناو گەراجی ژێرزەوینی شارەوانیی بەغدا جانتایەکی چەرمی گەشتیاریی

ڕەنگ قاوەییی کاڵیان دزیوە، کە توورەکەیەکی پلاستیکیی مارکە نەزانراوی گازی سیانیدی پۆتاسیۆمی تێدا بووە.

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە وردەکارییی زۆر و سەرنجڕاکێشانی کەم لەخۆ دەگرن. باشترە هەواڵەکە بەم جۆرە دەست پێ بکا: دوێنێ چەند دزێک لە ئۆتۆمۆبێلێکی ڕاگیراوی ناو گەراجی ژێرزەوینی شارەوانیی بەغدادا بڕێک گازی مەترسیداری سیانیدی پۆتاسیۆمیان دزیوە. یاخۆ: گازی سیانیدی پۆتاسیۆم یەکێکە لە دەستکەوتی ئەو دزانەی، کە دوێنێ لە گەراجی ژێرزەوینی شارەوانیی بەغدا دزییان کردووە.

سەرەتای گشتگیر کاتێک پێوانە دەکرێ، کە (چی) لە (کێ) گرینگتر بێت. ئەمەیش زیاتر لەو حاڵەتانەدا دێتەوە ئاراوە، کە بابەت لەبارەی ئامار و لایەنداری بێت. "هەروەها پاریش ڕێژەی گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان - عێراق جارێکی تر ٥٪ی تێ پەڕاند..." هەموو جۆرەکانی دیاردەی پێوانەکردن کە هەواڵیان لەبارەوە دەنووسرێ، نزیکن لەم جۆرە سەرەتا "Lead"یەوە.

سەرەتای شاراوە anonymmous Leadیش هەمان ئەو هۆکارانەی لە پشتەوەیە، بەجۆرێک لە سەرەتادا وەڵامی هەردوو پرسیاری (چی) و (کێ) بەناڕوونی دەهێڵێتەوە. بەم جۆرە هەواڵەکە سەرنجڕاکێشتر دەبێت. ئەم جۆرەی سەرەتا (Lead sentence)، خزمەت بەبەشی جۆشی خوێندنەوە - وریاکردنەوە Reading simulate دەکات. ئەم شێوازە، کە بەچڕی وەردەگیرێ، چیی تر حیسابی وشکە هەواڵی بۆ ناکرێ، بگرە لەگەڵ شێوازەکەی تری خستنە ڕووی ڕۆژنامەوانیدا، کە کارکردن تێیدا بەچێژترە، هاوسنوور دەبێت. شێوە هەواڵی بەرهەمهێنراو لەسەر ئەم شێوازە زۆرجار بە"ڕیپۆرتاج" ناودەبرێ.

مانشێتیش فۆرمێکی کورتکراوەترە لە ڕستەکانی سەرەتا، کە بەیەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانیی بولڤوار دادەنرێ. مانشێت کارەکتەری وتار لەخۆ دەگرێ و زانیارییەکانی سەرەتا بەبچووکترین قەوارە کورت دەکاتەوە و بەزۆریش لە ڕووی بەهاوە گرینگە. مانشێت بەیەکێک لە ئامێرەکانی گواستنەوەی هەواڵ لە ڕێی ئاژانسەکانەوە دادەندرێ، بگرە دەتواندرێ لە باشترین باردا لەو کەرەسانەی هەواڵەوە دابتاشرێ، کە ئاژانس بۆ میدیاکانی دەگوازێتەوە:

تۆ دادوەر، ئەی بەرازی چەپەڵ

دواین "نا"ی تۆ کوشندە بوو

سەرۆک زیاتر لەو وشەی دۆستانەی پێویستە

**٦- هەواڵ و سەرچاوەکانیان - پێوەندی لەگەڵ سەرچاوەکاندا:**

News and her source - contact with springs

ئاژانسەکانی هەواڵ لە هەڵسوکەوت لەگەڵ سەرچاوەکاندا پەیڕەوی لە دوو ڕێسای بنەڕەتیی سەخت - زبر دەکەن:

١- هەر کاتێک لە توانادا بێ، ناوی سەرچاوە دەهێندرێ.

٢- لە هەواڵ یاخۆ ڕاپۆرتی بێ بەیاناتی سەرچاوەدا، ئاژانس بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک خۆی دەبێت بەسەرچاوە. ئەمە بەواتای ئەوەیە کارمەندێکی ئاژانس خۆی لە شوێنی ڕووداو بووە و پێشهاتەکانی بەچاوی خۆی بینیوە.

پێویستە تا دەکرێ بەیاناتی سەرچاوە ڕەوان بن، واتا ناوی سەرچاوەش دەهێنرێ. لە کاتێکدا ئەگەر ناو یان کەس گرینگ نەبێ، ئەوا ناوبردنی ئەرک گرینگترە و ئەمەش مەبەست دەگەیەنێ. بۆ نموونە: وتەبێژی حکوومەت گوتی......

بەیاناتی دروستی شوێنیش زۆر کات بەشێکە لە بەیاناتی دروستی سەرچاوە. جیاوازی هەیە لە نێوان ئەوەی وتەبێژی فەرماندەیی لە هەولێرەوە لێدوان لەبارەی ڕەوشی سەربازیی سەر سنوورەوە بدات لەگەڵ ئەوەی لێدوانەکانی لە ناوچەکانی سەر سنوورەوە ڕابگەیەنێ.

ناوهێنانی سەرچاوە کێشی زیاتر پەیدا دەکا:

١- چەندە نرخ و بەها لە لێدوانەکاندا بن و ٢- چەندە پشکنینی لێدوانەکان لەلایەن ئاژانسەوە کارێکی دژوار بێ، هێندەش کێشی ناوهێنانی سەرچاوە زیاتر دەبێت.

لەم حاڵەتانەدا سەرچاوە لە پێشدا دەکەوێتە ڕستەی یەکەمەوە.

بۆ: ١- سەرۆکی فراکسیۆنی SPD پیتەر شتروک ئەمڕۆ لە پەرلەمانی فیدراڵیدا کاری حکوومەتی هاوبەشی بە"زۆر سەرکەوتوو" وەسف کرد.

هەڵە: کاری حکوومەتی هاوبەشی بەرلین سەرکەوتووە. ئەم هەڵسەنگاندنە دوێنێ لە پەرلەمانی فیدراڵیدا لەلایەن........ ڕستەی یەکەم بێ سەرچاوە نووسراوە. بۆیە بۆی هەیە واتای ئەوە بەدەستەوە بدات، کە "هەڵسەنگاندن"ەکە لەلایەن ئاژانسەکەوە کراوە.

بۆ: ٢- ئەگەر نەتواندرێ لە ناوەڕۆکی هۆکارەکان بکۆڵدرێتەوە، ئەوا سەرچاوە زۆر گرینگ دەبێت و دەبێت بەبەشێک لە هەواڵ.

نموونە:

ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕێی وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنساوە بەهەواڵی مردنی یوری ئەندرۆپۆڤی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دەزانێ. سەرچاوەکە بەزبر دادەنرێ؛ بەڵام نەتواندراوە هۆکارەکە بپشکێندرێ. ڕستەی سەرەتا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: کلۆد شیسۆنی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئەمڕۆ لە پاریس ڕای گەیاند، کە یوری ئەندرۆپۆڤ مردووە.

داڕشتنی ناباو لە ڕستەی یەکەمدا پێشتر بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە هیچ بەڵگەیەکی تر لە بەردەستی ئاژانسدا نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی بەسەرچاوەکە (وەزیری دەرەوەی فەرەنسا) هەیە. دەکرێ لەم حاڵەتانەدا دڵنیانەبوونیش ڕابگەیەنرێ. "ئەم هەواڵە هێشتا لە مۆسکۆوە پشتڕاست نەکراوەتەوە".

لە ئەڵمانیا هەرگاڤ ناکۆکی لەبارەی ژمارەی بەشدارانی خۆپێشاندانەکان لە ئارادایە: دیارە پۆلیس ژمارەی بەشداران کەم و ڕێکخراوەکانیش زۆر پێشان دەدەن. ئەگەر ئاژانس لە هەواڵنێرەکانی خۆیەوە ژمارەیەکی جێی متمانەی پێ نەگەیشت، ئەوا لە هەواڵەکەدا ژمارەکانی هەردوولا ڕادەگەیەنێ:

ئەمڕۆ ١٠ بۆ ٢٠ هەزار کەس لە دژبەرانی هێزی ئەتۆمی لە بەرلین خۆپێشاندانیان کرد. بەپێی ئامارەکانی پۆلیس ١٠ هەزار کەس بەشدارییان کردووە، بەڵام ڕێکخراوەکان باس لە بەشداربوونی ٢٠ هەزار کەس دەکەن.

ئاژانسەکان لەم سەردەمەدا، وەکو ڕێسا، لە ڕستەی دووەمدا ئاماژە بۆ سەرچاوە دەکەن. دەست لەو ڕێبازە کۆنە هەڵگیراوە، کە سەرچاوە لە ڕستەی یەکەمدا بدرێ، چونکە بەمە باری ڕستەی یەکەم زۆر گران دەبوو. هەروەها دەست لەو ڕێسایەش هەڵگیراوە، کە لە سەرەتای هەر پەرەگرافێکدا ئاماژە بۆ سەرچاوە بکرێ. ئەگەر زانیارییەکان، بۆ نموونە، لە پەرەگرافەکانی دواتردا وەرگیراو بوون، ئەوا پێویستە سەرلەنوێ ئاماژە بۆ سەرچاوە بکرێتەوە. پێویستە بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی زیاد لە سەرچاوەیەک لە هەمان هەواڵدا بکرێ و ڕیزبەندیی لێدوانەکان و سەرچاوەی هەریەکەیان ڕوون و ئاشکرا بن.

بەیاناتی سەرچاوە لە "نەرمە هەواڵدا":

ڕێسا ڕوونەکانی تایبەت بە"وشکە هەواڵ"، وەکو پرەنسیپ، بۆ "نەرمە هەواڵ" بەکار ناهێندرێن. ئەمە هەواڵ، لەبەرئەوەی بەزۆری ناوەڕۆکی "دەمەتەقێ ئامێز"یان یەکلایی بووەتەوە، شێوازیان جیایە. لە "نەرمە هەواڵ"دا دەکرێ دواتر ئاماژە بۆ سەرچاوە بکرێ، بۆ نموونە، ئەگەر خرۆشی خوێندنەوە Reading simulate لە ڕستەکانی سەرەتادا بۆ دواتر پاش بخرێ.

لە ڕێکخستنی هەڵکەوتەکاندا، بۆ بەرژەوەندیی پشتینە ڕێگە بەدەست هەڵگرتن لە سەرچاوە دەدرێ:

- لە کرۆنۆلۆجیدا.
- لە هۆکارەکانی ڕوونکردنەوەدا، وەکو (لە کارەساتی تەکنیکیدا، لە دابەشکردنی خەڵاتدا" خەڵاتی نۆبڵ بۆ کیمیا" و لە شێوازی کارکردنی ئامێر و کەرەسە نوێیەکاندا).

ئاژانسی دەنگوباس وەکو سەرچاوە: The news agency as a source

سەرنووسیارانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆیان هەیە بێ ئەوەی ناچار بن سەرلەنوێ بەهەڵکەوتەکاندا بچنەوە، هەواڵ بەوردەکارییەکانیەوە لە ئاژانسەکان وەربگرن. ئەم ڕێسایە ئاژانسە گەورەکانی جیهان دەگرێتەوە، بەڵام، بۆ نموونە، ئاژانسە دەوڵەتییەکانی وڵاتانی دیکتاتۆری ناگرێتەوە. ڕاستگۆیی ئاژانسەکان جۆراوجۆرن. سەردەمانێکی زوو ئاژانسێک لە

ئەڵمانیا لە کاردا بوو کە هەواڵە پاوەندارەکانیان لای میدیاکان هێندە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیر دەکرا، بەجۆرێک میدیاکان تا لە ڕێی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان یاخۆ ئاژانسەکانی ترەوە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان دڵنیا نەبوونایە، نەیاندەوەشاند.

ئاژانسێکی نوێی وەکو ئاکانیوز پێویستە هەنگاو بەهەنگاو متمانە بۆ خۆی بنیات بنێ. ئەمەش کاتێک سەر دەگرێ، کە هەر لە سەرەتاوە بەوپەڕی دەستپاکییەوە دەست بەکار بکا. واتە بەر لە هەموو شتێک لە هەموو جۆرە ڕیسک و سەرچڵییەک کە لە سەرەتا دێنە پێش، خۆ بەدوور بگیرێ و بتوانرێ لەمیانەی تازەیی و پاوەندارییەوە، وریاکردنەوە Attention بکرێ بەئامانج.

هەڵاوێرد لە ڕێساکان: Exceptions to the rule

پاراستنی سەرچاوە: لە حاڵەتی لێدوانێکی نهێنیدا، کەسی لێدواندەر مافی ئەوەی هەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بپارێزرێ و ناوی نەهێندرێ. لەم حاڵەتەدا ڕۆژنامەنووس دەتوانێ و بۆیشی هەیە ناوی سەرچاوە نەهێنێ. کڕیارانی ئاژانس پێشبینی دەکەن ئاژانس خۆی بەهەموو تواناکانی خۆیەوە لە ڕاستی و دروستیی هەواڵەکەی کۆڵیبێتەوە. سەرچاوەی هەواڵی لەو چەشنە بەلای کڕیارانەوە ئاژانس خۆیەتی.

نهێنی: Confidentiality

لە ئەزموونی درێژخایەنی کاری ڕۆژنامەنووسیدا چەند ڕێسایەک بۆ شێوازەکانی گفتوگۆ و وەرگرتنی لێدوان و وەشاندنی دەستنیشان کراوە. کە بە"بەندی ١" و "بەندی ٢" و "بەندی ٣" ئاماژەیان بۆ دەکرێ. ئەم سێ ڕێسایە لەسەر ئاستی هەموو جیهان کاریان پێ دەکرێ و سیاسەتوانان و لێپرسراوان و شارەزایانی وڵاتانی پێشکەوتوو وەک ناوی خۆیان لەبەریانە. کاتێک ڕۆژنامەنووسێک دەچێتە لای سیاسەتوانێک و دەیەوێ گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز بکا، سەرەتا هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون، گفتوگۆکەیان لەژێر کام "بەند"دا بکەن.

بەندی ١: لەو دیمانە Interviewانەی لەژێر ئەم بەندەدا ئەنجام دەدرێن، هیچ سنوورێک بۆ گواستنەوەی زانیاری – لێدوان و ناوهێنانی سەرچاوە داناندرێ. کەسی دیدار لەگەڵ سازدراو مەرج بۆ ڕۆژنامەنووس دانانێ و داوای شاردنەوەی ناوی سەرچاوە گۆڕینی زانیاری و لێدوانەکانی لێ ناکا.

بەندی ٢: لەو دیداری سازدراو لەژێر ئەم بەندەدا، کەسی دیدار لەگەڵ سازدراو ڕازییە هەموو زانیاری و لێدوانەکانی، بێ سنوور بۆ دانان، بوەشێندرێ، بەڵام ناخوازێ لە هەواڵدا ئاماژە بۆ ناوی بکرێ، یاخۆ داوا دەکا ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ سەرچاوە بکرێ. بۆ نموونە: "وتەبێژێکی وەزارەتی......". لێرەدا، گرینگ "وتەبێژێکی وەزارەتە"، نەک "وتەبێژی وەزارەت".

بەندی ٣: لە دیداری سازدراو لەژێر ئەم بەندەدا، کەسی دیدار لەگەڵدا سازدراو بەهیچ جۆرێک ڕازی نابێت ناوی وەکو سەرچاوەی هەواڵ بەکار بهێندرێ و ڕێگەش نادات لێدوان و

زانیارییەکانی، کتومت وەک ئەو ڕای گەیاندووە، بڵاو بکرێتەوە. ئەو زانیاری و لێدوانانەی لەژێر "بەندی ٣"دا دەست دەکەون، ڕۆژنامەنووس دەتوانێ تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی پشتینەی ڕووداو و پێشهاتەکان کەڵکیان لێ وەربگرێ و هیچی تر. خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک سەرپێچیی لەم بەندە کرد و نهێنییەکی درکاند، کە پێشتر بەڵێنی پاراستنی داوە، ئەوا لە داهاتوودا وەکو سزایەک لەو دیدار و بەیەکگەیشتنانەی کە تەنیا لەژێر "بەندی ٣"دا قسەیان تێدا دەکرێ و بیروڕایان تێدا دەگوزارێتەوە، دوور دەخرێتەوە.

ئاگەداربە! ئەو کەسەی دیداری لەگەڵدا ساز دەکەیت، دەتوانێ "بەندی ٣" بقۆزێتەوە و بۆ مەبەستی خراپ کەڵکی لێ وەربگرێ. بۆ نموونە: ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک لە ڕێی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەوە سەرەداوی هەندێک کەموکووڕی و هەڵەی سیاسی و ئابووری و... هتد، دەست کەوتبێ و کەسی دیدار لەگەڵدا سازدراو بەم شتانەی زانیبێ (یان گومان بکات ڕۆژنامەنووسەکە شتێکی لەو بارەیەوە بیستووە)، ئەوا کەسی مەبەست هەوڵ دەدا خۆی لە دیدار سازدان لەژێر بەندەکانی ١ و ٢دا بدزێتەوە و ڕۆژنامەنووس ناچار بکا لەژێر "بەندی ٣"دا دیداری لەگەڵ ساز بدا. لەم حاڵەتەیشدا ڕۆژنامەنووس بەدەستی خاڵی دەگەڕێتەوە، چونکە نە بۆی هەیە ناوی سەرچاوە بهێنێ و نە مۆڵەتیشی پێ دراوە زانیاری و لێدوانەکانی کەسی دیدار لەگەڵ سازدراو وەکو خۆی بگوازێتەوە. ئەمەیش ڕۆژنامەنووس دەخاتە دۆخێکەوە، کە نەتوانێ ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی بڵاو بکاتەوە. بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەدەستەوە بوو، ئەوا پێویستە هەوڵ بدا دیدارەکانی لەژێر "بەندی ١"دا ساز بدا. خۆ ئەگەر کەسی مەبەست ئامادە نەبوو لەژێر "بەندی ١"دا بۆ ڕۆژنامەنووس بدوێ، باشتر وایە ڕۆژنامەنووس دەست لە بیرۆکەی سازدانی دیدار هەڵبگرێ، بۆ ئەوەی زیان بەڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی خۆی نەگەیەنێت.

**٧- زمانی هەواڵ**: news language

هەواڵ پێویستە ورد بێت و بۆ تێگەیشتن ئاسان بێت و سەرچاوە لەخۆ بگرێ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە پێویستە ڕەچاوی چۆنیەتیی داڕشتنی زمان لە هەواڵدا بکرێ. پێویستە زمانی هەواڵ تا دەکرێ لە زمانی ڕۆژانەی جەماوەرەوە نزیک بێت، بەڵام هەمان کات پێویستە داڕشتنی هەڵەکانی دەربڕینی زمانەوانی فەرامۆش نەکرێ. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی زمانی هەواڵدا دەرکەوتووە، کە پێویستە زمانی هەواڵ ئەم چوار خەسڵەتەی تێدا بێت:

سادەیی simplicity

ڕێکخستن arrangment

کورتی و ناوەڕۆکداری shortness

خرۆشێنەر Situmulative

٨ – **خزمەتگوزاریی بێ پاڵەپەستۆی تازەیی:** Services without actuality pressure

پوختەی ژوانەکان (وادەکان): Appointment overviews

هەموو ژوانەکان بەکات و بەشوێنەوە بەپێی مانگ یا هەفتە ڕێک دەخرێن. دەکرێ پوختەی ژوانەکان بەپێی تایبەتمەندی بپۆلێندرێ. بۆ نموونە:

سیاسی: دانیشتنەکانی پەرلەمان، پێشوازیکردن لە میوانەکانی دەوڵەت، ئاهەنگەکانی کردنەوە، وەکارخستن و... هتد.

کولتووری: شانۆ و نواندن، کردنەوەی پێشانگەکان و... هتد.

وەرزش: نەخشەی یارییەکان و... هتد.

مێژووی ژیاننامە (بیۆگرافی): Biographies

ئاژانسی هەواڵ لە هەندێک بۆنەدا بیۆگرافی دەوەشێنێ، کە دەکرێ وەکو کەرەسەی پشتینە بۆ نووسینی هەواڵ کەڵکی لێ وەربگیردرێ، یاخۆ دەتواندرێ سەربەخۆ و بەتێروتەسەلی بڵاو بکرێتەوە. بۆنەکانی بڵاوکردنەوەی بیۆگرافی جۆراوجۆرن. ئاژانسی دەنگوباسی بەدەربەست ئەو جۆرە بیۆگرافییانە، بۆ نموونە بیۆگرافیی کەسانی ناسراو، ئامادە دەکا و لە ئەرشیڤدا دەیپارێزێ بۆ ئەوەی لە بۆنە تازەکاندا بەئاسانی دەستی پێ بگات و بڵاوی بکاتەوە.

کرۆنۆلۆجی (ڕیزبەندی بەپێی کات): chronology

یەکێک لە خزمەتگوزارییە باوەکانی ئاژانسی دەنگوباس، کە خۆی لە قەرەی شێوازی نووسینی هەواڵی تازە نادات، کۆکردنەوەی دۆکۆمێنتە لەبارەی بابەتی جۆراوجۆری بارگاویکراو بەپشتینەی تازە.

کەرەسەی فەرهەنگی: Lexical material

– ئامادەکردنی پوختەیەک لەبارەی حکوومەتەکانی گرینگترین دەوڵەتانی دراوسێ بەناوی دروست و تەواوی وەزیرەکان و تایبەتمەندیی هەریەکەیان.

– ئامادەکردنی پوختەیەک لەبارەی گرینگترین یانە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لەگەڵ لیستی ناوی سەرۆک و لێپرسراوان و ئەرکی هەریەکەیان.

ئەم جۆرە خشتانە ناو و ناونیشان و کۆمەڵێک زانیاریی ئەوتۆ لەخۆ دەگرن، کە نەک هەر بەکەڵکی کڕیاران دێت، بگرە ئاژانس خۆیشی سوودی لێ دەبینێ.

**٩ – بەدواداچوون – ماف و یاساکان**: Search - Surely and rights

بەدواداچوون: بریتییە لە بەدواداگەڕان و لێکۆڵینەوەی زانیاری لەبارەی ڕووداو و هەڵکەوتەکانەوە، پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکی دیاریکراو، یان ڕەتکردنەوەی بانگەشەیەکی هەڵە، یان تەواوکردن و گۆڕینی زانیارییەکی دیاریکراو.

بەدواداچوون لێکۆڵینەوەیەکی بارگرانی زانیارییە بۆ هەواڵی ئێکسپایەر نەبوو و هەروەها پشکنینی زانیاریی نێردراو یاخۆ زانیاریی سەرچاوە ناڕوونە بەر لە وەشاندنی هەواڵ. ئەمەریکاییەکان قسەیەکیان هەیە دەڵێ:

When your mother says she loves you: check it out!

کاتێک دایکت پێت دەڵێت کە ئەو تۆی خۆش دەوێت ئەوا لێی بکۆڵەوە و لە ڕاستییەکەی بکۆڵەوە!.

لە بەدواداچووندا سیستەمی جۆراوجۆری سەرچاوە بەکار دەهێندرێ:

بەدواداچوونی کەرەسەیی: دۆکۆمێنتی ئۆرجیناڵ، بڵاوکراوەکان، ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەوانی؛

بەدواداچوون لە شوێنی ڕووداو: بۆچوونی خوتی خۆت، لێدوانی بەرکەوتووان یاخۆ بەشداران، لێدوانی سیاسەتوانان و بڕیاربەدەستان لە ڕێی ئەنجامدانی دیدار یان پشتڕاستکردنەوەوە؛

بەدواداچوون لە ئینتەرنێتدا: زانیارییەکان بەپێی سەرچاوە جیا دەکرێنەوە و هەڵدەسەنگێندرێن؛

بەدواداچوونی پەردە لەسەر هەڵدانەوە Investigative: لێکۆڵینەوە لەو زانیاریانەی کە بەمەبەستەوە لە جەماوەر دەشاردرێنەوە و دەتواندرێ هەواڵی ڕەخنەیی زۆر پاوەندایان لێ دروست بکرێ.

بەدواداچوونی کڕدراو: ئەو زانیاریانەی کە تەنیا بەرامبەر بەبەخشینی پارە پەیدا دەبن و بەزۆری لای سەرچاوە باڵا و شاراوەکان دەست دەکەون.

لە پاڵ شەش پرسیارە گرینگەکەدا (کێ، چی، لە کوێ، کەی، چۆن، بۆچی)، پرسیاری حەوتەم: (لە کوێوە)، بەشێکە لە ستانداری ڕۆژنامەوانیی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباس. کاتێک ڕۆژنامەنووسێک ڕاپۆرت لەبارەی ئەو شتانەوە دەدا کە خۆی دەیانبینێ، (بۆ نموونە: وەکو بینەری ڕووداوێک)، پێویستە ناوی سەرچاوە بهێندرێ. گرینگیی بابەت و وردبینی لە دەربڕیندا و شەفافیی سەرچاوە لە گرینگترین خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژنامەنووسیی پیشەیی هەواڵن. گرینگیی ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی هەواڵ کاتێک دەردەکەوێ، کە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک بەدواداچوونی یاسایی لێ بکەوێتەوە، بۆ نموونە باسکردن لە تاوان لە ڕووداوێکی هاتوچۆ یان لە سزاداندا.

بەشێوەیەکی گشتی، لە کاتێکدا ئەگەر کەسانێکی مۆڵەت پێدراو بەناوی دەزگایەک یان

ڕێکخراوێکەوە بدوێن – بۆیان هەبێ بدوێن، ئاژانسی دەنگوباس دەتوانێ ناوی سەرچاوە لای خۆی بهێڵێتەوە و ئاماژەی بۆ نەکات. بۆ نموونە: "پۆلیس ڕای گەیاند، کە..."، "سەرۆک وەزیران ڕوونی کردەوە، کە..."، "بەپێی زانیارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان..."، "وتەبێژێکی کۆمپانیای... لێدوانی زیاتری دا و...".

لە کاری ڕۆژنامەوانیی هەواڵدا تەنیا بەمەرجێک ڕێ بەشاردنەوەی سەرچاوە دەدرێ، کە ڕۆژنامەنووس بەمەرجی ناونەهێنانی کەس – لایەنی زانیاریدەر لە هەواڵدا، زانیاریی وەرگرتبێ. ڕۆژنامەنووس بەهەر شێوەیەک بووە پێویستە پارێزگاری لە پرەنسیپی "پاراستنی زانیاری In-formant's protection" مسۆگەر بکا و بۆی نییە ڕێ بدا کەسی سێیەم بخرێتە ژێر پاڵەپەستۆوە. لەم حاڵەتانەدا، هەواڵەکان بەم سەرەتا گونجاوانە دەست پێ دەکەن: "زانراوە، کە..."، "وا بڕوا دەکرێ، کە..."، "پێ دەچێ، کە..."، "بەپشتبەستن بەسەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو..."

مۆڵەت بەوەشاندنی زانیارییەکیش نادرێ، کە بەئاشکرا بۆ ئەوە درابێ کە ڕۆژنامەنووسی هەواڵ پشتینە و هۆکارەکانی ڕووداوی پێ ڕوون بکاتەوە و دەکرێ بۆ ئامادەکردنی هەواڵ بەسوود بێت. لە ڕووی یاساییشەوە نابێت وەشاندنی زانیارییەکی نهێنی لە دژی ڕۆژنامەنووس بەکار بهێندرێ، بەڵام ڕۆژنامەنووس کۆمەڵێک سەرچاوەی گرینگ لە دەست دەدا ئەگەر بێتو پاراستنی نهێنیی بەهەند وەرنەگرێت.

کەس و ناو گرینگترین پێکهاتەکانی ناو هەواڵن. ئەگەر هیچ مەترسییەکی یاسایی و ئەتیکیی پیشەیی لە ئارادا نەبێ، ئەوا ناوی کەس بەتەواوی "بەناوی یەکەم و پاشناو" و پۆست و پلەوە لە هەواڵدا دەهێندرێ. ئەم بنەمایە بەر لە هەموو شتێک بەسەر کەسانی ناو ڕووداوەکانی پێوەست بەکات Time historyدا دەچەسپێ. وەک پرەنسیپ هیچ هۆکارێک لە ئارادا نییە بۆ ناونەهێنانی ئەو کەسانە. زۆر جاران "کەس" ئارەزوو ناکا ناوی بهێندرێ و ڕای گشتیش تامەزرۆی زانینی زیاترە. پێویستە ئاژانسی هەواڵ جۆرە هاوسەنگییەک لەو نێوانەدا بدۆزێتەوە. بۆ نموونە: لە هەواڵدا ئاماژە بۆ ناوی تاوانباران و گومان لێکراوانی لاوان ناکرێ. خۆ ئەگەر تاوانبار و گومان لێکراوان کەسانی بەتەمەن گەورە بن، ئەوا بەمەرجێک ناویان لە هەواڵدا دەهێنرێ، کە ناوهێنانیان سوود بەڕوونکردنەوەی تاوانەکە بگەیەنێ.

گرفتی یاسایی لە بەدواداچووندا: Juridical problems in the search

بەدواداچوون لە چوارچێوەی ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا، لە بنەڕەتدا چالاکییەکی پیشەیی و ئازادیی ڕۆژنامەنووسانە. بەدواداچوون کاتێک سنوور لە بەردەم خۆیدا دەبینێتەوە، کە کاریگەریی بۆ سەر بنەمایەکی یاسایی تر هەبێت یان سنوورداری بکا، بەتایبەتیش لە حاڵەتێکدا، کە "پاراستنی کەسایەتی Protection of the personality"ی تاکەکان سنووردار بکرێ. پاراستنی کەسایەتی لە حاڵەتی "پاراستنی منداڵان و لاوان"دا دەبێت بەبناخەیەکی یاسایی ئەوتۆ، کە تەنگ

بەئازادیی زانیاریدان هەڵدەچنێ.

بەڵام ئەم سنوورانە بەواتای بەیەکجاری دەست هەڵگرتن لە بەدواداچوون نایەت، چونکە نابێ ڕێ بدرێ یاساکانی پاراستنی منداڵان و لاوان و پاراستنی کەسایەتیی وەکو سانسۆر بەسەر کاری ڕۆژنامەوانییەوە بەکار بهێندرێ. لە دەوڵەتی یاسا و خاوەن سیستەمی دیموکراتیدا کۆنترۆڵکردنی بەدواداچوونی زانیارییەکان کارێکی پێشبینی نەکراوە، چونکە کۆنترۆڵکردنی زانیارییەک، کە هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە، کاری لە کردن نەهاتووە.

ڕاگرتنی هاوسەنگیی ئازادیی زانیاریی گواستنەوە و ئازادییە بنەڕەتییەکانی تر کاتێک سەردەگرێ، کە ڕۆژنامەنووس ئەنجامی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. بۆ ئەوەی مەرجەکانی کاری ڕۆژنامەنووسان بکەونە چوارچێوەی یاساییەوە، پێویستە ئەو بەندانەی یاساکانی مەدەنی و سزادان، کە پێوەندییان بە بەدواداچوونەوە هەیە، لە بەرچاو بگیرێ. سنووردارکردن لە بەدواداچووندا کاتێک سەر هەڵدەدات، کە گەیشتن بەهەندێک سەرچاوەی دیاریکراو قەدەغە بێت. بەم جۆرە ڕێ بەڕۆژنامەنووس نادرێ لووت بژەنێتە ژیانی تایبەتی کەسانی ترەوە، بۆ نموونە: ڕۆژنامەنووس بێ مۆڵەت بۆی نییە بچێتە ماڵی کەسانی گومان لێکراوەوە و دەست بەسەر کاغەز و بەڵگەنامەکانیاندا بگرێ، یاخۆ بێ پرس و مۆڵەت هۆکارە تایبەتەکانی پێوەندیکردنی کەسانی تر بەکار بهێنێ. لەو حاڵەوە کە ژیانی تایبەت دەست پێ دەکات، بەتایبەتیش لەو حاڵەوە کە بەشی هەستیاری ژیانی مرۆڤی لێوە دەست پێ دەکات، مافی ڕۆژنامەنووسان کۆتاییی پێ دێت. دەرگەی ماڵان و ژوورەکانی نووستن بۆ ڕۆژنامەنووسان قەدەغەن، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە خاوەن ماڵ – کەسانی تووشبوو خۆیان بۆ ڕۆژنامەنووسان بیانخەنە سەرپشت.

لە ڕاستیدا، لە وڵاتانی دیموکراتیدا یاسایەکی یەکگرتوو نییە، کە بتوانێ لە کاتی نووسینەوەی هەواڵدا هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی کەسایەتی و مافی جەماوەر لە زانیاری وەرگرتندا ڕابگرێ. لە هەندێک دۆخی وەک خۆپێشاندانی توندوتیژدا کە زۆرجاران بارەگەی دەزگاکان و باڵەخانەکانی تێدا داگیر دەکرێ، جیاوازی لە یاساکاندا هەیە. لە دۆخێکی لەو جۆرەدا، ڕای گشتی چاوەڕێ دەکات ڕاپۆرت لەبارەی باڵەخانە دەست بەسەرداگیراوەکانیشەوە بوەشێندرێ. لێرەدا پێویستە ڕۆژنامەنووسان حیسابی ئەوە بکەن، کە ئەگەر بێ مۆڵەت بچنە باڵەخانە یان ڕووبەرێکەوە، ئەوا خۆیان لە بەردەم لێپرسینەوەی یاساییدا دەبیننەوە.

چوونە ناو پرۆسەکانی دادگەییکردنیش یەکێکە لەو دۆخانەی کە چەند ڕێسایەک بۆ سنووردارکردنی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانیاری لەگەڵ خۆیدا دێنێ یان (بۆی هەیە بیهێنێ). بەتەنیا چوونە ژوورەوەی دادگە بەواتای بەخشینی مافی بەشداریکردن نییە لە پرۆسەکەدا، بگرە تەنیا دادەوەرە کە دەتوانێ فەرمانی ئیداریی گونجاو لەگەڵ ڕەوتی پرۆسەی دادگەییکردنەکەدا دەربکا. ئەگەر گەواهیدەران بخوازن دوور لە چاوی ڕای گشتی بۆ دادگە بدوێن، ئەوا پێویستە

ڕۆژنامـەنووسـان هـۆڵی دادگە بەجێ بهێڵن. هەروەها لەوانەیە وێنەگرتن و فیلم لەبەرگرتنەوە و دەنگ تۆمـارکردنیش قەدەغە بکرێت. هـەمان کات پێویسـتە دادگەکانیش لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوەخۆیی کاری خۆیاندا و ئەوەندەی یاساکان ڕێ دەدەن، کار بکەن بۆ بەمسۆگەری هێشتنەوەی ئازادیی گواستنەوەی زانیاری.

بەپێی یاسای سزای ئەڵمانیایی، کەس بۆی نییە هەوڵ بدات بە بەکارهێنانی ئامێری تەکنیکی و بەشێوازی گوێگرتنی نهێنی لێدوانگەلێک کۆ بکاتەوە، کە بەلای جەماوەرەوە جێگەی متمانە نییە. لە ئەڵمانیا دەستەواژەی "هێرشی گوێگرتنی نهێنی" بۆ ئەم دۆخە بەکار دەهێندرێ و بێگومان ئەم شێوازەی زانیاری کۆکردنەوە و بەدواداچوون لە ڕۆژنامـەنووسـان قەدەغە کراوە. لە هێرشـەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بەدواوە، دیموکراتەکـان بەردەوام دەکـەونە هەڵوێسـتی ناجـۆرەوە، چونکە پەیڕەوکردنی شێوازەکانی هێرشی گوێگرتنی نهێنی، یان چاودێریکردنی ئینتەرنێت، بووەتە هۆی بەهێزبوونی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر هاووڵاتییانی ئازادی خۆیەوە. "هێرشی گوێگرتنی نهێنی"ی قەدەغەکراو لە ڕۆژنامـەنووسـان، ئێستا تا دێ زیاتر لە دژی ڕۆژنامـەنووسـان خۆیان کەڵکی لێ وەردەگیرێ. "ئازادیی لێکۆڵینەوەی زانیاری" دەکەوێتە بەر هەڕەشـە، ئەگەر ڕۆژنامەنووسـان لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا پەیڕەوی بکەن.

سنوور بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و دیمەنە فیلمی مۆڵەت پێدراوی کەسـان دانـاندرێ، بەتایبـەتیش ئەگەر کەسـانی ناو وێنە و فیلمەکان بەشێوەیەکی مادی ناسراو بن. لە ڕاستیدا لەم دۆخەشدا هەڵاوێرد هەیە. ئەگەر کەس لە وێنەیەکدا بەشێک بێت لە کۆی کۆمەڵێک کەسانی تر لە هەمان وێنەدا، بۆ نموونە وەکو لە وێنەی خۆپێشاندانەکان و جەژن و بۆنەکاندا، ئەوا ئەو کەسە بۆی نییە ڕەخنە لە بڵاوکردنەوەی وێنەکەی بگرێ.

دیسـان لە کـاری بەکـردەوەدا کەسـانی ناسراوی ناو کـۆمـەڵگە و "کـەسـانی ناو ڕووداوەکـانی پێوەست بەکات" لێرەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن. ئەوان تەنیا بەشێوەیەکی مەرجدار دەتوانن بڕیار بدەن چییـان لەبارەوە دەوەشـێندرێ. لێرەدا ڕێسـایەک هەیە، کە دەڵێ: ئەو کەسـانە تا زیاتر بۆ جەماوەر واتادار بن، هێندە کەمتر دەتوانن وەشاندنی هەواڵی وێنەیی لەبارەی دەرکەوتنی خۆیان لەناو جەماوەردا سنووردار بکەن. بەڵام ئەوانیش وەکو هەمـوو کەسێکی تر بەتەواوی مافی ئەوەیان هەیە ڕۆژنامەنووسان پارێزگاری لە ژیانی تایبەتییان بکەن.

لە هەندێک دۆخدا و لەمیانەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچووندا داوا لە ڕۆژنامـەنووس دەکرێ بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامی بەدواداچوونەکەی، مۆڵەت لە کەسی مەبەست – گـفـتوگـۆ لەگەڵداکراو وەربگرێ. زۆربەی کەسـانیش تەنیا بەو مەرجە ئامادەن وەڵامی پرسـیارەکانی ڕۆژنامـەنووسـان بدەنەوە، بـەڵام لە ڕاسـتیدا هیچ دەقێکی یاسـایی لە ئارادا نییـە، کە مـاف بەکـەسی گـفـتوگـۆ لەگەڵداکراو بدا لە ئاکامدا ئەنجامی بەدواداچوونەکانی ڕۆژنامەنووس کۆنترۆڵ بکا. ئەگەر کەسی مـەبـەست ڕازی بوو بـەوەی ڕۆژنامــەنووس بـەنیـازی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دیداری لەگـەڵدا

ئەنجام بدا، ئەوا ئیدی لەسەر ڕۆژنامەنووس خۆی دەمێنێتەوە، کە کەرەسەی بەدەستهاتوو چۆن هەڵدەسەنگێنێ. لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا خراپ نابێت ئەگەر منەی دڵنیایی زیاتر بکرێ، بەڵام لێرەدا ڕێسایەک هەیە: ئەگەر کەسی مەبەست زانیاریی پێویستی خستبێتە بەردەستی ڕۆژنامەنووس، ئەوا ڕەزامەندییش دەردەبڕێ بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس ناوەڕۆکی دیدارەکە – دەنگ، وێنە یان دیمەن (فیلم) – هەڵبەسەنگێنێ. بەگشتیش وا باشە ڕۆژنامەنووس و کەسی مەبەست پێشوەخت لەبارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی کەرەسەی بەدەستهاتوو لە ئەنجامی دیدارەوە، ڕێک بکەون. وەرگرتنی ڕەزامەندیی کەسی مەبەست، بەتایبەتیش لە حاڵەتێکدا ئەگەر بابەتەکە ئاڵۆز بێت، سوودی زۆری هەیە، چونکە کەسی گفتوگۆ لەگەڵداکراو، لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان، بەهیچ جۆرێک ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە لێدوانی ناڕاست لە زمانی ئەوەوە گوازراوەتەوە.

پاراستنی کەسی زانیاریدەر و مافی نەدانی زانیاری: Informan’s protection and…

پێویستە ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەی هەموو جۆرە زانیارییەکی بەشێوەیەکی یاسایی وەرگیراو بپارێزن، ئەگەر هاتوو کەسی زانیاریدەر لە ترسی ئەوەی نەبادا زیانی پێ بگات، نەخوازێت لە هەواڵدا ئاماژە بۆ ناوی بکرێ. کەسی زانیاریدەر مافی ئەوەی هەیە لەمەڕ ئەو زانیارییانەی بەڕۆژنامەنووسی داوە، لای کەسی تر ناوی نەهێندرێ و ئاشکرا نەکرێ. هەروەها مافی ئەوەیشی هەیە ناوی نەخرێتە بەردەم پۆلیس یان داوودەزگاکانی تری دەوڵەت. ڕێسای پاراستنی کەسی زانیاریدەر کاتێک لە ڕووی یاساییەوە کاری پێ دەکرێ، کە ڕۆژنامەنووس ناوی سەرچاوەکەی، واتا ناوی کەسی زانیاریدەر بزانێ و بۆی هەبێ، بێ ئەوەی ئاکامی یاسایی نەرێنی بۆ خۆی هەبێ، ناوی سەرچاوە بشارێتەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە ڕۆژنامەنووس ناوی کەسی زانیاریدەر نەهێنێ. ئەم مافی زانیاری نەدرکاندنەی ڕۆژنامەنووسان یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە گرینگەکانی دەوڵەتی یاسا لە سیستەمی دیموکراسیدا و بنەمای لێپرسراویەتیی پیشەییە لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا.

سنووردانان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە بەرەنجامی مافە بەیاسا پارێزراوەکانی تردا مافی ئەوە دەسەپێنێ، کە زانیاری بەمیدیاکان بدرێ و ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵیار و سەرقاڵی بەدواداچوون لە زانیاری بێ بەش نەکرێ. ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانی سەر بەکۆمەڵگەی دیموکراتی، لە زانیاری وەرگرتندا بریکاری هاووڵاتییان و جەماوەری خۆیانن، بەتایبەتیش لە بەرامبەر دەوڵەت و ئۆرگانە گشتییە دەسەڵاتدارەکانی سەر بەدەوڵەت. دامەزراوە گشتییەکان پێویستە لەسەریان لە کۆکردنەوە و کامڵکردنی زانیاریدا پشتیوانی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەن. بەواتایەکی تر، دامەزراوە گشتییەکان هەردەم لە بەرامبەر جەماوەردا قەرزدارن و ئاژانسی دەنگوباس وەکو بریکاری جەماوەر، بەشێوەیەکی چالاک و بەردەوام بەدوای وەرگرتنەوەی قەرزەکانی جەماوەرەوەیە. دەزگا و دامەزراوە گشتییەکان بەشی تایبەت بە"ئەرکی زانیاریدان"یان هەیە و بەشێوەیەکی گشتیش، بەشی چاپەمەنی و وتەبێژی ڕاگەیاندنیان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی داوودەزگاکان مەیلیان لەوەیە هەر زانیارییەک، کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێ، بیشارنەوە و دڵخوازانە ئاشکرای نەکەن. ئەرکی زانیاریدانی داوودەزگاکانی دەوڵەت و داخوازیی ڕۆژنامەنووسان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، زۆرجاران بەشێوەی جیاواز لێک دەدرێتەوە و بارگرژییەکی نادیاری لێ دەکەوێتەوە. بەر لە هەموو شتێک، پێویستە ئاژانسی دەنگوباس لە ڕێی کاری پیشەیی و بابەتییانەی ڕۆژنامەنووسانەوە تا ئەوپەڕی سنوور کەڵک لە ئەرکی زانیاریدان وەربگرێ. بۆیە باشتر وایە ڕۆژنامەنووسان بتوانن لای داوودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت ناسنامەی خۆیان بسەلمێنن (ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی). پێویستە زانیاریی گۆڕینەوەی نێوان داوودەزگاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بەرزترین ئاستی پیشەییدا و بەر لە هەموو شتێک لەمیانەی ئاژانسی دەنگوباسەوە مسۆگەر بکرێ.

هەندێ جار داوودەزگاکانی دەوڵەت لە ڕوانگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەوە زانیاری ناخەنە بەردەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. تەنیا دوو هۆ هەیە بۆ ئەوەی داوودەزگاکانی دەوڵەت مافی جەماوەر بۆ وەرگرتنی زانیاری بخەنە لاوە و زانیاری بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن نەدەن: هۆی یەکەم؛ کاتێک زانیاریدان زیانی بۆ ئاسایشی دەوڵەت هەبێ. هۆی دووەم؛ کاتێک زانیاریدان ببێتە هۆی پێشێلکردنی مافی پاراستنی بەیاناتی تاک. لە چوارچێوەی پاراستنی بەیاناتی تاکدا بەهیچ جۆرێک زانیاری لەبارەی تاکەوە بڵاو ناکرێتەوە، تەنیا مەگەر بەرەزامەندیی نووسراوی تاک خۆی مەبەست نەبێت. کەواتە پاراستنی بەیاناتی تاک بەهێزترین ئامێرە بەدەستی داوودەزگاکانی دەوڵەتەوە بۆ خۆدزینەوە لە دانی زانیاری بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن. ڕاستییەکەی، ئەم سنووردانانە ڕاستەوخۆ کەسانی جێگەی مەبەست دەگرێتەوە، نەک ئەو دەزگایەی کە پێویستە زانیاریی لەبارەیەوە ڕابگەیەنرێ. بەگشتی لەم دۆخانەدا پەنا بۆ بەکارهێنانی وەسف و پیتی یەکەمی ناو دەبرێ و کەسانی جێگەی مەبەست ئاشکرا ناکرێن. بەڵام سەرباری ناونەهێنانی کەسانی جێگەی مەبەستیش، دەکرێ لە ڕێی ناوەڕۆکی هەواڵەکە و پلە و پایەی لێپرسراوان و کارمەندانی داوودەزگای هەواڵ لەبارە نووسراوەوە، پەی بەناوی کەسانی جێگەی مەبەست ببردرێ. سەرۆکی شارەوانی، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی ئەنستیتوی ژینگە یاخۆ سەرۆکی ئۆفیسی کار بەلای جەماوەرەوە کەسانی ناسراون. لە حاڵەتی ئامادەکردنی هەواڵ لەبارەی ئەو جۆرە کەسایەتییانەوە، داوودەزگاکانی دەوڵەت بۆیان نییە بەبیانووی پاراستنی بەیاناتی تاکەوە خۆیان لە دانی زانیاری بدزنەوە.

ئەم گەمەیەی داوودەزگاکانی دەوڵەت، کە لە نێوان مەرجی زانیاریدان و پاراستنی بەیاناتی تاکدا دەیکەن، بەزۆری پەشێوی و ئاڵۆزیی لێ دەکەوێتەوە. لە ڕەوشێکی وادا ئەرکی ڕۆژنامەنووسان لە بەدەستهێنانی زانیاری بۆ جەماوەر و پاراستنی کولتووری دیموکراسییانەی زانیاریدان و گەیشتن بەشەفافیەتی سیاسی لە هەموو ئاستەکاندا، گرانتر دەکا.

**١٠ – ئاژانسی دەنگوباس و کڕیارەکانی:** (The news agency and her customers)

ئاژانسـەکـانی دەنگوبـاس پێگەیەکی دیاریان لە بازاڕی هـەواڵدا هەیە. پاراسـتنی ئەم پێگەیە پێوەستە بەچاودێریکردنی چۆنیـەتیی ئەو مـادە خـاوەی کە ئاژانس بۆ کڕیارەکانی خۆی دەنێرێ. هەڵسـوکـەوت لەگـەڵ هەواڵدا جـۆرێکە لە بـازرگـانیکردن. بەهێـزترین فـرۆشـیـار لـە بازاڕدا ئەو فرۆشیارەیە کە کڕیاران بەدوای بەرهـەمـەکانی دەگـەڕێن. کڕیاری ئاژانس پێویستـە باوەڕی وابێت کـە ئەو هـەواڵانەی دەیانکڕێ، بەهـایەکی بەرزیان هـەیە و لـە بەکـارهـێـنـانیـانـدا سـوودیان لێ وەردەگرێ. پێویستە ئاژانسی دەنگوباس سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی هـەمیشـەییی کڕیار بێ و لە ڕووی ئابوورییەوە دەستکەوتی بۆ دەستەبەر بکا.

ڕۆژنامـەنووسانی ئاژانس، بـۆ ئەوەی بتوانن پێگەی ئـاژانسەکەیان لە بازاڕدا ڕابگرن، پێویستـە لە ئاسـتی زانینی خـواست و ئارەزووی فـرەلایەنی و پێداویسـتـییـەکـانی کڕیاراندا بن. پێویسـتـە بەجۆرێک کار بکەن، کە هەرگـاف داخـوازیی زیاتریـان ڕووبەڕوو بکرێتـەوە و لەو ڕێـیـەوە بەردەوام کڕیـارەکان بەئاژانسـەوە گرێ بدەن. مـادەی خـاوی هـەواڵ بەلای دەزگاکانی ڕاگـەیاندنەوە واتایەکی جیاوازی هـەیە وەک بەلای ناوەندە ئابووری و داوودەزگاکانی دەوڵەت و ئۆرگـانەکانی حکوومـەتەوە. شـێـوازی کـاری ئامـادەکـردنی فـایل و ڕاپۆرتـی درێژ جـیـاوازە لە کـۆکـردنـەوە و ئامـادەکـردن و وەشـانـدنی زانیـاری و هـەواڵ لـەلایەن ئەو دەزگایانـەی ڕاگەیاندنـەوە، کە ڕۆژانە هەواڵ و زانیـاریی تازە بڵاو دەکەنەوە. دەزگای تەلەڤزیۆن چاوەڕێ دەکا لە ئاژانسەوە چەپکێک هـەواڵی جیاواز لەوەی پێ بگـات کـە بۆ ڕادیۆ یان بـۆ ڕۆژنامـە ئامـادە کـراوە. لەنـاو دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندندا ژمـارەیەک بیـرۆکـەی جـیـاواز هەیە بۆ مـامـەڵەکـردن لـەگـەڵ تـازەییـدا. ڕۆژنامـەکـانی بولڤـوار چاوەڕێی بەسەرهـاتگەلێکی جیاواز لەو بەسـەرهـاتانە دەکەن، کـە ڕۆژنامەیەکی سیـاسیی توێژی سـەردەستی وڵاتێک چاوەڕێی دەکا.

ڕۆژنامـەنووسـانی ئاژانسی دەنگوباس خـۆیان خاوەنـی ئاژانس نین، بەڵام لەمـیانەی کـاری ورد و پیـشـەییـیـانەی خـۆیانەوە هـەمـوو کـات پێگەی ئاژانسـەکـەیان لە بـازاڕی هەواڵدا بەرز ڕادەگـرن. دەستپاکی و بەوردی دەسـتنیشـانکردنی بەیاناتی سـەرچاوە و بەدەسـتوبردی، گرینگترین مـارکەی ڕۆژنامـەوانیی هـەواڵن. وتەیەکی ئینگلیزی هـەیە لـەو بارەیەوە دەڵێ: -Get it first, but get it right!- کڕیارانی ئاژانسی دەنگوباس، بەشێوەیەکی گشتی ناتوانن جارێکی تر بـەو هـەواڵانەدا بچنەوە کە لە ئاژانسـەوە پێیـان دەگـات. ئەوان پێـویسـتــە بتـوانن پشت بەناوەڕۆکی هـەواڵەکـان ببـەسـتن. هـەواڵەکانی ئاژانسی دەنگوباس، لـە ڕووی یاساییـەوە هـەمـان بەهای ئەو زانیـاری و لێدوانانەیان هـەیە، کە داوودەزگـاکانی دەوڵەت دەیانـدان. بۆیە پێویسـتـە ئاژانسی دەنگوبـاس لە نزیکەوە لەگـەڵ کڕیارەکانیدا کـار بکا. بەو جـۆرە، ئەگـەر دەزگایـەکی ڕاگەیاندن گـومـانی لە ناوەڕۆکی هـەواڵێک هـەبێ، ئەوا دەتوانێ لە ڕێی پێوەندیی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ئاژانسدا بەدوای چارەسـەردا بگەڕێ.

هێـشـتـا لە زۆر وڵاتان گازندەی ئەوە دەکرێ کـە لێک نەگەیشـتنی زۆر لە نێـوان ڕۆژنامەنووسـانی

ئاژانسەکانی دەنگوباس و هاوڕێکانیدا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەیە. جاری وا هەیە ڕۆژنامەنووسانی ئاژانس زانیاریی پێویستیان لەبارەی بیرۆکە و چۆنیەتیی کاری کڕیارەکانەوە نییە. بەپێچەوانەیشەوە، ئاژانسەکانی دەنگوباس هەندێک لە کڕیارەکان بەشێواندنی هەواڵەکانی خۆیان تاوانبار دەکەن.

ژمارە هەواڵ و ڕاپۆرتی بەرهەمهێنراو لە ڕۆژدا، سەردەمانێکی درێژ پێوەر بوو بۆ کاری ئاژانسەکان. بێگومان ئاژانسە گەورەکان، ئەگەر بەدوای ڕووداوە تازەکانی جیهانەوە بن، دەتوانن ڕۆژانە بەسەدان هەواڵ و ڕاپۆرت بخەنە بازاڕی هەواڵەوە. بەڵام لە ڕۆژگاری بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، گۆڕانکاری بەسەر ئەم بنەمایەشدا هاتووە. نووسەری ئیتاڵیایی ئومبێرتۆ ئێکۆ، لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٤ لە یادی پەنجا ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فرەنساییدا دەڵێ «مەیلی ئاژانسەکانی دەنگوباس بۆ گەیاندنی زانیاریی تازە، ڕاستەوخۆ دەبێ بەهۆی نەزانین». ئەگەر لە سەعاتێکدا ١٠٠ هەواڵ بگاتە سەر مێزی بەشی دەرەوەی ئاژانسێکی دەنگوباس، ئەوا لەم ڕۆژگارەدا هیچ ئاژانسێکی دەنگوباس خۆی ناخاتە بەر لێپرسراویی پێویستیی وەشاندنی هەر ١٠٠ هەواڵەکە. پێویستە چۆنایەتیی هەواڵەکان بخرێتە پێش ژمارەی هەواڵی بەرهەمهێنراوەوە.

ڕۆژنامەوانیی هەواڵ کارێکی بەردەوام و بێ ڕاوەستانە، بەڵام دەستەی نووسیاران کارەکان بەپێی کاتەکانی ڕۆژ دابەش دەکا. بۆ نموونە، بەشەوان دەتواندرێ فایل و ڕاپۆرتی درێژ ئامادە بکرێ. بەشەوان دەکرێ هەواڵی تازە تەنیا بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان بنێردرێ. سەعات حەوتی بەیانی کاتی زێڕینە بۆ ڕادیۆ و دوای کەمێکیش کاتی نانی بەیانی دێتە پێشەوە. پێشنیوەڕۆیان دەکرێ ڕیپۆرتاج و هەروەها ڕاپۆرتی تایبەت بۆ ناوەندە ئابوورییەکان یان بۆ لاپەڕە هەمەڕەنگەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکان بەرهەم بهێندرێ. لە دوای نیوەڕۆشەوە دەست دەکرێ بەئامادەکردن و وەشاندنی هەواڵ و زانیاری لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆژەوە. تەلەڤزیۆنەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا پێویستییان بەدیمەن هەیە و ڕادیۆکانیش بەدەنگی تۆمارکراو. بەواتایەکی تر، ئاژانسی دەنگوباس پێویستە کاری خۆی بەپێی داخوازی کڕیارەکان جۆر بکات.

بودجەی ئاژانسی چاپەمەنیی ئەڵمانیا dpa لە ساڵێکدا نزیکەی ١٥٠ ملیۆن یۆرۆیە. بەتەنیا دەزگایەکی ڕاگەیاندنیش ناتوانێ خۆی بخاتە ژێر باری ئەم مەسرەفە زۆرەوە. کولتووری زانیاری و هێزی زانیاریدەری سەرجەم سیستەمی ڕاگەیاندنی وڵاتێک بەندە بەڕێژەی بەرهەمی ئاژانسەکانی دەنگوباسەوە.

دۆرتموند، ئەڵمانیا 2008/2007

# کورد و ئاینی بەهایی

بەهیە فەرەجولا زەکیی مەریوانی

"ئەگەر سەد ساڵیش زیندانیم بکەیت
هێشتا هەر هیوای بەتۆ گەیشتن نادۆڕێنم."
(مەم و زین)[١]

مێژوومان ڕەنگدەرەوەی ڕوونی سروشتی گەلەکەمانە. وا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی دێرینەوە کوردان لایەنگریی بایەخە ڕۆحانییەکانیان کردبێ. تەنانەت ئەمڕۆش لە کولتووری کورددا هەندێک بایەخی دیاریکراو دەبینین کە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی دوور و سەردەمی ئەو ئاینە سەرەتاییانەی وا لەمێژە فەوتاون. گەلەکەمان وەک ئەمانەتدارێک بەمتمانەوە ڕێبازی پەرەسەندنی ڕۆحییان، هەر لە سەرەتای سەردەمی تۆمارکرانیەوە، پاراستووە. تەنانەت ئەگەر مێژووی ژیانی ڕۆحانیی مرۆڤ لە کۆنەوە شوێنی هەڵبگیرێت، کورد گەیشتوونەتە ئاینی داهاتووش. بۆ نموونە، کولتووری گەلەکەمان برەوی پێ دەری هەستی نزیکایەتی لە ئامۆژگارییەکانی بەهاییە. بەشێکی ئەم نزیکایەتییە بەهۆی پەروەردەیەکی کراوەوەیە، کە لە چەندان پشت و نەوەوە ماوەتەوە، لەبەرئەوەی لە کوردستان چەند بزووتنەوەی ئاینی لە دۆخێکی سنگ فراوانیدا پێکەوە ژیاون. ڕێبەری ناودار (سوڵتان سەهاک) ئەم قسانەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر ڕاستییەکەی زیاتر دەردەکەوێ: "ئەگەر پارێزگاری ئاینەکەی خۆت بیت، دەستدرێژی ناکەیتە سەر ئاینی تر."[٢] سنگ فراوانییەکی وا سەبارەت بە ئاین و گەلانی تر، لە پێوەندیی گەلێک نزیکدایە لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی بەهایی، لەبەرئەوەی ئاینی بەهایی هەموو ئاین و نەتەوەیەک بەیەک چاو

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئەنوەر سوڵتانی

سەیر دەکا. هەروەها، مێژووی دوور و درێژی گەڕانی سەربەخۆیانەی کورد بە شوێن ڕاستیدا لەگەڵ ئامۆژگارییەکی بەهاییاندا یەک دەگرێتەوە کە دەڵێ: "ئەرکی تاکەکەس، توێژینەوەیە لە ڕاستی".

گەلێک شاعیرانی ئەفسانەییی کوردستان هۆنراوەی وایان بەجێ هێشتووە کە تێیاندا هانی وەها توێژینەوەیەک دەدەن. ئەو شیعرانە تیشکدەرەوەی دەورێکی سەرەکین کە گەڕان بەدوای ڕاستی لە کۆمەڵگە کوردییەکاندا بینیویەتی، لێکۆڵینەوە و گەڕانێک کە لە ڕابردوودا شێخەکان، وەک ڕێبەرانی ڕۆحی و لە هەمان کاتدا وەک ڕێبەرانی کۆمەڵگەش، ورووژاندوویانە. ئەو ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەیە و ئەو هەستی بەرپرسیایەتییە لە ژمارەیەکی زۆری بزووتنەوەی ئاینیدا سەری هەڵداوە کە ئەوانیش خۆبەختکردن لە پێناو خوێندن، سیستەمی ڕۆحی و سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان پەروەراندووە. ئەو تایبەتمەندییانەی کەسایەتییش بەش بەحاڵی خۆیان، بارودۆخیان بۆ کراوەیی لە پێناو تێگەیشتنی زانستی نوێ و ئاینی نوێ ئامادە کردووە.

ئێمەی کورد هێشتا ڕێگەیەکمان ماوە بیبڕین لە کولتوورەکەمانەوە بۆ ئاینی بەهایی، ئەویش هاوپێوەندییەکی ڕێژەییی درێژخایەنی دۆخی ژنانە لە کوردستان. ئەو شتە، ئامۆژگارییە گەلێک نوێباوەکانی بەهایی لەمەڕ بەرانبەریی پیاو و ژن هاسان دەکاتەوە و ڕەنگە یەک لە هۆکارەکان بووبێت بۆ وەڵامی ئەرێیی دانەوە بەو پەیامەی وا "قرة العين" لە سەردانی ناوەندە کوردییەکاندا ئاراستەی کرد.

### تاهیرەی بێ گەرد

باوکم بەهۆی هەستێکی دادخوازانە و ڕوانگەیەکی بەتین سەبارەت بەداهاتووی مرۆڤایەتی و ئەوینی بنەمایەک بەناوی بەرەو پێشچوونی ژنانەوە دەجووڵا و ڕێزێکی لەبن نەهاتووی بۆ هاندەری لەمێژینەی خۆی، "قرة العين" هەبوو، کە بە تاهیرەی (پاکیزە)ش دەناسرێ. ئەو زۆر جار باسی تاهیرەی بۆ دەکردم. من حیکایەتی باسی ئەوم زۆر پێ خۆش بوون و زوو زوو داوام لێ دەکرد بۆمیان بگێڕێتەوە. جارێکیان لێم پرسی: "بابە، بۆچی ناوی منت نەنا تاهیرە؟" من ئەو حیکایەتانەم ئەوەندە پێ خۆش بوو کە بۆ دۆست و برادەرەکانم دەگێڕانەوە، بەتایبەت لەبەر ئەو هۆیەی کە لەو سەردەمەدا (کاتێک کە من کیژۆڵەیەک بووم لە میسر)، زۆر کۆنفرانسی ژنان دەبەسترا، بۆ نموونە لەگە "هودا شەعراوی" و خەڵکانی تری وا، کە من خۆشم دەویستن.

چالاکییەکانی تاهیرە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە بەند، بۆ من و خەڵکی تریش گەلێک سەرنجڕاکێش بوون، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا بزووتنەوەیەکی مەزن لە پێناو ئازادیی ژنان لە میسر بەڕێوە دەچوو. ئازایەتییەکانی تاهیرە هەردەم هاندەری من بوون لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوکم ئامۆژگاریی دەکردم کە چونکە کوردم دەبێ بێباک بم. تاهیرە، بەوتەی یەک لەوانەی وا ژیننامەکەیان نووسیوە، "ئازایەتییەکی بێ وێنەی هەبوو نەک هەر بۆ ئەوەی ژیانی

خۆی بخاتە مەترسییەوە، بگرە بەوەش کە وەک یەکەم ژنی هەموو جیهانی ئیسلامی ڕۆهەڵات، ڕووپۆشی لەسەر خۆی لابرد"[٣] کە ئەوە لەگەڵ داوێن پاکییەکەیدا ناهاوتەریبە. ئەوانەی وا بەباشی دەیانناسی، وەک موفتی مەزنی بەغدا (شێخ مەحموود ئالووسی) گەواهییان لەسەر پاکییەکەی داوە. ئەو هەروەها چاونەترسی و باوەڕبەخۆیی خۆی لەوەدا دەرخست کە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی کرد بە "کۆنفرانسی بەدەشت" ناودێرە و لەوێ دەورێکی گەورەی بینی لە ڕاوێژکردن سەبارەت بەو گرینگترین بابەتانەی وا لە تێگەیشتنی بێ هەڵەی پەیامی "باب"دا پێویست بوون. ئەو، تاقە ژن بوو کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کرد و بوو بە کەسایەتیی سەرەکی تێیدا.

باوکم جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە تاهیرە کەسایەتییەکی بێ وێنە بوو. یەکەم: لەبەرئەوەی ژیانی لە پێناو ئەو هۆیە بەخت کرد کە لایەنگریی لێ دەکرد. دووەم: لەبەرئەوەی تا دوایین هەناسەی ژیانی بۆ ئازادیی ژنان شەڕی تر و ئەویش لە سەردەمێکدا کە تەنانەت لە ڕۆئاواش مافی ژنان وەک کارێکی مەزن نەناسرابوو. سێیەم: لەبەرئەوەی ڕێبەرێکی خۆکردی فیکری بوو لە سەردەمێکدا کە ژنان هێشتا مۆڵەتی ئەوەیان پێ نەدەدرا بچنە قوتابخانە و لە ژیانی کۆمەڵگەییدا دەور ببینن. ئەو خۆی خۆی خوێندەوار کرد، شیعری گوت، کتێبی وەرگێڕا، وتاری دا، چووە شەڕەقسەی پیاوانی بە ئاگای سەردەم و بە لێهاتوویی خۆی بوو بەڕێبەرێک. مێژوونووسان ئاماژە دەکەن کە تاهیرە گەلێک لە سەردەمی خۆی وەپێش کەوتبوو. باوکم سەبارەت بەئەسڵێکی مەزن قسەی بۆ دەکردم کە "پیاو و ژن دوو باڵی باڵندەی مرۆڤایەتین و ئەو باڵندەیە ناتوانێ بفڕێت بەبێ ئەوەی هەردوو باڵەکە یەکگرتوو و بەهێز بن".[٤] هەروەها پێی دەگوتم کە "لە هیچ دەورەیەکی مێژوودا، هیچ ئاینێک قارەمانێکی وەک تاهیرەی نەبووە." ئینجا باسی ئازایەتییەکانی ئەوی دەکرد و زانیارییەکەی لە قورئان و کاری لە پێناو ڕزگارکردنی هەموو خەڵک لە کۆت و بەندی ئەندێشەی (خەیاڵاتی) بەتاڵ.

لە سەردەمی تاهیرەدا، ژنان ڕووبەڕوو لەگەڵ پیاواندا قسەیان نەدەکرد. ڕووپۆشیان لە سەر دەنا. وەک ڕاستییەک، تەنانەت تاهیرە لە پشت پەردەوە قسەی لەگەڵ مامۆستا و مەلا و شێخی گەورەدا دەکرد. لە ڕووی مەلاکاندا دەوەستا و هەندێک لەوان سەریان سوڕ دەما لە زانیاری و ئاگاییی تاهیرە لە قورئان و کتێب و ئامۆژگارییە ئیسلامییەکانی. ئاشکرایە هەندێکیشیان پێیان خۆش نەبوو. تەنانەت باوکی، مێردەکەی و براکانی، لێی ڕاست بوونەوە. دەیانویست بەرگری ئامۆژگاریکردنەکانی بن. بەڵام، نا! نەیانتوانی. ئەو ڕێنوێنیی دەکرا. نەیدەتوانی لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە. شادیی ئەو لەوەدا بوو کە سەبارەت بە "باب" قسە بکا، شارستانیەتی نوێی ئاشتی لە دوورەوە بگاتێ و لەسەر بنەمای بانگەوازەکانی ئەو، سیستەمێکی نوێ دابمەزرێ. چالاکییەکانی تاهیرە گەیشتنە ئەنجامی ڕاوانی و لە کۆتاییشدا، کوشتنی.

بۆ تاهیرە گرینگ ئەو هۆکارانە بوون کە ئەوی وەپێش هەموو خەڵکانی تر خستبوو. پسپۆڕ و

ڕۆهەڵاتناسانی ڕۆئاوا کەسایەتیی مەزنی ئەویان درکاندووە، بۆ نموونە، پرۆفیسۆر ئێدوارد ج. براونی زانستگەی کەمبریج، بەم شێوەیە ناساندوویەتی:

"دەرکەوتنی ژنێکی وەک تاهیرە لە وڵاتەکەی من (بریتانیا)، لە هەر سەردەمێکدا بێت دیاردەیەکی گەلێک دەگمەنە. بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێراندا شتێکی سەرسووڕهێن، ئەویش نا، کەم تا زۆر پەرجووە ( موعجیزەیە). بەهەمان شێوەیە تایبەخۆییی جوانییە کەم وێنەکەی، خەڵاتی خوایی تێگەیشتووییە دەگمەنەکەی، ڕەوانبێژییە گەرموگوڕەکەی، خۆبەختکردنە بوێرانەکەی و گەشمەرگییەکە (شەهیدبوونە) پڕ لە شانازییەکەشی. ئەو لەناو ژنانی هاونیشتمانیی خۆیدا وەک کەسێکی بێ وێنە و نەمر ڕادەوەستێ. ئەگەر ئاینی باب هیچ شتێکی تری بۆ خۆ بە گەورەزانین نەبوایە، هەر ئەوەی بەس بوو، کە قارەمانێکی وەک قوڕەتولعەینی پەروەردە کرد."(٥)

زۆر پسپۆڕی ڕۆهەڵاتیش بەهەواڵی گەورەییی ئەویان زانیوە. یەکیان مێژوونووسی عێراقی "عەلی ئەلوەردی" یە. ئەو گوتی تاهیرە بلیمەتێک بوو کە سەدەیەک پێش سەردەمی خۆی سەری هەڵدا. هەروەها گوتی ئەگەر تاهیرە لە سەدەیەک دواتردا دەربکەوتایە، دەبووە گەورەترین ژنی سەدەی بیستەم.(٦)

ئەوە تەنیا بەهایی نین کە وەک "گەورەترین قارەمانی بابی و یەکەم ژنێک کە ڕەنجی (گەشمەرگی) کێشا" وەک کەسایەتییەک لە ڕیزی "سارا ئاسیە"، "مریەمی پاکیزە" و "فاتمە"دا سەیری تاهیرە دەکەن.(٧) تاهیرە بەگشتی، بەهۆی شیعرەکانی، کەسایەتیی مەزنی، ئیمانداریی بەهێزی و زانیارییەکانییەوە، لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا ناسراو و ڕێز لێ گیراوە. تاهیرە، وەک ژنێکی گەنج بەمێشکێکی کراوەوە، کتێبی زۆری خوێندەوە، تەنانەت کتێبی وا کە ئامۆژگارییەکانیان دژ بەو ئاینە بوو وا ئەوی لەسەر گەورە کرابوو. بەهۆی ئەم خوێندنەوانە و لە ڕێگەی پەرستنکارییەوە بە گرانی و قایمی هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە گەلێک زوو ئامۆژگارێکی نوێی خوایی دێتە جیهان. گەورەترین تاسەی ئەوە بوو کە ئەو کەسە بناسێ و شوێنی بگرێ. هەر ئەوەش بوو کە سەرەڕای ئەوەی هەرگیز چاوی بە "باب" نەکەوت، لە خەونیدا ڕاستەقینەی ئەوی بۆ دەرکەوت. نامەیەکی بۆ نووسی و زانیارییەکانی خۆی تێدا ڕاگەیاند. ئەویش تاهیرەی وەک یەک لە هەژدە "حەواری"ی خۆی هەڵبژارد. تاهیرە بەبێباکییەوە ئامۆژگارییە نوێیەکانی بە خەڵکانی تر دەگوتەوە. بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کەربەلا و پاشان لە بەغدا، کە چەند مانگێک لەوێ لە ماڵی موفتیی شارەکەدا مایەوە(٨) خەڵکانی خاوەن بڕوای جۆراوجۆر، بە ژن و پیاوەوە، دەهاتن بۆ ئەوەی قسەکانی ببیستن. زۆریان ئەو ئامۆژگارییە نوێیانەیان قەبووڵ دەکرد کە ئەو جاڕی بۆ دەدان. دەگوترێت کە موفتی خۆی گوتوویەتی: "ئۆف، تاهیرە! بەخوا سوێند دەخۆم باوەڕەکانتم قەبووڵە، بەڵام چ بکەم کە شمشێری ئالی عوسمان (بنەماڵەیەی فەرمانڕەوای قەڕاڵستانی عوسمانی)م بەژوورسەرەوەیە."(٩) بەڵام تاهیرە نەدەترسا. لە ئەنجامدا لە عێراق دەرکرا و چوو پەیامەکەی بەخەڵکی تامەزرۆی کرماشان ڕابگەیێنێ، هەتا لە کۆتاییدا گرتیان و هێشتا لە تەمەنی لاوی و لە

دەوروبەری سی و دوو ساڵیدا بوو، خنکاندیان.

من زۆر جار تاهیرەم وەبیر دێتەوە کە چۆن خۆی بۆ مردن ئامادە دەکرد. لەبەرئەوەی ئەو زۆر بە قووڵی شتی فێر کردم. ئەو دەمەی وا لە ماڵی گزیر و ژنەکەیدا ڕایان گرتبوو، جارێکیان میوانەکانیان کە هاتبوونە سەر شایی، مۆسیقا و گۆرانییان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی گوێیان لە ڕەوانبێژی و ئامۆژگارییەکانی ئەو بێت کە باسی "باب"ی تێدا دەکردن؛ هەروەها ئەوەی کە لە دواین ڕۆژی ژیانیدا کاتێ کە خۆی بۆ گەشمەرگەیی (شەهادەت) ئامادە دەکرد، پێ دەکەنی و شادمان بوو. ئەو ڕۆژە داوای کردبوو کەس سەرودڵی نەگرێ و دوای ئەوەی خۆی شوشت، عەتری لە خۆی دا و بەرگی جوانی کردە بەری، چەند سەعات پەرستکاریی کرد. لە کاتی مردندا، بە یاساوڵەکەی خۆی گوت: "دەتوانی هەردەم بتەوێت بمکوژی، بەڵام ناتوانی بەری ئازادیی ژنان بگری."(١٠)

ئەویندارییم بۆ "تاهیرەی قوڕەتولعەین" لە هەموو ماوەی ژیانمدا لەگەڵمدا مایەوە. پاڵی پێوەنام بخوێنم و خوێندن لە ناو ژناندا پەرە پێ بدەم و ئەوەش هەموو دەم لە خەڵکانی گرینگی عەرەب و کوردی نزیک کردوومەتەوە. لە ناویاندا، دۆستی خۆشەویستم "فطینه النائب" ی شاعیرە، کە زیاتر بە نازناوەکەی واتە "سەدووف" هوە ناسراوە. دۆستایەتیی نزیکی ئێمە کاتێ قووڵتر بووەوە کە ئەو دانەیەکی ئیمزاکراوی ئەو شیعرەی پێ دام وا بۆ تاهیرەی گوتبوو و بەوە سەرفرازی کردم.(*) لە شیعرەکەدا، شاعیر باس لەو ئازارە زۆرانە دەکا کە تاهیرە کێشای بۆ خۆشویستنی خوا و وەفاداربوونی بە ئاینەکەی. درێژە بەقسەکانی دەدا و سکاڵا لەو ملهوڕییە دەکا کە بەبێ هیچ تاوانبارییەک ژیان لە خەڵک دەستێنێ. بە مردنی تاهیرە زۆر هیوا فەوتان و نەمان، چونکە لەبەرئەوەی خونچەیەک پێش پشکووتن هەڵوەری.

ئەویندارێکی تری تاهیرە کوردێکی بەڕێز بوو "تەوفیق وەهبی بەگ". من زۆرم سەبارەت بەتەوفیق وەهبی لە باوکم ژنەفتبوو و ئاواتی چاوپێکەوتنیم هەبوو. ئەو کوردی و تورکی و فارسیی دەزانی و زۆری لەسەر زمانی کوردی نووسیبوو، یەک لەوان قامووسێکی ( کوردی- عەرەبی) و یەکی (کوردی ئینگلیزی). هاوسەرەکەی، ئاسیە، چالاکێکی گرینگی بواری پەروەردە و مرۆڤایەتی بوو. لە کۆتاییی سییەکاندا و کاتێک کە هێشتا تازە گەیشتبوومە بەغدا، کەڵکەڵەی چاوپێکەوتنی بنەماڵەی وەهبیم هەبوو. دواتر لە ژیانمدا، کاتێ کە بەتایبەتی باسی ئارەزووی شتێکم دەکرد، زۆر جار مێردەکەم بەسەرزەنشتێکەوە دەیگوت تۆ هەموو کات ئاواتەکانت دێنە دی. لەو کارەشدا پێشبینیی مێردەکەم ڕاست دەرچوو، لەبەرئەوەی زۆری پێ نەچوو دوای ئەوەی لە ماڵەکەمدا دامەزرام، ڕێزدار وەهبی و خاتوونەکەی بانگهێشتنی ماڵی خۆیان کردم.

نزیکەی سەعاتێک پێش نانی نیوەڕۆ گەیشتمێ و ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ڕێزدار وەهبی کتێبخانە گەورەکەیم پێشان بدات. ئەو شانازیی زۆری بەکتێبخانەکەی خۆی دەکرد و زۆری پێ خۆش بوو کە من چاوم پێی بکەوێت. هەرکە چوومە ژوورەوە، دەستنیشانی چوارچێوەیەکی جوانی

کرد کە بەدیوارەوە درابوو: شیعرێکی فارسی کە بەوێنەگەرییەکی جوانی ئێرانی ڕازابووەوە. لێی پرسیم: "بەهیە، دەتوانی بیخوێنییەوە؟" سەیرێکیم کرد و شیعرەکەم ناسییەوە، هەر لەبەریش دەمزانی. زۆری پێ خۆش بوو کە شیعری فارسیم لەبەرە.

شیعرەکە هی تاهیرە بوو. ڕێزدار وەهبی کە دەچووە سەر باسی تاهیرە، بەتامەزرۆییەوە باسی دەکرد. پاشان نوسخەیەکی ئەو شیعرە ڕازاوەیەی بەدیاری پێ دام. دواتر، توانیم وەرگێڕاوی ئینگلیزیی شیعرەکە پەیدا بکەم. ئەوە هەر ئەو شیعرەیە کە "ئا. جەی. ئاربری" ناوی "غەزەلی تاهیرە"ی لێ ناوە:(١١)

"هەر کاتێ ڕووبەڕووت دەبمەوە، نیگام دەچیتە سەر ڕوخسارت و
خەفەتی خۆمت ورد ورد بۆ شی دەکەمەوە
بەو هیوایەوە کە بتوانم گۆنات بگرم،
وەک شەماڵ سەرم بە هەموو دەرگایەکدا کردووە
ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان، جادە بەجادە
دووریی تۆ وای کردووە خوێنی دڵم بڕژێتە چاوەکانمەوە
جۆبار بەجۆبار، دەریا بەدەریا، فەوارە بەفەوارە، جۆگە بەجۆگە.
دڵی پڕ لە خەفەتم ئەوینی تۆ لە کووتاڵی ڕۆحم دەچنێت
هەودا بەهەودا، ڕیشوو بەڕیشوو، تاڵ بەتاڵ، پۆ بەپۆ
(تاهیرە) سەیری دڵی خۆی کرد و هیچی جگە لە تۆ تێدا نەدیت
لاپەڕە بەلاپەڕە، بەرگ بەبەرگ، تارمە بەتارمە، پەردە بەپەردە."

## ڕێبازی توێژینەوە

وا دەردەکەوێ کە شیعرەکە وەسفی گەیشتن بکا بە "ئەوپەڕی تێگەیشتنی سۆفییانە" "الفناء في الله".(١٢) کە وابوو، تاهیرە لەبەر زۆر هۆکار، جگە لە جێگە و پێگەیەک کە لە دۆخی نوێی یەکدەنگی لەگەڵ ژندا هەیەتی، پێوەندێکە لە نێوان کولتووری کورد و ئاینی بەهاییدا. بوێری و خۆڕاگرییەکەی لە پێناو پشتگیریکردنی راستی، هەنگاوێک بوو کە بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە ڕۆحییەی دەبرد. سەرنجڕاکێشە بزانین کە کاتێ لە بەغدا شاربەدەر کرا، چوو بۆ هەندێک شار و گوندی ڕۆئاوای ئێران و لەوێ ڕووبەڕووی گەلی کورد بووەوە. تۆمارە مێژووییەکان دەری دەخەن کە لە گوندی (سەحنە) مایەوە، کەوا دەزانین دانیشتووەکانی کوردن و ئەو پەیامەی وا بەخەڵکی ئەوێی ڕاگەیاند، پڕ بەدڵ وەرگیرا. لە گوندێکی تری کوردان کە سێ ڕۆژی لێ مایەوە، دەگوترێ نزیکەی دوازدە هەزار گیان، بەپشتگیریکردنی هەستان.(١٣) لە کرماشان، یەک لە ناوەندە سەرەکییە کوردییەکان، بەگەرمی لەلایەن ڕێبەرانی ئاینییەوە وەرگیرا، کە "نیشانەی جۆراوجۆری ڕێز و خۆشەویستییان بۆ دەرخست."(١٤) لەوێ، لە تەفسیری سوورەی کەوسەردا، لەوحێک بە زیاد

له دوو هەزار شیعرەوە، کە باب ئاشکرای کرد، "لە بەردەمی خەڵک خوێنرایەوە و تەرجەمە کرا."[١٥] هەر ئەو لەوحە، لە بەغداش ڕاگەیێنرابوو و بیری ئەو کەسانەی گۆڕی کە پەسندکار و بزوێنەری گاڵتەجاڕانی دڕ بوون. چ بەشکۆیە ناوەڕۆکی ئەو تەفسیرەی کە پیاوێکی تێگەیشتوو کە شای ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە ئامۆژگارییە نوێکان ناردبووی و ئامۆژگارییەکانی بابی لە بەردەم ئاشکرا کرابوو، بەچەشنێک ئەو ئامۆژگارییانە شوێنان لەسەر دانا، کە بەتەواوەتی باوەڕی بەڕاستبوونیان هێنا و گیانی خۆی لەسەر مەسەلەکە دانا. ئەو ڕێبازەی وا پیاوەکە گرتبوویە بەر، یەک لە توێژینەوە سۆفیایەتییەکان بوو:

" من لە چاوپێکەوتنی سێیەممدا لەگەڵ باب، وام لێ هات کە بەهەموو دڵمەوە داوای لێ بکەم شرۆڤەی سوورەی کەوسەرم بۆ ئاشکرا بکات. بڕیارم دا داواکارییەکە لە بەردەم ئەو ئاشکرا نەکەم. ئەگەر ئەو، بە بێ داواکردنی من، شرۆڤەی ئەو سوورەیە بەشێوەیەک ئاشکرا بکا کە لە بەرچاوی من لە پێوانە باوەکانی ناو ڕاڤەوانانی قورئان جیاواز بێت، ئیتر دەستبەجێ باوەڕ بە کەسایەتیی پیرۆزی پەیامەکەی بهێنم و ئامادە بم باوەش بۆ ئاینەکەی بکەمەوە. ئەگەریش وا نەبوو، ئەوا بەسانایی بیدەمە دواوە. هەر ئەوەندەی ڕێنوێنیی بەردەمی کرام، لە پڕ هەستێکی ترس، کە نازانم چی بوو، دای گرتم. هەر گەیشتمە بەردەمی تەزوویەک بە چوار پەلمدا هات. من کە زۆر جار چووبوومە حوزووری شا و هەرگیز هەستم بە نیشانەیەکی کەمی بێ زاتی لە خۆمدا نەکردبوو، ئێستا سام و ترس و لەرزێک دای گرتبووم کە نەمدەتوانی چیی تر بەپێوە بوەستم. باو لەو دۆخەدا هێشتمیەوە و لە جێی خۆی هەستا و بەرەو من هات، ئینجا، دەستی گرتم و لەلای خۆی دانام. گوتی: "چی دڵت دەخوازێت لێمی بپرسە. من بەڕاستی بۆتی ئاشکرا دەکەم." سەرم سوڕما و زمانم بەسترا. وەک منداڵێک کە نە تێ دەگات و نە دەتوانێت قسە بکا. هەستم کرد بۆ وەڵامدانەوە بێ دەسەڵاتم. سەیرێکی منی کرد، بزەی هاتێ و گوتی: "گەلۆ دەبێ شرۆڤەی سوورەی کەوسەرت بۆ ئاشکرا بکەم، ئاخۆ دەزانی قسەکانی من لە ڕۆحی خوا کەوتوونەوە؟ گەلۆ دەزانی قسەی من بەهیچ عەقڵێک وەک شتێکی جادوویی یا بەرچوو ناچن؟" هەر ئەوانەم لێ بیست، فرمێسک لە چاوم باری. تەنیا شتێک کە توانیم بیڵێم ئەو سوورەیەی قورئان بوو: "یا ئیلاهی، ئێمە بەبێدادانە لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوت دەکەین: ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و بەزەییت پێماندا نەیەت، بەدڵنیایی لەو کەسانە دەبین کە دەفەوتێین." هێشتا دوای نیوەڕۆیەکی زوو بوو کە باو داوای لە حاجی میرزا سەید عەلی کرد قەڵەمدانەکەی و کاغەزی بۆ بهێنێ. ئینجا دەستی کرد بەئاشکراکردنی شرۆڤەی خۆی لەسەر سوورەی کەوسەر. چۆن دەتوانم هەستم سەبارەت بەو شکۆ چاوەڕواننەکراوە دەرببڕم؟ ئایەتەکان بەخێراییەکی وا لە پێنووسی دەهاتنە خوارێ کە سەرم سووڕ مابوو. خێراییی نووسین، خورتەی نەرم و هێمنی ژێر لچ و هێزی سەرسووڕهێنی پێنووسی، مات و گێژی کردبووم. هەتا نزیک ڕۆئاوا درێژەی بە کارەکەی دا. هەتا شرۆڤەی سوورەکە کۆتاییی پێ نەهات هیچ ڕانەوەستا. ئینجا پێنووسی دانا و داوای چاییی کرد."[١٦]

ڕێبازی توێژینەوەکەی گەرموگوڕ بوو، تێیدا ئەو هیچ بەتەنگ خۆیەوە نەبوو، هەمان هەر ئەو

ڕێبازه، تاهیرەش پێدا دەڕۆیشت. وتەی ڕۆژنامەنووس "ماریا رووپ"، کە بە تایبەت بۆ ئەوەی زیاتری لەسەر بزانێت، سەردانی خزمەکانی تاهیرەی لە ئێران کرد، دەرخەری هۆکارێکی ترە بۆ ئەو بانگەوازەی وا لە سەردەمی خۆیدا و تەنانەت ئەمڕۆش، بۆ گەلی کوردی هەبوو. رووپ دەنووسێ: جوانترین نیشانەی تاهیرە، یا لانی کەم یەک لەوانەی وا یارمەتیی جیهانی دا، دڵسۆزییەکەی بوو بۆ منەی ڕاستی، کە لە دەسپێکی کارەکە و ئەو دەمەوە کە کیژۆڵەیەک زیاتر نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی جیهانی بەجێ هێشت، درێژەی کێشا."[١٧]

ئەم دێرانەی خوارەوە لە پارچە شیعرێکی تری تاهیرە وەرگیراون و باس لە قسەکانی دەکەن لەمەڕ خواستی بەدەستەوەدانی هەموو شتێک لەو ڕێبازەدا:

نووری ڕوخسارت درەوشایەوە و تیشکی دیدارت لە بەرزان دەرکەوت؛

بۆچی وشەی "گەلۆ من خوای تۆم؟" دەشاریتەوە، لێ گەڕێ با وەڵام بدەینەوە و بڵێین:

"بەڵێ ئەوە بەهرەی تۆیە."

هاواری "گەلۆ من نیم" لەلایەن تۆوە، بانگی ئەو تەپڵە نییە کە "بەڵێ" دەیداتە بانگی خۆبەختکردن. من لە دەروازەی دڵمدا هەنگاوی میوانی بەڵا دەپارێزم."[١٨]

یەک لەو دیاردە ڕازاوانەی وا کولتووری کوردیی پێ دەناسرێ، ئەو دڵنیاییەیە کە هەیانە و زۆر جاریش دەیڵێنەوە کە "گەڕان بەشوێن خواست و ئارەزوودا، ڕۆژێک بە ئەنجامی خۆی هەر دەگات، با ڕێبازەکەشی ئەستەم بێت". سەرکەوتن، تەنانەت لە حیکایەتێکی دڵتەزێنی وەک مەم و زینیشدا، بەرچاوە. گرینگ نییە مەودای نێوان زیندانیکرانی مەم و ئەو یەکگرتنەوەیەی وا خوازیاریەتی چەندە زۆرە. وشەی باوەڕە بێ خەوشەکەی، باسی بەجێگەیشتنی ئاواتی لەمێژینەی دەکا:

چرا لە دڵیدا هەڵبوون،

نهێنییەکان خۆیان لە بەردەمی ئاشکرا کرد.

ئاوێنەی دڵی ڕۆناهیی دایەوە و

خەیاڵ، جێگەی خۆی دایە ڕاستی.[١٩]

لەو کوردانەی کە خاوەن پێشبینی بوون و لە پێوەندیی ئەو ئاوات وەدیهێنانەدا بوون، ئەوانەن وا "موراد" باسی باوەڕی پاکیان لە ڕۆژی داوەریدا دەکا:

شای شانازی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشت، خەڵکانی جیهانی بانگ کرد کۆ ببنەوە و لەژێر چەتری یەکەتیدا ڕۆنیشن. ڕووی کردە موراد و هەواڵی دایە: "ئێمە هەموو نهێنییەکانمان ئاشکرا کرد." خوای جیهان و گەورەی هەموو ئەوانەی وا لەوێدا نیشتەجێن، ئێستا لەسەر تەختی داوەری دانیشتووە. دەبێ لە نێوان گەلاندا داوەری بکات و ئەوەیان بداتێ کە شایانیانە.[٢٠]

لەناو ئەو کوردانەدا کە بەڕاستی بەشوێن حەقیقەت کەوتوون، ئێمە ناوی هەندێکیانمان لە مێژووی بەهاییدا تۆمار کردووە. بۆ نموونە، حیکایەتێک هەیە سەبارەت بەدەروێشێک بەناوی

مستەفا بەگ، کە چاوی بە بەهائولاّ کەوت و دەستبەجێ باوەڕی بە زانایی رۆحی و ئەو هێزە پیرۆزە هێنا کە لە پشتییەوە بوو. گەرچی ئێمە ناتوانین بە متمانەوە ئەسڵیەتیی ئەو بزانین، بەلاّم دەروێشەکە بەدڵنیایی کورد بوو لەبەرئەوەی "خەڵکی سنەی کوردستان" بوو.[٢١] ئەو دەستبەجێ دوای دیتنی بەهائولاّ و ئاڵوگۆڕی چەند وشەیەک لەگەڵیدا، لەسەر خواردنەکەی هەستا و کەوتە شوێنی. ناوبراو شاعیر بوو، ئەوینی خۆی بە نیسبەت بەهائولاّوە لە هەڵبەستێکدا دەربڕی، کە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکانی تریش بکەونە شوێنی.

دەروێشێکی تری کوردیش کە کەوتە شوێن بەهائولاّ، دەروێش (سیدق عەلی) بوو. عەبدولبەها لە کتێبی (بیرەوەرییەکانی وەفاداری)دا ناوی ئەوی گونجاندووە. ئاغا سیدق عەلیش یەکی تر لەو خەڵکە زۆرە بوو کە نیشتمانی خۆی بەجێ هێشت و لەگەڵ بەهائولاّ کەوت و کەوتیشە زیندانەوە.

ئەو دەروێش بوو؛ مرۆڤێک کە لە دۆست و بێگانە بەیەک شێوە، دابڕابوو. ئەو سەر بەتەریقەتی سۆفیان و کاتبیش بوو. کاتێکی باشی بە بەرگی هەژارییەوە تێپەڕ کردبوو، شەرابی یاساکەی دەخواردەوە و لەسەر ڕێبازەکەی دەرۆیشت، بەلاّم وەک سۆفییانی تر ژیانی خۆی تەرخانی حەشیش نەکردبوو؛ بەپێچەوانە، خۆی لە خەیالاّتی بەتاڵ پاک کردبووەوە و تەنیا بەدوای خوادا دەگەڕا، باسی خوای دەکرد، بەڕێبازی خوادا دەرۆیشت. بەهرەیەکی جوانی شیعریی هەبوو، شیعری بۆ گۆرانی دەهۆنییەوە بۆ ئەوەی بە خوادا هەڵبڵێت. دنیا لەگەڵی بە نارەوایی جوولاّبووەوە و پشتی تێ کردبوو. لە ناو شیعرەکانیدا هەڵبەستێک هەیە کە لە زیندانی بنکە سوپاییەکانی عەککادا هۆندوویەتەوە، کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە بەم شێوەیەیە:

قفڵی داخراوی تۆ سەد دڵ بە داوەوە دەکات و

کاتێ کە زوڵفت بە بادەدەی، دڵان دەشواتەوە

ئەو رۆحە ئازاد و سەربەخۆیە، لە بەغدا وەشوێن خۆشەویستێکی دوور لە شوێن هەڵگرتن کەوت. ئەو سەرهەڵدانی ئەستێرەی سەحەری لە ژوور ئاسۆی عێراقەوە بەچاو کرد و خەلاّتی لەو هەتاوە دەرکەوتووە وەرگرت. بەهائولاّ دڵی ڕفاند و شەیدای ئەو هاوڕێ ناسکەی بوو. گەرچی پیاوێکی بێدەنگ بوو بەلاّم پەلی وەک چەندان زمان پەیامەکەی ڕادەگەیاند. کاتێ کە دەستوپێوەندی بەهائولاّ خەریکی بەجێهێشتنی بەغدا بوون، ئەو پاڕاوە مۆڵەتی پێ بدرێت مەیتەری بکا. هەموو ڕۆژێ کە لەگەڵ کاروان دەرۆیشت و کاتێ کە شەو دادەهات بەولاّخەکان ڕادەگەیشت. لە قووڵاییی دڵیەوە کاری دەکرد. تەنیا دوای نیوەشەوان دەچووە جێگەوە و ڕادەکشا بۆ حەسانەوە بەلاّم پێخەو کەوای بەری بوو، سەرینیشی خشتی کاڵ. لە ماوەی سەفەردا، پڕ بوو لە ئەوینێکی تاسەبار و شیعری دەگوت. ئەو دڵی هاوڕێکانی خۆی زۆر ڕاگرتبوو. ناوی مرۆڤ بەو دەدرێت: ئەو ڕاستگۆ و راستیوێژێکی بێ خەوش بوو. ئەو هەر ئەوین خۆی بوو، ئەو پاکیی دڵ بوو، ئەو خۆشەویستی بەهائولاّ بوو. لە پلەی بەرزی خۆیدا، کە مەیتەری بێت، ئەو وەک شایەک پادشاییی دەکرد، لە ڕاستیدا ئەو شانازی بەسەر خاکی زەوینەوە دەکرد. ئەو بەتەنگی چاوەدێریکردنی بەهائولاّوە بوو لە

هەموو شتێکدا، دوور لە چەوتی و بەڕاستی.

کاروانی ئەویندارن درێژەی بەچوون دا؛ گەیشتە ئەستەموڵ، بەرەو ئادریانۆپل تێپەڕ بوو، لە ئەنجامدا بەرەو زیندانی عەککا بووەوە. سیدق عەلی لەوانە لە هەموویدا بوو، بەوەفاداری خزمەتی فەرمانەی دەکرد.

کاتێ لە سەربازخانەکان بوون، بەهائوڵا شەوێکی تایبەتی بەناوی دەروێش سیدق عەلییەوە دیاری کرد. نووسی کە هەموو ساڵێک دەبێ دەروێشان لەو شەوەدا شوێنێکی کۆبوونەوە بڕازێننەوە، کە دەبێ لە باغی گوڵاندا بێت و لەوێ کۆ ببنەوە و ویردی خوا بکەن. ئەو لە درێژەدا گوتی (دەروێش) نابێ وابن کە بە دەورەدا بگەڕێن، شەو و ڕۆژیان بە شەڕ و دژایەتی تێپەڕ بێت. ئەو گوتی بەپێچەوانە، واتای وشەکە ئەوەیە کە دەروێش کەسانێکن وا بەتەواوەتی لە هەمووان جگە لە خوا جیا بوونەتەوە، کە دەست لە یاساکانی بەرنادەن، لە ئاینی ئەودا بە قورس و قایمی دەمێننەوە، بەپەیمانی ئەو وەفادار دەمێننەوە و لە پەرستندا بەردەوام دەبن. ئەوە ناو نییە بۆ کەسانێک کە، وەک ئێرانییەکان دەڵێن، وەک بەرەڵا یان لاکەوتەی کۆڵانن، مێشکیان شێواوە، باری سەرشانی خەڵکن و لە هەموو مرۆڤێک ڕەشۆکیتر و ئەدەبسزن. ئەو دەروێشە پایە بەرزە هەموو ماوەی ژیانی خۆی لەژێر سایەی خۆشەویستیی خوادا بردە سەر. ئەو بەتەواوەتی لە هەموو شتێکی جیهانی بریبوو. خوازیاری خزمەت بوو و لە دڵەوە بەردەستیی ئیماندارانی دەکرد. خزمەتکاری هەموویان بوو و وەفاداری دەرگانەی پیرۆز.

ئینجا کاتی ئەوە هات کە بۆ ئەوەی لە ئاغای خۆی دوور نەبێت، بەرگی ژیان لەبەری خۆی داکەنێت؛ لە بەرچاوی لەشی خەڵک، چووە سێبەرەوە، بەڵام بەچاوی عەقڵ خۆی بردە شوێنێک کە وەک ڕۆژ ساکارە و لەوێ دانیشتە سەر تەختی شانازیی بێ کۆتایی. لە زیندانی ئەم جیهانە هەڵات و لەسەر زەوینێکی بەرفراوان و بەرین، ڕەشماڵی داکوتا. با خوا هەموو کات لە خۆی نزیکی ڕابگرێت و لەو جیهانە شاراوەیەدا پیرۆزی بکا لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەمیشەیی و بەڕوانگەیەکی پڕ لە شادییەوە. با لە تویی نووردا بپێچرێتەوە. شکۆی خوایەکی لەسەر بێت، کە خاوەنی هەموو شکۆیەکە. گۆڕەکەی لە عەککایە.(٢٢)

ئەوەی خوارەوە بەشێکە لە دەپێک (لەوحێک) کە لەلایەن بەهائوڵاوە لە ئەدریانۆپل و بە شانازیی دەروێش سیدق عەلی ئاشکرا بووە:

"... سوێندم بەگەورەترین ناوێک کە بەرچاوی من دەکەوێت! چەندە جێگەی کەسەرە بۆ مرۆڤ کە لەم ڕۆژەدا، دڵ بداتە شتی ڕواڵەتیی ئەم دنیایە! ڕاپەڕن، دەست بەسەبەبی خواوە بگرن. بۆ یەکتر لە هەمووان خۆشەویستتر بن. بۆ خاتری لە هەمووان خۆشەویستتر، پەردەی نەفسانی بەتەواوی بسووتێنن، بەڕوخساری شادمان و درەوشاوەی بەر ڕووناکییەوە لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوتتان بێت. هەموو خەسڵەتەکانی حەقتان بەچاو بینیوە. نەمویستووە شەوێک تێپەڕ بێت و یەک لە دۆستانی خوا دڵی لەم غوڵامەتان

ئێشابێت. دڵی هەموو جیهان بە وشەی خوایی ڕوون بووەتەوە، حەیفە ئێوەش ئەو ئاگرە نەکەوێتە گیانتان. بەخواستی خوا هیوادارم کە ئەم شەوە پیرۆزە ببێتە شەوی یەکگرتن، هەمووتان یەک بگرن و بەئاکاری جوان و ڕازاوە برازێنەوە. هەوڵتان با تەرخانی ئەوە بکرێ تاکێک لە گێژاوی نەمانەوە بهێننە سەر ڕاستەڕێی مان. لە ناو خەڵکدا بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن کە نیشانەی خواییتان لێ دەربکەوێت. لەبەرئەوەی ئێوە لەناو مرۆڤدا یەکەمین کە بەهۆی ڕۆحی ئەوەوە سەرلەنوێ خوڵقاونەتەوە، یەکەمین کە خۆشتان دەوێت و لە بەرانبەریدا ئەژنۆتان دەچەمێننەوە، یەکەمین کە بەدەوری تەختی شکۆمەندییەوە گەو (ئاڵقە) دەبەستن. من سوێند بەو دەخۆم کە هۆی منە، کە هەر شتێک ئەو پێی خۆشە ئاشکرای بکەم! ئێوە بزانن کە نیشتەجێیانی شانشینەکەی، ناوی ئێوە لەوە باشتر دەزانن کە ئێوە سەبارەت بەخۆتانی دەزانن. گەلۆ لاتان وایە ئەم قسانە پووچ و بەتاڵن؟ خۆزگە ئێوە دەسەڵاتتان بوایە لەو شتانە تێ بگەن کە خواتان، ئەوی زۆر بەبەزەیی، دەیبینێ ئەو شتانەی وا دەرخەری چاکیی چینەکەتانە، کە شایەدی گەورەیی بایەختانە و بەرزیی پلەتان دەگەیێنێ! خوا بکات خواست و هەستی هەمیشەیی ئێوە ڕێگرتان نەبێت لەوەی بۆتان براوەتەوە."(٢٣)

سینگ فراوانیی دەروێش سیدق عەلی پیرۆز کرا و بوو بەیەک لەوانەی وا دەیتوانی، وەک لە زۆر شیعری کۆنی کوردیدا ئامۆژگاری دراوە، ڕاستەقینە بەهەناسەی گیان ببینێ. ڕێگەی ئەوەی بتوانرێ کوردێکی تر ببینرێ کە باوەشی بۆ ئاینی بەهایی کردبێتەوە، سینگ فراوانییە. بەهائولڵا وانەی سینگ فراوانی دادەدا. (جۆن ئێسلێمنت) لە کتێبی (ئاینی بەهایی)ی خۆیدا ئاوای ڕوون کردووەتەوە:

"گەلۆ تەنانەت ئەم چەند هەنگاوەش هەڵێنرابووەوە و بارودۆخی سینگ فراوانیی برادەرانەی دوولایەنە لە نێوان فیرقە جۆراوجۆرە ئاینییەکاندا ئامادە بووبوو. چ گۆڕانکارییەکی سەرسوورهێن لە جیهاندا هاتبووە کایەوە! بەڵام، بۆ ئەوەی ئەو یەکەتییە ڕاستەقینەیە بەردەست بکرێ، شتێکی زیاتر پێویست بوو. سینگ فراوانی بۆ نەخۆشیی فیرقەخوازی ئازارڕەوێنێکی بەنرخە، بەڵام چارەسەرێکی بنەڕەتی نییە و هۆکاری کێشەکە لەناو نابات.

.... کۆمەڵگەی جیاجیای ئاینی لە ڕابردوودا نەیانتوانیوە یەک بگرن، لەبەرئەوەی لایەنگرانی هەر کام لە کۆمەڵگەکان دامەزرێنی کۆمەڵگەی خۆیان بەدەسەڵاتدارێکی بەرز دادەنێن و یاساکانی ئەو وەک یاسای پیرۆز سەیر دەکەن. هەر پێغەمبەرێکیش جاڕی پەیامێکی جیاوازی دابێت بەدوژمنی حەقیقەتی ناودێر دەکەن. فیرقەی جیاجیای کۆمەڵگە بەبۆنەی هاوچەشنەوە لێک دابڕاون. ئیماندارانی هەر کام، دەسەڵاتی ژێردەستەبوونێکیان قەبووڵ کردووە و شرۆڤەیەکی تایبەت لە دەقی پەیامی دامەزرێنیان وەک تاقە ئاینی ڕاستەقینە وەرگرتووە و هی ئەوانی تریان بەهەڵە داناوە. ئاشکرایە تا ئەو دەمەی کە کارەکان لەسەر ئەو پاژنەیە بگەڕێن هیچ

یەکگرتووییەکی ڕاستەقینە ناگونجێ. لەلایەکی ترەوە، بەهائولاّ ئامۆژگاریی ئەوە دەکات کە هەموو پێغەمبەرەکان پەیامی ڕاستەقینەی خوایان هێناوە و هەر کام لە سەردەمی خۆیدا بەرزترین پەیامیان ڕاگەیاندووە، کە هەموویان لە بنەڕەتدا هاودەنگن و بەشێکن لە بەرنامەیەکی مەزن بۆ پەروەردە و بەیەککردنی مرۆڤایەتی. ناوبراو بانگی خەڵکی سەر بەهەموو ڕێبازەکان دەکا کە لە ڕێگەی تەرخانکردنی ژیانیانەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو یەکەتییەی وا هەموو پێغەمبەران لە پێناویدا هەوڵیان داوە و ڕەنجیان کێشاوە، ڕێزی زۆر لە پێغەمبەری خۆشیان بگرن.(٢٤)

شێخ محێدین سەبریی کانی مشکانی(*) (١٨٦٠- ١٩٤٠)، کە مەسەلەی خۆشویستنی هەموو ئاین و گەلێک سەرنجی ڕاکێشابوو، ئازایەتیی ئەوەی هەبوو کە بچێتە ناو جیهانی نوێی زانین و کردارەوە. حیکایەتی ئەو تێکەڵاوی حیکایەتی باوکم دەبێت، کە نزیکترین برادەریشی بوو.

وەک برادەرانی دەیانگوت شێخ محێدین خەڵکی باکوری کوردستان(**) بوو، سونە و لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و دەوڵەمەند بوو. لە تەمەنی هەژدەساڵیدا خوێندنی ئاینیی گەیاندبووە کۆتایی و بەهۆی هۆشیاری و زانستی بەرزیەوە لە پلەیەکی بەرزدا سەیر دەکرا. لە تەمەنێکی بچووکدا ماڵی خۆی بەجێ هێشتبوو، چووبووە ئەستەموڵ و پاشان گەیشتبووە میسر و لەوێ چووبووە ئەزهەر.

هاوڕێی باوکم بوو، بۆ ماوەیەکیش لە کاری چاپخانەکەی باوکمەوە تلا بوو. لەو کارانەی وا لەوێدا کردی، یەکیان خۆشخەتی واتە لەبەر نووسینەوەی کتێب، بوو. ئەوە لە سەرەتای سەدەی (بیستەم)دا بوو. جاروبارە چاوی بەبرادەرانی بەهایی دەکەوت و باوکم هەستی دەکرد کە لە بوونیان لەوێ، خۆشحاڵە. لە ماوەیەکی درێژدا زانیاریی لە ئاینی بەهایی دەست خستبوو و بووبووە لایەنگرێکی بەجۆشی ئاینەکە.

لە ئەنجامدا، چوو بۆ تونس و سوودان و لەو شوێنانە دۆست و برادەری زۆری پەیدا کردبوو، کە لە ڕێگەی ئەوەوە پەیامی بەهائولاّیان بە گوێ گەیشت و هاتنە ناو کۆمەڵگەی بەربلاّوی جیهانیی لایەنگرانیەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا شێخ محێدین ئازایەتی، یەکگرتوویی و سەربەخۆییەکی زۆری بیر و هزری لە خۆی پیشان دا. ئەو ڕێزی لە هەموو ڕێبازێکی موسڵمانی دەگرت ئەوەندە لە مەسەلەکە دەچووە پێشەوە کە بەدەنگی خۆشی خۆی قورئانی بۆ هەندێک کۆمەڵگەی شیعەی ناو میسر دەخوێندەوە. تەنانەت کاتێ بۆ مەسەلەی سینگ فراوانی لە بەرانبەر خەڵکانی سەر بەلایەنە جیاجیاکانی موسڵمان کەوتە بەر ڕاونان، بە قورس و قایمی لەسەر باوەڕەکەی وەستا و بۆ خەڵکانێکیش کە بەرەنگاری بووبوونەوە، بوو بەنموونەیەکی نوێی ژیان.

لە سەردەمی ژیانی شێخ محێدین و باوکمەوە، خەڵک لە چیا کوردییەکانی ئێران و لە سنە و ئەو شار و گوندانەی وا کوردی تێدا دەژین، بەڕێبازی گەڕان و لێکۆڵینەوەدا ڕۆیشتوون و ئامۆژگارییە ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی بەهاییان وەرگرتووە. ڕێکخراوەی ڕۆحییان دامەزراندووە بۆ ئەوەی پەروەردەی منداڵانیان و پێشکەوتی ڕۆحی کۆمەڵگەیان دابین بکەن و ئێستا لە هەوڵی جیهانی بۆ

بەرەنگاریکردن و زاڵبوون بەسەر گەلێک کێشەی سەدەی بیست و یەکەمدا بەشدارن. هەندێک خزمەتکاری گرینگی مرۆڤایەتی سەریان هەڵداوە کە پێشینەیان دەچێتەوە سەر کوردان.

یەک لەوانە (عەلی ئەکبەر فرووتەن) ە، ئیماندارێکی تەواو و بە تاسەی بەهائیەت و شارەزایەکی پەروەردە لە سایکۆلۆجیی منداڵ و فەلسەفەی پەروەردە؛ فرووتەن هەموو تاقەت و توانای خۆی بەختی ئەوە کردووە یەکەتیی مرۆڤایەتی ببێ بەڕاستەقینەیەکی زەق. کارەکانی، لە پەروەردەی ناو گوندەوە هەتا ئامادەکاریی بەرنامەی وتار لەسەر ڕادیۆی سەرانسەری وڵات و هەتا کاروباری هەمەچەشنەی نێونەتەوایەتی دەگرێتە بەر. ئەو لە زۆر بواردا خزمەتی کردووە، چ لە باری بەڕێوەبەرایەتی و چ لایەنی پەروەردە و بەردەوام تەبلیغی زانینی کردووە و هەمووشی بەبێ فیزییەوە و شکۆی ئەوەی پێ دراوە کە بە (دەستی سەبەبی خوا) بناسرێ، دۆخێک و ئەرکێک کە لە ماوەی مێژووی بەهائییەتدا بەچەند بەهاییەک نەبێت کە خزمەتەکانیان بێ وێنە بووبێت، بە کەس نەدراوە.

فرووتەن بە بایەخی کولتووری کوردی گەورە بووە، باوکی لە هۆزی کوردیی فەرهاد خانی بوو. باوکی بەهاییەکی بەتین بوو، دایکی و داپیری بەری باوکی، کە لە هەمان ماڵدا دەژیان، گەرچی لە سەرەتادا دژ بە ئاینە نوێیەکە بوون، هەردووکیان بوون بە بەهاییەکی دڵسۆز. وا هەیە بە هەڵکەوتیش بووبێت، بەڵام سەرنجڕاکێشە بزانرێت کە فرووتەن بەلاویەتی بۆ ماوەی چەند مانگ لە ناوچەیەک ژیا کە بە دانیشتوانی کورد و ئەرمەنییەوە دەناسرێت. لە ساڵانی دواتردا، هێشتا ڕازاوەییی چیاکانی قاوقازی لە بیر مابوو کە بەدەوری شاری باکۆ و گەنجە و تفلیسەوە بوون، هەمان ئەو شوێنانەی وا بۆ وانەگوتنەوە دەچووە ئەوێ.(٢٥) لای کەم دووجاریش سەردانی بەغدای کرد.

ئەم خزمەتکارەی مرۆڤایەتی نووسراوەکانی بەهاییی بە وردی خوێندووەتەوە و لەوانە، قسەکانی عەبدول. لە قسەکانی خۆیدا، توانیویەتی بابەتی ئەستەم بەزمانێکی ساکار و ڕوون باس بکا. لەم بوارەدا لێهاتوویی عەقڵ و ئامۆژگارییەکی بەرز شاراونەتەوە و گوێگران هەست بەدڵخۆشی و متمانە دەکەن. هەندێک لە هاوڕێیان لە بیریانە کە چۆن باسی مانەوەی بەهائوڵا لە چیاکانی کوردستان و لەناو گەلی کوردی بۆ دەکردن.(٢٦)

فرووتەن لە ڕاستیدا زۆر بابەتی خستووەتە بەرباس و هەندێکیان لە کتێبەکەیدا بەناوی (داستانی دڵم). لە بابەتێکدا کە سەبارەت بەشادی و خۆشحاڵیی خۆی نووسیوە، قسەی عەبدولبەهای هێناوەتەوە کە دەڵێت: "هەموو دۆستێک دەبێ، بەوپەڕی ویستیەوە، هەوڵ بدات شادی، دڵخۆشی و خۆشحاڵی بخاتە دڵی ئەوانەوە کە لە پێوەندیی ئەودان."(٢٧) ئەو و هاوسەرەکەی و هاودەمێکیان، لە ژیانی خۆیاندا ئامۆژگاری و ورەی برادەرە خۆشەویستەکانی خۆیان زیندوو و بەرز ڕاگرت، بەتایبەت منداڵان و لاوان، کە دڵیان تەژی شادی دەکردن."(٢٨)

لەو کتێبەیدا، فرووتەن لە زمان پاسەوانی ئاینی بەهاییەوە دەگێڕێتەوە کە "مەلایانی زانستگەی

ئەلئەزهەر هەردەم دەیانویست زیان بەئاینەکە بگەیێنن، بەپێچەوانە، هێرشکاریی ئەوان لە ڕاستیدا گەیشتە ئەنجامی ئازادیی ئاینەکە لە میسر." و هەروەها ئەوەی کە "بەهایی نابێ لە ڕووداوی وا بترسن، هەرچەندە ناخۆش و بەئازاریش بن، لەبەرئەوەی لە ئەنجامدا بە دڵنیاییی ئەو هۆکارە بەقازانجیان وەردەگەڕێت."[٢٩]

ئەو برادەرە بەڕێزە، بەمەبەستەوە باسی خۆبەختکەریی زۆر و مل دانەواندنی پڕ بەدڵی خۆی بۆ ڕێکخراوی ئاینەکە دەکات، هەروەها بەخشندەیی، هێمنی و لەسەرخۆیی و ئازادبوون لە فەناتیزمی خۆی ڕادەگەیێنێت. ئەوانەی وا گوێیان بۆ ئەو مامۆستا مەزنە ڕاگرتبێ، واتای بێ فیزیش تێ گەیشتوون و بەو حەقیقەتەیان زانیوە کە هەموو شت بە خواوە بەستراوە و "ئەویش هەر ئەو شتانە دەکا کە خۆی دەیەوێ."

ڕێبەرانی دەسەڵاتدار و مەلایانی خاوەن ڕێز، کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئاینی بەهایی دژایەتییان کردبوو، هەرگیز چاوەڕوانی وەڵامی وایان نەدەکرد، لەبەرئەوەی کورد بەمیوانداریییەوە ناسرابوو و هەروەها بەتوانای خەبات و لایەنگریی سەرڕەقانەی ئەو ئاینانەوە دەناسرا کە لە ئاینی زۆرایەتیی خەڵکەکە جیاوازن. بەڵام هەر چۆنێک بێت، ئەوەی وا لەژێر ئەم ڕواڵەتە توندوتیژەدایە، ڕۆحێکی پەروەردەکراو و گەلێک پێشکەوتوو، ئەوینێکی قووڵی حەقیقەت و دەربەستنەبوونێکی بوێرانەی دیاردەی باوە، کە وای کردووە گەلی کورد هەر لە سەرەتای زووەوە بۆ ئەم ئاینە نوێیە کراوە بن، تەنانەت لە سەردەمی باوەوە، کە پێشڕەوی بەهائوڵا بوو.

ژمارەیەکی زۆر لە شیعەی ئێران کە باوەشیان بۆ ئاینی بەهایی کردبووەوە (و ئەم ئاینە ڕێبازی باوییش دەگرێتەوە)، وایان لە دەسەڵاتداران کرد کە باو لەو ناوچانەی وڵات کە کوردانی سونەی تێدا دەژیان، زیندانی بکەن، کە لایان وابوو خەڵکەکەی زەوقیان لە فێرکردنەکانی ئەو نەبێت. ئەوان لەوە باش تێ نەدەگەیشتن کە دڵسۆزیی ئەوان لە پێناو ئیسلامدا، بۆ ڕێبازی بەهاییشی ئامادە کردبێتن. حیکایەتی عەلی خان، پارێزەری کوردی قەڵای ماکۆ، ئەو شوێنەی وا باوی تێدا زیندانی کرابوو، تەنیا یەک نموونەیە.

گەرچی عەلی خان لە ئەسڵدا و بەڕواڵەت، شێوازی کارەکەی دڵڕەقانە بوو، بەڵام لە دەروونەوە میهرەبان بوو. شەوێکیان لە خەودا حەزرەتی محەمەدی بینی و بەگوێرەی ئەزموونی دواتریش، کە هەمان ئەو خەوە هیدایەتی کردبوو، لە پڕ باوەڕی بە هێزی ڕۆحانیی باو هێنا.[٣٠] عەلی خان لەوە بەدواوە خۆی بەتەواوەتی بەختی باو کرد. دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بەگشتی کورد بوون و ئەوانیش خۆیان بەختی باو کرد. تێگەیشتنی ئەوان لە حەقیقەتی کەسێک کە پێشینەی بەتەواوەتی لەوان جیاواز بوو، نیشاندەری ڕاستگۆیی، تێگەیشتنی وریایانە، دلێری و سینگ فراوانیی ئەوان و هەروەها هێزی ڕۆحیی باوە.

خەڵکانێکی زۆر لە دەوروبەری ماکۆ خۆشەویستیی باویان چووە دڵەوە و ئاوا بوو کە هەست دەربڕینی دڵسۆزانەی عەلی خان لای ئەو کەسانەی وا سەردانی باویان دەکرد، بەشێوەیەک بوو کە

ئیتر فەرمان هات باو بۆ زیندانێکی تر ڕاگوێزن، لە قەڵایەکی چیایی لە (چەهریق) واتە (چاری). وەک ئەوی پێشوو، پارێزگاریی ئەم زیندانەش، کە یەحیا خانی کورد بوو، خۆی بەختی باو کرد. یەحیا خان مۆڵەتی بەخەڵکانی ناوبەدەرەوە و نەناسراو دەدا چاویان بە باو بکەوێ. لە ناویاندا دەروێشێک بوو کە لە هیندستانەوە هاتبوو، دەستبەجێ باوەشی بۆ ئاینی نوێ کردبووەوە و گەواهیی دابوو کە "لەو ڕۆژانەدا کە من شکۆی (نەواب)م لە هیندستان پێ دەدا، باو لە بەرچاوم دەرکەوت، سەیرێکی کردم و دڵمی بەتەواوەتی برد. من ڕابووم و دەستم کرد بەوەی بکەومە شوێنی. چاوێکی پڕ واتای لێ کردم و گوتی: "واز لە بەرگی ڕازاوەت بهێنە، لە وڵاتی خۆت دەرکەوە، بەپەلە و بەپێیان وەرە من لە ئازەربایجان ببینە. لە (چاری) بە ئاواتی دڵت دەگەی. "من بەڕێبازی ئەودا هاتم و ئێستاش بە ئامانجم گەیشتووم."(٣١)

ئەوە سەرنجڕاکێشە کە لە گوندی چاری لە ناو گەلی کورددا بوو، وا زۆرێکیان لەسەر ڕێبازی تەریقەتن، دەروێشێکیش لە ڕێگەی دوورەوە دێت و خواستی دڵی خۆی دەدۆزێتەوە. کوردانی چاری نەک هەر سینگ فراوانییان بەرانبەر بە باو و خەڵکانی سەر ڕێبازی ئەو پیشان دا، بگرە ڕێزی زۆریشیان لە باو گرت. ڕێزی لە ڕادەبەدەریان بۆی هەبوو، هەموو ڕۆژێک داوای دۆعای بەخێریان لێ دەکرد و باوەڕیان بە هێزی ڕۆحانیی ئەو دەهێنا.(٣٢)

پێوەندیی گەلی کورد و ئاینی بەهایی گەلێک زۆرن، بەشێوەیەک کە ژماردنیان نەگونجاوە. من ئەو باسە بە گرینگترین پێوەندییەکان کۆتایی پێ دەهێنم، کە ئەویش وەک ئەوانی تر ڕیشەی لە سروشتی کراوە و سینگ فراوانیی کولتووری کوردیدایە. ئەویش بە شوێن گرینگترین ڕوخساری ئاینەکەدا دێت، واتە بەهائوڵا. ئەوەی گەیشتە ئەنجامی ئەو پێوەندییە تایبەتە زنجیرەیەک ڕووداوی دڵتەزێن بوو کە لە بابەوە دەستی پێ کرد.

بۆی هەیە لە چاونەترسیی نائاساییی (تاهیرە)وە دەرکەوتبێت کە ڕێبەرەکەی واتە باو ڕێبازی بەهێز و پارێزگەری سەردەمی خۆی بەرئاوەژوو کرد و گۆڕانکاریی گەلێک گرینگی بەسەر ئەوانەدا هێنا کە کەوتبوونە شوێن بیروباوەڕەکەی، هەموو ئەوانەش بۆیە بوو کە ڕێگە بۆ زانیارییەکی تەواو نوێ خۆش بکا وا بەڵێنی دابوو لە ساڵی (٩)دا بە مرۆڤایەتی بدرێ. بەم پێیە، ئەرکی ئەو کورت بوو بەڵام (وەک ئەستێرەی کشاو) بریقەدار بوو.(٣٣)

کاتێ دەسەڵاتداریەتی تێ گەیشت کە هیچ شتێک، تەنانەت زیندانی تاقە کەسیی ماکۆ و (چاری) یش ناتوانێت بەر بەخۆشەویستی ئەو لای خەڵک بگرێ، بڕیاریان دا کە دەبێ بکوژرێت. فەرمان بۆ والیی ئازەربایجان دەرچوو کە باو ببات بۆ تەورێز و لەوێ بەبەرچاوی خەڵکەوە لە قەنارەی بدا. پێش ئەوەی کە ناوبراو لە (٩)ی مانگی جوولای ١٨٥٠دا لە بەرچاوی هەزاران کەس بکوژرێت، ڕووداوێکی سەیر قەوما.

باو و یەک لە هەوادارەکانی بەگوریس بەدیواری سەربازخانەیەکەوە بەسترانەوە و فەوجێکی (٧٥٠) کەسی چەکداری ئەرمەنیی عیسایی هێنرانە ئەوێ بۆ ئەوەی تاقمی تەقە لێکردنیان لێ پێک

بهێنرێ. کەڕەنێڵی فەوجەکە، کە ناوی (سام خان) بوو نەیدەویست فەرمانی تەقە لێکردنی بدات، لەوە دەترسا کە غەزەبی خوای بەسەردا ببارێ. دەگوترێ باو ئەم متمانەیەی پێ دا: "فەرمان بەڕێوە ببە و ئەگەر نیەتت چاک بێت بە دڵنیایی، خوای مەزن دەتوانێت لە سەرلێشێواوی ڕزگارت بکا."

گەلێک شایەد ئاماژەیان بۆ ڕووداوەکانی دوایی کردووە. فەوجەکە بە ڕیز وەستان و (٧٥٠) تفەنگ تەقین. دووکەڵی تفەنگی تەقیو پەردەیەکی تاریکی بەسەر گۆڕەپانەکەدا کێشا. کاتێ کە دووکەڵ ڕەوییەوە، بینەرانی سەرسووڕما و هاوڕێکەی باویان بینی بەتەنیشت دیوارەکەوە وەستابوو؛ باو لە بەرچاوان ون بووبوو! ئەو گوریسەی وا هەردوو کەسەکەی پێ هەڵاوەسرابوون پسا بوو. دوای گەڕان و توێژینەوە دەرکەوت کە باو هەر لەو ژوورەدایە وا شەوی پێشتر لەوێ ڕاگیرابوو، بەهێمنی خەریکە دوایین فەرموودەکانی بەکاتیبەکەی خۆی دەدا.[٣٤]

ئەمە دەقی ئەو قسانەیە وا ئەو زیندانییەی وا بەخواستی خوایی پارێزراوە، لەگەڵ دەرکەوتنی فەڕاشباشی پێی دەڵێت: "من لەگەڵ سەید حوسێندا قسەم تەواو بوو، ئێستا دەتوانی خواستی خۆت بەڕێوە ببەیت."[٣٥]

فەڕاشباشی دەستبەجێ شوێنەکەی بەجێ هێشت و سام خان بەرپرسیایەتیی گولەبارانکردنەکەی دایە دواوە. کەڕەنێڵێکی تر هاتە پێشەوە. باو و لایەنگرەکەی بەهەمان شێوەی پێشوو بەدیوارەوە بەسترانەوە. تاقمی تەقە لێکردن ئەمجارە لەشی هەردووکیانی شپرزە کرد بەڵام دەموچاویان نا. دوایین قسەی باو ئەمانە بوون: "ئۆف، ئەی نەوەی سەرچڵ! ئەگەر باوەڕتان بە من بوایە هەمووتان دەکەوتنە شوێن نموونەی ئەم لاوە، کە لە ڕیزی سەرەوە دانیشتووە و بە خواستی خۆی سەری لە پێناو ڕێبازی مندا داناوە. ڕۆژێک دێت کە ئێوە من دەناسن؛ ئەو ڕۆژە ئیتر من لە ناوتاندا نەماوم."[٣٦]

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، نزیکەی سێ ساڵ دوای شەهیدبوونی باو و لە (٩)یەمین ساڵی بەڕێوەبردنی ئاینەکەیدا، پەیامی بەهائولڵا لە خۆی ئاشکرا بوو، گەرچی ناوبراو ئەرکی پەیامنێریی (شێخ ئەحمەدی ئەحسایی) بەڕێوە دەبرد، کە بریتی بوو لە "دوو دەرکەوتن (ظهور)" کە "بە خێرایی بەدوای یەکتردا دێن."[٣٧] هەر لە سەرەتای ئاینەکەوە، پێوەندییەکی پڕ ڕەمز و ڕاز لە نێوان باو و بەهائولڵادا بووە. نیشانەکانی ئەم پێوەندییە گەلێک لەوە زیاترن کە لێرەدا دەستنیشان بکرێن، بەڵام بەهائولڵا دەستبەجێ دوای باو ڕابوو، بوو بە گرینگترین پارێزەری هزری وی. باو بەناوی نوێی بەهائولڵا بانگی کرد و نووسراوێکی بێ هەژماری لەلا ئاشکرا کرد کە تێیاندا بە "کەسێک" ناوبرا، کە "خوا خۆی ئاشکرای دەکا."

بەهۆی دڵڕەقییەکانی پێش شەهیدبوونی باو و داکۆکیکردنی بەهێزی بەهائولڵا لەو لایەنگرانەی خۆی کە باوی بوون، کار گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەوروبەری دوو ساڵ دوای ڕووداوەکە، بەندی بکرێت و بخرێتە سیاچاڵ، واتە ئەشکەوتێکی بۆگەنەوە کە یەک لە عەمباراوەکانی شاری تاران

بوو. زیندانیبوونی بەهائوڵا لە سیاچاڵ، لە سەردەمێکدا ڕووی دا کە هەوڵی تیرۆری گیانی شا، درابوو و تاهیرە و زۆرێک لە باوییەکان سەرەڕای بێ تاوان بوون، گیرابوون و کوژرابوون.

ئەویان بەزنجیر بەستەوە و لە گەرمای گەلاوێژدا بەسەری ڕووت بردیانە شوێنەکە، لەوێش زنجیر لە مل ڕایان گرت. کارتێکەریی ئەو زنجیرە گرانە لەسەر ملی بەڕادەیەک بوو کە بۆ هەموو پاشماوەی تەمەنی لەگەڵیدا مایەوە. لەناو ئەو کونە بێ دەرگە، دوورە ڕووناکی و پڕ لە بۆگەنەدا بوو کە یەکەم نیشانەی نامەکەی خۆی لێ ئاشکرا بوو:

"شەوێکیان لە خەودا، ئەم وشە شکۆدارانە لە هەموو لایەکەوە بیسترا:

"بە ڕاستی، ئێمە دەبێ سەرکەوتوویی تۆ لە خۆت و قەڵەمت داوا بکەین. خەمی تۆ بۆ ئەوە نییە کە چی لە خۆت قەوماوە، بۆ ئەوەش نییە کە لێت بترسم، لەبەرئەوەی تۆ لە سەلامەتیدای. زۆر پێش ئەوەی خوا گەنجینەکانی زەوی بەرز بکاتەوە، ئەو مرۆڤانەی وا لە ڕێگەی خۆت و ناوی خۆتەوە یارمەتیت دەدەن، خوا دڵی ئەوانەی وا ئەویان ناسیوە بەچی دەبووژێنێتەوە."(٣٨)

بەهائوڵا دوای چوار مانگ لە سیاچاڵ ڕزگار کرا. بەڵام موڵک و ماڵی لێ زەوت کرابوون و مۆڵەتی مانەوە لە ئێرانی پێ نەدەدرا. لە چلەی زستاندا لەگەڵ ژن و منداڵی کەم تەمەنی و چەند دۆستێکی بەرەو بەغدا، وەڕێ کەوتن، تاراوگەیەک کە لە وڵاتی خۆی دوور بوو؛ تەندروستییەکەی بەهۆی ئەو ئەشکەنجە و بێ بەشییەی وا بەسەریان هێنابوو تەواو تێک چووبوو، تواناکانی بۆ وەفریاهاتنی پاشماوەی کۆمەڵگەی باویی کەم بووبووە و پەیامەکەی جگە لە خۆی بۆ کەسی تر ناسراو نەبوو. ئەو تێکۆشەرە ماندووبینەناسە، دوای چەند مانگ سەفەر بەچیاکانی ڕۆئاوای ئێراندا گەیشتە خاکی کورد و لە قۆناغێکدا لە گوندی (کرند) حەسایەوە، شوێنێک کە حاکم، واتە حەیاتقوڵی خانی "سەر بە ئایینی عەلیەڵاهی" میواندارییەکی "گەرم و بەتین"ی دەرکراوەکانی کرد و بەهائوڵاش بە دڵاوایی و خۆشەویستییەوە وەڵامی دایەوە.(٣٩)

لە قۆناغی دواتردا، دانیشتوویکی شاری (خانەقی) لەسەر سنووری ئێران و نەزۆر دوور لە (کرند)ەوە، گەورەترین کارە سۆفیایەتییەکانی بەهائوڵای وەرگرت. بەڵام هەر چۆنێک بێت، من تەنیا دەستنیشانی ئەو ڕووداوە ناکەم، بگرە ئاماژە بەچاوپێکەوتنێکی تر لەگەڵ خەڵکی کورد دەکەم، ڕاست لە ناوچەرگەی کوردستان. هەموو پێغەمبەرانی خوا پێش ئەوەی پەیامی خوایی لە مرۆڤ ئاشکرا بکەن، شوێنێکیان بۆ خەڵوە و بیرکردنەوەی قووڵ هەڵبژاردووە. مووسا دەچووە بیاوانی "پاران". عیسا چل ڕۆژ و چل شەو لە بیاوان مایەوە. بوودا چەندان ساڵ لە بیرکردنەوەدا بوو، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هیندستان دەخولایەوە. محەمەد لە ئەشکەوتەکانی چیای حەڕادا نیشتەجێ بوو.

شوێنێک کە بەهائوڵا بۆ خەڵوە و بیرکردنەوەی تەنیا هەڵی بژارد (سلێمانی) بوو. ئەوەی کە بەهائوڵا بۆچی کوردستانی هەڵبژارد، وەک ڕەمز و ڕازێک ماوەتەوە. بەڵام وەک ڕووداوەکان دەری دەخەن، خەڵکی ئەوێ بەڕادەیەک تێگەیشتوو بوون کە هێزی ڕۆحیی لە ڕادەبەدەری ئەویان

ناسیبوو، ئەوەندەی پێیان دەكرا لێی نزیك دەبوونەوە و لەو سەرچاوە نوێیەی زانیاری كە كەوتبووە بەردەستیان كەڵكیان وەردەگرت. جا بەم هۆیەوە، كوردستان لە مێژووی بەهائییەتدا گرینگایەتییەكی زۆری هەیە و بۆ هەردەم لەلایەن بەهاییانی جیهانەوە ڕیزی لێ دەگیرێت. چیرۆكی مانەوەی بەهائوڵا لە سلێمانی بەرپەرچی ئەو باوەڕە دەداتەوە كە كوردستان ناوچەیەكە لە باری زانیاری و ئاڵۆزیی (بیر)ەوە كورتی دەهێنێ. لە ڕاستیدا، حەقیقەت پێچەوانەی ئەوەیە: ئەگەر خەڵكی كوردستان تەنیا لە ڕێگەی دوو یا سێ دێر نووسراوەی ئەوەوە پەی بە گرینگایەتیی كەسێك ببەن، چلۆن دەتوانرێ بگوترێ كوردستان شوێنێكی پێ نەگەیشتووە؟ ئەگەر هەر ئەو خەڵكە بۆ گەڕان بەدوای ئەو كەسایەتییە گرینگەدا بچن بۆ چیا و بە زەوقەوە لە بیر و بۆچوونەكانی بكۆڵنەوە، كێ دەتوانێت ڕێزگرتنیان لە زانست و فێربوون بەژێر لچەوە بكا؟ لەسەر هەموو ئەوانەشەوە، چۆن كەسێك دەتوانێت مێشك كراوەییان بداتە دواوە، كە بایەخیان بەقسەكانی ئەو دەدا، لە كاتێكدا كە ئەو قسانە لە نەریتی ڕابردووی خەڵكەكە جیاواز بوون. خەڵكەكە شیعرەكانی ئەویان لەگەڵ هی نووسەرانی گەورەی كلاسیكدا بەراورد دەكرد و داوای ڕوونكردنەوەكانی ئەویان سەبارەت بەپرسیارە فەلسەفەییە كۆنەكان و بیرۆكە ئاینییەكان دەكرد و خوازیاری بیستنی زێتر و زێتری قسەكانی بوون. لە ڕاستیدا، ئەوە شتێك نییە لە بیر بكرێ و نیشانەیەكە بۆ توانای ڕۆحی گەلێ زۆریان كە ئەوان، وەك دەیبینین، دەیانتوانی ئەوە لێك بدەنەوە كە بەهائوڵا پێش ئەوەش هەڵوێستی خۆی ئاشكرا بكا، خاوەن شوێنایەتیی پێغەمبەری بوو.

وا هەیە گرینگترین تایبەتمەندیی گەلی كورد لە كاری وەڵامدانەوەی بەهائوڵادا ئەو جیاوازییە بێت كە لەگەڵ خەڵكانی تردا هەیانە و لەبەر هۆكاری ئامادەیی و بەخشندەییان، دەبێ بتوانن بەهەمان ڕوانگەی ڕۆحییەوە كە پێیان گەیشتووە، ڕاپەڕن یا لانی كەم بەدادپەروەرییەوە بجووڵێنەوە. بەڵام، دوای ئەو چاوپێكەوتنە دڵخۆشكەرەی لەگەڵ خەڵكی سلێمانی، كوێرەوەرییەكان وەها زۆر و ناتەباییی وەها پەرەئەستێن بوو كە بەرەو ئەوەیان برد بەتەواوەتی خۆی لە كۆمەڵگە دوور بخاتەوە.

لەو خەم و خەفەتەدا بوو كە لە دەپی (لەوحی) قلوعت طعام دا نووسی: "دەریایەكی خەم دای گرتووم، كە هیچ كەس ناتوانێت دڵۆپێكی لێ بخواتەوە. خەفەتیشم بە شێوەیەكە ڕۆحم نزیكە لە لەشم جیابێتەوە." و " كەماڵ! گوێ بدە دەنگی ئەم تەنیایە ئەو مێرووله بەجێماوەی كە خۆی لە كونێكدا شاردووەتەوە و دەیەوێت لە ناوتان بڕوات و لە بەرچاوتان ون بێت، لەبەر ئەو شتەی وا دەستی مرۆڤ خوڵقاندوویەتی. خوا خۆی بێگومان شایەدی نێوان من و خزمەتكارەكانیەتی."(٤٠)

بەهائوڵا دەوروبەری ساڵێك دوای گەیشتنە بەغدا، لە ڕۆژی ١٠ی ئاپریلی ١٨٥٤دا ئەوێی بەرەو سلێمانی بەجێ هێشت. كەس، تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەكەشی ئاگەداری ڕۆیشتن و هەروەها ئەو شوێنە نەبوون كە نیازی بوو بچێتێ. بەجلوبەرگی دەروێشێكی گەڕۆكەوە، لە كوردستان ناسنامەی خۆی بەتەواوەتی شاردەوە. خۆی بە ناوی "دەروێش محەممەد" ەوە ناساند و ژیانی خەڵوەی لە

بیاوان و چیاکاندا بۆ خۆی هەڵبژارد و وەرزێران "لە ساڵدا تەنیا دووجار" چاویان پێی دەکەوت، ئەویش لە کاتی داچەندنی تۆو و هەڵگرتنی خەرماندا."[٤١]

بەهائوڵا خۆی لە باسی ئەو ڕۆژانەدا نووسیویە.... ئێمە خۆمان بردە چیاکانی کوردستان و لەوێ ماوەیەک ژیانێکی بەتەواوەتی دابڕاومان هەبوو. پەناگەمان لە لووتکەی چیایەکی دوور بوو کە سێ ڕۆژەڕێ لە شوێنی نیشتەجێی مرۆڤ دوور کەوتبووەوە. حەوانەوەی ژیان بەگشتی هەڵگیرابوو. بە تەواوەتی لە شوێنگرەکانمان دابڕابووین....[٤٢]

ئەوە یەک لەو نزایانە (دوعایانە) وا بەهائوڵا لە ماوەی ژیانی تەنیایی خۆیدا نووسویەتی:

"خوایە! دڵێکی گەورە لە لەشمدا بخوڵقێنە و ویژدانێکی ئارام لە دەروونمدا. هیوایە لە ڕێگەی هێزی ڕۆحەوە پەسندی من بکەیت لە ڕێگەی خۆتدا ئەی خۆشەویستترینم و بە ڕۆناهیی خۆت لە ڕێبازی خۆتدا شکۆ بخەیتە سەرم. ئەی خوای خۆشەویستم! بەهێزی لە ڕادەی تێگەیشتنی ئێمە بەدەری خۆت، لە بەهەشتی پیرۆزی خۆتدا ژیانم پێ بدە. ئەی سەرچاوەی بوونم، کە خوای منی، بەنەفەسی هەمیشەیی خۆت شادمانم بکە! با نەوای هەمیشەیی تۆ بەختەوەریم بۆ بنێری. ئەی هاوڕێم، با سامانی رووی دێرینت لە هەمووان جگە لە خۆتم دوور بخاتەوە، ئەی سەروەرم، با شەپۆلی ئاشکراکردنەکانی جەوهەری لە فەوتان نەهاتووت شادیم بۆ بهێنێ. ئەی ئەوەی وا بوونی هەموو بوونێک و شاراوەی هەموو شاراوەیەکی!"[٤٣]

شەوێکیان شێخێکی سلێمانی، کە خاوەنی موڵکێکی نزیک چیاکان بوو، حەزرەتی محەمەدی هاتە خەون و پێی گوترا کە بەشوێن دەروێش محەمەددا بگەڕێت. شێخ فەرمانی حەزرەتی بەڕێوە برد و بەهائوڵای دۆزییەوە. ئەو ڕووداوە بەتەواوەتی کۆتایی بە ژیانی تەنیایی بەهائوڵا هێنا. بەماوەیەکی کەم دوای ئەم چاوپێکەوتنە، ڕێبەری تەریقەتی خالیدیە سەردانی بەهائوڵای کرد. شێخ ئیسماعیل، تکای لێ کرد لە شارێکی نزیک، واتە سلێمانی بمێنێتەوە، "ناوەندێکی فێربوون... کە بە بەهرەی زگماکیی زۆرەوە ناسرابوو و بەتەکیە نوێکراوەکانیەوە و بەهۆی پێوەندییەکانیەوە لەگەڵ سەڵاحەدینی ئەیووبی و کوڕوکاڵی ئەو" کە لەوێوە ڕاڤەوانی ناسراوی زۆری ئیسلامی سونە سەریان هەڵدابوو و پەیڕەوەکانی ئەویان بە وانە دەگوتەوە..."[٤٤]

گەرچی سەرنجی شێخ ئیسماعیل و شێخانی تری تەریقەتی نەقشی و قادری بەهەڵکەوت بەرەو بەهائوڵا ڕاکشا، شایەدێکی متمانە پێکراو[٤٥] لە کاتێکدا کە بەهائوڵا لە تەکیەی مەولانا خالیددا دەژیا، هاتە سلێمانی و گەواهیی دا کە ئەو شێخە ناسراوانە و لایەنگرانی بێ هەژماریان هەموو خۆیان بەختی ئەو کردووە. خۆشەویستیی بەهائوڵا، دڵڕفێنییەکەی، ڕوانگەی، و تێگەیشتنی لە دیاردەی نادیاری ئاینی و فەلسەفی "ژمارەیەکی زۆر لە زانایان، مامۆستایان، شێخان، دوکتۆران، پیاوانی پیرۆز و بەگزادان، کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی سلێمانی و کەرکووکدا بەشدارییان کردبوو،[٤٦] هەروەها ئەوانەی وا شەوقی چوونە لای و سوود وەرگرتن لە زانست و عەقڵی ئەویان هەبوو، "ڕێز و ئیحتیرامیان بۆی تا ڕادەیەک بوو کە هەندێک کەس بەیەکێ لە "شەخسە غەیبی"

یەکانیان دەزانی و کەسانێکی تر وەک کارامەی بواری کیمیا و زانستی خەمڵ لێدان حیسابیان بۆ دەکرد و ئەوانی تر پلەی "تەوەری کائینات"یان دەدایە، کەم نەبوون ئەوانەی وا بووبوونە لایەنگری و تا ئەو شوێنە دەڕۆیشتن کە باوەڕیان وابوو ڕادەی کەمتر لە ڕادەی پێغەمبەران نییە. کورد، عەرەب و ئێرانی، خوێندەوار و نەخوێندەوار، بەرز و نزم، لاو و پیر، کە دەیانناسی بەهەمان ڕێزی زۆرەوە سەیریان دەکرد...."[٤٧]

جوانترین نووسراوە و ڕوونکردنەوەی بەنرخی ئەو، وەڵامی شازی وردبینانەی خەڵکی کوردستان بۆ بەهائوڵای بەدوادا هات. ئەم لافاوی ئاشکراکردنە لە کوردستان سەرڕێژی کرد و لە بەغدا درێژەی کێشا. ڕۆژێکیان کە هێشتا بەهائوڵا لە سلێمانی بوو، شێخ ئیسماعیل و فەقێکانی داوایان لێ کرد راڤەی هەندێک بەشی ئەستەمی کتێبی (الفتوحات المكية)ی سۆفی ناوداری ئەندەلووسی، (ابن العربي) بکا. لە چەند دەرفەتدا ئاڵۆسکاویی هەندێک بەشی ئەستەمی کتێبەکەی بۆ ڕوون کردنەوە. زانیاریی ئەو سەبارەت بەسۆفیایەتی، کارێکی وای کردە سەر سۆفییەکان کە داوایان لێ کرد چامەیەک لەسەر هەمان شێوازی (التائية الكبري) ی (ابن الفارض) - سۆفی و شاعیری ناسراوی لەدایکبووی میسر بهۆنێتەوە، کارێکی لێهاتووانە کە بەبۆچوونی ئەوان هیچ کەسێک تا ئەودەم نەیتوانیبوو بەرهەمی بهێنێ.

بەهائوڵا چامەیەکی ٢٠٠٠ بەیتیی بەعەرەبی هۆندەوە، بەڵام تەنیا ١٢٧ بەیتی هەڵبژارد و دایە سۆفییەکانی سلێمانی. دوای خوێندنەوەی چامەکەی "هەڵبەستی بولبولی بەهەشت"، سۆفییەکان پەسندی ئەوەیان کرد کە لەلایەنی خەیاڵ و بەلاغەت و هەروەها ناوەڕۆکەوە، وەپێش (التائية الكبري) کەوتووە.

لە چامەکەدا، بەهائوڵا باسی ئەو ئازارانە دەکا کە زۆر خراپ تووشی خۆی هاتبوون: "تۆفانی نووح هیچ نییە جگە لە ڕادەی ئەو فرمێسکانەی وا من ڕشتوومە، ئاگری ئیبراهیم هەڵچووی گیانی منە، خەمی یەعقووب هیچ نییە مەگەر تیشکدەرەوەی خەفەتەکانم و کارەساتی ئەیووب بەشێکە لە لێقەوماویی من."[٤٨]

رووی ناسراوی ئەم شیعرە ئەوەیە کە بەهائوڵا تێیدا وتووێژ لەگەڵ فریشتەیەکی ئاسمانیدا دەکا، عازەبێکی بەهەشتی، کە لە ڕاستیدا ڕۆحی خوایە. بە پێچەوانەی (ابن الفارض)، کە لە شیعرەکەیدا وێ دەچێت لایەنی چەمکی (وحدة الوجود)ی گرتبێت (واتە باوەڕ بەوەی کە هەمووان، بەپەروەردگار خۆیەوە، لە یەک مادە خوڵقاون)، بەهائوڵا جەخت دەکاتە سەر دەرکەوتنی خوا لە مەودای فەرماندا، کە خانەی پێغەمبەرانە.

دوای گەڕانەوەی بەهائوڵا بۆ بەغدا، خەڵکی کوردستان کە خۆیان بەختی ئەو کردبوو، زۆرێکیشیان ڕێبەرانی ئاینی کورد بوون، ژمارەیەکی زۆر لە "زانایان و سۆفیانی بەرەگەز کوردی هەردوو تەریقەتی قادری و خالیدی" کەوتنە شوێنی.[٤٩] ئەو خۆبەختکردنەی ئەوان سەرنجی مەزن پیاوانی بەغدای ڕاکێشا، کە "ابن الالوسي" موفتی بەغدا، شێخ عەبدولسەلام، شێخ عەبدوقادر

و سەید داودی بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە زانستی خوایی و کەسایەتیی بەهائوڵڵا زیاتر و زیاتر کاری لێ دەکردن، هاووڵاتییەکی بەناوبانگی زۆر و ڕێبەرانی ناو شار لەگەڵ ئەوان کەوتن و بوون بە لایەنگری بەهائوڵڵا. هەموویان خوازیاری هاودەنگیی ئەو بوون و هەر پرسیار یاخۆ تەنگوچەڵەمەیەکیان هەبوایە دەیانخستە بەردەمی ئەو.

لەو کوردانەی وا لەو قۆناغەدا پێوەندییان لەگەڵ بەهائوڵلا بەست، دوو وکەسیان بەهۆی ئەو پرسیارانەی وا ئاراستەی بەهائوڵڵایان کرد و وەڵامیان وەرگرتەوە، هەرگیز لە بیر ناچنەوە. لە (چوار دۆڵ)دا بەهائوڵڵا وەڵامی شێخ عەبدوڕەحمانی کەرکووکی(*) دەداتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەسەفەری ئەو بۆ شاری سنە کراوە و ناوەکەی وا دەردەخات کە خەڵکی کەرکووک بووبێت لە کوردستان. شێخ عەبدوڕەحمان، کە دەگوترێت "لای کەم سەد هەزار کەس لایەنگرانی "خۆبەختکەری بوون"، ڕێبەری تەریقەتی قادری بووە.[٥٠]

ناوبراو لەو ڕۆحە پەروەردەکراوانە بووە کە بەهائوڵڵای زۆر خۆش ویستووە و لەو سەردەمەدا کە بەهائوڵڵا لە سلێمانی بووە ملی بۆ کەچ کردووە. میهرەبانی و شکۆ و خۆشەویستی و ناسک هەستی و لەگەڵ ئەوەشدا وشیارکەرەوەییی بەهائوڵڵا بەرانبەر بە شێخ عەبدوڕەحمان، هاوڕێ لەگەڵ کۆکی و پێکەوە گونجانی خاوەن شێوازی ناو نامەکە، گەلێک هەست بزوێنە.

بەهائوڵڵا لە یەک لە نووسراوەکانیدا بەناوی (هەفت دۆڵ)، وەڵامی "شێخ محێدین" – داوەری شاری خانەقی دەداتەوە.[٥١] شەوقی ئەفەندی، لە کتێبی خۆیدا بەناوی" خوا بەوێدا تێپەڕ دەبێت" دەڵێ "وا هەیە ئەم نامەیە وەک گەورەترین پەخشانی بەهائوڵڵا سەیر بکرێ." لە (هەفت دۆڵ)دا بەهائوڵڵا شکۆ دەداتە پێگەی محەمەد و ئاگەداری ئەوە دەکاتەوە کە ڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو وەحدەتی سۆفیانە بۆ کەسانێک نەبەستراوە کە لەبەر چرای دەرکەوتنی خوادان. ئەو بە ڕێز لێگرتنی میهرەبانانە و هەندێک جاریش بە وشەی (ئەی پایە بەرز)، هەندێک جاریش وەک (ئەی خۆشەویست) و جارجاریش وەک (ئەی برا) ڕوو دەکاتە شێخ محیەدین. بەهائوڵڵا پێی دەڵێت ئەو ئەزموونی سۆفیایەتییەی وا خوازیارەکەی پەیدای دەکا بریتییە لە تێگەیشتنی خوا: "لە تۆی پایە بەرز ئاشکرایە کە هەموو چەشنە جیاوازییەکی جیهانیبوون (وجوود) کە ڕێبواری ڕێ لە قۆناغەکانی سەفەریدا چاوی پێیان دەکەوێ، لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیانبینێ."[٥٢]

هەموو ئەوانە و تێگەیشتنی حەقیقەتی ئاوەزینی تریش لە بارودۆخی مرۆڤایەتیی ئێمە سەرهەڵدەدەن، ئەو کەرەسە سەرسامهێنەی وا خوا پێی داوین بۆ ئەوەی بیناسین. بەڵام، "خوا، لە گەوهەری خۆیدا، پیرۆزە و لە ژوور بنەچە و نەوە، شوێنی چوونە ژوورەوە و چوونە دەرەوەیە؛ ئەو بەهەموو ئەزەلییەتدا تێپەڕ بووە و بێ پێداویستی ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دەیانخولقێنێ و بۆ هەرگاڤ وا دەمێنێتەوە. هیچ مرۆڤێک تا ئێستا نەیناسیوە؛ هیچ گیانێک ڕێگەی وجوودی ئەوی نەدۆزیوەتەوە. هەموو عاریفان لە سەحرای ناسینی ئەودا ون بوون..."[٥٣]

ئەوەی وا بەتایبەت سەرنجڕاکێشە ئەو کاتەیە کە بەهائوڵڵا ڕوونی دەکاتەوە بۆچی قسەی

گوتراوی پێشینیان (دووپات) ناکاتەوە؛ بچووکیی خۆی دەردەخا و پەسندی بەستراوەییی تەواوی خۆی دەکا بە خواوە:

خواستی ئێمە بۆ دووپاتنەکردنەوەی قسەکانی ئەوان لە ڕووی شانازی و غرووڕەوە نییە، بگرە دەرکەوتنی وەهب و نیشاندانی وەفادارییە.

ئەگەر (خدر) لەسەر دەریا بەلەمەکەی خۆی شکاند،

لەو هەڵەیەشدا هێشتا هەزار ڕاستی هەیە.

دەنا، ئەم خزمەتکارە خۆی بەکەسێک دەزانێ کە بەتەواوەتی ون بووە و وەک هیچێک، تەنانەت لەلای خۆشەویستێکی خواش، چەندە کەمترە لە حوزووری پیرۆزی ئەو. گەورەیی بۆ خوای تەبارەک وە تەعالایە![٥٤]

پەراوێزەکان:

(١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٧٩٨)، بەگوێرەی وەرگێڕاوی فەرنسایی، مەم و زین، ل٣ ٢٣. لە وەرگێڕاوی ئەلێکسی و حەسەندا هاتووە:

Si tu memprisonnes cent années,/ Je ne perdrais pas lespoir de tatteindre

(٢) عبدالله صحیح فروش، استدلالیە برای اهل حق (١٩٦٦)، وەک لە کتێبی هـ. م. باڵیۆزی بە ناوی "بەهائیانی گرینگی سەردەمی بەهائولا هاوڕێ لەگەڵ هەندێک پێشینەی مێژوویی" (١٩٨٥)، ل ٣١٨دا هاتووە.

(٣) مارپا ڕووپ، "تاهیرەی پاک"، چاپی دوای پێداچوونەوە (١٩٨١)، ل. ٤٥. لە بنەڕەتدا نووسەر خۆی بەم ناوە چاپی کرد: تاهیرەی پاک، گەورەترین ژنی ئێران، کراچی، ١٩٣٨.

(٤) بڕوانە: عەبدولبەها، هەڵبژێرراو لە نووسینەکانی عەبدولبەها، ژمارە ٢٢٧، ل ٣٠٢.

(٥) وەک لە نووسینی مارپا رووپدا ڕاگوێزراوە، لا ٦٥– ٦٦.

(٦) چاوپێداخشاندنێکی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی نوێی عێراق (دواتر وەک نامیلکەیەک بەناوی "قرەالعینیان ئاوا کوشت" بڵاو کرایەوە)، بەشی ٢ (ئیرشاد، بەغدا، ١٩٧١)، ل. ١٩٠ بڕوانە پاشکۆی ٦.

(٧) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٧٥.

(٨) عەبدولبەها، یادەوەریی وەفا (١٩٧١). ل ١٩٤.

(٩) وەک مارپا ڕووپ ڕایگواستووە، ل٦٢.

(١٠) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٧٥.

(*) بۆ خوێندنەوەی کۆپییەکی ئەم شیعرە، بڕوانە کۆتاییی هەر ئەم بەشە.

(١١) شێخ محەمەد ئیکبار، جەوادنامە، وەرگێڕاو لە فارسییەوە بە سەرەتا و یاداشتی ئا. ج. ئاربری، (١٩٥٦)، ل ٩٢.

(١٢) بەهائولا، حەوت وادی (١٩٧٣)، ل ٤١.

(١٣) پەراوێزی ٢، کە ئاماژە بە (حەزرەتی) محەمەد مستەفا دەکا، ل ١١١، لە کتێبی "نبیل الاعظم"

(محەمەد زەرەندی) بەناوی شەبەق شکێنان،: گێرانەوەی نەبیل لە ڕۆژانی شۆڕشی بەهایی، وەرگێڕاو لە فارسی و ئێدیت کردنی شەوقی ئەفەندی (١٩٧٤)، ل ٢٧٢ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٢دا چاپ کراوە.

(١٤) شەبەق شکێنان، ل ٢٧٢.

(١٥) بۆچوونەکانی باڵیۆزی لەمەڕ ئەوەی تاهیرە لەو سەردەمەدا کە لە بەغدا بوو یەک لەو لەوحانەی پێ گەیشتبوو و لەوێ کەڵکی تەواوی لێ وەرگرتبوو (باب، پەیامبەری ڕۆژی ڕۆژان (١٩٧٣)، ل ١٦٣).

(١٦) پەراوێزی ٣، کە ئاماژە بە (حەزرەتی) محەمەد مستەفا دەکا، ل ١١٢، لە شەبەق شکێناندا، ل. ٢٧٢دا.

(١٧) ماریا ڕووپ، ل ٦٠.

(١٨) وەک لە ماریا ڕووپ لا ١٢١-١٢٢دا دەستنیشان پێ کراوە.

(١٩) ئەحمەدی خانی، مەم و زین (دێری ١٨٢٢ -١٨٣٣)، وەرگێڕاو لەبەر (تەرجەمەی) فرەنسایی، ل. ٢٣٦,٩

(٢٠) بەهائیانی ناودار، ل. ٣٢١ (دەبێ مستەفا بەگی کوردیی شاعیری ناوداری کورد و برای سالمی سنە بێت. وەرگێڕ)

(٢١) هـ. م. باڵیۆزی، بەهائوڵا: شای شکۆدار (١٩٨٠)، ل ٤٠.

(٢٢) یادەوەرییەکانی وەفاداری، لا ٣٦- ٣٨.

(٢٣) کۆکراوەی نووسراوەکانی بەهائوڵا، چاپی دووەم، (١٩٧٦)، لا. ٣١٦-٣١٧ لەوحەکە ناوی '(وح لیلة القدس)ە، ئەدیب تاهیر زادە، درکاندنەکانی بەهائوڵا: ئادریانۆپل، ١٨٦٣-١٨٦٨ (١٩٧٧)، بەرگی ٢، ل ١٨٨.

(٢٤) وەک ماریا ڕووپ ڕای گوێستووە، ل ٦٢.

(*) هەروەها بە (شیخ محي الدین صبري الکردي السنندجي الکانیمشکاني) ش دەناسرا.

(**) کانی مشکان و سنە لە ڕۆهەڵاتی کوردستانن نەک لە باکور. (وەرگێڕ)

(٢٥) چیرۆکی دڵم (١٩٨٤)، ل ٢٩.

(٢٦) شیزوو فووتا، بەهاییەکی کەنەدەیی، ئەو بیرەوەرییەی گێڕاوەتەوە.

(٢٧) چیرۆکی دڵم، ل ٢٠٠.

(٢٨) هەمان، ل ١٠٢.

(٢٩) هەمان، ل ٦٠.

(٣٠) شەبەق شکێنان، لا ٢٥٥-٢٥٩.

(٣١) هەمان ٣٠٥.

(٣٢) هەمان ٣٠٢.

(٣٣) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٣.

(٣٤) ویلیەم س. هاچر و جەی. داگڵاس مارتین، ئاینی بەهایی: سەرهەڵدانی ئاینی جیهانی (١٩٨٥)، لا ١٨، ١٩

(٣٥) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ٥٣.

(٣٦) هەمان

(٣٧) هەمان، ل ٩٢.
(٣٨) هەمان، ل ١٠١.
(٣٩) هەمان، ل ١٠٨.
(٤٠) هەمان، ل ١١٨.
(٤١) هەمان، ل ١٢٠.
(٤٢) شەبەق شكێنان، ل ٥٨٥.
(٤٣) دۆعا و خەڵوەی بەهائولا، گردوكۆیی و وەرگێڕانی شەوقی ئەفەندی، چاپی دوای پێداچوونەوە (١٩٣٨)، ژمارە ١٥٥، ل ٢٤٨.
(٤٤) شەوقی ئەفەندی، خودا بێرەدا تێپەڕ دەبێت، ل ١٢٢.
(٤٥) شێخ سوڵتان، باوكی زاوای ئاغای كەلیم (هەمان، ل ١٢١).
(٤٦) هەمان، ل ١٢٣.
(٤٧) هەمان، ل ١٢٤.
(٤٨) وەک لە هەمان شوێندا دەستنیشان كراوە، ل ١١٨.
(٤٩) هەمان، ل ١٢٨- ١٢٩.
(*) لەوەیە حاجی شێخ عەبدوڕەحمانی كوڕی شێخ ئەحمەدی زەنگەنە بێت كە لە ساڵی ١٨٥٨ یا ٥٩دا وەفاتی كردووە. وەرگێڕ.
(٥٠) هەمان، ل ١٢٢.
(٥١) هەر ئەو كەسەی كە وا دیارە سەبارەت بە چەند شیعری دیاریكراو پرسیاری لێ كردووە (هەفت دۆڵ، ل ٢٨).
(٥٢) هەفت دۆڵ، ل ١٨.
(٥٣) هەمان، لا ٢٢- ٢٣.
(٥٤) هەمان، ل ٢٦. فەردە شیعرەكە هی جەلالەدینی ڕۆمییە.

---


## خوێنەری واتە دەبێ ئاگای لەم كتێبە بێ



**شێخ ڕەزای تاڵەبانی**

**بەپێنووسی چەند بنووسێک**

٢٥١ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٤٥٠٠ دینارە

# بێ تاوانێک لە کوردستان

یان بۆوچێک

من زۆر حەزم لە ژووری هەواڵە. لە ماوەی ٣٢ ساڵی کارکردنمدا لە ئاژانسی داو جۆنز، لە ژووری هەواڵی بچووک و گەورە کاری نووسیاری و پەیامنێریم کردووە. بەڕێوەبەری ژووری هەواڵ بوومە و ژووری هەواڵم لە سەرتاسەری ئەوروپادا دروست کردووە. بۆ من هیچ شتێک وەکو هەرای نێو ژووری هەواڵ خۆش نییە: تەلەفۆن لێ دەدا و پەیامنێرەکان هەواڵەکانیان دەنێرن و نووسیارەکان نووسیاری دەکەن، پێکەنین و قیژە و هەندێک جار هاوار، دەنگی کرتەی کیبۆردەکان و دەنگەدەنگی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن. کەسایەتیی تاکەکەسەکان بەتەواوی ئاشکرایە هەر لەو کەسانەوە بگرە کە زۆر بە ڕێکوپێکی کار دەکەن و یەک پەڕە کاغەزیش لەسەر مێزەکانیاندا نییە تا ئەوانەی ڕۆژنامە و ڕاپۆرت و بەیاننامە لەسەر مێزەکانیان کەڵەکەی کردووە. قاوە و چا و خواردنەوە گازییەکان و ئاو و بابۆڵە و کولیچە و میوە، ئەمانە هەموو تامی زیاتر دەخەنە سەر ئەو بەدواداچوونە خۆش و بێ کۆنترۆڵەی هەواڵ.

من تاسام کاتێک یەکەم جار سەردانی بارەگەی ئاکانیوزم کرد لە هەولێر. هیچ ژوورێکی هەواڵی نەبوو. لە جیاتیی ئەوە، ژووری جوداجودا لەودیو دەرگەی داخراوەوە بەسەر سێ نهۆمدا بڵاو بووبوونەوە. هەریەک لەو ژوورانە چەند مێزێکی ڕەق و ڕووتی تێدا بوو چەند کەسێکی لێ بوو کە بەبێدەنگییەکی مردووانەوە کەس نازانێ چییان دەکرد. کێ لەوانە دەیزانی چ باسە و چییان لە دەست دێ؟

ئەمە جیهانێک بوو کە من پێی ئاشنا نەبووم. کوا ئەو خۆشییە هاوبەشەی نووسینەوەی یەکەمین ڕەشنووسی مێژوو؟ من هزری خۆم گێڕایەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە من لە ڕیزی پێشەوەی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز

ژوورەکانی هەواڵدا لە ڕاچڵەکێنترین ڕووداوگەلی ژیانمدا بەسەرم بردبوو: هەوڵی سەرنەکەوتووی ڕزگارکردنی بارمتەی ئەمەریکاییەکان لە تاران، هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمەریکا رۆناڵد ریگان و پاپا جۆن پۆل، تەقینەوەی کەپسوولی بۆشاییی ئاسمانیی ئەمەریکایی چالنجەر، دارمانە شینەکراوەکەی بۆرسە لە ساڵی ١٩٨٧، دەست لەکارکێشانەوەی ناچاریی مارگەریت تاچەر، گەشەسەندن و دارمانی بازرگانیی ئینتەرنێتی، ١١ی سێپتێمبەر، ڕووخاندنی سەدام حوسێن، ڕووخانی کۆمپانیای برایانی لیمان. ئەمانە چەندان ڕووداوی گرینگ بوون کە ئێمە لە ژووری هەواڵدا هاوبەش بووین لە ڕوومالکردنی.

لە یەکەمین سەردانم بۆ ئاکانیوز، موفاجەئەی تریش چاوەڕێم بوون. هەیکەلی بەڕێوەبردن هیچ ئەزموونێکی ئاژانسیی نەبوو، هەمووان ناچار بوون بۆ هەموو شتێک بگەڕێنەوە لای بەڕێوەبەری گشتی بەدران حەبیب و ڕێنوێنی لەو وەربگرن. هەروەها یاسای توند هەبوون بۆ پێوانەکردنی کاری کارمەندەکان کە بووبووە هۆی ئەوەی کوانتیتی (ئەندازە) بەسەر کوالیتی (جۆری)دا زاڵ بێت.

من ناچار بووم بە قووڵی بیر لە داواکەی بەڕێز بەدران بکەمەوە لەبارەی ڕاوێژکاری بۆ ئەوەی ئاکانیوز بخەمە نێو دنیای نوێی ڕۆژنامەوانییەوە. گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەمی من ئەوە دەبوو کە هەوڵ بدەم کولتوورەکە بگۆڕم، وا لە ستافەکە بکەم کە وەکو ڕۆژنامەوان بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن نەک فەرمانبەرگەلێک لە بوارێکی بەرهەمهێناندا، هەروەها وا لە بەدران بکەم متمانە بە ستافەکەی بکا کە کارەکەیان بە دروستی ئەنجام بدەن نەک هەموو دەقیقەیەک کارەکەیان بە وردی ڕێک بخا.

بەشێوەیەکی بنەڕەتیتر، ئەمە مانای ئەوە بوو کە بیر لە جێبەجێکردنی شێوازێکی ڕۆئاواییی ڕۆژنامەوانی بکەمەوە، کە ڕۆڵی ئەو لە بەڕێوەچوونی دیموکراسیدا گرینگیی خۆی هەیە، لە کولتوورێکدا کە دیموکراسی هێشتا دوورە لەوەی بەتوندی چەسپابێ.

زۆر گفتوگۆی درێژ و دڵخۆشکەرمان لەگەڵ بەڕێز حەبیبدا کرد لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردی. لە کۆتاییدا گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە ئەو باوەڕێکی پتەوی بە دیموکراسی هەیە، بەڵام هەروەها گەیشتمە ئەو باوەڕەش کە دیموکراسی مەترسیی ئەوەی لەسەرە ئاخۆ دەتوانێ لەم بەشەی دنیادا سەربکەوێ یان نا. من لە دیموکراسی بترازێ هیچ شتێکی ترم نەبینیوە و بڕوام وایە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ پێشوەچوون بۆ زۆرینەی خەڵک لە هەر کولتوورێکدا. خۆ ئەوە ڕێککەوت نییە کە وڵاتانی دیموکراسی گەشەسەندووترین و ئارامترین وڵاتن لەسەر ئەم زەوینە. هەروەها وەکو پاڵپشتیکەرێک لە لادانی سەدام حوسێن من هەستم بە ئەرکێک دەکرد بۆ ئەوەی بەشدار بم لە بنیاتنانی دیموراسییەکی باوەڕپێکراو لەو خاکە تراجیدییەدا.

بۆیە، من داواکەی بەڕێز حەبیبم قبووڵ کرد و خۆم خستە ناو پرۆسەکەوە. بێگومان من بوومەتە هۆی نیگەرانی و بریندارکردنی کەسانێک بەو تێگەیشتنە کەمەی کە هەمە لەبارەی ئەو کولتوورە و

ئەو شێوازە توندە ڕۆئاواییەی خۆم بۆ گۆڕانی بنەڕەتی. زۆرجار لێک گیربوون لە نێوان من لەگەڵ بەڕێز حەبیب و ستافەکەی ڕووی دەدا. بەڵام هەردەم بە دوو هەنگاو بۆ پێشەوە و یەک هەنگاو بۆ دواوە کۆتایی پێ دەهات.

بەڵام من باوەڕم وایە کە پێشکەوتن، یان بەلایەنی کەم ئەوەی کە من پێی دەڵێم پێشکەوتن، بەدەست هاتووە. ئێستە ئاکانیوز یەک ژووری هەواڵی هەیە. هێشتا هەرای تێدا نییە بەڵام هیچ نەبێت وا خەریکە دروست دەبێت. هەیکەلێکی بەڕێوەبردن هەیە بەڵام بەڕێوەبەرەکان هێشتا پێویستە شارەزایی و متمانە بەخۆبوونی خۆیان زیاتر پێش بخەن. ئێستا ستافەکە زیاتر وەکو پیشە لە ئەرکەکەیان دەڕوانن نەک کار. کوالیتی خەریکە بەسەر کوانتیتدا سەردەکەوێ هەرچەندە هێشتا هەندێ جار شێوازە خراپە ئاسانەکە دەگیرێتە بەر بۆ هەواڵنووسین لە جیاتیی ڕێگە سەختترە باشەکە بە ژمارەی کەمتری هەواڵەوە.

ئێمە چۆن پێوانەی سەرکەوتن دەکەین لە ئاکانیوز؟ چەندان ڕێگە هەن. پێویستە بەرهەمهێنانی کوالیتی بەرز بەردەوام بێت بێ ئەوەی بەڕێز حەبیب ناچار بێت بەدرێژایی ڕۆژ دەنگ بەرز بکاتەوە. دەزگەکانی تری هەواڵ لە ئاکانیوزەوە هەواڵ وەردەگرن، یان زیاتر لەوانەیە، بیدزن لەو کولتوورەی ئێستەی میدیای کوردیدا. دەسەڵاتداران توورە دەبن کاتێک ڕۆژنامەوانانی ئاکانیوز ڕاستییەکان دەخەنە ڕوو. نووسیار و پەیامنێری جیدی دەیانەوێ کار بۆ ئاکانیوز بکەن.

لەوانەش گرینگتر، ژووری هەواڵەکە پڕ دەبێت لە هەرا کاتێک من دەڕۆم.

## گوێگرتن لەو دەنگەدەنگە!

دیموکراسی بە دەنگەدەنگە، هاووڵاتییان داواکارییان هەیە و سیاسەتوانان بەڵێن دەدەن و هەر کەسێک بۆچوونێکی لەسەر هەموو شتێک هەیە و دەیەوێ گوێ بۆ ڕایەکەی شل بکرێ. هەروەها تەکنۆلۆجیای نوێش ئاستی ئەو ژاوەژاوەی بەرزتر کردووەتەوە. ئێستە لە پێشان زۆر کەمتری تێ دەچێت بۆ ئەوەی کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی یان ئێزگەیەکی ڕادیۆیی دابنێی، هەروەها ئینتەرنێتیش وای لێ کردووە هەر نێزیکەی ببێتە خۆڕایی کە وێبسایتێک دابنێی.

ئەو دەنگەدەنگ و هەرایە زۆر گرینگە لە هەڵسووڕانی دروستی دیموکراسیدا. هزرۆکەی نوێ هەڵدەقوولێنێ و خراپەکانیش بنخاک دەکا. لە ڕێی ئەو دەنگەدەنگە ئەو خەڵکەی بەرپرسن دەزانن ئاخۆ ئەوان کارەکانیان بە باشی ئەنجام دەدەن یان نا، هەروەها ئەو تاکانەی بەهەمان شێوە بیر دەکەنەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو هەموو هەرایە زۆر بێ سەروبەرە بەڵام تا ئێستە کەس شێوازێکی باشتری پێشکێش نەکردووە بۆ ئەوەی لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکەکەی بێت وەکو ئەوەی دیموکراسی کردوویەتی کە سیستەمێکە تاکەکەس لە پێش هەمووان دادەنێ و فەرمانڕەوا دەخاتە بەر فەرمانی خەڵکەکەی.

لە سیستەمی دیموکراسیدا کاری میدیایە کە گوێ لە هەموو ئەو دەنگەدەنگانە بگرێ،

ڕاستییەکان بپاڵێوێ و بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن بڕیاری خۆیان لەبارەوە بدەن. تۆماس جێفرسن، دانەری جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمەریکا، دەڵێ "هەر کاتێک خەڵک بەباشی ئاگایان لە شتەکان بوو، ئەو کات دەکرێ متمانەیان پێ بکرێ حکوومەتی خۆیان هەبێ." هەروەها دیکتاتۆری فرەنسایی ناپۆلیۆن بۆناپارت گوتوویەتی "سێ ڕۆژنامە لە سێسەد هەزار حەربە زیاتر دەمترسێنێ"

بەڵام ئەرکی میدیای هەواڵ یەکجار سەختە بۆ جێبەجێکردن. دەرخستنی ڕاستی کارێکی زەحمەتە. هەموو کەس لایەنگیری و تێڕوانینێکی هەڵبژێری بۆ ڕاستی هەیە. هەروەها خەڵک زۆر شارەزا نین لە دەربڕین و لێک جیاکردنەوەی ئەوەی دەیزانن لەگەڵ ئەوەی پێیان وایە دەیزانن. بۆ نموونە سەیری ئەو یارییە بەناوبانگە چینییە بکەن: چرپەی چینی. لەو یارییەدا یاریکەری یەکەم ڕستەیەک دەچرپێنێتە بناگوێی یاریکەری دووەم ئەویشیان لەلایەن خۆیەوە ئەوەی کە پێی وایە گوێی لێ بووە دەچرپێنێتە بناگوێی ئەوی تریان و بەم شێوەیە تا لە کۆتادا یاریکەری کۆتایی ئەوەی گوێی لێ بووە ڕای دەگەیەنێ و زۆربەی جارەکانیش ئەنجامەکە جیاوازە لەوەی یەکەم یاریکەر گوتوییەتی.

بنچینەییترین کاری میدیای هەواڵ برێتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە گوتراوە و ئاخۆ ئەوەی کە گوتراوە ڕاستە یان نا. کاری میدیای هەواڵ زۆر زۆر سەختترە لە تەنیا دەربڕینی ڕایەک یان تێپەڕاندنی دەنگۆیەک.

بەڵام ئەو ئەرکە پیرۆزە هەندێ جار ئاڵۆز دەبێ بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕۆژنامەوانیش مرۆڤن و دەکەونە ژێر کاریگەریی دەربڕینی رایەکی خۆیان و شێواندنی گێڕانەوەی ڕاستی. هەر لەبەرئەوەیە کە باشترین دەزگە هەواڵییەکانی دنیا کاتێکی یەکجار زۆر لە مەشقپێدان و نووسیاری لێکردن و دڵنیابوونەوە لەوەی کە دوا وێنەی بڵاوکراوەی هەواڵەکە تەنیا ڕاستییە و ڕا و دەنگۆ نییە. میدیا باش و باوەڕپێکراوکان بە ڕوونی لاپەڕەکانی "هەواڵ" لە لاپەڕەکانی"دیتن و شیکاری" لەیەک جیا دەکەنەوە.

لە کوردستاندا، هەریەک لە دیموکراسی و میدیای سەربەخۆ لە قۆناخی ساواییدان. خەڵکەکە و سیاسەتوانان هەردوو لە ململانێدان لەگەڵ ئازادییە نوێیەکانیان و هێشتا بە ڕوونی دیار نییە ئاخۆ دیموکراسی جێگیر دەبێت. دیموکراسی پێویستیی بەوەیە خەڵکەکە جڵەوی بەرپرسیاریەتیی چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست و سیاسەتوانانیش ڕێ بەخەڵک بدەن بڕیاری خۆیان بدەن. ئەم پرۆسەیە پێویستیی بە متمانەی هاوبەش هەیە لە نێوان هەموو لایەنەکانی نێو کۆمەڵگە.

ئەمە هێشتا چەمکێکی نوێیە لە هەرێمی کوردستاندا. هەندێ کەسان هەن کە ئێستە حەسرەت بەو جێگیرییەی سەردەمی سەدام حوسێن دەبەن، هەندێکی تر خەون بە بەهەشت لەسەر زەوییەوە دەبینن لە ڕێی ئاینەوە و هەروەها هەندێک هێشتا ئاڵای نەتەوایەتی دەشەکێننەوە.

هیچ یەکێک یان قەوارەیەک ناتوانێ هەموو هەلومەرجەکان بۆ دیموکراسییەکی جێگیر بێنێتە

ئاراوە. هەر یەکێک تەنیا ئەوەی پێ دەکرێ لەلایەن خۆیەوە پشکداری بکا لە پێناو بەرژەوەندییەکی بالاتر. لە ئاکانیوز، ئێمە پابەندیی خۆمان ڕاگەیاندووە بۆ ئەو ئەرکەی خستنەڕووی ڕاستییەکان بەشێوەیەکی تەواو و گشتگیر و دروست و دواتر بۆ خوێنەری خۆمان ڕوونی بکەینەوە کە ئەوان ئامانجی ئێمەن. لە کاتێکدا لەم وڵاتەدا وەها نەریتێک نەچەسپاوە، بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە زۆر سەختە. دەسەڵاتداران بە بیستنی ڕاستییەکان تووڕە دەبن و هاووڵاتییانیش ڕەنگە متمانەی پێ نەکەن. ڕۆژنامەوانانی ئێمە، کە لە نێوان ئەو دووانەدا گیریان خواردووە، وا خەریکە تازە لە ئەرکەکانیان تێ دەگەن.

بۆی هەیە ئاکانیوز لە ئەرکەکانیدا سەربکەوێ و بۆی هەیە سەرنەکەوێ لەبەر چەندان هۆکار. تەنانەت لەو لاتانەش کە لەمێژە دیموکراسی تێیاندا سەپاوە، کارکردن لە بواری هەواڵ کارێکی سەختە. بەڵام ئەگەر ئاکانیوز یان ڕکابەرەکانی سەرنەکەوتن لە خستنەڕووی ڕاستییەکان و ڕوونکردنەوەیان ئەو کاتە دیموکراسی خۆی لە هەرێمی کوردستان شکست دێنێ.

---

## خوێنەری واتە ئەم کتێبانەی پێویستە



### جۆرنالیزم

دەروازەیەک بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانە و ئەکادیمی

**دانانی: ساقی بارزانی**

١٨٨ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٤٠٠٠ دینارە



### مانیفێستی دژەگەندەڵی

پاکڕەوشتی دژ بەگەندەڵی

**دانانی: ئازاد حەمە**

٤٠٠ لاپەڕە

قەوارە ٢٢,٥ × ١٥,٥

بایی ٧٥٠٠ دینارە

# با لەسەر كوردستان نەبێتە ململانێ

هنری ج. بارکی


**پوختەیەک**

بێگومان بەرەنجامەکانی داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، تاچەند ساڵی داهاتوو هەر مشتومڕی لەبارەوە دەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا، یەکێک لە ئەنجامەکانی هەر لە ئێستاوە ڕوون بووەتەوە: ئەویش ئەوەیە کە ئامانجەنە تەوەییە سەرکوتکراوەکانی گەلی کورد ئێستا بە بەرینایی چوار وڵاتی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریادا بڵاو بووەتەوە و بەهۆی ئەو شەڕانەوە، سەری هەڵداوە و ڕەنگە بەرپەرچیش نەدرێتەوە. ئێستاش ئەو هەرێمانەی کوردان لە عێراق کە سوودیان لەڕووخانی سەدام حوسێن وەرگرتووە، پێگەی خۆیان توند کردووە و هەرێمێکی فیدراڵییان دامەزراندووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە حەقیقەت و بەهۆی ئەو هەوڵانەشی کە دەیدات بۆ ئەوەی ناوچەی زۆرینە کوردەکان، بەتایبەتیش کەرکووکی بە نەوت زەنگین، بگەڕێنێتەوە، خەریکە پاڵپشتێکی هێشتا بەهێزتر بۆ کورد پەیدا دەکا.

بوون و داخوازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو دراوسێیەکانی عێراق و بەغدایشی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە. کێشەکان هێشتا دوورن لە چارەسازی. جا ئەگەر پشتگوێ بخرێن یان بەخراپی دەستکاری بکرێن، شیمانەی ئەوە لە ئارادایە کە ئامانجەکانی کوردی، بەتایبەتی لەم کاتە ناسکەدا، ناسەقامگیری و توندوتیژی لە ناوەوەی عێراق و لە دەرەوەشی بەرپا بکا.

ئەوەی پێوەستی بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هەیە ئەوەیە کە کێشەی کورد بەگەلێک لایەنی


(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد "مامکاک"

گرینگەوە نووساوە- لەوانە یەکەتیی داهاتووی عێراق و ئارامیی ئەو وڵاتە و توانای هێزە شەڕکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەستبەرداری بەرپرسیاریەتییەکانی لەوێ و پێوەندییەکانی دەگەڵ تورکیا کە یەکێکە لە گەورە هاوپەیمانەکانی ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (نەیتۆ) و ئامانجی تورکیا بۆ ئەوەی پلەی ئەندامێتی لەیەکەتیی ئەوروپادا وەدەست بێنێ و لە هەموو لایەنیشیان دیارتر لەم دەمەی کە ڕەهاکردنی وزە مسۆگەر نییە، ئارامی و سەقامگیریی ناوچەیەکی پڕ نەوتە. ئەم ڕاپۆرتە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە واشنتۆن دەبێ هەموو لایەنەکانی کێشەی کورد ڕەچاو بکا، بەتایبەتیش، ئەگەری ململانێ و دەست تێوەردانی دەرەکی بە بایەخەوە هەڵبگرێ. پێویستە واشنتۆن پەرە بەڕێگەچارەیێکی شیاوی ئاوا بدات کە دان بەو پێوەندییانەدا بنێ و تەکانیان پێ بدا بۆ ئەوەی داهاتوویەکی ئارام و گەشەدار بسەپێنێ. ئەم ڕاپۆرتە باسی ئەوە ناکا کە دەتواندرێ لایەنە بچووکەکانی کێشەی کورد هەمووی وێکڕا چارەسەر بکرێن، بگرە لە بریی ئەوەوە، دەبێ واشنتۆن زەینی ئەوە بدا کە ڕەنگە پێشکەوتنێکی کەم یان هەرەسهێنانێکی بەزرۆکە- لە بوارێکدا دەشێ کار لە بزووتنەوەی شوێنێکی تردا بکا. لەبەر گرینگی دەبێ کێشەی داهاتووی کەرکووک دیار بکرێ و بناغەی یاسایی عێراقێکی فیدراڵیش بسەپێندرێ. پێوندییەکی کارامەی نێوان ئەنقەرە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە پێوەندی پێیەوە هەیە.

## پێشەکی

بێگومان بەرەنجامەکانی داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، تا چەند ساڵی داهاتوو هەر مشتومڕی لەسەر دەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا، یەکێک لە ئەنجامەکانی هەر لە ئێستاوە ڕوون بووەتەوە: ئەویش ئەوەیە کە ئامانجە نەتەوەیییە سەرکوتکراوەکانی گەلی کورد ئێستا بە بەرینایی هەر چوار وڵاتی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریادا بڵاو بووەتەوە و بەهۆی ئەو شەڕانەوە، سەری هەڵداوە و ڕەنگە بەرپەرچیش نەدرێتەوە. ئەمانەش بوونەتە بنەمای ئەوەی کە داخوازی پتری مافە سیاسی و کولتوورییەکان بۆ کوردی عێراق بکرێ بۆ ئەوەی لە بندەستی بەغداوە دەرچن. جا ئەگەر پشتگوێ بخرێ یان بەخراپی بەڕێوە بچێ، شیمانەی ئەوە لە ئارادا هەیە کە ئامانجەکانی کورد نائارامییەکی بەرچاو و توندوتیژی لەم کاتە ناسکە، لە ناوچەکەدا بەرپا بکا.

ئەوەی پێوەستی بەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە هەیە ئەوەیە کە کێشەی کورد بەگەلێک لایەنی گرینگەوە نووساوە داهاتووی عێراق و توانای هێزەشەڕکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی دەستبەرداری بەرپرسیارییەتییەکانی بێت و پێوەندییەکانی دەگەڵ تورکیا کە یەکێکە لە گەورە هاوپەیمانەکانی ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (نەیتۆ) و بە ئامانجە پلەی ئەندامێتی لە یەکەتیی ئەوروپا، وەدەست بێنێ؛ لە هەمووشیان دیارتر پاراستنی ئارامیی ناوچەیێکی تژ نەوتە لەم دەمەی کە ڕەهاکردنی وزە مسۆگەر نییە. بەکورتی، دەبێ واشنتۆن بایەخێکی پڕ بەگەڵێ

لایەنی کێشەی کورد بدا، بەتایبەتیش، شیمانەی ململانێ و دەست تێوەردانی دەرەکی بەهەند هەڵبگرێ.

پێویستە واشنتۆن پەرە بە ڕێگەچارەیێکی شیاوی ئاوا بدا کە دان بەو پێوەندییانەدا بنێ و تەکانیان پێ بدا بۆ ئەوەی داهاتوویەکی ئارام و گەشەدار بسەپێنێ. ئەم ڕاپۆرتە باسی ئەوە ناکا کە دەتواندرێ لایەنە بچووکەکانی کێشەی کورد هەمووی وێکڕا چارەسەر بکرێ، بگرە لە بری ئەوەوە، دەبێ واشنتۆن زەینی ئەوە بدا کەڕەنگە پێشکەوتنێکی کەم - یان هەرەسهێنانێکی بەزرۆکە- لە بوارێکدا دەشێ کار لە بزووتنەوەی شوێنێکی تردا بکات. لەبەر گرینگی دەبێ کێشەی داهاتووی کەرکووک دیار بکرێ و بناغەی یاسایی عێراقێکی فیدراڵیش بسەپێندرێ. پێوەندییەکی کارامەی نێوان ئەنقەرە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە نزیکەوە بەم بابەتەوە بەستراوەتەوە.

سێ سەرچاوەی شیمانەی ململانێیەکی توندوتیژ لە ناوچەی کوردیدا هەنە کە لە ناوەوەڕا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. یەکەمیان تایبەتە بەو ڕۆڵەی کە کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەیگێڕن، بەتایبەتیش ماوە و قەوارەی ئەو خاکەیە (بەناوچە بەنەفتەکەی کەرکووکیشەوە) کە وەک بەشێک لە دەوڵەتێکی فیدرالی کۆنترۆڵی دەکەن. زۆر لەگینە کورد جودا ببێتەوە ئەگەر حکوومەتی ناوەند و هاوپەیمانەکانی نەتوانن هەندێک لەو داخوازییە بنەڕەتییانە جێبەجێ بەکەن کە کورد پێشکێشیانی کردووە. جودابوونەوەی کوردەکان و بەرپەرچدانەوەی خواستەکانی کورد کە تایبەتن بە کەرکووک و هەندێ سیناریۆی تر دەتوانێ عێراق گیرۆدەی شەڕێکی ناوەخۆی سەرتاسەری بکا.

سەرچاوە شاردراوەکەی دووەم بەرزبوونەوەی گرژیی ناو تورکیایە لە نێوان دەوڵەت و کەمینە کوردەکەیدا. ئەنقەرە ئاگای لە هەموو ئەو سەرکەوتنانە هەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کورد لە باکوری عێراقدا بەدەستیان هێناوە و بە هەڕەشەیان دەزانێ کە لە یەکەتیی خاکەکەی دەکرێ. تورکیا ترسی لە بەرپابوونی بزووتنەوەی سیاسیی کوردەکانی خۆی هەیە لەوەش تۆقیوە ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان بەهێزتر ببێ؛ (پ. ک. ک) گرووپێکی یاخییە لەناو خۆدا پەیدا بووە و نزیکەی نیوەی چەکدارەکانی لەنێو خاکی باکوری عێراق بنکەیان لێ داوە. تورکەکان بێ وچان هەوڵیان داوە نەهێڵن دەوڵەتێکی کوردی بەهێز و سەربەخۆ لە باکوری عێراقدا پەیدا ببێ. ئەمە ئێستا وا پەیدا بوو و گەورەترین ناکۆکی لە پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیای هاوپەیمانی نەیتۆی دروست کردووە. ساڵپار، واشنتۆن لەژێر پاڵەپەستۆیەکی توندی ئەنقەرەوە ڕێگەی بە تورکیا دا بۆ ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا سنوور ببەزێنێ و پەلاماری پ.ک.ک. لە باکوری عێراق بدا. لە دیسێمبەری ٢٠٠٧وە باڵەفڕەکانی تورکیا بە بەردەوامی، جا با کەمیش بێ، پەلاماری پ. ک. ک.یان داوەو یەک جاریش هێرشی زەمینییان کردووە. ئەو هێرشانە مەترسیی بەرپابوونی ململانێی نێوان تورک و کوردە عێراقییەکان و هاتنە ناوەوەی تورکی لێ

دەکرێ و ڕەنگە ئەمە دراوسێیەکانی تریش هان بدا بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ ناوەوە بێن.

سەرچاوەی سێیەمی ململانێیەکە کاردانەوی کوردە ئێرانی و سورياييیەکانە بەرانبەر بەو ڕووداوانەی لە دراوسێکانیان دەقەومێ. تاران و دیمەشق لەمێژە دژی ئامانجەکانی کوردی ئێراقین و لە نێوان خۆیان و دەگەڵ تورکیاش هاریکارییان کردووە بۆ ئەوەی ڕێ لە پێشکەوتنەکانی کورد لە عێراق بگرن. هەرچەندە نە کوردی ئێران نە هی سووریا وەک برایەکانیان لە عێراق و لە تورکیا بایەخیان پێ نەدراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کاری خۆی تێیان کردووە. بزووتنەوەی فرەسازی کوردەواری و زێدەبوونی توندوتیژی لە سووریا و لە ئێران، ئەو دوو ڕێژیمەی ئامادەساز کردووە. ڕەنگەئەوانیش بێنە مەیدانەوە ئەگەر گۆڕانکارییەکانی عێراق هەڕەشە لە یەکەتیی خاکی ئەو وڵاتانە بکا.

ئەو هەرسێ هۆیە شاردراوانەی ململانێیە کە شیمانەی زۆربوونی کێشەی کوشندە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان پەیدا دەکا. بێگومان نائارامی و توندوتیژی و شەڕی سەرتاسەری ناوەخۆ کار لە پلانی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکا و بەهەمان شێوە هاتنە ناوەوەی وڵاتە دراوسێیەکانیش کاری تێ دەکا. شەڕی ناوەخۆ کاریگەری کوشندەی لەسەر بەرژەوەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا هەیە. تورکیایەک کە نەیتوانی بە ئاشتی ئەم کێشە ناوەخۆییە چارەسەر بکا، کورژ بووەتەوە و ڕەنگە نەتوانێ نە ڕۆڵێکی بنیاتنەر لە ڕۆهەڵاتی ناڤین بگێڕێ و نە بشتوانێ پێوەندی بەیەکەتیی ئەوروپاوە بکا. ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە پتر لە دوو دەیە ساڵە واشنتۆن پشتیوانیی لێ دەکا. لەبەر ئەم هۆیانەیە کە دەبێ بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما کێشەی کورد بەگەورە و بە تەوەری دەرچوونێکی سەرکەوتووی بەرپرسیارانە لە عێراق و بەسەرکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، بزانێ.

ئەو تەحەدییاتانەی ئاواتەکانی کورد و ڕاستییەکانی سەر زەمین لە باکوری عێراق دایهێناون ئازایانەن، وەلێ واشنتۆن دەبێ جڵەوەکە بەدەستەوە بگرێ. ئێستا هەڵویستی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە هەرچییەک بێت، هێشتا هەر تاکە هێزە کە ئازایەتی و سەرچاوە و کاریگەری پێویستی بەسەر زۆربەی لایەنەکانەوە هەبێت و بتوانێ دەست بەچارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە بکا. لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە دەرچوونی لە عێراق، چۆن کار لە گۆڕانکارییەکانی ناو کوردستان بەگشتی دەکا. ئەم ڕاپۆرتە پێشنیازی ڕێگەیەک دەکا بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان پێش لەو تەگەرانە ببڕێ کە پێوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەیە نەهێڵێ سیاسەتەکانی لە ناوچەکە، بەتایبەتیش لە عێراق، تووشی هەرەس بکا.

ڕاپۆرتەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کێشەی کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و سووریادا بە توندی بەیەکەوە لکاون و جا لە ئەنجامدا واشنتۆن دەبێ ڕێگەچارەیەکی گونجاو ڕێک بخا و لە هەر شوێنێکیش کە پێویست بێ، دەبێ ئەو پێوەندییانە بەهێزتر بکا بۆ ئەوەی ئامانجە سیاسییەکانی بپێکێ. ئەمە ئەو پێشنیازە نییە بۆ ئەوەی هەموو کێشەکانی کورد وێکڕا بەیەک هەنگاوێکی گەورە

چارەسەر بکرێن، واشنتۆن دەبێ وریای ئەوە بێ کە هەر پێشکەوتنێکی ڕەچاونەکراو یان هەر پاشگەزبوونەوەیەک لە ناوچەیەکدا، دەکرێ کار لە جوولەی ناوچەکانی تر بکات. دیارکردنی پاشەڕۆژی کەرکووک و سەپاندنی شەرعییەتی بناغەی عێراقێکی فیدراڵ، لە سەرەوەی هەموو ئەرکە گرینگەکانەوەیە. پەرەپێدانی پێوەندییەکی کارا لە نێوان ئەنقەرە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە پێوەندییان بەو بابەتەوە هەیە. هەردوو لایەن هۆی گرینگیان هەیە بۆ ئەوەی هاریکاریی یەکتری بکەن و ئەم جۆرە پێوەندییەش کاریگەرییەکی زۆری دەبێت و ئاڵۆزیی ناوخۆی تورکیا لەگەڵ کورددا خاو دەکاتەوە. هەرچەندە ڕەنگە کێشەکانی کورد لە ئێران و سووریا لە سروشت و ناوەڕۆک پەرە بستێنن، وەلێ هێشتا ڕۆڵی ئەم دوو وڵاتە هەر بە لاوەکی دەبێ.

ڕاپۆرتەکە بە پێداچوونەوەیەکی کێشەی کورد لە سەرتاسەری ڕۆهەڵاتی ناڤین و ئاماژەیەکی خێراش بۆ بارودۆخی کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا، سەرەتا دەکا. شیکردنەوەی پلان و ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، چەند پێشنیازێکی بۆ سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لێ پەیدا دەبێ.

## باکگراوند و ناواخن

نزیکەی دوو هەزار ساڵە کورد ، لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، گرووپە کەمینەیەکی ئیتنیی دیارن. هەندێ جار بەشێکی ئیمپراتۆرییەتە زۆر گەورەکان بوونە و ناوەناوەش شۆڕشیان لە دژیان کردووە. جاریش بووە سەرکردایەتیی لەشکری سەربازیی فرە زلیان کردووە: هەموو کوردێک بە شانازییەوە باس لەوە دەکات کە سەلاحەدین، ڕزگارکاری قودس و دوژمنی سەرسەختی ڕیچەردی دڵەشێر، کورد بووە.

لە ڕۆژانی لاوازیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کاتێک کە شەڕەکان هەڵگیرسان، خەمی گەورەی کورد ئەوە بووە چۆن خۆی لە باج وەرگرەکان و پێداویستییە بێ کۆتاییەکانی سوڵتان بۆ ڕەشبگیری، بپارێزێ. لەمە بترازێ، کورد ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بووە، بەڵام سوبلیم پۆرتە (دادگەی عوسمانی) ئەم دەقەی پشتگوێ خستووە. هەوڵە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی تەنیا لە ئەنجامی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەوە هات کە لە ئەورووپا و ئەستەنبۆڵ و شوێنەکانی تر کران. بەهەمان شێوە هەوڵەکانی تورکە گەنجەکان بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکانی ئیمپراتۆرییەت لە شێوەی قەوارەیەکی توێکڵە تورکی، نیگەرانی کردن(1).

ڕێککەوتنەکەی سایکس پیکۆ لە ١٩١٦ و پارچەکردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کوردی تووشی کارەسات کرد. پێشتر سنووره نێودەوڵەتییەکەی نێوان عوسمانییەکان و ئێران کوردی دوو کەل کردبوو، بەڵام هێزە کۆلۆنیاڵەکان دەسەڵاتی دوو دەوڵەتی تریشیان بەسەر کورددا سەپاند. کەمال ئەتاتورک و تورکە نەتەوەپەرستەکان شەڕیان بەرپا کرد. سەیر لەوەدایە کەو بۆ بەزاندنی

یۆنانی گاور و ئەوانەی تر کە هەوڵی لەناوبردنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییان دا، کوردەکان هاوسۆزی ئەتاتورک بوون. بەڵام ئەتاتورک، ئەو ئاواتەی کە کورد بەچواردە خاڵەکەی ودرۆو ویلسن هەیبوو، وەک پەیمانی سیڤر کە پەیمانی حوکمێکی ئۆتۆنۆمیی لە ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ بە کورد دابوو، هەردووکی کردنە هەڵم و نەیهێشتن. پاشان کوردەکان هێشتا بێ ئومێدتر بوون؛ چونکە ڕژێمی تورکی بڕیاری دا دوو بڕگەی سەرەکی تایبەت بە ناسنامەیان نەهێڵێ: یەکەمیان جیاوازیی ئیتنی و ئەوی تریشیان پابەندبوونی توند بەئاین بوو.

هەر لە کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانییەوەڕا و پاشتریش، ناسنامەی کوردی لە هەر چوار وڵاتدا، وەبەر پاڵەپەستۆیەکی سەخت کەوت. کورد بەگشتی لە نزیکی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا، نیشتەجێنە؛ بۆیە هەرکە کێشەیەکی سیاسی یان توندوتیژییان دروست دەکرد، هەردەم لە ناوچە مەیلەو دوورەدەستەکان و دوور لە ناوەندە گرینگەکانی دانیشتوان و پایەتەختەکان ڕوویان دەدا. لە زۆربەی سەدەی بیستەمین، ئەو وڵاتانەی کەمینە کوردە شۆڕشگێڕەکانیان لە نزیک مەرزەکانیاندا



دەژین، توانییان کۆنترۆڵیان بکەن. کۆنترۆڵکردنیشیان بە زۆری لە تێکەڵکردنی سەرکوتکاری (کوشتنی لە ڕادەبەدەر و ڕاگواستن) و ئاشتبوونەوە، بووە. بێجگە لەوەی کە سنوورە نێودەوڵەتییەکان کوردی بەناچاری کەل کردووە، کوردەکان لە نێوان خۆیانیشدا دابەش بووبوون و فرە جار نەیانتوانیوە لە دەوری تاکە سەرکردەیەک گرد ببنەوە یان لەناو یەک بزووتنەوەی گەورەدا، یەک بگرن[٢]. لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کان، بەپێچەوانەوە، سەرکردایەتییەکی چینی ناوەند بەشێنەیی بەدەرکەوت و خەڵکی لە خێڵ و تایفەگەری و ناوچەگەری، پتر بایەخیان بەناسنامەی کوردایەتیی خۆیان دا.

کەواتە ئەزموونەکانی هەریەک لەو وڵاتانە، لە سەدەی بیستەمیندا، چ بوو؟

**عێراق**

سەبارەت بە بەرهەڵستی کردنی حکوومەتە ناوەندەکان، کوردی عێراقی سەلماندییان کە لە هەموو ئەوانی تر شۆڕشگێڕتر بوون. هەستیان کرد کە هێزە دەسەڵات پێدراوەکان، بەتایبەتیش بەریتانیای مەزن، خیانەتیان لێیان کردووە، چونکە ئەوانیان بەجارس زانی کە دەشێ لەناو چوارچێوەی عێراقێکی فرە تایفەی ئیتنی، بەڕێوە ببرێن. هەرچەندە ڕێژیمی عێراق هەرگیز پەیمانەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە، بەڵام بە پێچەوانەی تورکیا، سەلماندی کە ناوە ناوە هەوڵی داوە لەگەڵ گەورە گرووپە کوردییەکاندا بژی. بۆ نموونە، لە ١٩٧٠دا، ڕێککەوتننامەیەکی ئۆتۆنۆمیی لەگەڵ بەغدا مۆر کرا، بەڵام هەرگیز جێبەجێ نەکرا. عێراقی سەردەمی حوکمی سەدام حوسێن چەندان هەلی نوێی بۆ کورد ڕەخساند بۆ ئەوەی مل لەبەر ملی ڕژێم بنێن، بەمەش مەترسی گەورەی نێونەتەوەیی دروست کرد. ئەوە بوو کورد سوودیان لە شەڕی ئێران - عێراق ١٩٨٠- ١٩٨٨ وەرگرت و دواتریش هەلی شەڕی یەکەمی کەنداوی ١٩٩١یان هەڵقۆستەوە و لە پێناوی ئۆتۆنۆمی یان ڕەنگە بۆ سەربەخۆییش بێ، خەباتی چەکدارییی خۆیانیان هەڵگیرساندەوە. ئێران وەک سالانی سەرەتای ١٩٧٠کان، یارمەتیی دان بۆ ئەوەی ڕێژیمی سەدام بڕووخێنن. لە هەردوو ئەم نموونانەدا، پاشەکشە و کوشتاری ترسناک لە دوای سەرکەوتنە سەرەتاییەکەی سەربازیی کوردی بەرپا بوو. هەڵمەتە کوشندەکانی سەدام بۆ سەر کوردستانی عێراق، یارمەتیی کوردانی دا بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەستیان پێ بکا. لە بەهاری ١٩٩١ بوو، پتر لە یەک ملیۆن پەنابەری کورد بۆ ئەوەی خۆیان لە لەشکرەکانی عێراق بشارنەوە، هەڵاتنە سەر مەرزەکانی ئێران و تورکیا، بەمەش وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانیان ناچار کردن بۆ ئەوەی ناوچەی دژە فڕین لە باکوری هێڵی ٣٦ دابمەزرێنن. سەیر ئەوە بوو کە ئەو دەست تێوەردانە مرۆییە توانای بەکوردان دا تا نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن.

شەڕی عێراق لە ٢٠٠٣، کوردی لە بەرچاوی هەموو دنیا پتر بەدەر خست. پاش ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نەیتوانی قایلبەندی پەرلەمانی تورکیا وەدەست بێنێ تا بەرەیەکی تری شەڕ لە دژی

سـەدام حوسـێن بکاتەوە، ناچار بوو بۆ سـەپاندنی ئارامی لە باکور، بە چڕی پشت بە شـەڕوانی کـورد ببـەسـتێ. کـورد تاکـە لایەن بوو داگـیـرکـردنی عـێـراقـیـان لەلایەنی ولاتە یەکگرتووەکـان بەئازادکردن ناسی. ئەو ناوچانەی کورد کۆنترۆڵی دەکەن بوونەتە سەقامگیرترین و گەشەدارترین ناوچەکانی عێراق. کوردەکان ڕۆڵێکی چالاکانەشیان لە بەغدا گێڕا. لە ٢٠٠٥، سەرکردەی کورد جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پۆستی سەرکۆماری عێراقی وەرگرت و سەلماندیشی کە سیاسییەکی کارامەیە و توانی یەک هەڵوێستییەک لە بەغدا دروست بکا. ئەوەی تریان مـەسـعـوود بارزانـی سـەرۆکی پارتـی دیموکـراتی کـوردسـتـانە و بەچەتری حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێ. لەمیانی ئەو مناوەرە سیاسییانەی لە پاش سەدام کرا، کوردی عێراق لەو بینە و بەردەیە سەرکەوتن کە دەگەڵ نەیارەکانیان سەبارەت بە دووبارە سنوورکێشکردنی سنووری پارێزگاکان بۆ ئەوەی پاشـماوەی دەیان ساڵی پاکتاویی ڕەگەزی وەرچەرخێننەوە و لە کـەرتەکـانی هەڵبـژاردندا بەسـەر نەیارەکـانیـاندا زاڵ بن. هەروەها بەغدا بەخواستەکەیان قایل بوو بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم بۆ دیارکردنی چارەنووسی کەرکووک بکا. ئەوان دەڵێن کەرکووک قودسی کوردە.

بڕگەی ١٤٠ی دەسـتـووری عێـراقی، لە ٢٠٠٥ دەرچووە، دەڵێ کە دەبێ تا ٣١ی دیسێمبەری ٢٠٠٧، ڕیفراندۆم لەسەر کەرکووک بکرێ. بەڵام ئەو ڕاپرسییە لەبەر باش ئامادە نەبوون، دوا خرا. عـەرەب و تورکمـانەکـان و ولاتە دراوسـێیـەکـانیش، بەتایبەتی تـورکیـا، بەرهەڵستی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتـان دەکەن. ملمـلانێیەکە پێوەندی بە ئـەگەری سـەربەخـۆیی کـورد و کـۆنتـرۆڵی نەوتـەوە هەیە. زۆر عـێـراقـی و ولاتانی دراوسـێش، نایانەوێ شـاری کـەرکـووک و چاڵە نـەوتە نزیکەکانی کە دووەم گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنەری نەوتە لە عێراق، بە بەردەستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەوێ. ترسیان لەوەدا هەیە نەبا سامانی نەوت و ئۆتۆنۆمی هێشتا تەکانی پتـر بەسـەربەخـۆیی بدەن. لەگـەڵ ئەو هـەمـوو هەوڵەی ناوبژیوانی کـە نەتەوە یەکگرتووەکـان بەسـەرکـردایەتیی نمایندەی تایبـەتی بۆ عـێراق و سـەرۆکی یونامی و ئەرکی یارمـەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، ستیفان دی مستۆرا، کردی، هێشتا کەرکووک لەبەر گرژیی بارودۆخی، خەریکە دەکوڵێ. چەند جار تورکیا ئەوەی دووپات کردووەتەوەکە کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە لایەنی کوردەوە ئەو هێڵە سوورەیە کە ڕەنگە هاتنە ناوەوەی لێ بکەوێتەوە.

### تورکیا

لەوەتی سـالانی زووی جمـهوورییەت، گەورەترین ئاواتی تورکیا ئەوە بووە کە کورد بتوێنێتەوە و ناسنامەی نەریتی کوردەوارییش، بە گشتی، بسڕێتەوە. ئەمەش؛ ڕاگوێزانی دانیشتوان و یاسای ئەژدیهایی بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی و هەڵمەتی نکووڵیکردن لە بوونی کورد بە بیانووی ئەوەی کـە ئەوان هـەر تورکی چەتوونن و چیی تر نین، دەگـرێتـەوە. دوای ڕاپەڕینە خـوێناوییـە سەرەتاییەکانی کە لە دەرەنگی ١٩٣٠یەکاندا سەرکوت کران، کورد بە دوای ئامێری ئەلتەرناتیڤدا

گەڕان بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ پێشەوە ببەن. هەندێکیان دەوڵەتی تورکیایی پشتیوانیی لێ کردن، کەچی ئەوانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی لە دوای ئەو ماوە مەیلە و ئارامەی کە لە دوای درەنگی ۱۹۳۰یەکاندا هاتن، پەنایان وەبەر بزووتنەوەی سیاسی هێور برد، بەڵام بەردەوام بوون و نەپسانەوە. کورد پشتیوانیی هەر کەسێکیان کرد کە ملی لەبەر ملی ئەو فەرمانانە دەنا کە لە لایەنی عەسکەرەوە دەردەچوو. لە ۱۹۵۰کان، پارتی دیموکراتی نوێ بوو و لە ۱۹٦۰ەکانیش هەندێک پەنایان بۆ بزووتنەوەی باڵە چەپەکان برد. بزووتنەوەی توندوتیژی پ. ک. ک. لە ۱۹۸٤، لەناو ئەو بزووتنەوانە بوو سەری هەڵدا و تا دەستگیرکردنی سەرکردەکەی بەیارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە کینیا لە ۱۹۹۹، خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی تورک زڕاندبوو.

ئێستاش، ئەنقەرە ڕووبەڕووی گرفتێکی سەرلێشێوێن هاتووە: لەو کاتەی کە کۆشش دەکا تا لە بواری چوونە ناو یەکەتیی ئەوروپاوە پێشکەوتن وەدەست بێنێ، چۆن دەتوانێ هەڵسوکەوت دەگەڵ بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەییی نێو کوردان بکات. بوونە ئەندام لە یەکەتیی ئەوروپا، پێویستی بەئەنجامدانی چاکسازیی گەورە دەکا کە دەبێ لە بوارەکانی دیموکراتیزەکردن و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی سیاسییەوە، بکرێن. تا ئێستا بە تەنیا توانای سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پ. ک. ک. بەکار هاتووە و چاکسازیی سیاسییش بەبێ مانا و هەر بۆ جوانکاری کراوە، لەوانە تەنیا مافەکانی زمان و بڵاوکردنەوە بووە. ئەم بارودۆخە سەرنجی کوردی تورکیا و نمایندەکانی ڕاکێشاوە. لە هەمان کاتیشدا، دەسەڵاتداران، بە بیانووی هاوسۆزیی پ. ک. ک.، یەک لە دوا یەکی پارتە لایەنگرە کوردییەکانیان یاساغ کردووە.

پارتی داد و گەشەپێدانی فەرماندار پێی وایە کە ژیانەوەی (پ. ک. ک) لە دوای ۲۰۰٤، بەهۆی بێزاربوونی لە کەمیی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد نراون، ئەو چاکسازییەی پشتگوێ خستووە کە بە مەبەستی چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپا کردوویەتی. بوونی پ. ک. ک. لە ناوچە دوورە دەستەکانی سەر سنووری عێراق – تورکیا، گرژییەکی زۆری لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیا پەیدا کردووە. تورک جەخت لەوە دەکەنەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێزێکی داگیرکەری عێراقە، بۆیە ئەرکی ئەو هێزەیە نەهێڵێ پ. ک. ک. لەوێ بمێنێ؛ بەتایبەتیش کە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پ. ک. ی بەرێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە. وڵاتە یەکگرتووەکان نایەوێ کوردی عێراق نیگەران بکا و لە دوای زنجیرەیەک لە لەبۆسەدا گرتنی کاریگەری سوپای تورک بەدەستی (پ. ک. ک)، ناسکیی باری ئارامیی باکوری عێراق لە ۲۰۰۷ هاتە ڕەچاوکردن. واشنتۆن هەڵوێستی خۆی گۆڕی و ڕێگەی دا بۆ جاری یەکەمین تورک پەلاماری ئاسمانی بکا و پاشتریش ڕێگەی دا ئۆپەراسیۆنێکی زەمینیی سنووردار لە دژی ئۆردیگە گومان لێکراوەکانی (پ. ک. ک) بکرێ. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بارە گرژەکەی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیای خاو کردەوە؛ ئەمانە فێنککەرەوەن؛ وەلێ کێشەی (پ.ک.ک) و کێشە گەورەترەکەی کورد هەر ماونەتەوە.

## ئێران

لە ئێراندا بوو کە کورد یەکەم کۆماری تەمەن کورتی سەربەخۆی خۆی دامەزراند. کۆماری مەهاباد لە دەستپێکی ١٩٤٦، لەبەر سێبەری یەکەتیی سۆڤیەت دروست بوو و مەلا مستەفا بارزانی باوکی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان یەکێک لە سەرکردە هەرە دیارەکانی بوو. بەڵام لەشکری سۆڤییەتی کشاوە و لە کۆتاییی ساڵەکەدا، ئێران ناوچەکەی داگیر کردەوە. شا چەندان کردەوەی دراکۆنی پەیڕەو کرد و سەرکردە نەتەوەییەکانی لەسێدارەدان و هەرێمەکەی ڕاستەوخۆ لە مەرکەزەوەڕا حوکم کرد(٣). بارزانی خۆی نەدا دەست و لەناو خەڵکی لە مەهاباد و بۆ هەموو کوردێک بوو بە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە. شا وەک تورکیای نەکرد و بواری هەندێ شێوەی دەربڕینی کولتووری دا. بەم جۆرە تا کوردەکان لە شێوەکانی نەتەوەگەری دوور بووایەت، ڕێگەیان هەبوو بە کوردی بڵاو بکەنەوە. ڕێکخراوی سیخوڕی ئێرانی (ساڤاک) چاودێریی وەشانی تاکە وێستگەی ڕادیۆی کوردی دەکرد(٤). ئەمە هەموو ڕێگەی لە کوردی ئێران نەگرت گەشە بەڕێکخراوە نهێنییەکانی خۆیان، بدەن.

لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩، دووبارە گرژی کەوتەوە. ڕێژیمی تازە، لە بەرانبەر خواستە نەتەوەییەکانی کورد، لە ئەوەی پێش خۆی باشتر نەوەستا. ڕێژیمی ئیسلامییش هەوڵی دا کورد لە خۆی نزیک بکاتەوە و جەختی ئەوەی دەکردەوە کە ڕەگ و ڕیشە و باپیرانی پارس و کورد یەک بوونە. هەرچەندە فرە جیاوازیی کوردی سوننە و ئێرانییە شیعەکاندا هەیە، بەڵام ئێران هەردەم پتر نەریتی کوردەواریی قبووڵ کردووە. ئەو ڕابردووە شاهانەی کە ئێران هەیەتی ڕێگەی پێی داوە وێنەیەکی گەورەی ئیتنیی ئاوا دروست بکا کە هەموو لایەنێکی تێدا ڕەنگ بداتەوە(٥).

دوو پارتی کوردی ئێرانی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەیە، پەناگەیان بۆ خۆیان لە کوردستانی عێراقدا پەیدا کردووە؛ لە بەرانبەریشدا، کوردی عێراق ڕێگەیان نادەن چالاکیی سەربازی لە دژی ئێران ئەنجام بدەن. لە بری ئەوە، لەو ساڵانەی دوایی، گرووپێکی نوێ کە لقێکی پ. ک. ک.یە، بەناوی پارتی ژیانی ئازاد (پژاک) وەدەر کەوت و ملی لەبەر ملی ڕێژیمی ئێرانی نا. هەرچەندە پژاک هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەر ئێران نییە، وەلێ لەگەڵ ئەمەشدا توانیویەتی سوپای ئێران هەراسان بکا و فرە کوشتاریشی لێ بکا. بوونی پژاک لە ناوچە دوورەدەستەکانی عێراق، بیانووی بە ئێران داوە تا گورزی سەربازی بوەشێنێ و هاریکاریی ئیتیلاعاتیش لە دژی (پ. ک. ک) و پژاک، لەسەر حسێبی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەگەڵ تورکیادا بکا.

## سووریا

هەرچەندە کوردی سووریا لەمیانی چالاکیی سیاسیدا، لە دانیشتوانی هەر چوار پارچەکە، کەمتر چالاکن، بەڵام هێشتا بە هۆی سەرکوتکاری نەپساوەی دەوڵەت و نکووڵکردنی مافەکانیان

دەچەوسێنەوە. توێژەرێک جموجۆڵیان بەهی کەسێک دەچوێنێ کە چالاکی و ویست و ئاواتەکانی خۆی (دەشارێتەوە.)[٦] پێناسەکردنی سووریا بەعەرەبی و ئیسلامی، کوردی لەناو کۆمەڵ پەراوێز کردووە. لە ١٩٦٢و پێش ئەو سەرشێتییەی ڕێژیمی بەعس کردی، نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ کورد ڕەگەزنامەی سوورییاییان لە دەست چوو، ئیتر لە هەموو خزمەتگوزارییەکی دەوڵەتی وەک فەرمانبەری و پەروەردە و هاوبەشیکردنی سیاسی، بێ بەش مانەوە.

سووریا سیاسەتەکانی سەدام حوسێنی پەیڕەو کرد و هەزاران عەرەبی لە ناوچە کوردییەکانی سووریادا نیشتەجێ کرد بۆ ئەوەی بەربەستێک لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگە کوردییەکانی دەوڵەتانی دراوسێیان دروست بکا.[٧] حکوومەتی سووریاش یاری بە کارتی کوردی کرد و لە دژی وڵاتە دراوسێیەکانی بەکاری هێنا. (پ. ک. ک) و سەرکردەکەی بۆ ماوەی دوو دەیە ساڵ لە ١٩٨٠–١٩٩٨، خۆیان لە دیمەشق و لە دۆڵی بیقاعی لبنانی بن دەستی سووریا، داڵ دەدابوو.

هەرچی و چۆنێک بێ، ئەو ڕووداوانەی لە دوای ٢٠٠٣ لە عێراق ڕوویان دا، بەشێوەیێکی دیار کاری لە کوردی سووریا کرد[٨]. ئەو بێزارییەی لەخۆوەڕا کوردەکان لە دژی حکوومەت دەریان بڕی و ئەو یاخیبوونە شارستانییەی وەک خۆپێشاندانەکانی لە ٢٠٠٤ لە قامیشلی کران، ڕێژیمی ئەسەدیان تا ئەو ڕادەیە وشت کرد کە بەتوندی سەرکوتی کردن. گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی شێخێکی کارامە لە ٢٠٠٥، هێشتا پتر نارەزایی لێ کەوتەوە[٩]. ناودارانی کورد لەوە دەترسن خۆپێشاندانێکی جەماوەری بەرپا ببێ کە نەکرێ کۆنترۆڵ بکرێ؛ بۆیە بەدوای ڕێگەیێکدا دەگەڕێن بتوانن ئاشتی لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد بکەن[١٠]. لەگەڵ ئەوەشدا، نائارامی هەر بەردەوامە؛ ئاهەنگی نەورۆزی ٢٠٠٨، بەتوندوتیژی کۆتاییی هات. سەرۆکی کوردستان مەسعوود بارزانی بەتوندی ڕەخنەی لە هێزەکانی ئیستیخباراتی سوورییایی گرت چونکە خۆپێشاندەرانیان کوشتن[١١].

وڵاتە یەکگرتووەکان پێنج ئاواتی سیاسی و پلانی سەرەکی سەبارەت بەکێشەی کورد، هەیە: ١) قەوارەیەکی کوردی فیدراڵی و دیموکراتی و سەقامگیر و شەرعی لە باکوری عێراق دابمەزرێنێ ٢) و بارودۆخی کەرکووک بە ئاشتی چارەسەر بکا ٣) و پێوەندییەکی کارامە لە نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و ٤) کێشەی ناوخۆی نێوان تورک و کورد بە ئاشتی چارە بکا و نەهێڵێ ٥) و ڕێگەچارەی گونجاویش بۆ کێشەی کورد لە ئێران و لە سووریادا بدۆزێتەوە.

ئامانجەکانی پلانەکان و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان

دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی

فیدراڵ و دیموکرات و سەقامگیر و شەرعی

لە باکوری عێراق

ئامانجی هەرە گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە یەکەتیی خاکی عێراق لە چوارچێوەی

دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراتیدا بپارێزێ. یەکپارچەیی خاکی عێراقیش بەو توانایەوە بەندە کە عێراق هەیەتی بۆ ئەوەی دانیشتوانە کوردەکەی لە قاوغی فیدراڵییەکی سەرکەوتوودا بهێڵێتەوە. فەرمانە تازەکان و ململانێی شێوە کۆنەکانی نیشتەجێکردن، سەلماندوویانە کە بۆ عێراق ناگونجێن؛ سەیرێکی ئەو ناکۆکییانە بکە کە لە کۆتایی تاوتوێ یاساکانی نەوت و هەڵبژاردنی هەرێمەکاندا پەیدا بوون . دارشتنی پێکهاتەیەکی فیدراڵی سەرکەوتوو بۆ عێراق، پێویستی بە کۆششی بێ پایانی عێراقییان و بایەخ پێدانی وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە هەیە.

لە بەدامەزراوکردنی هەرێمەکەیان، کوردەکان دەستپێشخەری بێ ڕکابەر بوون. بەڕاستیش لەوەتەی کۆتاییهاتنی شەڕی کەنداو لە ١٩٩١، کورد بەخۆیان، باری خۆیان بەڕێوە دەبەن. ئەو سەقامگیری و ئارامییەی ئێستا هەیە، بە لووس بەڕێوەچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبوارەکانی کەمبوونەوەی ململانێی نێوان هەردوو پارتە کوردییە گەورەکە و هاریکاری دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا و گەشەکردنی باری ئابووری و کەمبوونەوەی دەستتێوەردانی دەرەکییەوە، بەندە. ئەوەش کە داهاتووی کورد لە عێراق، وەک گرووپێکی ئیتنی جودا دەبێ؛ ئارامییەکەی هێشتا پتر سەپاندووە. ئەمەش بەپێی برگەی ١١٧ی دەستووری ٢٠٠٥، بەپیرۆزی پارێزراوە. ئەم دەستوورەش حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی، بەهەردوو زمانی فەرمیی عەرەبی و کوردی، ناساندووە.

ڕەنگە کوردی عێراق ئەوە بزانن کە ئەم چرکە لە مێژوودا باشترین هەلە بۆیان هاتووە بۆ ئەوەی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی سەقامگیر و بەهێز و بەتوانا بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؛ هەر بۆیەشە خەریکن هاریکاری لە بنیاتنانی دەوڵەتدا دەکەن و پتر لە بواری ژێرخان و هێنانی سەرمایەی بیانی وەبەرهەم دێن و پرۆسەکە تۆکمەتر و پتەوتر دەکەن.

هەر چۆنێک بێ، لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناڤیندا، فیدراڵیزم بیرۆکەیەکی نامۆیە؛ چونکە ناوەندە بەهێزەکان و، نزیکەی هەرگاڤ، ئۆتۆریتارییەکان ڕێژیمەکان بەڕێوە دەبەن. لەمیانی بینە و بەردەی دەستووری لە ٢٠٠٥دا، کۆمکاری عەرەبی بە توندی ڕەخنەی لە بیرۆکەی فیدراڵی دەگرت و مشتومڕی ئەوەیان دەکرد کە ئەمە ناسنامەی عەرەبی لەبەر عێراق دەکاتەوە. هیچ ئەندامێکی تری کۆمکاری عەرەبی هیچ چەشنە فیدراڵییەک هەرس ناکا. لە لایەنی جیهانی عەرەبییەوە، پەیدابوونی وڵاتێکی تری ناعەرەبی لە ناوچەرگەیاندا، جا با ئەمە موسڵمانیش بێت، وەک پەیدابوونی ئیسرائیلێکی ترەو بۆیە، بەهەوڵێکی تر بۆ لە شێرەبردنی خاکی عەرەبی، دێناس دکەن.

زۆربەی مشتومڕی ئێستا لە عێراقدا دەکرێ، لەسەر ئەوەیە ئاخۆ لە عێراقێکی فیدرال، کێ بڕیاری شێوەی قاوغکردن و دابەشکردنی نەفت دەدا، نەک باسی دابەشکردنی داهاتەکەی بکەن. فیدراڵیش هێشتا هەر مشتومڕی لە بارەیەوە دەکرێ؛ چونکە زۆر عێراقی، بەتایبەتی سونەکان، وا تێی دەڕوانن کە پاداشتێکە بەکورد دراوە و کوردیش شایستەی نین چونکە، بە درێژیی مێژوو، کورد هەرگیز دڵسۆزی وڵات نەبوونە.

بەهەمان شێوە تورکیا و ئێران، کە دراوسێیە نا عەرەبەکانی عێراقن، بێ وچان بەرهەڵستی عێراقێکی فیدراڵیان کردووە؛ چونکە ترسیان لەوە هەیە کەمینە کوردەکانی خۆیان داخوازی هاوشێوە بکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا، فیدراڵیزم توانای بەکوردی عێراقی داوە دەگەڵ حکوومەتی بەغدا کار بکەن و هاریکاریشی بکەن و لە چەند ڕێگەیەکیشەوە بەشە گەمەیەکی سازگار بکەن و لە هەندێ دەمیش ببنە پارسەنگی پێویست و کاری حکوومەت ڕاپەڕێنن. لەم بارەیەوە جۆست هیلتەرمەن دەڵێ: "چونکە سیاسەتەکانی پەرلەمانی عێراقی لە ٢٠٠٥-وە تا ئێستا، بەپێی دەستوور بایەخ بەیاسازی خواستراو دەدا، کورد بەبەردەوامی و بەتوندی جێ پەنجەی خۆیان لەسەریدا جێ هێشتووە. ئەو ڕێکییەی کورد لەناو خۆیاندا هەیانە و ئەو پوختە خۆئامادەکردنەیان (بەتایبەتیش ئەگەر لەگەڵ سەرجەم ئەوانی تر بەراوردیان بکەین) و ئەو یەک ستراتیجییەی هەیانە، یارمەتیی زۆری داون."(١٢)

ئەو سێ گەورە بەرپرسە کوردەی کە لە بەغدا کار دەکەن - سەرۆک جەلال تاڵەبانی و جێگری سەرۆک وەزیران بەرهەم ساڵح و وەزیری دەرەوە هۆشیار زێباری _ سەرکەوتووانە بەرژەوەندییەکانی عێراقیان پاراستووە و ناوبژیوانی ململانێیە ناوەخۆییەکانی نێوان ئەو هەموو لایەنە سوننە و شیعەکانیان کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، کارێکی ناواقیعییانەیە ئەگەر پێشبینیی ئەوە بکەین کە ئەم هەموو هاریکارییانە بەس بن بۆ ئەوەی بیرۆکەی دڵسۆزینەبوونیان لە مێشکی عێراقییەکان دەربێنێ. لەگەڵ هەندێش، چالاکییەکەیان ئەوە دەسەلمێنێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشە ئیستیحقاقی خۆی وەردەگرێ. پێشمەرگەش وەک میلیشیای تری نەکردووە و لە دژی حکوومەتی ناوەندی نەجەنگاوە و دەشێ ڕۆڵی پۆزەتیڤیشی لەناو عێراقدا وەک گاردی نیشتمانی پێ بدرێ و ببێتە نموونەیەک بۆ گۆڕینی میلیشیاکانی تر. لە کاتێکیشدا کە سەرۆک وەزیران مالیکی داوای لە سوپای مەهدی کرد چەک فڕێ بدا و لە موقتەدا سەدریشی خواست دا واز لە سیاسەت بێنێ، لە هەمان کاتدا کەسایەتیی تایبەتی و بوونی پێشمەرگەی بەفەرمی ناساند.

### ناوچە دابڕێندراوەکان؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازێ بیگەڕێنێتەوە

سەقامگیریی باکور بەبەهای گران بەدەست هاتووە. حەڤدە ساڵ حوکمی ئۆتۆنۆمی لەناو عێراقێکی شێواو، کوردی عێراقی لە سەرجەم کۆمەڵگەی عێراقی جودا کردووەتەوە. هەردوو پارتی ڕکەبەر، (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، ئەو داهاتەی یەکەم جار لە ١٩٩٦، بە پێی بڕیاری نەوت بەخۆراک، لە بەغداوە بۆیان دەهات، لە ڕێگەی تۆڕێکی پێوەندیی کڕیارانیانەوە بۆ توندکردنی پێگەی خۆیان لە باکور، بەکار هێنا و پارە و کۆنتراکتەکانیان بەسەر ئەو یاریدەر و هاوڕێیانەیاندا دابەش دەکرد کە متمانەیان پێیان هەبوو و نەیارەکانیشیان دەخنکاندن. هەردوو پارتەکە هانی پەیدابوونی پارتۆکە و ڕۆژنامەگەری گوێڕایەڵیان، دا. هەرچەندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان




فرە هەنگاوی هاوێشتووە و چووەتە پێشەوە، وەلێ هێشتا حکوومەتێکی بە تەواوەتی دیموکراتی نییە. لە ئەنجامدا، هەرگاف خەتەر هەیە هەنە ئێستا گرەوی ئەوە دەکەن کە نیشانە و بەڵگەی ئەوە هەیە کە مەترسیی یاخیبوون لە باکوری عێراقدا ڕەنگە شێوەی ئیسلامی یان پتر نەتەوەپەرست و جوداخوازی لێ پەیدا ببێ.

هەرچی و چۆنێک بێ، مکوڕبوونی کورد لەسەر فیدراڵی، هانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقیی داوە، کە گەورەترین لایەنی شیعەی ناو حکوومەتە، بۆ ئەوەی هەوڵی پێکهێنانی هەرێمێکی فیدراڵی گەورە بدا کە لە نۆ پارێزگا پێک بێ و شاری بەسرەشی دەگەڵدا بێت. پێشنیازەکەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی پیاڵەیەکی پڕ لە جۆران ژەهرە. ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی کە زۆر لە جەماوەری خۆی لە دەست داوە، ئێستا وا هەوڵی ئەوە دەدا تا دووبارە کۆنترۆڵی هەرێمێک بکا کە گەورەترین گەنجینەی نەوتی عێراقی تێدایە. حزبی فەدیلە کە بەسرەی بەدەستەوەیە، هاودەم دەگەڵ سوپای مەهدی و لایەنگرانی دەعوە و تورکمان و سوننەکانیش بەرهەڵستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی دەکەن[١٣]. ڕەنگە ئەنجوومەنی

باڵای ئیسلامیی عێراقی بەم پێشنیازەی بیەوێ فیدراڵییەت بشێوێنێ و لە مەغزایەکەیشی بیەوێ ویستەکانی کوردیش بگرێتەوە.

فیدراڵیزم یان لە ئەنجامی کۆششێک دێ کە بۆ بەیەک بەستانەوەی چەند گرووپێکی ناکۆک دەکرێ کە بەبێ دەستپێشخەری خۆیان دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێک دێن، یانیش لەو گرووپە سیاسییانە پێک دێ کە بە دەستپێشخەری خۆیان بەیەک دەگەن(١٤). ئاشکرایە کە کێشەی کورد لە چینی یەکەمەیان لە ڕێزبەندی (بەیەک بەستانەوە)یە. سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، با ناوچە دابڕێندراوەکانی پارێزگای کەرکووکیشی دەگەڵدا نەبێ، هێشتا هەر هەرێمێکی تاکڕەگەز homogeneous نییە و چەندان تورکمان و دیانی ئاشوورییی تێدایە. لە وەڵامی ئەمەشدا، کوردە عێراقییەکان هەوڵیان داوە ناسنامەیەکی سەرتاسەری کوردستانی پەیدا بکەن کە جێی ناسنامەیەکی تەنیا ئیتنیی کوردی بگرێتەوە.

بوونی هەستێکی بەهێزی جودابوونەوە لە شێوەی پابەندی توند بەڕێککەوتنی فیدراڵی، ڕەنگە پتر گرژی بخاتە نێوان ناوەند و هەرێمەکانەوە. سۆزی جودابوونەوە لە کوردستانی عێراق هەموو کات بەهێز بووە؛ لە ٢٠٠٥ بوو، دەوروبەری ٩٥ لە سەتی دانیشتوانەکەی پشتیوانیی سەربەخۆبوونیان کرد(١٥). جێی سەرسوڕمان نییە، کە دەشێ هەرێمێکی فیدراڵی - بۆ ماوەیەکی کورت و سنووردار بەتوندی لە دژی هەڵوێستی ناوەندێکی نەرم بجووڵێتەوە.

بەڵگەی ئەم دەستپێکە نەرمە لەمیانی دانوستانی دەستووری لەسەر برگەی ١٤٠ و کێشەی کەرکووک و پاشانیش کێشەی نەوت، دەشێ هەبێ. بەرەنجامی ڕێک نەکەوتنی نێوان بەغدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئەو یاسا پێشنیازکراوەی کە بۆ ڕێکخستنی دۆزینەوە و دابەشکردنی نەفت، لە ئارادا بوو، تا ڕادەیەک ئەو لێڵییە ڕوون دەکاتەوە کە لەبارەی دەسەڵاتەکانی فیدراڵەوە هەیە. لە مێژووودا سەدام بەنیازەوە بودجەی کەمی بۆ دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان تەرخان دەکرد و ئێستاش متمانە لە نێوان حکوومەتی مەرکەزی و لێپرسراوانی کورد کەمە، بۆیە کار دەکەنە سەر ئەو ڕێگەیانەی کە دەبێ یاسای نەوتیان پێدا بچێ، تا دەردەچێ. هەرچەندە سەبارەت بەچوونی داهاتی ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ حکوومەتی ناوەندی ڕێک کەوتن ، بەڵام هێشتا کورد پێ لەسەر مافی مۆرکردنی کۆنتراکتەکانی دۆزینەوەی نەوت، دادەگرن، تا نەهێڵن نادادی جاران دووبارە ببێتەوە. حکوومەتی ناوەندییش بەپێچەوانەوە، مکوڕە لەسەر ئەوەی کە یەک سیاسەتی نەوتی نیشتمانیی هەبێت تا ڕێگە لەبەر شیمانەی وەبەرهەمهێنانی بێ کۆنترۆڵ بگرێ. ئەمەش حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پەک نەخستووە، بگرە بەردەوام کۆشش دەکا تا کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان قایل بکا، بێن دەست بە گەڕان بەدوای نەوتدا بکەن، لەوانەش کۆمپانیای تورکیایی و نەرویجی و کۆریای باشووری تێدایە.

دەسەڵاتدانە هەرێمەکان خۆ هەموو کات نابێتە هۆی ئەوەی کە ناوەند ئیتر دەست لە دەسەڵات هەڵگرێ؛ سەیری ئەسپانیا بکە، لەوێ هەردوو هەرێمی باسک و کاتالۆنیا کە خودان ئۆتۆنۆمیی

خۆیانن، هەردەم لە خەباتێکی بێ وچاندا بوونە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانیان، لەسەر حسێبی ناوەند، فرەوانتر بکەن. دامەزراندنی فیدراڵی لە عێراق، کە ناوچەیەکی فرە لە ئەوروپا جودایە، هێشتا ئەستەمتریش دەبێ؛ ئەو هەستە نامۆییەی لە نێوان دانیشتوانە عەرەبەکە و کورددا هەبوو، هێشتا هەر ماوە. عەرەبەکان بەکوردان یێژن، (خیانەتیان لە عێراق کردووە) و (هاریکاری)ی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردووە(١٦).

شیمانەی جودابوونەوەی کوردیش هێشتا ڕاستییە و هەر ماوە. بەغدا و دراوسێیەکانی دەتوانن بەزەبروزەنگ ڕێگەی لێ بگرن و کوردستان بەتۆبزی و بەهەڕەشەی گەمارۆی ئابووری و تەدەخولی سەربازییەوە بۆ ناو عێراقی بێننەوە، یانیش بەقایلکردنی کورد و لە ڕێگەی خستنیە نێو چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ هانی مانەوەی بدەن. هەرچەندە ماستاو ساردکردنەوە هەڵبژاردەیەکی پەسندترە، بەڵام ئەویش تژی مەترسیی خۆی دەبێ: «هەمان ئەو مەرجانەی وا دەکەن کە فیدراڵیزم بۆ عێراق پێویست بن، هەر ئەو مەرجانە خۆیان فیدراڵیزم دەکەنە مەترسییەک لەسەر یەکەتیی خاکی عێراق.»(١٧)

وڵاتە یەکگرتووەکان، با هەر خشتەی کشانەوەی هەبێ، یارمەتیی خۆی دەدا ئەگەر یارمەتیی کورد و گشت عێراق بدا و کاریان لەسەر چەند نموونەیەکی فیدراڵیی دەگەڵدا بکا. وا تێ دەگا کە کوردستانی عێراق سەقامگیرە و بەشێوەیەکی ترسناکیش پارەی کەمی بۆ پرۆگرامەکانی بنیاتنانی دەزگاکانی ئەوێ، تەرخان کردووە. بەرفرەکردنی دەسەڵاتی یاسا لە باکور، یەکێکە لە پێداویستییە هەرە هەنووکەییەکان. هەرچەندە دوو پارتە کوردییەکە لەمیانی حوکمڕانیدا، پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە، وەلێ زۆر لە ناکۆکییەکانیان کە تا ئێستا هەر نووسینی سەر قاقەزن، دەشێ لە ڕۆژانێکی تەنگانەدا سەر هەڵدەنەوە.

### چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بە ئاشتی

ئەگەر حکوومەتی عێراقی، بەهاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، چارەسەرێکی ڕەوا ڕێک نەخا، ململانێی ناو ئێبتنەکان لە کەرکووک ئامادەیە بتەقێتەوە. ئەم توندوتیژییەش ڕەنگە بۆ ناوچەکانی تری عێراقیش هەڵکشێ کە لەسەر خاک، ململانێیان هەیە(١٨). بۆیە کەرکووک سەنتەری بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانە لە عێراق. ئەوەی کێشەی کەرکووکی بەم جۆرە ئەستەم کردووە تا چارەسەر بکرێ، دوژمنداریی لەمێژینە (حوکمە توندەکەی سەدامی بەنیازەوە پەیڕەوی دەکرد) و جیاوازیی نەتەوەکان و گەنجینەی نەوتی زۆر و دەستتێوەردانی دەرەکییە.

لەمیانی بەرهەڵستیکردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا نەهێڵن کەرکووک بۆ ناو هەرێم ببا، سەرەکیترین بیانووە، کە تورکیا و ئێران و سووریا پێشکێشیان کردووە، ئەوەیە کە ڕەنگە سەرچاوەکانی نەوتی کەرکووک دراوی پێویست بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکا تا سەربەخۆ بێ. شاری کەرکووک بەپارێزگایەکەیەوە ١٢٪ هەموو نەوتی عێراقیان تێدایە و دووەم

گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنەری نەوتی عێراقە؛ هەر بۆیەشە زۆربەی ناکۆکییەکانی کە لەسەر شارەکە و پارێزگایەکەوە هەیە، پێوەندیی بەوە هەیە ئاخۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم سەرچاوەیە چ ئەنجامێکی دەبێ[١٩].

کورد کە دەڵێن پارێزگای کەرکووکمان گەرەکە، داوایەکەیان لەسەر ئەو بنەمایەدا هاتووە کە بەر لەوەی سەدام شاڵاوەکانی ڕاگواستن دەست پێ بکا و سنوورەکانی پارێزگاکە بگۆڕێ بەو مەبەستەی کەسایەتیی زۆرینەی (عەرەبی) بۆ کەرکووک بسەلمێنێ، زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بووە. هەردوو لایەنی کوردی و تورکمانی پشت بەئەنجامی ئامارەکان دەبەستن تا خواستەکانی خۆیان پشتڕاست بکەنەوە. تورکمانەکان بە پشتیوانی لێکردنی تورکیا، مشتومڕی ئەوەیانە کە کەرکووک لە ڕووی مێژووەوە شارێکی تورکمانییە. بۆ نموونە، تورکمانەکان ئاماژە بۆ ئاماری ١٩٥٧ دەکەن، چونکە زۆرینەیەکی بەئاستەمی لەناو شاری کەرکووک، پێ داون. بەڵام لەمیانی هەموو پارێزگاکەوە، هەر هەمان سەرژمێری زۆرینەیەکی بەرچاوی کوردی لە بەرانبەر عەرەب و تورکمان بەدیار خستووە و کورد ٤٨، ٢٨ لە سەد و عەرەب و تورکمانیش هەر یەکە[٢١] لە سەدیان هەبووە.

لەوەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان کەرکووکی داگیر کردووە، ئەو شارە بووەتە مەیدانی پێشبڕکێ. هەردوو پارتە کوردییەکان خێرا سەرەڕمی لەشکرەکانی خۆیان بۆ کەرکووک نارد و هانی ئەو دانیشتوانانەشیان دا کە لە کاتی سیاسەتی سەدامی بۆ بەعەرەبکردن، لە شارەکە دەرکرابوون، تا بگەڕێنەوە. تورکمان و عەرەبەکان هەڵوێستی کوردیان بەوە لێکداوەتەوە کە زەوی لەوان داگیر دەکەن. خواستی کوردی بۆ (ئاساییکردنەوە normalization)ی بارودۆخی پارێزگای کەرکووک (دووبارە هێڵکاری سنوورەکان و جێگیرکردنەوەی دانیشتوانی پێشووی)، بەپێی مەرجەکانی بڕگەی ١٤٠، کە دەبێ ئامار و ڕیفراندۆمی سەر داهاتووی شارەکەی لە دوادا بێ، جەرگەی ململانێی ئەمڕۆ پێک دێنێ. تورکمانەکان، بەپشتیوانیی عەرەبە نەتەوەپەرستەکانی سوننە و شیعە، بە توندی بەرهەڵستی ئاواتەکانی کوردیان کردووە. سەرکردە کوردەکانیش کەوتوونەتە بەر پاڵەپەسۆیەکی توندی یاساساز و وڵاتپارێزەکانیان و لێیان دەخوازن لە کەرکووک پێشکەوتنی پتر بکەن. هەرچەندە فرە تۆمەت لە دژی کورد هەڵبەستراوە، بەڵام ڕاپۆرتێکی گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی International Crisis Group گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کورد، بەگشتی، (لەوەتی لە نیسانی ٢٠٠٣وە گەڕاونەتەوە، بە موقەیەدی restraint هەڵسوکەوتیان کردووە.)[٢١]

لە کۆتاییدا، لەلایەنی حکوومەتی عێراقییەوە، کە پاشەڵی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا و بەهۆی ئەو بارە ناسکەی ناو عێراقیش کە ڕێگەی لە دووبارە هێلکێشکردنەوەی سنوورەکانی پارێزگاکان گرتووە، (ئاساییکردنەوەی) کەرکووک دوا خرا. دوودڵیی حکوومەتی عێراقی، تەنیا لەبەر بێ دەسەڵاتی نەبوو، بگرە بەو شێوەیەی کە کورد پێشبینییان کرد، لەبەر ئەوە بوو چونکە خۆی نەیدەویست پابەندی مادەی ١٤٠ بێت. بەگژیەکداچوونێک لەگەڵ پێشنیازی دواخستنی پرۆسەکە

بۆ شەش مانگ، لەلایەنی نوێنەرانی تایبەتی UN، ستیفەن دو مستۆرا، دوا خرا. لە حەقیقەتیشدا، ئەمە بۆ ماوەیەکی نادیار دوا خراوە[٢٣].

بەرهەڵستیکردنی دەرەکی ئامانجەکانی کورد بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکووک، بەشێوەیەکی سەرەکی، لە تورکیا بنکەی داکوتاوە. ئێران و سووریا هێندە بە ڕەهایی باسیان نەکردووە؛ وایان پێ باش بووە بارە قورسەکە تورکیا هەڵی بگرێ. ئەنقەرە، لەبەر پێوەندیی نزیکی بەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە، سەنگی پتری ئەم بابەتەی هەڵگرتووە و کارتی تایبەتی ئیتنی خۆیشی هەیە تا لە باکوری عێراق گەمەی پێ بکا. لە ١٩٩٥، تورکیا یارمەتیی پێکهێنانی بەرەی تورکمانی دا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاواتەکانی کوردی عێراق ببێتەوە. سەرانی تورک هەڕەشەی دەست تێوەردانی ناو کاروبارەکەیان کرد بۆ ئەوەی بێن و تورکمانەکان بپارێزن ئەگەر کەرکووک بخرێتە ناو حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. هەر دەست تێوەردانێکی سەربازی لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتیی باسنەکراوی لێ بکەوێتەوە و نرخێکی سەربازیی گەورە بدا و بواری سەرکەوتنیشی کەم بێ. تورکیا دەشتوانێ گەمارۆی ئابووریی هەرێمی کوردستان بدا و ڕێگە بەکورد نەدا بگەنە سەر گرینگترین ڕێگەی بازرگانی بۆ ناو باکوری عێراق و بۆ دەرەوەشی.

کارتی تورکمانی چەند قیمەتی هەیە؟ بەرەی تورکمانی عێراقی لە بن ویصایەی سوپای تورکیایە و پشتیوانی لەو وەردەگرێ و وەک ئاکتەرێکی کاریگەر لە حیساباتی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی تورکیا، بەدەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا، وێنەکە، بەچاکترین شێوەی، لە ناوەوەی عێراق تێکەڵ و پێکەڵە. وەلێ هێشتا پشتیوانیی بەرەی تورکمانی عێراق لەناو عێراقدا سەلماندی کە سنووردار بووە؛ ئاخر تەنیا ٧٨,٠ لە سەدی سەرجەم دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا هێنا و تەنیا سێ ئەندامی خۆی گەیاندە پەرلەمانی عێراق. ژمارەی ئەو تورکمانانەی لەسەر لیستی شیعەکان و هی کوردەکان خۆیان کاندید کردبوو، لەوانە پتر دەنگیان هێنا کە لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی عێراق بوون. هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە نزیکەی ٥٠٪ تورکمانەکان شیعەن و ویستیان بەدوای حزبە شیعییەکان بکەون و زۆر لەو تورکمانانەی کە لە کوردستانیشدا دەژین، هەر لە دێرزەمانەوە پێوەندیی چاکیان بەکوردەوە هەبووە[٢٥]. کاریگەری بەرەی تورکمانی عێراق بە زۆری لە شاری کەرکووک قزگەی گرتووە و بەرەش لەوێ هاوپەیمانیی دەگەڵ عەرەبەکانی ناوچەکە کردووە بەسەدرییەکانیشیانەوە[٢٦].

بەهۆی ئەو ئەنجامە خراپەی بەرەی تورکمانیی عێراق لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا، حکوومەتی تورکیا خۆی لێی دوور خستەوە؛ لەلایەکی ترەوە، سوپای تورک کە کاریگەری بەرچاوی لە سیاسەتی تورکیا لە باکوری عێراقدا هەیە، لە دەستبەرداربوونی بەرەی تورکمانی عێراق، تا ئێستا هەر ڕاڕایە. لەوەتەی زووانەکی ١٩٩٠کانەوە، لە نێوان ١٢٠٠ تا ١٥٠٠ سەربازی تورک، بەڕەزامەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردیشەوە، لە ناوچەکانی بن دەسەڵاتی کوردی ئۆردوو

بەندن[٢٧] بۆ ئەوەی چاودێریی (پ. ک. ک) بکەن و ڕەنگە لەوەش گرینگتر بێ، بڕبڕەی پشتی بەرەی تورکمانی عێراق پێک بێنن. سوپای تورک و حکوومەتەکەی تا ئێستاش لەسەر بابەتی سیاسەتی کوردی ناوەخۆ و هی عێراقیش، هەر ناکۆکن[٢٨]. دەگوترێ کە بەرەی تورکمانی عێراقی هێشتا دەتوانێ زیان بگەیەنێ و کردەی وا بکا کە بەرانبەرەکەی پێ هەڵبچێ و وا بکا پارێزەرەکانی بۆ ئاژاوەگێڕان بێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەنگە ئەوەیان هەر نەوێ[٢٩]. گرتنەبەری ڕێگەی توند لە کەرکووک یان لە پشتیوانیکردنی بەرەی تورکمانی، کێشەی زۆر بۆ ئەنقەرە دروست دەکا؛ ئاخر ئەمە تورکیا بە تاوانی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی وڵاتێکی تر لە بری کەمینەیەک تۆمەتبار دەکا (ئاخۆ تورکیا ڕێگە بە عێراق دەدا بەهەمان شێوە لە بری کوردەکانی تورکیا دەست لە کاروباری ئەوێ وەربدا؟) و پێشبینیی ناواقیعییانەی تواناکانی لە دەست تێوەردان لە کاروباری کەرکووکیش بابەتێکی تر نیشان دەدا.

تارماییی ڕاپرسی لەسەر کەرکووک مەترسیی تێکهەڵچوونی ئیتنیی هەیە کە ڕەنگە بەئاسانی بۆ ئەولاتری کەرکووکیش بچێ[٣٠] و گومانی تێدا نییە کە لە مووسڵیش هەڵدەچێ؛ مووسڵ شارێکە پڕی ململانێی فرە ئیتنییە و کەمینەیەکی کوردی بەرچاوی تێدا دەژی و پاڵەپەستۆی زۆری دراوسێیەکانی لەسەرە. بەرپابوونی ئەم جۆرە ململانێیە نسکۆی وڵاتە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عێراقیشە. کورد قایل بوون هەلێک بەپلانە سێ قۆناغییەکەی دو مستۆرای نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن تا پیادە بکرێ، کاشکا گۆڕانکارییەک دێتە کایەوەو بڕوا بەپترینەی کورد بکا کە پێشەوەچوونێک کراوە[٣١]. بەهەمان شێوە، گۆڕینی سنوورەکان بەکەمترین دەودەوانێ دەست پێ دەکا لە هەر شو ێنێک کە لە پێش هەموو شتێکدا دانیشتوانە لۆکاڵەکان بەرژەوەندییان لە گۆڕینی بارودۆخیاندا هەبێت[٣٢]. گۆڕینی ئەو سنوورانە بۆ ئەوە نییە تا خواستی کورد بەهێز بکا چونکە دەبنە هۆی ئەوەش کە کۆمەڵگە بەنەریت عەرەبییەکان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد دوور بخەنەوە. دەبێ گۆڕینی سنوورەکان هاوکات لەگەڵ دروستکردنی متمانە بێت بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکانی پاشەڕۆژ کە زۆر ئەستەمن، ئاسان بکا[٣٣]. جگە لە ڕێگەچارەکەی داینابوو، پێشنیازەکانی دو مستۆرا قازانجی بۆ هەموو لایەنەکان هەبوو و کاتی پتری بۆ ڕەخساندن بەر لەوەی دەست بەدانوستاندنەکان بکەن.

کێشەی کورد ڕەنگدانەوەی کێشەکانی هەموو عێراقە، بەکوردیشیەوە. واتا، کورد دەتوانن یان هەوڵ بدەن ویستی خۆیان بەسەر کەرکووکدا بسەپێنن یانیش بەقایلکردن و متمانەدان و هاندان، بەهەرێمی کوردستانیەوە ببەستنەوە. ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەین کە هەرێمی کوردی لەژێر ئەو هەموو بارودۆخە ناخۆشەشیدا، توانیویەتی کاری بەرچاو ئەنجام بدا، تێ دەگەین کە ئەمەی دوایان پێشنیازێکی ئاوا نییە کە جێبەجێ نەکرێ. هەرچەندە خزم خزمانێ لەناو سەرکردایەتییەکەیدا هەیە، وەلێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو دەڤەرەکانی تری عێراقدا پتر یەکگرتوویی و سەقامگیریی بۆ هاووڵاتییەکانی خۆی پێشکێش دەکا. کورد هێشتا

لەسەریانە دوایین نوسخەی دەستووری هەرێمی کوردستان بسەلمێنن بۆ ئەوەی دەستەیەکی روونی متمانە بەهەموو ئەو کەمینانە بدەن کە لە خاکەکەیاندا دەژین.

ولاتە یەکگرتووەکان، لە کەرکووک، رووبەرووی تەنگانەی خۆی هاتووە. ئامانجی کورتخایەنی ئەوەیە نەهێڵێ توندوتیژی لەوێ سەرهەڵبدا. بۆ دوورخایەنیش دەبێ چارەسەرێکی شەرعی بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. ئەگەر عێراق پارچە ببێ، ئاخۆ پەسندە کورد، کە هاوپەیمانیی سروشتی ولاتە یەکگرتووەکانن و لەو ئەنجامەشەوە هاوپەیمانیی تورکیان، کۆنترۆڵی نەوت بکەن؟ ئەو بارە هەنووکەییانە چین کە دەبێ ولاتە یەکگرتووەکان خۆی بۆیان ئامادە بکا؟

وەڵامەکان دەمودەست دیار ناکەون. دەبێ ولاتە یەکگرتووەکان یارمەتیی جێبەجێکردنێکی رەوای پرۆسە سێ هەنگاوییەکەی کەرکووک بدا، بۆ ئەمەش دەبێ کارمەندانی خۆی تەیار بدا تا راستەوخۆ لایەنەکان پشکداری پلانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن و ناوبژیوانیشیان بن. دەشبێ خۆی لە هەڵەی نوێی وەک رێککەوتنی نهێنی یان لاوەکی دەگەڵ هەر لایەنێک و لەبن باڵەپەستۆی پێداویستییەکانی ئێستا، دوور بکاتەوە.

دەتوانێ یارمەتیی ئەو عێراقی و دراوسێیە تێگەشتووانە بدا بەبەرئەنجامەکان قایل بن یان باڵەپەستۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پلانی ئاواتبەخشتری وەک ئەوەی کە لە برچکۆ لە یوگوسلاڤیای جاران وەکار کەوت، بۆ ئێرەش ساز بکا. پاش ئەوەی کە هەرگیز نەکرا لەوێ چارەسەرێکی مامناوەندی لە خواستەکانی کروات و سربە نەیارەکانیان بکرێ ناوچەیێکی بەرێوەبردنی تایبەت دروست کرا.

لە کەش و هەوای ئێستادا، دەبێ واشنتۆن بەهوشیارییەوە هەنگاو بنێ؛ چونکە بەرگەی ئەوە ناگرێ بەهۆی ناکۆکی لەسەر کەرکووک ناچار بکرێ لایەنێک هەڵبژێرێ. هەندێ کورد ئەوە دەزانن کە هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکان بەزەروەرەت ئەوان لە کەرکووک پەسند ناکا و بۆیە لە هەموو لایەنەکان خواستراوە تا بەچارەسەری مامناوەندی قایل بن. هەرچەندە پێشنیازەکانی دو مستۆرای مشتومڕی نایەوە، وەلێ لە بری ریفراندۆم و لە جیاتیی بەردەوامبوونی سیاسەتێک کە دەیەوێ باری ئێستا بهێڵێتەوە و خۆی لەو بریارانە دوور بخاتەوە کە رەنگە مشتومریان لێ پەیدا ببێ، پێشنیازەکان چەند ئەڵتەرناتیڤێکی کەمیان تێدا هەیە. کێشەی هەڵبژاردنی پارێزگاکە هەر ماوەتەوە. تورکەکان لەمیانی خۆدانەپاڵ تورکمانەکانەوە، پێشنیازیان کرد کە ژمارەی نمایندەکانی هەرسێ کۆمەڵگەکەی کەرکووک بەیەکسانی بەسەر عەرەب و تورکمان و کورد دابەش بکرێ و، هەر لایەنێکیان ٢٣٪ کورسییەکانی وەبەر کەوێ و ئەو ٤٪ی کە دەمێنێتەوە بۆ کەمینە بچووکترەکانی تر بێ[٣٥]. کورد نایانەوێ بەم جۆرە دابەشکردنە، قایل بن؛ چونکە ئاشکرایە کە ئەوان لە پارێزگایەکەدا، زۆرینە پێک دێنن؛ لە راستیدا، رەنگە کۆمەڵەیان ببێتە زۆرینە ئەگەر سنوورەکانی پارێزگایەکان دووبارە بکێشرێنەوە. لە راستیدا، زۆر لە یاساسازان بایکۆتی دانیشتنەکەی پەرلەمانیان کرد کاتێک کە کەمینەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆ یاسای هەڵبژاردنی

پارێزگاکانیان دا و بەشی (٣٢-٣٢-٣٢-٤) یان سەپاند، کورد و هاوپەیمانەکانیان پشتیوانیی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییان وەدەست هێنا و ڤیتۆی یاسایەکەی کرد و لە کۆتاییدا دەنگدانەکەی بۆ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ دوا خست.

ڕێگەچارەیەکی تر گرووپی تەنگژەی نێودەوڵەتی پێشنیازی کرد؛ ناوی (معامەلەی نەوت بە-خاک)ی لێ نا، بەپێی ئەمە کورد قایل دەبن کە واز لە کۆنترۆڵی کەرکووک بێنن و جۆرە هاوبەشییەکی کاتیی دەسەڵات پێک دێنن و لە بەرانبەریشدا سەربەخۆییی پتریان لە بەڕێوەبردنی بابەتە ئابوورییەکاندا دەبێ و بەشێوەیەکی سەرەکی بواری پەرەپێدان و قۆرغکردنی سەرچاوەکانی نەوت دەگرێتەوە[٣٦]. نەرمی بەڕێوەبردنی کاری یونامی UNAMI و ئەوەی کە دەڵێن خەریکە بکات بۆ چارەسەرێکی مامناوەندیی کێشەی کەرکووک نامێنێ، پێشنیازەکەی گرووپی تەنگژەی نێونەتەوەیی بەڕێوە دەبەن. کاردانەوەی کورد بۆ ئەم پێشنیازە نەرێنی بووە، هۆی سەرەکیشی، ئەگەر ڕاست بێ یان نا، ئەوە بووە کە بە فێڵ زاندراوە لە خواستی گەڕانەوەی خاک و کێشەی ڕیفراندۆمدا دەکرێ.

ئەم هەڵبژاردنانە، ئەگەر بکرێن، لە بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە؛ جا با هاوپەیمانەکانی کورسییەکان بدۆڕێنن و ناوچەکانیش لە دەست بدەن. بۆیە ئەو یاسایەی پەرلەمانی عێراقی دەری چواند تا هەڵبژاردن لە یەنایەر بێ لە هەرێمی کوردستان و کەرکووک، بکرێ، پێشکەوتنێکی دڵخۆشکەرە[٣٧]. لەو کاتەی کە ناوچە تێکەڵاوەکان توندوتیژییان تێدا ڕوو دەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ تاهەتایێ، پرۆسەکە هەر بمێنێتەوە. سەیر لەوەدایە کە ئەوانەی باشترین دەستکەوتیان لە هەڵبژاردنەکان وەدەست دەکەوێ، کە تێکەڵەیەکی حزبە سوننە و شیعەکانن هەر ئەوان بوون کێشەیان دروست دەکرد[٣٨].

### پەرەپێدانی پێوەندییەکی کارا لە نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

پڕ بایەخە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ئەگەر یارمەتیی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدا بۆ ئەوەی هاریکاریی یەکتری بکەن. ئەمانە دوو هاوپەیمانی نزیکن لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندیی جیۆپۆلیتیکی هاوبەش و شتی هاوبەشی زۆر لەوەش پتریان هەیە کە دەیانەوێ باسی بکەن.

واشنتۆن و ئەنقەرە ئامانجی هاوشێوەیان لە عێراقدا هەیە: هەردوو لا دەیانەوێ وڵاتێکی یەکگرتووی گەشەدار و تا بکرێ دیموکراسیی هەبێ و بتوانێ بەرانبەر ڕژێمی ئێرانی بوەستێ. لە ماوەی درێژخایەنیشدا، بۆ سەقامگیرکردنی ناوچەی کەنداوی فارسی، تەوەری ئەنقەرە - بەغدا دەتوانێ پارسەنگی تاران بدا. بۆ ئەوەی ئەم تەوەرەش دابمەزرێن، تورکەکان ناچارن بەهەولێری پایەتەختی کوردیدا تێ پەڕن؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ ئەم بۆچوونە بکا، هەندەش دەتوانێ کە ئاڵۆزی بکا. بەهەمان شێوە، پێویستە

واشنتۆن بیەوێ تورک ڕۆڵێکی بنیاتسازیان لە عێراقدا هەبێ، چونکە دڵەڕاوکێی وڵاتانی کەنداو لە بەرانبەر ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە سووک دەکا و ڕەنگە ترسیشیان لە جودابوونەوەی کورد نەمێنێ. ئەوەی تورکیا دەتوانێ لەم بارەیەوە بۆ کوردی عێراقی بیکا، ئەوەیە بۆندێکی قایلسازیی پاراستن لەگەڵیاندا بکا کە ترسە ئاسایش – ئامێزەکانی کورد لە دراوسێیەکانی سووک بکاتەوە.

لەوەتی وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقی داگیر کردووە، هەردەم مشتومڕی لەگەڵ تورکان لەسەر ئەوە بووە کە ئەوان بەسیاسەتەکانی قایل نەبوونە و خەریک بووە گرژیی نێوان تورک و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاو بکاتەوە. گەلێ جاران ئەم کێشانە لەگەڵ کاروباری ڕۆژانەی هێزەکانی هاوپەیمانان تێکەڵ بووە و ناکۆکیی لە نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن پەیدا کردووە و ڕێز و متمانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەناو دانیشتوان و سیاسەتسازانی تورکیادا کەم کردووەتەوە[٣٩]. بەشێوەیەکی سادە، دەگوترێ کە تورکیا دەترسێ کە ئەو دەرکەوتنە کار لە کەمینە کوردەکانی خۆی بکا. سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، لەمیانی پێداچوونەوەی بەژینگەی ئەو هەڕەشانەی لە تورکیا دەکرێ، دیارترین هەڕەشەکانی بەپێی بایەخیان، هەڵسەنگاند و ڕیزبەندی کردن. شیمانەی دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەمووان لە پێشتر دانا و پاشانیش ڕێکخستنەوەی باری کەرکووک و ئینجا ناوی (پ. ک. ک)ی هێنا[٤٠]". تورکەکان دەیانەوێ پتر قسە لەسەر شیمانەی سەربەخۆیی کوردستان بکەن: (تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی بەحەقیقەتیش بگا، هەڕەشەی لەسەر یەکەتیی خاکی تورکیا کەمە چونکە ئەم جۆرە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە یەکگرتووە سەرکەوتووانە، دەگمەنن.)[٤١] لەبەر ئەوە ڕەگی ناتەبایی لە سێگۆشەی تورکیایی –حکوومەتی هەرێمی کوردستان – وڵاتە یەکگرتووەکاندا، کێشەی ناوەخۆی کوردی تورکیا و ترسی تورکیایە لەوەی کە دەوڵەتی فیدراڵی کوردی عێراق، سەربەخۆ بێت.

هەرچەندە لەمێژە (پ. ک. ک) هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە ئاسایشی تورکیا دەکا، بەڵام هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردی عێراق بە درەنگەوە لەوە گەیشتن کە نارێکیبوونی (پ. ک. ک) لە باکوری عێراقدا چ کاریگەرییەکی لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، هەیە. لە دوای قۆرغکردنی ئەم هەموو سەرچاوانەی هەیەتی، هێشتا بەچاکی دیارە کە ئەنقەرە لە بەزاندنی ئەو یاخیبوونە دوو دەیە ساڵییەدا، هەرەسی هێناوە. (پ. ک. ک) بەو ٢,٠٠٠ تا ٢,٥٠٠ شەڕوانانەی لە هەر بەرێکی سنووری تورکیایی – عێراقی هەیەتی، هیچ خاکێکی لە ناوەوەی تورکیا، لە بەردەستدا نەماوە، وەلێ بێ پسانەوە لەشکرەکانی تورکیایی بێزار و کوشتاریشیان لێ دەکا. ئەم کوشتارانە– وەک چۆن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کاریگەری هەبووە– لە تورکیاش کاردانەوەی توندی لە دژی دەستگەکانی دەوڵەتی و سیاسەتوانان هەبووە و بەهۆی ئەو دوژمنداریەتییەی لە نێوان تورک و کورددا ناویەتییەوە، چنینە (نەسیج)ی کۆمەڵایەتیی ڕاتەکاندووە. لەلای خەڵکی و لەلای سەرکردایەتییەکەیشی هێرشە چەکدارییەکانی لە خاکێکی دراوسێدا دەردەچن، بارەکە هێشتا ئاڵۆزتر دەکەن.

(پ. ک. ک.) توانیویەتی بەدرێژایی سنووری تورکیا و ناوچە دوورەدەستەکانی شاخی قەندیل، لە نزیکی ئێران، شوێنی خۆی بکاتەوە و وامەزەندە دەکرێ کە گەلێ لە سەرکردەکانی لەوێدا بژین. هەر لەوەتەی ولاتە یەکگرتووەکان عێراقی داگیر کردووە، ئەنقەرە لە هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و لە پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەخوازێ (پ. ک. ک) لە شوێنەکانیان وەدەر بنێن. لە ٢٠٠٣ بەدواوە، ولاتە یەکگرتووەکان ویستی بایەخ بەکێشەی (پ. ک. ک) نەدا. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەلای خۆیەوە، ئومێدی خواست گرفتەکە تۆزێ کەم بێتەوە. لەبەر ئەو بەتوندی بەرهەڵستیکردنەی تورکیا لە بوونی حکوومەتێکی کوردی لە عێراقێکی فیدراڵی و بەهۆی ئەو دوژمندارییەی هزری سیاسیی ناوەخۆ لە شەڕی دژی (پ. ک. ک) پەیرەوی دەکا؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوودڵ بوو لەوەی بەقسەی ئەنقەرە بکا. لە ١٩٩٠کان بوو کە (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەسەر خواستی تورکیا، شەڕی (پ. ک. ک) یان کرد و بەدەستی ئەو شەڕوانە شەڕدیدانەی (پ. ک. ک) کوشتاری زۆریان دا. ئاخر لەشکری تورکیا بەو هەمـوو سەرچاوە بالایانەی هەیەتی، لە لەناوبردنیان لە تورکیا بەتەواوەتی، هەرەسی هێناوە. (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)یش لەلای خۆیانەوە دوودڵن لەوەی، وەک زۆربەی ساڵانی ١٩٩٠کان، کە شەڕێکی دژواریان لەگەڵ یەکتردا کرد، ئیتر کورد بەکورد بەکوشتن بدەن. جێی سەرسوڕمان نییە کە پارتە کوردییە عێراقییەکان ناخوازن چیی تر پیاوانیان لە شەڕ لەگەڵ (پ. ک. ک)دا بکەنە قوربانی.

گشتەوەری تورک و سەرکردەکانیان، بوونی (پ. ک. ک) لە خاکی هەرێمی کوردستان بەبێ نمەکی ئەو پشتیوانییە دەزانن کە تورکیا لە ناوچەی دژە فڕینی کرد و ستراتیجییەکی خیانەتکارییە کە (پ. ک. ک) وەک هێزێکی ئامادە لە دژی ئەنقەرە، دەهێڵنەوە. ئەو ڕەوانبێژییەی ئەنقەرە لە بەرانبەر بە کورد هەموو کات فرە سەخت بووە و گەلێ کەڕەتیش دەبێتە ناوزڕاندن. کوردی عێراقیش ئەوانە لەوە بەپتر نازانن کە هەوڵێکن تورکیا بەو مەبەستەوە دەیانکا تا دیسان بۆ بەرفەرمانی ناوەندیی بەغدایان بگێڕێتەوە. پایزی ٢٠٠٧ خاڵێکی وەرچەرخان بوو؛ لە پاش ئەوەی کە لە تێکهەڵچوونی لەگەڵ (پ. ک. ک) لەشکرەکانی تورک تووشی پاڵەپەستۆیەکی زۆر هاتن، گرژییەکە بوو بە کوڵان و هەڵچوون و حکوومەتی تورکیایی وەبەر پاڵەپەستۆیەکی زۆر کەوت، بۆ ئەوەی پەلاماری ئەوبەری سنوور بدا. لەبەر شیمانەی ئەوەی کە هەر داگیرکردنێکی، بێ چاوساغێک، تورکیا بیکا، ڕەنگە کوردی عێراقی و هێزە تورکەکان تووشی شەڕێکی کاولکاریی ئەوتۆ بکا کە لەناو تورکیاشدا بلاو ببێتەوە؛ بۆیە ولاتە یەکگرتووەکان هاوبەشی هەواڵگریی ئەنقەرەی کرد و ئاراستەی هێرشەکانی تورکیایی بەرەو بنکەکانی (پ. ک. ک) برد. کوردی عێراق زانییان کە حکوومەتی تورکیایی پێویستییەتی پاڵەپەستۆ لەسەر سوپا و سەر گەلەکەی کەم بکاتەوە و ئاگاشی لە تەنگژەی هاوپەیمانە ئەمەریکاییەکانی هەبوو؛ بۆیە ڕەخنەی کەمیان لە پەلامارەکانی تورک گرت. هاوبەشیکردنی هەواڵگریی ئەمەریکایی زیانی هەردوو لای تا ئەوپەڕ کەم کردەوە.

بۆ کوردە عێراقییەکان، (پ. ک. ک) هۆیەکی شاردراوەی ناسەقامگیرییە، چونکە هانی ئەوە دەدا کە تورک هەر ڕەق بمێننەوە و هێرشی سەربازییش بکەن. ئەو بەڕشتەوەنووسانی (پ. ک. ک) بەسەرکردە زیندانییەکەی کە عەبدوڵا ئۆجەلانە، وای لێ کردووە کە پێشبینیی جۆری هەڵسوکەوتی داهاتووی لێ نەکرێ؛ دەشێ لە چاوقوچانێک لوولەی تفەنگەکانیان لە برا کوردەکانیان بکەن. بوونی چەکدارییی (پ. ک. ک) ئەو قسانە پووچەڵ دەکاتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیانکا و دەڵێ شایستەیە وەک قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی هەڵسوکەوتی دەگەڵدا بکرێ و دەسەڵاتی بەسەر ئەو هێزانەدا هەبێ کە لەناو خاکەکەیدا، هەنە. پەلامارەکانی (پ. ک. ک) لێک نزیکبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیایی لێ کەوتەوە کە بەجۆرێک لەسەر حیسابی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. لە ئەنجامدا، سەرکردە کوردە عێراقییەکان پتر بەرهەڵستی (پ. ک. ک) یان نیشان دا؛ سەرۆکی عێراقی جەلال تاڵەبانی بەڕاشکاوی ڕەخنەی لە (پ. ک. ک) گرت و لێی خواستن تا خاکی عێراق بەجێ بێڵن(٤٢).

کارێکی دژوار بوو تا تورکەکان و کوردی عێراق تێ گەیشتن کە پێویستییان بەیەکتری هەیە. کوردستانی عێراق ناتوانێ بێ ئیکۆنۆمی و پشتیوانیی سیاسیی تورکیایی بژی. تورکیا وەک دراوسێیەکانی تری عێراق نییە و فرە لەوان دیموکراتیترە و بەرگەی هەڵسوکەوتی کەمینەی کوردی خۆی ناگرێ و گەشەی کردووە و هاوپەیمانی ڕۆئاوایە و هەلی بازرگانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوروپا و دوورتریش پەیدا دەکا. هەر ئێستا وا دوو لوولەی نەوت لە کەرکووکەوەڕا، نەوت بۆ بەندەری دنیای تورکیایی لەسەر دەریای ناوەڕاست، دەبەن. دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێیان خۆشە گاز بۆ نابۆکۆ یان بۆ هەر لوولەیەکی بنێرن کە وەک ڕێڕۆیەکی وزەی ڕۆهەڵات _ ڕۆئاوا کار دەکا.

کوردی عێراق ڕێیان بۆ کۆمپانیا تورکیاییەکانیان کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە هەرێمەکەیان بەرهەم بێنن. لە ٢٠٠٧، بازرگانی ساڵانەی تورکیا لەگەڵ باکوری عێراق خۆی لە ٥ بلیۆن دۆلار دا؛ لە نێوان ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧دا، تورکەکان بایی ٢ بلیۆن دۆلار کاری بیناسازییان تەواو کرد و ١,٢٠٠ کۆمپانیای تورکیایی لەوانە ٩٠٠ شەریکەی بیناسازی لە دروستکردنی ئیشی ئاسانکاری، پشکدار بوون. کارەکانیان فڕگە و ناوەندی کولتووری و زانکۆ و تۆڕی ڕێگەوبانیشی گرتەوە(٤٣). لە ئەنجامی گواستنەوەی بازرگانی لە دەروازەی سنووری خابووردا، هەلی کارکردنی زۆر پێویستی، بۆ ناوچە نەدارەکەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیایی پەیدا کرد. لەو کاتەی کە گرژیی نێوان تورک و هەرێمی کوردستان گەیشتە ئەوپەڕ، ئەنقەرە بۆی ئاشکرا بوو کە ناتوانێ بازرگانی بۆ ئەوبەری سنوور، بوەستێنێ(٤٤).

تورکیا بەرژەوەندیی لە بەردەوامیی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەمەش تەنیا لەبەر شیمانەی بوونی بازرگانی نییە، بگرە چونکە سەقامگیرنەبوونی باکور لە شوێنەکانی تری عێراقدا بڵاو دەبێتەوە و ناهێڵێ عێراق ئارام بێتەوە و پێوەندییەکانی تورکیایی – عێراقی باش ببێتەوە.

لەلای خـۆیانەوە کوردی عـێراق، وەک تـورکەکـان خـۆیان، داهاتووی خـۆیان لەڕۆئاوادا دەبیننەوە. ئەوانیش سێکولارن و بەرهەڵستی ئەو پاڵەپەستۆ توندڕۆیەیان کردووە کە لە ناوچەکانی سوننە و شـیعـەنشـینەکـانی عـێراقـەوەڕا سـەرچاوە دەگرێ. هێـشـتـا لەوەش پـتر ئەو دەیان سـاڵەیە کـە حکوومەتی مەرکەزی سەرکوتی دەکردن وای لە کورد کردووە متمانە بەهاوولاتییە عێراقییەکانی خۆیان نەکەن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی لەناو عێراقێکی یەکگرتوودا هەیە، تا ئەو حکوومەتە ڕاپەڕێنێ؛ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە پارسەنگ و ئەو سەنگەرەشە کە بە ڕووی بزووتنەوە توندڕۆکانی ناو وڵات دەوەستێ. تا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر و تا پێوەندیی تورکیایی ـ هەرێمی کوردستان پڕ هێزتر بێ، هێندە کاریگەری لەسەر بەغدا پتر دەبێ.

لە کۆتاییدا، دەبێ بگوترێ کە تورکیا دەتوانێ قازانجێکی تر لە باکوری عێراق بکا و ئەویش ئەوەیە کـە ڕەنگە زۆران لە تورکیـا باوەڕیان پێی نـەبێ؛ باشـبـوونی پێـوەندی لەگـەڵ حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان ڕەنگە تـا ڕادەیەکی زۆر گـرژی لـە ناوچە کـوردنشـینەکـانی تـورکـیـادا، نەهێڵێ[٤٥]. هێرشـەکانی تورکیـایی بۆ ناو باکوری عێـراق کاردانەوەی توندی لە نێوان کوردی تورکیا لێ کەوتەوە و دیسان پێوەندیی نێوان کوردی هەردوو هەرێمی سەلماندەوە. کوردی تورکیا فـرە شـانـازن بەو دەسـتکەوتانەی حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان وەدەسـتی هێناون و بـەتوندی ڕووبەڕووی هەر پاڵەپەستۆیەک دەبنەوە کە ئەنقەرە لەسـەر هەولێرێی دەکا. لەگەڵ ئەمـەشدا، ئەم پێوەندییە پتر لەوەیە کە هەلێک بێ بۆ حکوومەتی تورکیا نەک ئەوەی کە لێپرسینەوەی یاسایی بێ و دەشـتـوانێ لە ڕێگەی خـۆشکردنی پێـوەندییـەکـانی لەگـەڵ حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان، بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵوێستی خۆی لەنێو کوردان باش بکا، بەتەواوەتی بەو جۆرەی کە سەرۆک تورگۆت ئۆزال ویستی لە سەرەتای ١٩٩٠کاندا، بیکا.

لە ٢٠٠٣وە، واشـنتـۆن پـاڵەپەسـتـۆی کـەمی کـردووە بـۆ ئەوەی تـورک و حکوومــەتی هـەرێمی کـوردسـتـان لە یەکـتـری نزیک بکاتەوە. لە ٢٠٠٧ بوو، نێـردراوێکی تایبــەتی دامـەزراند ئەویش جەنەراڵی خانەنشین جۆزێف ڕاڵستن بوو. ڕاڵستن ئەرکێکی پێ درا کە کەس ئیرەیی پێ نەبات بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوکارە تورکەکەی، وێکڕا پرۆگرامی کارێکی هاوبەشی ئاوا ڕێک بخەن کە ئامانجی (پ.ک.ک) بێ و مـەرامەکـەشی ئەوە بوو هۆشـداری بداتە تورک و نەهـێڵێ پەلامـاری کامـپەکـانی (پ.ک.ک) لە بـاکـوری عــێــراق بدەن. ئەوەش هـەوڵێک بوو بۆ کــات کــڕین و ســەلماندیشی کـە ئەزمـوونێکی ناخـۆش بوو بۆ هەمـوو ئەوانەی پێوەندییـان پێـیـەوە هـەبوو، بەتایبـەتیش ڕاڵستن و کوردی عێراق؛ چونکە ئەوانە دەیانویست لە کێشـەی پتری پێوەندییەکانی حکوومـەتی هەرێمی کوردستان و ئەنقەرە بکۆڵێتەوە.

چونکە بەڕێوەبەرایەتیی بوش بـەتوندوتیژی ناو بەغدا و ناوچە سـوننەنشـینەکانی ترەوە شلۆق بوو، ئەو هێـمـایانەی نەدیت کـە هەندێ لایەنی تورکیـایی و زۆربەی لایەنەکـانی کـوردی عێـراق

دەیاننارد بۆ ئەوەی لە جیاتیی پتر ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانیان، بەدوای هەندێ سیاسەتی بەدیلی دەستبژێردا بچن. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هەواڵگری نەتەوەیی تورکیایی، ئیمرەتانەر، لە چەند بۆنەیەکدا و بەقایلبوونی سەرۆک وەزیر، چەند جارێک پێوەندیی نهێنیی بەسەرکردایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کرد. هەردوولا دەیانویست دانوستاندنی ڕاستەوخۆ بەڕێوە ببەن بەڵام لەشکری تورک و چالاکییەکانی (پ. ک. ک) ڕێگەگریی لێ دەکردن[٤٦]. حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش دا، ئەگەر هەندێ بارودۆخی دیاریکراوی بۆ بڕەخسێ، دەتوانێ مانەوەی (پ.ک.ک) لە عێراق ئەستەم بکا[٤٧].

ئەڵتەرناتیڤی ڕێککەوتنی تورکیایی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، گێرەشێوێنییە: چونکە هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نێوان تورکیا و کوردی عێراق، یان لە ئەنجامی بڕیاری ئەنقەرەوە دێ بۆ ئەوەی یەک لایەنە لە دژی (پ. ک. ک) تەدەخولی باکوری عێراق بکا، یانیش تا نەهێڵێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، لەبەر دەرییان دروست ببێ و ئەمەش وەک ئەوەیە هەموو دراوسێیەکان بانگهێشتن بکەی بۆ ئەوەی هەریەکە و بۆ بەرژەوەندی و قازانجی بریکارەکانیان، دەست لە کاروبارەکە، وەربدات. تەگەرەکەی تری کاری وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەری کێشەی کوردە لەسەر دابەشبوونی سیڤیل و لەشکر لەناو تورکیادا کە هەرگیز پێشتر بەم چەشنە نەبووە. لە کاتێکدا کە حکوومەتەکەی پارتی داد و گەشەکردن (ئاکاپە) لە جاران زۆرتر پەرۆشی چاکسازییە نیشتمانییەکان و سیاسەتی دەرەوەیە، ڕەقە کارە سەربازی و سیڤیلەکان یەک ڕیز ڕووبەڕووی بوونەتەوە و گەرەکیانە کێشەی کورد ڕابگرن و ئەمەش هەڕەشە لە یەکەتیی سیستەمەکە دەکا. لەم دواییەدا دیارە کە حکوومەتی تورکیایی دەستی پێ کردووە چۆنیەتیی پێوەندیکردنی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاست دەکاتەوە. دانوستانکارە تایبەتییەکەی لە عێراق، کە موراد ئۆزجەلیکە، چەند جار چاوی بەسەرۆک بارزانی کەوتووە و (نێچیرڤان بارزانیشی بینیوە) و ئەمە وەرچەرخانێکی هەرەپڕ بایەخە، چونکە پێشتر کاربەدەستانی میری و سەرکردەکانی سوپا هەموو کات ئاشکرایان دەکرد کە تا (پ. ک. ک) لە باکوری عێراقدا چالاکییەکانی خۆی بکا، ئەوان دەگەڵ کارمەندانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دانانیشن. هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا ئەم هەنگاوە سەرەتاییانەی هێنایە کایەوە، چونکە حکوومەتی پارتی داد و گەشەکردن (ئاکاپە) کوردی باشووری ڕۆهەڵات و شارە هەرە گرینگەکانی کردنە ئامانج، لەبەر ئەمە بەم دواییە، چالاکیی کوردایەتیی لەورە گەشەی سەندووە. سەرۆک بارزانیش، بەتایبەتی لەگەڵ گۆڕانی کەشی سیاسی لە واشنتۆن و هەڵبژاردنی باراک ئۆباما، شێوازی خۆی گۆڕی و بڕیاری دا چیی تر ڕەخنە لە ئەنقەرە نەگرێ و هەوڵی هاریکاریکردنی دا. لە کۆتاییدا، نیشانە هەیە سوپای تورکیایی کە لە شەڕەکانی لە دژی (پ. ک. ک) کوشتاری زۆری داوە، خەریکە تاکتیکەکانی خۆی دەگۆڕێ.

ئەمانە هەر هەنگاوی کاتین و ئەگەر لەسەر خاک نەکرێنە واقیع، دەکرێ بەئاسانی ڕابگیرێن.

وڵاتە یەکگرتووەکان تاکە هێزە کە دەسەڵاتی لە هەردوو لایەنی کوردی عێراق و تورکیادا، هەبێ. وڵاتە یەکگرتووەکان هاوپشکی ئەو پێوەندییە تازەیەی نێوان تورکان و هەرێمی کوردستانی کرد و گڵۆپی کەسکی بۆ تورکان داگیرساند تا، لەوبەری مەرزەکان، ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار بکەن. ئەمەش ئەو متمانە بەخۆبوونەی بەحکوومەتی ئەنقەرە دا، کە پێویستی بوو بۆ ئەوەی لە کارکردنی دەگەڵ کوردی عێراق، دەست بە سیاسەتێکی وریا بکا. ئەمە هەڵێکە بۆ واشنتۆن. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما دەبێ بەچڕی فۆکەس لەسەر هاندانی لە یەکتر نزیکبوونەوەی تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکا. هەرگاو خەتەری ئەوە لە ئارادا هەیە کە هێرشەکانی (پ. ک. ک) و گرژی لە کەرکووک ئەم جۆرە کۆششانە لەسەر ڕێ لابدەن. پێوەندییە ڕاستەوخۆیەکانی نێوان هەردوولا کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاسانکاریی بۆ کردووە، دەتوانێ شیمانەی ململانێ خاو بکاتەوە و میکانیزمێکی متمانە بەیەکتری کردن، لە نێوانیاندا پەیدا بکا. تورکەکان و کوردەکان متمانەی ئەوەیان بە یەکتری نییە کە بەکارامەیی بتوانێ لە ململانێیان بپارێزێ یا چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

### پاڵەپەستۆکردن بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی ناوەخۆی تورکیایی – کوردی

سەقامگیریی درێژخایەنی تورکیا بەرژەوەندییەکی نەگۆڕی وڵاتە یەکگرتووەکانە. تورکیا ٥٠ ساڵە هاوپەیمانە و لەلایەنی ستراتیجییەوەش دەوڵەتێکی تەوەرییە و لەسەر چوارڕیانی چەندان هەرێمەوەیە. هیچ کێشەیەک ئەوەندەی داهاتووی کوردستانی عێراق، تورکیایان لە وڵاتە یەکگرتووەکان دوور نەخستووەتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان بە فاقی پێداویستییەکانی سیاسەتی عێراق و دڵسۆزی بۆ تورکیاوە، بووە. ترسی تورکیایی لە دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ تارمایی لەسەر بۆچوونی تورکیا بەرانبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەرکەکەی لە عێراق، پەیدا کردووە. بوونی (پ. ک. ک) لە هەندێ ناوچەی عێراقدا، کە لەژێر دەستی وڵاتە یەکگرتووەکانە، ئەمەی پشتڕاست کردووەتەوە. چوونی تورکیا بۆ ناو باکوری عێراق ناتوانێ (پ. ک. ک) قڕ بکا؛ بۆیە تا ڕێگەچارەیەک بۆ چەک داماڵینی ئەم ڕێکخراوە نەدۆزرێتەوە، گرفتەکە هەر دەمێنێ.

دەبێ کۆمەڵگەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمە بزانێ کە گرفتی کوردی لە تورکیا، دەیان ساڵە ئاسایشی تورکیایی نەهێشتووە و سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی تورکی پەلبەست کردووە. پێ ناچێ گرفتەکە بەم زووانە ببڕێتەوە. بەپێچەوانەوە، بەردەوامبوونی دەشێ توندوتیژیی پتری لێ بکەوێتەوە و گرووپی تیرۆریستیی تر هەڵبێنێ[٤٩] و بەردەوام پێوەندییەکانی تورکیایی- ئەورووپایی بشێوێنێ و ئەنقەرە قایل بکا تا ڕۆڵی گێرەشێوێنی لە عێراقدا هەبێ. دەشێ هۆی زۆربەی تەگەرە ناوەخۆییەکانی تورکیا هۆی ڕەقەکاری خۆی بێ؛ تورکەکان دەبێژن کە نزیکەی ٤٠,٠٠٠ کەس لەمیانی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونی (پ. ک. ک) کوژراون. مانەوەی کێشەی کوردیش، وای لە حکوومەتی تورکیایی کردووە هەندێ کردەوەی نادیموکراتی پەیڕەو بکا؛ بۆ ئەمەش دەسەڵاتی یاسا بەشێوەیەکی ڕەمەکی بۆ بێزارکردن و سزادانی چالاکوانانی کورد و ڕێگرتن لە قسەی ئازاد و

بەکارهێنانی چالاکیی دژە یاسای وەک ئەوەی چۆن لە ١٩٩٠کاندا بەرهەڵستکارانیان لەناو دەبردن و ئەویش دامەزراوەکانی خۆی شێواندن و لە هەمووشیان پڕ بایەختر ئەوەبوو ڕۆڵی یاسایی، نەهێشت. کوردی تورکیا بەڕشتی دەیانەوێ تورکیا پێوەندیی خۆی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاک بکا. لەلای ئەوانەوە، دان پێدانانی دەوڵەتی تورکیایی بەحکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە- جودا - ناسینی ئەوانیشە. ئەم کێشەیە، لە سەردەمێکی جیهانگەریدا، لەناو ناچێ و شیمانەی ئەوەش لە ئارادا نییە کە هیچ کەمینە نەتەوەیەک بەخێرایی واز لە ناسنامە و کولتووره پێویستەکەی خۆی بێنێ، بەتایبەتیش ئەگەر ناچار بکرێ.

ئەگەر ئەو ماوە کورتە لە بەرچاو نەگرین کە تورگۆت ئۆزال سەرۆک بوو (بەپێچەوانەی ئەو سەردەمەی کە خۆی سەرۆک وەزیر بوو)، کاتێک کە لەلای خۆیەوە هەوڵی دا پێشنیازی چاکسازیی زۆر پڕ ئومێد دەست پێ بکا(٥٠)، زۆر لە هەنگاوەکانی دیموکراتیزەکردنی تورکیا یان لەبەر گۆڕانی سیستەمی نێودەوڵەتی و یانیش بەهۆی پاڵەپەستۆی ڕاستەوخۆی هێزە گەورەترەکانەوە بووە. بەڵام با هەق بڵێین، توانای واشنتۆن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کار لە سیاسەتی ناوەخۆی تورکیادا بکا، تواناییەکی سنووردارە. دەستەی سیاسیی تورکیایی تا ئەوپەڕ لە دەستێوەردانی دەرەکی وریایە و بەگومانەوە سەیری وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا.

لەگەڵ ئەمەشدا، وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەک چاودێرێکی بێ کارە و دەست لە ئەژنۆ، بەرانبەر بەچیرۆکی تورکیایی _ کوردی نەوەستاوە. سەبارەت بە پ. ک. ک. وە، بەگەرمی لای تورکیای گرتووە. پاڵەپەستۆی خستووەتە سەر ئەوروپاییەکان تا کار لە دژی چالاکوانانی (پ. ک. ک) و تۆڕی داراییاندا بکەن و پاڵەپەستۆی زۆری کردووە بۆ ئەوەی (پ. ک. ک) بخرێتە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە ئەوروپاییەکانەوە. لە هەمووشیان گرینگتر ئەوە بوو کە لە ١٩٩٩دا، واشنتۆن عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرکردەی (پ. ک. ک)ی لە شوێنی خۆشاردنەوەی لە کینیا، برد و تەسلیمی دەستی تورکانی کرد و ئەمەش نسکۆیەک بوو دووچاری (پ. ک. ک) هات. هەر لە هەمان کاتیشدا، نەقیزەی خێواندە دەسەڵاتدارانی تورکیایی بۆ ئەوەی سەرکوتکاری کوردان سووکتر بکەن و بەتایبەتیش لە ١٩٩٠کان بوو کە ڕەخنەی ئاراستەی ئەو کارە توندانە کرد کە تورکەکان لە دژی سەرهەڵداوانی کورد پەیرەویان کردبوو.

ئەو دوو کاریگەرییە لاوەکییانەی کێشەی تورکیایی - کوردی کە بایەخیان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە ئەو کاریگەرییەیە کە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان سیڤیل و سوپا لە تورکیا و پرۆسەی ئەندامییەیی لە یەکەتیی ئەوروپادا، هەیە. سوپای تورکیایی لەو ڕوانگەوە کە ناوی پارێزەری کۆماری تورکیاییی لە خۆی ناوە، بەهیچ جۆرێک نە بەبوونی ئیتنیی کوردی قایلە(٥١) و نە پشتیوانی لەو چاکسازییەش دەکا کە ڕێگە دەدا زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و لە میدیادا بەکار بێت. سەبارەت بەکێشەی کورد، لە ناوەخۆ و لە هەندەرانیش، هەموو کات تاقە ئاکتەری هەرە کاریگەر بووە. جاری وا بووە، بیری کردەی ئەژدیهاکی لە دژی کورد هەبووە. دەستەیەکی

سەربازی لە ١٩٦٠کاندا، بڕیاری ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی دانیشتوانی دا بۆ ئەوەی نەهێڵێ کورد شوێنێکی جیۆگرافیی دیاری خۆیانیان هەبێ[٥٢]. تا ئەمڕۆش، دامەزراوی تورکە کەمالیستەکان، کە لەناو سوپادا کۆنگرەیان گرتووە لەگەڵ دەسەڵاتی یاسایی و بیۆکراسیی پارتە سیڤیلەکان و میدیاش، هەموو وێکڕا، توانیویانە باری ستاتەسکو (ئەمری واقیع) لە دژی کێشەی کوردی لە وڵاتدا بهێڵنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، پارتە سیاسییە زیندووە کوردەکان و پارتی داد و گەشەکردن ملیان دەبەر ملی ئەم بارە ناوە. لە هەڵبژاردنەکانی تەمووزی ٢٠٠٧دا، هەرچەندە ئاکاپە وەک پارتێکی پەروەردەکراوی ئیسلامی ناسراوە، بەڵام لەو ناوچانەی کەپوختی دانیشتوانەکەی کوردن، ئەنجامی تا ئەوپەڕ چاکی وەدەست هێنا و پارتی کۆمەڵی دیموکراتی (دەتەپە)ی، لای کوردانی، وەلا نا. (بەڵام خۆ دەتەپە هێشتا بەهۆی بەگەڕخستنی کاندیدی بێلایەن، توانی بیست لە پاڵێوراوەکانی هەڵبژێرێ و ئەمەش بەسە بۆ "ئەوەی گرووپ" لەناو پەرلەمان پێک بێنن.) سەبارەت بەکێشەی کوردی، دامەزراوی سیڤیل _ سوپا متمانە بەئاکاپە ناکا. هەرچەندە ئاکاپە بەتوندی پشتیوانی لە ڕەوانبێژی نەتەوەپەرستی تورکیایی دەکا، وەلێ هێشتا ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سەر بەلیستەکەی لەناو پەرلەمان، کوردن و هەندێکیان فرە شانازی بەناسنامەی کوردی خۆیانەوە دەکەن. هێشتا لەمەش پتر ئەوەیە کە سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ خۆیشی بایەخی بەهەندێ لە سکاڵاکانی کوردی داوە؛ جا با هەر بەقسەش بێ. هەرچەندە هۆی ڕاستەوخۆی تاوانبارکردنی ئاکاپە لە ٢٠٠٨ و لەلایەنی دادگەداوە، بۆ ئەوە بوو بیتاوێنێتەوە و یاساغی بکا، بەڵام ئەو سیاسەتەی کە ئاکاپە بەچڕی بەرانبەر کورد پەیڕەوی دەکا و کەمالیستەکانیش هەستیان پێی کردووە، فاکتەرێکی تری مەسەلەکە بوو. ڕاستە لە کۆتاییدا ئاکاپە کەیسەکەی بردەوە، وەلێ، بێ شک، زەنگی خەتەری بۆی لێ دا.

وڵاتە یەکگرتووەکان گەلەکی لە هاندانی (ئاکاپە) پێ دەبڕێ، ئەگەر ئەو پارتە ئازایانەتر هەنگاو وەلای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییە کوردە تورکیاییەکانی، بهاوێژێ. وەک هەنگاوێک بۆ ئەوەی متمانە لەو بەینەدا دروست بکا، ئاکاپە دەتوانێ فەرمان بدا بەو حوکمانەدا بچنەوە کە دادگەکانی ئەمنیی دەوڵەتی بۆ زیندانیکردن، دەری کردوون – لە ئەنجامی بڕیارەکانی دادگەی ئەوروپاییی مافەکانی مرۆڤ European Court of Human Rights، ئەو دادگە ئەمنییانە هەڵوەشانەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان، بەهەمان شێوە، دەتوانێ لەگەڵ کوردی عێراق کار بکا بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخەنە سەر کادیرانی (پ. ک. ک) لە عێراق، تا لە بەرگی سەربازی دەرچن. پەلامارە ئاسمانییەکانی تورکیایی، (پ. ک. ک) ی لە باکوری عێراق، وا لێ کردووە کە هەر بەرگری لە خۆی بکا، جا ئەگەر ستراتیجییەکی سیاسیی تووکمە پەیڕەو بکرێ کە جۆرە لێبووردنێکیشی دەگەڵدا بێ، تا هانی ئەندامانی (پ. ک. ک) بدا، بێن، بەسەرپەرشتی و بەئاسانکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان، تەسلیمی دەسەڵاتدارانی کوردی عێراق ببن؛ ڕەنگە ئەمە یەکەم هەنگاوی گرینگ بێ.

هۆیە بایەخدارەکەی تر، پرۆسەی چوونی تورکیا بۆ ناو ئەوروپا دەگرێتەوە. وڵاتە یەککگرتووەکان هەردەم، بەسۆزەوە پشتیوانیی خواستی تورکیای کردووە بۆ ئەوە لە یەکەتیی ئەوروپا وەربگیرێ و بۆ ئەمەش لە هەموو بۆنەیەکی گونجاودا، فرە پاڵەپەستۆی لەسەر حکوومەتە ئەوروپاییەکان کردووە تا پەلە لە بابەتی وەرگرتنی تورکیادا بکەن. کە پێوەندییەکانی تورکیایی ـ ئی یو کەوتە تەنگژەوە، واشنتۆن توانای کاریگەری خۆی خستە گەڕ تا ئەوروپاییەکان قایل بکا بۆ ئەوەی هەلێکی تر بەئەنقەرە بدەن. ئەم کۆششانە و ئەو چاکسازییە ئاواتبەند ambitiousانەی لەبارەی دیموکراتی سەبارەت بەئازادیی تاکەکەس و سیاسەتی دەرەوەی وەک کێشەی قیبرس کردی، لە کۆتاییدا ڕێی بەئەوروپا دا کە دەست بەدانوستاندنی هاتنە ناوەوە لە ٢٠٠٥، لەگەڵ ئەنقەرەدا، دەست پێ بکا.

ئەو کۆسپانەی لە پێش تورکیادا ماون، لەرز لە مرۆڤ دێنن، بەڵام خۆ هیچ کامیان هەندەی کاریگەری بێ ئەندازەی سوپا بەسەر سیاسەتی تورکیایی و کێشە چارەسەرنەکراوەکەی کەمینەی کوردی، گەورە نین. چونکە دانیشتوانێکی تورکیایی و کوردی تورکیاییی فرە، لە وڵاتە ئەندامەکانی یەکەتیی ئەوروپا، بەتایبەتیش لە ئەڵمانیادا، دەژین، بۆیە کێشەی کورد بەشێوەیەکی کاریگەر هەناردەی ئەوروپا کراوە. جا بۆیە، ئەوروپا ناتوانێ، لەم لایەنەوە، لێی دەرباز بێ. ئەوە گرینگ نییە ئاخۆ گومانکاران چۆن سەبارەت بە ئەو هەلانە بیر دەکەنەوە کە وڵاتێکی موسڵمانی بەهێز، بە ٧٥ ملیۆن یان ٨٠ ملیۆن موسڵمانەوە چەند هەلی وەرگرتنی لە پێشدا هەیە- بگرە زۆر ئەستەمە یەکەتیی ئەوروپا بتوانێ بەوە قایل ببێ کە تورکیا بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ببێ بەئەندام. بەرەنجامە ستراتیجییەکانی گۆشەگیری و نائارامیی وڵاتێکی گرینگی وەک تورکیا لەلای وڵاتە یەککگرتووەکان زۆر گرینگە. گرفتەکانی بە وڵاتانی ناوچەدا پەرت دەبێ.

زۆر چینی تورکە نەتەوەپەرستەکان، هەر لە لایەنگرانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی زینۆفۆبی (لە بیانی ترساو) ڕاسترۆ، تا دەگاتە ئەندامانی سوپا و نەتەوەپەرستە هەرە چەپڕۆکانیش، هیچیان باکیان پێ نابێ ئەگەر ئاواتەکانی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکەتیی ئەوروپا، لەبەر کێشەی کورد، بەدی نەیەن. هیچ لەوە ڕەهاتر نییە کە لەم دواییەدا دەستەیەکی نهێنی کە لە جەنەراڵە خانەنیشکراو و ڕۆژنامەوان و سیاسەتوان و ئەکادیمییەکان پێک هاتبوو و ویستبوویان کودەتایەکی سەربازی لە ڕێگەی کوشتن و توندوتیژییەوە، ڕاپەڕێنن. جێی ئاماژە پێکردنە ئەو پێشکەوتنانەی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری لە تورکیا وەدەست هاتوونە، ئەوانیش هێمای ستراتیجییەتێکی ئازایانەتر و سیاسەتسازترن و ڕووداوەکانی ناو عێراقیش کاری تێ کردوونە. ئەو دیمانە تازانەی[٥٣] لەگەڵ گەلێک کوردی سەر بەبۆچوونی سیاسیی جوداوە کراون، ئەوە نیشان دەدەن کە خواستەکانیان سێ لایەنەن: دەوڵەتی تورکیایی دان بەوەدا بنێ کە تورکیا وڵاتێکی فرەئیتنییە (بێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ کورد بەقەوارەیەکی جیاواز بناسێ) و مکوڕبوون لەسەر مافە کولتوورییەکان، بەتایبەتیش بەئازادی بتوانن زمانی کوردی بەکار بێنن و هەندێ

دەسەڵاتیش بە ویلایەتەکانی تورکیا بدرێ. هەرچەندە دەکرێ ئەم داخوازییانە لە ڕێگەی پێداچوونەوەی گرینگ بەدەستووری ١٩٨٢دا کە لە کاتی خۆی دەستەیەکی سەربازی دایان ڕشتووە، جێبەجێ بکرێن، بەڵام چەپکە چاکسازییەکە ئەرکێکی سەختە و ئەستەمە بەم زووانەوە بەرهەم بێت.

کوردی تورکیا لە ململانێ ماندوو بوونە زۆربەیان دەخوازن زارۆیان لە شاخەکان دابەزن و چیی تر لە کامپەکانی (پ. ک. ک) و لە زینداندا نەمێننەوە. بۆ هاتنە دیی ئەم مەبەستەش، پێویستە لە پێشدا چەکی ئەو ڕێکخراوە دابماڵێ و پاشان بتوێتەوە. بەڵام هێشتا (پ. ک. ک) و بە تایبەتیش ئۆجەلان پشتیوانیی زۆریان هەیە. جا ئەگەر ڕاست بێ یان چەوت، زۆربەیان (پ. ک. ک) وا دەبینن کە تاکە سەرچاوەی پاڵەپەستۆکە لەسەر دەوڵەتی تورکیایی هەیە. خۆ ئەم بەشانە تەنیا لەناو دەتەپەدا[٥٤] ڕەنگ نادەنەوە، بگرە لەمیانی دوایین هەڵبژاردندا، لەناو ئەو کوردانەشدا ڕەنگی دایەوە کە لایەنگریی (ئا.ک.پ)ەن، چونکە پارتەکە، با پەیمانەکەیشی بەڕاشکاوی نەبووبێ، وەلێ هەر پەیمانی دا کە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان باش بکا و لە ڕیفۆرمە ناوەخۆیییەکانیشی بەردەوام بێ. دەنگدەران زانییان کە پارتی داد و گەشەپێدان، چونکە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بۆیە وەک دەتەپە نابێ، هەلی ڕاستەقینەی بەجێهێنانی پەیمانەکانی خۆی هەیە.

گۆڕانکارییەکانی ناو داینامیکی سیاسیی کوردی هەلی وردی پێشکێش کرد، بەڵام ناشێ بەئاسانی متمانبەخش بن. مەترسیی ئەوە هەبوو کە کێشەی کوردی بێ تێوەگلانە حکوومەتی تورکیایی، پتر خەڵک بۆ خۆی ببا و ڕووبەڕووبوونەوەی پتری لێ بکەوێتەوە. لە کەشوهەوایەکی لەم چەشنەدا، بەرەنگاربوونەوەی هزری نەتەوەیی و ئەو چاو لە یەکتر سوورکردنەوە فرە ئیتنییەی لەو بەینەدا هەیە، زۆر ئەستەمتر دەبێت. نیشانەی وا لە ئارادا هەیە کە ئەمە ئێستا وا ڕوو دەدا؛ لە دەنگدانەکانی ٢٠٠٧ەوەڕا تا ئێستا، حکوومەتی (ئا.ک.پ) نەیتوانیوە ئەو پەیمانانەی بەجێ بگەیەنێ، کە بە کوردی دابوو.

لە ناوچەکانی باشووری ڕۆهەڵات کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن گرژیی زیاتر بووە و بەرەو گەورە شارەکانی ڕۆئاوای پێشکەوتوو دەخشێ کە لەوێ دەستەی کوردە گەنجەکان بەڕۆتینی دەچنە سەر خیابانەکان و کاری توندوتیژی و تۆقاندن دەکەن. حکوومەت هەموو سەنگی خۆی خستە سەر هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ٢٠٠٩، چونکە بەشێوەیەکی بەرفرە بەجۆرە ڕیفراندۆمێک لەسەر سیاسەتەکانی (ئا.ک.پ) دەزاندرێ؛ هەر لەبەر ئەوەشە دوودڵە لەوەی کە خۆی بخاتە بەر مەترسییە ناوەخۆییەکان، لە کاتێکدا کە خەریکە هەنگاو بەرەو حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوێ.

## ڕێکخستنی ڕێگەچارەی کێشەکانی کورد لە ئێران و سووریا

چۆن کوردە ئێرانی و سوورياييیەکان دەبنە فاکتەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان؟

گرفتەکەیان لەلای ولاتە یەکگرتووەکانەوە کێشەیەکی مرۆڤایەتییە. چونکە پێوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو ولاتدا خراپە، بۆیە کاریگەری ولاتە یەکگرتووەکان لەسەریان گەلێک سنووردارە.

کاریگەری ولاتە یەکگرتووەکان لەسەر تورکیا و عێراق گەلەکترە؛ چونکە ولاتە یەکگرتووەکان لەو دوو ولاتەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە بواری دارشتنی چارەسەرییەکی ڕێک و تۆکمە بۆ ئەو کێشانە دابنێ کە هەرەشە لە کەمینە کوردەکانیان دەکەن. ئەو کێشانە چۆن لە یەکتری جیاوازن، بەهەمان شێوەش لە سووریا و لە ئێرانیشدا جودانە. پشتیوانیکردنی ولاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنێکی باشتر بۆ کورد لە عێراق و لە تورکیا (و، لە هاوتاکانیان لە ئێران و سووریادا) نابێ ئاوا لێک بدرێتەوە کە واشنتۆن هانی زیندووبوونەوەی سەرتاسەری ئیتنییی کوردی یان دەوڵەتی جودای کوردی، دەدات. ئێستاکە پێوەندی و کاریگەری و هەلی کارکردن لە هەردوو دیوی سنوورەکان زاندراوە، زۆر بۆ ولاتە یەکگرتووەکان باشترە ئەگەر کێشەکە لە تورکیا و لە عێراق لەیەکتری، جودا بکاتەوە.

هەر لە سەرەتای داگیرکردنی عێراقەوەڕا، ئێران و سووریا ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە ڕەنگە وەبەر سیاسەتەکانی (ڕێژیم گۆڕی) ولاتە یەکگرتووەکان بکەون. جا ئەگەر ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق سەرکەوتووتر بایە، ڕەنگ بوو هاوولاتییە ڕەگەز کوردەکانیان بووبوونایە ئامێرێکی دیار بۆ ناسەقامگیرکردنیان. ئەو گرفتانەی کە لە عێراق تووشی ولاتە یەکگرتووەکان هات، شیمانەی پیادەکردنی ستراتیجییەتی ولاتە یەکگرتووەکانی بۆ ڕووخانی ئەو دوو ڕێژیمەی، ئەگەر لەناویش نەبردبێ، بێگومان کەمی کردووەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو ڕاستییە ئەو ولاتانەی وا لێ کرد بچنە سەنگەری بەرگرییەکی سەخت لە خۆیان بێ ترس و بەچالاکی دەست لە کاروباری ناوەخۆی عێراق وەربدەن و پرۆسەی پێکهاتنەوەش هێواش بکەن.

ئێران پەیدابوونی پژاک لە (پ.ک.ک)، بەبەڵگەی ئەوە دەزانێ کە ولاتە یەکگرتووەکان کوردی لە دژی بەکار دێنێ. ئێران ناکۆکیی نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و تورکەکانی هەڵقۆستووەتەوە دەڵێ ئەمەریکا هیچی لە دژی بنکەکانی (پ.ک.ک) لە عێراق نەکردووە و بەم قسانەشی خۆی لە دڵی کۆگەلی تورکی خۆشەویست دەکا. بە پێچەوانەی ئەوەش، تاران فرە کەڕەت تۆپبارانی بنکەکانی (پ.ک.ک) و پژاکی ناوچە دوورەدەستەکانی کێوی قەندیل لە کوردستانی عێراقدا، دەکا. سەرکردەی هێزە زەوینییەکانی تورکیایی و سەرکردەی ئەرکانی سوپا، جەنەراڵ باسبوگ، بەئاشکرا داوای لە ئێران کرد بۆ ئەوەی سوپای تورکیایی و ئێرانی لە کاتی تۆپبارانکردندا، هاوکاریی سەربازی و ئاڵوگۆڕی ئیستیخباری لە نێوانیاندا، بکەن(٥٥). لەمیانی سەردانەکەی دوایی بۆ تورکیا، سەرۆکی ئێرانی، مەحموود ئەحمەدی نەژاد پشتیوانیی پتری ئێرانی بۆ تورکیا نیشان دا؛ ئەمەش لەو دەمەدا بوو کە تۆپخانەی ئێرانی زنجیرە چیای قەندیلی بەخەستی تۆپباران دەکرد. لەوەش پتر، نەژاد جەختێکی بێ پسانەوەی لەسەر گرینگیی لەیەک گەیشتنێکی سووریایی ـ ئێرانی ـ تورکیایی و تەنانەت عێراقیش کردەوە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە گرفتانەی لە ناوچەکەدا

هەنە، چارەسەر بکەن.[٥٦]

کوردستانی عێراق گرینگیی یەکەمی ئێرانییەکان نییە لە عێراق. تاران پتر چاوی لە سیاسەتی شیعەی بەغدا بڕیوە؛ چونکە لەوێ فرە دارودەست و پارسەنگی هەیە تا بمێنێتەوە. هێشتا کۆششی بەردەوام دەکا تا کاریگەریی لە کوردستاندا، بمێنێ و چەندان کارتی هەیە تا لەوێ، گەمەیان پێ بکا. لە ڕابردوودا، دەستی لە باکوری عێراق وەردا و لەمیانی شەڕی ناوەخۆ لە١٩٩٠کاندا، لە دژی (پ.د.ک)، پشتیوانی (ی.ن.ک) کرد. ئێرانیش وەک تورکیا، کولانکەی پێوەندییەکانی کوردییە بەهەموو دنیاوە، بەلام نە لە قەوارە و نە شوێنی بازرگانییەوە، ناتوانێ پێشبڕکێی ئابوورییە زۆر گەشەکردووتر و ئالۆزترەکەی تورکیا بکا.

هەرچەندە ئێرانیش هاوشێوەی هەر دراوسێیەکی تری، پێوەندیی بەگەشەکردنی هەرێمی کوردییەوە هەیە، وەلێ ئێران وای لا پەسندە کە لە بەرپەرچدانەوەی ئاواتەکانی کورد لە عێراقدا، تورکیا پێشەنگ بێ. ئەگەر ڕۆژێک ئێران دووچاری گەشەکردنی سۆزی کوردە نەتەوەپەرستەکان بێت، کە تا ئێستا تووشی نەهاتووە، ڕەنگە ئەویش هەوڵی ئەوە بدا ژیان لە کوردی عێراق حەرام بکا. دەشێ ئەمە ئەنجامێکی کاریگەریی شەڕی عێراق بێ، کاری لەسەر باکوری عێراق کردووە، کە ناشێ خۆی لێ بپارێزێ.

ولاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ سۆزی جوداخوازیی کوردی لە سووریا و لە ئێرانێ، گر دا، بێ ئەوەی گومان لە عێراق و تورکیا و شوێنەکانی تری ناوچەکەدا، دروست بکات. یەک شت هەیە بۆ ولاتە یەکگرتووەکان تا بتوانێ هاوپەیمانەکانی کە عێراق و تورکیان، لە کێشەی کوردی پشکدار بکا؛ ئەویش شتێکی ترە تا سۆزی نەتەوەیی لەناو دراوسێیەکانی، جۆش بدا. کە هەستە نەتەوەیییەکان جۆشیان سەند، ئەستەمە ئیتر دابمرکێنەوە و یاریکردن بەم کارتەش لە ئێران و سووریادا، ڕەنگە وەرچەرخێتەوە. ڕەنگە ئەمەش لەوەوە هەڵبووبێ کە ولاتانی ناوچەکە هەردەم گومانیان هەیە کە ولاتە یەکگرتووەکان ئەم چەشنە نیازانەی لە ناخدا هەبێ؛ ئەگەر نا، نابێ بەڵگەیان بەدەستەوە بدا. ئارەزووی خراپکردنی ڕژێمە دوژمنکارەکان لە ڕێگەی کەمینە تووڕەکانیانەوە ماندەلی لێ ناکرێ. ژمارەیەک ولات کوردیان گەلێ جار بۆ ئەم مەبەستە بەکار بردووە و ولاتە یەکگرتووەکانیش وای کردووە. لە هەموو ئەو نموونانەدا، هاوولاتیی کوردی سادە زیانی ترسناکی لێ کەوتووە. پێویستە ولاتە یەکگرتووەکان هەڵەکانی ڕابردووی دووبارە نەکاتەوە، بەتایبەتیش کە نەیەوێ بەتەواوی پشتیوانی لەو جۆرە کۆششانە بکا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ بە ڕووی ئەم جۆرە پێشێلکردنە توندانەی مافەکانی مرۆڤی کوردی، یان هەر کەسێکی تر، لەو دوو ولاتەدا، بێدەنگ بمێنێتەوە. دەبێ تا بکرێ پاڵەپەستۆی فرە لایەنە بکا، بەتایبەتیش لە کەیسێکی وەک کێشەی لەداردانی ڕۆژنامەنووسە کوردەکان کە بێ پیادەکردنی پرۆسەی گونجاو لەدار دران.

### چەند ڕاسپاردەیەک بۆ سیاسەتسازانی وڵاتە یەکگرتووەکان

بۆ پیادەکردنی سیاسەتی خۆدەربازکردن لە عێراق، لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پێویستە ئەوپەڕی بایەخ بەکێشەکانی کوردی بدا و بەم جۆرەش هەر لە ئێستاوەڕا، ئاگەداریان بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بەسیاسەتێکی ڕەها هەیە کە هەموو توخمەکانی پیادەکردنی چ بەتێکڕایی یان هەنگاو بەهەنگاویش، لەخۆ بگرێ. ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە زەحمەتن و پێویستییان بەڕێکخستن، هەیە. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پێویستە بەزووترین کاتی گونجاو، دەستبەکار بێ. هەرچەندە هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کەمکردنەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق کەم دەبێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی هێشتا هەر ماوەیەکی باشی بەدەستەوە دەمێنێ. دەبێ بەخۆی زیرەکانە بارودۆخەکەشی بکاتەوە و ناشبێ لە پیادەکردنی سیاسەتەکەی، کات بەفیڕۆ بدا.

هەندێ لە کێشەکان لە هەندێکیان کەمتر مل لەبەر ملی پیاو دەنێن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەستەمترین ئامانج ئەوەیە کە گۆڕینێک لە ململانێی ناوەخۆی تورکیا لەگەڵ هاووڵاتییە کوردەکانی بکرێ. خۆ دەشبێ کە ئەمە کێشەیەکی لە هەمووان هەنووکەتر نەبێ. ڕەنگە پەرەپێدانی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە ئاسانترین بابەت بێ و کەرکووکیش کە ناوەندی ئەو پێوەندییە دروست دەکا، لە هەر هەمووان پتر پێویستە پەلەی لێ بکرێ. بەرنجامەکانی توندوتیژی لە کەرکووک بۆ باشوور، بەرەو بەغدا دەخشێ و بۆ باکوریش بەرەو تورکیا دەبێتەوە. بۆیە، چارەسەرکردنی بارودۆخی داهاتووی کەرکووک پشتیوانی لە سیاسەتی هەر جۆرە کشانەوەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکا.

وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پێشەنگ بێ چونکە هەر خۆی، با هەڵەشی هەبێت، تاکە هێزە کە توانای هەیە کاسەلێسی بۆ حکوومەتەکان و گرووپەکان بکا و بڕوایان پێ بێنێ و پاڵەپەستۆشیان بخاتە سەر تا بەکار بکەون. کە بەتەنیا مانەوە، هیچ کام لەلایەنەکان نیشانی نەداوە توانای هەبێ بتوانێ بۆ پێشەوە بچێ، جا با بیرۆکەی ڕاست و چارەسەریش دیار بێ. ئەوەشیان نیشان نەداوە کە بتوانن ئەو پێشکەوتنە بپارێزن کە بە دەست هاتووە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بەدیدێکی فرەوانتر و وردبینییەوە لەو کێشانە نزیک بێتەوە کە کێشەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەم دیدە بەزۆری لەنێو پارتە لۆکالەکاندا نییە. دەسەڵاتی نوێ دەیەوێ بە دوای هاریکاریکردنی ئەکتەرانی دەرەوەی ناوچەکەشدا بگەڕێ. پەیڕەوکردنی ئەم تەحرە سیاسەتە هیوابەندە، پێویستی بەوە دەبێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکەتیی ئەوروپا و کۆمکاری عەرەبی و هی تریش چالاکانە پشکداری بکەن. ئەم ئاکتەرانە دەتوانن هەر لە کەرکووکەوە تا چەکداماڵینی (پ.ک.ک)ە و لە پیشەسازیی نەوتەوە تا سیستەمی پەروەردە، یارمەتیی زۆری وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن.

ئەمە پرۆسەیەکی خێرایە و دووبارە دەبێتەوە؛ لێرە پێشکەوتنی گەورە وەدەست نایێ. پێویستە

بایەخ بەدارِشتنی هەنگاوەکانی سیاسەتێکی بەهێزکردن، بدرێ. کەرکووک سەردەفتەری هەموو گرینگییەکانە. لە هەمان کاتیشدا دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان کار لەسەر گەشەپێکردنی پێوەندییەکی نێوان ئەنقەرە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکا؛ چونکە ئەم دووانە یەکتری بەهێز دەکەن و پێوەندییەکەش لێرە دیارترە. وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ چارەسەری بەسەریاندا بسەپێنێ چونکە هەموو ئاکتەرەکان هەوادارانی خۆیانیان هەیە. پێویست دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان خۆی لە هێڵە سوورەکانی ئاکتەرەکان ڕابێنێ و هەموو دەسەڵاتە دیپلۆماتییەکانی خۆی بەکار بێنێ.

**پێشینەی یەکەم: کەرکووک بپارێزن تا نەبێتە بەردئەستێ**

تا کاتی نزیکبوونەوەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق نزیکتر ببێتەوە، هێندە کاریگەری ئەمەریکا کەمتر دەبێتەوە. بۆیە کات گرینگە و دەبێ پرۆسەی ئاشتەوایی لە کەرکووک (و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نزیک کەرکووک) پەلەی لێ بکرێ بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو ئاگرە گەورەیە بکەوێتەوە کە ڕەنگە شەڕی گەورەتر لە نێوان کورد و عەرەب بەرپا بکا و واش بکا دراوسێیەکانی تێوە بگلێن. واشنتۆن ڕێگەی بەنمایندەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیفەن دو مستۆرا، داوە تا کار دەگەڵ لایەنەکاندا بکا. لەم بارودۆخەی ئێستادا، ئەمە بەس نییە. پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دو مستۆرا پێویستە و پێویستیشە وڵاتە یەکگرتووەکان پتر لە کەرکووک بێتە ناو کێشەکەوە چونکە نابێ واشنتۆن خۆی وا هەڵبخا کە وازی لە ئەرکەکانی خۆی هێناوە و دووەمیشیان لەبەرئەوەیە کە کاریگەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بێ وڵاتە یەکگرتووەکان فرە سنووردار دەبێ. بەشداربوونی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوە بەهەموو لایەنەکان نیشان دەدا، بەلایەنی کوردیشەوە، کە واشنتۆن پابەندە بەپرۆسەکەی دومستۆرا و پشتی ڕۆڵی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەگرێ. لە بەرانبەریشدا، ئەمە لایەنە عێراقییە جیاوازەکان و هاوپەیمانەکانیش لە ناوچەکەدا، ناچار دەکا لە پرۆسەکە پشکدار بن و بەچارەسەری مامناوەندیش قایل بن.

لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخەرێک لە وەزارەتی دەرەوە (سەیری بەشی ڕاپەندن لە خوارەوە بکە)، پێویستە واشنتۆن یارمەتیی ڕەشنووسکردنی ئەو پێشنیازانە بدا کە بەمەبەستی شکانی شەختە و گۆڕینەوەیان لەگەڵ دو مستۆرا دەکرێن. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، دەبێ واشنتۆن دەست بەئامارێکی وردی ئەو کەسانە بکا کە لە سەردەمی سەدام ڕاگوێزرابوونەوە تا یارمەتیی پرۆسەی نیشتەجێکردنەوەیان بدا. هەرچەندە ئەژمارێکی بێلایەنەی ورد پێویستە بۆ چارەکردنی کێشەکان و حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانیش هیچ داتایەکی نییە، پێویستە بەردەوام بێ، چونکە عێراقییەکان بۆ خۆیان لە پێشەوە چوون لەم بابەتە زۆر لەسەرەخۆ بوونە.

لەو دەمەی پلانەکانی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پیادە دەبێ، کەمیی متمانە و گرژیی نێوان لایەنەکان بارودۆخەکە دەشێوێنێ. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بێنە و بەردەیان بێننە سەر ڕێگە، هەموو

لایەنەکان، لەسەر زەوی، هاندەری ئەوەیان هەیە کە لە ڕێگەی پاڵەپەستۆ خستنە سەر بەغدا و نەتەوەیە کگرتووەکان و وڵاتانی دراوسێ و واشنتۆن، گەمە بەکشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن. بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو سەرئێشەیەیان تووش ببێ، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ دوو ڕێگەی هاوتەریبی کارا بۆ دروستکردنی متمانە دابمەزرێنێ. ڕێگەی یەکەم دەبێ گرووپێک، بێ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی کار بکا، ئەمەش دەبێ جودا لەو خزمەتانە بێ کە باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستا لە بەغدا پێشکێشی دەکا. ئەم گرووپە گەورە ئەندامانی ڕاژەگوزاری کۆمەڵەی ئیستیخبارات و وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە لەخۆ دەگرێ. ئەرکی ئەم گرووپە ئەوە دەبێ کە خێرا و دوور لە کونج و کەلێنی بیۆکراتی کار بکا و هەر کردارێک ڕاپەڕێنێ کە متمانە دروست دەکا و لایەنەکانیش پێی قایل دەبن. جا بۆ ئاسانکردنی بەرهەمهێنان لە بواری دۆزینەوەی نەوت و دروستکردنی ژێرخانێکی نوێی گواستنەوە، جگە لە کەرکووک، یاسای نەوت و گاز کە بووەتە دێوەزمەی سیاسەتی ناوەخۆی پەرلەمانی عێراق و وەزارەتی نەوتیش، پێویستیان بەچارەسەری مامناوەند هەیە. کارەکانی متمانە دروستکردن دڵنەواییەک بەحکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدا لەو بوارەی کە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پشتیوانیکردنی بەردەوام دەبێ و وا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکا کە ڕێگەچارەیەکی شەرعی بۆ کێشەی کەرکووک بدۆزێتەوە و شێوەیەکی حکوومەتێکی دیموکراتیش دێنێتە کایەوە.

دووەم ڕێگە بۆ دروستکردنی متمانە دەبێ بەرەو ئەندامانی کۆمەڵگە دژەوەرە جیاوازەکانی ناو ناوچە ناکۆکەکان بچێ. ئەمە وەک کارە سەرەتاکەی متمانە دروستکردنی یەکەم نابێ، دەبێ واشنتۆن یارمەتی لە یەکەتیی ئەورووپا وەربگرێ. چونکە بوونی ئەمەریکا لە عێراق قاڕوقیڕی لێ کەوتووەتەوە، بۆیە ئەورووپاییەکان تا بێلایەنتر بن هێندە دەستکەوتی پتریان وەدەست دێ. دەکرێ لە داڕشتنی کۆتای دەستووری هەرێمی کوردستان، ئەورووپاییەکان یارمەتییەکی تایبەتی بدەن و هەرچەندە دەستوورەکە دیموکراتیتر و پتر مافەکانی کەمینە نەتەوەکانی تێدا دیار بێ، هەندە ئاسانتر دەبێ بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی مستۆرای تایبەت بەڕاستکردنەوەی سنوور، پیادە بکا.

کەرکووک بەگشتی لەلایەنی حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا، پشتگوێ خراوە و شارەکە هیچ سوودێکیشی لە گەشەی ئابووریی باکوری کوردی نەکردووە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پاڵەپەستۆی پتر بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی پارە لە ژێرخانی شارەکە و خزمەتگوزاریی گشتی وەبەرهەم بێنێ و مووچەی کارمەندانی حکوومەت، بەرز بکاتەوە.

هەنگاوی پتریش بۆ ئاسانکردنی چارەسەری گرفتی کەرکووک پێویستە بهاوێژرێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پارەی پێویست بۆ خانوو دروستکردن دیار بکرێ و یارمەتیی تەکنیکیی پێویستیش هەبێ بۆ ئەوەی پەلە لە نیشتەجێکردنەوەی پەنابەران بکا. تا ئەو پەنابەرە شەرعییانەی کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە کەرکووک و شوێنەکانی تر بۆ ماوەی پتر لە کامپە کاتییەکاندا بمێننەوە،

هەندە ڕێگەگرتن لە توندوتیژی ئەستەمتر دەبێ. کاتێکی زۆر تا ئێستا بەفیرۆ چووە بێ ئەوەی کارێکی بەرچاو لەم لانەیەوە بکرێ.

**پێوەندی تورکی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاک بکەن**

لەم دواییەدا پێوەندیی ئەنقەرە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو چاک بووە. ڕێکخەری تورکیایی تایبەت لە عێراق، بۆ یەکەم جار لە بەغدا، چاوی بەبارزانیی سەرۆکی کوردستان کەوت. هەرچەندە هەردوولا بەڵێنی وتووێژی بەردەوام دەدەن، بەڵام ئەم کۆششانە هێشتا هەر ناسکن و ڕەنگە هەر ڕووداوێکی دەرەکی نسکۆیان بۆ بێنێ، بەتایبەتیش ئەگەر توندوتیژی بەرپا بێ. دەستپێشخەرییەکی فرەلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ خۆشکردنی پێوەندیی تورکیایی و هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەکی مامناوەند، کارێکی باشە و باشییەکەشی هەر بۆ ئەوە نابێ کە زەومینە بۆ کشانەوەی کۆتای لەشکرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق، خۆش بکا بگرە بۆ سەقامگیرکردنی سەرتاسەری هەرێمی کوردی و ئەولاتریش دەبێ.

یەکەم نووکی دەستپێشخەرییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ هێشتنەوە و قووڵکردنی وتووێژی نوێی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەبێ لە ڕێگەی ڕێکخستنی کەناڵێکی سێ قۆڵی (تورکیا ــ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ــ وڵاتە یەکگرتووەکان) بۆ دایەلۆگ بێت. لە هەمان کاتیشدا دەبێ هەستیارییەکانی حکوومەتی عێراقی بەهەند هەڵبگیرێ و دەبێ ئەم میکانیزمە سێ چوکڵەیە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنقەرە خۆش بکا. هەندێ ئامانجە دیارەکان دەبێ خاوکردنەوەی نەغمەی قسەکانی هەردوولا بکرێتەوە، جا هەر لە وتارە نەتەوەییەکانی بارزانی کە هەندێ جار ڕاگەیاندنی دژی تورکە؛ تا دەگاتە ئەو قسانەی لێپرسراوانی تورکی بۆ بێ بایەخکردنی سەرکردە کوردەکان دەیکەن و تا باری هێزە تورکیاییەکان لە باکوری عێراق، دەبێ هەموویان هەبن. جگە لەمەش، ئەم میکانیزمە دەشێ یارمەتیی ئەو لایەنانە بدا تا پلانی پێوەندی ئابووری بۆ پاشەڕۆژ ڕێک بخەن و پلانی هەناردەی نەوت و گاز و ژێرخانی گواستنەوە و ڕێگەی بازرگانیی ناو تورکیا تا ئەورووپای تێدا هەبێ. بەرژەوەندیی تورکیایی لە هەناردەی نەفت و گاز کرۆکی ڕاستییە؛ چونکە، لە پێش هەموو شتێکدا، پێشبینی دەکرێ کە تورکیا لە سەرەتای ٢٠١١وەڕا تێرای خۆی وزەی نەبێ. قووڵکردنی پێوەندییە بازرگانییەکان لە ڕێگەی وەبەرهەمهێنان لە بواری ژێرخانی لە چەشنی لوولەی نەوت، پێوەندییەکە پتەو دەکا.

بەشداریکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان فرە سوودی دەبێ: لایەنەکان لەسەر ڕێی ڕاست دەهێڵێتەوە و پرۆسەی ئاشتەوایی خێرا دەکا و دەرچوونی لایەنەکان لە پرۆسەکە ئەستەمتر دەبێ و لە بەرەنگاربوونەوەی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناوخۆی تورکیا، ئەوانەی بڕیاریان داوە لە دژی ئەم هەوڵانە بوەستن، پشتیوانیی حکوومەتی تورکیایی دەکا و لە ڕێگەی متمانە پەیداکردنیشەوە

چارەسەری ململانێیەکان ئاسانتر دەکا و ناهێڵێ ململانێیەکان گڕ بگرن و دەزگا سیاسییە بەرزەکان تێوە بگلێن و بەتایبەتیش نەهێڵێ وەبەردەستی میدیا بکەوێ.

میکانیزمەکە دەتوانێ یارمەتی تەسریحکردنی پ.ک.ک. بدا (سەیری بەشی دواتر بکە) ئەمەش لەم بوارەدا، هەنگاوێکی ئەوپەڕ گرینگیی سەرکەوتنە. ئامانجەکە دەبێ ئەوە بێ کە بەسەر ئەنقەرەدا زاڵ بین تا دان بەحکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بنێ. وا لە ئەنقەرە بکەین کە کونسولگەری خۆی لە هەولێرێ بکاتەوە (وەک چۆن تاران کردوویەتی) بۆ ئەوەی کەناڵێکی پێوەندیی ڕاستەوخۆی نەپساوە لە نێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین. کۆنسۆڵگەری بوونی تورکیایی لە باکوری عێراق دەکاتە ڕەسمی و یارمەتیی قووڵکردنی پێوەندییە پیشەوەرییەکانی تورکیایی عێراقی کوردی دەدا و دەبێتە ڕێگرێک لە شیمانەی هەر دەستێوەردانێکی ئێرانی.

هەر لەو کاتەی کە دەست بەم هەوڵانە دەکرێ، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ هەڵمەتی دووەمی لە شێوەی دەستپێشخەری ڕێبازی ٢ دەست پێ بکا بۆ ئەوەی دڵنەواییی پتر سەبارەت بەنموونەی عێراقێکی فیدراڵ بەتورکان بدا کە پێوەندییەکی نزیکتر لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەنقەرەدا دروست دەکا. ئەم هەنگاوە دەستکەوتە دیپلۆماتییەکان پتەو دەکا. نابێ ناسکیی ئەو چوونەی تورکیا بەرەو باکوری عێراق و قەبووڵکردنی لەسەرخۆی عێراقێکی فیدراڵی، بەهەند هەڵنەگرین. نەتەوەپەرستە ڕاستڕۆ و نەتەوەپەرستە چەپڕۆ و دامەزراوی سوپاش، بەرهەڵستی باشبوونی پێوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کورد بەگشتی دەکەن. هەموویان بەرانبەر بەبەرزبوونەوەی خواستەکانی کوردی تورکیا فرە هەستیارن. هەوڵی جەنەراڵ باسبوغ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئەلتەرناتیڤ ڕەنگە دوورنەخایەنێ؛ چونکە لە ئۆگۆستی ٢٠١٠ ماوەی تەواو دەبێ و ئەو کەسەی کە شوێنی دەگرێتەوە ڕەنگە بڕیار بدا بۆ پێش ستاتسکو بگەڕێتەوە.

سەیر ئەوەیە کە ئەم دەستپێشخەرییەی ڕێگەی ٢، تەنیا بایەخی بۆ چاککردنی پێوەندییەکانی تورکیایی و هەرێمی کوردستان نییە، بگرە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و تورکیاش پڕ بایەخە؛ چونکە چینێکی گەورەی گەلی تورکیایی و میدیا و دامەزراوی سیاسیش گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە باکوری عێراق دروست بکا کە هیوابەندێکی ئازادی و یەکبوونی بێ ئەندازەی هەیە. پێوەندیی لەمێژینەی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان و سوپای تورکیایی دەشێ هەندێ لەو نیگەرانییە سارد بکاتەوە، بەڵام لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان، خەڵکی تورک بوونەتە فاکتەرێکی گرینگ.

پێویستە واشنتۆن پشتیوانیی ئەوروپاییەکان بۆ ئەو پێوەندییە باشەی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیادا هەیە وەدەست بێنێ. ئەوروپاییەکان دەتوانن هاریکاری لە باشکردنی پێوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی تر بکەن، لەوانە یەکخستنی بانکە تایبەتەکان و تەلەفۆن و سیستەمەکانی تری پێوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەی کەرەستە هۆشبەرەکان و

هاریکاریکردن لە دژی قاچاخ. نەهێشتنی چاودێری لەسەر سنوور تا بگاتە ڕادەی ستانداردی یەکەتیی ئەوروپا، پێوەندییەکانی تورکیا و یەکەتیی ئەوروپا خۆشتر دەکا.

## "پ.ک.ک" تەسریح بکەن

ئەمەیان پێکهاتەیەکی گرینگە کە لە کۆتاییدا پێوەندیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ـ تورکی پتەو دەکا. هەر پێشکەوتنێک لەم بابەتەوە بکرێ، جا هەر چۆنێک بێ، پابەندی ئەو خۆش بوونە دەبێ کە لە دانوستاندنی تورکی ـ کوردیدا وەدی دێ. ئامانجەکە لێرە ئەوەیە کە پاڵەپەستۆی سەر (پ.ک.ک) لە هەر لایەکی بگونجێ، پتر بکرێ بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا هەر چەندەک بکرێ پلەدارانی (پ.ک.ک) لە باکوری عێراق، پاشگەز ببنەوە. ڕێگەچارەیەکی سیاسی و سەربازی بەهاوبەشی و بەهاریکاریی هەرسێ لایەن (وڵاتە یەککگرتووەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تورکیا) پێویستە. گریمان پێشکەوتن لە پێوەندییەکانی تورکی ـ کوردی هەیە، ئینجا واشنتۆن پاڵەپەستۆ لە بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و تاڵەبانی، سەرۆکی عێراق دەکا تا (پ.ک.ک) ئیدانە بکەن و ژیانی میلیشیاکانی ئەستەمتر بکەن. تاڵەبانی تۆماری کردووە و دەڵێ کە کاتی ئەو خەباتە چەکدارییە نەماوە کە (پ.ک.ک) دەیکا و بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەدەنگی بەرز، ئیدانەی ئەو کردەوانەیان کرد کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ی (پ.ک.ک) کردیانی و کوشتارێکی زۆری لە لەشکری تورکان کرد.

پرۆسەی بەهێز چەککردنی (پ.ک.ک)، پێویستی بەپلان و هاریکارییەکی تۆکمەی نێوان کوردی عێراق و تورکان و وڵاتە یەککگرتووەکانەوە هەیە. چاکبوونی پێوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر (لەسەرەوە تاووتووێ کراوە) هەنگاوی یەکەمە. ئینجا، دەبێ تورک دووبارە یاسایەکی لێبووردن دەربکەنەوە کە ڕێ نەخشەیەکی بۆ زۆربەی شەڕوانانی (پ.ک.ک)ی تێدا بێ، تا بزڤڕنەوە بۆ تورکیا بێ ئەوەی لە سزادان بترسن و یان لە باکوری عێراقدا بمێننەوەو پێوەندی بەپێشمەرگەوە بکەن. هەرکە پلەدارانی (پ.ک.ک) دەستیان بەدابڕان کرد، یەکسەر لێبووردنەکە کاریگەریی خۆی، دەبێ. سێیەم؛ پێویستە بەرپرسانی کوردی عێراق و سوپای وڵاتە یەککگرتووەکان پلەدارە چەککراوەکانی (پ.ک.ک) دڵنیا بکەن و داهاتووشیان بۆ ساز بدەن. دەبێ بەرپرسانی وڵاتە یەککگرتووەکان لە عێراق، میکانیزمێکی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی چەککردن دابڕێژن؛ چەکدارانی (پ.ک.ک) سەنگەرەکانیان بەجێ دەهێڵن و کەرەستەکانیشیان، بەچاودێریی تورکەکان، تەسلیمی ئۆفیسەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان دەکەنەوە (ڕەنگە پ.ک.ک. پتر بیەوێ واز لە چەکەکانی خۆی بێنێ، ئەگەر بزانێ کە وڵاتە یەککگرتووەکان بەشێکی پرۆسەکەیە). ئا پرۆسەکە ئاشکراتر (بۆ نموونە، بەتەلەڤزیۆن) بێ، هەندە پتر بڕوا بەگشتەوەری تورکیایی دەکا کە ئەمە ڕاستە. هەر چۆنێک بێ، چونکە ڕەنگە بەخشینەکەی تورکیایی سنووردار بێ، واتا سەرکردایەتیی (پ.ک.ک) نەگرێتەوە، ڕەنگە پێشنیازی پاراستن و سەلامەتییان دوور لە ناوچەکە، پێویست بێ بۆ ئەوەی هاندەرەکان هێشتا بەهێزتر بێ.

هەرکە ئەو هەنگاوانە هاوێشتران، دەبێ کوردی عێراق جاڕی ئەوە بدەن ئیتر، لە بوونی چەکداری پ.ک.ک. لەنێو خاکەکەیاندا، چاو ناپۆشن. واتا دەشێ هێزە سەربازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خاڵەکانی پشکنین لەناوچەکانی خواکورک و زاب و قەندیل، لە باکوری عێراقدا، دابمەزرێنن تا نەهێڵن پ.ک.ک. نە جووڵە بکا نە تفاقی پێ بگا.

لەشکری وڵاتە یەکگرتووەکان دەکرێ چۆن لە ڕێگەی ئیستیخباراتی، یارمەتیی تورکانی داوە، ئاواش یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدا، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەندامە چەکدارەکانی (پ.ک.ک) لە لادێیەکانی کوردەواری بسووڕێنەوە. کۆمیتەیەکی سێ قۆڵیی هاریکاریی سەربازیی بەسەرپەرشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەم ئەرکانە تا ڕادەیەکی زۆر ئاسان دەکا. کە بارستایی (پ.ک.ک) چەک دەبێ، ڕەنگە ئەو کات وڵاتە یەکگرتووەکان بەشیمانەی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لە دژی هەر پاشماوەیەکی توندڕۆدا بچێتەوە. دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان یارمەتیی بەرپرسانی میریی هەرێمی کوردستانیش بدا تا دەست بەهەڵمەتێکی پێوەندییە گشتییەکان بدا بۆ ئەوەی ئەو دانیشتوانە کوردەی باکوری عێراق کە هاوسۆزی (پ.ک.ک)ەن، قایل بکا تا خۆیان لەو ڕێکخراوە دوور بخەنەوە. هەر لەم ڕێگەیەشەوە، بەباش دەزاندرێ کە وا بکرێ (پ.ک.ک) واز لە پژاک بێنێ. کە ئەویش بەگشتی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی خۆیەتی. بوونی پژاک، با ئامانجی ئێرانیش بێ، وەلێ لەگینە هەڕەشە لە تورکیا و لە کوردی عێراقیش بکا.

پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ڕاپەڕاندنی ئەم پرۆسەیەشدا، یارمەتی لە ئەروپاییەکان وەربگرێ. هەرکە پرۆسەی چەکبوون دەست پێ دەکا، حکوومەتە ئەوروپاییەکان دەتوانن لە دژی ژێرخانی فرە پێشکەوتووی پشتگیریی (پ.ک.ک)، لە ئەوروپا، کە لە شێوەی پیشەی کۆمەڵگە و شەریکایەتین، چەند ڕۆکار (اجراءات)ێکی توندتر پەیڕەو بکەن. بەتایبەتیش لە بواری پرۆسەی هاتنە ناو یەکەتیی ئەوروپاوە، دەتوانن کاریگەریی خۆیان بۆ قایلکردنی تورکیا بەکار بێنن تا بەکەیسی ئەو هاوسۆزانەی (پ.ک.ک)دا بچێتەوە کە بەپێی ئەو یاسایانە زیندانی کراون کە دادگەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایی بەناشەرعیی ناس دکەت. دەشێ ئەوروپا ببێتە دوا قۆناخیش بۆ سەرکردایەتیی (پ.ک.ک)؛ هەینێش، وڵاتە خانەخوێیەکانیش دەبێ کاری وەها بکەن نەهێڵن ئیتر ئەو کەسانە چیی تر لە چالاکیی سیاسیدا تێ هەڵچنەوە.

### فیدراڵی لە عێراقدا بەهێز بکەن

پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لە تێڕوانینی خۆی لە داهاتووی عێراق، درێژدادڕ بێ. دەبێ پشتیوانی بێ ئەندازەی بۆ یەکەتیی خاکی عێراقێکی فیدراڵ دووبارە بکاتەوە و باوەڕیشی پێی بێ، دەشبێ باوەڕی بەعێراق هەبێ کە دەتوانێ دووبارە سنوورە ناوەخۆییەکانی بەڕێگەی دیموکراتی و بەکۆگەلی (اجماع)، هێڵکاری دەکاتەوە هەڵوێستی خۆیشی دووپات بکاتەوە کە نەک هەر بەرژەوەندی لە دانانی بنکەی سەربازی لە عێراقدا نییە، بگرە ئەو بژێر (خیار)ە تەنیا ئەو کات

ڕەچاو دەکات ئەگەر خودی حکوومەتی عێراقی، بەتایبەت داوای لێ بکا ئینجا وا دەکا. دوور لە شێوەی بارودۆخی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق، دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخی زۆر و دوورخایەن بەیەکەتیی خاکی عێراق و پێکهاتەی فیدراڵی بدا. واتا وەک دەڵێن، نابێ هیچ پێشنیازێک بۆ بەنەرمی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی جودا بکا و لە بری ئەمە دەبێ جەخت لەو ڕێگەچارانەی ناو دەستووری عێراقی بکا کە ڕێی بۆ پارێزگا عێراقییەکان خۆش کردووە بۆ ئەوەی لەناو چەند قەوارەیەکی فیدراڵی جیاوازی ناو خاکی عێراق، یەک بگرن.

بەڕێوەبەرایەتی پێویستە بەرهەڵستی تەواوی خۆی لە دووبارە هێلسازکردنەوەی سنوورەکانی ئەم ناوچەیەی دنیا بەڕاشکاوی بەیان بکا. پێویستیشە بە هێز ئەوە نیشان بدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز نەرمیی بەرانبەر هیچ هەوڵێکی دراوسێکان نانەوێنێ ئەگەر دەست لە کاروباری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان عێراق، وەربدەن. دەشبێ وڵاتە یەکگرتووەکان کۆششی خۆی بەرفرەتر بکا تا ئەو ئەندامە ڕاڕایانەی کۆمکاری عەرەبی کە لە ترسی زۆربوونی کاریگەری ئێرانییان لە باشووری عێراق و پەیدابوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە باکورییەوە، نایانەوێ ببینن عێراقێکی فیدراڵی لەم ناوەدا، پەیدا ببێ. ئەم مەترسییانە ڕاستییە و شایانن کە بلاو بکرێنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەوڵەتانی عەرەبیی بەتەواوی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان، کاریگەرییەکی کەمیان لە ناوەوەی عێراقدا هەیە و هەوڵ دەدەن نەهێڵن عێراقێکی فیدراڵی کێشەی پتر یا بۆ ئەوان و بۆ عێراقیش دروست بکا. سعوودی و میسرییەکان بێنین بۆ ئەوەی بەتایبەتی پشتیوانیی عێراقێکی فیدراڵی بکەن، ئەو هێمایە نیشانی ئەو سوننانەی عێراق دەدا کە کاتی ئەوە هاتووە تا لە وڵاتی خۆیان بەئاسوودەیی بژین و چیی تر پێشبینیی ناواقیعی گەڕانەوەی عێراق بۆ پێش ٢٠٠٣ نەکەن.

زۆر لەگینە کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پەرە بەگرژیی ناوخۆ بدا و وا لە هەندێ لە گرووپەکانی وەکو کورد بکا کە لە پاشەڕۆژی خۆیان نیگەران بن. ڕەنگە گرینگترین تاکە گەرەنتی بۆ بەیەکگرتوو مانەوە و سەقامگیریی خاکی عێراق، خاوکردنەوەی دڵەڕاوکێی کوردان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا، بێ. بۆیە دەبێ، بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەخێرایی کونسوڵگەرییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەولێری پایەتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکاتەوە و وەک هێمایەکیش بۆ پابەندبوونی واشنتۆن بەباکوری فیدراڵی کوردی، پێویستە چەند سەرچاوەیەکی گرینگیش لە باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، بۆ ئەوێ، بگوازێتەوە. ئەم هەنگاوە دەبوو لەمێژە جێبەجێ بکرایە. کونسوڵگەرییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەولێر، کە بەتەواوی کارا بێ، یارمەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدا تا بنیاتی حوکم و کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی پەروەردە لە ڕێگەی هاریکاریکردنی ئاژانسەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی وەک ئاژانسی گەشەکاری نێونەتەوەیی و وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکوومەتییەکانەوە، چاک بکا.

**یارمەتیی تورکیا بدەن تا کێشەی کوردی خۆی چارەسەر بکا**

کێشەی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی خۆی، بەهەموو قاڵبێکی ئەو گرفتە، ئەگەر لە بنەوەشڕا لە هەموویان پتر نەبێتە هۆی ناسەقامگیری، هێشتا هەر لە ماوەی درێژخایەندا، ڕەقترین و زەحمەتترین و لە هەمووشیان گرینگترە. ئەمەش لەبەرئەوەیە چونکە کەوتووەتە ناو وڵاتێکی ئەندام لە نەیتۆ و سەقامگیریی ئەو وڵاتە و ڕۆڵی لە ناوچەکەدا، بۆ وڵاتە یەککگرتووەکان و بۆ ڕۆئاواش، گرینگە. ئەو گرفتە هی سەرەتای سەدەی ڕابردووە کە دەوڵەتی تورکیایی دروست بوو. لە کاتێکدا ڕەنگە بۆ وڵاتە یەککگرتووەکان کارێکی هیوابەند بێ ئەگەر بیر لە تێوەگلان لەم گرفتە بکاتەوە، بەڵام ڕاستی هەر ئەوەیە کە هەموو ئەو هەنگاوانەی لە سەرەوە پێشنیاز کراون بەس نین، ئەگەر لەم بەرەیەش پێشکەوتن وەدەست نەیەت.

ڕەنگە ئەو پێشکەوتنەی هاوشان لەگەڵ ئەو پێشبەرانەی (اسبقية) کە لە سەرەوە دەستنیشان کراون، کاریگەری باشیان لەسەر کێشەی کوردی تورکیا هەبێ. وەلێ، ئاواتەکانی کوردی تورکیایی بەو پێشوەچوونانە ڕەباس نابن کە بەتەنیا لە عێراقێدا کراون. ئەگەر گرفتەکە پشگوێ بخرێ، ئەوا بێگومان لە باکوری عێراق بەبن دەداتەوە و زیندوو دەبێتەوە. هاوپشکیکردنی وڵاتە یەککگرتووەکان دەشێ لە چەند ڕێگەیەکی جوداوە بێ؛ یەکێکیان ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێ چەند بنەمایەکی دیاریکراو ساز بکا. پێویستە لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی دژە تیرۆری ئەنقەرە و لە ویستی بۆ پێوەندیکردنی بەیەکەتیی ئەوروپاوە، سڵ نەکا. دەبێ جەخت لەوە بکاتەوە کە چارەسەری کێشەی کورد بە کەرەستە دیموکراتییەکانەوە پیادە دەبێ. چونکە قبووڵکردنی تورکیا لەلایەنی ئەوروپاییەکانەوە، پابەندە بەوەی کە تورکیا کێشەی کوردی ناوەخۆی چارەسەر بکا، بۆیە وڵاتە یەککگرتووەکان دەتوانێ پشتیوانیی خۆی بەبوونی تورکیا بەئەندام لە یەکەتیی ئەوروپا بەوە ببەستێتەوە کە دەبێ تورکیا هەوڵێکی ڕاستەقینە بدا بۆ ئەوەی جێی کەمینە کوردییەکەی بکاتەوە، بێ ئەوەی یەکەتیی خاکی تورکیا وەبەر مەترسی بدا.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباماش دەبێ شوێنپێی ئەوروپاییەکان بکەوێ بۆ و هاندەرەکانی پێشخستن پێشکێشی ناوچە کوردییەکان بکا بۆ ئەوەی بڕوا بەدانیشتوانە لۆکاڵەکان بکا چیی تر پشتگیریی توندوتیژی لە دژی تورکیا نەکەن. پەیمانە ئابوورییەکانی ئەنقەرە بەناوچە کوردییەکانیدا، هەرگیز نەکەوتنە کار و وای کرد دانیشتوانە لۆکاڵەکان گاڵتەجاڕیی پێ بکەن.

وڵاتە یەککگرتووەکان وەک هاوکارە ئەوروپاییەکانی خۆیی نەکردووە و بەدرێژاییی مێژوو لە ترسی ئەوەی نەکا ئەنقەرە گاڵتەی پێ بکا، خۆی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سەرانی کوردە تورکیاییەکان، پاراستووە. دەبێ ئەمە بگۆڕێ؛ چونکە ئەنقەرە سەلماندوویەتی کە لە بواری ئاڵوێری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئەم گرفتەدا، تا ئەمڕۆ هیچ کاریگەرییەکی نەبووە. لە ئەنجامدا، کوردی تورکیا وازیان لەوە هێناوە ڕۆژێک بێ دەزگا تورکیاییەکان هەندێ لە خواستەکانیان، جێبەجێ بکەن. تێوەگلانی دووقۆڵیی وڵاتە یەککگرتووەکان و ئەوروپا، دەتوانێ

چرۆیەکی ئومێد بگەشێنێتەوە و سەبری باییی ئەوەندەش بدا تا حکوومەتە تورکەکان هەست بەئارامی دەکەن و هێندەش بەهێز دەبن کە بتوانن بەسەر بەرهەڵستی نەتەوەپەرستەکانی ناوەخۆدا، زاڵ بن. واشنتۆن و پایەتەختە ئەوروپاییەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ ئەو سەرکردە کوردانەی تورکیا کە بەرهەڵستی توندوتیژی دەکەن، بەشداریی پێ بکەن و بانگشەیان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن و، ڕێگەیان بدەنێ بچنە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی وڵاتە یەکگرتووەکان و لە بواری بزووتنەوەی کۆمەڵگەی ناتوندوتیژ، یارمەتییان بدەن و مەشقیان پێ بکەن. واشنتۆن دەتوانێ سەرکردە کوردە عێراقییەکانیش پشکدار بکا بۆ ئەوەی کوردی تورکیا لە بەدواداچوونی خەباتی چەکداری، سارد بکاتەوە، چونکە نەک هەر ئەنجامی نابێ، بگرە ئەزموونی کوردی عێراقیش تووشی مەترسی دەکا.

لە کۆتاییدا، سیستەمی سیاسیی تورکیایی پێویستی بەچاکسازی هەیە تەنیا بۆ ئەوە نا کە بتوانێ باشتر حوکم بکا، وەلێ بۆ ئەوەشە هەلی چوونە نێو یەکەتیی ئەوروپای بۆ باشتر بکا. پشتیوانیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو چاکسازییە دەستوورییانەی کە باری مافەکانی مرۆڤ باشتر و مافە دیموکراتییەکان و حوکمڕانی فرەوانتر دەکا ڕەنگە دۆخەکە بگۆڕێ و بەرهەڵستی ئەم گۆڕانکارییە بێ هێز بکا. دەشێ بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما ویستی خۆی سەبارەت بەیارمەتیدانی تورکیا بەهەر ڕێگەیەکی شیاو دەرببڕێ، بێ ئەوەی ئەو وڵاتە فەرامۆش بکا؛ واشنتۆن کاتی هەیە و هەر کاتیش بوو سەلماندی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی پابەندی سەرکەوتن و دیموکراسی و سەقامگیریی تورکیا بووە و هیچی نییە کە شەرمی پێ بێ و لە دیدی لایەنە هاوکارەکانی بشارێتەوە.

## ئیشارەت بۆ سووریا و ئێران بکەن

پێوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ سووریا و ئێران لەم دەمەدا، هێندە شیاو نین بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پشکداری کێشەی کورد بکرێن. هەردوو وڵات ترسی ئەوەیان هەیە ڕەنگ بێ وڵاتە یەکگرتووەکان بیەوێ هاووڵاتییە کوردەکانی هەردوو دەوڵەت هان بدا بۆ ئەوەی بەمەبەستی پاڵەپەستۆ خستنە سەر ڕێژیمەکان شۆڕش بکەن یان سەقامگیری بشێوێنن، یان لەوەش خراپتر، بیانڕووخێنن. واشنتۆن پێشوازی لە دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی سەرتاسەری لە ناوچەکەدا، ناکا، بەکورتی چونکە هەموو ئەو پێشکەوتنانە دەخەنە خەتەر کە ڕەنگە بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی لەسەری پێشنیاز کراون، بێنە دی. بەڕێوەبەرایەتی دەبێ ئاماژە بەوە بدا کە نە بەئاشکرا و نە بەنهێنی هانی کوردی سووریا و ئێران نادا شۆڕش بکەن.

لەو دەمەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆشش دەکا بۆ ئەوەی جۆش و خرۆشی کوردەکانی ئێران و سووریا خاو بکاتەوە، بەڕێوەبەرایەتی دەتوانی پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکا تا ببێتە ناوبژیوان لەگەڵ ئێران و سووریا و یارمەتییان بدا تا دۆخی ژیانی کەمینە کوردەکانی خۆیان چاک بکەن. لەلایەکی ترەوە، پێویستە واشنتۆن وا لە ئەنقەرە بکا بەدیمەشق و

تاران بڵێ کە واشنتۆن گەرەکیەتی چیی تر پشتیوانیی ئەو هاریکارییە نەکا کە ئەنقەرە لەگەڵ هەردوو وڵات لە دژی باکوری عێراق، دەیکەن.

لە کۆتاییدا، ئەگەر تێوەگلان لەگەڵ ئێران و سووریا ببێتە سیاسەتێکی بەڕێوەبەرایەتی، پێویستە کێشەی کورد بکاتە بابەتی پێشەوەی ئەجێنداکە.

## ڕاپەڕاندن

بۆ ئەوەی سیاسەتەکە نەشێوێ، پێویستە سەرتاپای کاری ئاژانس و هەموو وەزارەتەکان بەئەوپەڕ تواناوانەوە وێکڕا کارەکانیان بکەن. بەرپرسیاری لەو چەمکە سیاسییانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەرز کراونەتەوە، بێگوما، دەکەونە ئەستۆی فرە ئاژانس و بیورۆی جودا و دژ بەیەک یان ئەوانەی کە پێشبڕکێیان لە نێواندا هەیە و کار لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. لەو کاتەی کە فەرماندەی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان شەڕی عێراق بەڕێوە دەبا، فەرماندەی ئەوروپای وڵاتە یەکگرتووەکانە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ تورکیادا دەکات. بەشی هاوشێوەی جیاوازیش لە سەرجەم سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەن؛ وەک لە وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمیتەی ئیستیخبارات.

زوو دامەزراندنی ڕێکخەرێکی ئاستی باڵا، ڕۆکارێکی گرینگە. چوار هۆی گرینگ هەن کە ئەمە دەکەنە هەنگاوێکی پێویست. یەکەم، ئەرکەکە گەورەیە و ئاڵۆزە. ئەگەر لەو کاتەی کە بەڕێوەبەرایەتی جەخت لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا دەکاتەوە، ئەرکەکە بەبریکاران بسپێردرێ کە ئازایەتیی ڕەهایان نەبێ، ئەم کێشە گرینگە لەناو ئاپۆڕەی بابەتەکاندا گوم دەبێ. دووەم، ئەمە ئەرکێکی چڕی عەمەلەییکە، کە پێویستە لەسەر ئیشەکە بێ و ئەرکەکان بەدەستەوە بگرێ و گرفتەکانی دیاری بکات و فرە سەفەریشی بۆ بکا. وەزیرەکانی دەرەوە و بریکارە ڕاستەوخۆیەکانیان و تەنانەت بریکارەکانی وەزارەتیش گەلێ کەڕەت لەبەر ئەرکی تر، چاوپۆشی دەکەن. سێیەم، ڕەنگە دامەزراندنی ڕێکخەرێک ئەو پەیامە ڕوونە ئاراستەی هەموو لایەنەکان بکا کە کێشەکە گرینگە و وڵاتە یەکگرتووەکانیش دەیەوێ بەدوایدا بچێ. زۆریش ئەستەمتر دەبێ بۆ لایەنەکان ئەگەر دوودڵیی لێ بکەن یانیش دوای بخەن لە کاتێکدا کە کەسێک هەبێ لەسەر شانیانەوەڕا تەماشایان بکا. چوارەم، بۆ ئەوەی ئەم کۆششە سەربکەوێ دەبێ پرۆسەکە ڕوون و ئاشکرا بێ. تا ئێستا، متمانە و ئومێد لە هەموو شتێک لەو ناوچەیەدا، پێویستترە. لە کاتێکدا کە هەموو ئەو لایەنانەی پێوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەیە، متمانەیان بەیەکتری نییە، پشت بە وڵاتە یەکگرتووەکانیش نابەستن. جا ئەگەر یەک تاکەکەسێک لەم ئەرکە بەرپرسیار بێ، لایەنەکانیش یەک جۆرە پەیامیان سەبارەت بەنیگەرانی و پێشنیاز و بەرهەڵستییەکانیان پێ دەگا.

ئەو ڕاسپاردەیەی لێرەدا کراوە، وەک ئەرکی جارانی ڕاڵستن نییە؛ ئەمەیان پتر دەزگایەکە زۆر لەویان تۆکمەتر کراوە. هەرچەندە پێویستە نێردراوەکە لە وەزارەتی دەرەوە بێ و ڕاپۆرتەکانی

خۆی بۆ وەزیری دەرەوە بەرز بکاتەوە و لەگەڵ پرۆسەی ئاژانسی ناوەخۆ یەک بگرێ و پلەی وەک کۆمیتەی بریکارەکان بێ، بەڵام هێشتا هەر دەبێ سەرۆک ئۆباما، بەخۆی، ئەو نێردراوە دابمەزرێنێ. نێردراوەکە پێویستییەتی ڕێوشوێنی ئاشکرای لە واشنتۆندا هەبێ. کێشەی زەحمەتە بۆ ئەو کەسە چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئەو هەموو بیوروکراسییەی عێراق کار بکا کە لە وەزارەتی دەرەوە و شوێنی تریشدا، قیت بوونەتەوە. ئەم نێردراوە نابێ وەک ئەوانی تر بێ کە تا ئێستا پشتیوانیی کەمیان هەبووە، بگرە دەبێ ببێتە فەرمان تا ئەم نێردراوە ستافێکی بەرفرەوانی هەبێت؛ چونکە ڕەنگە کات فاکتەرێکی سەرەکی بێت، چونکە ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتی ئەوەندە کاتەی نەبێ بتوانێ بۆ چەند مانگێکی نادیار، توێژینەوە بکا و بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێ. دەبێ ستافەکە لە چەند بەشی جیاوازی بیوروکراسی ئاسایشی نەتەوەیییەوە بێن بۆ ئەوەی بەئاسانی پێوەندییان لەگەڵ ئاژانسەکانی تر دروست بکرێن و بەکار بێن.

## بەرەنجام

هەموو کێشەیەک چارەسەرێکی خاوێن و ڕاشکاوی نییە. ئاشکرایە کە گرینگترین ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە خۆی لەو ئاگرە گەورەیە بپارێزێ کە ئەگەر لەسەر کەرکوک بەرپا ببێ شەڕی ناوەخۆ یان خراپتریشی لێ دەکەوێتەوە. ئەم ڕاپۆرتە کۆششێکە کراوە بۆ ئەوەی بڵێ گەیشتنە ئەو ئامانجە پێویستی بەکار و شەونخوونیی زۆرەوە هەیە نەک هەر ئەوە کار بەتەنیا لەسەر کەرکووک بکرێ. لە پێش هەموو شتێک و لە هەمووشیان گرینگتر ئەوەیە کە کێشەی کوردی لەو ئیمپراتۆرانە بەجێ ماوە کە خۆیان لەمێژە نەماون. لە هەر شوێنێک ئیمپراتۆرەکان فەرمانیان گێڕاوە، لە زۆر بەشی دنیادا، لە دوای خۆیان کێشەی جیۆگرافی و جیۆسیاسییان لێ بەمیرات ماوەتەوە و دەبێ چارەسەر بکرێ.

کێشەکانی کوردی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا، لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی بیستەمین، لە یەکتری دابڕابوون. وێنەکانی ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی دیار لەوەی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان جیاوازە؛ چونکە پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و پەلوپۆیەکانی لە تاراوگەدا، ئێستا چڕوپڕ بووە. تاراوگە بووە هۆکارێکی یاریدەر بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری گەشە بکا. کە لە ئەڵمانیا پێوەندی بەڕێکخراوەکانی کوردی تورکیاوە دەکەی و دەکەوییە چالاکی و لەدژی حکوومەتی تورکیایی خۆپێشاندان دەکەی، بەزرۆکە جیاوازی هەیە ئەگەر تۆ کوردێکی عێراق بی یان لە ئێرانەوەڕا هاتبی. بەهەمان شێوە، کاریگەرترین چەک کە (پ.ک.ک) بەکاری هێنابێ، (شەکرەکان)ی نەبوونە، بگرە ئەو تۆڕەی تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی بووە، کە لە ئەورووپاوە دێتە وەشاندن و لە هەموو کوردستان و تورکیاش وەردەگیرێ.

کوردەکانی عێراق پێت یێژن کە ئەوان خەون بەسەربەخۆیییەوە دەبینن، بەڵام ئەمە تێ دەگەن کە ئەمە ناشێ ببێتە هەقیقەت و بۆیە ستراتیجییەتییانە وەک بەشێک لە عێراقێکی فیدراڵدا،

بمێننەوە. دەشگوترێ کە کوردی تورکیاش مەیلی سەربەخۆییان نییە. ئەرێ بۆ دەبێ لەو کاتەدا هەوڵ بدەن سەربەخۆ بن یان پێوەندی بەباکوری عێراقەوە بکەن کە ئەنقەرە بەڕێوەیە ئەندامیەتیی لە یەکەتیی ئەوروپا وەربگرێ؟ بەڵام کێ دەتوانێ بزانێ ئاخۆ دوای پازدەیان ١٥یان ٢٥ ساڵی تر ئەو پێوەندی و باوەڕانە هەتا کوێ دەبەزن؟ ئەوەی وا پێ دەچێ کە ڕوون بێ ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بەهێز پێشکەوتنەکەیان بوەستێنێ بەڵام دەبێ نرخێکی پڕ گران بدا. ئەوەی ئەوان دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە بەڕێوەیان ببەن بۆ ئەوەی وا لە گەشەکردنی پێوەندییەکانیان بکرێ نەبنە هەڕەشە. ئەگەر پرۆسەیەک نەبێ کە مزگێنی گەشەکردن بۆ هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان بێنێ، ڕەنگە وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناوچەکە تووشی نالەبارییەکی ئاوا ببن کە هەرگیز بەخەیاڵیشیاندا نەهاتووە.

## پاشکۆ

### ئامارەکانی کورد

**تورکیا**

سی ئای ئەی کتێبی ڕاستییەکانی جیهان (لە ٧ ئابی ٢٠٠٨ تازە کراوەتەوە؛ لە ١٤ی ئاب پێیدا چوونەتەوە)

- دانیشتوان: ٧١,٨٩٢,٨٠٧ (تەمووزی ٢٠٠٨ خەمڵاوە)
- گرووپە ئیتنییەکان: تورک ٨٠٪، کورد ٢٠٪ (خەمڵێندراوە)
- ١٤,٣٧٨,٥٦١ کورد

تێبینییەکانی باکگراوندی دۆس (لە ٢٦ سێپتێمبەری ٢٠٠٨ پێیدا چوونەتەوە)

- دانیشتوان (٢٠٠٧): ٧٠,٥ ملیۆن
- گرووپە ئیتنییەکان: (ڕێژەی سەدی نەدراوە): تورک، کورد، هیی تر
- دواتر لە ڕاپۆرتەکە: (هاووڵاتییانی تورکیایی کە خۆیان بەناسنامەی کوردی دەناسێنن، گرووپێکی ئیتنی و زمانەوانی پێک دێنن کە ژمارەیان بەنزیکەی ١٢ملیۆن خەمڵێندراوە.)

**سووریا**

سی ئای ئەی کتێبی ڕاستییەکانی جیهان (لە ٧ ئابی ٢٠٠٨ تازە کراوەتەوە؛ لە ١٤ی ئاب پێیدا چوونەتەوە)

- دانیشتوان: ١٩,٧٤٧,٥٨٦ (تێبینی: جگە لەمانە نزیکەی ٤٠,٠٠٠ کەس لە بەرزاییەکانی گۆلانی بن دەستی ئیسرائیلدا دەژین – ٢٠,٠٠٠ عەرەبن {١٨,٠٠٠ جوورزین و ٢٠٠٠ عەلەڤین} و ٢٠,٠٠٠نیشتەجێی ئیسرائیلین) (خەمڵێندراوی تەمووزی ٢٠٠٨)
- گرووپە ئیتنییەکان: عەرەب ٩٠,٣٪، کورد و ئەرمەنی و ئەوانی تر ٩,٧٪
- ١,٧٧٧,٢٨٢ کورد

تێبینییەکانی باکگراوندی دۆس (لە ئایاری ٢٠٠٧ تازە کراوەتەوە)

– دانیشتوان (٢٠٠٥ خەمڵاوە): ١٨,٦ ملیۆن

– گرووپە سەرەکییەکان: عەرەب (٩٠٪) کورد (٩٪)، ئەرمەنی و سیرکاسی و تورکمانەکان

– کورد ١,٦٧٤,٠٠٠

بابەتێکی جێرۆشەلیم پۆوستی ئاداری ٢٠٠٨ دەڵێ کە لە نێوان ٨ – ١٠٪ دانیشتوانی سووریا کوردن

http://www.jpost.com/servlet Sat-

ellite?cid=1206446115815&pagename=JPost%2FJPArticle%2FPrinter

ڕاپۆرتێکی دەنگی ئەمەریکا لە نیسانی ٢٠٠٨دا دەڵێ کە کورد ٩٪ دانیشتوانی سووریان

http://www.voanews.com/uspolicy/Ontheline/2008-04-03-voa3.cfm.

## ئێران

سی ئای ئەی کتێبی ڕاستییەکانی جیهان (لە ٧ ئابی ٢٠٠٨ تازە کراوەتەوە؛ لە١٤ ی ئاب پێیدا چوونەتەوە)

– دانیشتوان: ٦٥,٨٧٥,٢٢٣ (خەملێندراوی تەمووزی ٢٠٠٧)

– گرووپە ئیتنییەکان: فارس ٥١٪، ئازەری ٢٤٪، گیلاکی و مازەندەرانی ٨٪، کورد ٧٪ و عەرەب ٣٪، لوڕ ٢٪ بلوچ ٢٪، تورکمان ٢٪ هیی تر ١٪

– کورد ٤,٦١١,٢٦٥

### تێبینییەکانی باکگراوندی دۆس (لە ٢٦ سێپتێمبەر پێیدا چوونەتەوە)

– دانیشتوان (٢٠٠٧ خەمڵاوە): ٧٠,٥ ملێون

– گرووپە ئیتنییەکان: فارس ٥١٪، ئازەری ٢٤٪، گیلاکی و مازەندەرانی ٨٪، کورد ٧٪، عەرەب ٣٪، لوڕ ٢٪، بلوش ٢٪، تورکمان ٢٪، هیی تر ١٪

– کورد ٤,٩٣٥,٠٠٠

## عێراق

سی ئای ئەی کتێبی ڕاستییەکانی جیهان (لە ٧ ئابی ٢٠٠٨ تازە کراوەتەوە؛ لە ١٤ی ئاب پێیدا چوونەتەوە)

– دانیشتوان: ٢٨,٢٢١,١٨١ (خەملێندراوی تەمووزی ٢٠٠٨)

– گرووپە ئیتنییەکان: عەرەب ٧٥٪–٨٠٪، کورد ١٥٪–٢٠٪، تورکمان و ئاشووری و هیی تر ٥٪

– ٤,٢٣٣,١٧٧–٥,٦٤٤,٢٣٦ کورد

### تێبینییەکانی باکگراوندی دۆس (لە ٢٦ی سێپتێمبەری ٢٠٠٨ پێیدا چوونەتەوە)

– دانیشتوان (تەمووزی ٢٠٠٧ خەمڵاوە): ٢٧,٤٩٩,٦٣٨ ملیۆن

- گرووپە ئیتنییەکان: عەرەب ٧٥٪ - ٨٠٪ کورد ١٥٪ - ٢٠٪ تورکمان و کلدانی و ئاشووری و ئەوەکانی تر کەمتر لە ٥٪.

- کورد ٤٩٩,٩٢٧,٥- ٩٤٥,١٢٤,٤

وتاری یو ئێس ئەی تودەی ١٤ / ٨ / ٢٠٠٨ (گرووپە ئاینی و ئیتنییەکانی ناو کەرکووک) دەڵێ کە کورد ١٥- ٢٠٪ سەرجەم دانیشتوانی عێراق پێک دێنن.

### لەبارەی دانەرەوە

هێنری ج. بارکی گەورە هاوکارێکی نانیشتەجێیە لە پرۆگرامی میدڵ ئیست کارنێژ و بێرنارد ل. و بێرتا ف. کۆهێن پرۆفێسۆر و سەرۆکی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی (زانکۆی لێهای)ە.

لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٠، ئەندامی دەستەی پلاندانەری سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە بووە و بەشێوەیەکی سەرەکی بەو کێشانەوە خەریک بووە کە پێوەندییان بەرۆژهەڵاتی ناڤین و رۆژهەڵاتی دەریای سپی و هەواڵگری هەبووە. لە پرینستن و کۆڵۆمبیا و ستەیت یونیڤێرسیتی ئۆڤ نیویۆرک و زانکۆی پێنسلڤێنیا وانەی گوتووەتەوە.

بارکی پێنج کتێبی داناوە یان هاوپشکی دانانی بووە و یانیش پێیاندا چووەتەوە. لەوانە کێشەی کورد لە تورکیا بەهاوپشکی لەگەڵ گراهام فولەر دایناوە و کتێبی کاردانەوەی ئەورووپییان بۆ جیهانگەری: بەرگری و لێ ڕاهاتن و ئەلتەرناتیڤەکان. ئەو سەروتارانەی بیر و بۆچوونی دەردەبڕن لە نیوزویک و واشنتۆن پۆست و دی وۆڵ ستریت جۆرناڵ و دێیلی ستار و لۆزانجلز تایمس بڵاو بوونەتەوە و فرە کەڕەتیش لەگەڵ جم لێرەر و ن پ ڕ میوانی نیوز ئاوەر بووە.


سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- Janet Klein, "Kurdish Nationalists and Non-Nationalist Kurdists: Rethinking Minority Nationalism and the Dissolution of the Ottoman Empire, 1908 - 1909",

Nations and Nationalism, vol. 13, no. 1, 2007.

2- Gareth Stansfield and Hashem Ahmzadeh, "Kurdish or Kurdistanis? Conceptualizing Regionalism in the North of Iraq," in Reidar Visser and Gareth Stansfield, eds., An Iraq of Its Regions: Cornerstones of a Federal Democracy (New York: Columbia University Press, 2008), pp. 123-150.

3- Denise Natali, The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey, and Iran (Syracuse: Syracuse University Press, 2005), p. 130.

4- Ibid., p. 133.

5- H amit Bozarslan, La Question Kurde (Paris: Presses de Sciences Po, 1997), p. 188.

6- J ordi Tejel Gorgas, "Les Kurdes de Syrie, de la ‘dissimulation’ a la ‘visibilité,” Revue du Monde Musulman et de la Mediterranée, vol. 115-116. 2007. pp. 117-119.

7- Hassan Fattah, "Kurds, Emboldened by Lebanon, Rise Up in Tense Syria," New York Times, July 2, 2005.

8- As Bozarslan points out, Syrian Kurds (as well as Lebanese Kurds) had similarly
been influenced earlier by Barzani's 1961 rebellion in Iraq. La Question Kurde, p. 310.

9- The killing of the popular sheikh has hardened attitudes among Syrian Kurds, according to some reports. Fattah, op. cit. 10. Gorgas, pp. 127-128.

10- Gorgas, pp. 127-128.

11- The United States was also critical of these killings and called for an independent probe. See Agence France Presse, March 30, 2008.

12- J oost Hilterman,"To Protect or to Project? Iraqi Kurds and Their Future," Middle East Report, June 4, 2008, p. 3.

13- Reidar Visser, "Iraq,s Provincial Elections: Another D-Day Approaching," http://historiae.org/provincial.asp, p. 2.

14- Alfred Stepan, "Federalism and Democracy: Beyond the U.S. Model," Journal of Democracy, vol. 10, no. 4 (1999) and Lawrence M. Anderson, "Theorizing Federalism in Iraq," Regional and Federal Studies, vol. 17, no. 2 (June 2007).

15- Henri Barkey and Ellen Laipson, "Iraqi Kurds and the Future of Iraq," Middle East Policy, vol. 12, no. 4 (December 2005), pp. 69-70.

16- Ofra Bengio, "Autonomy in Kurdistan in Historical Perspective," in Brendan O'Leary, John McGarry, and Khaled Salih, eds., The Future of Kurdistan in Iraq (Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 2005), p. 183.

17- Anderson, p. 169.18- Tensions have flared up in localities such as Khanaqin in the northeast, where majority Kurds have resisted central government efforts at evicting Peshmarga units. Amit R. Paley, "Strip of Iraq 'On the Verge of Exploding'"Washington Post, September 13, 2008, p. A01.

19-The current three-province Kurdish region has "five oil fields, including the Khurmala dome, which is the northern extension of Kirkuk field. These fields contain about 3.1 billion barrels, with daily production capacity estimated at 375,000 barrels a day . . . Kurdistan's currently known oil reserves represent about 3 percent of [Iraq's] total," Kamil al-Mehaidi, Iraq Revenue Watch, http://www.iraqrevenuewatch.org/reports/052706.pdf, p. 4.

20- Martin van Bruinessen, "Iraq: Kurdish Challenges," in Walter Posch, ed., Looking into Iraq, Chaillot Paper no. 79 (Paris: Institute for Security Studies, European Union, 2005), pp. 45-72.

21- International Crisis Group, Iraq and the Kurds: Resolving the Kirkuk Crisis, Middle East Report no.64, April 19, 2007,p.3

22- Ibid., pp. 57-

23 The necessity to postpone a referendum and the difficulties associated with implementing one were sufficiently obvious that even President Talabani, during his first visit to Ankara, indicated that the referendum was not his top priority. Cengiz Çandar, "Talabani'yle Asilan Esik," Referans, March 10, 2008.

24- Gareth Jenkins argues, "[T]he Turkish rediscovery of the Turkmen accelerated as the U.S. invasion of Iraq, and thus the probable end of the Saddam regime, moved closer. A growing number of academic studies and newspaper articles began to appear which stressed not only that the Turkmen were an inseparable part of the Turkish nation but that they formed what appeared to be an ever increasing proportion of the Iraqi population." "Turkey and Northern Iraq: An Overview," Occasional Paper, James-

town Foundation, February, 2008, pp. 14-15

25- For a dispassionate analysis of TurkmenـKurdish relations, see Semih Idiz's series of reports from the region for the Turkish daily, Milliyet, February 2007.

26- Moqtada al-Sadr, however, has the facility of assuming a bewildering array of positions. As an opponent of federalism, he has supported the Turkmen against the Kurds; he then aligned himself with the Kurds against Turkey following Ankara's incursion into northern Iraq. By June 2008, a Sadrist delegation visiting Ankara assured Turkish parliamentarians that they fully supported Turkey on Kirkuk. Private communication, Ankara, July 13, 2008.

27- The presence of Turkish troops in Kurdish areas remains a controversial issue among Kurds, but Kurdish leaders have understood that unilaterally requesting their departure would severely undermine their relations with the Turks, especially the military. Still, there were reports at the end of 2007 and early 2008 of Iraqi Kurdish civilians surrounding Turkish armored columns that attempted to leave their emplacements in support of Turkish military actions.

28- The Turkish military and the foreign ministry are currently locked in a struggle over the control of the ITF and Iraq policy in general interviews, Ankara, July 7-13. 2008 .Only last spring did the government succeed in getting the National Security Council, a military-civilian coordinating committee, to give its approval to "talk to all Iraqi groups." Radikal, April 25, 2008.

29- In July 2003, U.S. forces detained a number of ITF personnel with Turkish Special Forces members suspected of plotting to assassinate a leading member of the Kirkuk governorate. The incident caused a major crisis in U.S.ـTurkish relations, because the Turkish soldiers were arrested, bundled, and hooded in the manner that al-Qaeda detainees are handled. The Turkish press and public have were indignant over this treatment, while downplaying the reason for their detainment in the first place.

30- Kirkuk experienced some of these tensions recently when a suicide bomber caused mass casualties during a Kurdish demonstration. Rumors that the Turkmen had a hand in this bombing caused demonstrators to march on ITF buildings where Turkmen guards responded with a barrage of fire, often at point blank range, resulting in more fatalities. New York Times, July 29, 2008.

31- Private conversation with a senior KRG official, May 18, 2008.

32- Private conversation with a senior KRG official, May 18, 2008.

33- For details see, "UNAMI [UN Assistance Mission in Iraq] presents first analysis to GOI [Government of Iraq] to help resolve disputed internal territories," http://www.uniraq.org/newsroom/getarticle.asp?ArticleID=702.

34- Barham Salih, the Iraqi vice premier, articulated the Kurds' quandary: "the U.S. stance regarding the Kirkuk issue is not the same as that of the Kurds, because they take intoconsideration the concerns and interests of Arab countries and Turkey as well as their own and the whole of Iraq's interests. The USA believes that all the sides must compromise on the status of Kirkuk. . . . However, as regards whether the official U.S. stance is the same as that of the Kurdish leadership; the answer is negative." "Iraqi Deputy Premier Discusses Kurdish-U.S. Ties," BBC Monitoring Middle East, July 31, 2008.

35- This is an idea that had been proposed earlier by the different communities in Kirkuk to the Kurdish leadership. See International Crisis Group, Iraq and the Kurds: Resolving the Kirkuk Crisis, p. 14. What is different this time is that Turkey has told both the Kurds and the United States that in the event of an agreement on the 32-32-32-4 distribution, Ankara would guarantee the Turkmen minority would vote with the Kurds (interview, Ankara, July 7, 2008). The offer itself is problematic; at one level it

confirms Turkish influence in that region and on another, it raises the fear that separate deals with the Turkmen would need to be cleared with Ankara.

36- International Crisis Group, Oil for Soil: Toward a Grand Bargain on Iraq and the Kurds, Middle East Report no. 80, October 2008.

37- The ICG points out that this compromise on delaying the provincial elections in Kirkuk and the KRG was a Turkish proposal indicating the level of involvement of Turkey and the internationalization of the Kirkuk issues, ibid.

38- Reider Visser, "The Kirkuk Issue Exposes Weaknesses in Iraq’s Ruling Coalition," August 7, 2008, http://historiae.org/kirkuk.asp.

39- An emblematic depiction of this deep unease with the United States is articulated by the former commander of the Turkish Land Forces, Aytaç Yalman, who argued that when in 1998, the United States summoned the leaders of the two Kurdish factions to sign a peace agreement, it was to prepare the 2003 Iraq invasion. See Fikret Bila, "Emekli Orgeneral Aytaç Yalman Anlatiyor: Kürt Sorunu Sosyal Asamada Çozülmeliydi," Milliyet, November 3, 2007.

40- Fikret Bila, "_lker Pasa’nin Tehdit Algilamasi," Milliyet, August 6, 2008. Basbug, in a speech a year earlier, outlined his worries that by providing Kurds with unprecedented sway, the Kurdish state in northern Iraq was influencing Turkey’s Kurdish citizens.

41- Murat Somer, "Turkey’s Kurdish Conflict: Changing Context, and Domestic and Regional Implications," Middle East Journal, vol. 58, no. 2 (Spring 2004), p. 252.

42- "Türkiye’de Kandil’den daha çok da_ var," Milliyet, July 17, 2008. However, Iraqi Kurdish messages are not always coherent. KRG President Barzani often offends Turkey with comments on the PKK that are designed to be retorts to slights against him or the KRG. Such statements make it impossible for Turkish officials to contemplate talking to Barzani; interviews, Ankara, July 7 and 8, 2008.

43- See series on northern Iraq by Serpil Yilmaz in the Turkish Daily News, April 12-19. 2007. )Originally appeared in Milliyet, April 5-11. 2007(.

44- nterview with a high-ranking AKP member, Ankara, July 10, 2008.

45- For a more detailed exposition of this argument, see, Henri Barkey, "Kurdistandoff," National Interest, no. 90 (July/August 2007).

46- On at least one occasion, then chief of the Turkish General Staff Yasar Büyükanit prevented a meeting between then Foreign Minister Gül and KRG prime minister Nechrivan Barzani in Istanbul by publicly admonishing the government

against it. See Barkey, "Kurdistandoff."

47- Iraqi Kurdish leaders were also signaling that, provided Ankara offered them some positive and real incentives, they would even engage the PKK militarily.

48- Interview with a senior Iraqi government official, May 7, 2007.

Interview with a Turkish journalist, Washington D.C., October 31, 2008.

49- Anecdotal and journalistic reporting already indicates that the makings of a virulent Islamic Kurdish movement, entitled Hezbollah (no relation to the Lebanese group), is reemerging in Turkey’s southeast.

50- Ömer Taspinar, Turkey’s Middle East Policies: Between Neo-Ottomanism and Kemalism, Carnegie Endowment for International Peace, Carnegie Middle East Center Paper, no. 10 (September 2008), p. 11.

51- Even among the senior military leadership, there are signs that some, including many retired four-star generals, recognize that existing Kurdish policy has made matters worse and that a new approach is necessary, Kemal Kirisçi, "Revisiting Turkey's Kurdish Problem," Discussion Paper (Istanbul: Center for Economic and Foreign Policy Studies), February, 2008.

52- Belma Akçura, Devletin Kürt Filmi (Ankara: Ayraç Kitabevi Yayinlari, 2008), pp. 79-83.

53- I conducted these interviews in Turkey in summer 2008.

54- DTP has not been immune to power struggles between hard-liners and more accommodationist elements. Ahmet Turk, its president, admitted that the PKK was hurting the Kurdish cause, Taraf, May 15, 2008. A new political party created to replace DTP in the event it is banned, the Peace and Democracy Party, has so far sought to distance itself from the hard-line PKK sympathizers. It remains to be seen whether it will succeed. Interview, Ankara, July 13, 2008.

55- CNN- Turk, June 5, 2008. Basbug's public admission was intended to be a message to the United in view of the low regard the Turkish military has for Iran.

56- Taran, August 16,2008 and CNN- Turk intevew with Phmadinejad, August 14, 2008.

---


خوێنەری واتە پێویستی بەم کتێبانە دەبێ:




**جینۆسایدی گەلی کورد**

لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا

**دانانی: د. مارف عومەر گوڵ**

١٧٥ لاپەڕە

قەوارەی ١٩ × ١٢,٥

بایی ٣٥٠٠ دینارە




**مشـكلات الدسـتور العـراقـي**

جذوره. كتابته. تفسيره. تعديلاته

**تأليف: الدكتور منذر الفضل**

٤٨٨ صفحة

الحجم ٢١,٥ × ١٤,٥

السعر ٧٥٠٠ دينار

# فایلی گاپ
# GAP

ئا: نەجمییە ئوچانسۆی

گاپ-ی گەورەترین پڕۆژەی تورکیا و یەک لە هەشت گەورەترین پڕۆژەکانی جیهان کە لە ١٩٧٠کاندا بناغەی دانراوە، لەبەر وەدەستهێنانی تەنیا نیوەی ٣٢ ملیار دۆلاری پێویست، ئەنجامدانی پڕۆژەکە بۆ ساڵی ٢٠١٠ دوا خراوە.

بۆ پڕۆژەی گاپی تەمەن ٣٤ ساڵە، سەرۆکایەتیی وەزیران ٣٢ ملیاری خەرج کردووە و پلانی تەواوکردنی لە ساڵی داهاتوودا بۆ داناوە. کە تەنیا نیوەی پارەکەی پێ هاوسەنگ کراوە، ئەم گەورەترین پڕۆژەیەی تورکیایە لە نیوەدا ماوەتەوە. تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٣ خەواندنی تەنیا ١٦,٦ ملیار دۆلار بۆ گاپ لە تواناداا بووە. ئەگەر توانرا ئەو پارەیەی ماوەتەوە پەیدا بکرێ تەواوکردنی گاپ لە ساڵی ٢٠١٠دا بە ئامانج گیراوە. گاپ کە ناوی گەورەترین پڕۆژەی تورکیای لێ نراوە لە هەمان کاتدا وەک یەک لە هەشت گەورەترینی پڕۆژەکانی دنیا چووەتە مێژووەوە. سولەیمان دێمیرەل-ی نۆیەمین سەرکۆمار کە گوتوویەتی: "پەنجا ساڵە بەم پڕۆژەی -گاپ-ەوە خەریکم، تەمەنی تریشم بووایە دیسان بە ئێرەم دەبەخشی"، گەورەترین بایەخی بەم پڕۆژەیە داوە.

ئامانجی سەرەکی، گاپ کە بەشداریی کۆمەکی ئامانجەکانی گەشەکردنی میللیی وەک بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و ژیانی خەڵکانی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ و لەناوبردنی جیاوازیی پەرەسەندنی نێوان ئەم ناوچەیە و ناوچەکانی تر و پەرەپێدانی پیت و بەخششی بواری زەوی و شیانی بەکارهێنانیان، سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری دەکا، پڕۆژەیەکی گەشەپێدانی ناوچەیییە کە بە چەمکی گەشەپێدانی بەردەوامی فرە کەرتی و یەکتری تەواوکەرەوە، گۆڕەپانی پڕۆژە حەوزەکانی فورات و دیجلەی، لەگەڵ گوندەکانی ژوورووی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە.



میزۆپۆتامیا گرتووەتەوە (٩) پارێزگە دەگرێتەوە کە ئەمانەن: (ئادییەمان، باتمان، دیاربەکر، غازی عەنتەب، کیلیس، ماردین، سعرد، شانلیئورفە، شیرناخ .).

پرۆژەی گاپ کە لە ١٩٧٠وە بە ئامانجی ئاودێری و هایدرۆکارەبا لەسەر فورات و دیجلەدا دانان نەخشەی بۆ دانراوە، لە ١٩٨٠وە کراوەتە بەرنامەیەکی پەرەپێدانی فرە لایەنەی سۆسیۆ – ئیکۆنۆمیک (کۆمەلایەتی – ئابووری)ی ناوچەیی. کەرتەکانی وەک بەرنامەی پەرەپێدان، ئاودێری، هایدرۆکارەبایی، وزە، کشتوکاڵ، ژێرخانی دەشتەکی (گوندنشین و ڕەوەند) و شارەکی، دارستانچێتی، پەروەردە و تەندروستی بەخۆوە دەگرێ. بەرنامەی سەرچاوەکانی ئاو، (٢٢) بەنداو، (١٩) ئێستگەی هایدرۆکارەبایی و لە پانتاییی (١،٧) ملیۆن هیکتاردا سیستەمگەلێکی ئاودێری بەبەرچاوەوە دەگرێ. ئەم پرۆژەیەی تێکڕای تێچووەکەی ٣٢ ملیار دۆلاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، تێکڕای وزەی ئێستگەکانی وزە دامەزراوەکانی ٧٤٧٦ مێگاواتە، کە بەرهەمهێنانی (٢٧) ملیۆن کیلۆوات – سەعات وزە بە بەرچاوەوە گیراوە.

پرۆژە، لەسەر فەلسەفەی درێژەدان بە پەرەسەندنی مرۆڤانە دانراوە کە ئامانجی ژینگەیەکی ئەوتۆ بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکرێ، خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن. لەم پەرەپێدانەدا، دادوەری، هاوبەشیکردن، پارێزگاریی دەوروبەر، بەکارهێنان، نەخشەسازیی شوێن و بووژاندنەوەی ژێرخان، لە ستراتیجییە بنچینەییەکانی (گاپ)ن.

## گاپ GAP

پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ: لە دەشتە بەرینەکانی حەوزی ڕووبارەکانی فورات و دیجلە، کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵی تورکیاوە هەڵدەقوڵێن و ئاوەکانیان دەڕێژنە ناو کەنداوی بەسرە و لە پارێزگەکانی ئادییەمان، باتمان، دیاربەکر، غازیعەنتاب، کیلیس، ماردین، سعرد، شانلّی ئورفە و شیرناخ پێک دێ.

لە کاتێکدا ئەو ناوچەیەی ڕووپێوی (٧٥،٣٥٨) کیلۆمەتر زەوییە، نزیکەی لە (١٠ ٪)ی کۆی ڕووپێوی وڵاتەکەمان (مەبەست تورکیایە) پێک دەهێنێ، لە باشووردا لەگەڵ سووریا، لە باشووری خۆرهەڵاتدا لەگەڵ عێراق دراوسێی سنوورە. پرۆژەی ناوچەیی ئەنادۆڵی باشووری خۆرهەڵات (Güneydo g u Anadolu Projesi) کە کورتەکەی (GAP)ە، بۆیە بەم ناوەوە ناسراوە.

بەرایی پرۆژەی گاپ دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی " کەبان " کە سالانی ١٩٣٠ دەست پێ کرابوو. ئەم گاپ–ەی کە لەسەر بیری بەکارهێنانی ڕووبارەکانی فورات و دیجلە بە ئامانجی ئاودێری و بەرهەمهێنانی کارەبا پەرە پێ دراوە، کە وەک دوو پرۆژەی ڕووباری جودا بەڕێوە دەبرا، لە ١٩٨٠دا بە پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ یەک خراونەتەوە.

گاپ لە گۆڕەپانێکدا کە نۆ پارێزگەی (ئادییەمان، باتمان، دیاربەکر، غازیعەنتاب، کیلیس، ماردین، سعرد، شانلّی ئورفە، شیرناخ) بەخۆوە دەگرێ، (٢٢) بەنداو، (١٩) ئێستگەی هایدرۆکارەبایی، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی لە ٢٨ ٪ی کۆی ئاوی ژێرزەویی تورکیا، ئاودێریی (١،٧) ملیۆن هیکتار زەوی و دامەزراوەیەکی توانستی لە سەرووی (٧٤٧٦) مێگاوات و (٢٧) ملیار کیلۆوات – سەعاتی وزەی کارەبا بەرهەم دەهێنێ.

ساڵی ١٩٨٩ بەئامادەکردنی ماستەر پلانی (نەخشەی سەرەکی)ی، گاپ وەک پرۆژەیەکی گەشەپێدانی ناوچەیی یەکدی تەواوکەرەوە دەستی پێ کردبوو. هەر ئەو ساڵە بە بڕیاری ژمارە ٣٨٨ کە لە هێزی قانووندایە لەسەر ساغکردنەوەی نەخشەکێشان بۆ گەشەی ناوچەیی و ئاراستەکردن و بەدواداچوون و ڕێکخستن، ڕێکخستنەکانی بەڕێوەبەرێتیی گەشەپێدانی ناوچەیی گاپ پێک هێنرابوو. گاپ لە: ڕێکخستنەکانی بەڕێوەبەرێتیی گەشەپێدانی ناوچەیی: دەزگای باڵای گاپ و سەرۆکایەتیی گەشەپێدانی ناوچەیی گاپ پێک هاتووە. دەزگای باڵای گاپ وەزیری دەوڵەتی بەرپرسی گاپ، وەزیری دەوڵەتی بەرپرسی (DPT)، وەزیری ئاوەدانی و نیشتەجێکردن، بەسەرۆکایەتیی سەرەک وەزیران کۆ دەبنەوە.

سەرۆکایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی پەرەپێدانی ناوچەیی کە ئەندامێکی تری ڕێکخراوەی گاپە، لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوەند و دەرەوەی شانلّی ئورفە و دامەزراوەی ڕێکخستنی کارگوزارییەکان پێک دێ.

سەرەتا بە ئامانجی پەرەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو و خاک، دەست بە پرۆژەیەکی ئەندازیاری

کرا، گاپ کە دواتر وەک بەرنامەیەکی وەبەرهێنانی فرە لایەنە و یەکتری تەواوکەرەوەی ناوچەیی هێنرایە کایەوە و لەمڕۆماندا وەک پرۆژەیەکی پەرەپێدان بەڕێوە دەبرێ کە دەکرێ بکرێتە تیشکۆیەکی مرۆڤانە.

پرۆژەکە ئەوەی تێ پەڕاندووە کە ڕەنگدانەوەی ئاواتەخوازی دەوڵەتی کۆماری تورکیا بێ بۆ پەرەپێدانی دادوەرانە. لە هەمان کاتدا وەدەرخستنی وزەی پەرەسەندنی ناوچەی گاپ-یشە. هەروەها هەڵگری ئارەزووی بەشداریکردنە لە ئامانجە نەتەوەییەکانی وەک گەشەی ئابووری و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی.

لەبەرئەوەی گاپ بەم ئامانجانەوە دەستی بەکار کردووە، تەنیا پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا و ئاودێریی نییە: بگرە پرۆژە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەندروستی و ژێرخان و گەشتوگوزار و پەروەردە و ژینگە و ڕۆشنبیری و پیشەسازی و گەیاندن و کشتوکاڵ، پرۆژەیەکی گۆڕینی کۆمەڵایەتی- ئابوورییە کە بەهاوچەرخکردنی هەناردەکردن بەڕێوە دەبا.

## ماستەر پلان "نەخشەی سەرەکی"

ماستەر پلانی گاپ کە چوارچێوەی گەشەسەندنی ناوچەکەی کێشاوە، بەتایبەتی گەشەسەندنی سەرچاوەکانی ئاو و زەوی و بە بەرچاوەوە گرتنی توانای دارایی و تەکنیکی بە ڕۆژمێرێکەوە گرێ داوە، ئەم گۆڕانکاریی گەشەسەندنانە لە کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەورووژێنێ، ئەو بەکارهێنانەی دەیهێنێتە کایەوە، لەگەڵ ئەو زیادبوونی دانیشتوانەی کە دەیهێنێ، دابەشکردنەوەی ئەم دانیشتوانە بەپێی شار و لادێدا دابین کردووە. لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی و ژێرخان و پێویستییەکانی نیشتەجێبوون و ژێرخانی شارستانی لە ئاستی "ماکرۆ"دا دیاری کردووە و بەپێی ساڵەکان پێویستییەکان دابین دەکا. ماستەر پلانی گاپ، یەکانگیریی هەڵسوکەوتەیلی دامەزراوەکانی پەرەپێدانە جیاجیاکانی دەوڵەت و ئاسانکاریی بازاڕ پەیداکردن وەک ڕابەرێک لە پشتگیریی بەرەو پێشەوەچوونی گاپدایە. وەکی تر، ئەوەی لە گەشەسەندنی ناوچەدا پێویست دەکا بسەندرێ لە پێوەندگی دەرەوە و ژێرەوەدا لەو پلانەدا کە دادەڕێژرێ، بۆ بەرنامە و پرۆژەکانیش وەک ڕابەرێک خۆی دەنوێنێ.

ماستەر پلانی گاپ کە تایبەتمەندیی یەکتری تەواوکردنی هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێکهێنانی، یەکانگیرییەک، لەناو دیدگەی ئەو دەمەی تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٥ چوار بناغەی بنچینەیی ستراتیجیی دیاری کردووە:

١- گەشەپێدان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و زەویوزار، چ ئاودێری بێ، چ بۆ بەکاربردنی شارستانی و پیشەسازی بێ بۆ ئامانجگەلی سوود لێ وەرگرتنیان.

٢- بەڕێوەبەرێتیی کار پێکردنی کشتوکاڵیی باشتر، کردەوە کشتوکاڵییەکان و نەخشەسازیی ڕووەک پێگەیاندن و پەرەپێدانی بەکاربردنی زەویوزار.

٣- بەخشینی قورسایی تایبەت بەو بەرهەمهێنانەی پشت بە کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی زەوی دەبەستێ. بۆ زیادکردنی زەویی سوود لێ وەرگیراو.

٤- دابینکردنی باشتری پێداویستییەکانی خەڵکی دەڤەرەکە و ڕاکێشانی کەسانی تایبەتمەند بۆ ناوچەکە و بۆ دابینکردنی مانەوەیان لە ناوچەکەدا بەچاکترکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و ژێرخانی شارستانی.

سیناریۆی بنچینەیی گەشەپێدانی ماستەر پلانی گاپ. " هێنانە سەر باری ناوچەی هەناردەی پشت بەکشتوکاڵ بەستووی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ ".

## ئامانجەکانی گاپ

بەبەراوردکردنی پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (گاپ) بەنموونە جیهانییەکان، ئەو گۆڕەپانە جوگرافیاییەی داپۆشیوە، لە ڕوانگەی گەورەیی فیزیکی و ئامانجەکانییەوە پرۆژەیەکی نموونەییە. یەک لەو ناوچە کەمتر پێشکەوتووانەی بەپێی پێشکەوتنی ڕێژەیی وڵاتەکەمان ئەو نۆ پارێزگە بە ئامانج گیراوانەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە کە (ئادییەمان، باتمان، دیاربەکر، غازیعەنتاب، کیلیس، ماردین، سعرد، شانلی ئورفە، شیرناخ)ن، پرۆژەیەکی فرە کەرتیی یەکتری تەواوکەرەوەی (موتەکامیل Integral)ی پەرەپێدانی ناوچەییە. بەتایبەتمەندێتیی یەکتری



تەواوکـەرەوەییی پرۆژەکـە، تەنیـا بـە بنیـاتنراوە فـیـزیکیـیـەکـانی وەک بەنداو و نـاوەندەکـانی هایدرۆکارەبایی و بنیاتە ئاودێرییەکان سنووردار نەکراوە. لە تەک ئەمانەدا و بەهاوکاری لەگەڵ یەکتری، خزمەتگوزاریی تری کۆمەڵایەتیی وەک گەشەسەندنی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ژێرخانی شارستانی و زەویوزار و هەواڵگۆڕی و پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار، بۆ پێشخستنی کەرتە جیاکانی کۆمەڵایەتیی ئابووریی دابینکردنی پێویستییەکان و چالاکییەکانیش بەخۆوە دەگرێ. گاپ، کە تا دێ بایەخی پتر پەیدا دەکا، لەناو چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی دەوڵەتدا کە نەهێشتنی نایەکسانیی نێو ناوچە جیاکانە، ئامانجەکانی خودی خۆیشی پێک هێناوە. گاپ بە خستنە ڕووی ئاستی گەشەسەندنی ناوچە کەم پەرەسەندووەکان، پێوەست بەیاریدەدانی ئامـانجگەلی نەتەوەییی وەک سـەربەخـۆ پـەرەسـەندنەوەی ئابووری و سـەقامگیـریی کـۆمـەڵایەتی و هـاندانی هـەناردەکـردن، لەگـەڵ سـیـاسـەتی دەوڵەتدا یـەکـتـری تەواو دەکـەن. بەم شـێـوەیە کـە ئامانجەکانی گاپ شی دەکرێنەوە، ئەم ڕاستییانە بە ڕوونی دەردەکەون.

### ئامانجە گشتییەکانی گەشەسەندن

بەپێشـخـستنەوەی بنیـاتی ئابووری، بەرزکردنەوەی ئـاسـتی داهات لە ناوچەی گـاپ، بەم جـۆرە کەمکردنەوەی جیاوازیی داهاتی ناوچەی گاپ و ناوچەکانی تر، پترکردنی پیت و فەڕی گۆڕەپانی زەویوزار و هەلی بەکـارهێنانیـان، زیادکـردنی تـوانسـتی هەڵمـژینی زۆریی دانیـشـتـوانی شـارە گـەورەکـانی نـاوچەی گـاپ. لە ڕێگەی بەکـارهـێنـانی کـاریگەری سـەرچـاوەکـانی نـاوچەکـە، پەرەسـەندنەوەی سـەربەخـۆی ئابووری، سـەقـامگیـریی کـۆمـەڵایەتی و هـاندانی هـەناردەکـردن، لە یارمەتیدانی ئامانجە نەتەوەییەکاندایە.

### ئامانجەکانی گەشەکردنی کشتوکاڵی

بەڕێگەی پەرەپێدانی بەرهەمی کشـتـوکـاڵی و جـۆراوجـۆرکـردنی چالاکـیـیـە جـووتیـارییـەکـان، بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی ناوچەکانی زەویوزار، دابینکردنی هاوردەی پێویستی پیشەسازییە کشـتوکاڵییـەکان، بەزیادکردنەوەی هەلەکانی بەکارهێنانەکان، تا نزمترین ڕادە کەمکردنەوەی ئارەزووی کـۆچی بەرەو هـەندەران، لە یاریدەدانی بـەرهـەمـهـێنانی ئەو بەرهـەمـانەیە کـە دەشێ هەناردە بکرێن.

### ئامانجەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی

لەلایەکەوە ناوچەی گاپ لە گەشـەسـەندنی ئابووریدا ڕۆڵێکی نادیار دەبینێ، لەلایەکی ترەوە بۆ پەروەردە/ فێرکـردن و گەشـەی تەکنۆلۆجی کـە ڕۆڵی خـوڵقـاندنی داواکـاری دەبینێ، ئەندێشـەی ناوچەی گـاپ و خـۆشگوزەرانیی کـۆمـەڵایەتی و پەرەپێدانی هاندانی خـەڵکی، بەفراوانترکـردنی



هەلەکانی بەکاربردنی بەداهاتی بەرز، یاریدەدانی لابردنی ناهاوتاییی نێو ناوچەکان، هاندانی هەنارده و دراوی داهات، لە بابەتی پەرەپێدانی هەڵسوکەوتدا. لە یاریدەدانی ئامانجە نەتەوەییەکاندایە.

## ئامانجە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکانی گاپ

بیرۆکە سەرەکییەکانی " پلانی کاری کۆمەڵایەتیی گاپ " کە بە ئامانجی چاکترکردنی ئەو هەڵوێستە گشتییەی هاتووەتە کایەوە و پەلە بە ڕەوتی گەشەکردن و چارەکردنی گرفتەکان ئامادە کراون، ئەمانەن:

ئەو پلانڕێژییەی بە ئامانجی گەشە پێکردنی سەرچاوەکانی سروشتی و مرۆڤ ـ ی ناو چوارچێوەی گاپدایە خراوەتە کار، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنەکان بەبەشداریکردنی خەڵکی ناوچەکە ئەنجام دەدرێ.

ئەو ئامادەکارییانە جێبەجێ دەکرێن کە گەیشتن بە سەرچاوە بنچینەییەکان دابین دەکەن و پیت و فەڕی سەرچاوەکان پەرەیان پێ بدرێ.

کە هاوکاری لەگەڵ هەموو دامەزراوە ناوەخۆیی و خۆبەخشەکان دەکرێ، سوود لە وزەی مرۆڤ و وزە ماتەکانی تری وەک (دابینکردنی پارە و هۆی گواستنەوە و کەلوپەلی پێویست و زانست و تەکنیک.. تاد) وەردەگیرێ.

## تایبەتمەندی بەپێشەوەخستن دەدرێتە ئافرەتان و لاوان

لە پلانی کرداری کۆمەڵایەتیی گاپ-دا، ئەو ئامانجە سیاسییانەی بە بەرچاوەوە گیراون، بەگوێرەی

کەرتە جیاجیاکانی وەک ئەوەی خوارەوە پێک هێنراوە.

ئامانج ١ : بنیاتی کۆمەڵایەتی

بەگوڕخستنی لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوە نەریتخوازانەی دەبنە تەگەرەی بەردەمی گەشەسەندن و بەگوڕخستنی ڕێکخراوە هاوچەرخەکان و برەودان بەکاریگەریی دامەزراوەکان. پێکهێنانی ژێرخانێک بەچڕکردنەوەی کاریگەرییەکانی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان، بۆ دابینکردنی بنیاتێکی ئەرێنیی ڕۆشنبیرییە ناوخۆییەکانی ژێرەوە و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی ناوچەکە. بە بەرچاوەوە گرتنی گۆڕانکارییەکانی قۆناغی گەشەکردن، پشتگیریکردنی یەکەتیی خێزان، بەهێزکردنی دیموکراسیی ناو خێزان.

ئامانج ٢ : کەرتی کشتوکاڵی

پەرەدان بە کاریگەریی بڵاوکردنەوە، بەشێوەی بەجێهێشتنی جێبەجێکاریی دابەشبوونەوەی کشتوکاڵیی گۆڕەپانەکە و ڕێکخراوەکانی چالاکییەکانی جووتیارییان ، بۆ دامەزراوە تایبەتی و خۆبەخشەکان و پشتگیریکردنی ئەو جێبەجێکارییانەی لەلایەن ئەم دامەزراوانەوە ئەنجام دەدرێ و خستنە بەرکاری کۆنترۆڵکردنی جۆرێتی ، چڕکردنەوەی وەبەرهێنانی گشتی لە گۆڕەپانی پەروەردە و لێکۆڵینەوە کشتوکاڵییەکان و پەروەردەی بنەڕەتیی تەکنیک و پەروەردەی پیشەییدا و چڕکردنی پەروەردەی پیشەیی. دابینکردنی گەیشتنی هەموو جووتیاران بەو جۆرە زانیارییانەی لەگەڵ مەرجەکانی خۆیاندا دەگونجێ، لەناوبردنی ئەو کاریگەرییانەی دەبنە تەگەرەی گەشەسەندنی دینامیکی و گەشەسەندنی کشتوکاڵی، هەر لە شێوەی بەرهەمهێنانەوە تا پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بنیاتی موڵکایەتییەوە بگرە تا سستیی هێنانە سەر کاری کرێکاران. بۆ هێنانە سەر باری بەرهەمهێنانی بەکارخستنەوەی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا، دەستنیشانکردنی گەورەترین قەبارە بۆ خستنە کار و تەگبیرکردنی لە ڕێ لادانی هەر ئارەزوویەک بیەوێ ئەم گەورەییە دوور بخاتەوە. هەنگاونانی پێش وەختە بۆ پاراستنی ئەو بەکارهێنراوە هاوبەشانەی وەک چیمەن و لەوەڕگەکان.

ئامانج ٣ : بەکارهێنان

کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری کە لە ناوچەکەدا لە سەرووی تێکڕای تۆمارکراوی وڵاتدایە، هاندان و پشتگیریکردنی خاوەن سەرمایە و هێزە تایبەتمەندییەکانی کار بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکە، بەر لە هەمووان گەڕاندنەوەی ئەوانەی پێشتر لە ناوچەکەوە کۆچیان کردووە. لابردنی تەگەرەکانی بەردەمی کار پێکردنی ئافرەتان و کارئاسانی لە پێناوی هاندانیان بۆ کارکردن. هەڵسوکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی زیادکەرەوەی کۆی گشتیی داهات و دابەشکردنی یەکسان و هاوسەنگ لە ناوچەکەدا، پشتگیریی پیشەسازیی پشت بەکشتوکاڵ بەستوو و هی تر و خۆڕێکخستن کە لە جێی خۆیدا کارگەر بەکار بهێنێ. بەکارهێنانی دەوڵەمەندیی سروشتی و ڕۆشنبیرییانەی ناوچەکە و

ئاراستەکردنیان بەرەو دراوخەواندنی بەرهەمهێن و پەرەپێدەری داهات لە هەڵبژاردنی تەکنۆلۆجیاییدا لە پاڵ بە بەخششبوون و بەرهەمهێنیدا بەکارهێنانی کرێکار و تەندروستی و ڕەهەند و بارودۆخی دەوروبەریش بە بەرچاوەوە دەگیرێ.

ئامانج ٤ : کەرتی پەروەردە

هەنگاونانی بەرزکەرەوەی ئاستی پەروەردە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە بەرامبەر منداڵان و ئافرەتاندا. دابینکردنی بڵاوکردنەوەی هەلی پەروەردە بەناو هەموو چینەکانی خەڵکدا. بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێژەیی خوێندن و نووسین و چوونە قوتابخانە، بەلای کەمەوە بۆ ئاستی ڕێژەیی تورکیا. بەپەرەپێدانی فراوانی و ڕێکخراویی پەروەردەیی و کاریگەری و پەرەپێدانی هەلەکان لەم بوارەدا. بۆ پەرەپێدانی ڕێکوپێکی و بەرفراوانیی پەروەردە و کاریگەری لە ناوچەکەدا، بەرنامەکانی بەر لە قوتابخانە دەکرێنەوە و فراوان بوونەوەیان دابین دەکرێ. بایەخدان بەبەرنامەی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکیی ماوە کورت و ناوەندی، کە کاریگەریی ئابوورییان هەبێ لەناو لاواندا کە زۆرینەی سەرژمێرییان پێکدەهێنن. بایەخی تایبەت بدرێتە پەروەردە و ئاستی تەندروستی و بەرزکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەو ئافرەتانەی بەشدارییان لە ڕەوتی پێشکەوتن و کارکردن نەکردووە.

ئامانج ٥ : کەرتی تەندروستی

بەرامبەر ڕێژەکانی مردنی ساوا و منداڵ و منداڵبوون، هەنگاو بنرێ بەلای کەمەوە لە ئاستی ڕێژەیی گشتیی وڵات نزیک بخرێتەوە. فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاریی تەندروستی و توانای گەیشتنی خەڵک بەم خزمەتگوزارییانە زیاتر بکرێ. لە بەراییەوە دەستنیشانکردنی ئەو گرفتە تەندروستییانەی بەهۆی فراوانبوونی ئاودێرییەوە لە ناوچەکەدا پەیدا دەبن بچەسپێنرێن هەنگاوی پێویست بنرێ بۆ ئەوەی ڕێیان لێ بگیرێ.

ئامانج ٦: سەرژمێر

سیاسەتێکی سەرژمێریی ئەوتۆ بگیرێتە بەر، لەگەڵ بیری بەرەو پێشەوەبردنی گەشەسەندندا بگونجێ و هاوسەنگیی نێوان گوڕی گەشەسەندن و گوڕی زیادبوونی سەرژمێر بە بەرچاوەوە بگرێ. هاندان و ئاراستەکردنی جموجۆڵەکانی سەرژمێری بەرەو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و وزە ئابوورییەکانی ناوچەکە. هەنگاونانی هاندەرانە، بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی کاریگەریی ناوچەیی و چڕکردنەوەی لە ناوەندە سەرژمێرییەکانی گوندەکان و شارە مامناوەندییەکاندا دابین بکرێ.

ئامانج ٧ : نیشتەجێبوون

وەک ئەنجامێکی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نیشتەجێکردنی کۆمەڵانی ئەو کۆچەر و نیمچە کۆچەرانەی بواری ژینیان بەرتەسک دەبێ. لە نیشتەجێکردنەوەی سەرلەنوێی ئەو خەڵکانەی

دروستکردنی بەنداوەکان کاریان لێ دەکا، بە بەرچاوەوە گرتنی بنەما کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و گەشە ئابوورییەکانیان.

## ئەنجام

ئەو سیاسەتە کۆمەڵایەتییانەی پێوەندییان بە گاپەوە هەیە، لە ناوچەکەدا ئاراستەی ئامانجی گەشەکردنی مرۆڤانە کراوە. ئەم سیاسەتانە وەک بناغە، بۆ بەڕێوەبردن لەسەر سێ پێی بنچینەیی گەشەسەندن دەوەستێ. ئەمانە، بەشداریکردن، یەکسانی و دادوەری لە گەشەسەندن و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی مرۆڤن. بەشداریکردن، بەدابینکردنی هەلی بەشداری لە پرۆسەی بڕیاردان لە پێکهێنانی سیاسەتی پێوەست بەخودی خەڵکەوە، کۆمەکی کاریگەر و بەشداریکردنی کۆمەڵ و بەڕێوەبەرێتییە خۆجێیییەکان و دامەزراوە خۆبەخشەکان لە ڕەوتی گەشەسەندن دابین دەکا. بەشداریکردن، توانستی لەسەر پێی خۆدا وەستانی کۆمەڵ، کۆششەکانی بەتایبەتی توانستی خستنە سەرشان و ڕێی پێکهاتنی کۆمەڵگەی دیموکراتیی ڕێکخراو واڵا دەکا. لە هەمان کاتدا، بەم ڕێیەوە کاریگەری و چۆنیەتیی بەرز دەبێتەوە، پێداویستییە ڕاستەقینەکان قەرەبوو دەکرێن. سیاسەتە کۆمەڵایەتییە ئاراستەکراوەکانی گاپ بەپرۆژەکردنی بەشداریکردن بەخۆوە دەگرێ. یەکسانی و بەشداریکردنی کەرتە دەستکورتەکانی کۆمەڵ لە گەشەسەندندا، پەرەپێدانی گەیین بە خزمەتگوزارییەکانی وەک پەروەردە و تەندروستی، خوڵقاندنی هەلی پەیداکردنی کار و ئەو ئامانجە بنچینەییانە پێک دەهێنێ کە سیاسەتی کۆمەڵایەتییانە پێویستی دەکا، لە فراوانکردنی بواری سیستەمی ئاسایشی نەتەوەیی.

پەرەدان بەجۆری ژیان و خزمەتگوزاری و کەمترین ئاستی ژیانێکی هاوچەرخی ستاندارد کە دەکرێ بیگەنێ بۆ هەر هەموو کەرتەکانی کۆمەڵ دابین دەکا، کە بەدیهێنانی بڵاوبوونەوەیەکی هاوسەنگ کەمترین ڕادەی سیاسەتی کۆمەڵایەتییە. ئەو سیاسەتانەی پێوەندییان بە گاپەوە هەیە، کۆشش بۆ ئەوە دەکا بە ئاراستەی بەرەو هێنانە دیی پێکەوەی ئەم سێ بابەتە لە ڕێی زیندووکردنەوەی پرۆژەکانەوە کاریگەرییان دەبێ.

## تایبەتمەندییەکانی پرۆژەکە

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە _ ئابووری " سۆسیۆ _ ئیکۆنۆمیک "ییەکانی ناوچەکە

ڕووپێو و سەرژمێری

**ڕووپێو:** ناوچەی گاپ کە پارێزگەکانی ئادییەمان و باتمان و غازیعەنتاب و کیلیس و ماردین و سعرد و شانلێئورفە و شیرناخ بەخۆوە دەگرێ بە گشتی ٩,٧٪ی ڕووپێوی وڵاتی تورکیایە کە گۆڕەپانێکی ٧٥,٣٥٨ کیلۆمەتر دووجا دەگرێتەوە.

**سەرژمێر:** بەپێی ئەنجامی سەرژمێری گشتیی کاتیی ساڵی ٢٠٠٠ ، کۆی گشتیی سەرژمێری ناوچەی گاپ ٩,٧٪ی کۆی گشتیی سەرژمێری تورکیا بووە کە (٦٧ ٨٤٤ ٩٠٣) کەس بووە، کە دەکاتە (٦ ٦٠٤ ٢٠٥) کەس، ٦٣٪ی ئەم سەرژمێرە لە شارەکاندا و ٣٧ ٪ یشیان لە گوند و دەشتەکاندا دەژین.

لە ماوەی ١٩٩٠ – ٢٠٠٠دا زیادکردنی سەرژمێر لە ناوچەدا بە گوڕی ٢,٥ ٪ بووە و لە گشت وڵاتدا ١,٨٪ بەدی هاتووە.

لە ئاستی وڵات و ناوچەدا کە سەیری گوڕی زیادبوونی سەرژمێر دەکەین لە گۆڕەپانەکانی شار و دەشتدا ، لە ماوەی ١٩٩٠ – ٢٠٠٠ ساڵانە گوڕی زیادبوونەوەی سەرژمێر لە شارەکاندا دەبینرێ ٣,٧٪ یە. ئەم بەهایە کەم و زۆر لە سەرووی گوڕی زیادبوونی گشت تورکیایە کە ٢,٧ ٪ بووە. لە کاتێکدا گوڕی زیادبوونی سەرژمێر لە دەشتەکاندا ٠,٧ ٪ بووە، بۆ گشت تورکیا ٠,٤ ٪ بووە.

بەگوێرەی ساڵی ١٩٩٠ ناوچەکە لەناو گشت سەرژمێریدا خاوەنی ٥٦٪ی سەرژمێری شاران بووە، ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٦٣٪ بەرز بووەتەوە، سەرژمێری گۆڕەپانی دەشت لە ٤٤٪ەوە بۆ ٣٧٪ نزم بووەتەوە.

ئەم گوڕی زیادبوونە بەرزەی سەرژمێری شارەکیی ناوچەی گاپ و خزمەتگوزاریی ژێرخانی وەک پێویست نەبووی شارەکان، نەک تەنیا هاتنە خوارەوەتری پێویست، لە هەمان کاتدا ئەگەر هەنگاوی پێویست نەنرێ تا دێ لە ڕێژەکاندا کە لە بەرزبووندایە گرفتی کارکردنیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ.

## گەورەیی بنچینەییی گاپ

لە تەواوبوونی پرۆژەدا، بەو دامەزراوانەوە کە لەسەر ڕووبارەکانی فورات و دیجلەدا کە بەتێکڕایی، لە ساڵێکدا پتر لە ٥٢,٩٤ مەتر دووجا ئاویان پێدا دەڕوا، ٢٨,٥٪ی وزەی ئاوی تورکیا کۆنترۆڵ دەکرێ. کە ٤,٥ ئەوەندەی (چوقورئۆڤا)یە، ئاودانی زەویوزاری لە سەرووی ١,٧ ملیۆن هیکتار و بەدامەزراوەی وزەی توانستی ٧٥٠٠ مێگاواتی، بەرهەمهێنانی ٢٧ ملیار کیلۆوات سەعاتیی وزەی هایدرۆکارەبایی دابین دەکرێ. ئەو گۆڕەپانەی نەخشەی ئاودێریی بۆ کێشراوە، وەک ئابووری لە ٢٠٪ی گۆڕەپانی ئاودێریی تورکیا و کۆی بەرهەمهێنانی ساڵانەی کارەبا، وەک ئابووری، ئەوەی دابین دەکرێ لە بەهای ٢٢٪ی توانای وزەی ئەو کارەبایەیە کە لە گشت تورکیا دابین دەکرێ. بەشێکی بە بایەخی ئەو وزەیەی تورکیا – کە چووەتە ناو سیستەمی بەیەکەوە بەستنەوە _ (قەرەقایە) بەرهەمی دەهێنێ و لەگەڵ بەنداوی ئەتاتورکدا، بەنداوگەلی کراڵکزی و کارکەمش و دیجلە _ باتمان و بیرەجک کە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ خراونەتە کار، وەبەرهێنانی کۆی ئەو هایدرۆکارەبایەی دابین دەکرێ، هەر لە کردنەوەی دامەزراوەکانەوە تا کۆتاییی ٢٠٠٣ (نزیکەی) ٢١١,٩ ملیار کیلۆمەتر سەعات بووە. بەهای ئەم بڕە بەرهەمە بەرامبەر نزیکەی ١٢,٧ ملیار

دۆلارە. ئەو وزە هایدرۆلیکەی بەنداوەکانی گاپ لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەرهەمیان هێناوە (نزیکەی ١٥,٣ ملیار کیلۆوات _ سەعات)ە، نزیکەی ٤٣٪ی بەرهەمی گشتیی وزەی هایدرۆلیکی تورکیا پێک دەهێنێ. هەر لەو ماوەیەدا لە بەرهەمهێنانی کۆی وزەی تورکیای ١١٥ ملیار کیلۆوات – سەعاتیدا (گەرمایی و هایدرۆلیک و با)ی بەشی گاپ ١١٪ی پێک دەهێنێ. بە تەواوبوونی پرۆژە ئاودێرییەکانی گاپ کە گەورەترین دراو لەسەر دانراوی ئاراستەی گەشەپێدانی ناوچەیی تورکیایە، ئاودانیی گۆڕەپانی ١,٧ ملیۆن هیکتار کراوەتە ئامانج. بەپێی کۆتاییی ٢٠٠٣ لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاو)ەوە ئەو گۆڕەپانەی خراوەتە بەر ئاودێری ٠٨٠ ٢١٥ هیکتار بووە. لە ڕوانگەی دابینکردنی فیزیکییەوە، ١٢٪ی پرۆژە ئاودێرییەکان لە کاردایە و ١٠٪ی لە دروستکردندان و ٢٤٪ی ئامادەی درانە قۆنترات و ٥٤ ٪ ی لە بواری پلانڕێژیدایە. لە کاتێکدا لە تەواوبوونی پرۆژە ئاودێرییەکاندا، گۆڕەپانێکی هاوتای تا ئێستای زەوییە بەراوەکانی تورکیا، بەدەستی دەوڵەت دەخرێتە سەر کێڵگە بەراوەکانی تر. بە مجۆرە ئەو توانستی پیشەسازی و کێڵگە بەرزانەی گاپ دەیهێنێتە گۆڕێ، بەروبوومی ئابووریی ناوچەکە پەرە پێ دەدا. هەلی کارکردن بۆ ٣,٥ ملیۆنی خەڵکی ناوچەکە دەخوڵقێنێ. وەکو تر لە گۆڕەپانەکانی ئاودێریدا پەرەسەندنی بەرهەم دابین دەکرێ.

بەرهەمی ناوچەییی ناپوختی ماستەر پلانی گاپ بۆ هەر تاکێک بەپێی ساڵی ١٩٨٤ کە بە بنەما وەرگیراوە، ئەوەندەی ٤٧٪ی هەر تاکێکی تورکیایە لە بەرهەمی ناپوختی ناو وڵات.

سەرژمێری ناوچەی گاپ کە ١٠٪ی سەرژمێری تورکیا پێک دەهێنێ بەشداری لە بەرهەمی ناپوختی تورکیا لە ئاستی ٥ ٪ دایە.

بەرهەمی ناوچەییی گاپ کە ساڵی ١٩٩٠ بە نرخی ١٩٨٧ (٥١٤ ٤) ملیار لیرەی تورکی بووە، ساڵی ٢٠٠١ گەیشتووەتە (٠٧٧ ٦) ملیار لیرەی تورک. هەر لەو ماوەیەدا بەرهەمی ناپوختی ناو وڵات، لە ٥٧٨ ٨٣ ملیار لیرەی تورکیاییەوە بۆ ٨٨٥ ١٠٩ ملیار لیرەی تورکیایی بەرز بووەتەوە. ساڵی ٢٠٠١ کە داهاتی ساڵانەی یەک کەس، لە ناوچەی گاپدا ١٨٦ ١ دۆلار بووە، لە گشتیی وڵاتدا بووەتە ٢١٤٦ دۆلار.

## گۆڕان لە بنیاتی ناوچە

بەپێی ماستەر پلان گۆڕانی بنیاتی ئابووری چۆن دەبێ؟

ماستەر پلانی گاپ، بەپێی ئەوەی ساڵی ٢٠٠٥ بکرێتە ئامانج، ئەو ئابوورییە بنەڕەتییەی دەیگاتێ وەک گەورەییی بەرهەمی ناپوختی ناوچەیی، کشتوکاڵی و پیشەسازی، پێکهاتەی کەرتەکانی خزمەتگوزاری بەپێی ساڵی ١٩٨٥ی ساڵی دەستپێکردن دەستنیشان کراوە، لە خوارەوە ڕێژە سەدییەکان گۆڕان لە بنیاتی ئابووریدا پێشان دەدا:

کەرتی کشتوکاڵی

ساڵی ١٩٨٥ (٤٠ ٪)

ساڵی ٢٠٠٥ (٢٣ ٪)

کەرتی پیشەسازی

ساڵی ١٩٨٥ (١٦ ٪)

ساڵی ٢٠٠٥ (٢٤ ٪)

کەرتی خزمەتگوزاری

ساڵی ١٩٨٥ (٤٤ ٪)

ساڵی ٢٠٠٥ (٤٤ ٪)

بەرهەمی ناپوختی ناوچەیی

ساڵی ١٩٨٥ (١٠٠ ٪)

ساڵی ٢٠٠٥ (١٠٠ ٪)

پێڕستی پەرەسەندنی " بەرهەمی ناپوختی ناوچەیی "

ساڵی ١٩٨٥ (١٠٠)

ساڵی ٢٠٠٥ (٤٤٥)

پێڕستی پەرەسەندنی بەرهەمی ناپوختی ناوچەیی بەدرێژاییی ماوەکە پێشبینیی زیادەی ٤,٥ جار ئەوەندەی دەکرێ. دابەزینی بەشی ناو ئابووریی ناوچەییی کشتوکاڵ لە سەدا ٤٠ەوە بۆ لە سەدا ٢٣ لەم ماوەیەدا، بە گرانی بەرزبوونەوەی پیشەسازیی کشتوکاڵی لە سەدا ١٦ەوە بۆ لە سەدا ٢٤ و بەرزبوونەوەی بەشی خزمەتگوزاریش لە سەدا ٤٤ەوە بۆ لە سەدا ٥٣ بە بەرچاوەوە گیراوە. بە تەماشاکردنی ئەم نیشانانەی ئابووریی گاپە، بەپێی ساڵی بە ئامانج دانراو سەرەڕای هەلە بەخشندەکانی کار، پێکەوە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاستەقینەی داهاتی تاکدا، ئابووری لە گەیشتنە قۆناغی خۆبەخۆ گەورەبووندایە.

## هەڵوێستەی ئەمڕۆ

ساڵی ١٩٩٩ بەپێی کۆتاییەکەی، بۆ پرۆژە، ١٤,٨٦٥ کاترلیۆن لیرەی تورکیاییی نرخی پرۆژە، ٦,٥٥٥ کاترلیۆن لیرەی تورک خەرج کراوە. وەک نەختینە ٤٤٪ ی هاتنە دی دابین کراوە، بەرامبەریی خەرجکراوەکان کە بە دۆلارن ٥,١٤ ملیار دۆلارە. وەکو کەرت، لە کشتوکاڵدا ١٢,٨٪، لە وزەدا ٧٥,٤ ٪، هەواڵگۆڕی + گەیاندن ٣٠,٧ ٪، پەروەردە + تەندروستی ٧٤,٦ ٪ ی نەختینەی بەدیهاتوو دابین کراوە.

لەگـەڵ تـەواوبوونی پرۆژەدا (بەپێی پلانی هـەمـوارکـراو) لەلایـەن (بەڕێوەبـەرایەتیی کـاروباری ئاو)ەوە ١,٧١٥,٠١٥ هیکتار لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی خزمـەتگوزاریی لادێ-وە ٢٠٠,٠٠٠ هیکتار لەلایـەن خـەڵکەوە ١٠٠,٠٠٠ هیکتـار، کـۆی ٢,٠١٥,٠١٥ هیکتـار زەویوزار ئاو دەدرێ. بە پێی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠ ئەو پرۆژانـەی لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاو)ەوە بەڕێوە دەبرێن ١٢ ٪ ی لە خستنە کاردان (٢١٥,٠٨٠ هیکتار)، ٨ ٪ ی بنیاتنان (١٤٦,٣١٧ هیکتار)، ٢٥ ٪ ی ئامـادەی دانە قـۆنتـەرات (٤٣٧,١٧٠ هیکتـار)، ٥٥ ٪ ی لە قـۆناغی پرۆژەدایە تا سـاڵی ٢٠١٠ تەواوکردنی هەموو پرۆژەکانی ئاودێری بەبەرچاوەوە گیراوە.

توانسـتی گـشـتی ٧,٤٧٦ مـێگاواتـە، ٢,٤٠٠ مـێگاواتـی ئەمـە لە بەنداوی ئەتاتورکـەوە دابین دەکرێ. بەپێی حوزەیرانی ٢٠٠٠ وەکو فیزیک ٦٤ ٪ ی پرۆژەکانی وزە، ١٠ ٪ ی بنیاتنان، ٢٩ ٪ی دراوەتە قۆنتەرات و ٧ ٪شی لە قۆناغی پرۆژەدایە.

ڕێی ئۆتۆمۆبێلی مەرسین - غازی عەنتەب تەواو بووە، ڕێی ئۆتۆمۆبێلی غازیعەنتەب شانلێئورفە لە دروسـتکردندایە، لە ناوچەدا پێنج (OSB)، ١٨ پێگەی بچووکی پیـشـەسـازی، ٢ ناوچەی ئازاد (ماردین و غازیعەنتـەب)، دوو هێڵـی ئاسنی کۆی درێژییـان ٨٠٥ کیلۆمـەتری لێـیە. لە کـۆتاییی حـوزەیرانی سـاڵی ٢٠٠٠ ژمـارەی ئـەو کارگـانـەی لە ناوچەکانی پیـشـەسازییە ڕێکخـراوەکـاندا کەوتوونەتە کار ، ئەوانەی تەواو بوونە و ئەوانەی بەردەوامن ٥٤٣ کارگەن و کار بۆ ٤٠,٠٠٠ کەس دابین کراوە. ئامانج ئەوەیە لە ١,٦٥٨ دامەزراوەدا کار بە ١٢٦,٠٠٠ کەس بکرێ.

لە ناوچـەی گاپدا ژێرخـانی تەندروسـتی و کـارمـەندانی تا بڵـێی کـەمـە. لە ناوچەی گـاپدا هەر ١٢,١٩٥ کەس (١) نۆژداری پسپۆڕ و هەر ٣,٨٨٨ کەس (١) نـۆژداری مـەشـقکار و هـەر ٣,١٢١ کـەس (١) مامـانیـان بەردەکـەوێ. لە کـاتێکدا لە گشت تورکیـادا وەک ڕێژەی نـاوەندی، هـەر (١) نۆژداری پسـپـۆڕ ٦,١٤٩ کـەس و هـەر (١) نۆژداری مـەشـقکار ٢,٦٠٠ کـەس و هـەر (١) مـامـان ١,٨٠٠ کەسی بەردەکەوێ.

ژێرخـانی پەروەردەش و ژمارەی کارمەندیش لە نـاوچەی گاپدا وەک لە بواری تەندروسـتیدا وەک هـەیە بەس نییە. ڕێژەکانی قوتابخانەیی لەژێرەوەی ڕێژەکانی تورکیاوەیە. ڕێژە قوتابخانەیییەکان: لە ڕێژە قوتابخانەیییەکان لە گشت تورکیادا: لە فێرکاری سەرەتاییدا ٧٧ ٪ و لە ناوەندیدا ٤٦ ٪ و فێرکاری باڵا ٢٢ ٪ ە. کە تەماشای ژمـارەکانی مـامۆستا و قوتابی و پۆلکاری دەکرێ، لە ناوچەی گاپدا بەپێی سـاڵی ١٩٩٩ لە خـوێندنی سـەرەتاییـدا ١,٠٧٨,٥١٠ قـوتابی و ٢٦,٩٤٣ مـامـۆسـتا هـەیە، هەر مامۆستایەک ٤٣ قوتابیی بەردەکەوێ. لە گشت تورکیادا هـەر مامۆستایەک ٣٠ قوتابیی بەردەکەوێ. کە سـەیری پۆلکاری دەکرێ لە کاتێکدا کە لە ناوچەی گاپدا هـەر پۆلە و ٦٣ قـوتابیی بەردەکەوێ، لە گشتیی تورکیادا ٤٨ قـوتابیی بەردەکەوێ. ئامـانجی ساڵی ٢٠١٠ی گاپ ئەوەیە کە ئاستی پەروەردە بۆ ڕێژەی مامناوەندیی تورکیا بەرز بکاتەوە.

لەو ١٥ ناوچە پیشـەسـازییە یەککـخـراوانەی لە ناوچەی گاپدا بیـر لـە دامـەزراندنیـان کـراوەتەوە،

١,٥یان کەوتوونەتە خزمەتگوزاری پێشکێشکردن. ١٨ پێگەی گچکەی پیشەیی تەواو کراوە، کە تەماشای کەرتی پیشەسازیی بەرهەمهێنان دەکرێ، بەخستنەگەڕی پیشەسازیی گچکە و مامناوەندی لە زیادبووندایە. لە پیشەسازیی بەرهەمهێنانی ناوچەکەدا جلوبەرگ ڕیزی یەکەم و کەرتی خۆراک ڕیزی دووەم پێک دەهێنن.

## کورتە مێژووی گاپ

لە ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا، ئەو گۆڕەپانەی پارێزگاکانی ئادییەمان، شانلیئورفە، شیرناخ، باتمان، دیاربەکر، غازیعەنتەب، کیلیس و سعرد بەخۆوە دەگرێ بەناوچەی گاپ دێتە ناسکردن. ڕووپێوی ئەم ناوچەیەی لە خۆراواوە سووریا، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ عێراقدا هاوسنوورە (٧٥ ٣٥٨) کیلۆمەتر وشکانییە، تێکڕای لە سەدا ٩,٧ی ڕووپێوی تورکیا پێک دەهێنێ. لە سەدا ٢٠ی ئەو ٨,٥ ملیۆن هیکتار زەویوزارەی تورکیایە کە دەشێ ئاو بدرێ (بکرێتە بەراو)، ئەو دەشتە فراوانانەی لە حەوزی فوراتی خواروو و دیجلەدان پێکی دەهێنن لە ناوچەی گاپدا جێی کردووەتەوە.

ئەم ناوچەیەی بە نیوەهەیڤی بە پیت یان بە میزۆپۆتامیا ژووروو ناو براوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەلانکەی شارستانی ناسراوە. ناوچەی گاپ، بە درێژایی مێژوو لە نێوانی خاکەکانی ئەنادۆڵ و میسۆپۆتێمیادا ئەرکی پردێکی پەڕینەوەی بینیوە.

ڕووبارەکانی فورات و دیجلەی دوو ئاوی بەخوڕ و بەبایەخی تورکیا بەناوچەی گاپدا تێ دەپەڕن. ئەم دوو ڕووبارەی لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵەوە سەرچاوە دەگرن، ئاوەکانیان بەکەنداوی بەسرەدا بەتاڵ دەکەن. ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەپێی ڕێژە لە ناوچەکانی تری تورکیا کەمتر بارانیان لێ دەبارێ. بەم هۆیەوە بەر لە هەموو شتێک ئاوی ڕووبارەکانی فورات و دیجلە کە لە سەرچاوە زۆر دەوڵەمەندەکانی ئاوی ناوچەکەن، بەئامانجی ئاودێری و وەبەرهێنانی وزە هەڵسەنگێنراون و بیر لە ڕێکخستنەوەی ئاوی بەناڕێکی ڕۆیشتووی ئەم دوو ڕووبارە کراوەتەوە.

بڕیاری ژێرانە هەڵسەنگاندنەوەی ئاوەکان، هی ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە. لەو ساڵانەدا کە وڵات لە هەموو بوارەکاندا لە کۆششی گۆڕینەوە و پێشخستنەوەی مادی و مەعنەویدا بووە، بەتایبەتی پێویستیی وزەی کارەبا وەک دیارترین و بەراییترین پێویستی وەدەر کەوتبوو. بەم جۆرە لە سامانی ئاوی لەهیچە ڕۆیشتووی نیشتمانەوە بۆ وەدەستهێنانی وزەی کارەبا بە فەرمانی ئەتاتورک ساڵی ١٩٣٦ بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەی کاروباری کارەبا دامەزراوە. بەڕێوەبەرایەتییەکە بە " پرۆژەی کەبان " دەستی بە لێکۆڵینەوەی چڕ کردووە. لە هەموو بارێکەوە لێ وردبوونەوە لە ئاوی فورات و بۆ چەسپاندنی ئەنجامەکانی ئێستگەکانی " ڕوانگە " دامەزرابوون.

لە ساڵی ١٩٣٨دا لە (دەربەندی کەبان)دا دەست بە لێکۆڵینەوە جیۆلۆجی و تۆپۆگرافییەکان

کــراوە. لە ســـالآنی ١٩٥٠ – ١٩٦٠دا چ لەبارەی فــوراتــەوە بێ یان لەبارەی دیجلەوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوە لە کاروباری کارەباوە بایەخی پتر بەکردەوەکانی پشکنین درابوو. لەسەر دەرکەوتنی پێویستییە نوێکان ساڵی ١٩٥٤ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاو لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزرێنراوە. بەم جۆرە بیری ئەنجامدانی کاری حەوزەیی لە تورکیا پێگەییوە و تورکیا بەسەر ٢٦ حەوزەدا دابەش کراوە و لەلایەن " بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاو "ی سەر بە دەوڵەتەوە لێکۆڵینەوە و پلاندانان دەستی پێ کردووە. لەلایەن فەرمانگەی پلاندانانی فوراتەوە کە ساڵی ١٩٦١ لە دیاربەکر دامەزراوە، لە ئەنجامی ئەو کارانەی کراون ساڵی ١٩٦٤ " ڕاپۆرتی پەرەپێدانی حەوزەی فورات "ی دەرخەرەوەی توانستی ئاودێری و وزە، ئامادە کراوە. سەرباری ئەم ڕاپۆرتە ساڵی ١٩٦٦ " ڕاپۆرتی پەرەپێدانی فوراتی خواروو " پێک هێنراوە. بۆ حەوزەی دیجلەش، هەر بەو هاوتەریبییە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەی دیاربەکر- ی " بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری ئاو"ەوە کارگوزاری بەڕێوە براوە.

بەم جۆرە ئەوە ڕوون بووەتەوە کە بە چ شێوەیەک سوود لە حەوزەکانی فوراتی خواروو و دیجلە وەردەگیرێ و لە ١٩٧٧دا بە " پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ " ناونانی پرۆژەی ئەم دوو حەوزەیە پەسند کرا. بەدەستەوەگرتنی لە ناو چوارچێوەی پلاندانانی یەکتری تەواوکەرەوەی ناوچەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، وەدیهێنانی ڕێکخستنی کار و چالاکییە بەڕێوەچووەکان و ئەرکی ئاراستەکردنی لە ساڵی ١٩٨٦دا دراوەتە دەست دامەزراوەکانی پلاندانانی دەوڵەت.

بۆ بە پەلە هێنانە دیی بەری دراوە خەوێنراوەکان و پەرەپێدانی ئەو دەڤەرانەی دەکەونە ناو پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵەوە کە ئامانجی پرۆژەکەیە، گەیاندنی پلان و ژێرخان و مۆڵەت و جێی نیشتن و پیشەسازی و کانزا و کشتوکاڵ و وزە و ئەنجامدان، یانیش ئەنجام پێدانی کارگوزاریی تر.

هەنگاونان یان هەنگاو پێ نان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی خەڵکی ناوچەکە. دابینکردنی هاوکاری لە نێوانی داوودەزگا و دامەزراوەکان، ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی پەرەپێدانی پرۆژەی باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، بەپێی بڕیارنامەی بەهێزی قانوونی ژمارە ٣٨٨ کە لە ١٩٨٩ژمارە ٢٠٣٣٤ی ڕۆژنامەی فەرمی کە لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩دا بڵاو کراوەتەوە، دامەزراوە. دەزگای باڵای گاپ، بەرزترین ئۆرگانی بڕیاری ڕێکخراوەکانە، بەلێوردبوونەوە هەموو جۆرە پلان و پرۆژە و بەرنامەگەلێک بە بڕیارەوە دەبەستێ. دەزگای باڵای گاپ، بەسەرۆکایەتیی سەرەک وەزیران یانیش وەزیرێکی دەوڵەت کە ئەرکی نوێنەرایەتیی پێ دەسپێردرێ و وەزیری دەوڵەتی بەرپرسی گاپ و وەزیری دەوڵەت کە پێوەست دەبێ بە ڕاوێژکاریەتیی (DPT)، لەگەڵ وەزیری نیشتەجێیی و ئاوەدانکردنەوە، پێک دێ.

بەڕێوەبەرایەتیی گاپ: وەها ڕێک خراوە کە، سەرۆکایەتی لە ئەنقەرە و بەڕێوەبەرایەتیی ناوچە لە شانلیئورفەدا بێ.

چەمکی " پرۆژەی باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆل " ، ئەو بەنداوانەی پێشنیاز کراوە لەسەر رووبارەکانی فورات و دیجلەدا دروست بکرێن، بنکە هایدرۆکارەباکان و دامەزراوە ئاودێرییەکان و هەروەها ژێرخانە شارەکی و دەشتەکییەکان و ژێرخانی کشتوکاڵییانە و گەیاندن و پیشەسازی و پەروەردە و تەندروستی و نیشتەجێکردن و گەشتوگوزار و خەوێنراوەکانی کەرتەکانی تریش و پەرەسەندنی هەر هەموو لایەنە کۆمەلایەتیی سیاسییەکانیش بە ئامانج گرتووە. بە چەمکێکی پەرەپێدانی فرە کەرتیی یەکدی تەواوکەرەوە و درێژخایەنەوە، وەک پرۆژەیەکی پەرەسەندنی ناوچەیی وەدەست هێنراوە.

بە تەواوبوونی پرۆژە، بەو داوودەزگایانەی لەسەر رووبارەکانی فورات و دیجلەدا دادەمەزرێ کە سالانە پتر لە ٥٠ ملیار سێجا ئاویان لەبەر دەڕوا، لە سەدا ٢٨ی کۆی وزەی ئاوی تورکیا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵەوە، ئاودانی لە سەرووی ١,٧ ملیۆن هێکتار زەویوزار و بەدامەزراوەیەکی بە تواناوە بەرهەمهێنانی لە سەرووی ٧٤٨٥ مێگاوات و سالانە ٢٧ ملیار کیلۆوات سەعات کارەبا دابین دەکرێ.

ئەو کشتوکاڵییە بەرزە و وزە پیشەسازییەی چاوەڕوان دەکرێ گاپ بیانهێنێتە گۆڕێ، داهات لە ناوچەدا پێنج جاران بەرز دەکاتەوە. هەلی کارکردن بۆ ٣,٥ ملیۆن کەسی خەڵکی ناوچەکە دابین دەکا کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ٩ ملیۆن ڕەت دەکا.

هەموو ئەو کۆشش و چالاکییانەی پێوەندییان بەگەشەسەندنی ناوچەی باشووری خۆرهەلاتی ئەنادۆڵەوە هەیە، هەموو کەرتە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان لەخۆ دەگرێ، لەناو " بەدەستەوەهێنانی پلانرێژییەکی ناوچەیی بەرفراوان "دا، ئامانجی پەرەپێدان و بەمەبەست و ستراتیجییەکانییەوە بەشێوەیەکی گونجاو پلان بۆ دانان و بەڕێوەبردنی ئەرکی بنەڕەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گاپە. لەگەڵ ئەم پلانە گشتگیرەی ناوچەکەدا، کە لایەنەکانی پەرەسەندنی ناوچەکە و گەورەیی پێشان دەدرێ، دامەزراندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکدیی هەموو پێکهاتەکانی پرۆژەکە، خەوێنراوەکانی کەرتە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی، کە لە ناو ڕەهەندەکانی کات و شوێندا هەڵدەسەنگێنرێ، کێشانی چوارچێوەی بەرجەستە بەئامانج دەگیرێ. ماستەر پلانی ئامادەکراوی گاپ لەم بابەتەدا وەک ڕێبەرێکی بنچینەیی بەکار دەهێنرێ. لەگەڵ جێبەجێکاریی پرۆژەدا بەپەرەپێدانی ژێرخانە شارەکییەکان، توانای هەڵمژینی سەرژمێری شارەکان بەرز دەکرێتەوە. وەکی تر جموجوڵی سەرچاوەکانی ناوچە تێ دەپەڕێنرێ، بە هێنانە دیی پەرەسەندنێکی سەقامگیر و بەردەوامیی ئابووری هەناردە بەرەو زیادبوونەوە دەبرێ. کۆی بەهای خەوێنراوی پرۆژە بەپێی نرخەیلی ١٩٩٧ چاوەڕوانی دەکرێ کە (٤,٢) کاترلیۆن لیرەی تورکیایی (٣٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی) بێ، کە تایبەتمەندیی گەورەترین پرۆژەی کۆماری تورکیابوون بەخۆوە دەگرێ. بۆ بەدیهێنانی پرۆژەکە تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٠١ بەپێی نرخی ساڵی ١٩٩٧ بڕی ١ کاترلیۆن و ٥٣٠ ترلیۆن لیرەی تورک خەرج کراوە.

کە دەوڵەتی کۆماری تورکیا بەپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی ئابوورییەوە بەرەو نەهێشتنی نایەکسانیی نێو ناوچەکان دەچێ، لە بەخشینی بایەخێکی پەرەسەندوودایە. ئەمە، بەتەنیا ڕەنگدانەوەی تاسەی پەرەسەندنێکی دادوەرانە نەبووە، لە هەمان کاتیشدا وەدەرخستنی توانستی پەرەسەندنی ناوچە کەمتر پەرەسەندووەکان، لە ڕێی یاریدەدانی بەدیهێنانەوەی ئامانجە نەتەوەییەکانی وەک پەرەسەندن و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و هاندانی هەناردەکردندا لە دەستنیشانکردنێکی زۆر تەواوەوە سەرچاوە دەگرێ. کورتییەکەی، گاپ سەرلەنوێ لە گەڕاندنەوەی شارستانییە بۆ میزۆپۆتامیا ژووروو.

بەهەڵسەنگاندنەوەی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ناوچە (ڕووبارەکانی فورات و دیجلە) بەئامانجی ئاودێری و وەبەرهێنانی وزە ١٣ پرۆژەی گەورە جێبەجێ کراوە. ٧ی ئەم پرۆژانە لە حەوزی فورات و ٦ی لە حەوزی دیجلەدایە. کە پرۆژەکان تەواو دەبن، دەبێ ٢٢ بەنداو و ١٩ بنکەی هایرۆکارەبایی دروست کرابێ. بە ٤٨٥ ٧ مێگاواتی دامەزراوە گورج ساڵانە ٢٧ ملیار کیلۆوات وزە بەرهەم دەهێنرێ و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئاوەوە نزیکەی ١,٧ ملیۆن هیکتار گۆڕەپانی بێ بەروبوودا ئاودێری دەکرێ. تەریب بەپەرەسەندنی سەرچاوەکانی ئاو و خاک، یانیش وەک ئەنجامێکی ئەمە، لەگەڵ کشتوکاڵ و پیشەسازی و ژێرخانی دەشت و شارەکاندا، خزمەتگوزاریی پەروەردە و کارگوزارییەکانی تەندروستی و کارگوزارییەکانی تریش پەرە دەستێنێ یانیش فراوانتر دەکرێ.

گاپ لە سەرەتادا کە بەئامانجی بەرەو پێشەوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و خاک پێشنیاز کرابوو، ساڵی ١٩٨٩ بە ئەنجام گەیشتنی ماستەر پلانی گاپ-ەوە بە پرۆژەیەکی پەرەپێدانی یەکدی تەواوکەرەوەی فرە کەرتی وەرگێڕدرابوو. بەنداو، وێستگەی هایدرۆکارەبایی وەک هاوتەریبی دروستکردنی بنیاتە ئاودێرییەکان و پەرەسەندنی کشتوکاڵی و پیشەسازی، ژێرخانی دەشتەکی و شارەکی، گەیاندن، پەروەردە، تەندروستی و هی تر. پرۆژەکانی گەشەسەندنی بوارەکان پێوەست بە یەکدی وەک تانجە گوڵینەیەک بەدەستەوە گیرابوو. بەوەی کە هاوکاریی نێو چالاکییەکان دابین بکرێ، لە ١٩٨٩دا ڕێکخراوەکانی کارگێڕیی پەرەسەندنی ناوچەی گاپی پێوەست بەسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرێنراوە.

ماستەر پلانی گاپ کە چوارچێوەی پەرەسەندنی ناوچەی کێشاوە، بە تایبەتی بەرەو پێشەوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و خاک، بە بەرچاوەوەگرتنی توانای دارایی و تەکنیکی، بە ڕۆژمێرێکەوە بەستراوە، ئەم گۆڕانکارییە لە ٢٠٠٥ەوە ئەو پەرەسەندنەی لە کەرتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەیورووژێنێ، کار دابینکردنی بنیاتنەرانە، لەگەڵ ئەو زیادبوونەوە سەرژمێرییەی کە دەیهێنێ، بەپێی شار و دەشت دابەشکردنی شیاوی ئەم سەرژمێرییەی دەستنیشان کردووە. هاوتەریب لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی و پێویستییەکانی ژێرخانی شارەکییانە لە ئاستی ئامانجەکاندا دیاری کراوە و بەگوێرەی ساڵان پێویستییە کۆتاییەکانی

خستووەتە ڕوو.

ئامانجی بنچینەیی لە ماستەر پلاندا " لە کورتترین ماوەدا بە ئاستی گشتیی گەیاندنی گەشەکردنی ناوچەکە " ناسراوە، ئەم بە گەیشتنە ئەم ئامانجە مەبەستە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان دیاری کراوە و هێنانە سەر باری " بە بناغەکردنی هەناردەی سەر بە بنەمای کشتوکاڵی"ی ناوچەکە، وەک ستراتیجیی بنەڕەتی پەسند کراوە.

لەو ماوەیەدا، لە ساڵی ١٩٨٩ بەملاوە کە ساڵی ئامادەکردنی ماستەر پلانی گاپ-ە، بەهۆی ئەو ڕووداوە بەپەلانەی لە ناوچەکە و لە وڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویان داوە، لە جێبەجێکردنی مەبەستە بەبەرچاوەوە گیراوەکاندا دواکەوتن دەبینرێ. گەمارۆی سەر عێراق و تیرۆر، کاریگەرییەکی نەرێنیی کردووەتە سەر چالاکییەکانی گەشەکردن لە ناوچەکەدا و ئەو بازرگانییانەی ناوچە لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیبوو. تێکچوونی هاوسەنگیی هەموو پارە خەواندنەکانی تورکیا، بووە هۆی بەشێوەیەک هاوسەنگنەبوونی پێداویستییەکانی سەرچاوەکانی پرۆژەکە چ لەلایەن بەشکردن و چ لەلایەن کاتیشەوە. لەم ماوەیەدا، پێناسەی گەشەسەندن و فەلسەفەی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەهەندی نوێی خراوەتە سەر؛ لە ماستەر پلاندا بەپێی پێویست لەسەر چەمکەکانی دەوروبەر و توانای بەردەوامیی بەرێوەبردن بە بەرچاوەوە نەگیراون، لە کاتی ئامادەکردنی پلاندا چەمکی وەک هاوبەشیکردن بە هیچ جۆرێک سەرنجی ڕانەکێشاوە هاتووەتە پلانی بەراییەوە. تەواوی ئەم بابەتانە و پێویستییە بەرەبەرە زیادبووەکانی گەشەسەندنی ناوچەکە، بە تێگەیشتنێکی نوێوە ئامادەکردنەوەی پلانی گەشەکردنی ناوچەی گاپ-ی کردووەتە بابەتێکی ڕۆژانە.

دیارترین بنەما لە پلاندا نزیکبوونەوەیە لە پەرەپێدانی بەردەوامی مرۆڤانە، بەم نزیکبوونەوەیە، بەجووڵەخستن و کاریگەربوونەوەی سێ سەرچاوەی بەبایەخە، کە ئەمانەن:

ژیرانە بەکارهێنانی هەموو سەرچاوەکان و وزەکان،

بەهێزکردنی هاوبەشیکردنی خەڵک،

وەدەستخستنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی مرۆڤانە.

پلانی گەشەسەندنی ناوچەیی باشووری خۆرهەڵات، بڕیاری ژمارە ٦٩٧ ی ٢٧ / ٦ / ٢٠٠٠ ستراتیجی درێژخایەن و پلانی گەشەسەندنی ساڵانە چوارچێوەی " ماکرۆ " دیار دەکا. وەکو تر بەرنامەی نەتەوەیی بەئاراستەی بوونە ئەندامی تەواوی یەکەتیی ئەورووپا ئامادەکراو و دواییینیش بەرنامەی بەرەو ئابوورییەکی بەهێزچوونی تورکیا چوارچێوەی کارەکانی پێک هێناوە.

# موجاهیدینی خەڵق لە عێراقدا..
# مەتەڵێکی سیاسەت

نووسینی: جێرمیا گۆلکا، لیدیا، هەنسڵ،
ئیلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن

بەشی دووەم

**مێک لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا**

داڕێژەرانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کە لە بوونی مێک لە عێراقدا ئاگەدار بوون، دەبوو بشزانن ئاخۆ گرووپەکە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر هێزەکانی هاوپەیمان هەبوو یان نا. پاش مشتومڕی نێوان کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنی لەسەر پێگەکەی، مێک بەدوژمن لە قەڵەم درا. ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕابردووی مێک بۆ کارکردن لەگەڵ سوپای عێراق سەرچاوەی دەگرت، بە لەخۆگرتنی بەشداریی ڕێ تێچووی لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینەکانی ساڵی ١٩٩١ی کورد و شیعە و هەروەتر زۆر هێرشی توندوتیژی ئەم ساڵانەی دوایی لە دژی ئێرانییەکان.

جگە لەوەش مێک بەبۆنەی پێوەندییەکەی لەگەڵ سەدام جبەخانەیەکی گەورەی هەبوو. لە نێزیک کەمپەکانی مێک دەیان کۆگای مێک و سوپای عێراقی هەن. ئەم کۆگایانە تەژی چەکی وەک تۆپخانە و تانک و باڵەفڕ و مووشەکهاوێژ و چەکی سەربازیی پیادە و تۆپ و ڕۆکێت و مین و گوللە بوون. بێ ڕەچاوکردنی ئامانجگەلی سەربازیی مێک لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان، دەبوو ئەم هێزانە ئەم چەک و تەقەمەنییانە بپارێزن. هەروەتر تاقمی مێک گرووپێکی ناجێگیر بوو و دەکرا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگە شیعە و کوردەکانیش نیگەرانیی ئەمنی بخوڵقێنێ.

لە کۆتاییدا لە میانەی دانوستانەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣دا، وڵاتە یەکگرتووەکان ڕازی بوو بە بۆردمانکردنی بنکەکانی مێک لە

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

بەرامبەر پشتیوانیی ئێران لە هەوڵەکانی بنیاتنانەوە و هاوکاریکردنی بۆ ڕزگارکردنی ئەو باڵەفڕوانانەی بەردرابوونەوە.

## ئاگربەستی مێک نەک خۆبەدەستەوەدانی

مێک بەش بەحاڵی خۆی سوور بوو لەوەی لە شوباتی ۲۰۰۳دا نامەیەکی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناردووە و تێیدا ڕای گەیاندووە بە نیازە لە ماوەی هێرشی چاوەڕوانکراو بۆ سەر عێراق پارتێکی بێلایەن بێت و نووسیویەتی تەقە لە هێزەکانی هاوپەیمان ناکا تەنانەت بۆ بەرگریکردن لە خۆیشی. هەروەها مێک بانگەشەی ئەوەی دەکرد، پێشنیازی کردووە لە بەرەی هێزەکانی هاوپەیماندا شەڕ بکا. هیچ کام لە دیمانەکاران لەم نامەیە یان پێشنیازە ئاگەدار نەبوون. هەریەک لەم قسانە چەندیش ڕاست بووبن، ئەم نامەیە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا باسی لێ نەکراوە یان بە لایەنی کەمەوە هاندەر نەبووە.

سەرەڕای نکووڵیکردنی مێک، مێژووی فەرمیی هێزەکانی تایبەتی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان و مێژووی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە هەردووکیان ئاماژە بەوە دەدەن مێک لەگەڵ هاوپەیمانان ڕووبەڕوو بوونەوە و "هەڕەشەیەکی بەهێز" بوونە و "توانستی شەڕوانی نایاب"یان نواندووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ۱۳ی نیسانی ۲۰۰۳دا پاش ڕووخانی هێزەکانی عێراقی مێک داوای ئاشتیی کرد. یەکەی کردەوەگەلی تایبەت کە داواکەیان ئاراستە کرابوو لەلایەن فەرماندەییی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان فەرمانی پێ درا داوا لە مێک بکات خۆی بەدەستەوە بدات و چەک دابنێت.

بەڵام ئەو چاوپێکەوتنەی دواتر لە نێوان تیمی دانوستانکاری یەکەکە و مێکدا کرا ئاراستەیەکی تر وەرگرت. مێک ئەو سەرکردانەی نارد کە لە ئینگلیزی پاراو بوون و بۆ گرێدانی پێوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان یەکجار وریا بوون و وەک ئاشکرا بوو، بە درۆ گوتبوویان بەشێکی زۆری گرووپەکەیان بڕوانامەی بەرزیان لە زانکۆکانی ئەمەریکادا وەرگرتووە و ئەندامانی خێزانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەژین. مێک دووبارە سوور بوو لەسەر ئەوەی تەقەی لە هێزەکانی هاوپەیمان نەکردووە (سەرەڕای هەبوونی بەلایەنی کەمەوە زیانێکی تۆمارکراوی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەنجامی تەقەی مێکەوە) و پێشنیازی کردووە لە بەرەی هێزەکانی هاوپەیمانەوە شەڕ بکات. مێک هەروەها ئامادەییی خۆی دەربڕیبوو بۆ دابینکردنی زانیاریی هەواڵگری لەبارەی ئێران و هاریکاریکردن بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەستی ئێران. کارمەندانی کردەوەگەلی تایبەت کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری وەسفی مێک بۆ گرووپەکە و ئامادەگیی ڕواڵەتییانەی بۆ خزمەتکردن بە هاوپەیمانان لە جیاتیی ئەو خۆبەدەستەوەدانەی کە لەلایەن فەرماندەییی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە فەرمانی پێ درابوو، لە ۱۵ی نیسانی ۲۰۰۳ بە ئاگربەست ڕازی بوون.

ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی ناوخۆیی و لێک تێگەیشتنی دوو لایەنە و هاوئاهەنگیی ۱۵ی نیسان تەنیا ئاگربەستێکی کاتەکی بوو. هەروەک هەر ئاگربەستێکی کاتەکیی تر داوای "ڕاگرتنی

کردەوەگەلی سەربازیی دەکرد تا ئەو ماوەیەی لایەنەکان لەسەری پێک هاتوون". لەم بارەشدا، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەکە هەریەک لە لایەنەکان بۆی هەیە پاش ٤٨ سەعات ئاگەدارکردنەوە کردەوەگەلی دژبەرانە نوێ بکاتەوە. هەروەها ڕێگەش بە مێک درا چەکەکانی بپارێزێ و ئەندامانی گرووپەکەشی لە پێنج لە کەمپەکانیدا سنووردار کرد.

لەبەرئەوەی هاوپەیمانان هێزی سەربازییان کەم بوو و هێزەکانی تایبەتیش دەبوو بسووڕێنەوە، ڕێککەوتننامەی ئاگربەست جێگرەوەیەکی پڕکێشتر بوو بۆ خۆبەدەستەوەدانێک کە هێزەکانی دیلگری پابەندی ئەرکگەلێکی یاسایی و لۆجیستیکی دەکرد لە پێناو پاراستن و ڕەنگە تێرکردن و نیشتەجێکردنی گرتییان کە پلەی دیلی شەڕیان هەبوو، ئەمەش بەگوێرەی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ کە پێوەندیی بەمامەڵەکردن لەگەڵ دیلی شەڕدا هەیە. بەهەرحاڵ تێبینی کراوە فەرماندەی هێزەکانی تایبەت هیچ دەسەڵاتی پێ نەدراوە ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بکات- ڕێککەوتنێک کە ڕێگە بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیی پێناسەکراو بدات چەکەکانی ڕابگرێت- و ئەم بڕیارە دواتر کێشەیەکی مەیدانی و سیاسیی بەرچاوی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خوڵقاند.

## چڕکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا

ئاژانسەکانی واشنتۆن لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە پێویستە مێک چەک دابنێت و ناچار بکرێت خۆی بەدەستەوە بدات هەرچەندە فەرمانیان بەهەڵوەشاندنەوەی نەدا. بەگوێرەی ڕاپۆرتگەلی چاپەمەنییەوە فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان فەرمانی دا "هێزەکانی مێک یان تێک بشکێنرێن یانیش ناچار بکرێن خۆبەدەستەوە بدەن و لە ئەنجامدا چەک دابنێن و زیندانی بکرێن".

لە هەوڵێکدا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە کاربەدەستانی هاوپەیمانان لە سەرەتای ئایاردا دوو ڕۆژیان بە دانوستان لەگەڵ مێک بردە سەر. دووبارە مێک خۆی دڵسۆز نواند و سەرسەختانە دانوستانی کرد و توانی هاوپەیمانان لە ناچارکردنی گرووپەکە بۆ خۆبەدەستەوەدان سست بکاتەوە. لە جیاتیی، ڕێککەوتنی نوێی ١٠ی ئایار کە جێی ڕێککەوتنی ١٥ی نیسانی گرتەوە، مافی ئەوەی دا بە مێک کە هەر بەبێلایەنی بمێنێتەوە و ئاگربەستێکی درێژخایەن پەسند بکات. جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و ئەوەی ئاگربەستی ١٥ی نیسان لە چەکدانانی مێک و چڕکردنەوەی هەموو کارمەندانی گرووپەکە لە عێراق و لە تاکە نشینگەیەک واتە کەمپی ئەشرەف لە پارێزگای دیالەدا بوو[٣]. هەروەتر بەپێی ڕێککەوتننامەکە دەبوو هەر ئەندامێکی مێک نووسراوێکی سەرکۆنەکردنی تیرۆریزم و بەکارهێنانی زەبروزەنگ ئیمزا بکات. لە کاتی ڕاگەیاندنی مەرجەکانی ڕێککەوتنەکەدا مەیجەر جەنەراڵ ڕایموند ئۆدێرنۆ پەسنی هاریکاریی مێکی دا و داوای کرد چاو بە ناونیشانی گرووپەکە واتە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیدا بخشێنرێتەوە.

## یەکەمین ئەرکەکانی ناو کەمپی ئەشرەف

مێک کە ژمارەی ئەندامەکانی پتر لە ٣٨٠٠ کەس بوو، ئەو کاتە گەورەترین کۆمەڵە دیلی ژێر چاودێریی هاوپەیمانان بوو. بەتالیۆنی (٥٣٠)یەمی پۆلیسی سەربازی ڕاسپێردرابوو بەچاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئایار کە جگە لە چەکدانان و چڕکردنەوەی مێک، فەرمانی بەپاراستنی مێک دەدا لە دژی توندوتیژیی ڕێ تێچوو لەلایەن عێراقییەکانەوە. بەتالیۆنەکەش لەو بینایانەی مێک کە نێزیکەی ٥٠٠ یارد لە کەمپی ئەشرەفەوە دوور بوون، بنکەیەکی کردەوەی ڕاستەوخۆی دامەزراند کە بەشی یەکەگەلی زیاتری هاوپەیمانانیشی دەکرد کە سەقامگیریی ناوچەکەیان دەپاراست[٤]. بەبۆنەی ئەبوغرەیبەوە جێی داخ بوو کە یەکێک لەو ژمارە کەمانەی یەکەکانی پۆلیسی سەربازی کە شارەزایی لە زیندانیکردنی دیلی شەڕ و هاووڵاتییاندا هەبوو، لە بری بەڕێوەبردنی زیندانێک لە مەیدانی شەڕدا بە کۆنترۆڵکردنی نشینگەی دیاریکراوی مێک ڕاسپێردرابوو. بەتالیۆنی (٣٠)یەم بۆ ساڵێک لەوێ دەمایەوە.

## دیاریکردنی پێگەی یاسایی مێک

لە ماوەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا پرسیارگەلێکی گرینگ سەریان هەڵدا. یەکەم، ئاخۆ پێگەی مێک بەگوێرەی یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی بەو شێوەیەی کە لە شەڕ لە دژی تیرۆردا باس کراوە، چییە؟ ئەم پێگەیە گرینگ بوو چونکە بەرپرسیارێتگەلی تایبەتی هێزەکانی هاوپەیمانی بەرامبەر بە گرتییانی مێک دیاری دەکرد[٥]. لەبەرئەوەی مێک هێزێکی شەڕوان بوو کە لەگەڵ هێزەکانی عێراقیدا کاری کردبوو و لە هەمان کاتدا ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیی پێناسەکراو بوو، کارمەندانی یاسازانی هێزی جێبەجێکاری هاوبەشی تێکەڵ ژمارە ٧[٦] لەوە دڵنیا نەبوون ئاخۆ پەیماننامەکانی جنێڤ ئەندامانی مێکیان دەگرتەوە یانیش دەبوو ئەندامانی بە شەڕوانی "نایاسایی" و "ڕێگەپێنەدراو" هەژمار بکرێن.

بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ لە ماوەی شەڕی نێوان دەوڵەتاندا ئەندامانی هێزەکانی هەڕەمەکی کە لە بەرەی هێزی دوژمنەوە شەڕ دەکەن و لە مەیدانی شەڕدا بە دیل دەگیرێن بەزۆری بە شەڕوان دادەنرێن. وەلێ ئەگەر گومان لە گونجاوبوونی ئەم جۆرە پۆلێنەدا هەبوو، "ئەم جۆرە کەسانە مافدارن بەم ڕێککەوتنەوە بپارێزرێن تا کاتێک کە پێگەیان لەلایەن دادگەیەکی باڵادەستەوە دیاری دەکرێت". بۆ داڕێژەرانی پەیماننامەکە پێگەی دیاریکراو لەلایەن دادگەیەکی باڵادەست زۆر گرینگ بوو، چونکە شەڕوانان لە دادگەییکردن بۆ کردەوەگەلێکی تایبەت بە شەڕ دەپارێزێت کە ئەگەر هاووڵاتییان ئەنجامی بدەن بەتاوان هەژمار دەکرێن، هەرچەندە بۆ تاوانەکانی شەڕ هیچ پارێزگارییەکیان لێ ناکات. لە باسی شەڕ لە دژی تیرۆردا ئەم جۆرە مادە دادوەرییانەی وەک "مادەی ٥" پێویست بوون، چونکە شەڕوانانی "ڕێگەپێنەدراو" و "نایاسایی" سەرجەم ئەو پارێزگارییانەی پەیماننامەی جنێڤیان پێ نەدراوە کە بۆ شەڕوانان و هاووڵاتییانی بە دیلگیراو

داوا کراون.

له کاتێکدا که پرسی پێگەی یاسایی مێک لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو، هێزەکانی هاوپەیمان پێگەی کاتەکیی "گرتییانی تر"یان لە مێک نا، ئەوانەی بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ دەبێت هەمان مامەڵەی "دیلی دوژمن لە شەڕ"یان لەگەڵ بکرێت لەو ماوەیەدا کە بەپێگەکەیاندا دەچنەوە[٧]. دەستەی پێداچوونەوەی مێک پێک هات و وێ دەچوو بەدواداچوون بۆ ڕێوشوێنەکانی سوپای ئەمەریکا لە جێبەجێکردنی مەرجی مادەی ٥ی تایبەت بە "دادگەی باڵادەست"دا بکات تا ئەو ئاستەی ڕێگە دراوە بە دەستەیەکی پێداچوونەوەی سەربازی. ئەم دەستەیەش "پێکهاتووە لە سێ ئەفسەری ڕاسپێردراو کە پێویستە یەکێکیان پلەیەکی مەیدانیی هەبێت"[٨]. بەڵام وا دیارە دەستەکە بەوە ڕانەسپێردرابوو کە پلەی یاسایی هەریەکە لە ئەندامانی مێک دیاری بکات بگرە ئەرکی پۆلێنکردنی ئەندامانی مێک بوو لە یەکێک لەم چوار جۆرانەی خوارەوەدا:

گرتی: شیمانەی دادگەییکردن

گرتی: مەترسی/هەڕەشەی ئەمنی

گرتی: سەرچاوەی هەواڵگریی ڕێ تێچوو

شیاوی ئازادکردن[٩]

بڕیاردان لەسەر پێگەی یاسایی بۆ وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ماوە. بە گوتەی ئەفسەرێک کە لە پرۆسەکەدا بەشدار بووە، ئامانج لەم پۆلێنە سڕینەوەی ڕێکخراوی مێک بوو لە عێراق[١٠]. دیار نییە چۆن پۆلێنکردنی ئەندامانی مێک لە یەکێک لەم جۆرانەدا دەبوو ئەم ئامانجە بپێکێت بەتایبەتیش لەبەرئەوەی هیچ هەنگاوێک بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوەکە نەهاوێژرابوو.

بۆ زانینی ئەوەی هەریەک لە ئەندامانی مێک پێویستە زیندانی بکرێن یاخۆ شیاوی ئازادکردنن هێزەکانی هاوپەیمان دەبوو وەڵامی چەند پرسیارێک بدەنەوە:

ئاخۆ ئەندامەکان لە ڕووی توندوتیژی و شێواندنەوە مەترسییەکی ڕژد و بەردەوام بوون؟

ئاخۆ لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانەوە کردەوەی شەڕوانییان ئەنجام داوە؟

ئاخۆ لە ڕابردوودا کردەوەی تیرۆریستییان ئەنجام داوە؟ ئاخۆ هێشتاش بەردەوامن لەسەری؟

ئاخۆ دەکرێت هیچ کامیان دادگەیی بکرێن یانیش بەپێی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە دادگەیی بەتایبەتیش بە تاوانی کوشتنی ئەمەریکاییەکان لە تاران سوودیان لێ وەربگیرێت؟

ئاخۆ دەنگۆی ئەوەی مێک چەکی کۆمکوژی عێراقی گەڵاڵە کردووە، ڕاست بووە؟

ئاخۆ چ جۆرە زانیارییەکی هەواڵگرییان لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران یان عێراقەوە لەلایە؟

ناوی ئەندامانی جیاوازی مێک چین؟ هاووڵاتیی کوێن؟ ئاخۆ لە کوێ مافی نشینگەیان پێ دراوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هێزی ٧، هێزی جێبەجێکاری هاوبەش– ئەشرەف JointTask Force-Ashrafی پێک هێنا. ئەم هێزە نوێنەرانی سوپای ئەمەریکا و کۆمەڵێک بەشی مەدەنیی لەخۆ دەگرت و ڕاستەخۆ ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لە کەمپی ئەشرەفی بۆ هێزی ٧ دەنارد[١١]. پرسیارگەلی تایبەت بە سوپا و هەواڵگریی بیانی لەلایەن کارمەندانی وەزارەتی بەرگری و ئاژانسی ناوەندیی زانیاری (سی ئای ئێی)یەوە وەڵام دەدرانەوە. ئێف بی ئای و وەزارەتی داد بەرپرس بوون لە پیادەکردنی یاسا و هەواڵگریی ناوەخۆیی، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسانی مەبەستدا دەکرد و ئامارێکیان لەسەر هەریەک لە ئەندامانی مێک لە کەمپی ئەشرەف ئامادە کرد. ئاژانسەکانی وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان پرسگەلی هاووڵاتیبوون و کۆچکردنیان بۆ ئەو ئەندامانەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێوەندییان هەبوو، ئاراستە کرد. وەزارەتی دەرەوەش بۆ وردەکارییەکان دیمانەی لەگەڵ هەریەک لە ئەندامانی مێک لە کەمپی ئەشرف ساز دا و ئاسانکاریی کرد بۆ پێوەندیکردن بە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتانەی سێیەم کە ئەندامانی پێشووی مێک بە گوتەی خۆیان هاووڵاتیبوون و مافگەلی نیشتەجێبوون یان خزم و کەسیان لێ هەبوون، ئاسانکاریی بۆ کردن. جگە لە وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی داوا لە گشت ئەم ئاژانسانە کرا ڕاوێژکاری بێلایەن بۆ دەستەی پێداچوونەوەی مێک دابین بکەن. بە گشتی نێزیکەی ٧٠ کارمەندی ئەم ئاژانسانە لەم چالاکییانەدا بەشدار بوون[١٢].

دەستەی پێداچوونەوەی مێک بڕیاری لەسەر پلەی یاساییی ئەندامانی مێک نەدا بەڵام لە ڕاستیدا دابەشی کردن بەسەر ئەو چوار پۆلێنەی پێشتر ڕیز کرابوون. دەستەکە گەیشتە ئەوەی ژمارەیەکی کەمیان دەبوو زیندانی بکرێن. بۆ نموونە ژمارەیەکی کەمیان بۆ دادگەییەکی ڕێ تێچوو زیندانی کران[١٣]. هەرچەندە هەندێک لە کاربەدەستان پێیان وابووە ڕەنگە مێک لەبارەی ئێرانەوە زانیاریی هەواڵگریی بەسوود دابین بکا، بەڵام هیچ کام لە ئەندامانی مێک لەسەر بنەمای گرینگیی هەواڵگرییەوە زیندانی نەکرابوون[١٤]. بە نێزیکەییی هەر هەموویان بە "شیاوی ئازادکردن" پۆلێن کرابوون. بە واتایەکی تر، دەستەکە وای دانابوو پلەی یاسایی ئەندامانی مێک هەر شتێک بووبێت، بە نێزیکەیی هیچ کامیان هەڕەشەیەکی ئەوتۆی نەبووە کە شایەنی زیندانیکردن بێت[١٥]. بە واتای مەجازییەوە، تا ئەو کاتەی ڕێککەوتننامەی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ی تایبەت بە کۆکردنەوەی مێک کاری پێ دەکرا، گرووپەکە دەیتوانی لە کەمپی ئەشرەفدا بمێنێتەوە، بەو مانایەی "ئازادکردن" هەر هەمان بەرەنجامی ڕاستەقینەی نشینگەی دیاریکراوی دەبێت، کە جۆرێکە لە گرتیگە.

سەبارەت بە بارودۆخی مێک لە پاش شەڕ یان کشانەوەی خێرای  هێزەکانی هاوپەیمان کە ئەو کات مەزندە کرابوو، هیچ بڕیارێک نەدرابوو جگە لەوەی کە ئەندامانی گرووپەکە نەدەنێردرانەوە بۆ ئێران نەبادا لەوێ ئازار بدرێن و نەوەک ناردنەوەیان ببێتە "دیاری"یەک بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو ڕۆژە سەرەتاییانەدا تاکە ڕێنوێنییەک کە کارمەندانی هێزی ئەشرەف پێی

ڕاسپێردرابوون، کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەبارەی هەریەک لە ئەندامانی مێک. هیچ جۆرە پلانێکی ستراتیجی لە ڕووی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی گرووپەکە پاش تەواوبوونی شەڕ لە ئارادا نەبوو. ستافی فەرماندەیی مەیدانی کە لە ڕووی کارمەندەوە کێماسیی هەبوو و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وێکڕا لە کێشەکەیان کۆڵییەوە. کاتێک نەگەیشتنە هیچ چارەسەرێک (و نەیانویست بیر لە ناردنەوەیان بۆ ئێران بکەن) بڕیاریان دا بارودۆخەکە وەک خۆی واز لێ بێنن، ئەمەش بەهێشتنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا و دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ئارامی و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک لە پێناو نەترازانی گرووپەکە.

## بڕیاری ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقی بۆ دەرکردنی مێک لە عێراق

لە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا ئەنجوومەنی دەسەڵاتی عێراقی بە تێپەڕاندنی بڕیارێکی تەوافوقی بۆ دەرکردنی مێک لە عێراق لە ماوەی شەش مانگدا پرسی گرووپەکەی ئاڵۆز کرد(١٦). بڕیارەکە شوێنی گیرسانەوەی دیاری نەکردبوو. لە ڕاستیدا ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتبووی "بۆمان گرینگ نییە ئەوان بۆ کوێ دەچن". بەڵام پێوەندیی لە گەشەدابووەی نێوان پارتە شیعەکانی عێراقی و کۆماری ئیسلامیی ئێران گومانی ئەوەی دروست کرد کە مێک لەلایەن حکوومەتی کاتەکیی عێراقەوە کە لە کۆتاییی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا دەسەڵاتی دەگرتە دەست، ڕەوانەی ئێران بکرێتەوە.

بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتەکیی هاوپەیمانان، باڵوێز لیوتێنەنت پۆل بریمەر پێشنیازی کرد ئەندامانی مێک لە وڵاتێکی سێیەمدا بگیرسێنەوە، بەڵام وەک دواتر خۆی و کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف زانییانەوە هیچ وڵاتێک هیچ ئەندامێکی گرووپەکەی قبووڵ نەدەکرد ئەگەر لە بنەڕەتدا خۆی مافی یاساییی نیشتەجێبوونی لەو وڵاتە نەبووایە(١٧). پێشنیاز کرا وەک پەنابەر وەربگیرێن، کەچی فەرمانگەی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان داواکاریی ئەندامانی ئەو کات یان پێشووی مێکی ڕەچاو نەدەکرد، چونکە پێگەی یاساییان هێشتاش یەکلایی نەکرابووە.

## مێک وەک کەسانی پارێزراو

وەک لە مێژووی فەرمیی هێزەکانی تایبەت لە ماوەی شەڕی ئازادکردنی عێراقدا هاتووە، کاتێک "بابەتگەلی یاساییی پێوەست بە پێگەی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕ و جێبەجێبوونی یاساکانی تایبەت بە شەڕی چەکداری لەسەر تیرۆریستانی نادەوڵەتی پێویستیان بە ڕوونکردنەوە بووایە.... ئەم پرسیارانە (زۆربەی جار) بۆ وەڵامدانەوە دەگەیشتنەوە وەزارەتی بەرگری". پرسی مێک یەکێک لەم نموونانە بوو. بەڵام لەگەڵ نێزیکبوونەوەی ڕادەستکردنی حوکم لە دەسەڵاتی کاتەکیی هاوپەیمانانەوە بۆ حکوومەتی کاتەکیی عێراق لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا هیچ بڕیارێک لەبارەی

پێگەی مـێک نەدرابوو. بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هـاوپەیمانان لەوە دەترسـان حـکوومـەتی کاتەکیی عێراق بەخورتی مێک بنێرێتـەوە بۆ ئێران و ئەم هـەوڵە زەبروزەنگی لە کەمـپی ئەشرەفدا لێ بکەوێتەوە.

کـۆمـیـسـاریای باڵای پـەنابەران و کـۆمـیـتـەی نێـودەوڵەتیی خـاچی سـوور ئـامـادە بـوون لە گواسـتـنەوەی ئەندامـانی مێک بۆ دەرەوەی عێراق هاریکار بن، بەڵام نەیاندەویست تا ئەو کاتەی پێگەی مـێک یەکلایی نەکـراوەتەوە، دەسـتبـەکار بن. جگە لەوەش ئەنجـوومـەنی ئـاسـایـشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند بە گوێرەی یاسا لەگەڵ ڕادەستکردنی دەسـەڵات لە کۆتاییی حوزەیراندا کـۆتایی بە داگـیـرکـردنی عـێـراق لـەلایەن هاوپەیمـانـانەوە دێت و لە ئـاکـامـدا زۆربەی مـادەکـانی پەیمـاننـامـەی جنێڤ ناهێنە کارپێکردن. بەهۆی ئەم پاڵەپەسـتۆیەی کـاتەوە لە ٢٥ی حـوزەیراندا دۆناڵد ڕامسـفلدی وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان مێکی بە هـاووڵاتییـانی پارێزراو(١٨) ناو نا، ئەمەش بە پەیمـاننامەی چوارەمی جنێڤ کە تایبەتە بە پاراستنی هاووڵاتییان لە کاتی شەڕدا. لە یاداشتـەکەیدا هـاتبوو بڕیارەکە بەمـەبەسـتی ئاسـانکاری بۆ هـاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمـیـسـاریای باڵای پەنابەران و خاچی سوورە.

لە سـەرەتاوە نـاونانەکـە هـەم لە ڕوانگەی یاسـایی و هـەم لە ڕوانگەی سـیـاسـیـیـەوە ئـاڵۆز بوو. یاسـاییـیـانە ئەگـەر لە ڕاسـتـیـدا ڕووبەڕووبوونەوەی مـێک لەگـەڵ هاوپەیمانـان لە شـەڕدا ڕاست بووبێت، ئەندامـانی مێک ڕەنگە وەک ئەندامـانی مـیلیـشـیـا یان سـوپای خـۆبەخش کـە بەشـێکی هێزەکانی چەکداری عێراقی بوون شیاوی پێگەی شەڕوانان و لەبەر ئەوەش کاتێک بە دیل گیران شیاوی پێگەی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕدا بوونایە. پەیماننامـەی سێیەمی جنێڤ بە پێویستی دەزانێت "ئـەگـەر گـومـانێک هـەبوو" لەبارەی شـیـاوبوونی ئـەندامـانی مـێک بۆ وەرگـرتنی پێگەی شـەڕوان، پێگەی هـەر تاکـێک لەلایەن دادگـەیەکی باڵادەسـتـەوە دیاری بکرێ. هـەرچەندە هـیچ دادگـەیـیـەکـیان بۆ بەڕێوە نەچوو، بڕیارەکـە بەبێ پێداچوونەوەی دادگـە مـێکی بێ بەش کـرد لە پارێزراوبوونی (حەسانە) لە دادگەییکردن لەسەر کردەوەگەلی یاسایی شەڕ.

بەڵام لە سیاسـەتی حکوومـەتی بوشدا تیرۆریستانی بیانی کە بە نایاسایی لە عێراقدا بوون پەیمانـنامـەکانی جنێڤ نەیانیدەگرتەوە. لـە جـیـاتیی دەبوو بەگـوێرەی سـیـاسـەتی شـەڕوانانی "نایاسـایی" و "ڕێگەپێنەدراو"ی جێ ناکۆکی حکوومـەتەوە زیندانی بکرێن. لە باری مـێکدا ئەمـە هـەڵبـژاردنێکی ناوێزە بوو، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکـان گـرووپەکـەی بە لقێکی سـوپای سـەدام حوسێن لە ماوەی شـەڕی ئازادکردنی عێراقدا ڕاگەیاندبوو و پەیماننامەکانی لەسـەر بنەمـایەکی کاتەکـییـانە بەسـەر ئەندامـانی مێکدا پیادە کـردبوو. سـەرەڕای ئەوەش تا ئەو دەمـەی هـێزەکانی هاوپەیمان بڕیاریان دابووایە ئەندامـانی مـێک وەک شـەڕوانانی "نایاسـایی" و "ڕێگە پێنەدراو" زیندانی بکەن، فـەرمـانی سـەربازیی سـەرۆک بوش لە ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١ بڕیارەکەیانی سنووردار دەکرد، چونکە فەرمانەکە ڕێگەی بە زیندانیکردنی تەنیا ئەو تاکە دیاریکراوانە دەدا کە

"بەشدار، یارمەتیدەر یان هاندەر، یانیش ڕێکخەر" بوونە لە ئەنجامدانی کردەوەگەلێکی تیرۆریستی کە " زیان یان کاریگەری زیانبەخشیان هەبووە بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان و هاووڵاتییانی و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی یان ئابوورییەکەی یان بەو ئامانجەوە ئەنجام دراون یاخۆ مەترسیی ئەمەیان لێ کراوە".

خاچی سوور و کۆمیسارییای باڵای پەنابەران و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر هەموویان داوایان لە وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد بەبێ پێداچوونەوەی دادگە بڕیار لەسەر پێگەی یاسایی نەدات. تێبینیی ئەوەیان دابوو کە هەر ئەندامێکی مێک بە گوێرەی مادەی ٥ دەبووایە پێداچوونەوەی دادگەییی بۆ بکرێت. هەروەها ڕایان گەیاندبوو ناوونیشانی هاووڵاتی لە ڕووی یاساییەوە تەنیا بۆ ئەو ئەندامانەی مێک دروستە کە دادگە بڕیاری لەسەر بێلایەنبوونیان دابێت و هیچ جۆرە کردەوەیەکی شەڕوانییان ئەنجام نەدابێت و بە ئاشکرا لە دژی هاوپەیمانانەوە چەکیان هەڵنەگرتبێت[١٩]. هەرچەندە دەقی یاداشتەکەی ڕامسفڵدی وەزیر کە بە ئاشکرا پێگەی کەسانی پارێزراوی بۆ ئەندامانی مێک دیاری کردبوو کە مادەی ٤ی پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ دەیانیگرتەوە، بەڵام یاداشتەکە فەرمانی بەدەستەی پێداچوونەوەی مێک نەدەدا بە جیا بۆ هەر تاکێک ئەم بڕیارە دەربکات و لە ئەنجامدا هیچ هەنگاوێک بۆ دیاریکردنی پێگەی هیچ کام لە تاکەکانی مێک نەدرا.

جیا لەوەش خاچی سوور تێبینیی دابوو بە گوێرەی بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە شەڕی عێراق ئیدی شەڕی نێوان دەوڵەتان نەبوو، لەبەر ئەوەش پەیماننامەکانی جنێڤ ئیدی شیاوی کارپێکردن نەبوون (جگە لە مادەی ٣ نەبێت کە لە هەر چوار پەیماننامەکەدا هاتبوو)[٢٠]. خاچی سوور ڕوونی کردبووە مادەی ٣ی هاوبەش و یاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی نەریتی لەسەر شەڕی نانێودەوڵەتییەوە جێبەجێ دەبن، بەم هۆیەشەوە بەردەوامبوون لە پیادەکردنی پەیماننامەکانی جنێڤ بەسەر مێکدا یاساییانە هەڵەیە. بەڵام لەبەرئەوەی حکوومەتی بوش وریای یاسای نەریتی بوو چونکە ئەم یاسایە بە ڕێککەوتن نەکراوە، ئەو دەسەڵاتەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زیندانیکردنی تاکەکان (ئەگەر پێویستیش بووایە لە پێناو هۆگەلی ئەمنیی ناچارەکییەوە) بە هێزەکانی فرەنەتەوەی ناو عێراقی دابوو، لەسەر بنەمای یاساکانی پەیماننامەی چوارەمی تایبەت بە زیندانیکردنی هاووڵاتییان لە ماوەی داگیرکاریدا ڕێک خرابوو[٢١].

لەو وتووێژانەی لەگەڵ پارێزەرانی کارمەند لە هێزی ئەرکی ١٣٤ و وەزارەتی دەرەوەدا کردمان، دەرکەوت لە پێناو پاراستنی مێک لە دژی ناردنەوەیان بۆ ئێران و سووککردنی ئەو ئەرکانەی هێزەکانی هاوپەیمان کە لەگەڵ زیندانیکردنی دوژمنانی بە دیلگیراو لە شەڕدا دەکەوتە سەر شانیان، بڕیار لەسەر پێگەی هاووڵاتیبوون درا. لەوەی پێوەندیی بەناردنەوەی مێکەوە هەبێت، دیاریکردنی پێگەکە گرینگیی نەبوو. هەرچەندە پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ داوا دەکات دیلەکانی

شەڕ "ئازاد بکرێن و پاش نەمانی کردەوەگەلی دژبەرانەی بەردەوام ڕاستەوخۆ بنێردرێنەوە وڵاتیان (مادەی ١١٨)"، لە شرۆڤە فەرمییەکەیدا تێبینی دراوە کە بە دیلگیراوانی شەڕ پارێزراون لە دژی گواستنەوەی زۆرەکی بۆ وڵاتێک کە تێیدا "مەترسییەکانی بۆ سەر کەسی پێوەندیدار بە ئاشکرا نارەوا و دژوار دیارن (بە هەمان شێوە کە لە دەقی ڕەسەندا نووسراوە)". پەیماننامەی چوارەم مافی هاوشێوە مسۆگەر دەکات و گواستنەوەی زۆرەکیی هەر تاکێک "ی بۆ وڵاتێک کە تێیدا ڕەنگە کەسەکە پاساوی هەبێت بۆ ترسانی لە دادگەییکردنی بە بۆنەی بیروباوەڕی سیاسی یان ئاینییەوە" قەدەغە کردووە و هەر تاکێکیش تا ئەو دەمەی بارودۆخی جێگیر دەکرێت، بە پەیماننامەکەوە پارێزراوە (مادەی ٦ و ٤٥).

لەوەی پێوەندیی بەزیندانیکردنەوە هەبێت، کاریگەری دەستنیشانکردنی پێگەی یاسایی لەسەر هەلومەرجی تایبەتی مێک لێڵ بوو، چونکە پاش ئەوەی دەستەی پێداچوونەوەی مێک بە نێزیکەیی سەرجەم دانیشتوانی کەمپی ئەشرەفی بەشیاوی ئازادکردن پۆلێن کردبوو، دیار نەبوو ئاخۆ هێزەکانی فرەنەتەوەی ناو عێراق هێشتاش ئەندامانی مێکیان زیندانی دەکرد یان نا. وەک لە بەشی چوارەمدا باس کراوە، هێزەکانی فرەنەتەوەی ناو عێراق دەسەڵاتی کەمپی ئەشرەفی وەرنەگرتووە. ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی ١٠ی ئایاری ٢٠٠٣ ئەندامانی مێکی لە کەمپی ئەشرەف کۆکردەوە کە ئەمەش جۆرێک نشینگەی دیاریکراو بوو، هەرچەندە نشینگەیەک کە سەرکردەکانی گرووپەکە ڕەزامەندییان لەسەر دابوو. پەیماننامەی سێیەم ڕێگە بە زیندانیکردن یان جۆرە سووکترەکانی دەستبەسەرکردنی دیلی شەڕ دەدات. لەلایەکی ترەوە پەیماننامەی چوارەم ڕێگە بە نشینگەی دیاریکراو یان زیندانیکردنی هاووڵاتییان دەدات لە ناوچەگەلی داگیرکراودا ئەمەش تەنیا وەک پێوەرێکی ڕیزپەڕە کە لەسەر بنەمای تاک بە تاک جێبەجێ دەکرێت کاتێک تاکێک هەڕەشەیەکی ئەمنیی هەستیاری ئەوتۆ بنوێنێت کە تەنیا بە دانانی کەسەکە لە زیندان یان نشینگەی تایبەتەوە، کەمتر ببێتەوە. بڕیاردانیش بۆ گرتنی کەسەکە "بە گوێرەی ڕێوشوێنێکی دیاریکراو" ئەنجام دەدرێت و دەبێت داوای چاوپێداخشاندنەوەی بۆ بکرێت و هەروەتر بە بەردەوامی "ئەگەر بلوێت هەر شەش مانگ جارێک" پێداچوونەوەی بۆ هەبێت(٢٢). یاساکانی تایبەت بە زیندانیکردن پاش ڕادەستکردنی دەسەڵات لە یاساکانی پەیماننامەی چوارەم دەچوون. سەرەڕای ئەم یاسایانەش پاش ئەوەی دەستەی پێداچوونەوەی مێک زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی مێکی بە شیاوی ئازادکردن نەک هەڕەشەی ئەمنی لەقەڵەم دابوو، مێک لە شتێکدا کە لە بنەڕەتدا نشینگەیەکی دیاریکراو بوو، دەستبەسەر بوو. هیچ لایەنێکی هاوپەیمانان هەرگیز دووبارە ئەو پرسیارەی ئاراستە نەکرد ئاخۆ درێژبوونەوەی ماوەی زیندانیی ئەندامانی مێک لە هۆگەلی ئەمنییەوە سەرچاوەی دەگرت یان نا(٢٣).

بڕیاری ڕامسفڵدی وەزیر کۆمەڵە گرینگییەکی سیاسیی درێژمەودای هەبوو. یەکەم شت، بڕیارەکە بەرپرسیارێتیی مێکی ڕاستەوخۆ ئاراستەی وەزارەتی بەرگری کرد لە بری ئەوەی وەک

ئەرکێکی هاوبەشی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوە و خاچی سوور و کۆمیساریای باڵادا بمێنێتەوە. دووەم، لەبەرئەوەی وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان بڕیارەکەی دابوو نەک دەستەی پێداچوونەوەی مێک، بەگشتی بڕیارەکە وەک دەربڕینی پشتیوانی بۆ مێک دەزانرا، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی دەستەواژەی کەسانی پارێزراو بە شێوەیەکی گشتی بە هەڵە بەمانای پێگەیەکی ڕیزپەڕ و تایبەتەوە لێک دراوەتەوە. مێک بە هەڵە وای بڵاو کردەوە یانیش بەهەڵە وای بۆ چوو، ئەم بڕیارە دووپاتکردنەوەی ئەو گوتەیەی گرووپەکەیە کە مێک بێ تاوانە یان دوورە لە هەموو تۆمەتەکانی تیرۆریزم یان زەبروزەنگ[٢٤]. هێزەکانی هاوپەیمان هەرگیز هێزی پێوەندیی جەماوەرییان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بۆچوونە بەکار نەهێنا[٢٥]. ئەم کردەوەیە لەگەڵ شکستی هێزەکانی هاوپەیمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ مێک وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە کەمپی ئەشرەفدا، بووە هۆی ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دووڕوویی لە شەڕی دژ بە تیرۆریدا تۆمەتبار بکرێت.

پەڕاوێزەکان:

(١) شایەنی باسە زۆربەی کارمەندان و کاربەدەستانی هێزەکانی هاوپەیمان کە لە عێراق و لە وڵاتە یەکگرتووەکان دیمانەمان لەگەڵ کردن، لەو باوەڕەدا بوون مێک لە شەڕدا بەرەو ڕووی هێزەکانی هاوپەیمان نەبووەتەوە. بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوە (٢٠٠٦، لاپەڕە ٢١٣) نووسیویەتی "سەرکردایەتیی مێک فەرمانی بە ئەندامانی دا لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان نەوەستن". ئەگەر مێژووەکانی فەرمیی سوپا ڕاست بن، سەرچاوەی ئەم بۆچوونە زاڵە ڕەنگە زیاتر پەیامەکانی سەرکردەگەلی مێک بووبێت.

(٢) هەرچەندە زاراوە نێودەوڵەتییەکە جیاوازی ناکا لە نێوان بە دیلەکانی شەڕدا، بەڵام لەلای ئەمەریکاییەکانەوە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو ئەمەریکایی، یان هاوپەیمانانەی کە لە شەڕدا بە دیل گیراون لەگەڵ دوژمنانی بەدیلگیراو لە شەڕدا.

(٣) لە مێژووی فەرمیی سوپادا بە هەڵە نووسراوە کۆکردنەوەکە لە کەمپی ئەشرەف پاش ئەوە هات کە مێک خۆی ڕادەستی سەربازانی کردەوەگەلی تایبەت کرد. مێک هەرگیز خۆی بەدەستەوە نەدا و چڕکردنەوەی لە کەمپی ئەشرەف بەهۆی ئەم دووەم ڕێککەوتنە بوو.

(٤) بەگوێرەی نەریتی ناونانی بنکەکان بەو یەکە جیاوازانەی لە کاتێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵی بنکەکەیان بە دەستەوە بووە، شوێنەکە بە FOB (بنکەی کردەوەی ڕاستەوخۆی)، FOB Barbarian, FOB Red Lion, Spartan, ناو نراوە. ئەم توێژینەوەیە بە دوا ناوی واتە FOB Grizzly ئاماژە بە بنکەکە دەدا. هەندێک چاودێر بە هەڵە کەمپی ئەشرەف بەزیندانێکی ئاسایی هاوپەیمانان وەک کەمپی Bucca و کەمپی کرۆپەر پێناسە دەکەن، بەڵام کەمپی ئەشرەف یەکێک لە بیناکانی مێکە.

(٥) پێویستە تێبینی بکرێ بڕیاردان لەسەر پێگەی یاسایی پێوەندیی بەبڕیاردان لەسەر شیمانەی گرتنی یاسایی تاکێکەوە نییە. بەپێی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ دەکرێت دیلی شەڕ دەستبەسەر بکرێ (مادەی ٢١) بەڵام ڕێککەوتننامەی چوارەم تەنیا لە هەلومەرجی تایبەتدا ڕێگە بە زیندانیکردنی

هاووڵاتییان دەدا ( "ئەگەر لە پێناو ئاسایشی هێزی زیندانیکەر یەکجار پێویست بوو" یان "لە پێناو هۆگەلی ئەمنیی ناچارەکییەوە") و داوا دەکا بەردەوام چاو بە بڕیاری گرتندا بخشێنرێتەوە (مادەی ٤٢ و ٧٨).

(٦) Combined joint Task Force 7 ئەم هێزە لە ١٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ وەک فەرماندەیی کردەوەگەلی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، جێی فەرماندەیی زەوینیی هێزەکانی هاوپەیمانی گرتەوە و لە ١٤ی ئایاری ٢٠٠٤دا شوێنی بۆ هێزەکانی فرە نەتەوە و سوپای فرە نەتەوە لە عێراقدا چۆڵ کرد.

(٧) مافەکانی پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ بۆ نموونە برێتین لە پاراستنی جەستە و شکۆ و دابینکردنی حەوانگە و خواردن و جلوبەرگ و چاودێریی تەندروستی. لە ڕاستیدا چونکە مێک نشینگەی دیاریکراوی لە بینایەی خۆیدا بۆ براوبووە نەک لە کەمپێکی زیندانیکردندا، هەلومەرجی ئەندامانی باشتر بوو لە هەلومەرجی دیاریکراو لە پەیماننامەکەدا. بۆ نموونە بە گوێرەی مادەی ٢٥ دەبێت دیلی شەڕ " لە هەمان ئەو هەلومەرجە سازگارانەدا نیشتەجێ بێت کە هێزەکانی دەسەڵاتی زیندانیکەر لە هەمان ناوچەدا بۆیان ڕەخساوە". مێک لە بینایەی بە ئێرکۆندیشن دەژیان لە کاتێکدا هێزەکانی هاوپەیمان تا کاتی دروستکردنی بنکەی کردەوەی ڕاستەوخۆ لەناو خێوەتگەدا نیشتەجێ بوون.

(٨) مەبەست لە پلەی مەیدانی مەیجەر، لیوتێنەنت کۆلۆنێل، یان کۆلۆنێلی سوپا، هێزی ئاسمانی و سوپای دەریاییە لەگەڵ لیوتێنەنت کۆمەندر و کۆمەندر و کاپتنی هێزی دەریایی و پاسەوانانی سنوور کە لەو شوێنانەدا بە پلەی ناوەندی ناو دەبردرێن.

(٩) تەنیا وەزارەتی بەرگری یان ڕاسپێردراوێک نەک دەستەکە دەیتوانی بڕیارێکی ڕاستەقینە لەبارەی ئازادکردن و گواستنەوە بدا.

(١٠) ئاماژەیەک بە ئامانجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبارەی مێک لە یاداشتێکی دیپلۆماسیی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لەندەندا هاتووە کە لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ ئاراستەی فەرمانگەی دەرەوە و کۆمنوێڵسی شانشینی یەکگرتوو کراوە. لە یاداشتەکەدا هاتووە "سیاسەتی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بنبڕکردنی توانست و ئامانجی مێکە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و پێشگیریکردنە لە ڕێکخستنەوەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" یاداشتەکە کە نێزێکەی دوو هەفتە پاش ڕێککەوتننامەی چرکردنەوەکە داڕێژرا، بەهەڵە تێیدا نووسرابوو هاوپەیمانان هێشتا گیرۆدەی "پرۆسەی خۆبەدەستەوەدان"ی مێک بوون.

(١١) هێزی ئەشرەف کە وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕیسواییەکەی ئەبو غرێب لە بەهاری ٢٠٠٤ هاتە دامەزراندن، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی دەدا بە فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن (هێزی جێبەجێکار- ١٣٤).

(١٢) پاش گەورەترین کردەوەکەی ژمارەکەی لە کورتی دا. لە درەنگانی ٢٠٠٧دا کارمەندانی هێزی ئەشرەف لەناو FOB Grizziyدا تەنیا سێ کارمەندی سەربازی و وەرگێڕەکان بوون.

(١٣) مێک و هەودارانی ئەو بڕیارەیان خستە بەردەم وەزارەتی داد و ئێف. بی. ئای کە چیی تر تاکەکانی مێک دادگەیی نەکرێن، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتبووە ئەوەی مێک کردەوەگەلی تیرۆریستیی ئەنجام نەداوە. ئەمەش ڕاست نەبوو. وەزارەتی داد تەنیا هاووڵاتییانی ئەمەریکاییی دادگەیی دەکرد.

ئاژانسەکان بڕیاریان لەسەر بنەمای ڕێوشوێنە کردەنی و یاساییەکان دا، وەک ئەوەی ئاخۆ دادگەکان دەتوانن هەموو تاکەکان دادگەیی بکەن یان بەڵگەی تەواو لە دژی هەر تاکێک هەیە یاخۆ تەرخانکردنی گرتیگەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی ئەندامانی مێک سیاسەتێکی بەجێیە. ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی مێک گەڕێندرانەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی دادگەیی بکرێن یان لە لەدادگەدانی ئەندامانی مێک لەو وڵاتەدا شایەتی بدەن.

هێزی ئەشرەف لە شیمانەی لەدادگەدانی مێک بەپێی یاسای عێراقیی نەکۆڵییەوە.

(١٤) سی. ئای. ئەی هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا لە هاندانی سەرکردەکانی مێک بۆ ئەوەی لەبارەی ئێرانەوە زانیاریی هەواڵگری بدرکێنن. هەوڵەکە هەم بێ سوود و هەم پێویست نەبوو، لەوەتەی ١٩٨١ەوە سەرکردەکانی مێک زانیاریی ناکۆکییان پێشکێش بە حکوومەتە ڕۆئاواییەکان کردبوو. هەرچەندە هێشتنەوەی مێک وەک هێزێکی جێگرەوە لە ماوەی گۆڕانی ڕێژیمدا ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ هەندێک لە سیاسەتڕێژان و شرۆڤەکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان شتێکی بەجێ هاتبێتە بەرچاو، تێگەیشتنی پەرەسەندووی هێزەکانی فرە نەتەوەی ناو عێراق لە مێک و کردەوە و نەریتەکانی ئەم تاقمە دەری خست گرووپەکە توانستی کرداریی سنورداره و گرینگییە هەواڵگرییەکەی جێی گومانە.

(١٥) ئەندامانی پێشووی مێک بەپێی یاسای گرتنی خۆویستانەی پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ (و نەک وەک هەڕەشەی ئەمنی) لە بینایەی گرتیگە و نشینگەی کاتەکیدا نیشتەجێ کران.

(١٦) بڕیارەکە هێزی یاسایی نەبوو چونکە بریمەری بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتەکیی هاوپەیمانان ئیمزای نەکردبوو.

(١٧) پاش هەوڵێکی زۆر، هێزی ئەشرەف توانی ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی پێشووی مێک کە لەناو بینایەی گرتیگەکە بوون، بنێرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی (جگە لە عێراق یان ئێران نەبێت) کە لێیان مافگەلی نیشتەجێبوونیان هەبوو.

(١٨) پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ، ئەو هاووڵاتییانەی بە پەیماننامەکەوە پارێزراون بە کەسانی پارێزراو ناسراون. ئەم دەستەواژەیە زۆربەی جار سەرشێوێنە. زۆربەی هاووڵاتییان لە سەکۆی کردەوەگەلی سەربازی یان هەرێمێکی داگیرکراودا کەسانی پارێزراون، بەڵام ئەو هاووڵاتییانەی هاووڵاتییانی دەسەڵاتێکی داگیرکەرن بەم شێوەیە نین، هەرچەندە کۆمەڵێک پارێزگاریی بنەڕەتییان هەیە. بەهەمان شێوە هەموو هاووڵاتییانی عێراقی کە هاووڵاتییانی وڵاتانی هاوپەیمان نین لەخۆوە کەسانی پارێزراون.

(١٩) ڕێککەوتننامەی سێیەمی جنێڤ مادەی ٤ (أ) (٢). تەنانەت ئەمڕۆش زۆرێک لە کاربەدەستانی سەربازی و مەدەنیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو بۆچوونەیان بەسەردا زاڵە کە مێک هەرگیز لە شەڕدا بەرەو ڕووی هێزەکانی هاوپەیمان نەبووتەوە. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، نووسراوە فەرمییەکان ڕاست نین، بەو واتایەی نەدەبوو هیچ کام لە ئەندامانی مێک بە شەڕوان پۆلێن بکرێن.

(٢٠) کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی، ٢٠٠٤ توێژەران کۆک نین لەسەر ئەوەی ئاخۆ ڕاگەیاندنێکی یاسایی وەک بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ کۆتا بە داگیرکاری بهێنێ یاخۆ داگیرکارییەکان تەنیا ئەو دەمە دەبڕێتەوە کە دەسەڵاتی تەواو ڕادەستی حکوومەتی ناوەخۆیی

دەكرێتەوە. سەرەڕای بۆچوونی سنووردانەری ئەنجوومەنی یاسایی وەزارەتی داد، لە ڕوانگەی وەزارەتی بەرگرییەوە كردەوەگەلی دژبەرانە هێشتا كۆتاییان پێ نەهاتبوو و داگیركاری تەنانەت دەستیشی پێ نەكردبوو.

(٢١) بڕیاری ١٥٤٦ی كۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی ٢٠٠٤ لەگەڵ یاداشتی دەسەڵاتی كاتەكیی هاوپەیمانان ژمارە ٣ی (هەمواركراو)، بەشی ١(١) (د) لە ٢٠٠٤ كە وەك یاسای عێراق پاش هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی كاتەكیی هاوپەیمانان (بەپێی فەرمانی ژمارە ١٠٠ دەسەڵاتەكە لە ٢٠٠٤) دەبوو كاری پێ بكرێ.

(٢٢) پەیماننامەی چوارەمی جنێڤ مادەی ٧٨. بە بەراورد، لە پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ مادەی ٢١دا هاتووە "هێزی دەستگیركەر ڕەنگە دیلەكانی شەڕ زیندانی بكا".

(٢٣) كەمتەرخەمی لە دابینكردنی ئەم پێداچوونەوە نەپساوە، پێشێلكارییەكی گەورەیە لە دژی پەیماننامەكە و بەگوێرەی مادەی ١٤٧ پێویستە بدرێتە دادگە، بەڵام لێرەدا نشینگەی دیاریكراو بە ویستی سەركردایەتیی گرووپەكە قبووڵ كرابوو. دیار نییە ئاخۆ هێزەكانی فرە نەتەوەی ناو عێراق ئەو دەسەڵاتەیان داوە بە سەركردایەتیی مێك كە مافگەلی بە سەربەستیی جووڵانەوەی ئەندامەكانی گرووپەكە (كە بەپێی پەیماننامەكانەوە گەرەنتی كراون) لێیان بسێننەوە.

(٢٤) بەپێچەوانەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی كە وەك هاوولاتی ناوبرابوون هەر ئەندامێكی مێك كە لە دژی هاوپەیمانانەوە شەڕی كردبێت، دادگەیی دەكرا. دیلەكانی شەڕ لە لەدادگەدان بەهۆی كردەوەگەلی شەڕ (نەك تاوانی شەڕ) پارێزراون. هەڵبەتە هیچ دادگەییەكی لەم جۆرە هێشتا بەڕێوە نەچووە.

(٢٥) هەندێك كاربەدەستی وڵاتە یەكگرتووەكان هەوڵیان دا ئەو بۆچوونانەی كە گوایە پێگەی كەسانی پارێزراو وەك لێبووردنێكە بۆ مێك ڕەت بدەنەوە، بەڵام هەوڵەكەیان ئەوەندە كاریگەر نەبوو. بۆ نموونە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕای گەیاند پۆلێنكردنی مێك "وەك كەسانی پارێزراو.... بەهیچ شێوەیەك هەنگاوەكانی ئێمە سست ناكاتەوە... و ئەم كەسانە بە بەرپرسیار لە كردەوەگەلێك دەزانین كە لە سروشتدا تیرۆریستین و ئەوان وەك ئەندامانی مێك ئەنجامیان داون".

---


خوێنەری واتە ئەم كتێبەی پێویستە:



**شەهیدانی وێڵ**

چۆن تیرۆریستە ئێرانییەكانی سەر بە سەدام حوسێن بوونە باشترین دۆستی ئەمریكا

**دانانی ڕۆژنامەوانی هۆڵەندی: یودیت نیورینك**

٣٩٢ لاپەڕە

قەوارە ٢١,٥ × ١٤,٥

بایی ٦٠٠٠ دینارە

# شەهیدانی وێڵ

## ڕاستە موجاهیدینی خەڵق بوونەتە تیرەیەکی داخراو؟

ئەحمەد زێنەدین

کتێبەکەی ڕۆژنامەوانی هۆڵەندایی یودیت نیورینگ "شەهیدانی وێڵ" (دار الجمل) وێنەیەکی شۆکبەخشە بە خوێنەر، لەبەرئەوەی لە بنەوانەوەنە جیاوازە لەو وێنەیەی لە بیری خوێنەر لەبارەی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەڵقی شۆڕشگێڕی ئێران چەسپاوە و بگرە وێنەکە بە تەواوی ئاوەژوو دەکاتەوە، هەروەها شێوەی هەڵدێرانی ئەو ڕێکخراوە بەرەو بوون بە تیرەیەکی داخراو، لە کولتووری فارسی ئیسلامیدا هاوشێوەیە لەگەڵ تیرەی حەشاشین لە ئامانج و میکانیزمەکانی کاریشدا. لە چوارچێوە تەسکەکەشیدا لە تیرە ئایینییەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا نزیک دەبێتەوە. بگرە نووسەر لە چیرۆکی ئەو کەسانەوە کە خۆیان لە چنگی ڕێکخراوەکە ڕزگار کردووە ئاسۆیەک هەڵدەهێنجێ تەواو وەک ئاسۆی ئەم تیرە نوێیانەیە، هەروەک ئەوەی نووسینەکانی زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی دەری دەخەن، بە تایبەت ئەوانەی جان-ماری ئەبرگال.

ئەوەی ئەم تیرەیە لە تیرەکانی تر جیا دەکاتەوە، ڕێزی لە ڕادەبەدەرە بۆ بیری خۆکردنە قوربانی، تا ئەو ئاستەی نەدا حەسەنیی کچە لاوی پاڵ نا بۆ ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠٠٣ ئاگر لە خۆی بەردات وەک نارەزایی دەربڕین لە بەرامبەر گرتنی مەریەم ڕەجەوی لەلایەن پۆلیسی فەرەنساوە. لەبەرئەوەی بیرۆکەی قوربانیدان ڕێ بۆ بەخشینی گیان و شەهیدبوون لە پێناو باوەڕ خۆش دەکات، ئەم بیرۆکەیە بووە پێوەری سەرەکی بۆ دیاریکردنی جدییەت و دڵسۆزی بۆ ڕێکخراوەکە و سەرکردەکانی، بگرە بۆ هەردوو سەرۆکەکەی مەسعوود و مەریەم ڕەجەوی. بەم شێوەیەش زیادبوونی ژمارەی لاشەی شەهیدانی نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی لایەنداری و گوێڕایەڵییە.

نووسەر لە هەوڵی ئەوەیە وا لە خوێنەر بکا بڕوا بەوە بهێنێ کە ئەم ڕێکخراوەی تا ئەمڕۆ

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەلا شاخەوان

خاوەنی لایەنگر و هاوسۆزیی خۆیەتی، ئەگەر بە ژمارە کەمیش بووبنەوە، پێگەی ڕۆ چوو و بارودۆخی بەرەو خراپی چوون تا بوو بە کۆمەڵێکی بەرتەسک کە لە پشت دیوارگەلی وەهم و دابڕاندا قەتیس ماوە. بەڵام بۆ ئەمە، نووسەر تەنیا پشتی بە گەواهیی ئەو کەسانە بەستووە کە ڕێکخراوەکەیان بەجێ هێشتووە و ئەوانەی دوژمنایەتیی دەکەن و ئەوانەی بینین و چەشتن و هەستەکانی خۆیان تێکەڵ بە خەیاڵ و لێ تێکچوون کردووە. لە کاتێکدا دەبوو هاوسەنگی لە نێوان تای ئەوانە تا ئێستا لەنێو ڕێکخراوەکەدا ماون و کار دەکەن و تای ئەوانەی جێیان هێشتووە و دژایەتیی دەکەن بپارێزێ، بەمەش وێنەکە ڕوونتر دەبوو و خوێنەر سپی و ڕەشی بابەتەکەی لەیەک جیا دەکردەوە. بەڵام ئێستا خوێنەر پێویستی بە بەڵگەگەلی زۆر نییە بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوێت کە نووسەر دژایەتیی ڕێکخراوەکە دەکا. کاتێکیش زانیاری و بەڵگە و گەواهی لە دەمی قسەکەران و لاپەڕەی کتێب و یاداشتی کەسی کۆ دەکاتەوە، مەبەستەکەی دادگەییکردنی ڕەجەوی و سەرکردایەتییەکەیەتی و بگرە تۆمەتبارکردنیانە. بە ئاشکرا ئەوەش دەڵێ کە لە خۆرئاوا ئەوەندە شایەدی چاودێرە و قوربانیی گرتووخانەکانی مەسعوود ڕەجەوی هەن کە دەکرێ بە هۆیانەوە ڕووبەڕووی تۆمەتی گشتگیر بکرێتەوە.

## نهێنیی بەکێشکردن

هەرچەندە مەسعوود خودابەندە سەرچاوەی سەرەکییە کە هەموو شتێک بۆ نووسەر لەبارەی مێژووی موجاهیدینی خەڵق و میکانیزمی کاری مەیدانی و بیر و بانگەشە دەگێڕێتەوە، کەچی نووسەر زۆر بە وردی لە زانیارییەکانی ناکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار گومان بەرامبەر بەو ژمارانە پێشان دەدا کە ئەو پێی داون. لە کاتێکدا نووسینی بابەتیانە وریایی و وردبوونەوەی زیاتری دەخواست لە نووسەرێک کە بیەوێ وێنەیەکی گشتگیر و دروست بۆ ڕێکخراوێک بکێشێت، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە خودابەندە و هاوەڵەکانی هەموو پێوەندییەکی خۆیان بە موجاهیدینی خەڵقەوە پچڕیوە و، هەوڵ دەدەن ڕای گشتیی خۆرئاوا لە دژی بورووژێنن و، مەبەست و شێوازی کار و ئامرازەکانی ئاشکرا بکەن و، سووکی بکەن. بۆیە لەم دۆخەدا پێویستە نووسەر ئەم نیازانە بەهەند وەرگرێت چونکە ڕۆڵی سەرەکییان لە داڕشتنی وێنەی خوازراودا دەبێت.

لە بەرامبەر ئەم وێنە نەرێنییەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، کە کتێبەکە وێنای دەکات، لە پڕ مرۆڤ سەرسام دەبێت بە نهێنیی بەکێشکردنی لاوانی ئێرانی بۆ ئەم ڕێکخراوە، سەرباری هەموو ئاستەنگ و ڕێگرەکان. هۆکارەکانی ئەمەش گەلێکن، ڕەنگە شێوازی خوێناویی پاکتاوی ئەم ڕێکخراوە بەشدارە لە شۆڕشی ئێراندا، لەلایەن ڕژێمی مەلاکانەوە کاتێک دەیان هەزار ئەندامی ڕێکخراوەکە ڕاپێچی گرتووخانەکان کران و لەدار دران، لە سەرووی ئەو هۆکارانەوە بێت. دەستی داپڵۆسین جاری وا هەبوو تەواوی خێزانەکانی دەگرتەوە، ئەمەش زەوییەکی بەپیتی بۆ چاندنی گیانی تۆڵە لەو دەسەڵاتەی کەسوکار و خۆشەویست و هاوڕێیانی کوشت، ساز کرد. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی زۆر لە "موجاهیدەکان" لەبەر هۆگەلی زۆر ڕێکخراوەکەیان بەجێ هێشتووە بەڵام تا

ئێستا گیانی تۆڵە لە حوکمڕانان تێیاندا زیندووە و تا ئەمڕۆ کاریگەرە، بەڵام هەڵەکە لە ڕەوتی ئەو ڕێکخراوەدایە کە ناپاکیی لەو خوێنانە کرد، وەک فەرەح کەریمی دەڵێت.

دەردەکەوێت کە یودیت نیورینگ لە کتێبەکەیدا پشت بەقسەی ئەوانە دەبەستێت کە لە ڕێکخراوەکە هەڵگەڕاونەتەوە و خەریکن بە ڕابردووی خۆیاندا دەچنەوە و ڕەخنە ئاراستەی ئەزموون و هەڵەکانی خۆیان دەکەن و لە بەرامبەر نووسەردا پەشیمانی و تۆبە نیشان دەدەن. ئەمەش لە بنەڕەتدا بەشێکە لە ژیانی ئاینی کریستیانەکان بۆ خاوێنکردنەوەی خۆیان لە خراپەکارییەکانیان. ئەمانیش وەک میکانیزمێکی سەپێنراو لە کۆنە ڕێکخراوەکەیان ئەم ڕەفتارەیان بەدەست هێناوە، وەک ئەوەی خۆیان باسی لێوە دەکەن. ئەگەر ئێمەش قسەی قسەگێڕەوەکان وەک خۆی و بەبێ وردبوونەوە وەرگرین، وەک قسەکانی مەسعوود خودابەندەی بەرپرسی تەناهی و کۆنە یاریدەری ڕەجەوی و فەرەح کەریمیی پەرلەمانتاری هۆڵەندایی و کۆنە موجاهید و عەلی ڕەزا میراسگەری و یاسر عیزەتی و مەرجان مالک و محەمەد حسەین سوبحانی و حەبیب خورەمی و مەسعوود بەنی سەدر و ئەوانی تر، ئەوا خۆمان لەسەر سەکۆی دەرگەی تیرەیەکی تەواو داخراوی هەرەمی شێوەدا دەبینینەوە، کە مەسعوود ڕەجەوی وەک پێشەوا و جەمسەری سیاسی لەسەر لووتکەکەی وەستاوە و بووەتە جەمسەرێکی ڕۆحانیی پیرۆز (کە بەفارسی پێی دەگوترێ ڕەهبەر) یاخۆ گورو و مامۆستای ڕۆحانی لە ئاینە




برەهمانییەکاندا و هەر خۆی ڕابەرایەتیی موریدەکانی بەرەو ڕێی ڕووناک دەکات و، خۆی بەشێکە لە کرۆکێکی خوایانە کە بەهۆیەوە لە سەرووی هەمووانەوە دەبێت. لەبەر ئەوەش کە پێکهاتەی ئەندازەییی ئەم تیرەیە هەرەمییە؛ بۆیە فەرمانەکان دەبێ لە سەرەوە بەرەو خوارەوە دابەزن. لە پێشەواوە بۆ شوێنکەوتەکان. خۆشی دەبێتە باوکی جێگرەوە و ژنەکەی بە دایکی جێگرەوە. خوابەندە ئەوەش دەڵێ کە ڕەجەوی خۆی کردە ڕابەرێکی ڕۆحانی کە کاری گەیاندن لە نێوان شوێنکەوتەکانی و خوا ئەنجام دەدا. بۆیە بەم شێوەیە نەک پێوەندیکردن بە خوداوە بووە کارێکی ئەستەم بگرە بووە کارێکی قەدەغەکراو و، لە ڕێی ئەوە نەبێت کەس بۆی نییە ئەنجامی بدا. بەم شێوەیە ئەوەی ڕابەر بڵێ باشە باشە و، جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە بەپێی ئەوەیە کە ڕابەر دیاریی دەکات و، لەسەر بناغەی شیکردنەوەی عەقڵی و مۆراڵ نییە. ئەوەش کە پێوەندیی نێوان شوێنکەوتە و ڕابەر دیاری دەکات هەڵوێستی سیاسییانە نییە بگرە پێوەندیی سۆز و دڵسۆزیی ڕۆحانییە.

## خاڵی هاوبەش

لێرەدا دەبێ هەڵوەستەیەک بکەین و، ئاماژە بۆ خاڵگەلێکی کۆکەرەوە و هاوبەش بکەین، کە نووسەر گرینگیی پێویستی پێیان نەداوە، لەو کاتەدا کە کاری لەسەر ئەو گێڕانەوانە دەکرد کە سیاسەتی کتێبەکەی لەسەر بنیات ناوە، زیاتر لەوەی پشت ببەستێ بە شیکردنەوە و بەراوردکردن لە نێوان هێڵی هزریی ڕەجەوی و هێڵی حوکمڕانیی مەلاکان. چونکە لە نێوان ئەو دوو هێڵەدا یەکتر برین و ڕووبەڕووبوونەوە هەیە. ئەوەتا ڕەجەوی لەگەڵ ئەوەی نکووڵی لە ویلایەتی بێ سنووری فەقیە دەکات- کە ڕێبازی حوکمڕانانی ئێرانە بەتایبەتی ئیمام خومەینی- ئەو هەمان ڕێچکەی بەشێوەیەکی تر گرتووەتە بەر و ئەوەتا موریدەکانی ناچار دەکات بەبێ هیچ سنوورێک گوێڕایەڵی بن لەو شتانەدا کە ئەو بە باشیان دەزانی بۆ کۆمەڵەکەی، کە هەمان ئەو شتەیە کە ئیمام خومەینی دەیکرد. هەروەها ئەو تێکەڵەی مارکسیزم و ئیسلامەی ڕەجەوی باوەڕی پێ هێنابوو، زۆری نەبرد و لەبەر چاوان ون بوو و باوەڕێکی تر جێی گرتەوە کە تێیدا مەسعوود ڕەجەوی بووە ڕابەری ڕۆحی و ڕێکخراوەکەی لە بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە کردە تیرەیەکی ئاینی، تێیدا جگە لە سەرکردایەتیی سیاسی بووە ڕابەڕی بێ سنووری ئاینی، دوای ئەوەی ئەو باوەڕە دەسکرد و تێکەڵە سەیرە مارکسی- ئیسلامییە زیاتر بە کۆپییەکی بزرکاوی لاهووتی ئازادیخواز دەچوو، کە هەندێ قەشەی یاخیی کاتۆلیک لە ئەمەریکای لاتین بنیاتیان نا. موجاهیدینی خەڵق، چون مەلاکانی ئێران، هەمان زەوینەی فیکریی ئێرانیان هەیە و پشت بەهەمان ڕەمزە ئاینییە باوەکانی شیعە دەبەستن، بەتایبەتی شەڕی کەربەلا، کە سۆزئامێزترین شەڕە لە ویژدانی شیعەدا لە هەموو شوێنێک و بنەماکەی پیرۆز ڕاگرتنی شەهادەتە، کە هەردوولا هەوڵیان بۆ دەدا و شەهادەتیان کردە ئاڵایەک و نیشانەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم، ئەو ستەمەی هەر لایەک بەبۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە. هەروەها یەکتربڕینیشن لە مەیلی مەهدیئامێز کە مژدەی ڕووخانی تەخت و دەوڵەت و زۆرداران دەبەخشێ و مزگێنیی نزیکبوونەوە کۆتاییان دەهێنێ و دەڵێ ئەوا بڕواداران لە بەردەرگەی کراوەی سەرکەوتندا وەستاون و، بەردەوام ڕێژیمی دوژمن لە پەلەقاژەی مەرگدایە. لەم بارەیەوە فەرەح کەریمی لە زاری هاوڕێیەکی نێو ڕێکخراوەکەیەوە دەگوێزێتەوە کە کاتی چوون بۆ بەشداری لە شەڕی "ڕووناکیی هەتاهەتایی" کە موجاهیدینی خەڵق دوای شەڕی کەنداو لە ناوجەرگەی خاکی ئێران ئەنجامیان دا، کەرەستەی جوانکاریی لەگەڵ خۆیدا بردبوو بۆ ئەوەی کاتێ دەچێتە ناو تاران، وەک بەڵێنی پێ درابوو، خۆی پێ برازێنێتەوە.

هەروەها ژیانی شوێنکەوتەکانی موجاهیدینی خەڵق هاوشێوەی ژیانی خۆبەختکەرانی بەسیج (موبیلیزەکردن)ی ئێران، لەوەی ئەگەر بێتو موجاهیدین دەستبەرداری خێزانەکانی خۆیان بووبن و خۆیان خزاندبێتە باوەشی خێزانی جێگرەوە کە لە هاوڕێیانی چەک پێک هاتوون، ئەوا بەسیج لە خێزانەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە چونکە ڕێگری لە چوونیان بۆ شەڕ دەکەن و، لە دایک و باوک و خوشک و برا و برادەرانیان دەبنەوە لە پێناو بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی سەرکردایەتیی ئاینی و لە

ڕێی پێوەندی لە سنووربەدەر بە مەرگەوە کە نەخۆشیی پەتای شەهادەت، وەک خەسرۆ خافار ناوی دەبات، تەنیا لە مەرگدا خۆی دەبینێتەوە. چوارچێوەی بەسیج بە وێنەی تیرەیەکی داخراوە لەسەر بنەمای دابڕینی خوازیارانی شەهادەت دروست بووە بۆ بەدیهێنانی ڕاستیی ئەو وتەیەی دەڵێ: مەرگ دوایین قۆناغی خاوێنبوونەوەی ڕۆحییە (ل١٤٠ لە "شەهیدانی نوێی خودا" لە نووسینی خەسرۆ خافار).

ئامرازەکانی بەکێشکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕێکخراوەکەش جیاوازییان لەگەڵ ئەوانەی تیرە داخراوەکاندا نییە. ئەگەر دان بە دروستیی چیرۆکی کۆنە موجاهیدینەکاندا بنێین و، بە پشتبەستن بە تۆژینەوەکانی ئەبگرال و توێژەرانی تر، دەردەکەوێ کە گرینگترین ڕیسێک تیرە داخراوەکان بتوانن بیچنن بریتییە لە سیستەمی کۆنترۆڵکردنی دەروونیی شوێنکەوتەکان، بەوەی بانگەشە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەم تیرەیە نەک تیرەکانی تر، بەتەواوی باڵی بەسەر ڕاستیدا کێشاوە و جیهانی ناوەوەی تیرەکە دنیای ڕووناکی پاکژی دوورە لە چڵک و پیسیی دنیای دەرەوە و، پەناگەی کەسانی بژاردەیە لە خراپەکاری و دوژمنکاریی دنیای لەوتاوی دەرەوە و، لە ڕێی بارگاویکردنی زمان بە بیرۆکەگەلی نوێ کە تیرەکە بەرز دەکەنەوە و دەبێتە زمانێکی جفرەدار کە لە دەرەوەی بازنەی داخراوی خۆیاندا ئەندامانی تری یەکتری پێ بناسنەوە، هەروەها لە ڕێی قەدەغەکردنی پێوەندیی سێکسیی نێوان ژن و مێردەوە و، سەپاندنی جیابوونەوە لە هەندێ کاتدا و، جیاکردنەوەی پیاو لە ژن و، خێزان لە منداڵەکانیان ئەم کاری دابڕینە ئەنجام دەدرێ. جگە لەمە بەکارهێنانی سێکس وەک ئامرازێکی پاڵەپەستۆ و ملکەچکردن، کاتێک ڕێگە دان بە سێکسکردن دەبێتە دیارییەک لە دیارییەکانی سەرکردایەتی تا وای لێ بێت حەبیب خورەمی هەست بە شەرمەزاری بکات لە بەرامبەر ژنەکەی خۆی لە کاتی بەیەکگەیشتنیان و وای لێ بێت هەست بکا چووەتە لای قەحپەیەکی لەشفرۆش. ئەم قەدەغەکردنەش هەندێ جار بووە هۆی کاری لادەرانە، لەو کاتەدا کە خودابەندە نهێنیی پێوەندیی سێکسیی نێوان مەسعوود ڕەجەوی و مەریەم پێش هاوسەرکارییان ئاشکرا دەکا.

گرینگترین کاریگەرییەک کە ئەم کۆمەڵە داخراوانە بەسەر دەروون و مێشکی شوێنکەوتەکانیانەوە بەجێی دەهێڵن بریتییە لە لەدەستدانی ئازادیی کەسی و توانای هەڵبژاردن و دەستپێشخەری و، پێوەندیکردنیان بە خەڵکی ترەوە و متمانە بەو خەڵکە لاواز دەکا. بەم دیتنەی کاری کۆمەڵە داخراوەکان و تیشک خستنە سەر شێوەی کاریان و کاریگەریی بەسەر شوێنکەوتەکانیانەوە، لە ڕاستیی گەلێک لە گرووپە ئیسلامیستە ڕادیکاڵ و توندڕۆ بچووک و گەورەکان نزیک دەبینەوە و، ڕەنگە بتوانین لە هەندێک لە میکانیزمەکانی کار تەنانەت لەنێو حزبە باوەڕدارەکانیش (عقائدی) بگەین.

ڕۆژنامەی (السفیر)ی لبنانی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢٧

# ڕیفۆرمی ئاینیی ئیسلامی و قۆناغی "پۆست سەلەفیزم"

جەمال بەننا

جەمال بەننا بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە و برا بچووکی حەسەن بەننا دامەزرێنەری کۆمەڵی ئیخوان موسلیمینە. لە ساڵی ١٩٢٠ لە مەحموودیە لەدایک بووە.

یەکەم کتێبی بەناونیشانی"سێ کۆسپ لەسەر ڕێی گەیشتن بە شکۆمەندی" لە ساڵی ١٩٤٦ دەرکرد و دوای ئەو کتێبی "دیموکراسییەتێکی نوێ"ی دەرکرد و لە نووسین بەردەوام بوو تا ژمارەی کتێبەکانی لە ١٥٠ کتێب تێ پەڕی.

بەننا چەندان بۆچوونی فیقهی هەیە کە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زاناکاندا جیاوازە، لەوانە پێی وایە ژن بۆی هەیە ئیمامەتیی نوێژ بۆ پیاوان بکا ئەگەر شارەزاییی لە قورئاندا زیاتر بێ، هەروەها پێی وایە حیجاب لەسەر ئافرەت فەرز نییە و قورئان تەنیا لەسەر ژنانی پێغەمبەری فەرز کردووە. هەروەها پێی وایە گۆڕینی ئاین و چوونە سەر ئاینی جوولەکایەتی و مەسیحییەت حوکمی کوشتنی نییە. هەروەها پێی وایە جگەرەکێشان ڕۆژوو ناشکێنێ. ئەم بۆچوونانەش بابەتی هەرا و مشتومڕێکی فراوان بوون لە ناوەندی ئاینی و ڕۆشنبیریی ناوچەکەدا.

جەمال بەننا لە لێکۆڵینەوەکانیدا، کە ئەم بابەتە یەکێکە لەوانە، جەخت لە کۆتاهێنان بەکولتووری باوی ئاینی لە بواری فیکر و فیقهدا، کە بە "سەلەفییەت" ناوی دەبات و تیۆریزە بۆ قۆناغێکی نوێ لە بیری ئیسلامی دەکات، کە تێیدا عەقڵ ئازاد بێ و پابەند نەبێ بەو تەفسیر و پێوەر و میکانیزمانەی زاناکانی ئیسلام لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچیدا دایاننناون و لەوە بەدوا دەرگەی ئیجتیهاد داخراوە و عەقڵی موسڵمان جگە لە جوینەوە و پێڕەوکردنی ئەو یاسا و ڕێسا و تەفسیرانەی ئەو زانایانە دایاننناون نەیتوانیوە هیچ داهێنانێک بکا. ئەو پێی وایە ئیدی عەقڵی

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور.

ئیسلامی سەردەمی سەلەفییەت بەجێ دێڵێ و پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێوە کە بە سەردەمی دوای سەلەفییەت (پۆست سەلەفیزم) ناوی دەبا، کە تێیدا عەقڵ دەگەڕێتەوە بۆ چاوگە ڕەسەن و بنەڕەتییەکەی ئاین، کە قورئانە و ڕاستەوخۆ لەوەوە لە ئاین حاڵی دەبێ، نەک لە ڕێی کەلەپووری زانایانی پێشینەوە.

بۆ ڕەنگرێژکردنی پایە سەرەکییەکانی ئەو قوتابخانە نوێیەش (کە بە قوتابخانەی نوێکردنەوە یان نوێکردنەوەی ئیسلامی ناوی دەبا) چەندان کتێبی لە بوارە جیاجیاکانی فیکریی ئیسلامیدا داناوە. لەوانە "المرأة المسلمة بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء، جواز إمامة المرأة للرجال، قضية الفقه الجديد، الإسلام والعقلانية، حرية الاعتقاد في الإسلام، ما بعد الإخوان المسلمين، نحو فقه جديد (٣ بەرگ)، العودة إلى القرآن، الربا، قضية الحرية في الإسلام، هل يمكن تطبيق الشريعة؟، الإسلام دين وأمة وليس دينًا ودولة، الإسلام وحرية الفكر، الجهاد، تفنيد دعوى حد الردة".

ئەم بابەتە، کە نووسەر وەک لێکۆڵینەوەیەک پێشکێشی کۆنفرانسی "ریفۆرمی ئیسلامی و دیموکراسییەت"ی کردووە لە سێپتەمبەری ٢٠٠٤، دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی ئەو پیاوە، کە بیرکردنەوەکانی نوێ و نامۆن بەبیری باوی ناوەندە ئاینییە ئیسلامییەکە.

## گرینگی و لە پێشتربوونی ریفۆرمی ئاینیی ئیسلامی

نووسەر و بیرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەبارەی ئەوەی چ جۆرە ریفۆرمێک گرینگترە لە پێشەوە بکرێ. زۆریان پێیان وابوو ئەولەوییەت بۆ ریفۆرمی سیاسییە و ریفۆرمی ئاینی ناکرێ تا پێشتر ریفۆرمی سیاسی نەکرابێ. ئەوانەیش باوەڕیان بەلایەنی مادی هەیە پێیان وابوو ریفۆرمی ئابووری گرینگترە، چونکە هەر ریفۆرمێکی سیاسی یان ئاینی هیچ نرخێکی نییە مادام هاووڵاتی هەژار و ڕووت و ڕەجاڵ و برسی بێ و بەدوای پارووی ژیاندا هاسکەهاسکی بێ.. ئەو کاتی بەتاڵ و دەروونێکی ئارامی نییە تا بیر لە مافەکانی مرۆڤ یان بارودۆخی سیاسی بکاتەوە.

لە ڕاستیدا ریفۆرم یەک پرسی پێکەوە گرێ دراوە، ریفۆرمی سیاسی ڕەهەندێکیەتی، ریفۆرمی ئابووری ڕەهەندی دووەم و ریفۆرمی ئاینی ڕەهەندی سێیەمیەتی و هەریەک لەو سێ ڕەهەندەیش کار لە یەکتر دەکەن. بەڵام ئێمە لەوانەیە لەگەڵ ڕای زۆرینەدا جیاواز بین، کە پێی وایە پێویستە ئەولەوییەت بە ریفۆرمی سیاسی بدرێ و پێمان وایە ریفۆرمی ئاینی ئیسلامی لە پێشترە کاری بۆ بکرێ.

بۆچی؟

لەبەر ئەوە مەبەستمان لە ریفۆرمی ئیسلامی چاکسازیکردنە لە دوو لایەندا کە بایەخێکی هەرە مەزنیان لە کۆمەڵگەدا هەیە چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ، ئەوانیش برێتین لە عەقڵ و ویژدان.

مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە ڕاست لە هەڵە و هیدایەت لە گومڕایی جیا دەکاتەوە، ئەگەر ئەو عەقڵە تێک چوو یان نەما، مرۆڤ سەرگەردان دەبێ، باوەڕ بەئەفسانە دەکا و پێی وایە ڕاستەقینەیە،

دەست بە گومڕاییەوە دەگرێ و بە هیدایەتی دەزانێ، بەوەیش تاوان بەرامبەر بەخۆی و خێزانەکەی و هەروەها کۆمەڵگەیش دەکا.

ئەوە هەزار ساڵە فەقیهەکان دەرگەی ئیجتیهادیان داخستووە، بەواتا موسڵمان لەسەریەتی ڕێورەسمەکانی خواپەرستی ئەنجام بدا و حوکمە فیقهییەکان (کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە) جێبەجێ بکات بەبێ پرسیار و بەبێ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەو حوکمانە. ئەوە، وەک زۆر جار وتوومانە، مانای ئەوەیە ئومەتی محەمەد مۆڵەتێکی هەزار ساڵەی بەعەقڵی خۆی دا، جا با سوپاسی خوا بکەین کە هێشتا لەسەر دوو پێ دەڕۆین نەک لەسەر چوار پێ، ئاخر دەکرا لەسەر چوار پێ بڕۆین، چونکە خوای گەورە لەبارەی ئەوانەی عەقڵیان بەکار ناهێنن تا ڕاست و هەڵەی پێ جوێ بکەنەوە، دەفەرموێ "أُوْلَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضلُّ أُوْلَئِكَ هُمْ الْغَافِلُونَ" }١٧٩ الاعراف}. واتە ئەوانە وەک ئاژەڵ وان و بگرە گومڕاتریش لە ئاژەڵ، ئەوانە بێ ئاگان.

جا ئەگەر لەسەر چوار پێ ناڕۆین بەڕێوە، ئەوە دڵنیابە من دەیان یان سەدان کەسم دیوە، کە جۆرە عەقڵێکیان هەیە لە عەقڵی ئاژەڵ باشتر نییە و قەت نایانەوێ بیر بکەنەوە، بگرە لە هەموو شتێکی بچووک و بێ نرخدا پرسیار دەکەن، پرسیار لە موفتی دەکەن یان پەنا بۆ نوێژی ئیستیخارە دەبەن و لەبەردەم هەندێ گرفتدا سەرسام و دۆش دادەمێنن کە منداڵی ئەوروپایی تەنانەت لە ئاستیشیدا ناوەستێ. من هەر جارێک کە هانم دەدان بۆ بیرکردنەوە و پێم دەگوتن "نەوەی ئێمە کەرەستەی لێکۆڵینەوەی ئەوتۆمان لە بەردەستدایە کە پێشینەکان خەونیشیان پێوە نەبینیوە"، بەرپەرچیان دەدایەوە و پێداگرییان دەکرد لەسەر دروستیی قسەکانی پێشینەکان، کە کەس ناتوانێ بگاتە ئاستیان.

ئەم ژەنگگرتنە عەقڵییە- ئەگەر ناوی نەنێین فەلەجبوون- هۆکاری بنەڕەتیی چەقبەستن و دواکەوتنمانە، چونکە هیچ ئومەتێک پێش ناکەوێ لە بارێکدا عەقڵی پەکی کەوتبێ، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێک لەسەر عەقڵ دەوەستێ.

تاوانی گەورەی ئەم تێگەیشتنە سەقەتە لە ئاین لەم سنوورەدا ناوەستێ، بگرە دەستی دەگاتە ویژدانیش، کە دووەم سەرمایەی مرۆڤە و لە ئاژەڵی جیا دەکاتەوە. ئاینەکان یەکەم لایەن بوون ویژدانیان دایە مرۆڤایەتی و بەهۆیەوە توانی جیاوازی لە نێوان خێر و شەڕ، پێویست و ناپێویستدا بکات و ئەو بەهایانەیان کرد کە پێویستە خەڵک لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ یەکتر ڕەچاویان بکەن وەک ڕاستگۆیی، دڵسۆزی و وەفاداری.

ئەم ویژدانە کە جێ شانازیی ئاینەکانە، گۆڕانێکی ترسناک ڕووی تێ کرد، ئەویش کاتێ لە بواری پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە گۆڕا بۆ بواری دروشمە خواپەرستییەکان، بەشێوەیەک موسڵمانی ئاسایی ویژدانی ناحەوێتەوە تا پێنج نوێژەکە لە کاتی خۆیاندا نەکات، ڕۆژووی ڕەمەزان نەگرێ و خۆی لە شتە حەرامەکانی وەک گۆشتی بەراز و مەیخواردنەوە دوور نەگرێ. ئەگەر ئەوانەی کرد مانای وایە ئەوەی ویژدانی موسڵمانی لەسەری پێویست کردووە جێبەجێی

کردووە و ئیتر دوای ئەوە هیچ گرفت نییە ئەگەر درۆ یان دووڕوویی کرد، فێڵی یان هەلپەرستی کرد بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی شەخسی و.. هتد. بەمە ئەو بناغانە هەرەسیان هێنا کە پێوەندییەکانیان لەسەر دامەزرابوو، هەروەک کەرامەتی لەدەست دا و وای لێ هاتووە ئیستیغلال و بەکۆیلەکردن و ڕیسواکردنی قبووڵ بێ و ویژدانی لە ئاست ستەمدا نەبزوێ، چونکە ئەنجامدانی پەرستنەکان هەموو ویژدانی زەوت کرد و بواری بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییەکە نەهێشتەوە.

بەمە ئەو دوو پایەیە، عەقڵ و ویژدان، کۆمەڵگەیان لەسەر دەوەستێ هەرەسیان هێنا، ئیدی ڕیفۆرمی سیاسی چی پێ دەکرێ؟

پرسەکە پرسی عەقڵ و دەروونەکانە، کە دەسەڵات و دەوڵەت کەمترین شتیان لەو بوارەدا پێ دەکرێ. هەروەها دەوڵەمەندیی ماڵیی خۆپەرستی و چڵێسی زیاتر دەکا و هانی دەدا بۆ زیاتر، ئەویش دوای ئەوەی ویژدانی کۆمەڵایەتیی لەدەست دا و ویژدانی عیبادی جێی گرتەوە.

ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین یەکەمین بزاڤی چاکسازی کە کۆمەڵگەی ئەوروپاییی خستە سەر ڕێگەی پێشکەوتن بزاڤی ڕیفۆرمی ئاینی بوو، کە دەرگەی عەقڵەکانی کردەوە و ویژدانەکانی ئازاد کرد، بەوەیش کۆمەڵگە ساز و ئامادە بوو بۆ قبووڵکردنی هەر ڕیفۆرمێکی سیاسی، یان وردتر بڵێین بۆ دەستکردن بە هەر ڕیفۆرمێکی سیاسی.

ریفۆرمی ئاینی ڕیفۆرمێکی گەورەیە، ئەو تەنیا برێتی نییە لە ڕیفۆرمکردن لە پەرستنەکاندا، یان نوێکردنەوە لە بنەماکانی فیقهدا، بگرە چاکسازیکردنە لە ناخی مرۆڤدا کە عەقڵی فەلەج کراوە و ویژدانی شێوێنراوە، لەبەر ئەوە پێویستە پێش هەر ڕیفۆرمێک گرینگی بە ڕیفۆرمی ئاینی بدەین. بگرە ڕیفۆرمی سیاسی قەت سەرناکەوێ ئەگەر بنکەیەکی جەماوەریی کارای نەبێ، کە بیر بکاتەوە و ڕاست و هەڵە جیا بکاتەوە، ویژدانی کار بکا و ڕێگریی لێ بکات لە هەلپەرستی، لاوازی یان ڕیسواکردن و ورە و وزەی بداتێ تا لە پشت بانگەشەکارانی ڕیفۆرمی سیاسییەوە بوەستێ، بەبێ ئەو بنکە و ڕووپۆشە جەماوەرییە بانگەوازی ڕیفۆرمیستەکان دەبێتە بانگەوازێکی لە هەوادا هەڵواسراوی بێ ڕەگ و ڕیشە.

## پاساوەکانی لەپێشتربوونی ڕیفۆرمی ئاینی

سێ هۆکار دەیسەلمێنن ڕیفۆرمی ئیسلامی پێش ڕیفۆرمی ئابووری و سیاسی دەکەوێ.

یەکەم: ئەو ڕێنوێنییەی لە ئاینەوە ئاراستە بکرێ ڕێز و سەنگێکی وای هەیە ڕەنگە بگاتە ئاستی پیرۆزی و خەڵک پێوەی پابەند دەبن. بەهاکانی خێر و شەڕ و جوانی و ناشیرینی و.. هتد پێش دەرکەوتنی ئاینەکان هەبوون، کاتێ دەریش کەوتن تەنیا ئاینەکان لەو بەهایانە نەدوان بگرە فەیلەسووفە مەزنەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوایش لەبارەیانەوە دوان و نووسەر و ئەدیبەکان قسەیان لەبارەوە کرد، بەڵام کاتێ ڕێنوێنیکردن لەبارەی ئەو بەهایانەوە لەلایەن خوا و پێغەمبەرەوە بێ، قورساییەکی دەبێ چەند قاتی ئەو سەنگەی کاتێ لە زاری هیگڵ یان دیکارت یان هەر

فەیلەسوفێکی ترەوە دەربچێ.

ئەگەرچی بەرەنجامی کۆتای ئەوەی فەیلەسووفەکانیش پێشکێشیان کردووە زۆر دوور نییە لەوەی پێغەمبەرەکان پێشکێشیان کردووە، بەڵام ئەوەی ئاینەکان پێشکێشیان کردووە ڕێز و پیرۆزیی زیاتری دەبێ و پابەندبوون پێوەی زۆر بەهێزتر دەبێ لەوەی فەیلەسووفەکان پێشکێشیان کردووە. ئەم قسەیە ڕەنگە هەندێ کەس تووڕە بکا، بەڵام ڕاستییەکەی پێغەمبەران فەیلەسووفی جەماوەرە پانوبەرینەکەن، پێغەمبەران بیرۆکەکانی فەیلەسووفەکانیان بۆ خەڵکە گشتییەکە پوخت و سادە کردووە، ئەویش چونکە ئاینەکان بۆ خەڵکی گشتین نەک بۆ کەمینە یان دەستەبژێرێک، بۆیە دەبێ ئەوەی پێشکێشی دەکەن ڕوون و ڕاشکاو  و سادە و بێ گرێ و گۆڵ و گومان بێ. بەڵام کێن ئەوانەی دەتوانن لە گفتوگۆ و گریمانە و قووڵبوونەوەکانی فەیلەسووفەکان تێ بگەن، کە هەندێ جار وا هەست دەکەیت ئەویینداری ئاڵۆزکردنن؟ بۆیە ئەگەر جەماوەر گوێی بۆ نەگرتن و شوێن پێغەمبەران و ئاینەکان کەوتن دەبێ تەنیا لۆمەی خۆیان بکەن.

لێرەوە ڕیفۆرمی ئاینی چانسی گوێ لێ گرتن و لێ تێگەیشتن و پێوە پابەندبوونی زیاترە. هەر بۆیە ئەگەر ویستمان خەڵک بۆ دژایەتیی دیکتاتۆریەت و ستەمکاری هان بدەین، بەکارهێنانی زاراوەکانی نێو فەرهەنگی ئیسلامی لەبارەی ستەم و ستەمکاری و فیرعەنەوە، زۆر گوێ لێگیراوتر دەبێ لەوەی باسی شۆڕشی فرەنسایی یان بانگەشەی ئازادیخوازانەی ڤۆلتێریان بۆ بکەین. لەبەر ئەوە تەنیا کەسێک قسەی فەیلەسووفەکان یان سیاسەتوانە ڕۆئاواییەکان لەبارەی دیموکراسییەتەوە، بەسەر شێوازی قورئان لە سەرکۆنەکردنی ستەمکاری و ملهوڕی و تاکڕەویدا هەڵدەبژێرێ، کە زەحمەت بەسەر ئاسان و ئاڵۆز بەسەر ڕۆشن و بێگانە بەسەر خۆیشدا هەڵدەبژێرێ.

دووەم: داواکردنی ڕیفۆرمی ئاینی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان و ئیمتیازاتەکانی دەسەڵاتدا لێک نادات، چونکە ئەگەرچی بەرەنجامی کۆتای ڕیفۆرمی ئاینیش هەمان بەرەنجامی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوورییە، بەڵام ئەمەیان بەناڕاستەوخۆ یان بەبێ پەلامارداني کەسی لەلایەن خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە ئەنجام دەدرێ. هەروەها لەبەرئەوەی ڕیفۆرمی ئاینی شتێکی بابەتییە، دوور نییە هەندێ لە کەسانی نێو ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان یان دەستەبژێرە سەرمایەدارەکانیش باوەڕی پێ بێنن و پشتگیریی بکەن، چونکە سەرکۆنەکردنی ئەو جۆرە ڕیفۆرمە ڕوو لە کەسەکان ناکات بگرە ڕوو لە سیستەمەکان دەکات.

لە کۆتاییدا ئامانجی ڕیفۆرمی ئاینی چاککردنی تاکەکەسە وەک چۆن ئامانجی کۆمەڵگەیشە و ڕەنگە یەکەم جار کار لەسەر تاک بکات، ئەمەیش میتۆدێکی دروستە لە ئەنجامدانی ڕیفۆرمدا، چونکە لەگەڵ دانان بە کاریگەریی قووڵی فاکتەرە سیاسی و ئابوورییەکاندا، هێشتا کەسایەتیی تاک خشتی یەکەمە لە بنیاتی کۆمەڵایەتیدا و چەندە ئەو کەسایەتییە چاکسازیی تێدا بکرێ، ئەوەندە بنیاتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیش چاک دەبێ. هەروەها وێڕای زەحمەتیی چاککردنی تاک

لەنێو بارودۆخی ئابووری و سیاسیی نالەباردا، هێشتا دەکرێ ئەو پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بێنێ، چونکە پشت ئەستوورە بە توانا شاراوە مەزن و کاریگەرەکانی ئاینەکان، بگرە دەکرێ هەندێ جار بارودۆخی ئابووری و سیاسیی خراپ پاڵنەر و یارمەتیدەر بێ بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و قبووڵکردنی ئەو چاکسازییە.

پێویستە ئەوەیش لە یاد نەکەین، کە ئاینەکان گەورەترین شۆڕشی جەماوەرییان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام داوە و بناغەی شارستانییەتییە گەورەکان بوون پێش ئەوەی خراپە دزە بکاتە ناویانەوە، هەروەها تەنانەت دوای ڕوودانی خراپەکارییەکانیش ئاینەکان هەروەک جێ متمانەی جەماوەر ماونەتەوە، وێڕای هەموو ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێن ئاینەکان بەردەوام نوێنەری بەها مەزنەکان و هەڵگری سروشتێکی جەماوەری و جیهانییانە بوون، کە گوتاریان ئاراستەی هەموو ئادەمیزادەکان بووە.

### ئاماجی ڕیفۆرمی ئیسلامی کۆتاهێنان بە سەلەفییەت و گەڕانەوەیە بۆ چاوگەکە

ریفۆرمی خوازراو، کە بەیەکجاری و تاهەتایە لە خەمی ڕیفۆرم و ڕیفۆرمی نیوەچڵ و ناتەواو بمانحەوێنێتەوە، بریتییە لە کۆتاهێنان بە سەلەفییەت کە ماوەی هەزار ساڵە بەسەر فیکری ئیسلامیدا باڵادەستە و بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کۆمەڵگەی ئیسلامی تێ کەوتبوو، توانیویەتی ئەو ماوە دوور و درێژە بمێنێتەوە. ئێستەیش دەستەوداماني ڕابردووە و چاوی لەوەیە ماوەیەکی تر درێژە بەخۆی بدا، بەڵام ئەوە مەحاڵە، چونکە سەردەمەکە گۆڕاوە و زەوینە بۆ بزاوتی ڕیفۆرمی هەمەلایەن ساز بووە، کە سەردەمی سەلەفییەت کۆتا پێ دێنێ، هەموو ئەو تەمومژ و توێکڵە کەڵکەبووانەی بە ئیسلامەوە لکێنراون فڕێ دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ چاوگە ڕەسەنەکە، کە قورئانی پیرۆزە.

لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا -بۆ چاوگە ڕەسەنەکە- و ڕەنگە پێش لەوە پێویست بەوە دەکات لە سروشتی ئاین تێ بگەین، چونکە ئیسلام وێڕای تایبەتمەندییەکەی، ئاینێکە و پێویستە هەڵگری سروشتی ئاینەکان بێ. بەڕاستی سەیرە کە جەماوەر لە هەموو ڕەگەزەکان ئاینەکانیان وەک شتێکی بڕیاردراو کە پێویستە پێوەی پابەند بن وەرگرتووە. یان وەک بەشێک لە کەلەپوور وەریان گرتووە کە منداڵ لە باوانییەوە بۆی دەمێنێتەوە، ڕێک وەک خەسڵەتە جەستەییەکانی لە درێژی و کورتیی بەژن، سپییەتی یان ڕەشیی پێست، یان وەک ئەنجامی ئەو دۆخەی تێیدا لەدایک بووە و وای کردووە لە وڵاتێکی دیاریکراودا لەدایک ببێ و لەوێشەوە شوێنی ئاینی ئەو شوێنە بکەوێ و لەوەیشدا هیچ فەزڵێکی نییە. ئاخر کەس پرسیاری لێ نەکردووە ئاخۆ ئەو دۆخەی بەدڵە یان نا، خۆیشی بیری خۆی پێوە سەرقاڵ نەکردووە، چونکە وەک ڕاستییەکی واقیعەکەی لێ هاتووە.

کەس هەوڵی نەداوە لە خۆی بپرسێ بۆچی ئەو ناوی ئەحمەدە و یەکێکی تر ناوی جۆرجە، هەروەها بۆچی ئەو هەڵگری ئاینی ئیسلامە و یەکێکی تر هەڵگری ئاینی مەسیحییەتە. ئەی ئیسلام

چییە و مەسیحییەت چییە. ئەم بیرۆکانە بەخەیاڵی تاکە تاکەی خەڵکی گەلانی دنیادا نایەت. ئەو پرسە لە ڕۆهەلات و ڕۆئاوا بۆ دامەزراوەی ئاینیی پسپۆڕ بەجێ هێڵراوە، ئەو باوەڕە زاڵبووە کە تاکەکەسەکان ناتوانن چارەسەری پرسە ئاینییەکان بکەن و ئەوە ئەرکی دامەزراوە ئاینییەکەیە، واتە کڵێسا لە مەسیحییەت و جوولەکایەتیدا و فەقیهەکان لە ئیسلامدا.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە دامەزراوەی ئاینی شتێکی نوێ پێشکێش ناکا، ئەو نایەوێ خەڵک هۆشیار بکاتەوە، بگرە دەیەوێ دۆخەکە وەک خۆی بهێڵێتەوە و دروشمی هەمیشەیی بریتییە لە "لە توانادا نییە لەوەی هەبووە باشتر دابهێنرێ". ئەم هەڵوێستە چەندە هۆکارێک بووە بۆ مانەوەی ئاینەکان، ئەوەندەیش هۆکارێک بووە لە هۆکارەکانی چەقبەستنی ئەو ئاینانە.

ئاگەداربوون لەم لایەنانە گرینگە بۆ تێگەیشتن لە قووڵاییی ئاین و ئەو هۆکارانەی تێیدا سەرهەڵدەدەن و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

دوای ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە ئاین و دوای ئەوەی خۆمان چەکدار کرد بەم ڕۆشنبیرییە، دەگەڕێینەوە بۆ ئیسلام تا لە هەڵوێستەکانی تێ بگەین، چ لەوەدا لەگەڵ ئاینەکاندا هاوبەشە، یان لەوەدا کە لەوان جیاوازە. کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ چاوگی ئیسلام کە قورئانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامراز و ئامانجانەی تێیدان و ڕێگەی قورئانمان فێر دەکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و پرسەکاندا، جا کۆمەڵایەتی بن یان سیاسی یان ئابووری. بەوەیش دەچینە نێو سەردەمی نوێوە، سەردەمی دوای سەلەفییەت "پۆست سەلەفیزم".

چەرخی زەمانە سووڕایەوە و وا ئێمە خۆمان لە هەمان ئەو هەڵوێستەدا دەبینینەوە کە پێشینانمان لە سێ سەدە یەکەمەکەی کۆچیدا تێیدا بوون، کە دەبوو مەعریفە ئیسلامییەکان، کە لە فەرمووده و فیقهـ و تەفسیردا خۆی دەنواند، شەن و کەو بکەن، ڕێکیان بخەن و ڕێسا و میتۆدیان بۆ دابنێن.

ئێستە کە ئەو ڕێسایانە ڕزیون و دەستەپاچەن لە ئاست وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی سەردەمدا، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵین و خولێکی نوێ دەست پێ بکەین و سەردەمی "پۆست سەلەفیزم"ی تێدا پێشکێش بکەین. ئێمە ئێستە لە جومگەیەک لە جومگەکانی مێژوودابن، ماڵئاوایی لە چاخێک دەکەین و پێ دەنێینە چاخێکی نوێوە، کە هێشتا دەستی پێ نەکردووە.

ئەگەر بمانەوێ ئەم بانگەشەیە ورد بکەینەوە، دەتوانین پاساوێک بۆ کۆتاهێنانی سەلەفییەت بخەینە ڕوو. چەندان هۆکار ئەو کۆتاهێنانە دەکەنە شتێکی پێویست، کە هەر دەبێ بەئەنجام بگا.

لەو هۆکارانە، ئەوەیە ئەو بناغە مەعریفییە ئیسلامییەی لە ماوەی سێ سەدەی یەکەمدا داڕێژراوە چەندان گێڕانەوە یاخۆ حەدیسی دروستکراوی تێکەڵ کراوە بەمەبەستی لەنێوبردنی ئیسلام یان بۆ هێنانە دی سیاسەتگەلێکی تایبەت و ئەو دەقانەیش بەسەر ئیمامەکاندا تێپەڕیون و وەک دەقی پیرۆز بەکاریان هێناون، ئەوە کەموکوڕییەکە لە بنیاتی ئەو تەلارە مەعریفییە نایابەدا.

هەروەها لەو هۆکارانە، ئەوەیە کە ئەگەر واش دابنێین ئەو بناغەیە ساغ و دروست بووە و ئەو کاتەی یەکەم جار بەرهەم هێنراوە بێ کەموکووڕی بووە، ئەوە تێپەڕینی هەزار ساڵ بەسەریدا وای لێ دەکات تێزێکی دواکەوتوو بێ، ئەویش بەهۆی جیاوازیی بارودۆخەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکان بەشێوەیەک کە دنیای کۆن وێنای نەکردووە، ئەو جیاوازی و پەرەسەندنەیش کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر تێگەیشتنی حوکمە شەرعییەکان لەلایەک و لەسەر گونجانی ئەو حوکمانە لەلایەکی ترەوە.

هەروەها لەو هۆکارانە، ئەوەیە گرینگترین شت ئەوەیە عەقڵی خۆمان وەگەڕ بخەین، چونکە عەقڵ چەکی مرۆڤە لە ژیاندا و بەهۆیەوە لە ئاژەڵ جوێ دەبێتەوە و توانای لێک جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی پێ دەدات، بەڵام ئومەتی ئیسلام بەدرێژاییی هەزار ساڵ عەقڵی لە کارکردن ڕاگرتووە بەشێوەیەک عەقڵی موسڵمان خەریکە فەلەج دەبێ، چەندان چین ژەنگ و تەمومژ لەسەری کەڵەکە بووە، کە پێویستە ڕابماڵرێن.

یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی سەلەفییەت ئەوەیە عەقڵی تەندروستی سەرنگون کردووە و "نەقڵ"ی لە جێی داناوە، بەوەیش عەقڵییەتی موسڵمانان بووەتە عەقڵییەتێکی نەقڵی، کە نزیکە لە پەکخستنی عەقڵ. تا ئەو کاتەیش سەلەفییەت بمێنێ عەقڵییەتی نەقڵییش هەر دەمێنێ و هیچ جۆرە پێشکەوتنێک نە لە بیری ئیسلامی و نە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ڕوو نادات.

***

وتمان سەرەتای "پۆست سەلەفیزم" گەڕانەوەیە بۆ چاوگەکە، واتە قورئان. بەڵام ئەو تێزی نوێکردنەوەیەی قورئانی پیرۆز کە مەبەستمانە تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی تەفسیرە کلاسیکییەکان. بگرە پێمان وایە ئەو تەفسیرانە گەورەترین زیانیان لە قورئان داوە، تێگەیشتنی ڕاڤەکارەکانیان بەسەر قورئاندا سەپاندووە، سروشت و چەمکەکانی سەردەمی خۆیان، بە هەموو ئەو ئەفسانە و گوتەزا و شتە پڕوپووچانەی باو بوون، تێکەڵی قورئان کردووە، بۆیە هیچ ڕیفۆرمێک نایەتە کایە و ڕزگاربوون لە سەلەفییەت مەحاڵە تا ئەو کاتەی خۆمان لە تەفسیرەکان ڕزگار نەکەین. تاکانە تەفسیری پەسندکراو قورئان خۆیەتی، کە خۆی خۆی ڕاڤە دەکات.

لێرەوە بانگەشەی نوێکردنەوە خۆی بە تەفسیرەکانەوە نابەستێتەوە، هەر لە یەکەم تەفسیرەوە کە تەفسیرەکەی ئیبن عەباسە تا تەفسیرەکەی سەید قوتب.

ئەم بانگەوازە، پێی وایە قورئان پێش هەموو شتێک ئیرادەیەکی گۆڕینی زۆر بەهێزە، کە مرۆڤایەتی وێنەی نەدیوە، بەشێوەیەک زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەو شۆڕشەی قورئان بەرپای کرد گەورەترین شۆڕشی جەماوەری بوو لە مێژوودا، کە شۆڕشی جوولەکایەتی و ڕزگارکردنی بەنی ئیسرائیل لە ستەمکاریی فیرعەون و شۆڕشی مەسیحییەت و ڕزگارکردنی ستەم لێکراوان لە ستەمی ڕۆمانیش لە تێروتەواویدا پێی ناگەن.

عەرەبەکان بتی بێ سوود و زیانیان دەپەرست، بەچاوی پیرۆزییەوە بۆ داوونەریتی باو و

باپیرانیان دەڕوانی، ژیانیان لەسەر فەرهوود و تالآن و مەیخواردنەوە و قومار دامەزرابوو. قورئان بەتوندی سەرکۆنەی ئەم جۆرە ژیانە و عەقڵییەتی پیرۆزکردنی داوونەریتەکانی باو و باپیرانی کرد "ئێوە و باو و باپیرانتان لە سەرگەردانییەکی ئاشکرادا بوون". قورئان کۆمەڵگەی نەفامیی عەرەبەکانی فێری ئەوە کرد کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕێزدارە و خوا فەرمانی بەفریشتەکان داوە کڕنووشی بۆ ببەن و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە ئەمانەت بە مرۆڤ سپاردووە.

ئیرادە بۆ گۆڕینی ئەوەی لە باو و باپیرانەوە بەجێ ماوە و سەرکۆنەکردنی پشتگوێخستنی عەقڵ و بانگەشە بۆ ڕێزگرتنی مرۆڤ برێتییە لە ڕۆحی قورئان، ئەوەیش نهێنیی کاریگەرییەکەیەتی، کە ئەوە لەلایەن تەفسیرە کلاسیکییەکان و لایەنە ئیسلامییەکانەوە ئاماژەی بۆ ناکرێ و ڕەنگە پێیشیان نەزانیبێ و هەڵوێستیان لەو ڕووەوە هەمان هەڵوێستی سەردەمی نەفامییە.

وشەکانی قورئان چێژێکی مۆسیقی و زرینگانەوەیەکیان هەیە وەک زرینگانەوەی زێڕ و زیو کە گوێکان تێدەپەڕێنێ و دەگاتە قووڵاییی ویژدان. چەندان دەربڕینی تێدایە کە بەبێ زۆر لەخۆکردن دەکرێ چەندان ڕاڤەیان بۆ بکرێ، هەر ڕاڤەیەک بۆ کات و شوێنێکی دیاریکراو. ئێمە هیچ ناڕەحەتییەکمان نەدی لەوەدا کە تەفسیرێکی سەندیکاییانە بۆ ئایەتی ژمارە "٢٨٢"ی سوورەتی "البقرة" (ئایەتی قەرز، کە درێژترین ئایەتی قورئانە) بکەین بەشێوەیەک ببێتە بنچینە بۆ ڕێککەوتنە دەستەجەمعییەکان، لە کاتێکدا مەحاڵ بوو ئەم جۆرە ڕاڤەیە بەبیری ڕاڤەکارانی سەردەمە دێرینەکاندا بێ، چونکە ڕێککەوتنە دەستەجەمعییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا سەریان هەڵدا کاتێ کرێکارە بەریتانیایی و ئەمەریکاییەکان توانییان کۆمەڵە سەندیکایەکی بەهێز دابمەزرێنن، کە بتوانێ ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە لەگەڵ کۆمپانیا و خاوەنکارەکاندا ئیمزا بکا.

هەروەها وشەی (تظلمون)ی دووەم لە ئایەتی "فلکم رؤوس اموالکم لاتظلمون و لاتظلمون" ـواتە سەرمایەکەتان هەڵدەگرنەوە نە ستەم بکەن و نە ستەمتان لێ بکرێ-، کە باس لە قەرزدان و سوو (ربا) دەکا، بواری ئەوە دەدا کە تەفسیر بکرێ بەشێوەیەک بەهای قەرزەکە برێتی بێ لە بەها ڕاستەقینەکەی پارەکە، نەک بەها ناوییەکەی، کە بەهۆی هەڵاوسانەوە نرخەکەی دادەبەزێ و بەوەیش کێشەی سوو لەسەر بناغەیەکی دادپەروەر و ماقووڵ چارەسەر دەبێ و چیی تر وەرگرتنی زیادەیەک لە پارە قەرزکراوەکە بەهۆی ڕوودانی هەڵاوسانەوە بە سوو حسیب نابێ، بگرە ئەوە مافێکی ڕەوای خاوەن قەرزەکەیە، قورئانیش دادپەروەریی بۆ هەمووان دەوێ.

هەمان شت لەبارەی ئەوەی دەوترێ "قورئان چەند ڕوویەکی هەیە" و دەکرێ حوکمێک و دژەکەیشی تێدا بێ، ڕاستە. ئەوەیش لە باشییەکانی قورئانە، چونکە بوار بۆ فرەیی خۆش دەکات. قورئان هەڵبژاردنی جۆراوجۆر دەخاتە پێش چاو، هەر هەڵبژاردەیەک بۆ کات و دۆخێکی تایبەت گونجاوە.

ئایەتەکانی شەڕ و ئاشتی لە سیاقی خۆیاندا جێبەجێ دەکرێن، ئەوەش کۆمەڵگە بڕیاری لەبارەوە دەدات. کاتێ ئیسلام شەڕی لەگەڵ دەکرێ بەئایەتی "وقاتلوهم" وەڵام دەداتەوە، بەڵام کاتێ

شەڕی لەگەڵدا نەکرێ ئایەتی "لا ينْهَاكُمْ اللَّهُ عَنْ الَّذينَ لمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلمْ يُخْرجُوكُمْ مِنْ دِيارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ" }الممتحنة ٨} جێبەجێ دەکرێ.

هەندێ ئایەت بەڵێنی پاداشتی فراوان دەدەن و هەندێکیش هەڕەشەی سزای سەخت دەکەن، هەریەک لەوانەیش بۆ جۆرێک لە مرۆڤەکان گونجاون و لە جێی خۆیاندا ڕۆڵ دەبینن.

قورئان باسی هەندێ شت دەکات، بەڵام خەڵک ئەو باسکردنە وەک داننان بە ناوەڕۆکی قسەکە لێک دەدەنەوە، بۆ نموونە ژنە مامۆستایەکی زانکۆی ئەزهەر بۆ ئیسپاتکردنی لەپێشتربوونی پیاو لە ئافرەت ئاماژەی بە ئایەتی "وليس الذكر كالانثى" کرد، ئیدی نەیزانی کە ئەو قسەیە لە قورئاندا لەسەر زمانی مەریەم هاتووە کە لەناو کۆمەڵگەیەکی جوولەکەدا ژیاوە کە باوەڕیان بە هەڵبژاردنی کوڕان بەسەر کچاندا هەبوو، نەک ئەوە بۆچوونی قورئان بێ.

یەکێکی تر باسی لەوە کردبوو کە ئافرەتان حیلەبازن، بۆ ئەوەیش ئایەتی "ان كيدكن عظيم"ی بەبەڵگە هێنابوویەوە، لە کاتێکدا قورئان ئەو قسەیە لەسەر زمانی یەکێک لە دەستوپێوەندەکانی فیرعەون دەکا. بۆیە نابێ هەموو شتەکان لەسەر قورئان حسێب کرێن.

هیچ لە پیرۆزیی قورئانیش کەم نابێتەوە بەوەی هەندێ لە ئایەتەکانی حوکمگەلێکیان تێدا بێ تایبەت بە کۆمەڵگەی عەرەبیی سەدەی حەوتەمی زاینی، کە چارەسەری هەندێ کێشەی ئەو کاتەیان کردووە. کاتێ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەو حاڵەتانەی تێ پەڕاند ئەو حوکمانەی قورئانیش لەبارەیانەوە دەپێچرێنەوە. بۆ نموونە ئەو کاتە بەهۆی پێکهاتەی خێڵەکییانەی کۆمەڵگەی عەرەبییەوە دەوڵەت سوپایەکی پرۆفێشناڵی نەبوو، کە مووچە لە دەوڵەت وەربگرێ، بگرە سوپا لە خەڵکێکی خۆبەخش پێکهاتبوو، کە ژیانی خۆیان لەسەر ئەو چەک و تاڵانییە دابین دەکرد لە دوژمنەکانیان دەستیان دەکەوت، ئێستە ئەو وێنەیە نەماوە، سوپای پرۆفێشناڵ دروست بووە کە مووچە لە دەوڵەت وەردەگرێ و ئیتر تاڵانی جێی نابێتەوە، بەوەیش ئەو ئایەتانە دەپێچرێنەوە کە لە قورئاندا لەبارەی تاڵانییەوە هاتوون.

عومەری کوڕی خەتاب کاتێ بینی دڵڕاگیراوان (المؤلفة قلوبهم) دوای سەرکەوتنی ئیسلام نەماون، سڵی نەکردەوە لە ڕاگرتنی پشکی ئەو تاقمە لە زەکات، لەگەڵ ئەوەی دەقی قورئانی لەسەرە. هەروەها کاتێ بینی پیاوان بەخراپی سوود لەو حوکمە وەردەگرن، تەڵاقی کردە یەک تەڵاق لە کاتێکدا بە دەقی ئایەت تەڵاق دووجارە "الطلاق مرتان". هەمان شتی لەگەڵ جێبەجێکردنی سزاکان لە کاتی شەڕ و برسێتیدا کرد.

ئەم نموونانە دەری دەخەن کە هاوەڵان داخراو و چەقبەستوو نەبوون لە بەردەم قورئاندا، ڕەنگە ئەوەیان لە بیر بووبێ کە قورئان خۆی ستایشی ئەوانە دەکات کە کاتێ نیشانەکانی خوایان یاد دەخرێتەوە وەک کەڕ و کوێر بەسەریدا تێ ناپەڕن. "وَالَّذينَ إِذا ذكِّرُوا بِآياتِ رَبِّهِمْ لمْ يخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيانًا" (الفرقان-٧٣).

بزاڤی نوێکردنەوەی هەمەلایەنە، نکووڵی لە سوننە -کە بە وتە و کردار و پەسەنکردنەکانی پێغەمبەر پێناسە کراوە- و ڕۆڵی سوننە ناکات، بەڵام پێی وایە سوننە ئەوەیە کە قورئان فەرمانی پێ کردووە کاتێ داوای لە پێغەمبەر کردووە ئەو شتە بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە کە دابەزێنراوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ چاوپۆشی لە هەندێ ڕاستی بکەین لەبارەی سوننەوە. لەوانە، سوننە لە نێوانساڵی ١٠٠ تا ٢٥٠ کۆچیدا تۆمار کراوە، ئەوەیش بواری خۆش کردووە بۆ پەیدابوونی دەیان هەزار حەدیسی دروستکراو.. دووپاتی دەکەینەوە: دەیان هەزار.

هەروەها لەو ڕاستییانە، پشتبەستنی بگێڕەوەکانی حەدیس بە سەنەد لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە پێش قۆناغی نووسینەوە و تۆمارکردنی حەدیسەکان لە ڕێی گواستنەوەی دەماودەمەوە (کە نێزیکەی ١٥٠ ساڵ بووە) ڕێگەیەکی جێ متمانە نییە، چونکە گواستنەوەی دەماودەم بەکەڵکی ئەوە نایەت بکرێتە بناغە بۆ سەلماندنی مافەکان بەتایبەت ئەگەر ماوەکە درێژ بوویەوە، هەروەها لەبەرئەوەی تەرکیزکردن لەسەر سەنەد تەرکیزکردنە لەسەر ئەو پردەی دەقەکانی بەسەردا پەڕیوەتەوە نەک لەسەر خودی بابەتەکە. لە چەندان نووسیندا ئاماژەمان بەوە داوە کە قورئان ڕێگەیەکی تایبەتی بۆ سەلماندنی مافەکان (الحقوق) داناوە ئەویش "بەڵگەنامەی نووسراو"ـە کە دوو کەسی دادپەروەر شایەتی ڕاستی بۆ بدەن. قورئان ڕاشکاوانە دەڵێ "ولا تسأموا أن تكتبوه صغيراً أو كبيراً". واتە بێزار مەبن لەوەی ورد و درشتی تۆمار بکەن. جا ئەگەر قورئان لەبارەی شایەتیدانێک بۆ ئیسپاتی خاوەندارێتیی چەند دینارێک ئەم مەرجانە دابنێ، دەبێ لە دانانی مەرجەکان لەسەر ڕاستیی هەندێ دەق، کە بەهۆیانەوە لە گەردن دەدرێ و داوێن حەڵاڵ دەکرێ، توندگیرتر بێ.

کەواتە هیچ چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەی دڵنیابوون لە ڕاستیی حەدیسەکان نییە تەنیا بە دیسپلینکردنی سوننە نەبێ بە پێوەرەکانی قورئان، هیچ موسڵمانێکیش نییە ئەم بنەمایە ڕەت بکاتەوە یان بە بێبایەخکردنی سوننەتی بزانێ، بگرە ئەوە گەرەنتییە بۆ سوننە و سووربوونە لەسەر ئەوەی دەقە ڕاستەکانی دەربکەون و ناڕاستەکان پاکسازی بکرێن.

بزاوتی نوێکردنەوەی ئیسلامی، کە بانگەشە بۆ نوێکردنەوەی گشتگیر دەکات و پێی ناوەتە سەردەمی "پۆست سەلەفیزم"ەوە، دوازدە پێوەری قورئانی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکانی حەدیس و ناسینەوەی ڕاستەکان لە دروستکراو و لاوازەکان داناوە، ئەگەر حەدیسێک لەگەڵ یەکێک لەو پێوەرانەدا نەگونجا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین و کاری پێ ناکەین، چونکە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ناتەواوییەکی تێدایە (بڕوانە کتێبی "السنة" بەشی دووەم لە کتێبی "نحو فقه جديد". هەروەها کتێبی "الاسلام كما تقدمه دعوة الاحياء الاسلامي".

جگە لەم نوێکردنەوە ڕیشەییە لە سەلماندنی ڕاستیی حەدیسەکان، کە ڕەنگە چەند سەد حەدیسێکی سەحیح دوور بخاتەوە، ئێمە باوەڕمان وایە هەموو ئەوەی پێغەمبەر لە دەرەوەی چوارچێوە قورئانییەکە وتوویەتی یان کردوویەتی بەپێی نیگایەکی سوننەیی بووە جیا لە وەحیی

قورئانی، کە ئامانج ئەوە بووە کاری پێ بکرێ تا ئەو کاتەی واقیعەکە بیخوازێ، بەبێ ئەوەی وەک وەحیی قورئان حوکمی تاهەتایی (تأبیدي) هەبێ.

بزاوتی نوێکردنەوە ئەم بیرۆکەیەی دانەهێناوە و بەئارەزووی خۆی دای نەتاشیوە، بگرە لەسەر بناغەی چەند پێشەکییەکی جێگیر و جێ متمانە بنیاتی ناوە، کە بریتین لەمانە:

یەکەم: قورئان وردەکاریی عیبادەتەکانی وەک نوێژ و زەکات و ئەوانی تری باس نەکردووە، ئەوەیش بێگومان لە لەبیرچوونەوە نەبووە "وماکان رَبك نسیا" (مریم-٦٤). بەتێگەیشتنی ئێمە قورئانی پیرۆز ویستی وا بووە پرسە هەمەکییە مەزنەکان تاهەتایی بکات، هەر بۆیە باسی کردوون، هەرچی وردەکارییەکانیانە نەیویستووە تاهەتایی (تأبید)یان بکات، ئەگینا باسی دەکردن.

دووەم: لە بارێکدا پێویست بووە ئەو وردەکارییانە باس بکرێن، دیاریکردنی ئەو وردەکارییانە بەپێغەمبەر سپێردراوە "لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ" النحل ٤٤.

سێیەم: پێغەمبەر لە خۆیەوە بەم کارە هەڵنەساوە، بگرە بەپێی وەحییەکی سوننەیی ئەو کارەی کردووە، کە شێواز و مەرجەکانی لە وەحیی قورئان جیاواز بووە. وەحیی قورئانی سروشتێکی تایبەت و مەرجێکی توندی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەقە قورئانییەکە ڕێک بە وشەکانی خۆی ڕابگەیەنرێ.

چوارەم: لە هەمان کاتدا پێغەمبەر ڕێگریی کردووە لە تۆمارکردنی وتەکانی خۆی و فەرمانی داوە هەر کەس قسەی ئەوی نووسیوەتەوە با بیسڕێتەوە. ئەمە پرسێکی سەلماوە و ناکرێ ملەجەڕێی تێدا بکرێ. نووسینەوە و تۆمارکردنی حەدیس لە کۆتای سەدەی یەکەمی کۆچیدا و لەسەر دەستی خەلیفەی ئومەوی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز "کە هەندێ سەرچاوە بە خەلیفەی پێنجەمی ڕاشیدی ناوی دەبەن" دەستی پێ کردووە. چوار خەلیفە ڕاشیدییەکە ڕەتیان کردووەتەوە سوننە تۆمار بکرێ.

ئەو ڕووداوە نیشاندەری ئەوەیە پێغەمبەر خۆی نەیویستووە سیفەتی تاهەتاییی قورئان بەو وردەکارییانە بدات کە فەرمانی پێ کراوە، لەوەیشدا لەگەڵ قورئاندا کۆکە، هەر ئەوەیش چاوەڕێ کراوە. ئەوەی وەحیی سوننەیی هێناویەتی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی دۆخەکە دەیخوازێ، ئەگەر دۆخەکە گۆڕا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قورئان و لەوەوە بڕیاری نوێ بەرهەم دێنین کە لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا بگونجێ.

هەندێ لە فەقیهەکان، لەوانە ڕەشید ڕەزا ئاماژەیان بەوە داوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر ڕەتیان کردووەتەوە حەدیسەکان وەک قورئان بە ئاینێکی گشتی و هەمیشەیی وەربگرن. بەپێی فتوایەکی ئەزهەریش تەنیا سوننە بەس نییە بۆ سەلماندنی واجبوون یان حەرامکردنی شتێک.

پوختەی لێکۆڵینەوەیەکە پێشکێشی کۆنفرانسی "ریفۆرمی ئیسلامی و دیموکراسییەت" کراوە لە ٢٧-٢٩ سێپتەمبەری ٢٠٠٤.

# سێ ڕەهەندی ئیسلامی سیاسی
# لە تورکیا

ڕاینەر هەرمان

لە دوای پەرتەوازەبوونی یەکەتیی سۆڤیەت، تورکیا گرینگی ستراتیجی خۆی بۆ ڕۆئاوا لەدەست نەدا، بگرە تەنیا خاڵی سەنگینی جێگۆڕ بوو. کۆماری ئەتاتورک کە لە قۆناخی شەڕی سارددا وەکو ئاسایشێکی سەرکێش لە دژی کۆمۆنیزم خزمەتی بەناتۆ گەیاند، ئەمڕۆش لە ڕەوشێکدایە کە بووەتە پرد بۆ شەڕوانانی ئیسلام.

لەبارەی تورکیاوە کە هەتا ڕادەیەک دەکرێ بەدەوڵەتێکی عیلمانی و دیموکراتیک پەسند بکرێ، لە ڕۆئاوادا بۆچوونێک هەیە لە شێوەی "دەبێ ببێ بەئەلتەرناتیف بۆ جیهانی ئیسلام". هاوکات لەلای ڕۆئاوای کریستیان لەبارەی تورکیاوە بۆچوونێکی تر هەیە لە شێوەی "تورکیا لەدەست چووە" و ئەمە بۆچوونێکی زۆر بەربڵاوە. خاوەنانی ئەم بۆچوونە دەڵێن "پەردەی ڕەشی داگیرکاری ئیسلام کە زۆر بەشێنەیی لەو وڵاتە ٦٠ ملیۆنییەی دەکەوێتە نێوان گەرووی ئەستەنبوڵ و چیای ئاگری نێزیک دەبێتەوە لا دەچێت" و بەم شێوەیە گشت تورکیا دەبێتە قوربانی ئەم فەرمانڕەوایییە بەئێش و ئازارە. هەموو موسڵمانی وڵاتەکە مۆرکی ئیسلامچێتییان دەکەوێتە سەر. تورکیا تاکە وڵاتە لە جیهانی ئیسلامدا کە دیموکراسی و فرەلایەنی سیاسی تێدا ڕیشەی داکوتاوە. ئیسلامییەت لە تورکیادا لە ئیسلامی وڵاتەکانی تر زیاتر پێکهاتەیەکی ناهەماهەنگ دەنوێنێ. ناکرێ نە ئەزموونەکانی جەزائیر و نە ئەزموونەکانی ئێران لەگەڵ ڕاستی تورکیادا بگونجێنرێ. جەزائیر بەتێکۆشانی چەکداری لە دژی فرەنسایییەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست خست. هەرچی تورکیایە لە سایەی ئەتاتورک هەرگیز سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدابوو. لە جەزائیردا تاکڕەویەتی پارتی دەوڵەتی سۆسیالیستی لەبنهاتوو لە دوای خۆیدا بۆشایییەکی گەورەی بەجێ

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل

هێشت. وەلێ لە تورکیادا بەهۆی هەبوونی جیهانێکی فکریی زیندوو و بیر و بۆچوونی جیاوازەوە کەلێنێکی لەو شێوەیە نەهاتە ئاراوە. ئەو هاوپەیمانییەتە گەورەیەی کە هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەشیان هەیان بوو، بووە هۆی هاتنە کایەی ئینقلابی ئیسلامی لە ئێراندا. لە تورکیادا ئەو دارمانەی بەدرێژاییی هێڵی بلەرزەی ئاینی و ئەتنیکی دێتە ئاراوە، ڕێگرە لە بەردەم ڕێککەوتنێکی فرەلایەن. جیا لەمەش تاکە دوژمنێکی هاوبەش نەبوو کە زۆرینەی کۆمەڵگە کۆ ببنەوە و لە دژیدا کایەی شەڕ بگرن.

ڕەوتی ئیسلامی هاوچەرخ لە تورکیادا جیاوازتر بوو لەوەی کە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەبوو. ئیسلامی عەرەب پیاوانی ئاینییان نوژەن کردەوە، تەنانەت ئەو هاووڵاتییە ئاساییی و چالاکوانانەی کە لەنێو ئەم چینەشدا نەبوون پۆلیتیزە کران. لە هەمبەر ئەمە لە تورکیا دا ئەو دەروێشانەی سەر بە تەریقەت بوون هەم بوون بەو توێژەی کە ئیسلامیان نوژەن کردەوە، هەم لە دوای شەڕی جیهانی دووەمدا پۆلیتیزەیان کرد.

## کارەکتەرەکانی ئیسلامییەتی تورکیا

١- جیاوازییەکان بەپێی جیهانی ئیسلامی عەرەب

بەدرێژاییی سەدەی بیستەم ئیسلام بووەتە خاڵی کۆکردنەوەی کۆمەڵگە عەرەبییەکان. داگیرکاری ڕۆئاوا و هاوکارە هەرێمییەکانی پێشەنگایەتی تێکۆشانیان لە دژی چینی سەروو کرد. ئەو ئیسلامە سیاسییەی لە سەدەی بیستەمدا لەدایک بوو، نەک لە ڕێگەی پیاوانی ئاینییەوە، بگرە لە سایەی ئەندازیارێکی یاسایی بەرەچەڵەک یەهودی گوازرایەوە کە دەکرێ وەک توێژی هاووڵاتییەکی ئاساییی لە قەڵەم بدرێت. وەلێ لە تورکیادا ڕەوشەکە جیاوازتر بوو. ئەتاتورک لە ساڵی بیستەکاندا مۆڵێکی بەفرینی گەورەی لەسەر ژیانی دینی لە تورکیادا دامەزراند. بەتایبەتی ئەو توێژانەی کە لە ناوچە گوندنشینەکان خاوەن باوەڕییەکی قوڵی ئاینی بوون، چۆن بوون هەروا مانەوە. لە دوای مردنی ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٣٨ لە بواری ئاینیدا بەتایبەتی لە دوای شەڕی جیهانی دووەم مۆڵە بەستەڵەکەکە دەستی بەتوانەوە کرد. لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا بەتەواوەتی لەناو چووە و نەماوە. لە دوای ئەم توانەوەیە دووبارە لە ساڵی بیستەکاندا تەریقەت و جەماعەتەکان لە ژیانی ئاینیدا سەریان هەڵدایەوە.

ئەمانە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەهێز لە جیهانی عەرەبیشدا نوێنەرایەتی کرابوون. دواتر عەرەبە موسڵمانەکان هاوشێوەی تێکۆشانی سەربەخۆییان بزوتنەوەی ڕادیکالی ئاینییان پێک هێنا کە جارویار ئارەزووی توندوتیژییان دەکرد. لە میسر لە ساڵی ١٩٢٨دا ڕێکخراوی برا موسڵمانەکان ساز کرا. ئەم چالاکوانە ئیسلامییە سیاسییانە کەوتنە ناکۆکی لەگەڵ ئەو تەریقەتانەی مەیلیان ڕووەو جیهانی ناوەوە بوو. لە بەرامبەر ئەمە لە تورکیادا تەریقەتەکان لەگەڵ جەماعەتە ئیسلامییەکاندا جێگەی خۆیان لە ناوەندی ژیانی ئاینیدا گرت،

هاوکــات لە نوژەنکردنەوەی ئاینی لـە ســەردەمی ئـەتاتورکــدا بەشــێــوەیەکی نـهـێنی و لە ڕۆژی ئەمڕۆشدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە گۆڕەپانەکەدا ڕۆڵی دینامۆیان گێڕا.

دەرەنجام لە تورکیـادا تەریقەت پێشەنگایەتی لەدایکبوونی ئیسلامی سیاسییـان کرد و نەکەوتنە کێبڕکێ لەگەڵیدا.

٢- دەروێشـەکان نوێگەریی ئاینییان بەرجەستە کرد

بەشێوەیەکی گشتی لە سـەدەی ١٩دا بەرەی بزوتنەوەی نوێگەری لە جیـهـانی ئیـسلامـدا دروست بوو. لە باکوری ئەفریقـا لە ئاستی سـەرو پیاوانی ئاینی و بیـرۆکراتەکان پێشەنگایەتییان بـۆ ئەمە کرد. یەکێک لەمانە زانای گـەورە محـەمەد عەبدو بوو لە قاهیرە. لـە ئەنادۆڵیش دەروێشـەکانی سـەر بە تەریقـەت ئەم ڕۆڵەیان لە ئـەسـتـۆ گـرت. بەدرێژاییی کـۆتاییی سـەدەی ١٩ دەروێشــەکـان لەوێ بەگوێرەی نەریتەکەیان وەک پێشـەنگێکی نوێگەریی ئەنادۆڵ بەسـەر دەکەنەوە. موریدیان دەدۆزییەوە و جەمعییەتی تازەیان پێک دەهێنا. یەکێک لەوانەش کە (سەعیدی نورسی) بوو، لە سالّی ١٨٧٣ لە گونـدێکی کوردنشـین بـەناوی نورس کە ســەربە بەدلیس بوو چـاوی بەدنیـا هەڵهێنابوو و لە ســاڵی ١٩٦٠ لە پاش ژیـانێکی زۆر بەجـمـوجـۆڵ لە ئۆتێلێکی ئورفـادا مـاڵئـاوایی لە ژیان کـرد. یەکـێکی تریشــیــان (سلێــمــان حلمی تونـاهـان)ە کـە لە ســاڵی ١٨٨٨ لـەدایک بووە و لە ســاڵی ١٩٥٩ لە سـیلیـسـترە کـۆچی دوایی کـردووە. ئەم هەرێمـە سـەرەتا سـەر بە عوسمـانییـەکان بووە و ئەمڕۆش کەوتووەتە نێو سنوورەکانی بولگاریسـتـان. کـەسی یەکەمیـان یەکێکە لە دەسـتـەی دامـەزرێنەرانی نورچییـەکـان کـە کـاریگەرییـەکی زۆری لە ڕادەبەدەریان هەبووە. دووەمیـشـیـان کەسـێک بووە لە دەستەی دامەزرێنـەری سلێمانچییەکان کە بەهەمان شێوە کاریگەرییـەکی بەرفراوانیان هەبووە. لە دوای مردنی ئەمانە دوو وتاربێژی ئیسلامی گەورە دێت لە تورکیا: محەمەد زاهید کۆتکو لە ساڵی ١٨٩٧ لەدایک بـووە و لە ســاڵی ١٩٨٠ کـۆچی دوایی کـردووە. فـەتحـوڵا گـولـەن لە ســاڵی ١٩٢٧دا لەدایک بووە. ئەم دووانە لە جەماعەتی جیا پێک دێن و خـاوەن ڕەوتی سیاسی جیاوازن. کەسایەتی ناوداری بزوتنەوەی نـەقشبـەندی لە سـەدەی بیسـتـەمدا مـحـەمـەد زاهید کۆتکو لە چاو نورسی و توناهـان کـە هـەردووکیـان نەقشـین تا ڕادەیەک زیاتر کەوتووەتە نێو سـیاسـەتەوە. بەهاندانی کـۆتکو کـە بـەباوکی ئیـسـلامی پـەسند دەکـرێت نەجـمـەدین ئەربەکـان لە ســاڵی ١٩٦٩ یەکـەمـین پارتی ئیسلامی بەناوی پارتی نیزامی میللی "م.ن.پ." لە تورکیـادا دامەزراند. ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٨٣ لەژێر ناوی پارتی ڕەفاه کاری کرد.

کـاریگەرییـەکانی کـۆتکو لە ساڵانی دواتردا زیاتر بەرفراوان بـوو. تورگوت و کۆرکوت ئۆزال برا بوون -لە خانەوەدایەکی نەقشی هاتبوون- لەنێو ئەو دەوروبەرە تەسک و تایبەتەدا جێگەیان دەگرت. لە ســاڵی ١٩٨٨ کــە دایکیــان کـۆچی دوایی کـرد تورگـوت ئۆزال کـە ئەو کـاتە ســەرۆک وەزیران و سـەرۆکی گشتی پارتی نیشتمانی دایک بووە، دایکی لە پاڵ گۆڕی زاهید کۆتکو بەخاک سپاردووە.

فەتحوڵا گولەنیش لە نێو بزوتنەوەی نورجییەکانەوە هـاتووە کە لە دوای مردنی سـەعیدی نورسی

بۆ زیاتر لە دوو جەماعەت پارچە بووە. لە ساڵی (٦٠)ەکانەوە خۆی لە سلێمان دەمیرال و پارتەکەی نێزیک کردەوە. لە دوایی‌شدا پاڵپشتی پارتی ڕێگەی ڕاستی کرد. بەڵام وێڕای ئەمەش هەردەم پارێزگاری لە پێگەی باڵای خۆی کردووە لە پارتەکاندا و بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە پارتی نیشتمانی دایک بەگرانی موسڵمانە و بەباڵی لیبرالی نێو پارتەکەشەوە خۆی سەرکردەی مەعنەوی سەرجەم باڵە لیبراڵ و پارێزگارەکانی تورکیایە.

جەماعەت و تەریقەتەکان لە ئیسلامییەتی تورکیادا بەگەڕخەری نوێگەری بوونە. لە دوای شەڕی جیهانی دووەم لە سایەی ئەوانەوە ئیسلام لە بواری ڕامیاری و پلانی کۆمەڵایەتیدا تەشەنەی کرد. لە دە ساڵەی یەکەمی کۆماردا لە دژی ئەو عیلمانییەتەی لە ئەنقەرە سەپێنرا بوو ناوچە گوند نشینەکان بەپرۆتیستۆیەکی بێدەنگ لە دەوری تەریقەتەکان کۆ بوونەوە. تەریقەتەکان لە هەمبەر کۆمەڵگەی کراوە و گۆڕانکارییە ئابوورییەکان هێز و ورەی خۆیان بەدەر دەخست. لەم چوارچێوەیەدا توێژە گوندنشینەکان کە خاوەن باوەڕی ئاینی بوون لە هەمبەر سیاسەتی دەوڵەتگەری و ڕۆژئاواگەریدا خۆیان بەڕێکخستن کرد. گوندنشینەکان لە بەرامبەر ڕۆشنبیرە باژێڕییەکان لە دژی ئەو دەروێشانە دەردەچوون کە خۆیان دابووە پاڵ تەریقەت و جەمعییەتەکانەوە.

هەتا ساڵانی ١٩٦٠ بەشێوەیەکی بەرچاو لە تەریقەتە کلاسیکییەکاندا کۆمەڵێک مەرجی سەرەتایی بۆ بەئەندامبوون پێویست بوو. بەتێپەربوونی کات ئەم یاسایانە نەرم بوونەوە و تەریقەتەکان جەمعییەتگەلێکیان بۆ ئەو کەسانە کردەوە کە ناتوانن بەسانایی دەستبەرداریان بن.. هەر کە دەچوو جەمعییەتەکان زێدەتر پێشکەوتن و پۆلیتیزەبوونیان بەخۆیانەوە دەبینی.

## نورچییەکان – توێژی لیبراڵ

١- سەعیدی نورسی: وزەیەکی لەبن نەهاتوو

سەعیدی نورسی یەکێکە لە لاوە هەرە درەوشاوەکانی دەستەی دامەزرێنەری جەمعییەتی Bediüzzaman لە مێژووی تورکیادا. لە تافی لاوێتیدا سەرگەرمی زانست بوو. نەیدەزانی حەوانەوە و ڕاوەستان چییە. هەر لەو دەمانەدا سەرتاسەری ئەنادۆڵی کردبوو. هێشتا کە تەمەنی ١٦ ساڵان بوو وەک "مەلا سەعید" ناردی بەرهەم هێناوە دیسانیش هەر لەو ساڵانەشدا باڵاپۆشی مامۆستایی پۆشیوە. لەو کاتانەی لە شاری وانی ئەنادۆڵ بوو تەنها بەبیروباوەڕی ئاینی نەریتییەوە سنووردار نەمایەوە، بگرە سەرقاڵی زانستی هونەریش بوو. لە گەشتێکی بۆ ئەستەنبۆڵ ڕووبەڕووی عەبدولحەمیدی خەلیفەی ئەو کات بووەوە. داوای لێ کرد کە ٣ قوتابخانەی ئامادەیی لە ئەنادۆڵ بکاتەوە بۆ وتنەوەی وانە بەزمانی کوردی و قوتابخانەیەکی تەکنیکی ٥٠ کەسی بۆ قوتابییەکان بکاتەوە تا بتوانین دەست بەپەروەردەکردنیان بکات. ئەتاتورکیش بانگهێشتنی سەعیدی نورسی کرد بۆ هاوکاری، بەڵام ناچار بوو گوێبیستی ئەوە ببێ لە نورسی کە بەگوێرەی باوەڕی ئەو نوێژکردن ڕاستییەکی هەرە گرینگە و باڵادەستبوونی کەسێک پووچە کە نوێژ ناکات.

بەگشتی لە بیری ئەوەدا بوو لە بواری پەروەردەییدا چاکسازی ئەنجام بدات. پێی وابوو لە ڕێگەی ئەو چاکسازییانەدا دەتوانێ ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە لە نێوان جیهانی ئیسلامی پەککەوتە و نەخۆش و شارستانییەتە تەکنیکییە پێشکەوتووەکەی ڕۆئاوادا هەیە. بیروبۆچوونەکانی لە پەرتووکی "ڕیسالی نور" دا کۆ کردەوە. لەم بەرهەمانەیدا زانیارییەکانی زانستی مۆدێرن و قورئانی ڕاڤە کرد و دەستی بەدامەزراندنی ئەو بزووتنەوە نوێگەرییە کرد کە ناوی ئەوی لەخۆ گرت.

ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ کۆمارەکەی ئەتاتورک کەوتنە نێو ناکۆکییەکی دژوارەوە و بەدرێژاییی سەدەی بیستەم ئەم ناکۆکییە لە مێژووی تورکیادا بەردەوامی کرد. دوو جەمسەری ئەم ناکۆکییە یەکێکیان ئەتاتورک سەرکێشی دەکرد کە شارە گەورەکانی بەرەو ڕۆئاوایی بوون و عیلمانییەت دەبرد، جەمسەری دووەمیشیان سەعیدی نورسی بوو کە سەرکێشی توێژی لادێیی خاوەن بیر و باوەڕی ئاینی دەکرد. سەعید بەڕاڤەی "یاسا دەست دەبینێ، بەڵام دڵ نابینێ" لە دەزگای یاسا دێتە دەرەوە و بەشێوەیەکی ئاشکرا پێشخستنی بزوتنەوەکە و دژایەتیکردنی کۆماری ڕەد کردەوە. لە ساڵی ١٩٥٠دا سلاوی لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی عەدنان مەندەرەس کرد کە نێزیکایەتی بۆ ئاین هەندێک بەلایەنی ئەرێنیدا گۆڕیبوو. بەڵام لە دوو نیوەکەی تری ژیانیدا زیاتر بایەخی بەمانەوەی لە دەرەوەی سیاسەت دەدا. تەنانەت وازی لە بەدواداچوونی چاپکراوە ڕۆژنامەییەکانیش هێنا. لە دوای بەسەربردنی ژیانێکی سەختی پڕ لە کێشمەکێش لە ئەیلوولی ١٩٦٠ لە گەشتێکی دوورودرێژ بەئۆتۆمۆبێل گەیشتە ئورفا و لەوێ لە ژووری ئۆتێلێکداماڵئاوایی لە ژیان کرد.

لە ساڵی ١٩٦٠ کە کودەتای سەربازی دەسەڵاتی گرتە دەست لە ئورفا گۆڕێکیان بۆ لێ دا، بەڵام تەرمەکەیان لە شوێنێکی نادیار ناشت. کاتێک نورسی دوور دەخرێتەوە و ڕەوانەی ئیسپارتا دەکرێ لەو ڕۆژانەی کە لەوێ بەسەری برد، سەرەتا کۆمەڵێک قوتابی لە دەوری خڕ بوونەوە، پێیانی ڕاگەیاند کە مرۆڤێکی گەورە لێرە بەدەر دەکەوێ. چەند ساڵ دوای مردنی نورسی، سلێمان دەمیرالی ئیسپارتایی لە ئەنقەرە کەوتە میدانی سیاسەتەوە و بەدەیان ساڵ بووەتە یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکان لە سیاسەتی تورکیادا. بەشێکی زۆری خۆشەویستی و هەواداری نورچییەکان بۆ دەمیرال کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامیی هەیە، لەمەوە سەرچاوە دەگرێ. دەمیرال بەدرێژاییی چەندان ساڵ گوێی داوە بەسەعیدی نورسی و بووەتە دەنگی مرۆڤەکانی ئەنادۆڵ و لە دژی بۆرجوازییەتی پارتی کۆمای گەل "ج.ه.پ." ڕاوەستاوە.

٢- لە ئەنجامی پارچەبووندا گەشەکردن

لە دوای مردنی سەعیدی نورسی کەسایەتی یەکخەر نەماوە. لە نێوان لایەنگرەکانیدا بۆچوونێک سەری هەڵداوە کە ڕێگەی لە بەردەم پارچەبوونی نورچییەکاندا دەکردەوە. ئەم بۆچوونە جیابوونەکانی بەئاستی پارچەبوونی ئەمڕۆ گەیاندووە. لە سایەی یەکەم پارچەبوونە گەورەکەوە پەردە لادرا لەسەر قەدەغەکاری سیاسەتکردنی هەوادارانی سەعیدی نورسی. ئەوەی بۆ یەکەم جار

ئەم خاڵەی پێشێل کرد ئەو گرووپە بوو کە بەسەرکردایەتیی محەمەد کوتلو لە ساڵی ١٩٦٩ ڕۆژنامەی یەنی ئاسیا "ئاسیای نوێ"ی بڵاو کردەوە. ئەو ڕۆژنامەیەی کە هێڵی ئاینگەری و نەتەوەپەرستی لا پەسند بوو زۆر بەڕاشکاوانە پاڵپشتیان لە دەمیرالی سەرۆک وەزیرانی پارێزگار کرد. بەم شێوەیەش نورچییەکان کە بەدەیان ساڵ لە ڕەوشی ڕکابەری ڕادیکاڵ دا بوون، لە ماوەیەکی کورتدا کەوتنە نێو سیستەمی ئەو سیاسەتەی کە هەبوو. ئەو گرووپەی لە دەوروبەری ڕۆژنامەی یەنی ئاسیا کۆ بووبوونەوە، توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە بێ کاریگەر ردنی ماتە وزەی ئیسلامیی ڕادیکالی ڕکابەر لەو قۆناخەدا. هەندێک لە کەسایەتییەکانی دەوروبەری سدیق دورسون سازشیان پەسند نەکرد. گرووپی یەنی ئاسیا لە ١٩٧٣ بەولاوە «سەعیدی نورسی» یان لە دوو خاڵدا بەخیانەتکار لە قەڵەم دا:

یەکەمیان: بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە هەیە سازش بکەن نووسراوەکانیان شێواندووە.

دووەمیان: سەعیدی نورسی بەشاردنەوەی ناسنامەی کوردی هەوڵی خۆ خۆشەویستکردنی داوە لە بەرامبەر توێژی نەتەوەپەرست و لایەنگرانی سەنتێزی ئیسلامی تورکدا.

سدیق دورسون دوای ئەوەی کۆوارێکی لەژێر ناونیشانی "دەعوا" بەچاپ گەیاند، دواتر دەقی ئۆرجیناڵی نووسراوەکانی نورسیی بڵاو کردەوە.

کەچی تاکو کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دەوروبەرانی یەنی ئاسیا حوکومڕانی نورجییەکانیان کرد. چ کاتێک جەنەڕاڵ دەمیرالیان ئاوارە کرد و پێوەندییان بەجیهانی دەرەوە دابڕی، ئەو کاتەش کەسانی دەوروبەری یەنی ئاسیا پەرتەوازە بوون. زۆربەیان دەرکییان بەوە کرد کە ئەو ویست و خواستانەی لە ڕێگەی دەمیرالەوە بەدەستیان هێنابوو زۆر لەوە کەمتر بوو کە چاوەڕوانیان دەکرد. لەوانەش محەمەد فرنچی هەڵوێستی ڕادیکاڵانەی ڕابەرایەتی سەعیدی نورسی بەبنەما گرت. محەمەد کرکنجی و دەوروبەرەکەشی پاڵپشتی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنە سەربازییەکەی جەنەڕاڵ کەنعان ئەڤرەنیان کرد.

٣- وە کۆتایی: فەتحوڵا گولەن

ڕۆژ ڕۆژی فەتحوڵا گولەن بوو کە لە سەرەتادا بەشداری گرووپەکەی یەنی ئاسیا بوو و دواییش لە ١٩٨٠دا لە سدیق دورسون جیا بووەوە. وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ناوی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو لیستەدا دێ کە لێی دەگەڕێن، کەچی دوای کودەتای سەربازی بەو ئۆتۆمۆبێلە قافڵانەی کە لەلایەن لایەنگرەکانییەوە ئامادە کرابوون بەبێ پشوو تەواوی تورکیا گەڕابوو.

کە سەعیدی نورسی لە ١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد، فەتحوڵا گولەن تەمەنی ٢٢ ساڵ و وتاربێژێکی ناسراو بوو. لە شاری ئەرزەڕۆم قوتابییەکی سەعیدی نورسی ئەوی ئاراستەی بۆچوونەکانی مامۆستاکەی کرد. ئەو کاتەش لەگەڵ محەمەد کرکنجی ئاشنایەتی پەیدا کرد. لە دوای کارەکانیان لە ئەدیرنە و کرکلارئەلی لە ناوەڕاستی ساڵی شەستەکاندا لە مزگەوتی کەستانە پازار لە ئیزمیر

که بەو باڵابوونەی ئەمڕۆی گەیاندوون دەست بەکار بوو.

لە گەشتێکی بۆ ئەنقەرە بەدیمەنی پێکەوە ژیانی قوتابییە موسڵمانەکان زۆر تامەزرۆ بووبوو. بۆ ئەوەی کەشێکی هاوشێوەی ئەمە لە ئیزمیر دروست بکات، قۆڵی لێ هەڵماڵی و دەستی کرد بەپارە کۆکردنەوە. بەکردنەوەی کامپی هاوینە، کۆکردنەوەی قوتابییەکان و خوێندنەوەی بابەتی ئاینی و پێڕەوکردنی کۆمەڵێک ڕێسا پەروەردەی دەکردە ئامانج. ژمارەی ئەو قوتابییانەی کە لەو کامپانەدا کۆیانی دەکردەوە ساڵ بەساڵ ڕووی لە زیادبوون دەکرد. گولەن کە بەخێرایی هێزی دارایی گەشەی دەکرد، قوتابخانە و خوێندنگەی دەکردەوە. لە ناوچە کەم خزمەتگوزارییەکاندا زۆرێک لە قوتابخانە و خوێندگەکان هی ئەوان بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٩ لە قۆناخی فەرمانڕەوایەتی تورگوت ئۆزالدا هێزی ئەوان زیاتر گەشەی کرد. پێوەندیی و دانوستاندنیان لەگەڵ ئۆزالدا لە ئاستێکی بەرزدا بوو. هاوشانی پێوەندیی ئابووری و تێکەڵی کۆمپانیاکانیان دەستیان هاوێشتە کاری ڕاگەیاندنیش. لە بواری نووسراو ڕۆژنامەی "زەمان" و لە بواری دەنگ و ڕەنگیشدا کەناڵی تەلەڤزیۆنی "سامان یۆڵو". بەم شێوەیە بوو بەخاوەنی هێزێکی وەها کە هیچ پارت و داوودەزگەیەک چاوەڕوانی نەدەکرد. بەدرێژاییی ئەم قۆناخە سەرکردەی جەماعەتی ئیسلام بەهەموو توانایەکییەوە ژیانێکی نیمچە شاراوەی بەسەر برد. زۆر ئاستەم بوو ئەرشیفێکی فۆتۆگرافی ئەو لە ڕۆژنامەکاندا بدۆزرێتەوە. پیاوەکانی کە جێگەی متمانە بوون لەبری ئەو وتاریان بۆ ڕای گشتی دەدا. بۆ جاری یەکەم لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دەرکەوتە پێش ڕای گشتی. دوای ئەوە لەلایەن تانسۆ چیللەری سەرۆک وەزیرانی ئەو کات، بانگهێشتی کۆشکەکەی "یەنی کۆی" کرا. چیللەر دەیویست لە ڕێگەی گولەنەوە لە بەرامبەر پێشکەوتنەکانی پارتی ڕەفاە پلە بەدەست بهێنێ. کە دیدارەکەی ڕێکخست وەزیری ژینگەی حکوومەتەکەی و ڕەزا ئەکچەلی کەسایەتی ناسراوی نورچییەکانی مانیساش ئامادە بوون. دوای ئەوە ئەو ڕیپۆرتاجە دووردرێژانەی کە ڕۆژنامەی حوریەت و سەباح لەگەڵیدا ئەنجامیان دابوو، بڵاو کرایەوە. لە ڕەمەزانی ١٩٩٥ لە ئۆتێلی ڕینەسانس کە هیی پۆڵاتی بەڕەچەڵەک عەلەوی بوو ئێوارە خوانێکی ساز کرد، بۆ زیاتر لە ١٠٠ کەس کە لە سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە پێک هاتبوو. هەتا ئەو کاتە ئێوارەخوانەکە کە بەمەبەستی هاوکاری بۆ دۆستە یەهودییەکان ڕێک خرابوو، لەژێر ڕۆشناییی ڕووناکییەکان وەرسوڕایە گەمەیەکی سیاسی.

لێدوانەکەی گولەن کە سەبارەت بە"ئیسلامی لیبرال" لە ئێوارەخوانەکەدا کە لە بەردەم کامێرادا دای، بوو بەخاڵی سەرەکی لە تورکیا. مەسەلەی ڕووپۆشی لە تورکیادا وەک خاڵێکی لاوەکی بەناو کرد. لە ڕێککەوتنێکی بەرفراواندا گوتی خاڵی زۆر لەپێشتر هەن بۆ وڵات. هیچ کەسێک لەبەرئەوە ڕەخنە ناگرێ کە خۆی باوەڕیی پێی هەیە و یەهودییەکان باوەڕیان پێی نییە. دەتانەوێ بەشێوازی ئیسلام یان بەشێوازی ڕۆژئاوا بێت، کەس بەهۆی پۆشاکەوە ڕووبەڕووی هێرشکردنەوە نابێتەوە. فەتوحڵا گولەن لە ساڵی ١٩٨٦ لە وتارێکدا سەبارەت بەمافی چوونی قوتابییانی کچ بەسەرپۆشەوە بۆ زانکۆکان و بەرانبەر ئەو بەرخودانە وەستابوو، لەلایەن موسڵمانە ڕادیکاڵەکانەوە ڕووبەڕووی

کاردانەوەیەکی زۆر گەورە بووەیەوە. لە ساڵی ١٩٩٥دا کاردانەوە دوا نەکەوت. ڕۆژنامەنووسی موسڵمان عەبدورەحمان دیلیپاک کە لەنێو بانگهێشتکراوەکاندا بوو، کەشوهەواکەی بە کەشوهەوایەکی نا ئیسلامانە بینی و بەشێوەیەکی زۆر توند بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی لیبرالیزەکردنی ئیسلامدا دەربڕی.

تەواوی ڕۆژنامەکان بۆ ماوی چەندان ڕۆژ ئەم ئێوارەخوانەیان کرد بەمانشێت. دەزگای ڕاگەیاندنی "ڕۆژنامەی میللی" پارتی ڕەفاه تەنانەت لە ڕستەیەکیشدا ئاماژەی بەم ڕووداوە نەکرد. تەنیا کۆواری "جومعە" نەبێت کە بۆچوونەکانی گولەنی لەمەڕ سەرپۆشەوە کرد بەمانشێت و بەهۆیەوە ڕووبەڕووی دادگە بووەوە.

گولەن گەیشتبووە ئامانجەکانی. لە کۆتاییی ساڵی شەستەکاندا پارتی ڕەفاه بەگەشەکردنێکی مەزنەوە وەک تاکە نوێنەرێکی ئیسلامی سیاسی بەرز دەبووەوە. کەچی ئێستا ئەم سیاسەتەی خستووەتە ڕەوشێکی گفتوگۆکردنەوە. چیی تر ئەرباکان تاکە دەسەڵاتی ئیسلام نییە لە سیاسەتدا. ڕکابەرێکی بەهێز و بەپێوانی لە بەرامبەردایە. فەتحوڵا گولەن بەشێوەیەکی بەرچاو لە دوو ناوچەدا کاریگەری هەبوو. لە پلانی جەمعیەتدا سەرۆکی مەعنەوی پارێزگارانی تورک و لە سیاسەتیشدا باوکی فکری کۆمارچییەکانی دووەم بوو. دەنگدانەوەی گولەن لە پلانی جەمعیەتدا پارتی رەفاهی نیگەران کرد. پارتی رەفاه کە خۆی لەسەر بنەمای درووشمی پروپاگەندەی چەپ سیاسەتی بنیات نا، گولەنی بەوە تاوانبار کرد کە موسڵمانەکانی تورکیا بەلای ڕاستڕەوی پەلکێش دەکات. گولەنی نورچی و ئەربەکانی نەقشی خاوەن مەیلی سیاسی جیاواز بوون.

گولەن، بەگەرمی تەماشای بۆچونی ئولکوجییەکانی دەکرد کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سەنتێزی فکری تورک – ئیسلام لە فاشیزم نزیک دەبووەوە کە لە ساڵی ١٩٨٠دا کودەتای سەربازییان ئەنجام دابوو. ئەربەکان لەسەر بنەمای سەرمایەدارییش بێت، بەتیۆری سیستەمی دادپەروەرانە کە بەچڕی بۆچوونی سۆسیالیستی لەخۆ دەگرت، بانگەوازی بۆ جەماوەری چەوساوە دەکرد.

## نەقشبەندییەکان: توێژی توندرەوی ئیسلامی تورک

١– لە سەردەمی عوسمانییەکاندا سەرانی خراپەکاری

نەقشبەندییەکان لە تەریقەت و جەماعەتەکانی تر چالاکوانترن. نەقشییەک کاتێک بەشێوەیەکی ڕەها پابەندی فەرمانەکانی خواوەند و پێغەمبەر (د.خ.) بێ ئەوسا دەگاتە ئارامی. وەلێ تەریقەتەکانی تر کە ڕوو لە خواوەن دەکەن ڕێگەکانی ملکەچی دەگرنەبەر. لەبەرئەوە نەقشبەندییەکان لە تەریقەتی لاوە تورکە عیلمانییەکان مەترسیدارتر بینراون. یەکەمین سەرهەڵدان کە لە سەدەی بیستەم لە ٣١ی ئاداری ١٩٠٩ ئەنجامیان دا هاتە سەرکوتکردن. ئەتاتورک کە سوور بوو لەسەر بەردەوامکردنی سیاسەتی لاوە تورکە عیلمانییەکان لە ١٩٢٥ لە ناوچەی

ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ و لە ١٩٣٠دا لە شارۆچکەی مەنەمەنی سەر بە ئیزمیر لە بەرامبەر شێخە نەقشییەکان تێکۆشینی ئەنجام داوە. نەقشییەکان لەگەڵ تەیمورلەنگی سەرکردەی مەغۆڵەکان هاتنە ناوچەی ئەنادۆڵ کە لە ساڵی ١٤٢٠ لە ئەنقەرە گورزێکی کوشندەی لە ئیمپراتۆرییەتە لاوەکەی عوسمانییەکاندا. عوسمانییەکان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ خۆیان ڕێک بخەنەوە پێویستیان بە تێزێک هەبوو کە لە ڕێگەیەوە سەرجەم بەندەکان وابەستەی پادشا بکەن. ڕێگەچارەی ئەمەشیان لە پابەندی بەئۆرتۆدۆکسی سوننە واتە لە نەقشبەندییەتیدا دۆزییەوە. هەڵکشانی نەقشبەندییەتی لە سەردەمی سەفەوییەکانیشدا بەردەوام بوو کە لە ١٥٠١ لە ئێران ئیمپراتۆرییەتێکی شیعەیان پێک هێنا. لەو سەردەمەدا کە هێشتا عوسمانییەکان بەواتای ڕاستەقینە خاوەن بنیاتێکی سوننە نەبوون، ویستیان لە بەرامبەر ئەو دراوسێیانەیان کە نارەحەتیان دەکەن هەڵوێست وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستە نەقشییەکانیان ڕاسپارد بەوەی سەرتاسەری وڵات بەتۆڕێک لە قوتابخانەی ئاینی گەمارۆ بدەن. لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بەتایبەت نەقشبەندی و بەکتاشییەکان بووبوون بەئامێرێکی مۆسیقای گرینگی ڕێکخستنی کۆمەڵگە. ئەم تەریقەتانە لەنێو سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بووبوونەوە پێوەندیی و بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان پێک هێنابوو کە هیچ سیاسەتێک نەیدەتوانی بەرپەرچیان بداتەوە. ئەستێرەی نەقشبەندییەکان لە سەرەتای سەدەی ١٩دا بەرەو خامۆشبوون چوو و دواتر خەلیفە لەبری ئەوان گوێی لەوانی تر دەگرت. لە ئەورووپاوە ڕیفۆرم هاوردە کرا و لە ١٨٥٩دا بۆ یەکەمین جار سوڵتان سەرهەڵدانی نەقشبەندییەکانی سەرکوت کردەوە کە ئاماژەیان بەنارەحەتییەکانیان دەکرد.

٢- باوکی ئیسلامی سیاسی محەمەد زاهید کۆتکو و ئەربەقانی موریدی

زیادەدین گوموشخانەوی یەکێک بوو لە شێخە گرینگەکانی نەقشی لە سەدەی ١٩دا. لەبەرئەوەی دواتر یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پایتەخت لە تەکیەی گوموشخانەیی کە بەناوی خۆی دەناسرێت وانەی دەوتەوە. محەمەد زاهید کۆتکوش کە لەدایکبووی شاری بورسایە لەم تەکیەیە پەروەردە بووە و ٤ ساڵ پاش مردنی گوموشخانەوی لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا هاتووەتە نێو ئەم تەکیەیە.

ئەتاتورک لە ١٩٢٥ کاتێک تەکیەکانی قەدەخە کرد و ناچاری کردن خەباتی ژێرزەمینی بەڕێوە بەرن، کۆتکو سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە بورسا. لە ساڵی ١٩٥٢ کۆتکو سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبۆڵ و تەکیەی گوموشخانەیی. لە ساڵی ١٩٥٩ دەچێتە مزگەوتی ئەسکەندەر پاشا لە گەڕەکی فاتح و تا ساڵی ١٩٨٠ کە کۆچی دوایی دەکات لەو مزگەوتە وەک ئیمام خزمەت دەکات. دوای ئەوەی کۆچی دوایی دەکات ئەسات جۆشکونی زاوای کە پرۆفیسۆری هەردوو زمانی عەرەبی و فارسییە جێگەی دەگرێتەوە. لە سەردەمی ئەسات جۆشکون لە تورکیادا مزگەوت ناسنامەی ناوەندی ڕوحی ئیسلام و سەرنجراکێشی خۆی لەدەست دەدا.

کۆتکو کە لە سەردەمی خۆیدا بەبەراورد لەگەڵ سەرۆک تەریقەتەکان دوور نەبوو لە بابەتە سیاسییەکان، زۆر سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە پێوەندییان

بەسیاسەتەوە هەبوو. ئەو خوێندکارانە نوێژی هەینییان لەوێ دەکرد و ڕۆژانی یەکشەمەش بەشدار دەبوون لە گفتوگۆ ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی شێخ و پرسیاریان ئاراستە دەکرد. نەجمەدین ئەرباکان یەکێک بوو لە ئەندامی ئەو گرووپەی خوێندکاران کە سەرەتا لە تەکیەی گوموشخانەیی و دواتر لە مزگەوتی ئەسکەندەر پاشا کۆ دەبوونەوە. ئەرباکان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٦ وەک کوڕی دادوەرێکی کەمالیست لە سینۆپ لەدایک بوو. سەرەتا لە زانکۆی تەکنیکی ئەستەنبوڵ بەشی ئەندازیاری تەکنیکی و دواتر لە زانکۆی تەکنیکی ئەنقەرە دوکتۆرای تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٥٦ بەپاڵپشتی و هاندانی کۆتکو و بەهاوکاری لایەنێک کە دواتر دەنگ بۆ پارتەکەی دەدەن کارگەی گوموش مۆتۆر "ماتۆری زیو"ی دامەزراند. لە ساڵی ١٩٦٣ سەرلەنوێ گەڕایەوە زانکۆ و وەک پرۆفیسۆر دەستی کرد بەوانە وتنەوە. لە ١٩٦٦ بەدواوە لە ئەنقەرە لە یەکەتیی بۆرسە و ژووری بازرگانی تورکیا "ت.ئۆ.ب.ب." دەستبەکار بوو. لە ساڵی ١٩٦٩ لە هەڵبژاردنەکانی یەکەتییەکەدا وەک سەرۆک هاتە هەڵبژاردن. دەمیرال کە لەو دەمەدا سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو و وەک ڕکابەرێکی سیاسی خۆی دەیڕوانییە ئەربەکان، ئەنجامی هەڵبژاردەنەکەی پەسند نەکرد و بەبەکارهێنانی هێزی پۆلیس ئەرباکانی لە"ت.ئۆ.ب.ب." دەرخست. دواتر ئەرباکان ویستی لەسەر لیستی پارتی عەدالەت لە شاری کۆنیا خۆی کاندید بکات، وەلێ بەهەمان شێوە دەمیرال قبووڵی نەکرد. هەر بۆیە ئەرباکان وەک کاندیدێکی سەربەخۆ بەشداری کرد لە هەڵبژاردنەکان و بوو بەئەندام پەرلەمان.

٣- لە نیزامی میللی و پارتی سەلامەتی میللییەوە بەرەو پارتی ڕەفاه

ژمارەیەکی زۆر لەو موسڵمانە پارێزگارانەی لەنێو سیاسەتدا جێگەی خۆیان دەگرت لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی دەمیرال پێڕەوی دەکرد ناڕەحەت بوون. محەمەد زاهید کۆتکو یەکێک بوو لەوان. ئەم شێخە کە لە تورکیادا یەکێک بوو لە شێخە هەرە گەورکانی نەقشییەکان، ساڵانێکی درێژ بوو لە هەوڵی پراکتیزەکردنی پارتە ئاینییەکەی خۆی بوو. لەم ڕێگەیەدا کۆمەڵێک لە هەوڵەکانی بێ ئاکام بووبوو. وەلێ ئەم جارەیان هەلومەرج لەباربوو. لە ساڵی ١٩٦٧دا لەنێو پارتی عەدالەتدا بەسەرکێشی ئا. تۆفیق پاکسو و حەسەن ئاکسای ڕکابەرییەکی ئیسلامی پێک هاتبوو.

کۆتکو، نەجمەدین ئەرباکانی هەڵبژارد کە موریدی خۆی و دامەزرێنەری پارتی ئیسلامی بوو. بەهۆی کارگەی گوموش مۆتۆر "ماتۆڕی زیو" لە سەرتاسەری وڵات ناسرابوو و لە ئەنجامی ناهەقییەکانی دەمیرال لە دیدی گەلدا کەسێکی ستەمدیدە بوو. ئەرباکان لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا لەگەڵ ١٧ هاوڕێی خۆیدا پارتی نیزامی میللیی "م.ن.پ." دامەزراند. ئاکسای و پاکسو یەکێک بوون لە دەستەی دامەزرێنەری پارتەکە.

لە ساڵی ١٩٧٠دا لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی کودەتای سەربازی بۆ دووەمین جار، لەگەڵ داخستنی پارتەکانی تردا پارتی نیزامی میللیش داخرا.

ئەرباکان هەڵات بۆ سویسرا. جەنەڕاڵەکان داوایان لە ئەرباکان کرد بۆ لاوازکردنی دەمیرال

پارتێکی ئیسلامی نوێ دابمەزرێنێ. لە مێژووی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ پارتە نوێیەکە لەژێر ناونیشانی پارتی سەلامەتی میللی "م.س.پ" هاتە دامەزراندن. لە ساڵی ١٩٨٣ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا لە سەدا ١١,٨ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. ڕێژەی دەنگەکانی پارتی عەدالەت لە سەدا ٤٦,٥ بۆ لە سەدا ٢٩,٨ کەم بووەوە. "م.س.پ"بەشی هەرە زۆری دەنگەکانی لە ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵات کۆ کردبووەوە و لەگەڵ پارتی کۆماری گەل "ج.هـ.پ." حکومەتێکی ئیئتیلافییان دامەزراند. ئەرباکان بوو بەجێگری سەرۆک وەزیر و "م.س.پ" کۆی گشتی ٦ وەزارەتی وەرگرت. کۆرکوت ئۆزالیش یەکێک بوو لەو وەزیرانەی "م.س.پ" کە پۆستی وەزیری کشتوکاڵی وەرگرت.

وێڕای ئەوەی ئەو موسڵمانانەی سەر بە تەریقەتی نەقشی بوون پارتی نەتەوەپەرستی گەل "م.هـ.پ." و پارتی سەلامەتی میللی "م.س.پ"یان دامەزراندبوو، لەنێو ڕیزەکانی پارتەکەدا لایەنی سەر بە نورییەکانیش بوونیان هەبوو. لە نێوان هەردوو پێکهاتەدا بەهۆی کارایی نەقشییەکان، لەنێو پارتەکەدا ئاڵۆزی بەدەر دەکەوت. یەکەمین و گەورەترین ئاڵۆزی لە ساڵی ١٩٧٤ خۆی نواند. نەقشییەکان لە بەرژەوەندی ئەو پێشنیازەی کە لەسەر خواستی ئەجەوید لە پەرلەماندا خرایە بەرباس سەبارەت بەچۆنیەتی دەنگدان دەنگیان دا و پێشنیازەکە پەسند کرا. نورییەکان وەک لێبووردنی کۆمۆنیستەکان ئەم بابەتەیان نرخاند و لە دژی لێبووردنی تاوانباری سیاسی هەڵوێستیان وەرگرت. ئەم دوو گرووپە بۆ دووەمین جار لە ساڵی ١٩٧٦ لە سێیەمین کۆنگرەی "م.س.پ." ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. ئەرباکان ڕێگری کرد لە نوێنەرایەتیکردنی نورییەکان بەژمارەیەکی زیاتر لە ئەنجوومەنی پارتەکە لەوەی پێشتر دەستنیشان کراوە. لەبەرئەوە ژمارەیەک لە نورییەکان دەستیان لە کار کێشایەوە و وازیان هێنا لە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی خۆیان لەنێو پارتەکەدا. لە قۆناخەکانی دواتر پارتی سەلامەتی میللی "م.س.پ" و پارتی ڕەفاه کە بەردەوامی هەمان پارتییە، لەلایەن نورییەکانەوە زۆر بەکەمی پاڵپشتی لێ کرا. لەو هەڵبژاردنە پێشوەختەی لە ساڵی ١٩٧٧دا ئەنجام درا پارتەکەی ئەرباکان "م.س.پ." ڕێژەی سێ خاڵی لەدەست دا و ڕیژەی دەنگەکانی بۆ لە سەدا ٨,٦ کەم بووەوە. ئەرباکان لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٧دا بەشداری کرد لە بەرەی نەتەوەپەرستی کە بەسەرۆکایەتی دەمیرال حکوومەتی پێک هێنا و لە پاش ساڵی ١٩٧٧ بڕیاری دا بەشداری حکوومەت نەکات و وەک ئۆپۆزیسیۆن بمێنێتەوە. ئەم هەنگاوە "م.س.پ."ی بەرەو ڕادیکالیزم برد. "م.س.پ." کە تاوەکو ئەو کاتە پارتییەکی ئیسلامی خاوەن پێوان بوو. کاتێک بوو بەئۆپۆزیسیۆن داواکاری وەک کردنی ڕۆژی هەینی بەپشووی فەرمی و لەبری هاوسەرکاری بەڕێگەی فەرمی ئەنجامدانی هاوسەرکاری بەڕێبازی ئاینی خستە ڕوو. هاوکات لە هەمان قۆناخدا لە دژی بۆزکورتەکان لەژێر ناونیشانی گرووپی جەنگاوەری سوارچاک گرووپێکی تێکۆشەریان دامەزراند.

لە چوارچێوەی داواکاری بەشێکی زۆری خەڵک ئەو سەرکردانەی سوپا کە لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتدا و کۆتاییان هێنا بەو تیرۆرەی باڵیان بەسەر شەقامەکاندا گرتبوو. پارتە سیاسییەکانیان قەدەخە کرد و بڕیاری قەدەخەکردنی بەشداربوون لە سیاسەت بۆ

ماوەی ١٠ ساڵیان بەسەر سەرکردەی پارتە سیاسییەکاندا سەپاند. لە ١٩ی تەمووزی ١٩٨٣ پیاوە بڕواپێکراوەکانی ئەرباکان پارتی ڕەفاهیان دامەزراند. پارتی ڕەفاه لەلایەن پارتی نیشتمانی دایک "ئا.ن.ئا.پ." کە تورگوت ئۆزال سەرۆکایەتی دەکرد هاتە لاوازکردن. پارتی ڕەفاه ئەو ئەنجامەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێنا گەلێک درەوشاوە نەبووە. وێڕای ئەوە لە ساڵی هەشتاکاندا یەکێک بوو لەو پارتانەی بەشێوەیەکی جێگیر و بەردەوام ڕێژەی دەنگەکانی خۆی زیاد کرد. لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی ساڵی ١٩٨٤دا کە ڕێژەی دەنگەکانی لە سەدا ٤,٤ بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٩دا ڕێژەی دەنگەکانی گەیشتە لە سەدا ٩,٨ و لەو هەڵبژاردنە ناوچەییانەی کە لە پاش ٥ ساڵی تر هاتە ئەنجامدان ڕێژەی دەنگەکانی گەیشتە لە سەدا ١٩, دەکرێ زۆربوونی ڕێژەی دەنگەکانی بەو گۆڕانکارییانە ببەستینەوە کە تورکیا لە ساڵانی ٨٠کاندا پێیدا تێپەڕ بوو.

## ڕووە نوێیەکەی پارتی ڕەفاه

لە پاش ئەتاتورک کە دامەزرێنەی کۆمارە، بێجگە لە تورگوت ئۆزال کەسایەتییەکی تر نەبووە توانیبێتی گۆڕانکارییەکی ئەوەندە بەهێزی لە تورکیادا ئەنجام دابێ. لیبرالیزمی ئابووری کرانەوەیەکی نوێ و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەوڵات بەخشی. ئۆزال لە ساڵانی دواییدا بۆ ئەو پرۆژانە لار دەبووەوە کە دەبووە تەواوکەری ئەو ریفۆرمانەی لە بواری ئابووریدا گۆڕانکاری ڕیشەییان لە خۆ دەگرت وەک پردێک بوون بۆ گەیشتن بە"یەکەمین کۆمار" کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی فرەلایەنی لە ئامێز گرتبوو. هەردوو گۆڕانکاری لیبرالیزمی ئابووری و ناوەندی گفتوگۆی سیاسی کەوتە نێو شەڕێکی توند لەگەڵ ڕاستییەکانی کەمالیزم کە ساڵانیکی درێژە وەک شمشێری دیمۆقلیس بەسەر تورکیادا بەهەڵواسراوی ماوەتەوە. ئەم دوو بابەتە بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریگەریی کردە سەر پێشکەوتنی بزووتنەوە ئیسلامییەکان.

١- ساڵی ٨٠ کان لە تورکیا دا

١-١- گۆڕانی کۆمەڵگە

تورگوت ئۆزال تورکیای دەوڵەتچی گۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و ئابووری بازاڕ. هەموو کەسێک تەنانەت ئەو دیندارانەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لە بەرچاو نەدەگیران بەر لە هەموو شتێک ئاکتەرێکی نەناسراوی ئەم بازاڕە بوون. ئەم گۆڕانکارییە ژمارەی ئەو هەژار و بێ چارانەی زیاد کرد کە لە وارشۆدا لەژێر پاڵەپەستۆ بوون و ماتە وزەی دەنگدەری پارتی ڕەفاه بوون. گفتوگۆکردن لەبارەی دووەمین کۆمار لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا تێکچوونێکی نوێی ڕۆشنبیرانی پێش خست. لەنێو ئەوانەدا کەسانی عیلمانی هەبوون کە ئامادە بوون بتەکانی یەکەمین کۆمار تێک بشکێنن. بەواتەیەکی گشتی ئەم پرەنسیپانەی کەمالیزم هاووڵاتییانی لە چوارچێوەی "عیلمانییەت و تورکی سوننە" لەیەکتر جیا کردبووەوە. بەهۆی ئەمە نەوەی نوێ لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەو ئاڵۆزی و

ناکۆکییەی لە ئەنجامی ئەم جیاکارییەوە دروست بووە بەڕاشکاوی گفتوگۆی لەبارەوە بکات و بەئەنجامی بگەیەنێ. ڕۆشنبیرە لیبرال - عیلمانییەکان لە هەوڵی دروستکردنی وتووێژدا بوون لەگەڵ لایەنە بڕواهێنەرەکاندا و لە چوارچێوەی یەکخستنیان لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە هەیە ئاماژەیان بەبۆچوونەکانی خۆیان دەکرد. ئازادی لە ژیانی ئایندا نەوەیەکی ڕۆشنبیری موسڵمانی لیبرالی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئیتر ئەوانیش چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، سازش و زۆرینەیی دەپارێزن و بەشێوەیەکی گشتی لە تەریقەت و گرووپە ئاینییەکان دابڕاون. لەنێو ئەمانەدا سلێمان ئاتەشی کە پیاوێکی فکری بوو و عەلی بولاچی ڕاوێژکاری ئەردۆغان و سەرۆکی شارەوانیی ئێستەی ئەستەنبوڵ جێگەی خۆیان دەگرت. ئەمانە لەنێو پارتی دیموکرات "د.پ." کە ئایدن مەندەرەس سەرۆکایەتی دەکرد، پارتی نیشتمان "یە.پ." کە یوسف ئۆزال سەرۆکایەتی دەکرد، بزاڤی دیموکراسی نوێ "یە.د.ھ." کە جەم بۆینەر سەرۆکایەتی دەکرد و لەنێو پارتی ڕەفاه "ڕ.پ." دا چڕ بووبوونەوە.

١-٢- کرانەوەی پارتی ڕەفاه بەڕووی دەرەوەدا

لە پاڵ ئەم پێشکەوتنانەدا پارتی ڕەفاهیش ئاراستەی خۆی گۆڕی. هەر دوو پارتی نیزامی میللی "م.ن.پ." و پارتی سەلامەتی میللی "م.س.پ" لەلایەن تەریقەتەکانەوە شێوەیان پێ درابوو. بەبەکارهێنانی پەیڤە ئاینییەکان ئاماژەیان بەڕەخنەکانیان دەکرد. ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵی پارێزگار عەمباری گەرەنتی ئەو دەنگانە بوو کە پشتیان پێ دەبەستی. لە ساڵی ١٩٨٠کاندا ئەم پارتە ڕووی کردە چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان و بەو ئاراستەیە هەنگاوی نا. لەوەتەی ڕێکخستن و کێشەکانی بەڕێوەبردن بایەخدارتر بوون لە ئاین و کێشەکانی خەلیفایەتی، لەمپەر خستنەپێش ئیسلامیبوون و بێکاریگەرکردنی ئەو ڕەخنانەی پێشتر تا ڕادەیەک ئاسان بوون و لەسەر بنەما ئاینییەکان بنیات دەنران، لە بەرامبەر تێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان پارتی ڕەفاه کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. لەبەرئەوەی لە ساڵی ٨٠کان بەدواوە لایەنی ئیسلامی سیاسەتی پەسند کرد و ڕووی لە پارتە پارێزگارەکان وەرگێڕا و گەڕایەوە پارتەکەی خۆی، لەنێو پارتی ڕەفاهدا دوو باڵ پێش کەوت. "نەریتگەران" و "نوێخوازان".

نەریتگەرەکان دەیانەوێ بەردەوامی بەو ئایدیۆلۆجیایە ئاینییە بدەن کە تا ئێستە پارتەکەیان بەبنەمای گرتووە و بەشی هەرە زۆری لە ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ پشتگیرییان لێ دەکرێت. نوێخوازانیش بەسەرۆکایەتی تەیب ئەردۆغان بەپێچەوانەی ئەوانی تر بنەچەیان لە شارە گەورەکانە. ئەمانە لە نەریتگەرەکان دیموکراتتر یان عیلمانی تر نین، یاخۆ مەسەلە ئەوە نییە کە ئەوان لەوانی تر کەمتر ئیسلام یان کەمتر ئیسلامی نین. مەسەلەکە لەبارەی شێوەیە. باڵادەستن لە ڕیکلام و شێوازە مۆدێرنەکانی و وەبازارخستن. بەبنەماگرتنی ئەم ڕێوشوێنە لە هەوڵی گەیاندنی پارتەکەیانن بەو دەنگدەرانەی پێوەندیی ئاینییان نییە و دەیانەوێ دەنگەکانیان قازانج بکەن. بەم شێوەیە کەوتووەتە سەر ڕێگەی دەرچوون لە پارتێکی ئایدیۆلۆجی و خۆ گەیاندن بەپارتێکی جەماوەری. لەلای عەلەوی

و مەسیحییەکانیش خۆیان خۆشەویست دەکەن، هاوکات سەرنجی دەنگدەرانی ئافرەتانیشیان دۆزیوەتەوە. گولای پنارباشی "شاجوانی تورکیا" و نمایشکاری ناوداری سالآنی ١٩٨٠ لە تورکیا یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەم پارتە. هاوشێوەی فلیز ئەرگانی کە دوکتۆری ددان و نوێنەری گەل بوو لەسەر لیستی پارتی نیشتمانی دایک لە ڕابردوودا و لەبارەی پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئەندامێکی تری پەرلەماندا کە خێزانداربوو ناوی بەڕیسوایی دەرچوو. بێگومان سەرجەم ئەندامانی پارتەکە ڕازی نەبوون بەم پێناسە نوێیەی پارتەکەیان و ڕۆژنامەوان سادق ئالْبایراک کرانەوەی بەڕووی دەرەوە وەک ڤایرۆسێکی مەترسیداری دەنرخاند کە لە هەموو نووسینگەکانی پارتی دزەیان کردبێتە نێو کۆمپیتەرەکانیانەوە. لە ئەنجامدا ئەو سەرکەوتنەی پارتەکە لە شارە گەورەکاندا بەدەستی هێنا، بووە هۆی کزکردنی ئەو دەنگە بەرەنگارانە.

٢- دەنگدەرەکانی پارتی ڕەفاه

٢-١- پارتی ڕەفاه: ئەلتەرناتیفی شارنشینەکانە

لە بەرامبەر ئەو پارتانەی کە ناوەکانیان هاوشێوەیە لەگەڵ بەرتیل و گەندەڵیدا، پارتی ڕەفاه لە شارە گەورەکاندا سەرکەوتوو بوو. پارتە نەریتییەکان پرۆگرامیان نەبوو و لە ڕێگەی کاندیدە کاریگەرەکانیانەوە بەڵێنیان بەخەڵک دەدا و ئەندامیان پەیدا دەکرد. بەبنەماگرتنی سیستەمی دادپەروەری پارتی ڕەفاه بووە بەیەکەمین پارتی خاوەن پرۆگرام لە تورکیادا. ژمارەیەکی زۆری دەنگدەر لە پارتەکەی خۆیان زیاتر بڕوایان بەوە هەبوو کە ئەم پارتە کۆمەڵگەیەکی خاوێنیان بۆ دەستەبەر بکات. لەبەرئەوە پارتی ڕەفاه "ڕ.پ." لە پاش ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ گەورەترین سەرکەوتنیان لە ناوچەی خانووە بێ تاپۆکان بەدەست هێنا. ئەو ناوچانە پێشتر قەڵای چەپ – عیلمانییەکان بوو. وەلێ ئەو چەپانەی سەرۆکایەتی شارەوانییان دەکرد هەروەک چۆن بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد، لە ڕێگەی وەرگرتنی بەرتیل و گەندەڵی گیرفانەکانی خۆیان پڕ کرد و دەنگدەرانیان لەبیر کرد. هاوشێوەی پارێزگاران چەپی تورکیش ئەو تەنگژە ئایدیۆلۆجییەی لە ساڵی ١٩٨٠کاندا ڕووبەڕووی بووبوونەوە زیاتر قوڵبووە و هەڵبژاردنی چەپی تورکی بەئاراستەی ناوەندی ڕاست لە سیاسەتی تورکیادا چەسپاند.

لە نەریتی تورکیادا سێیەکی دەنگدەری تورکیا بەگشتی دەنگیان بە چەپ دەدا. بەگوێرەی گەشبینترین ئەگەر تا ئێستە نیوەی ئەوانە دەنگ بەچەپ دەدەن، نیوەکەی تریشیان بەرەو پارتی ڕەفاه خلیسکاون. بەگوێرەی بۆچوونی زانا سیاسییەکان ڕێژەی دەنگەکانی ڕەفاه نێزیکەی لە سەدا بیستە و سێیەکی ئەم دەنگانە دەنگدەری کلاسیکی "م.س.پ." یە کە لایەنگری ئاینین و دوو لەسەر سێیەکەی تریش ئەو دەنگدەرانەن کە لەلایەن پارتە چەپەکانەوە لەدەست دراون. عەبدوڕەحمان دیلیپاک ئاماژەی بەوە دەدا "پارتی ڕەفاه چیتر ئەو پارتە نییە کە بۆنی تەپاڵە و تەوێڵەی لێ بێت"، پارتی ڕەفاه بووە بەپارتێکی شاری. ئیتر بزاڤە ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلامیش لە شارە گەورەکاندا پێش دەکەوێ و مەزن دەبێ. لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی ١٩٩٤

بەدواوە شـارەوانیی شـەش شـاری گـەورە و ٢٢ شـاری تر لـە تورکـیا بـەدەست پارتی ڕەفـاه بوو. سەرۆکایەتی ئـەم شارانەی لە پارتی ڕێگەی ڕاست "د.یە.پ."، پارتی نیشتمانی دایک "ئا.ن.ئا.پ."، پارتـی سـۆسـیـال دیمـوکـراتی گـەل "س.ھ.پ."، پـارتی کـۆمـاری گـەل "ج.ھ.پ." و پارتی چەپی دیموکراسی "د.س.پ." بەدەست خست.

٢-٢- لەبارەی کوردەوە

سالّی هەشتاکان تەنیا چاودێری خستنەسەر پارتی ڕەفاه و تورکیای لەگەڵ خۆیدا نەهێنا. لەم سالانەدا تێڕوانینی کوردەکانیش بەرامبەر بەکۆماری تورکیا گۆڕا. بەرەو کۆتاییی سالّی ٧٠کان ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارەکانی "م.س.پ." لە کوردەکانی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ پێک هاتبوون. وەلێ بەلای ئەم کوردانەوە هێشتا مەسەلەی کورد هیچ واتایەکی نەدەبەخشی. پۆلیتیزەبوونی کوردەکان و لەگەڵ بەرزبوونەوەی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان"پەکەکە"دا، لەلایەن پارتی ڕەفاه تەنیا باسکردنی برایەتی ئیسلام و بێدەنگبوونی لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی تر کە ڕوویان دەدا ئیتر نەدەبوو بەوەلام.

لە ١٠ی تشـرینی یەکـەمی ١٩٩٣دا ئەو ڕێککەوتنـەی لەگـەڵ بـەرەی نەتەوەپـەرست "م.ج.پ."دا ئەنجامی دا بۆ تێپەڕکردنی بەربەستی ڕێژەی لەسەدا ١٠ی دەنگەکان، بەگران لەسەر قەلاکانی هەڵبژاردنی پارتی ڕەفاه ڕاوەستا. لە دوای هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ ئەم ڕێککەوتنە هەڵوەشایەوە. دوا بەدوای ئەوە ڕێکخستنی ویلایەتی ئەستەنبۆڵ کە سەر بە پارتی ڕەفاه بوو و لەلایەن تەیب ئەردۆغانەوە بەڕێوەبەرایەتی دەکرا ڕاپۆرتێک لەبارەی کێشەی کورد ئامادە کرا و بەمەش هەوڵ درا ئەو ساردییـە نەهێڵرێت کـە کەوتبووە نێوان دەنگدەری کـورد و پـارتی ڕەفـاهی نەریتگەر. لەم ڕاپۆرتەدا ئامـاژە بەوە درابوو "ئـەم گـرژییـەی باشـووری ڕۆژئاوای تورکـیـا لەبنهـاتنی دەوڵەتی کەمالیستی پێشان دەدات و پێویستە ناسنامەی کورد بناسرێ و سەرجەم ئەو یاسایانە لابدرێ کە لەمپەر دەخەنە پێش پەسندکردنی کورد. مەرجە زمانی کوردی وەک زمانی خوێندن پەسند بکرێ".

بەم شێوەیە پارتی ڕەفاه لە پاش ڕێککەوتنی لەگەڵ بەرەی نەتەوەپەرست "م.ج.پ." بۆ جارێکی تر یەکەمین پارتی گەورە بووە جەختی لەوە کردووەتەوە کە کێشەی کورد تەنیا دەکرێ بەشێوازێکی سـیاسی چارەسـەر بکرێ. لە پاش داخـستنی پارتی ڕەنجی گەل "ھ.ئە.پ." و پارتی هاوشـێـوە، پـارتی ڕەفــاه بۆ ژمــارەیەکی زۆری کــورد بووبوو بەتاکــە پارتێک کــە دەنگی بۆ بدات. لە هەڵبـژاردنەکـانی ٢٧ی ئاداری ١٩٩٤ بەهۆی بایکۆتکردنی هەڵبـژاردنەکـان لەلایەن پـارتی ڕەنجی دیموکراتی گەل "ھ.ا.د.ئە.پ." لە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا پارتی ڕەفاه بەرزترین ڕێژەی دەنگی بەدەست هێنا.

وەلێ وا پێ دەچێ کە ناوچە کوردنشـینەکـان سـەری پارتی ڕەفاه بـهێـشـێنێ! لەبەرئەوەی لە سەرێکەوە دەنگی دەنگدەرانی کورد وەردەگرێ کە لە شەڕ بێزار بوونە و لە سەرێکی ترەوە لەپێناو لاوازکـردنی پارتی کـرێکارانی کـوردسـتـان "پەکـەکـە" نـاچار دەبوو ئەو دەوڵەتـە بپـارێزێ کـە زۆر

خۆشەویست نەبوو. هاوکات ئەو سەربازانەی لە هەرێمەکدا لە ئەرکدا بوون، پۆلیسەکان و ئەو جاشانەی لەلایەن دەوڵەتەوە موچەیان پێ دەدرا، لەنێو ئەو دەنگدەرانە هێژمار دەکران کە گشتیان لایەن بوون لەو شەڕە خوێناوییەی لە هەرێمەکەدا بەڕێوە دەچوو.

٣- لەبارەی پرۆگرامی پارتی ڕەفاه

ئیسلام لە تورکیادا تەنیا خۆی لە ئیسلامی دەوڵەتانی دراوسێ جیا ناکاتەوە. هاوکات لە تەواوی جیهانی ئیسلامدا بزووتنەوەیەکی ئیسلامی مۆدێرن و بەرژەوەندخوازی وەک تورکیا بوونی نییە. بەپێچەوانەی وڵاتە ئیسلامییەکانی تر لە ڕۆئاوادا تورکیا بەخراپی پێشان نەدراوە. ڕۆئاواییبوون هەنگاوی بەرەوپێش ناوە و فراوان بووە، بەتایبەت پارتی ڕەفاه بەشێوەیەکی زۆر بەهێز پشتی پێ دەبەستێ. فەتحوڵا گولەن کە زیاتر مەیلی بەلای ڕۆئاوادا دەشکێتەوە بەگوێرەی سروشتی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەرباکان کە لایەنگری بەستنی پێوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ وڵاتە ئیسلامییەکان.

لە تورکیادا دوژمنایەتیکردنی ڕۆئاوا هاوشێوەی جیهانی ئیسلام بەدەر نەکەوتووە. موسڵمانە عەرەبەکان بەهۆی شەڕی خاچپەرستەکان و داگیرکارییەوە وەک دوژمن دەڕواننە ڕۆئاوا و کرستیانەکان. لەم شەڕەدا کریستیانە ئۆرتۆدۆکسەکان هاوپەیمانی ئەوان بوون. لە بەرامبەر ئەمەدا تورکە سەلجوقییەکان ئەسپسواری خاچپەرستەکانیان دۆڕاندبوو و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیش وەک هێزێکی داگیرکەر بەشێکی زۆری لە ئەوروپا بوو. لەبەر ئەم هۆیە تورکیا هەردوو وڵاتی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسیا و یۆنان بەردەوام وەک هەڕەشە و مەترسی بۆ خۆی دەبینێ.

هاتنە سەر دەسەڵات لەلایەن پارتی ڕەفاه و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیلمانی بیرکردنەوەیەکی ئاسان نییە. هەرچەندە لە تواناد نەبێ بەژمارە ئاماژەی پێ بکرێت، وەلێ لەنێو دەنگدەرانیدا ژمارەیەک ئەفسەر جێگەی خۆیان دەگرت. لە بەهاری ١٩٩٤دا لە کاتێکدا دەنگدان کرا، لەبارەی وەرگرتنەوەی مافی پارێزراوی لە ٨ ئەندام پەرلەمانی پارتی ڕەنجی گەل "د. ئە. پ." ئەوانیش لەگەڵ پارتەکانی تردا دەنگیان بە "بەڵێ" دا.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٩١ بەدواوە لە چوارچێوەی پرۆگرامە فەرمییەکاندا کاتێک پێویستی بکردایە سەردانی گۆڕی ئەتاتورکی دەکرد کە ساڵانێکی زۆر سەردانی نەدەکرد و گرینگی پێ نەدەدا. پارتی ڕەفاه و ئەرباکان کە بەڵێنی بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێزی دابوو، دەستی کردبوو بەپیاهەڵدان بە سوپادا و سڵاو و ڕێزی بەسەردا دەباراند. پارتەکە بوو بەپارچەیەک لەو سیستەمە. کۆمەڵگەش لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە پارچەیەکە لەو.

پارتی ڕەفاه لە بەرنامەی پارتەکەیدا سیستەمی دادپەروەری خستە مەیدان. بۆ کۆمەڵگەیەک کە لەنێو چنگی گەندەڵی و نایەکسانیدایە دروشمێکی ئەلتەرناتیفە و لە هەمان کاتدا بێهوودەیە و خەیاڵێکی ناوەختە. سلێمان قەرەگوللەی داهێنەری پرۆژەکە کە لە نێزیک شاری ئیزمیر کۆمەڵگەی هەرەوەزی ئاک ئەقڵەری دامەزراندووە و لە دوای ڕووخانی سۆڤیەتی ڕوسیا بۆ ماوەیەکی کاتی

ڕاوێژکاری ئاگایەڤی سەرۆک کۆماری کرگزیستان بوو، پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی بەبرِوانامەی ئیسلامی بۆ ئەم کۆمەڵگە هەرەوەزییە ئیسلامییە پێک هێنا. ئەو سیستەمە دادپەروەرەی ئەرباکان بەڕاستی داناوە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە بووە بەپرۆگرامی فەرمی پارتەکە.

## IBDA-C-و حیزبوڵا: ڕەهەندی شەڕوان

تاوەکو ئێستە ئەو موسڵمانانە یان ئیسلامییانەی باسیان لێوە کرا کەم تا زۆر ئاوێتەی سیستەمی ئێستای تورکیا بوونە. مەترسی ڕاستەقینە لە دوو بزووتنەوە شەڕەوانییەوە چاوەڕوان دەکرێ. هەر دوو بزووتنەوەکە بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆهەڵات "IBDA-C-" و حیزبوڵای تورک بیر لە تێپەربوونێکی دیموکراسییانە ناکەنەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی پێدا تێپەڕ بێ. حساب بۆ ئەوە ناکەن. لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەبر و زۆری چەسپاندنی شەریعاتیان کردووەتە ئامانج. ئەم هەردوو ڕێکخستنە لە نیوەی یەکەمی ساڵانی ١٩٩٠ وەک بەرپرسی بەشێکی زۆری کردەوە تیرۆریستییەکان دەبینران. بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆهەڵات "IBDA-C_" لە شارە گەورەکانی ڕۆئاوا، حیزبوڵاش لە باشووری ڕۆئاوای ئەنادۆڵ.IBDA-C_ لە دەورووبەرێک دەکەوێتە سەر ڕێ کە کوردن و پرۆپاگەندە بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی یەککگرتووی گەورە دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی حیزبوڵاش لەو ئیسلامییانە پێک هاتوون کە لەنێو هێزەکانی تەناهیدا جێگەی خۆیان گرتووە و لە بەرامبەر دابەشکەرانی کورددا شەڕ دەکەن.

١– :BDA-C – سەرکردەکانیان کوردن و ئامانجیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە

تابلۆی بانگەوازی بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆهەڵات "IBDA-C" تابلۆیەکی دوو وێنەییە کە تابلۆ ناودارە سیانییەکەی مارکس، ئەنگلس و لینین وەبیر دەهێنێتەوە. لەلای چەپ شاعیری سۆفی نەجیب فازل کساکورەک بەڕیشە سپییەکەیەوە کە ئەندازیاری بزوتنەوەکەیە و لەلای ڕاستەوە ساڵح میرزا بەیئۆغڵو کە تەواوکەری خۆیەتی و هاوکات موریدییەتی بەڕیشێکی کورت و نێوچەوانێکی کەمێک دەرپەڕیوەوە. کساکورەک ژێرخانی تیۆری ڕۆهەڵاتی گەورە "ب.د."ی ئامادە کرد. میرزا بەیئۆغڵوش دیدی خۆی بەسەر یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆهەڵات IBDA_دا پیادە کرد. لە کۆواری "هەڵوێست"دا کە یەکێک بوو لە ڕاگەیاندنەکانی بزووتنەوەکە وەک ئەندازیاری پلانی ڕۆهەڵاتی گەورە دەنرخێنرێ و یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆهەڵات "IBDA_" یش لە دروستکەرەکەی دەچوێنرێ. لە کۆوارەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کە ڕۆهەڵاتی گەورە "ب.د." کۆشکێکی لە کریستال ئاسایە و IBDA_یش ئەو قەڵایەیە کە دەوری داوە و پارێزگاری لێ دەکات.

نەجیب ساڵح کساکورەک (١٩٠٥–١٩٨٣) موریدی شێخ عەبدولحەکیمی ئارڤاسییە کە کوردە و هاوکات نەقشبەندییە. لە ساڵی چلەکاندا لە کۆواری ڕۆهەڵاتی گەورە کە خۆی وەشانی دەکرد، لەبارەی بیری ڕۆهەڵاتی گەورە "ب.د." کە ئامانجی گەیشتنە بە "دەوڵەتی ئیسلامی یەککگرتوو"ی

گەورە و لە ئەنجامی هاتنەپاڵ یەکتری دەوڵەتە ئیسلامییەکان دێتە دامەزراندن، ئامانجەی بەبۆچوونەکانی خۆی کرد و هاوکات ئاماژەی بەهەمان بۆچوونی خۆی داوە لە کتێبەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی "بەرەو ڕۆژهەڵاتی گەورە (١٩٥٩)" و "چنینی ئایدیۆلۆجی (١٩٦٨)"دا. بەهۆی دەرچوونی لە دژی کۆماری تورکیای عیلمانی ساڵانێکی زۆر لە گرتیگە ژیانی بەسەر بردووە.

میراز بەیئۆغڵو کە لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە، سەربە خانەوادەیەکی کوردە. باوکی هاوڕێی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کوردی باکوری عێراقە. لە سەرەتای ساڵی ٧٠ کان دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی "م.س.پ." کە ئەرباکان سەرۆکایەتی دەکات. لە ساڵی ١٩٧٧دا گرووپی شەڕوانی سوارچاکان دادەمەزرێنن و لە کامپەکانی سوارچاکان مەشق لەسەر بەکارهێنانی چەک دەکەن. کۆمەڵێک لاو لەنێو ئەوانەی کە تازە بووبوون شەڕوان و ناوی هێزی سوارچاکیان لەخۆ ناوە لە گرووپەکە جیا دەبنەوە. دواتر لە ساڵی ٨٠کاندا لە کۆوارێکدا خۆیان بەناوی ئاک دۆغوش ناساند. میراز بەیئۆغڵو کە "م. س. پ."ی بە پاسیف بوون تاوانبار دەکرد یەکێک بوو لە ئەوان. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا نەجیب فازل کساکورەک دەناسێ. بەبۆچوونی شاعیر دید و پرۆژەکانی ئەم لاوانە پراکتیزە ناکرێت، هەر بۆیە پشتیان تێ دەکات. میراز بەیئۆغڵو تاوەکو ساڵی ١٩٩٥ نێزیکەی ٣٠ کتێبی نووسیوە. زمانی کتێبەکانی واتایی و تیۆرییە.

خەزێنەی وشەکانی میراز بەیئۆغڵو دوورە لە هی کەسێکی تورک کە پەروەردەیەکی مامناوەندی بینیبێت. بۆچوونەکانی لە ژێر کاریگەریی فەیلەسووفە ڕۆئاواییەکاندایە. کۆواری ئاک دۆغوش لە چوار ژمارەی خۆیدا "بەو زانایە وەسفی دەکات کە ٥٠٠ ساڵە جیهانی ئیسلام چاوەڕێی دەکات. ڕەخنەگرە چەپەکان، خۆی و گرووپەکەی وەک شەقاوەی گەڕەک و گرووپە شەریعەتچییەکانی تریش وەک ئەریستۆکراتەکانی گەڕەک ناوزەد دەکەن.

ئامانجی بزووتنەوەکە هەتا ساڵی ٢٠٠٠ لە تورکیادا دەستپێکردنی داگیرکارییەکی ئیسلامییە. لە ناوەڕاستی ساڵی ٨٠ کان سوارچاکەکان لە دەوروبەری ساڵح میرزائۆغڵو لە شێوەی IBDA-C_ خۆیان بەڕێکخستن کرد. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خۆیان بپارێزن بەگوێرەی سیستەمی خانە خۆیان ڕێکخست. لە ژێر سەرپەرشتی "عەلی عوسمان زۆری" فەرماندەی یەکەتییەکە گرووپی یەکجار زۆر هەبوو کە نەدەهاتە هێژمارکردن. کیشوەری بەرپەرچدانەوەی ئیسلامی "IKK_"، تیمی بەرپەرچدانەوەی ئیسلامی "IKT_"، سوپای پارتیزانی ئیسلامی "IGD_"، بەرپرسی ڕێکخستنی گەرەکەکانی (چوارشەمە، کارا گومروک، گەرەکی پیشەسازی، چەلیک تەپە و سەیران تەپە) لە ئەستەنبۆڵ لەلایەن پۆلیسەوە هاتنە دەستنیشانکردن. بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆژهەڵات "IBDA-C_" لە غازی عەنتەب بەپێشکەوتووترین شێواز دەرکەوتنە مەیدان. لە ئورفا بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆژهەڵات " "IBDA-C_ی شەرق و بەرەی یەکەتیی ئیسلامی سوارچاکانی ڕۆژهەڵات " "IBDA-C_ی کوردستان. لە بەرلین و گۆتەبەرگیشدا دەستەی تریش هەبوو. لە ساڵی ١٩٩٤ بەپێی ئەوەی مەزەندە دەکرێت ٩٠ چالاکی تیرۆریستی لەسەر بەرەی

یەکـەتیی ئیـسـلامی سـوارچاکـانی ڕۆهـەڵات "IBDA-C_" هاتـە تۆمـارکـردن. لە پاڵ ئـەوانەی ترداتیرۆرکردنی تۆکتامش ئاتەش (نووسـەری نوکتـە لە ڕۆژنامـەی لیبرالی چـەپ) لە ٨ی ئەیلولی ١٩٩٤ لەلایەن ئـەوانەوە ئەنجـام درا. هـەروەها بەرەی یەکـەتیی ئیـسـلامی سـوارچاکـانی ڕۆهـەڵات "IBDA-C_" وەک ئەنجامدەری تەقینەوەی ئۆتێلی مەرمەرە لە ئەستەنبوڵ پێشان درا کە بووە هۆی کوشتنی ئۆنات کوتلاری نووسـەری کۆمار و یاسەمین جەبەرئۆیانی شوێنەوارناس.

لە دوای قـەدەخـەکردنی ئاک دۆغوش، لە کۆواری "تەرەف" دا کـە یەکێک بوو لە ڕاگەیاندنە هەرە گرینگەکانی ڕێکخستنەکە ساڵی ١٩٩٥ یان بەساڵی شەڕ ڕاگەیاند. وەک مەزەندە دەکرێت پێشتر لەلایەن دوو چالاکـوانی "IBDA-C_" لە ١٧ی ئاداری ١٩٩٠دا هێـرش کـرابووە سـەر فـەهمـی کۆرو نووسـەری ڕۆژنامـەی زەمانی تورکی. بەر لە ڕووداوەکە بەماوەیەک کۆواری ئاک دۆغوش هـەڕەشـەی لە فەهمی کۆرو کردبوو بەهۆی هەڵوێستە کارتێکراوەکانییەوە.

هـەتا سـاڵی ١٩٩٢ تیرۆریستـەکانی بەرەی یـەکەتیی ئیـسلامی سوارچاکانی ڕۆهـەڵات "-IBDA_ C"بەدەمانچـە هێرشیـان دەکردە سـەر هـەدەفـەکانیان. لە سـاڵی ١٩٩٢ بەدواوە قورسـاییـیان خسـتـە سـەر بەکارهێنانی بـۆمب. توندوتیـژی بەشـێک بوو لە پرۆپاگەندەکانیـان. کـۆواری ئاک دۆغـوش لە سێیـەمین هێـژماری کۆوارەکەیدا کـە لە سـاڵی ١٩٨٦ بەچاپ گەیـەنرا، لە کتێبـە دێرینـەکـەی میـراز بەیئۆغڵو لەژێر ناونیشانی "مەعریفەتنامە" ئەم چەند دێرە وەردەگرێ و وەشانی دەکات " وا هێرش ببەنە سـەر دوژمنەکەتان کە جارێکی تر نەتوانن هەسـتنەوە سەر پێ" و " مرۆڤی ڕاستـەقینە ئەوەیە دوای ئەوەی فیشەکێک بەر سکی دەکەوێ بەختەوەر دەبێ".

٢- ئێران سەرچاوەی ئیلهامی حیزبولّای تورک بوو لە هەمبەر PKKی نەیاری

ئێـران و دژبەرانـی شـیـعـە بەپێـچـەوانەی بەرەی یەکـەتیی ئیـسـلامی سـوارچاکـانی ڕۆهـەڵات "IBDA-C_"، وەک دەرەنجامێکی شـۆڕشی ئێران حیزبولّای تورک سەریهەڵدا. یەکەتیی ڕێکخراوی مـافیـاریزان ڕابردووی ئەم ڕێکخـراوەش بۆ گرووپی تیـرۆریسـتی جەنگاوەری سـوارچاکانی ٧٠کـان دەگەڕێننەوە.

لە سـاڵانی ٧٩ لایەنگرەکـانی هـانی سـەرهەڵدانی شـۆڕشـەکـەی ئیـرانیـان دا. بـەتایبـەتی هـەندێک خـانەوادە لە باشـووری ڕۆهـەڵاتی تورکیا منداڵەکانیـان ناردە مـەجلیسـەکانی شـاری قـووم. هـەندێک کـۆواری ئیـسـلامـچـی نوێ کـەوتە بازاڕەوە و مـەیلی هـەبویان گـۆڕی. هـەوادارانی شـۆڕشی ئیـسـلام دەسـتیـان کـرد بە کـۆبوونەوە لە گـۆڕەپانی پەرتووکخـانـەی دیاربەکر. لە کـۆتاییی سـاڵانی حـەفـتـادا گـرووپگـەلێکی زۆری مـارکـسی چـەپڕەو ئـولکوجییـەکانیـان لێ دەرکـەوت. هـاوشـانی مـارکـسیـەکـان لە دژی ڕژێمی شـا سـەریان هـەڵدا. لە دیدی ئـولکوجـییـەکـان وەک مـارکـسـیـیـەکـان ئەوانیش کـەمـپی دووژمن بوون. لە ٢٨ ی شـوباتی ١٩٧٨ دا لە پێکدادانێک لە حـەوشـەی مـزگـەوتی فـاتیح سـەرۆکی هێزی ئیسلامی "مەتین یوکسەل" لەلایەن ئولکوجییەکانەوە کوژرا. لە ٨٠ کاندا ئەو ئیسلامـچێتییەی کـە لەسـەرەوە دەست پـێ کـردرا، گـۆڕەپانێکی فـراوانیـشـی بۆ جـمـوجـۆڵی ئەوان کـردەوە.

مارکسییەکانیش وەک ئولکوجییەکان مانەوەیان لەژێر پاڵەپەستۆی دەوڵەت سودبەخش بوو بۆیان.

لەسەرەتای ٨٠ کاندا بزوتنەوەی حیزبولا بوو بە دوو بەشەوە. گرووپی "مەنزیل" وتیان کە دەرفەت هەبوو لە ڕێگەی سیاسییەوە بگات بەئامانجەکانی پێویست بە بەکارهێنانی چەک ناکات و چالاکییەکانیان ڕەت کردەوە. گرووپەکەی تریش پارێزگارییان لەو هزرەکرد کە دەتوانن لە ڕێگەی جیهادی چەکدارییەوە پایەکانیان بگۆڕن. ئەمانە لە پەرتووکخانەی زانستیدا ناوی زانستچێتی میللییان وەرگرت.

باڵی زانستگەرەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی لە باشووری ڕۆئاوای ئەنادۆڵ دابمەزرێنن. زانستچییەکان کە لە مەنزڵچییەکان کەمتر ڕادیکال بوون، دەیانەوێ بەلۆگۆیەکی مشت ئاسا کە جیاوازی کورد- تورک بەدەرنەخات لە سەرەتای ساڵی٩٠ کاندا لە گۆڕەپانەکەدا بسڕنەوە. گرووپی زانست لە ماوەی نێوان بەهار و پایزی ١٩٩١دا بەهێز بوو. لە ١٥ی حوزەیرانی ١٩٩١ مەسعوود یڵمازی نەتەوەپەرستی لیبراڵ کەوتە جێی یڵدرم ئاکبلوتی نەتەوەپەرستی- دینچی و بوو بەپێشەنگی "پارتی نیشتمانی دایک"ی دەسەلاتدار و بەم شێوەیە بوو بەسەرۆک وەزیران. کە مەسعوود یڵماز گۆڕانکاریی لە کابینەدا کرد عەبدولقادر ئاکسۆی لە وەزیری ناوەخۆ لابرد و مستەفا کالەملی لە شوێنی دانا. لە سەردەمی ئاکسۆدا ئەو کەسانەی پێوەندیی ئاینییان بە ئەکادیمیای پۆلیسەوە هەبوو دوورخرانەوە و لە وەزارەتی ناوخۆشدا پێگەیاندنی کادیرانی ئیسلامچی هەبوو. وەزیری ناوەخۆی نوێ کالەملی ئەو کارمەندانەی مەیلی ئیسلامچێتییان هەبوو، یان لە شوێنە بێ کاریگەرەکان ئەرکیانی پێ دەسپارد یانیش دەیناردنە ناوچەرگەی سەختترین هەرێمەکانی شەڕ. بەشێکی زۆری ئەمانە ئاشنای گرووپی زانست دەبن و زانستچییەکانیش هێزی نوێیان لێ بەدەست دەخەن.

## "یەکەتییەکی ئیسلامی دیموکراتیک" بۆ تورکیا

لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا ئیسلامی سیاسی لە تورکیا مەودایەکی سیاسی زۆری لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت. پارێزگارەکان لە ناوەڕاست و ڕۆهەلاتی ئەنادۆڵ لە بەرامبەر ئەو عیلمانییەتەی کە دەویسترا بەزۆر بسەپێنرێ وەک بەرخۆدانێک دەستی پێ کرد. ئەوەی بۆ جاری یەکەم ئەم دۆزەی لە ئەستۆ گرت تەریقەتەکان بوو. لە ڕۆژی ئەمڕۆشماندا لە شارە گەورەکان و ڕۆئاوای ولات بلاو بووەوە و بەنیازە لە شێوەی پارتێکی جەماوەری بەرەو پێش بچێ. دەیانەوێ لە تورکیادا یەکەتیی ئیسلامێکی دیموکراتیک هاوشانی یەکەتیی دیموکراتی کریستانی ئەڵمانیا دابمەزرێنن. لە پشت ئەم پەروەردەیەدا دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی پارتی ڕەفاە و "نوێخوازەکان" هەیە. ئەم باژارییانە دەیانەوێ پارتەکە بکەن بە"چەپی نوێ"ی تورکیا کە بەئاین داپۆشراوە. بەگشتی نوێنەرانی تەریقەت کە بەرەچەڵەک توێژی گوندنشین، باوکی ئیسلامی سیاسی تورکن و نورێنەرایەتی باڵی نەریتگەرایی دەکەن. ئەمانە وەک ئەوەی مەزەندە دەکرێن لاواز نین و پێگەی گرینگیان

بەدەستەوەیە. پێوەندی و شەڕی دەسەلأت لە نێوان هەردوو باڵی نەریتگەر و نوێگەر پێگەی پارتەکە دەستنیشان دەکات. لە تورکیادا هەتا سەرەتاکانی ٩٥ پارتی ڕەفاه جڵەوی تاکڕەوی ئیسلامی سیاسی گرتە دەست خۆی. لە ڕەمەزانی ١٩٩٥دا فەتحولا گولەنی سەرۆکی نورجییەکان بەو وتارەی کە لە ئێوارەخوانەکەدا پێشکێشی کرد یەکەمین گورزی لەم تاکڕەوییەتیە وەشاند.

ئەگەر بێ و لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەماندا سەربکەوێ و دەسەلأت بگرێتە دەست، ئەوا لە تورکیادا زێدەتر بۆ پارتی ڕەفاه دەبێتە بێ چانسی.

مانگێک بەر لە سەرکەوتنی پارتی ڕەفاه لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا ڕۆژنامەنووس محەمەد عەلی بیراند لە ٢١ی شوباتی ١٩٩٤ وەها دەنووسێ "با ئەستەنبوڵ لە پارتی ڕەفاه نەترسێت، با پارتی ڕەفاه لە ئەستەنبوڵ بترسێت". پێشبینی دەکرێ سەربازەکان دەستتێوەردان نەکەنە سەر گۆڕانکاری دەسەلأتێکی دیموکراتانە. تەنها لە کاتێکدا دەستتێوەردان ئەنجام دەدەن کە پارتی ڕەفاه بکەوێتە نێو جموجۆڵی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا سیاسەتوانە ئیسلامییەکان ئاوێتەی سیستەمی هەنووکەی تورکیا بوونە. هەتا ساڵی ٧٠کان لە نێو قاوغی خۆیاندا بوون. هەر لەو کاتەوە بەتایبەتی لە هەشتاکان بەدواوە سەربازەکانیش پەلکێشی نێو سیستەم کران. وەک سێیەمین قۆناخ ئێستە ئیسلام دەکرێ ببێ بەپارچەکی دیموکراسییەتی تورکیا. ئێستە پارتی ڕەفاه لەنێو ئەم کێشمەکێشەدا ماوەتەوە. پارتە سەلەفییەکان خۆیان وەک پەرلەمانتاری ڕکابەری بنەڕەتی خستە مەیدان. پارتی ڕەفاه تەنانەت لەو قۆناخانەی کە سەرکەوتووش بوو، گەڕانەوەی بۆ پایەی ئیسلامی پێشووی دەبووە هۆی لە دەستدانی دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی. ئەو دەنگدەرانەی دەنگیان پێی داوە، هۆکاری ئابووری و کۆمەلأیەتی لە پاڵ بووە.

پارتی ڕەفاه دەتوانێ پارێزگاری لە دەنگەکانی بکات، وەلێ هەرگیز ناتوانێ لەوە زیاتر بەدەست بخات. نیوەی خەڵکەکە لە کۆچبەرەکانی بەلقان یان ئەوانەی پێوەندییان بەڕۆئاواوە هەیە پێک دێ. ئەم تورکانەی لە ڕۆئاوای ولأتەکە جێنشینن و عیلمانییەتیان لەلا پەسندە و لە سەدا ٢٠-٢٥ دانشیتوانەکە پێک دەهێنێن. عەلەوییەکانیشن تەنیا لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا ڕێ بەپارتی ڕەفاه دەدەن. هەرچی تەریقەتی نەقشبەندییە لە دوای ناکۆکی نێوان نەجمەدین ئەرباکان و ئەسەد جۆشان پەرتەوازە بوونە. نورجییەکان بەسەرۆکایەتی گرینگترین سەرکردە کە فەتحولا گولەنە مەیلیان لەسەر پارتی پارێزگاری هاوشێوەی پارتی ڕێگەی ڕاستە. کێشە و ناکۆکییەکانی نێو پارتیش ڕوو لە هەڵکشان دەکات، لەبەرئەوەی دروشمی برایەتی ئیسلام لە دیاربەکر لەگەڵ وتەکانی نەتەوەپەرستی پارتەکە لە یۆزگات یەکانگیر نابێ.

ئاشکرایە کە پارتی ڕەفاه گەیشتووەتە سەر ڕۆخ.

* لە ژمارە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ لە کۆواری "ئەکادیمیا بەچاپ گەیەنراوە" لە ئەڵمانییەوە کراوە بەتورکی.

# دەبووایە کورد بڵێ بەڵێ
# بۆ چاکسازیی دەستووری لە تورکیا

ڕابەر یونس عەزیز

ڕۆژی یەکشەممەی مێژووی ١٢ی سێپتێمبەر دەنگدانی سەرتاسەری لەسەر چاکسازیی دەستووری لە تورکیادا بەڕێوە چوو. زیاتر لە ٥٨٪ دەنگدەران گوتیان "بەڵێ" بۆ ئەو گۆڕانکارییانە و پارتی دەسەڵاتدار – داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) _ بەسەر پارتە بەرهەڵستکارەکانی، پارتی کۆماریی گەلی تورکیا و پارتی بزاوی نیشتمانیدا کە هەوڵی لەباربردنی ئەو چاکسازییە دەستوورییانەیان دەدا، سەرکەوت. بەمەش کۆتا بەدەسەڵاتی سەربازی لەو وڵاتە هات و تورکیا قۆناخێکی گرینگی بەرەو حوکمی مەدەنی بڕی.

هەرچەندە گۆڕانکاریی زۆر لە دەستووره چاککراوەکەدا هاتووە بەڵام پارتە کوردییەکان، دیارترینیان پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە)، داوای بایکۆتکردنی ئەو ریفراندۆمەیان کرد لەبەرئەوەی چاکسازییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی مافەکانی گەلی کوردی نەکردووە. دواتر بەپێی ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانەوە دەرکەوت کە زۆرینەی کورد بایکۆتیان کردووە و تەنیا ڕێژەیەکی کەم نەبێت کە بە ئەرێ دەنگیان بۆ چاکسازیی دەستووری دا.

ئەگەرچی دەستووری نوێ ڕاستەوخۆ ناڵێ تورکیا لە تورک و کورد و نەتەوەی تر پێک هاتووە و زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا زمانی خوێندن و زمانی فەرمییە، بەڵام کورد نەدەبووایە بایکۆتی ریفراندۆمەکە بکەن بگرە دەبووایە بەبەڵێ دەنگی بۆ بدەن لەبەر چەندان هۆکار:

یەکەم: مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ "کەس لە پڕەک نابێتە کوڕەک". بەدەستهێنانی مافەکانی کورد بەهیچ شێوەیەک بەیەکجارەکی و بەیەک هەنگاو یەکلایی نابێتەوە بۆیە دەبووایە ئەوان بەوەندەی ئێستا لە دەستووری چاککراودا هاتووە بڵێن بەڵێ ئەوجا لە قۆناخێکی دواتر بیانگوتبا "زیاتریش" چونکە بەسەرکەوتنێکی گەورەی ئەو ریفراندۆمە شیمانەی ئەوە هەیە لە داهاتوودا ڕیفراندۆمی تریش لەسەر نەک هەر دەستوور بگرە زۆر مەسەلەی تریش ئەنجام بدرێ بۆ مەبەستی

چاکسازی ئەوانیش، کە زۆر لە سیاسەتوانانی تورکیا و یەکەتیی ئەورووپاش لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە دەبێت ئەو ریفراندۆمە هی تری گرینگتر و "پێویستتریشی" بەدوادا بێ. کۆمسیاری فراوانکردنی یەکەتیی ئەورووپا ستێفان فیول لە لێدوانێکدا گوتی "ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ زۆر کەس لە تورکیا کە ئەو بۆچوونەیان هەیە ئەم ڕیفراندۆمەی ئەمڕۆ پێویستە چاکسازیی زۆر پێویستتری بەدوادا بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش کە یەکەمینەن و بێ چارەسەر ماونەتەوە لە بواری مافە بنەڕەتییەکانی وەکو ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ئاین... ئێمە لەگەڵ ئەوانە لە لایەنە جیاوازە سیاسییەکانی تورکیادا هاوڕاین کە باوەڕیان وایە دەستوورێکی مەدەنی دەبێتە بناخەی گەشەسەندنێکی بەردەوامی دیموکراسی لە تورکیا کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ستانداردە ئەورووپاییەکان و مەرجەکانی چوونە ڕیزی یەکەتیی ئەورووپاوە" (حورییەت دەیلی، ١٣ ئەیلوول ٢٠١٠)

سەرۆکی دۆسیەی تورکیا لە یەکەتیی ئەورووپادا ریا ئۆمان گوتی "چاکسازیی ٢٦ مادەی دەستووری تورکیا پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی زوو مافی کورد بدا". هەر لەم ڕوانگەوە زۆر لە بەرپرسە کوردەکانی هەرێمی کوردستانیش پێیان وایە ئەو چاکسازییە دەستوورییانە هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ پێشوەچوونی دیموکراسی لە تورکیا. بەهرۆز گەلالی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە تورکیا دەڵێ ئەمە هەنگاوێکی گرینگە بۆ پێشەوە بۆ زیاتر پێشخستنی دیموکراسی و گۆڕینی ئەوەی ماوە لە دەستووری تورکیا. هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییانە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە کێشەی کوردەوە نییە بەڵام پێشکەوتنی دیموکراسییە لە تورکیادا. حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر زاری گۆتیارەکەی کاوە مەحموود ڕای گەیاند ڕێز لەو چاکسازییانە دەگرێ و هیوای خواست بەشێوەیەکی ئیجابی کار لە ئاسایش و بەرەو پێشچوونی دیموکراسی لە تورکیا بکا (ئاکانیوز، ١٣ ئەیلوول ٢٠١٠)

پاشان دەنگدان بۆ ئەو دەستوورەی چاکسازیی تێدا کراوە خۆ هیچ مافێکی بۆ کورد تێدا نییە و لە بەرژەوەندیی کورد نییە تەنیا ئەوە نەبێت دەسەڵاتێکی عەسکەری کە لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کودەتایەکی سەربازی هاتنە سەر حوکم لەو وڵاتەدا کە بەدرێژایی دەسەڵاتی دژایەتیی کورد و داخوازییەکانی کوردی کردووە. ئەمە وێڕای مانەوەی دەسەڵاتی دادگەکانی تورکیا بەگشتی و دادگەی دەستووری بەتایبەتی وەکو خۆی کە لە دەسەڵاتیدا هەیە هەر پارتێک خۆی بابدات یەکسەر دایبخات و هەر بەوەندەش نەوەستێ بگرە ئەندام پەرلەمانەکانیشی لە مافی ئەندامبوون بێبەش بکا و تەنانەت لە کاری سیاسەتیش دووریان بخاتەوە و ڕێگەی کاری سیاسییان پێ نەدا لەنێو پارتێکی تریشدا.

دووەم: ئەو چاکسازییە لە دەستوورێکدا کە دەسەڵاتێکی سەربازی نووسیویەتییەوە و بەمەدەنیکردنی ئەو دەستوورە بۆی هەیە ببێتە هۆی پێوەندیکردنی تورکیا بە یەکەتیی ئەورووپاوە کە چەندان ساڵە هەوڵی بۆ دەدا کە ئەمەش مانای وایە تورکیا دەبێت زیاتر و زیاتر مافی کورد و

نەتەوەکانی تر بدا بۆ ئەو مەبەستە، وێڕای ئەوەی ئەو هەنگاوە ڕێگە خۆش دەکات بۆ پێشوەچوونی دیموکراسی لەو وڵاتەدا و زیاتر لە ستانداردەکانی دیموکراسیی وڵاتانی یەکەتیی ئەورووپاوە نێزیکی دەکاتەوە، لە لێدوانێکدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرەک وەزیرانی تورکیا گوتی "(ئێستە) ئێمە قۆناخێکی مێژوویمان بڕیوە بەرەو دیموکراسیی پێشکەوتوو و سەروەریی یاسا" (بی بی سی، ١٣ ئەیلوول ٢٠١٠)، بێگومان لەو دۆخەشدا گفتوگۆکردن لەسەر مافەکانی کورد ئاسانترە لەمەی ئێستە چونکە دەسەڵاتی عەسکەری لاواز دەبێت.

هەر ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە بوو گرووپێکی ٥٠ پارێزەر سەردانی نووسینگەی دادی ئەستەنبۆڵیان کرد و داوای یاساییان لەسەر سەرکردەکانی کودەتاکەی ١٩٨٢ تۆمار کرد بۆ ئەوەی لەسەر ئەو هەموو خوێنڕێژییەی کە لێی بەرپرسیار بوون دادگەیی بکرێن. ئەم مافەی تۆمارکردنی داواش لەسەر سەرانی کودەتاکە بەشێکە لەو چاکسازییانە و تا پێش ڕۆژی ریفراندۆم کەس بۆی نەبوو پێیان بڵێ لە بان چاوتان دوو برۆ هەیە. دوای تۆمارکردنی داواکە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان بەست و ڕایان گەیاند: "... لەمەودوا کۆتا بە مێژووی ٥٠ ساڵەی کودەتا و کودەتاچییەکان هات. ریفراندۆمی دوێنێ هەلێکی زۆر گرینگ بوو بۆ میللەتی تورکیا کە تێیدا کەنعان ئەڤرەن سەرکردەی کودەتاچییەکان و گشت ئەو بەرپرسە سەربازییانەی کە لە ژیاندا ماون دادگەیی بکرێن" (ئاکانیوز، ١٣ ئەیلوول ٢٠١٠)

خۆ ئەگەر تورکیا سەرکەوت لە چوونە ڕیز یەکەتیی ئەورووپاوە ئەوە بێگومان ئەمە دەبێتە هۆیەکی باشتر بۆ ئەوەی کورد داوای مافەکانیان بکەن و هەوڵ بدەن لە ڕێی یەکەتیی ئەورووپاوە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر تورکیا، چونکە بەپێی یاساکانی یەکەتیی ئەورووپا وڵاتانی ئەندام دەبێت تەواو باوەڕیان بەدیموکراسی هەبێ و پابەند بن بە بنەماکانی دیموکراسییەوە کە یەک لەوانەش پێدانی مافەکانی نەتەوایەتییەکانی هەموو وڵاتێکە.

سێیەم: کورد بە بایکۆتکردن لەو ریفراندۆم تەنیا پارتی دەسەڵاتدار، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکیادا ئەوان یەکەم کەسن بەو شێوەیە باسی کێشەی کورد بکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدەن بە ڕێگەیەکی ئاشتییانە هەوڵ دەدەن دەستوور بگۆڕن بەرەو سیستەمێکی مەدەنیتر لە جاران، لە خۆیان لالووت دەکەن. ئەمەش بێگومان یارمەتیدەر نییە لە لێک نێزیکبوونەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر و بەرهەمدارتر لەسەر کێشەی کورد بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە ئاشتییانە بگرە زیاتر ڕێ بۆ ڕێگەچارەی سەربازی خۆش دەکا و کوشتاری زیاتری لە نێوان پەکەکە و سوپادا لێ دەکەوێتەوە و ڕای گشتیی تورکیا زیاتر بەرەو ئەو ئاقارە دەبا کە پێویستە شەڕ لە دژی پەکەکە بەردەوام بێت بۆ لەناوبردنیان لە کاتێکدا کورد هەوڵی ئەوە دەدات لێبووردنێکی گشتی بۆ ئەو چەکدارانە بەدەست بێنێ لە بەرامبەر چەکدانانیان.

چوارەم: خۆ دەستووری نوێ لە کۆنەکە خراپتر نییە تا کورد هەر بڵێ نەخێر نەخێر! زۆر شت

کە پێشتر باسکردنیان نەک هەر بۆ کورد بگرە بۆ تورکیش بڤە بوون ئێستە لە دەستوورە نوێیەکەدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و بێگومان ئەو گۆڕانانەش دەبنە ڕێخۆشکەر بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کێشەی کورد ئاسانتر چارەسەر بێت لەوەی ئێستە لەژێر ئەو دەستوورەدایە. بۆ نموونە لە دەستووری تازەدا سەرانی کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٢ دەکرێ ڕاپێچی دادگە بکرێن کە پێشتر ئەمە مەحاڵ بوو لەبەرئەوەی بەندی ١٥ی دەستووری تورکیا ڕێگەی بەو کارە نەدەدا . هەروەها بەرپرسانی سەربازییش جارێکی تر ناوێرن کودەتا دووبارە بکەنەوە چونکە ڕووبەڕووی لەدادگەدان دەبنەوە نەک تەنیا لە دادگە سەربازییەکان بگرە ئێستە لە دادگە مەدەنییەکانیش دەکرێ دادگەیی بکرێن.

لێرە بەدواوە دەکرێ سەرۆک و وەزیرەکان و بەرپرسە باڵاکانی حکوومەت و سەرۆک پەرلەمان و سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی سوپای تورکیا داوایان لەسەر تۆمار بکرێ و ڕاپێچی دادگەی باڵا بکرێن. بەشێکی تری ئەو ٢٦ بڕگەیەی چاکسازییان تێدا کراوە، لەمەودوا کارساز و خاوەن کارەکان دەتوانن بەئاسانی گەشت بکەن بێ هیچ گرفتێک تەنیا ئەگەر بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاری یان کەیسێکی یاسایی لەسەری هەبێت. هەروەها هاووڵاتییان دەتوانن بە ئازادی مان بگرن تەنانەت ئەگەر ئەو مانگرتنە لەسەر بنەمایەکی سیاسییش بێت کە ئەمەش پێشتر ڕێی پێ نەدرابوو. پارێزگاری پێشکێشی منداڵان و ژنان و پیر و پەککەوتەکان دەکرێ. داخستنی حزب کارێکی هەروا ئاسان نابێت لەبەرئەوەی هەیکەلی دادگەی دەستووری گۆڕاوە. ئەگەر حزبێکیش داخرا ئەوا ئەندام پەرلەمانەکانی ئەو حزبە هەر بەردەوام دەبن لە ئەندامیەتییان لە پەرلەمان تا کۆتایی ئەو خولەی پەرلەمان.

دوای هەمـوو ئەمانە، ڕەنگە پارتی ئاکەپە بێ بەشداریی کوردیش هەر بیبردایەوە چونکە لە تورکیا بێجگە لە کورد زۆری تریش هەن کە خوازیاری گۆڕانکاریی دەستوور بوون، دواجاریش مەسەلەیەکی تری کوردی هەیە دەڵێت "هەر موویەک بەراز ببێتەوە!" واتە هەر شتێکت لە یەکێک کە پێشتر چاوەڕوانی هیچی لێ نەدەکرا دەست بکەوێ باشترە لە هیچ! ئەگەر ئەوان بەو "شتێکە" بیانگوتبا بەڵێ بێگومان "شتێک" لە مافی گەلی تورکیا بە کوردیشەوە زیاد دەبوو خۆ کەم نەدەبوو! ئەو کات دەیانتوانی لە دوای "بەڵێ" بۆ گۆڕینی دەستوور داوای زیاتری مافەکانیان بکردایە. خۆ ئێستەش کە نەیانگوتووە بەڵێ ئەو "شتێکە" هەر بووە بە ئەمری واقیع و بیانەوێ و نەیانەوێ تازە لە دەستووردا جێگیر دەبێت و لە چاوی پارتی دەسەڵاتداریشەوە هیچ چاکەی کوردی تێدا نییە چونکە پارتە کوردییەکان گوتیان بایکۆتی بکەن.

سەرچاوەکان:

1. Kurdish official: Turkey’s referendum is end of military_s influence
(http://www.aknews.com/en/aknews/4/180938) AKnews. 13 September 2010.
2. Kurds welcome Turkey’s constitutional reforms (http://www.aknews.com/en/.aknews/4/
September 2010. 181041) AKnews.14

3. EU welcomes result of Turkish referendum (http://www.hurriyetdailynews.com/n.php?n=eu-welcomes-turkey-constitutional-reform-vote-2010-09-13) Hurriyet Daily News.13 September 2010.
4. Turkey backs constitutional changes (http://www.bbc.co.uk/news/world-europe-11278602) BBC News.12 September 2010.
5. Turkish reform vote gets Western backing (http://www.bbc.co .uk/news/world-europe-11279881) BBC News.13 September 2010.
6. Turkya: Daway yasayi dj be kudetaciyekan hate tomar krdn (http://www.aknews.com/en/aknews/4/180970) AKnews. 13 September 2010.

---

## خوێنەری واتە دەبێ ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە




### ئوسامە چۆن خۆی پێ گەیاند

**جۆناتان ڕاندەڵ**

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد "مامکاک"

٤٨٦ لاپەڕە

قەوارە ٢١,٥ × ١٤,٥

بایی ٧٥٠٠ دینارە




### کورتەیەک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان

**دانانی: دوکتۆر گوڵموراد مورادی**

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ناسر ڕەزازی

١٤٤ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٣٠٠٠ دینارە



# نەسر حامد ئەبوزەید

**چەمکی ڕەعیەت لەسەر ئەوە بنیات نراوە، موسڵمانان ئاتاجی ئەوەن یەکێک بیانپارێزێ، لە هەمان کاتدا ئەمە چەمکی دەسەڵاتیشە. ئەمە چەمکی ڕەعیەتە نەک ئەو هاووڵاتییە ئازادانەی توانای بیرکردنەوەیان هەیە.**

دیمانە: نازم ئەلسەید

"لەم وتووێژەدا هاوشان لەگەڵ نەسر حامد ئەبوزەیددا لە گفتوگۆی هزرییەوە دەچینە سەر گفتوگۆی سیاسی، هەروەها لە سیستەمی دەوڵەتی نوێی عەرەبییەوە بۆ ئیسلامی سیاسی و توندڕەویی ئاینی، هەروەها لە فیقهەوە بۆ مێژووی داوەرییەکان و زۆرداری، لە ڕاڤەکردنەوە بۆ لێکدانەوە، بەسەر پرۆژەی ڕێنیساسدا تێ پەڕیوین، کە تا نهۆ بەردەوامە، لێ لەسەر ئاستی چەند دەستەبژێرێک".

ئەبوزەید لەم هەڤپەیڤینە گەرموگوڕەدا (بەلای منەوە) پاشخانەکانی ئەودیو داوەرییەکەی ئاشکرا دەکات، نەخاسمە ئەوی پێوەندیی بەدوکتۆر عەبدولسەبوور شاهینەوە هەیە، بەئاوڕدانەوە لەسەر کێشەی گەندەڵی، کە لەژێر پەردەی شەرعەوە یەکێک لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی گرتەوە، لەوێشەوە بۆ گەندەڵیی گشتی، کە بەتەواوی سەرتاپای میسری لووش داوە. هەڤپەیڤینێکی ورووژێنەرە و خوێنەران لەبارەیەوە دەبنە چەند بەشێکەوە، نەخوازە "ئەبوزەید" بەبوێری و ڕاشکاوی و قووڵییەکەیەوە، دەبێتە هێدمەیەک بۆ ئەوانەی تەنیا باوەڕ لە ئایندا دەبیننەوە.

جێی خۆیەتی بڵێین شێوازی "ئەبوزەید" لە قسەکردندا پشت بەقسە و گوتەی ئەوانی تر دەبەستێ و ڕستەکانی بەڕوودا وەستانەوەیان تێدایە، ئەمەش شێوەیەکە کەسایەتییەکەی بەدەردەخات وەکو وانەبێژێک لە زانکۆدا. لەبەر هەندێ هەوڵم داوە لە کاتی گۆڕینی ئەم گفتوگۆیە لە دەقێکی سەرزارەکییەوە بۆ دەقێکی نووسراو ئەم شێوازە بپارێزم. دوودڵیش نەبووم لە هێشتنەوەی هەندێک گوتەی وتراو، کە مانای ڕاستەوخۆ دەبەخشن. بۆیە ڕەنگە خوێنەر لە شێوازی گفتوگۆکەدا شێوەیەک بەدی بکات لە سەرزارەکی بکات. زیاتریش وای بۆ دەچم

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل.

شێوازێکە گەرمیی قسەکردن دەپارێزێت و لە "وەرگێڕان" دووری دەخاتەوە، واتا زمانێکی تر بەبەر قسەکردنەکەدا ببڕێ:

* تۆ بەهەڵگەڕاوە لە ئاین تاوانبار کراویت و لەسەر بنەمای ئەو داوایەی عەبدولسەمەد حەمیدە بڕیارت بەسەردا درا، بۆچی داوەرییەکە لە بەردەم دادگەی خێزاندا بەڕێوە چوو؟ ئەی مانا و دەلالەتی داوەرییەکەت لە بەردەم دادگەی خێزاندا چییە لەگەڵ ئەو بڕیارەی دادوەر دای بەجیاکردنەوەی خۆت و هاوسەرەکەت دوکتۆرە ئیبتیهال یونسی مامۆستای ئەدەبی فەرەنسی؟

– ئەوانەی داوایان لەسەرم تۆمار کردبوو کۆمەڵێک پارێزەر و ڕاوێژکاری دادوەری بوون. لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی دەوڵەت. لە یاسای میسریدا تۆمەتێک یاخۆ تاوانێک نییە ناوی هەڵگەڕانەوە (الردە) بێ. بۆیە دادگە ناتوانێ بەتاوانی هەڵگەڕانەوە دادگەیی یەکێک بکات. واتا کە تاوان نەبێ دادگەش نییە. تاقە دەروازە بۆ سەلماندنی هەڵگەڕانەوە و پاشان دەرکردنم لە زانکۆ (ئەمەش ئامانجی یەکەم بوو لە دادگاییکردنم) لە ڕێگەی حسبەوە بوو، واتا لەمیانەی پرسی ژنهێنانەوە. چون ئەوی داواکەی لەسەرم بەرز کردبێتەوە بیەوێ بڵێ، هاتنە ناوەوەی بەناوی چاکەکردنەوە بۆ ڕزگارکردنی ژنێکی موسڵمان لە دەستی پیاوێکی پاشگەز لە ئیسلام.

(دەخەنێتەوە) بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی بەمافی پەروەردگاری ناو دەبەن. داواکە بانگەشەی ئەوە دەکات دەیەوێ ئافرەتێکی موسڵمان لە چنگی ناموسڵمانێک قوتار بکات. هەڵبەت مەبەست لە داواکە لە بەرابەر دادگەی باری کەسایەتیدا چەسپاندنی هەڵگەڕانەوە نەبوو، بگرە جیاکردنەوەی ژن و پیاوێک بوو لە یەکتر بەو پێیەی ئەم هاوسەرێتییە لەلایەنی شەرعییەوە بەتاڵ بووەوە. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە بوو دادگەی سەرەتایی (دادگەی یەکەم) داواکەی لەبەر سەرپێچیکردنی یاسای بەڕێوەبردنی یاسا مەدەنییەکان ڕەت کردەوە، بەو پێیەی خاوەنانی داواکە هیچ بەرژەوەندییەکیان لە داواکەدا نییە، واتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زیانمەند نەبوونە، بەم شێوەیە بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ بەدەست ناهێنن.

دوای ڕەتکردنەوەی داواکە لەلایەن دادگەی سەرەتاییەوە، خۆیان گەیاندە دادگەی تێهەڵچوونەوە (استئناف) لە قاهیرە. لەوێ وردەکاریی پڕ لە ڕیسوایی دادگەییەکە بەڕێوە چوو. دادوەری تێهەڵچوونەوە بەشێوەیەکی ڕواڵەتی داواکەی پەسند کرد. ئەمەش لە یاسادا پێی دەگوترێ قبووڵکردنی داوا بەڕواڵەت، ئەمەش بەر لە تەماشاکردنی ناواخنەکەی.

کەواتە، داواخوازەکان بۆیان نەبوو بێنە ئەم کێشەیەوە، تەنیا لە ڕێگەی دادگەی خێزانەوە نەبێ.

* ئەوی لە دادگەییکردنەکەتدا جێگەی مەترسی بوو، ئەوە بوو ئەو دادوەرەی

داواکـەتی قـبـوولّ کـرد بڕوای بەوە هێنا کـە تۆ هەڵگەڕاویتـەوە، واتا لـەسـەر ئەو بنەمـایە هەڵسوکەوتی کرد، کە ڕاپۆرت و بیروڕا و ئەو هێرشانەی کرانە سـەرت، گەواهـی هـەڵگەڕانەوەت دەدەن، ئیدی سەرچاوەی ئەم ڕاپۆرت و بیروڕا و هێرشانە لە هـەر کوێیەکەوە بێ؟ بەو مانایەی ئەو کەسـە ڕێ پێ دراوە کێیە سیفـەتی باوەڕ یاخۆ ئیسلام لە یەکێک دەسەنێتەوە؟

– بێگومان ئەمە ئەو ئیشکالیەتە فیقهی و یاساییەیە، کە دادگە تێیان کەوتووە. من لێرەدا هەر بەڕاستی بەشێوەیەکی بابەتییانە دەدوێم. دادوەر وای بینی کە ئەو زانا بەڕێزانە (بەپشتبەستن بەو کاغـەزانەی بەردەمی) ئەو ئەنجامـی هەڵگەڕانەوەیان لەسـەر بەڵگەی چەسـپاو لە نووسینـەکانی نەسر حامد ئەبوزەیدەوە هەڵێنجاوە. داوەر بەخـۆی هیچی نـەخوێندبووەوە. ئەو پشـتی بەشایەدیی کەسـەکان بەست، کـە هـەر کـەسێک بۆی هەیە گـومـان لە شـایەدییـەکـەیان بکات. لەبەر ئەمـە من لێکدانەوەی ترم بۆ ئەوی ڕووی دا هـەبوو. دەبوو لەم وردەکـارییـانە دەرچم و کـەتواری مـیـسـر لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا ببینم. ئەم کەتوارە لە زانکۆوە دەستـی پێ کرد. لەو بێ تواناییـەی لە ناو لیژنـەی زانستیدا هەبوو، لە تەماشـاکردنێکی ئەکادیمیی ئەو وانە زانستییانەی پاڵێوراوێک بۆ بەرزبوونەوە پێشکێشی کرد (واتا ئەم نەسر حامد ئەبوزەیدە)، پاشان بڕیار بدا داخۆ ئەم مادانە پشتیان پێ ببەسترێ و بەدروست بزانرێن، یاخۆ بەپێچەوانەوە.

* چی وای لـەو مـامـۆسـتـایانە کـرد تووشی ئەم تۆقـینە بێن، هەر لەبـەرئەوەی تاوانبارکردنی ئاینیی تێدایە؟

– ئەگەر ئەمـە بۆ نموونە لە سـەرەتای حـەفتاکاندا ڕووی دابا ئـەوا هەڵوێستەکە جیاواز دەبوو. بەڵام دۆخی گشتـی لە میسری نەوەتەکاندا جۆرە ترسێکی بۆ هەمـووان تێدا بوو. ئەو کات تیرۆر گەیشـتبووە قاهیرە. زانکۆش لە دیدگای ڕێژیمەوە هەڵهێنەری تیرۆر و توندڕەوی بوو. ئەمە گرفتی جیـهانی هاوچەرخی عەرەبە. ئاریشـەکە لە کوێدایە ئەگەر قوربانی بەڕووناکبیرێک بدرێ، یاخـۆ مـامـۆسـتـایەکی زانکۆ بەرز نەکرێتـەوە؟ باشـە، خـۆ دەکرێ دوای سـاڵێک یا دوو سـاڵی تر بەرز بکرێتـەوە. گـرینگ ئەوەیە ئیسـلامـیـیـەکان نەوروژێنرێن، ئیدی ئەگەر لـە مـامـۆسـتـا بن، یاخـۆ خوێندکار. کەواتە، بەگشتی کەشەکە کەشێکی ترسناک بوو. تۆقینێکی گشتیی پێوەند بەگفتوگۆی ئاینی هەبوو. بێگومان گەواهـی زۆر لەو بابەتەوە هەن ئەمە دەسەلمێنن.

فـەتواکـەی خـومـەینی دژ بەسـەلمان ڕوشدی. زۆرێکیش لە ڕەخنەگرە عـەرەبەکان (تەنیـا سـادق جەلال عەزم نەبێ) و بەتایبەت ئەو میسرییانەی دەمناسین، ڕۆمانەکەیان نەخوێندبووەوە (مەبەست ڕۆمـانی "ئایەتێن شـەیتـانی"یە). وێڕای ئەوەش وتارێلێکت دەخـوێندەوە بەم شـێـوەیە دەسـتـیـان پێ دەکـرد: "ڕاسـتــە من ڕۆمـانەکـەم نەخـوێندووەتەوە، لێ ئەم پیـاوە وا و وایە...." لێرەدا پرسـەکـە پێوەسـتە بەتۆمـەتبارکردنی ئاینییەوە. من بەرگریم لە ڕۆمانەکەی سەلمان ڕوشدی نـەکردووە، بەڵام

ڕەخنەم لەو ترس و تۆقینە لە ڕۆمانەکە گرتووە. بزانە، ئەمەیە کەشی گشتی. بیهێنەی بەرچاو خۆت مامۆستایێکی بەڕێز و ناسراو ڕاپۆرتێکی زانستیی ئەرێنییان سەبارەت بەنووسینەکانی نەسر حامد ئەبوزەید نووسی، کەچی ئینجاش واژۆی ڕاپۆرتە گشتییەکەیان کرد، کە نەسر حامد ئەبوزەیدی بەکافر دانا.

* چاکە، دوکتۆر عەبدلسەبور شاهین لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوەیەی بەمەبەستی بەرزبوونەوە پێشکێشت کردووە، پێی وایە تۆ شایانی بەرزکردنەوە نیت (دوایی لێکۆڵینەوەکە لە کتێبێکدا لەژێر ناوی "ڕەخنە لە گوتاری ئاینی" چاپ کرا)، پاش ئەوە پرسی ئەکادیمی گۆڕا بەپرسی ڕاگەیاندن؟

– ئەو ڕاپۆرتەی تێیدا بەهەڵگەڕاو تۆمەتبار کرام بڵاو کراوەتەوە. ئەو زەلامێکە توانایەکی بێ پەروای لە بادانەوەدا هەیە. ئەو بۆیە ئەم قسەیەی کرد، چونکە ڕیسوا کرابوو.

* قسەکانی دوکتۆر شاهین لە هەڤپەیڤینێک گواستراوەتەوە، وا بزانم لە ڕۆژنامەی "المصری الیوم"دا لەگەڵیدا ساز دراوە؟

– پێوەرەکە بەڕاپۆرتەکە خۆی دەست پێ دەکات (ڕاپۆرتی تۆمەتبارکردن بەکفر). ئەم ڕاپۆرتە یەک لە سەدیش ئەکادیمییەتی تێدا نییە. کۆمەڵێک جوێن و هێرشکردنە سەر و تۆمەتبارکردنە. ڕاپۆرتێکی زانستیی سفرە. ڕاپۆرتێکی سەد لە سەد تاوانبارکردنە. بێگومان ئەو بۆیە ئەم قسانە دەکات، چونکە لە هەر کۆنفرانسێکدا ئامادە بووایە تووشی شەرمەزارییەکی گەورە دەهات.

ئەم کابرایە (من زۆر زۆر زۆر داوای لێبووردن دەکەم) ڕێز لە وشە ناگرێ. ڕێز لە خوێندکارەکانی ناگرێ. (بۆ نموونە) نکوڵی لەو دەستەواژە نزمانە دەکات، کە دوای حوکمدانم وتبوونی. بەخۆی نازانێ کە ئەم قسانە بڵاو کراونەتەوە، هەر کەسێک دەتوانێ ئەم قسانە بێنێ و وەکو ئاوێنە بیخاتە بەردەمی. توانای مرۆیەکی وەکو عەبدلسەبور شاهین لەسەر تەفروتووناکردنی خۆ توانایەکی کەم وێنەیە.

ئەو کۆشا بگەڕێتەوە لای لیژنەی گشتی تاکو هەندێک ڕستە لاببات، کەچی لە لابردنی ئەم دەستەواژانەدا سەرکەوتوو نەبوو. من خۆم بەر لە داوەری و بەر لە ڕاپۆرتەکەش چاوم پێ کەوت... جارێکیان لەناو زانکۆ پێم گەیشت، پێی گوتم:

– دوکتۆر نەسر ئەگەر ویستمان بەرزت بکەینەوە، لە چ بوارێکدا بەرزت بکەینەوە؟

منیش پێم گوت: بواری من (تایبەتمەندە لە ئەدەبی عەرەبی و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی). مانای ئەم قسەیە چییە؟

خوێندکارەکانی پێیان گوتم: لە نامەکەی نەگەیشتیت.

* ئەو نامەیە چییە؟

– دەیەوێ لە ماڵەکەیدا سەردانی بکەم و دیاریی بۆ ببەم. ئەو کات نەریت وابوو: دەبوو سەرت لە لیژنەکە بدایە و دیاریت پێشکێش بکردنایە. هەڵبەت من ئەم وردەکارییانەم پێ دەزانی، چونکە لە کۆمەڵگەدا دەژیم نەک لە بورجی عاج. لێ ڕقم لەم ئاماژانەیە. نامەوێ درێژە بەم بابەتە بدەم، هەموو کۆمەڵگەی میسری ئاگەداری پێوەندیی عەبدلسەبور شاهین بەکۆمپانیاکانی مەزراندنی پارەوە. هەینێ ئەو کۆمپانیایەی ئەو وەکو ڕاوێژکار کاری تێدا دەکرد ڕیسوا بوو، گوتاری بۆ جەماوەر دا و پێی گوتن: "لە خەونمدا پێغەمبەرم بینی، ئەم پیاوەش (خاوەن کۆمپانیاکە) کابرایەکی چاکە".

گشت ئەمانە بەڤیدیۆ تۆمار کراون.

* کێشەکە دزینی پارەی دانراوە، یاخۆ هی وەبەرهێنەکانە؟

– بێگومان. ئەوە ئابرووچوونێکە هەموو پێی دەزانن، لە هەشتاکاندا ڕووی دا. لەو کاتەدا ئەو کۆمپانیایە ڕێژەیەکی بەرزی قازانجی دەدا، دەگەیشتە ٢٥٪. هاووڵاتیی میسری بینی ئەم ڕێژەیە سەرچاوەی داهاتێکی باشە بەبەراورد لەگەڵ ٦٪، کە بانکەکان دەیدەن. ئەی ئەو کات چی دەڵێی ئەگەر کۆمپانیاکە شەرعی بێ و پارەکەی حەڵاڵ بێ؟ لێ دوای ماوەیەک پارەی ئەسپاردە خورا و تا ئێستاش بۆیان نەگەڕێنرایەوە. گەندەڵی. گەندەڵی. وشەی گەندەڵی لەوە گەورەترە بەکەسێک بگوترێ. گەندەڵی یەک پشتگیری لەوی تر دەکات. ئەگەر کەسێکی پاک بەدیشداشەیەکی سپییەوە بچێتە ناوجەرگەی گەندەڵییەوە دەبێ پۆخڵی بکەن. کەواتە، ئەمە ئابرووچوونێکە لەوە تێپەڕی کردووە پرسی بەرزکردنەوە بێ، سەرپاکی کۆمەڵگە بەسەرکردایەتییە سیاسییەکەیشییەوە، ئەم پیاوە دەناسن، کەچی ئینجاش خودان کۆمپانیای ناوبراو لەگەڵیدا وەستا. ئەمڕۆ سەیری ئەنجامەکانی ساڵی ٢٠١٠ بکە، ئەگەر بەدواداچوونت بۆ هەواڵەکانی میسر هەیە (نامەوێ باسی جیهانی عەرەبی بکەم) ئەو کات دەزانیت قەبارەی گەندەڵی بەکوێ گەیشتووە. لێشاوێک لە گەندەڵی.

* ڕەنگە لە میسردا کێشەی گەندەڵی وێڕای کێشەی میراتگری گرینگترین کێشە بێ. بەڵام لێم گەڕێ با بتگەڕێنمەوە سەر داوەرییەکە، کە خستتە خانەی توندوتیژیی نەوەتەکانەوە، کە بەر لە تۆزێک ناومان هێنا. داوەرییەکی لەو چەشنە هەیە دەوروبەری ساڵی ١٩١٨ لەگەڵ ئەبوزەیدا ئەنجام درا، هەینێ داوایەک بۆ جیاکردنەوەی لە ژنەکەی بەرز کرایەوە، لەبارەی نادڵنیابوونی لە پێغەمبەرێتی ئادەم نووسیبووی، چونکە وای دانابوو بەڵگەکان لەسەر پێغەمبەرێتی

مـەزندەکارییـان تێـدایە نەک یەکـلاییکەرەوە. هـەر بەڕاسـتی دادگـەی سـەرەتایی دەمـەنـهـوور حـوکـمـێکی دەرکـرد، دادگـەی تێـهـەڵچـوونەوە لە ئەسکەندەرییـەش حوکمـەکـەی ڕەت کردەوە. پرسـیـارەکـەم یەکـەم، تا چ ڕادەیەک لێکچوواندنیـان لە نێواندا هـەیە؟ دووەم، ئێمە باسی قۆناغی بەر لە سـەرهـەڵدانی ئیسلامی سیاسی و بەر لە توندوتیـژیی ئیسلامی دەکەین، کە میسر و وڵاتە عەرەبییـەکان لە قـۆناغی جیاجیادا لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیستەمـدا بەخۆوەیان بینی، ئایا وای دەبینی تیرۆری هـزری پرسێکی ڕەگ داکوتاوە لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا لەبەر ڕووناکیی نموونە جـۆراوجۆرەکـاندا، لە کێشـەی لویس عۆزەوە بەهـۆی کتێبەکـەیەوە "في فقه اللغـة العربيـة – لە فیـقـهی زمـانـی عـەرەبیدا" و مـحـەمـەد ئەحـمـەد خـەڵەفـەڵا، کە تێـزەکـەی "الفن القـصـصي في القرآن – هونەری چیرۆک لە قـورئاندا" بووە هۆی ئەوەی وەکو مامـۆسـتایەک لە زانکـۆدا قبـووڵ نەکـرێ، سـەرەڕای دەرکـردنی ئەمین ئەلخـوولیی مامـۆسـتای لەو لیـژنەیەی لە بەرزکردنەوە دەڕوانـێ، پێشـتریش نەجـیب مـەحـفـووز کـە لە سـۆنگـەی ڕۆمـانـی "اولاد حـارتنا – کـوڕانی گـەڕەکەکـەمـان"ەوە ئەزهـەری وەڕس کرد، هـەروەها تەها حوسێن لە کتێبەکەیدا "في الشعر الجاهلي ـ لە شـیـعری جاهلیدا"، جگە لە داوەرییـەکـەی عـەلی عـەبدولڕازق لە سـاڵی ١٩٢٦دا لەسـەر کتێبی "الاسلام واصول الحکم ـ ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی"، دوور نییـە لیسـتـەکە بمانباتەوە سـەردەمی ئیبن ڕوشد و بەشـار بن بورد و حـەلاج، بێ ئەوەی ئەوە لەبیر خۆمان ببەینەوە، کە کەسانێک لەسـەر بیروڕا لەنێوبراون؟

تۆ وای دەبینی تیـرۆری هـزری لـە ئیـسلامـدا لە پـراکتیکدا لە مێژینەیە و ڕەنگە لە دەقی ئاینیشدا هـەبێ؟

– بڕوا نـاکـەم. ئەگـەر بگەڕێینەوە قـووڵاییی مـێـژوو، ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ حـەلاج و ئەوانی هـاوشـێوەی ئەون، وەکو جـەعدی کوڕی درهـەم.. کە لە سـەردەمی ئەمـەوییـەکاندا کوژرا، هـەروەها غـێلانی دیمەشـقی و جـەهنی، ئەوانەی گوتیان لە گەورە تاوانکاران بگەڕێن، واتا ئەوی لە مێژووی قوتابخانە هزرییە ئیسلامییەکاندا بەناوی (المرجئة) ناسراوە.

بێگومان توندوتیـژی هـەیە، وەلێ ئەم توندوتیژییە دەوڵەت پیادەی دەکات. بۆ نموونە داوەریکردنی حـەلاج بەپلـەی یەکـەم سـیـاسـی بوو. حـەلاج لەگـەڵ هێـزە نەیارەکـانی دژ بەدەوڵەتی عـەباسـی لە پێوەندیدا بـوو. ئەمـەش پێی دەوترێ پاسـاوی ئاینی بۆ داوەرییـەکی سیاسـی. ناکرێ داوەریی لەم چەشنە بدەینە پاڵ سیسـتـەمی هزریی ئیسـلامی. دەوڵەتی عـەباسـی هـەوڵی دا بڕیاری سـیاسـی و بڕیاری ئاینی لە چنگیدا کۆ بکاتەوە. لێمان گـەڕێ با لەو بیرۆکەیە دەرچین، کە مـەئموون عـەقڵانی بووە و (بيت الحکمة)ی دامـەزراندووە. هـەر فـەرمـانڕەوایەک لە شـوێنی ئەو بووایە (بيت الحکمة)ی دادەمـەزراند. مـەئمـوون کێشـەی موعتەزیلـەی لە ئەسـتۆ گرت، کـە دەیانگوت قورئان خـوڵقێنراوە،

لەسەر ئەم بنەمایەش حوکمی داوەر و شاعیر و بیرمەندانی کرد. کۆشا بۆ ئەوەی بەهێزی دەوڵەت ئەم باوەڕە بچەسپێنێ. دوای ئەو بەدوو نەوە مـتـەوەکل هات و پێـچـەوانەی ئەوی کـرد، واتا پشتگیریی لە حەنبەلییەکان کرد دژ بەخاوەن ڕەوتەکانی تر.

کەسایەتیی زۆر هەن لە وتەزاکانی حەلاجیشیان تێ پەڕاند و نەشکوژران. بێگومان سەهروەردی لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیووبی کوژرا. دەبێ لە گشت ئەمانەدا لە سیاسەت بگەڕێین.

* دەوڵەتی ئەمەویش لەسەر بنەمای بیروباوەڕ کەسانێکی کوشت. تۆ لە کتێبەکەتدا "الاتجاة العقلي في التفسير _ ڕەوتی عەقڵی لە ڕاڤەکردندا"، پێشتریش ئەدۆنیس بەشێک لە کتێبەکەی "الثابت والمتحول _ ستاتیک و دینامیک " بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە؟

– هەڵبەت دەوڵەتی ئەمەوی ئەمەی کردووە.

* ئایا تۆ وای دەبینی تیرۆری هزری یاخۆ یاساغکردنی ڕای ئەوانی تر، لەگەڵ عومەری کوڕی خەتابدا لە سەقیفەی بەنی ساعیدەوە دەستی پێ کرد، ئەو کاتی ئەبو بەکری سدیق بەیەکەمین خەلیفەی ئیسلام دانرا؟ ئەی خوێندنەوەت بۆ ئەوەی بەناوی شەڕی (الردە) ناسراوە چییە، کە لە سەردەمی ئەبوبەکردا ڕووی دا؟ ئایا هەر بەڕاستی دژی هەڵگەڕانەوە بوو، یاخۆ ململانێیەکی خێڵەکی بوو لەسەر پرسی خەلافەت لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی باج و سەرانەدانی هەندێک لە هۆزەکانەوە بۆ فەرمانڕەوایی ئەبوبەکر، وەکو شیعەکان بۆی دەچن؟

– بێگومان لەوەدا لەگەڵتدام، ململانێیەکی سیاسی هەبوو، نەخوازەڵا لە نێوان ئەنسار و موهاجرینەکاندا. کێبەرکێیەک هەبوو بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و بەشداریکردن تێیدا. ئەنسارەکان وایان دەبینی مافی ئەوانە خەلیفە لە خۆیان بێ، بەو پێیەی پشتگیرییان لە پێغەمبەر و ئەوانەش کرد، کە لەگەڵیدا کۆچیان کرد، هەروەها ئەگەر ئەو پشتیوانییەی ئەوان نەبووایە دوور نەبوو ئەو گرووپە لە مەکە تووشی لەناوچوون بهاتنایە. تەنانەت قورئانیش لە زیاد لە شوێنێکدا ستایشیان دەکات. ناکۆکییەک هەبوو لەسەر ئەوەی دوای مەرگی پێغەمبەر کێ دەسەڵات بگرێتە دەست، کە دەسەڵاتێکی مەدەنییە نەک ئاینی. چیرۆکی کوشتنی سەعد بن عەبادە بەناوبانگە، ئەو کات گوتیان جنۆکە کوشتوویەتی.

* مەبەستت سەرکردەی ئەوسە؟

– بەڵێ. تەنانەت عومەری کوڕی خەتاب سەبارەت بە هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەبوبەکر گوتوویەتی

"ئاژاوەیەک بوو و خوا لە شەڕی پاراستنی". دوای ئەوە ئەبوبەکر پێشنیازی عومەری کرد بۆ خەلافەت، هەروەها عومەریش بەهەمان شێوە ڕەفتاری کرد هەینێ ئەنجوومەنێکی شەش کەسی بۆ هەڵبژاردنی خەلیفە لە پاش خۆی پێک هێنا. دوور لە ڕاڤەکردنی شیعییانە بۆ کارەکە، گشت ئەوانەی لە دوای مردنی پێغەمبەر روویان دا بڕیارێلی سیاسی بوون. ئەوی پێی دەڵێن شەڕی (الردە) شەڕێکی سیاسی بوو. شۆڕشێک بوو لەلایەن هەندێک هۆزەوە دژ بەدەسەڵاتی ئەبوبەکر. شۆڕشەکەی ئەمان هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام نەبوو، بگرە دژ بەپشتگیریی سیاسی بوو. بۆیە ئەم هۆزانە باج و سەرانەدانیان ڕەت کردەوە، چونکە باج و سەرانە بەپێی نەریتی هۆزە عەرەبەکان جۆرێک لە سەرانە بوو نەک باجی ئاینی.

قورئانیش جۆرێکی تری لە باج لە میانەی ئایەتێکەوە دیار کردووە "خذ اموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها وصل عليهم ان صلاتك سكن لهم – لە داراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاک و خاوێنیان بکەیتەوە، نزای باشیان دەرهەق بکە، نزای تۆ ئۆقرەیە بۆ وان". خەڵکی هۆزەکان گوتیان؛ چاکە پێغەمبەر دەتوانێ پێشنوێژیمان بکات و پاکمان بکاتەوە، لێ ئەبوبەکر ئەو دەسەڵاتە ڕوحییەی نییە، کە پێغەمبەر هەیەتی. ئەی ئیتر بۆ پارەی بدەینێ؟ ئەوەش بابڵێم ئەو کات ئەستەم بوو بێ ڕەهەندی ئاینی شۆڕشێک بەرپا بێ، لەبەر ئەمە ئەوانەی بەپەیامبەرە درۆزنەکان ناودەبرێن دەرکەوتن، وەکو مسەیلەمە. بەم ئاوایە دەبینیت مێژووەکە مێژووی سیاسی بوو. تەنانەت ئەو داوەرییانەی قسەمان لەسەر کردن، ئەگەر لە قووڵاییەکانیان بڕوانیت، دەبینیت داوەریی سیاسین، وەکو داوەریی عەلی عەبدولڕازق کە پرسەکەی لە شا فوئاد تێک دا، دووریش نییە ئەمە بێ مەبەست بوویێت. پرسیاری سەرەکیی عەبدولڕازق ئەوە بوو، ئایا خەلافەت وەکو سیستەمێکی سیاسی سیستەمێکی ئیسلامییە، یاخۆ سیستەمێکە موسڵمانان هەڵیان بژاردووە. زانایان لە ئەنقەرە کتێبێکیان بەنێوی "الخلافة وسلطة الامة _ خەلافەت و دەسەڵاتی نەتەوە"وە دەرکرد، وای دەبینن خەلافەت هەڵبژاردنە، ئەمەش بەر لە کتێبەکەی عەبدولڕازق "الاسلام واصول الحاكمة – ئیسلام و بنەماکانی داوەری"، هەروەها داوەریکردنەکەی ئەبوزەیدیش ڕەهەندێکی سیاسی لەخۆ گرتووە. وەکو گوتم هۆی ڕاستەوخۆی داوەرییەکە، بەڵگە لەسەر پێغەمبەرێتیی ئادەم مەزەندەکاری تێدایە نەک یەکلاکەرەوە بێ. بەڵام کتێبێکی بەناوی "الهداية والعرفان في تفسير القرآن" هەندێک لۆجیکی سیاسی لەخۆ گرتوون، لە نێویاندا حوکمی تاکەکەس لەگەڵ ئیسلامدا نایەتەوە، ئەمەش لە ڕاڤەکردنی ئایەتی "وأطيعوا الله واطيعوا الرسول وأولي الامر منكم – ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەر فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا و کاربەدەستانی خۆتان بن"، بەو پێیەی لێرەدا فەرمان بۆ کاربەدەستانە، واتا بەکۆ نەک بەتاک.

* واتا بەڕای ئەبوزەید دەسەڵات دەبێت بەکۆمەڵ بێت؟

– ئەم ڕاڤەکردنە چون لێدانێک بێ لە هەوڵەکەی شا فوئاد بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستوور و

تاکڕەوی لە فەرمانڕەواییدا. هەمان شت بەسەر تەها حوسێنیشدا دەسەپێ، تا دەگاتە من.

نەسر ئەبوزەید حوکمی بەسەردا درا نەک لەبەرئەوەی گوتی؛ قورئان دەقێکی مێژووییە، یان شتێکی تر. ئەمانە پاساو بوون بۆ داوەرییەکە. نەسر ئەبوزەید لەبەرئەوە حوکم درا، چونکە لە "ڕەخنە لە گوتاری ئاینی"دا گوتاری سیاسی و گوتاری ئاینیی مامناوەندی و توندڕەوی لە پێناو شـیکردنەوەی ئەو بنەمـایانەی بوونە هۆی تیـرۆر، پێکەوە کـۆ کـردوونەتەوە. لە قـووڵاییی لێکدانەوەکەدا، گوتاری سیاسی، ئیدی ئەگەر گوتاری سەرۆک کۆمار بێ، یاخۆ وەزیرەکان، ئەوا گوتاری خۆبەخاوەنکردنی ڕاستییە.

گوتاری ئاینیی مـامناوەندیش هـەر گـوتاری خـۆبەخـاوەنکردنی ڕاسـتییـە. هەرچی گـوتاری توندڕەوە، ئەوا گـوتاری خـۆبەخـاوەنکردنی ڕاسـتییـە و هـەوڵیشـە بۆ بەزۆر سـەپاندنی بەسـەر واقیعەکەدا. وەکو چۆن دوکتۆر جابر عسفوری هاوەڵم پێی گوتم "لەم کتێبەدا دەرفەتت بۆ کەس نەهێشتووەتەوە تاکو بەرگریت لێ بکات. بنجی پرسەکە لەوەدایە، هەر گوتارێکی ڕاستەقینەی ڕەخنەیی ئەگەر لەلایەنی ئایدیۆلۆجییەوە لایەنگیر نەبێ (واتا من توانای ئەوەم هەبوو بۆ پشتگیریی حکوومەت ڕەخنە لە تیرۆر بگرم، ئیتر دەبوومە شەکر و هەنگوین)، هەر گوتارێکی ڕاستەقینەی ڕەخنەیی تووشی ئەوە دێ کە بەسـەر مندا هات، چونکە داواکـراو ئەوەیە مـرۆڤ لایەنگیـر بێ. ئەمەش بەگشتی کارەساتی جیهانی عەرەبییە. بیریارێکی سەربەخۆ بیت و توانای ڕەخنەگرتنت بەپێی توانا بەشێوەیەکی بێلایەنانە بێ، ئەوە شتێکی قبووڵ نەکراوە. خەڵک بەردەوام دەپرسن: تۆ بەتەواوی چیت؟ ڕەنگت چییـە؟ دەبێ پاڵێکت هەبێ. تۆ کـۆمـۆنیـسـتـی؟ تۆ سکۆلاریسـتـیت؟ تۆ ئیسـلامـیـیت؟ کاتێکیش لایەنگیر نەبیت (وەکو خەڵکەکە بۆی دەچن) ئەوا نزیکتریت لە نەفرەت. هەینێ دەڵێی: من پیـــاوێکم و هەوڵ دەدەم، هەوڵ دەدەم واتا زانست شک دەبەم (بێگومـــان بەشێوەیەکی ڕەها زانستی بێلایەن نییە) من بەپێی توانا دەکۆشم لایەنگیر نەبم. ئەمەش مانای ئەوە نییە من بێلایەن بم، من لایەنگیرم، بەڵام لایەنگیری سیاسی، یاخۆ حزبی نیم. جێی گومان نییە من لەگەڵ پێشکەوتنم و دژی زۆرداری و گشت ئەو شتانەم، کە توخنی مرۆڤ دەکەون، ئیدی ئەگەر لە میسردا بێت یان لە دەرەوەیدا. لەبەر ئەمە دەبینیت میسرییەکان لە شەڕی لبناندا ونبوون (مەبەست لە شەڕی یۆلیۆی ٢٠٠٦)ە.

بۆ نموونە من لەگەڵ بەرگریدام، لێ ئەمە ڕێگری لەوە ناکات من ڕەخنە لەو ئایدیۆلۆجیا ئاینییە بگرم، کە ئەم بەرگرییە (مقاومە) گرتوویەتییە بەر. بەڵام ئەگەر لە ڕۆژگارێکدا بین هیچمان لە بەردەم نەمابێتەوە تەنیا بەم دروشمانە بەرگری بکەین، دەبێ پشتگیری لەم دروشمانە نەکەم. کاتێک ئەم قسانەم کرد هەندێک لێم تووڕە بوون. حەماس بەشێوەیەکی سەیر لێم تووڕە بوو و لەلایەن ئەوەوە هێرش کرایە سەرم. تەنانەت هێندەی نەمابوو بەزایۆنیست ناوم ببەن. لەبەرچی؟ چونکە هیچ هێزێک نییە بەرگەی ڕەخنە بگرێ.

* ببووره قسەت پێ دەبڕم، بەڵام چونکە بەخۆت لە دەرگەی ئەم بابەتەت دا، بۆچی ڕەخنەت لە دەسەڵات گرتنە دەستی حەماس گرت، لە کاتێکدا ستایشی حزبوڵات کرد؟

– من ڕەخنەم لە بوونی حەماس لە دەسەڵاتدا نەگرتووە، لێ وتم بۆ ئەو باشتر بوو وەک ئۆپۆزسیۆن بمێنێتەوە.

* ئەی حزبوڵا؟

– حزبوڵا لە دەسەڵاتدا نییە.

* بەڵام بەشداریی تێدا دەکات. چەندان وەزیر و نوێنەری لە حکوومەت و لە پەرلەماندا هەن؟

– ئیشەکە سەرزەنشت و ستایش نەبوو. من هاووڵاتییەکی عەرەبی میسرم پشتگیری لە بەرگری دەکەم، بەتایبەت ئەگەر ئەم بەرگرییە بەکوشتنی کەسانی بێ تاوان و سڤیل پۆخڵ نەبووبێ و لەناو وڵاتدا ڕووی چەکیان لە یەک نەکردبێ. بەرگری مافی خۆیەتی چالاکی بکات. ناکۆکیی لبنانی–لبنانی ناتەباییەکە هەوڵ دەدەم لێی بگەم، بەڵام مافی ئەوەم نییە دەستی تێ وەربدەم. من ئەوە نابینمەوە کە ڕەتکردنەوەی بەرگری لە لبناندا هەبێ. ڕەنگە ناڕەزایی لەسەر شێوازەکانی بەڕێوەبردنی بەرگری، یاخۆ کەڵکەڵە لە بەرابەر دوارۆژدا هەبێ، ئەمەش بەڕای من ناڕەزایی و ترسی ڕەوان، دەبێت لەبری شاردنەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ترسی خەڵکی لە میسر لە گەیشتنی ئیخوان موسلمین بۆ دەسەڵات و ئەم بەدەسەڵات گەیشتنە چی بەدوادا دێ، ترسێکی ڕەوایە، لێ ناکرێت دەرگە بەڕووی ئیخوان موسلمین و هێزە سیاسییەکانی تردا دابخرێ. ئەمە مانای ئەوە نییە من لەگەڵ ئیخوان موسلمینم، بگرە لەگەڵ ئازادیی هەر کۆبوونەوەیەکم ڕووبەڕێک بۆ چالاکیی سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە. پێویستە لەسەر ئەو بناغەیە کار نەکرێ، کە دەڵێت من بەختەوەرم، چونکە تۆم وەلا ناوە. کاتێک ئەمڕۆ نازم وەلا دەنرێ و سبەینێش سەعد و دووسبەی عەباس، دوای ئەوان نۆرەی من دێ.

* دوکتۆر دەتگەڕێنمەوە سەر گفتوگۆی هزری بەر لەوەی سەرلەنوێ بگەڕێمەوە سەر سیاسەت. کرۆکی کاری هزریی تۆ بیرۆکەی لێکدانەوە (تاویل) بوو. لەسەر میتۆدی لێکدانەوە. بۆچی کەسانێک لەم زاراوەیە دەترسن؟

– وێڕای ئەوەی لێکدانەوە بەدرێژاییی مێژوو لای زانا ئاینی و زمانەوانەکان بەکار هێنراوە، لە نێویاندا تەبەریی خاوەن کتێبی "جامع البيان عن تأويل اي القران". هەروەها پێناسەی زمانەوان و

زانا ئاینییەکان بۆ لێکدانەوە بەرە و کوفرت نابەن، وەکو پێناسەی زەرکەشی "گەڕاندنەوەی ئایەتەکە بۆ سەر بنجەکانی و داشکاندنی بەسەر پێشوو و پاشیدا، بەمەرجێک لەگەڵ قورئان و سوننەتدا دژ نەوەستێتەوە، هەروەها دەبێ لە ڕێگەی هەڵێنجانەوە بکرێ، بەجۆرێک کە لە حوکمی ئایەتەکە دەرنەچێ لە چوارچێوەی کردنەوەی کڵۆمی داخراوی مانادا"، یاخۆ ئەم پێناسەیە "لێکدانەوەکردنەوەی کڵۆمی داخراوی ماناکەیە"، هەروەها پێناسەی بجلی "ڕاڤەکردن پێوەستە بەگێڕانەوەوە، لێکدانەوەش پێوەستە بەلێزانییەوە"، پێناسەی ئامەدییش "لێکدانەوە بارکردنە لە مەبەستی بەدەر لە مانا ئاشکراکەی" تا دەگاتە سەید قوتب لە کتێبەکەیدا "التصوير الفني في القرآن – وێنەی هونەری لە قورئاندا" پێشکێشەکەی بۆ دایکی بەم بڕگەیە کۆتایی پێ دێنێ، کە تێیدا باس لە شەیدایی خۆی بۆ قورئان دەکات لە ڕێی دایکییەوە، لەو دەمی منداڵ بوو: "ئەگەر جوانیی خوێندنی لەدەست چوو، بەهیوام جوانیی لێکدانەوەی بەسەردا تێ نەپەڕیبێ".

* بەڕای تۆ جیاوازی لە نێوان ڕاڤەکردن و لێکدانەوەدا چییە؟

– لە بناغە و دەلالەت و پراکتیکدا لە مێژووی زووی ڕاڤەکردندا، ڕاڤەکردن پێوەست بووە بەشیکردنەوەی وشەکانەوە، بەشیکردنەوەی گوتە قورس و نامۆکان، نەک گەڕان بەدوای مانادا بەشێوەیەکی ڕوون. ڕستە بچووکترین یەکەیە نەک گوتە. بەڵام ڕستە ماناکەی بەدەر ناکەوێ تەنیا لە ڕەوتێکی فراوانتردا نەبێ، لەمیانەی پێوەندیی بەو ڕستەیەی پێشی کەوتووە و ئەوی لە پاشی دێ. کەواتە لێرەوە لە ڕستەوە گواستمانەوە بۆ گوتار. نزمترین جۆری گوتاریش کۆمەڵێک ڕستەیە باس لە تاقە بوارێکی مانەوی (معنوی) دەکات.

عەبدولقادر جورجانی بەشێوەیەکی دڵگیر ئەم پرسەی خستە بەرچاو. بەڵام چی وای کرد زاراوەی لێکدانەوە قێزەون بێ؟ لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر سیاسەت و گەمەکانی. لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ئیسماعیلیزم بەشێوەی هەڕەشەیەکی فیزیکی بەخۆ کەوت. چەندان کاری کوشتنیش ڕوویان دا، لە نێویاندا کوشتنی نیزام ئەلمولک، کە بووە ئەگەری قەیرانێکی هزری لای غەزالی. ئەوی ناسراوە شیعەکان ئەم زاراوەیەیان پێ باشە، هەروەها سۆفیگەرەکان، چونکە هاوشان لەگەڵ کولتووردا ڕێیان دەکرد. بۆ نموونە تەبەری قسەکانی بەم دەستەواژەیە دەست پێ دەکرد "بسم اللّه، تأويل قوله تعالى..." پێناسەی ئامەدییش بۆ لێکدانەوە، کە بەر لە تۆزێک ناوم هێنا، ڕاست نییە. ڕەنگە ئەم پێناسەیە یەکێک لە ئامرازەکانی لێکدانەوە بێت، کە گوزارشتی خوازراو و گوزارشتی مەجازی و هی تریش بگرێتە خۆ. لێکدانەوە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی مانا، کە قسەکەر مەبەستییەتی، یاخۆ لە ڕەوتی گریمانکراو، کە قسەکەر مەبەستییەتی. لێرەوە دەگوترێ: (ال، يؤل)، واتا گەڕایەوە. بەمانا گەڕانەوە بۆ دۆزینەوەی مانا: مەبەست. بێگومان بەپشت بەستن بەچەمکی کلاسیک. ئەویش ئەوەیە ئاخێوەر مەبەستی خۆی هەیە، ئەم ئاخێوەرەش زمان بەکار دەهێنێتبۆ گوزارشتکردن لەم مەبەستە، گرینگ ئەوەیە بڕگەیەک دەخوێنیتەوە بگەیتە مەبەست لێی.

بیردۆزی لێکدانەوەی هاوچەرخی "هیومینتکس" ئاسۆیەکی فراوانتر لە بیردۆزە کلاسیکییەکانمان دەداتێ. ئەگەر زاراوەی لێکدانەوە تووشی هیچ نارەزاییەک نەهاتبێ، تاکو مردنی تەبەری لە سەرەتاکانی (٣١٠ی کۆچی) سەدەی چوارەمی کۆچی، ئەگەر زاراوەی ڕاڤەکردن تا ئەو سەردەمە ماناکانی سنووردار بووبێ و ئەگەر گوتەی "ڕاڤە" جارێک لە قورئاندا هاتبێ، لە کاتێکدا گوتەی "لێکدانەوە" ١٧ جار هاتووە، کە پێوەندە بەلێکدانەوەی ڕووداو و خەون و خواردنەکانەوە، قورئان تێکستێکی زۆر گرینگە لە مێژووی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا، کەواتە ئەم ترسە لەم وشەیە چییە؟ هۆیەکە ئەوەیە گوتەی "لێکدانەوە"بەمانای نەرێنیی خراپ بار کرا، ئەمەش لە سۆنگەی ململانێ سیاسییەکانەوە، بەو پێیەی لێکدانەوە سەپاندنی چەمکی لێکدەرەوەیە بەسەر دەقەکەوە. ئا لێرەوە تۆمەتبارکردنی هەندێک گرووپی ئاینی لە ئیسلامدا بەباتنی (وەکو شیعە و ئیسماعیلییە و عەلەوی و زەیدی و ئەوانی تر) هاتە کایەوە، وەکو ئەوەی باتنی ڕەتکردنەوی مانای بەرچاو بێ بۆ مانای شاراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕەتکردنەوەی ئیسماعیلییە بوو. ڕەتکردنەوەیەکی سیاسی بوو تێیدا میکانیزمی بەڕێوەبردن و زمانەوانی و لاهوتی و سۆفیگەری بەکار هێنرا.

حەلاج و سەهروەردی و غەزالی و ئەوانی تریش لە سۆفیگەری سوننە ئەمەیان دامەزراند بۆ بەرپەرچدانەوەی بزووتنەوە هزری و سیاسییە باتنییەکان، یاخۆ لێکدانەوەگەرایی. کەواتە، گوتە و زاراوەکان لەژێر ململانێی مرۆڤەکاندا مانای ئەرێنی و نەرێنی وەردەگرن.

* لەلایەنی مێژووییەوە سەبارەت بەترس قسەت کرد، ئەمەش لە خوێندنەوەی دەقە ئاینییەکان بەخوێندنەوەیەکی تاکڕەوانە، کەچی تۆ لە خوێندنەوەکەتدا بۆ دەقی ئاینی لەمە زیاترت تێ پەڕاند، وات کرد دەقی ئاینی ملکەچی پێوەندیی دیالەکتیکی بێ، واتا لە نێوان دەق و خوێنەردا. بەمەش وات کرد دەق نەک هەر ملکەچی لێکدەرەوە بێ، بگرە خوێنەریش. وات کرد خوێندنەوەی دەق خوێندنەوەیەکی زەمەنی بێ، بەمەش دەقەکەت لە دەقێکی یەزدانییەوە (وەکو باوەڕداران بۆی دەچن) کرد بەدەقێکی مرۆیی. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە تۆ تێکستی قورئانت ملکەچی میتۆدە ڕۆئاواییەکان کرد، هەر وەک هەندێک ئەمەیان لێ گرتووی؟

– ڕاستی دابەشکردنی توێژینەوەی زمانەوانی و گەشەکردنی ئەپستمۆلۆجیی زمانەوانی و گەشەکردنی ئەپستمۆلۆجیای شیکردنەوەی دەق بۆ ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، نابێ قبووڵ بکرێت، بەڵکو دەبێت دژی بوەستینەوە.

بۆ نموونە عەبدولقادر جورجانی، یاخۆ فارابی، یا زەمەخشەری، یان ئیبن جنی، بەم شێوەیەیان نەدەبینییەوە ئەگەر کارلێککردن لەگەڵ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا نەبووایە، نەک هەر یۆنانی،

بگره هیندی و ئێرانییش.

تەنانەت قـوتابخـانەی زمـانەوانیی بەسـری پشـتی بەلۆجـیکی ئەرسـتـۆ برد لە چوارچێـوەبەندیی ڕێزمـانیی بـۆ زمـان. لـە نێـوان قـوتابخـانەی بەسـری و قـوتابخـانەی کـوفـیـدا ناکـۆکی لە تیـۆری ڕێزمـانەوانیدا هـەیە. لێ ئەوی دەمـەوێ بیـڵێم ئەوەیە، توێژیـنەوەی زمانەوانیی عـەرەبی لەوە دەرچوو تەنیـا لە چوارچێوەی هەڵبـەز و دابەز و قسـە و قسـەڵۆک بێ. هەینێ بۆ نموونـە کتـێـبی "العین"ی خـەلیل ئەحـمـەد فـەراهـیدی دەخـوێنیـتـەوە، دەبینیت پیـتـەکـانی بەپێی دەرچوونیـان لـە دەمـەوە ڕێز کردووە. ڕیزکردنی فرمـانەکان بۆ سێیینە و چوارینە شێوەیەک بوو لە شـێوەکانی لۆجیک. هـەروەها پێوانەش لە زماندا، وەک ئەوەی شێوەیەک بێویت لە زماندا بوونی نەبێ بەسـەر شێوەیەکی پێشوو، هـەروەها پێوان لە فیقهدا، ئەم پێوانە بەشێکە لە بینای لۆجیک لای ئەرستۆ.

ئەم پێوانەیە لای ئێمـە لە زمان و فیقـە و زانستی ئاخـاوتن و هـی تریشدا بەکـار هێنرا. دەبزانە، مـیـتـۆدێکی ئـیـسـلامـی هـەیە پێـوەند نیـیـە بەئەپسـتـمـۆلۆجـیـی مـرۆییـیـەوە. لێکۆڵیـنـەوەی زمـانەوانیم لەبارەی کولـتـوور و میـتـۆدی توێژینەوەی زمـانەوانی کولتووری هێند کـارێکی سـانا نییـە. لێ وەکو توێژەرێک لەسـەرمە وەکو بارمتـەی سـەدەی پێنجی کۆچی نەمێنمـەوە، چونکە من ئەمڕۆ لـە سـەدەی بیست و بیست و یەکدا دەژیم. زانستی زمـان بەشێوەیەکی فراوان بەرەو پێش چوو، نەک هـەر ئەمە بگرە زمانناسیی نوێ وام لێ دەکات زانستی کۆنی زمانی بەشێوەیەکی باشتر بخوێنمەوە. بۆیە کە دەڵێین میتۆدە ڕۆئاواییەکان، ئاماژە بەهەوڵێک لە هەوڵەکانی پیسکردن دەدات. قسـەی لەم بابەتە دەمهێنێتە پێکەنین و وام لێ دەکات بەوی ئەم قسانە دەکات بڵێم: برۆ لە میتۆدە ڕوونەکان بگەڕێ.

زیادکردنەکە لە کوێیـە؟ ئەوەیە کە ئیبن عـەرەبی (دوور لە زانسـتی نوێی زمـان و هـەرمنیـۆتیکا و مـێـژووی هـەرمنیـۆتیکا) دەڵێ مـانای هـەڵهـێنجـراو پشت بەڕادەی ئەزمـوونەکـە دەبەسـتێ. هـەر باوەڕدارێکی ئاسـایی بەقـوولایی چەمکی ڕۆژهەلات و ڕۆئاوادا نەچووبێ، پێ دەڵێ دەریای مـانا لە قـورئاندا بێ کـەنارە. کـەواتە پێـوەندیی لە نێـوان ڕاڤـەکەر و دەقدا چییـە؟ مـانا لە کـوێوە دێت؟ ئایا مانا کیشوەرێکە لە دەقەکاندا؟ ئەگەر مانا کیشوەرێک بێ لە دەقدا ئەوا مانای وایە مانای جێگیرە، لە هـەمـان سـاتدا بۆ یەکـەمین جـار و دوا جـار دەدۆزرێتـەوە. ئەگـەر بڕوانیتـە مێژووی ڕاڤـەکردن لە ئیبن عـەباسـەوە تا سـەید قـوتب، بوارەکـانی مـانا چین، کـە پەردەیـان لەسـەر هـەڵمـاڵرا؟ بەر لە موعتەزیلە و پێش حەسـەن بەسری، یەکێک لە موسڵمـانەکان ئاریشەیەکیان نەبینی تاکو پێویست بەچارەسـەرکـردن بکات. کـەچی لەپڕ پرسـیـارێلێک هاتنە گـۆڕێ، وەکـو هـەسـتـان بەکـارەکـان و بەرپرسـیارێتی مرۆڤ لە کردار و زوڵم و شـتی تر.. واتا قوتابخانە هزرییە ئیسـلامییـەکانی وەکو قەدەری و جەبری و مورجیئە. ئەوی دەمەوێ بیـڵێم ئەوەیە نەبووە دەقێک بەتەنیا خۆی مانا بەرهـەم بهێنێ. هەر دەقە و پێویستی بەخوێنەرە تا مانا بەرهـەم بهێنێ. خوێنەریش تاکە کەسێک نییە. ئەو تاکێکی سـەر بەکۆمەڵێکە، هەڵوێست و پلەیەک لە زانیاری شک دەبات. ڕاسـتـە ئەو (واتا تاک) مانا بەرهـەم دەهێنێت، بەڵام قبووڵکردنی مانا، یاخۆ وەلانانی پێوەندە بەکۆمەڵەوە. قسەکەی ئیمام عەلی

بەناوبانگە، کە لە شەڕی سەفێن لەگەڵ معاوییەدا لەبارەی ڕەوتی ململانێوە سەبارەت بەم مانایە گوتوویەتی، هەڵبەت شەڕێکی تاقەتپڕووکێن بووە بۆ هەر دوو لا وەکو کتێبی نەسری کوڕی مزاحم خستوویەتییە ڕوو، بێگومان ئەوی ڕوون بوو سوپاکەی عەلی خەریک بوو بیبەنەوە، لەبەر ئەمە لە سەربازگەکەی معاویەوە قورئانیان لەسەر نووکی ڕم بەرز کردەوە، خەڵکی نەیاندەزانی کێ شایانی خەلافەتە، عەلی یاخۆ معاویە، چونکە قورئان پرسیاری وا ناخاتە ڕوو، لەبەرئەمە نەسری کوڕی مزاحم دەڵێ ناکۆکییەکە دەبێ بەڕاوێژی دادپەروەرانە و گونجاوی سوننە کۆتایی پێ بێت، تێبینیی ئەوە بکە نەیگوتووە سوننەتی پێغەمبەر (د.خ). لەبەر ئەمە چیرۆکی ئەبی مووسای ئەشعەری، کە گوتی من عەلی لەسەر حوکم لادەبەم، وەک چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجەم دەردەکەم، لە کاتێکدا مەروانی کوڕی عاس دەڵێ؛ من معاویە لەسەر حوکم دادەنێم، وەک چۆن ئەم ئەنگوستیلەیە دەکەمە پەنجەمەوە، فێڵ و تەڵەکە نەبوو وەکو شیعە باسی لێوە دەکەن. حوکمدانی بەو شێوەیە گوزارشت لە شەکەتیی خەڵکەکە دەکات. بۆیە نەسری کوڕی مزاحم، کە لە ساڵی ١٥٠ی کۆچیدا مردووە، واتا لە سەرچاوە پێشینەکانە، گوتی: "تاکو قورەیشییەک بۆ هەتا هەتا فەرمانڕەواییمان نەکات". واتا کەسانێک هەن حوکمی عەلی (کە هاشمییە) و حوکمی معاویە کە ئومەوییە ڕەت دەکەنەوە، هەردووکیشیان لە قورەیشن. هەڵبەت عەلی دەرکی بەمە کرد هەینێ گوتی: "قورئان لە چوارچێوەی کتێبێکدا خۆی نایەتە قسە، بگرە ئەوە خەڵکەکەن دەیهێننە قسان". کاتێک ناوبژیوانییەکە سەری نەگرت، ئیبن عەباس چوو بۆ دانووستاندنی خەواریج، عەلی پێی گوت: "تۆ قورئان مەکەرە ناوبژیوان، چونکە قورئان بۆی هەیە بەچەندین شێوە لێک بدرێتەوە، بەڵکو سوننەت بکەرە ناوبژیوان" .

لێرەدا مەبەست لە سوننە سوننەتەکانی پێغەمبەر نییە، بگرە داوونەریتە.

کەواتە، بەرهەمهێنانی مانای دەقەکان (دوور لە ڕاڤە و لێکدانەوە) پێوەندە بەو کۆمەڵگایانەی ئەم تێکستانە دەخوێننەوە.

* با لەبارەی گوتارەکەتەوە بدوێم. کاتێک دەبێژیت "قورئان بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییە" یاخۆ "قورئان دیاردەیەکی مێژووییە" یان "قورئان بەرهەمێکی زمانەوانییە"، ئەم وەسفکردنە زانستییە بەرەو کوێمان دەبات؟

– نا نەک بەرەو کوێمان دەبات؟ ئەمە پرسیار نییە. پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن گەیشتییە ئەم ئەنجامە؟ ئەمە گرینگە. نەک بەرەو کوێمان دەبات؟ هەینێ دەپرسیت بەرەو کوێمان دەبات، ئەوا گوزارشت لە ترس و بیم دەکەیت. گوزارشت لە ترس و تۆقین لە ئەپستمۆلۆجیا دەکەیت. گفتوگۆی ئەو پێشەکییە نەکراوە، کە گەیاندمیە ئەو ئەنجامەی نکوڵی لە سەرچاوەی یەزدانیی قورئان ناکات. ئەو تۆقینەی دەمانگەیەنێتە ئەنجامی وا، ئەوە ترسە لەسەر باوەڕ و سانسۆرە لەسەر باوەڕ. با وای دابنێین قسەکەم لای هەندێک کەس بەکفر دادەنرێ. با گریمانەی ئەوە بکەین. من

سانسۆر نیم لەسەر باوەڕی خەڵک. پرسیاری ئەمە بەرەو کوێمان دەبات، لەم ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێی دەگوترێ پاراستنی بیر و باوەڕی گشتی. ئەم قسەیە دەمانباتەوە سەدەکانی ناوەڕاست. وەک ئەوەی من بۆ خەڵکانێکی نەزان بنووسم ئاتاجی ئەوەبن یەکێک لە قسەکردن بیانپارێزێ. من وانە لە زانستگە دەڵێمەوە. کاری ئێمە ئەوەیە خوێندکار فێر بکەین چۆن بیر بکاتەوە بێ ئەوەی سنوور بۆ بیرکردنەوەکەی دابنێین. گشت ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی هزری من کران لە ئەنجامی ڕق لێبوونەوە بوو لە ئەنجامەکان، نەک گفتوگۆی پێشەکییەکان. وشتر بەم شێوەیە ئاو نادرێ، ئەی سەعد. لە پێناو ڕەخنە لە ئەنجام دەبێ لە ڕەخنە لە پێشەکییەکانەوە دەست پێ بکەین. دەبێ ڕەخنەکەش ڕاستگۆیانە بێ. عەرەب بەپێغەمبەر ڕازی نەدەبوون، ئەگەر چەمکی سرووش لە ڕۆشنبیریدا نەچەسپایە. قورئان سەرچاوەیەکی خوایی بێت ئەوە پرسی باوەڕە.

منیش لێرەدا بەپێی ئینتیمام بۆ دنیای ڕۆشنبیریی ئیسلامی دەست پێ دەکەم. ئەوی دەمەوێ بیڵێم هەندێک کەس کتێبەکەیان نەخوێندووەتەوە (مەبەست کتێبی "چەمکی دەق"ـە، کە لەسەر ئەو کتێبە بەرز کرایەوە بۆ مامۆستای بەشدار لە زانکۆ) کەچی پێشەکییەکەیان خوێندبووەوە و زۆریان بەدڵ بوو، نەخوازە لەم پێشەکییەدا هێرشیان بەدی کرد بۆ سەر ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەکان و دواکەوتنی عەقڵی. پێشەکییەکە تا ڕادەیەکی زۆر مشتومڕ هەڵدەگرێ. خەڵکیی لە قاهیرە دەستخۆشیی ئەم کتێبەیان لێ دەکردم. یەکێک لەو ڕۆشنبیرانە (کە کتێبەکەیان نەخوێندبووەوە) پێی گوتم: دوکتۆر، کتێبێکی دڵگیرە، بەڵام دوکتۆر تۆ بۆ دوودڵی؟

پێم گوت: خێر، دوودڵ لە چی؟

گوتی: بۆ نەتگوتووە قورئان لە دانانی محەمەدە؟

منیش پێم گوت: ئەمە ڕای من نییە. ڕای من وا نییە کە محەمەد درۆزن، تەڵەکەباز، یان بەرەڵا و گەلێکی تر لەم سیفەتانە بێ. پاشان درێژەم پێ دا: ئەگەر تۆ وای دەبینیت، کە لە دانانی محەمەدە، بەخۆت کتێبێک لەسەر ئەوە بنووسە.

تا ئەم ڕادەیە دەشێت خەڵکانێک ببینیت نەتوانن بەباشی بتخوێننەوە، چونکە زراویان لە ئەنجامەکان چووە. کەسانێکیش هەن ئەنجامەکان دەبینن و زۆریان بەدڵە، بێ ئەوەی خوێندبێتیانەوە.

* بەڵام تۆ لە کتێبی "چەمکی دەق"دا گوتووتە "پەیامبەری دیاردەیەکی سەرەوەیی نییە". هەروەها باسی هەستی قووڵی محەمەدت کردووە بەهەتیوی و فەرامۆشی، گوایە ئەو دەنگەی پەیامی بۆ هێنا دەنگێکی دوور نەبووە لێوەی، بگرە نزیک بووە لە واقیعەکەیەوە. پاشان تۆ دەڵێی قورئان ڕۆڵەی ژینگەکەیەتی. چۆن دەتەوێ خوێنەر لەم قسەیە بگات؟

– کاتێک دەڵێم شیعری مەحموود دەروێش، یاخۆ شیعری ئەدۆنیس، یاخۆ شیعری شێکسپیر، یان شیعری ئەبوعەلای مەعەری، یان شیعری فلان، ئەوا شیعرێکە سەر بەژینگەیە، ناتوانم لە شیعری مەعەری بگەم بێ ئەوەی مەعەرەی نەعمان بناسم و ئەو ڕەوشەی شاعیر تێیدا ژیاوە، لەگەڵ ڕەوتی ڕۆشنبیریی شیعری عەرەبی... لێ ئێمە بەپێی ئەوانەی بڕوایان پێیەتی باسی دەقێکی یەزدانی دەکەین. کەس نییە نکوڵی لەوە بکات دەقی ئەبوعەلای مەعەری لەو کاتەدا بەرهەم هێنراوە. تا ئەمڕۆش شیعری ئەبوعەلا، یاخۆ دەقێکی شێکسپیر نەمردووە. بۆچی؟ چونکە ئەودەمی ئەم دەقە مێژووییە دەخوێنینەوە، هەر جارێک و مانایەک بەرهەم دەهێنین.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ دەقی خوایی و دەقی مرۆیی. ئەی جیاوازی لە نێوانیاندا چییە؟ ئایا دەقی خوایی دەخوازێ میتۆدێکی یەزدانیی هەبێ بۆ ڕاڤەکردنی؟ پرسیارە لاهووتی و پرسیارە ئاینییەکان زۆر سادە و ساکارن و پێویستیان بەهیچ شیکردنەوەیەک نییە. پەروەردگار خۆی وای ویستووە. گشت شتێک بەحەز و ئارەزووی خوای پەروەردگار ڕووی داوە. ئەمە وەڵامە لاهووتییەکانە. ئەم وەڵامە قووڵیی باوەڕ دەردەخات، بەڵام هیچ شتێک شی ناکاتەوە. تێکستی خوایی سەرچاوەکەی یەزدانییە، بەڵام نێوەندەکە مرۆییە. پەیام مانای بەردەوامییە، بەردەوامییەکی نازمانەوانییە. قورئان دەڵێت (اوحینا الی النحل – مێشەنگوینمان ڕاسپارد) یاخۆ (اوحینا الی ام موسی ان ارضعیە _ بەدایەی مووسامان ڕاگەیاند: شیری دەیە) یا (ان الکفار لا یوحي بعضهم الی بعض). کەواتە لێرەدا نێوەندی مرۆیی ئەو دەنگە یەزدانییەی تێدایە، کە من نەمبیستووە و هیچ موسڵمانێکیش نەیبیستووە. ئەوی بیستوویەتی تاقە یەک کەسە (محەمەد)، ئێمەش بڕوامان بەڕاستیی ئەم کەسە هێناوە (زەینی بدەیێ) ڕاستیی ئەم کەسە. هەر لاهووتییەکی کرستیان دەڵێ مووسا تەوراتی لە بەرابەر هەموو بەنی ئیسرائیل وەرگرتووە. دەستپێکی من بۆ بەردەوامی لەگەڵ قسەکردنی خواییدا دەستپێکی نەوەی ئادەمە، مرۆیی. ئادەمیزاد بڕیاری بۆ دام پەروەردگار چی پێ گوتووە. بەزمانی ئەم ئادەمیزادە. هەینێ باسی زمان دەکەین، باسی وشە و فەرهەنگ ناکەین، بگرە باس لە سیستەمی ڕۆشنبیری دەکەین. زمان لای کۆمەڵ لە چەمکێلی سەقامگیر پێک هاتووە. من باسی هەموو ئەو جۆرە کۆدانەم کردووە، کە لە قورئاندا بەکار هاتوون. کۆدی پێوەند بەم ساتە و ئەو کۆدەی ئەم ساتە دەبڕێ. وەرگری یەکەم هەیە، پێڕاگەیەنەر، پەیامبەر، نامەهەڵگر، وەکو دەبینیت ئەمانە گوزارشتێلێکی ئاینین. من بەخۆم خوام نەبینیوە. خوا قسەی لەگەڵدا نەکردووم. یەزدان (بەداوای لێبووردنەوە لەو لێکچوواندنە) نامەیەکی بەپێغەمبەردا نارد، لێ نامەیەکی سەرزارەکی بوو، لەبەرئەوە ئەو زمانەی نامەکە لە خۆی گرتووە زمانی خوا نییە، بگرە زمانی پێغەمبەرە. (وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومە _ هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد، مەگین بەزوان گەلەکەی خۆی). مادامەکی پێغەمبەر بەزمانی نەتەوەکەی قسان دەکات، مانای وایە بەرۆشنبیریی ئەوان دەدوێ. زمان دەفرێکی بەتاڵ نییە، بگرە بنیاتێکی پڕ لە مەبەستە. بەڕێزتان دەبینن؟ کەواتە: یەکەم، یەکەمین مرۆڤ هەیە، کە پەیامەکەی وەرگرتووە.

دووەم، زمانی مرۆیی هەیە.

سێیەم، نامەکە بەتایبەت بۆ محەمەد نەنێرراوە. محەمەد نێوەندێکە بۆ گەیاندنی نامەکە بەمیللەتەکەی.

چوارەم، ئەو نامەیە بەتەواوی بەیەکجار لە ئەلفەوە بۆ یا دانەبەزیوە، بگرە بەقۆناغی زەمەنیدا تێ پەڕیوە. ئایەت دادەبەزی، کۆمەڵگە کاردانەوەیان لە بەرابەریدا هەبوو، ئایەتی تر دادەبەزی و وەڵامی کۆمەڵگەی دەدایەوە.

* بەدرێژاییی ٢٣ ساڵ؟

– بەڵێ. قورئان بەرپەرچی قسەی کافرەکان دەداتەوە، کە پێغەمبەر بەوە تۆمەتبار دەکەن، شاعیرە، یا جادووگەرە، یان کەشیشە، یاخۆ عەجەمێک بۆی پڕ دەکاتەوە، یان ئەفسانەی پێشینانە و ئەو نووسیونەتییەوە. داوونەریتی ئەو کات وابوو دەبوو پێغەمبەر کتێبێکی بەدەستەوە بێ. ئەمە ئەو جیاوازییەیە لە نێوان نەخوێندەوار و خوێندەواردا هەبوو. نەخوێندەواران ئەوانەن کتێبیان نییە. کاتێک جوولەکەکان لە پێغەمبەریان پرسی کوا کتێبەکەت؟ پێی گوتن: ئەمە ئەو کتێبەیە. ئەم مشتومڕە وای لێ کردم زاراوەی "دیاردەی قورئانی" هەڵبژێرم، چونکە ئەم دیاردەیە گفتوگۆ و مشتومڕ و قایلکردن و وەڵامدانەوەی لەخۆ گرتووە.

* مانایێلێکی زۆر لە قورئاندا هەن، وەکو مانای ڕوحی و مانای ئاکاری و مانای گەردوونی و مانای کۆمەڵگەیی و مانای یاسادانان. بەپێچەوانەی چەمکی سەلەفییەکانەوە بۆ قورئان لەبارەی مانای ئاشکرا بۆی؟

– مانای ئاشکرا و دیار بەلای ئەبوحەزمەوە جیاوازە. ئەوی بەخوێندنەوەی سەلەفی ناوی دەبەیت خوێندنەوە نییە. ئەوان پشت بەخوێندنەوەی کۆن دەبەستن و بەڕاستی دەزانن. ئەوان ئەو خوێندنەوە کلاسیکییانە هەڵدەبژێرن، کە لەگەڵ ئارەزووەکانیاندا دێنەوە. بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئەوان هەڵدەبژێرن، هەروەها دەستەوەستانن لە تێگەیشتنی ڕەوتی ئەم خوێندنەوە کلاسیکییانە. زۆربەی ڕاڤەکردنەکانیشیان لە تەفسیری ئیبن کەسیر و قورتبییەوە دێن. هزری ئاینی تەنانەت لە شێوازە مامناوەندییەکەیشیدا دووبارەکردنەوەی مێژووە. مێژوو بواری پیسکردنە، تەنانەت بۆ نموونە زانایانی چەشنی شافعی لە دەرەوەی مێژوودا بوون. هەر لەبەرئەوەش بوو گۆبەنیان بۆ نامەوە هەینێ کتێبێکم لەسەر شافعی دەرکرد "الامام الشافعي وتأسيس الآيديولوجيا الوسطية"، چون شافعی وەکو قورئان پیرۆز بێ.

* بۆچی ئەم شۆڕشە دژ بەئەدۆنیس نەکرا بەهۆی کتێبی "ستاتیک و داینەمیک"، کە بەتەنیا بەشێکی ڕەخنەیی بۆ شافعی تەرخان کردووە، تاچ ڕادەیەک لە

کتێبەکەتدا سەبارەت بەشافعی سوودت لە ئەدۆنیس بینیوە؟

– بێگومـان سـوودم لە ئەدۆنیس و مـحـەمـەد عـابد جـابری و بەر لەوانیش سـوودم لە زانا میسرییەکانی بواری فیقە وەرگرتووە، وەکو سەمهوری و ئەبوزەهرا.

* ئایا ناترسێی بەم خوێندنەوانەت بۆ مێژووی ئیسلام بکەویتە ناو کەمینەوە، وەکو ئەدۆنیس لە کتێبی "ستاتیک و داینەمیک" دەرگیری بوو، لە کاتێکدا بەگشتی خوێندنەوەکانت خوێندنەوەیەکی کەمایەتییانەن؟

– ئەگەر کەمایەتی بێت یاخۆ نا ئەوە بۆچوونێکی سیاسییە. شێخ ئەمین خولی دەڵێ: "بیری ئاتەئیزم کافرانەیە، پاشان زەمەنێک تێ دەپەڕێ و دەبنە بیرێلێک ژیانیان پێ دەگۆڕرێ". وا بزانم خەڵکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ منیان نەخوێندووەتەوە. ئەوان منیان بەچاوی عەبدولسەبور شاهین خوێندووەتەوە. بزانە کەسێکی وەکو مستەفا مەحموود وتی: شێخ عەبدولسەبور وای گوت. محەمەد غەزالییش گوتی: شێخ عەبدولسەبور گوتی: گەورەترین نیشانەی هەژاریی ڕۆشنبیری، کە مرۆڤ بکرێ بەسەرچاوەی بڕیاردان بەسەر ڕاستییەکان، نەک مرۆڤەکان بەگوێرەی دەقی یاسا حوکمیان بەسەردا بدرێ.

یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوێت (سەلەفییە) لەبارەی منەوە گوتی: ئەو لە کتێبەکەیدا "چەمکی دەق" دەڵێ خوا بوونی نییە. تۆ بەخۆت کتێبی "چەمکی دەق"ت خوێندەوە، شتی لەم بابەتەت تێیدا بینییەوە؟ لەم کلۆڵییەدا ناکرێ بیری زۆرینە هەبێت ئەم کلۆڵییە ببڕێت.

* لە بۆنەیەکدا ساڵی ٢٠٠٩ نەیانهێشت بچیتە خاکی کوێتەوە تاکو دوو وانە بڵێیتەوە، تۆ گەیشتبوویتە فڕگەش، کەچی نەیانهێشت بچیتە ژوورەوە. چۆن هاتبوویت ئاوا گەڕایتەوە، ناچار وانەیەکی دەنگییت وتەوە، کە ١٥٠٠ کەس ئامادەی بوون، دوای ئەوەی شوێنەکە بۆ ١٥٠ کەس ئامادە کرابوو. بەهەمان شێوە ساڵی ٢٠٠٨ ڕووبەڕووی هەندێک گرفت بوویتەوە، کاتێک پتر لە لایەنێک میوانداریتیان لە قاهیرەدا ڕەت کردەوە، تاکو ئەو وانەیەی "الفن وخطاب التحريم ــ هونەر و گوتاری حەرامکردن"، کە لە بەیرووت لە شانۆی "دوار الشمس"دا وتتەوە، دەستنیشان کرا تا لە زانکۆی ئەمەریکایی لە قاهیرەدا بیڵێیتەوە، کەچی ئینجاش هۆڵێکی بچووکیان بۆ تەرخان کردبوویت، تاکو خەڵکەکە (وەکو ئەوی لە کوێت ڕووی دا) ناچار بوون لە دەرەوەی هۆڵەکە کۆ ببنەوە، تا گوێت لێ بگرن. ئایا "نەفرەت" ی کۆتکردنی ژیانت دەبەیتە سەر؟ کەنگێ ئەم نەفرەتە دوایی دێت؟
ئێمە لە سیستەمێلی سیاسیی ئەمنی، لە وڵاتێکی ئەمنیدا دەژین. دەستی ئاسایش لە گشت شوێنەکان لە بیناقاقای خەڵک نراوە. یەکیان پێی گوتم: مافی

ئەوەت هەیە داوا بکەیت داوای لێبووردنت لێ بکەن. منیش پێم گوت: ئەم ڕێژیمانە داوای لێبووردن لە کێ و کێ و کێ بکەن. من کەسێکی ناسراوم، هەر پاڵەپەستۆ خستنە سەرێکم لەلایەن ڕاگەیاندنەوە باس دەکرێ. بەڵام ئەی چی لەبارەی ئەو چەوسانەوەیە بڵێین، کە لەسەر هاوولاَتیی ئاسایی پیادە دەکرێ؟

– ئەی سەبارەت بەو کوشتنە ڕۆژانەیەی هاوولاَتییان لە بەشەکانی پۆلیس و خوێندکاران لە وانەکاندا چی دەڵێی. کاتێک لەناو وانەدا بەکوڕێک دەڵێی: دەمت داخە. مامۆستای زانکۆ بەخوێندکارەکەی بڵێت دەمت داخە، خۆت کەر مەکە. ئەمەش جۆرێکە لە چەوسانەوە. نامەوێ خۆم بکەمە شەهید، یاخۆ قوربانی. بەڵام ئەم کۆمەڵگەیانە گوزارشت لە ڕۆشنبیرییەکی کلۆڵ دەکەن. ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانیش کلۆڵترن. تاقە شێوازیش بۆ پاراستنی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرییانە ئەوەیە بەشداریی توندڕەوەکان بکەن بۆ ڕاوەدوونانی هەر هزرێکی ڕەخنەیی. چونکە هزری ڕەخنەییش هەر هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەلاَت. هزری ڕەخنەیی تەنیا باسی مێژوو و کولتوور ناکات. ئەگەر ئامانجی هزری ڕەخنەیی ڕزگارکردنی خەڵک بێ لە دەسەلاَتی تێکستەکان، ئەوا یەکەمین دەسەلاَت دیکتاتۆرییە.

من ڕقم لەم دەسەلاَتانەیە، هەرچەندە من وای دانانێم، کە ئەم سیاسەتانە ڕاستەوخۆ دژ بەمن. ئەم دەسەلاَتە لە ڕۆمان، لە هۆنراوە، لە تابلۆ، لە گۆرانی دەترسێ. گرفتەکە لەوەدایە حکوومەتەکان بەر لە گرووپە توندڕەوەکان ئەم ڕۆشنبیریی وەلاخستنەیان لەخۆ گرتووە. ڕۆشنبیریی هەژار و کلۆڵ ڕۆشنبیریی دوژمنکارانەی دژ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی بەختەوەریی مرۆییە. بەشێک لە بەختەوەریی مرۆیی لەوەدایە چێژ لە زانست و گوێگرتن لە مۆسیقا و ستران و هۆنراوە و لەزەت لە جوانی وەربگرین. جوانیی خەڵک و جوانیی سروشت. شەقامەکانمان پیس و پۆخڵن، ڕاگەیاندنمان بەشێوەیەکی گشتی قێزەونە، ئەو ڕووانەی لێیان ورد دەبینەوە جار جار جۆرە ناشرینییەکیان تێدا بەدی دەکرێ. گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵیی ئابووری، گەندەڵیی کۆمەلاَیەتی.

* داخۆ لەژێر سایەی ئەم ناشرینی و گەندەڵییەی قسەیان لەبارەوە دەکەیت دەگەڕێیتەوە لە میسردا بژیت؟

– من لە هۆڵەندا دەژیم، بەڵام لەم دواییانەدا سەردانەکانم بۆ میسر زیادیان کردووە. ئێستا گەیشتوومەتە تەمەنی خانەنشینی (بەشۆخییەوە).

* تۆ خانەنشینی دەستی میسریت؟

– (دەخەنێتەوە) مەبەستم خانەنشینی فەرمییە لە زانکۆ. کاتێک ساڵی ٢٠٠٨ بانگهێشت کرام بۆ ئاهەنگی یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی زانکۆی قاهیرە، سەیرم هاتێ کە چالاکییەکە لە

ئوتێلێکدا بەڕێوە چوو. گوتم: ماقوولە زانکۆیەکی میسری ئاهەنگی سەد ساڵەی لە ئوتێلدا بگێڕێت؟ ئەم زانکۆیە شەرمەزارە. خەجاڵەتە، وەکو بیەوێ پاشەڵی داپۆشێت.

* گلەییت لە زانکۆ هەیە. ئایا هۆیەکەی ئەوەیە، ئەوی بەسەرتدا هات ئەوە بوو کە لەناو زانکۆدا بەسەرت هات؟

– نەک گلەیی، بگرە لە گلەییش توندتر. زانکۆکان لە میسردا بوونە بەمزگەوت. هەڵبەت مزگەوت بەمانای نەرێنی.

* تۆ داوای ئازادکردنی مرۆڤت کردووە "نەک بەتەنیا لە دەسەڵاتی دەق، بگرە گشت ئەو دەسەڵاتانەی لە جیهانماندا ڕێ لە کاروانی مرۆڤ دەگرن، دەبێ هەر ئێستا و یەکسەر بەمە هەستین، بەر لەوەی لافاوەکە ڕامان بماڵێ".
ئایا ئەم قسەیە دەقی قورئانیش دەگرێتەوە؟

– لێم گەڕێ با ڕوونتر بم. بێگومان ئەم قسەیەم لە کتێبەکەمدا لەبارەی شافعییەوە هاتووە. ئەم کتێبە تووشی بەرپەرچدانەوەی زۆر هات. ئیمام شافعی بووە دەق و دەسەڵات. تەنانەت قورئانیش چۆن دەگۆڕێت بەدەسەڵات؟ لە ڕێگەی ئەوانەی بڕوایان پێی هەیە، کە ئەم دەقە قورئانییە سەرچاوەیەتی. لێ ئەوی لە مێژوودا ڕوو دەدات ئەوەیە، پشت بەیەک خوێندنەوە ببەستری ڕاستە و خوێندنەوەکانی تریش قسەی پووچ و گومڕایین. ئەم کارە بەپێی یەک خوێندنەوە دەق دەکاتە دەسەڵات. بەم شێوەیە ئەوانەی بەناوی تێکستەکانەوە دەدوێن، ئەوانە دەسەڵاتن. دەق بەخۆی هیچ دەسەڵاتێکی نییە. ئەگەر موسڵمانەکان لەناو ببرانایە و چەند پەڕەیەکی قورئان بمانایە، ئەوا ئەو پەڕانە هیچ دەسەڵاتێکیان نەدەبوو. بۆیە ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دەق لەو دەستەواژەیەی لە پرسیارەکەتدا هێناوتەتەوە، ئازادبوونە لە دەسەڵاتی لێکدانەوەی دەسەڵاتدارانەی دەقەکان، کە دەست بەسەر لێکدانەوەی دەقی ئاینیدا دەگرێ.

* لە ماوەی کاروانە درێژە هزرییەکەتدا بەڕای خۆت لە کوێدا هەڵەت کردووە و لە کوێدا بەخۆتدا چوویتەتەوە؟

– هەڵبەت ئەوی بەدواداچوونی بۆ کارەکانم هەبێ وەرچەرخان دەبینێ. ئەم وەرچەرخانانە ئەوە ناگەیەنن من هەڵە بوومە و پاشان ڕاست. توێژەر لە پرسیار ناکەوێ. هەینێ توێژەر لە پرسیارکردن دەوەستێ، وا باشترە کفنێک لە خۆی بپێچێ و چاوەڕێی مردن بکات. تەنیا باسی کتێبەکانم ناکەم، بەڵکو گفتوگۆکانیشم لەگەڵ خوێندکارەکانم و لە کۆنفرانسە جدییەکاندا. من ڕۆژانە فێر دەبم. کاتێک لە فێربوون دەوەستم، وا هەست دەکەم نەخۆش کەوتوومە.

* دوكتۆر، دۆخێلی ڕێنیسانسی تاكەكەسی لە جیهانی عەرەبیدا كراوە؟

– لە سەدەی نۆزدەیەمەوە، ئەوی بەڕێنیسانسی یەكەم و ڕێنیسانسی دووەم ناودەبرێ، جگە لە دەستپێشكەری ڕێنیسانس ئامێز نەبوو، كەنارگیر بوو. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە ڕێنسانسخوازەكان داوەری كران: تەهتەهاوی دوور خرایەوە، محەمەد عەبدە پەڕاوێز خرا، عەلی عەبدولڕازق حوكم درا، تەها حوسێن وای لێ كرا لە كتێبەكەیدا "في الشعر الجاهلي" هەندێک لە ڕایەكانی بگۆڕێ، تا دەگاتە لوێس عۆز و نەجیب مەحفووز و ئەمین ئەلخوولی و نەوال سەعداویش دوامینیان نەبوو.

* ئایا مەزەندەی ئەوە دەكەیت هزری نەسر حامد ئەبوزەید بەدوورەپەرێزی و لەبارخستن دوایی دێت، یاخۆ پێچەوانەی ئەوە دەخوازیت؟

– سەرەتا لێم گەڕێ با ئەوە ڕوون بكەمەوە، كە ئەم كەسانە ئەگەرچی بەگشت كۆمەڵگە نەگەیشتوونە، بەڵام دامەزرێنەر و بناغە بوون. ڕێنیسانس بەتاكەكان دێتە دی، ئەگەر دەزگای ڕۆشنبیریی نێوەند هەبن ئەوا هزری ئەم تاكانە بۆ ئاستێكی فراوانتر دەگوازێتەوە. پاشان ئامرازی نێوەندی تر هەن، واتا ڕاگەیاندن. هۆیەكانی ڕاگەیاندن لای ئێمە بەم ڕۆڵە هەڵناسێ. بۆیە ناتوانین تاكەكان بەدەستەبژێر تۆمەتبار بكەین. بۆ نموونە من لە زانكۆ وانەم دەگوتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كەوا من بەرپرسی نزیكەی ٥٠٠ خوێندكارم. ئەمەش ئامانجی داواكە بوو لە دژی من، واتا دەركردنم لە زانكۆ. ڕێگەیەک نەبوو بۆ جێبەجێكردنی ئەمە، تەنیا بەتاوانباركردنم بەهەڵگەڕانەوە لە ئاین نەبێ. ڕاگەیاندن بەو ڕۆڵە هەڵناسێ، كە دەكرێ زانكۆ ئەنجامی بدات. كاتێک لە مینبەرێكی ڕاگەیاندنەوە میوانداری دەكرێم، پرسیاری خێرا و دەرەوەییم لێ دەكرێ.

ڕاگەیاندن ڕۆڵی ڕۆشنگەری ناگێڕێت، چونكە پێویستمان بەبزاوتێكی گشتیی ڕۆشنگەری هەیە. هەڵبەت هەوڵی تاكەكەسی لە ڕاگەیاندنی بینراو و خوێنراو، یاخود بیسراودا لە ئارادایە، بەڵام ڕەوتێک دروست ناكەن. ئەوی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، هزرەكان نامرن. بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە: كۆمەڵگە چۆن دەكارێت هەناسەیەک بەم هزرانە ببەخشێت. ئەمە پرسیارەكەیە.

* ئایەتەكان بەكوردی لە "قورئانی پیرۆز" وەرگێڕاوی مامۆستا هەژارەوە وەرگیراون.

ئەم دیمانەیە لە كۆواری "كشكول"ی عەرەبی بڵاوكراوەتەوە.

نامووس

تاوان، نموونەگەل، توندوتیژی دژ بەئافرەت

# تاوانەکانی نامووس
# وەک توندوتیژیی دژی ژنان لە میسر

سەنتەری یارمەتیدانی یاسایی ژنانی میسر

## پێشینەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بەچەند چالاکی و بڵاوکراوەیەکی هەمەچەشنەی سەنتەری یارمەتیدانی یاسایی ژنانی میسر (کە لێرە بەدواوە وەک سیژم ناوی دەهێنرێ) لە ساڵانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٤ دەبەستێت، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بەپڕۆژەکانی ڕێکخراوەکەوە لەبارەی "تاوانەکانی نامووس"ەوە هەیە. هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٥دا، سیژم لەسەر مەسەلەکانی توندوتیژی دژی ژنان کاری کردووە و پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان بۆ توندوتیژی دژی ژنان کردووەتە بناغەی کارەکانمان:

توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای جێندەر ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی، یان لەوانەیە ببێتە هۆی، ئازاردانی جەستەیی و سێکسی و دەروونیی ژنان یان مەینەتی بۆ ژنان دەهێنێ، لەوانە هەڕەشەی ئەو جۆرە کردەوانە، زۆرەملێکردن یاخۆ بێ بەشکردنی هەڕەمەکییانەی لە ئازادی، ئینجا لە بواری گشتی یان تایبەتدا بێت[١].

یەکەم کاری سیژم لەسەر توندوتیژی دژی ژنان تایبەت بوو بەمەسەلەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی ژنان، یان خەتەنەکردن، کە ئەمە یەکێکە لە شێوازە هەرە گرینگەکانی توندوتیژیی "دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری" دژی ژنان لە میسر. ئێستا کارەکە بەرفرەوان بووە و لە پەیڕەونامەیەکی ڕاهێنانی ئەم دواییانەدا کە بەتایبەتی بۆ ئامادەکردنی پارێزەران سەبارەت بەچۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژیی دژی ژناندا داڕێژرابوو، سیژم تەرکیزی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لێژنەیەک

کردووەتە سەر سێ دەرکەوتەی توندوتیژی لە خێزانی میسری دا: خەتەنەی مێینە و زۆرەگێکردن (ئیغتساب)ی ژنان لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە و "تاوانەکانی نامووس" (عەبدولسەلام و سولەیمان، ٢٠٠٣). بەهاکانی کولتووری کۆنەپارێزی پیاوسالار ئەم سێ شێوازەی توندوتیژی پێکەوە گرێ دەدا و هەر خۆشی پاشخانی کۆمەڵایەتیی ڕوودانیانە و بەشێوەیەک کار دەکا کە نێرینەکان لەسەر حیسابی مێینەکان و گەورەکان لەسەر حیسابی گچکەکان بەدەسەڵات بن[٢] هەرسێکیان مەسەلەگەلێکن کە تابوی کۆمەڵایەتی و کولتووری بێدەنگی هەڵمەتی بنەبڕکردنیان زەحمەت دەکا. بەپێچەوانەی هەندێک شوێنی تری ناوچەکە، لەم ساڵانەی دواییدا بابەتی تایبەتی "تاوانەکانی نامووس" لە میسر ئەوەندە نەبووەتە جێی سەرنج، توێژینەوەی تایبەت ئەنجام نەدراوە و ئامـاریش زۆر کـەمـە. پڕۆژەی توێژینەوە و داکۆکیکردنەکەی سیژم لەبارەی "تاوانەکانی نامووس"ەوە هەوڵی داوە کە کۆمەڵ و هەموو ئەو پیشەکارانەی کە بایەخ بەکۆمەڵ دەدەن (دادوەر و پارێزەر و میدیا و هەموو ئەوانەی کار لە کۆمەڵی مەدەنیدا دەکەن) بەشدار بکا و هانیان بدا بۆ ئەنجامدانی دایەلۆگێکی کراوە لەبارەی "تاوانەکانی نامووس"ەوە کە تەنیا کاریگەریی لەسەر ژنان نییە، بگرە کاریگەریی لەسەر تەواوی کۆمەڵگە هەیە لە میسر و لە شوێنانی تریشدا[٣] بۆ ئەم مەبەستەش چەند توێژینەوەیەکمان کردووە یان کەسانی ترمان ڕاسپاردووە بینووسێت، بڵاوکراوەی ترمان ئامادە کردووە و بڵاو کردووەتەوە و ووَرکشۆپ و سیمینار و کۆنفرانسمان ساز داوە و چالاکانە کارمان لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا کردووە[٤] لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا بیروڕاکانمان لەبارەی چۆنێتیی بەرەو پێشبردنی ئەم کارە خراونەتە ڕوو.

## "تاوانەکانی نامووس" لە میسر

سیهام عەبدولسەلام

تاوانەکانی نامووس "لەو کۆمەڵگەیانەدا ڕوو دەدەن کە داوونەریتە کۆنەکان جڵەوی پێوەندییە خێزانییەکانیان بەدەستە، وەک لە میسر. ئەو ئامارە کەمانەی کە دەستمان کەوتوون لەبارەی ڕووداوەکانی "تاوانەکانی نامووس"ەوە لە میسر چەند زانیارییەکی ساڵی ١٩٩٧ لەخۆ دەگرێت، کە ئەوە پێشان دەدا کە تاوانەکانی پێوەندار بەناموسەوە ٥،٤٪ی هەموو تاوانەکانی وڵات پێک دێنن بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دەزگەی ئاسایشی گشتی. ڕاپۆرتەکەی ساڵی ١٩٩٥ی دەزگەی ئاسایشی گشتی ئامارەکانی سەنتەری نیشتمانیی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوانکاریی لەو بارەیەوە ئیقتیباس کردبوو، کە بەگوێرەی ئەوە ٨٤٣ تاوانی بەمەبەست لە سەرتاسەری وڵاتدا لەو ساڵەدا ئەنجام درابوون، ٥٢یان "تاوانی نامووس (عرض)" بوون. لە ساڵی ٢٠٠٠دا وترا کە ١٠٪ی ئەو تاوانانەی لە میسردا لە ساڵی ١٩٩٩دا ئەنجام درابوون "تاوانی نامووس" بوون. (رزیق، ٢٠٠٠)

لە ئاستێکی زۆر بنەڕەتیدا ڕێساکانی نامووس/شوورەیی بەپاکیزەیی و پەردەی کچێنییەوە

بەستراونەتەوە[٦] ئەم پێکەوە بەستنەوە تەقلیدییە – واتە هی نامووس و پاکیزەیی کە خۆی لە پەردەیەکی دەست لێنەدراودا دەبینێتەوە – بووەتە هۆی کوشتنی چەندان ئافرەتی گەنج لەسەر بنەڕەتی گریمانەی بێ بنەما. بۆ نموونە وەهمە ئەگەر بتوانیت لۆجیک بدۆزیتەوە لەمانەدا: پاکیزەیی و پەردەی کچێنی و خوێنی سەر پێخەف لە شەوی بووکێنیدا. بەهەمان شێوە، ئێمە حاڵەتی کچانێکیش شک دەبەین لەلایەن خێزانەکەیانەوە کوژراون چونکە وایان زانیوە کە لە ڕێی پێوەندیی سێکسیی ناڕەواوە سکیان کردووە کاتێک کە_ پەردەکەیان گیراوە و سکیان بەهۆی خوێنی عادەوە ئاوساوە، یان ئەو کچانەی کە گەدەیان بەهۆی لوویەکەوە ئاوساوە، یان ئەو کچانەی کە عادەکەیان بەهۆی ئەنیمیاوە دەوەستێ – ئەم حاڵەتانە لە کاتی توێکاریکردنی لاشەکاندا پاش مردن دەرکەوتوون، ئەمە جگە لەوەی کە دەرکەوتووە کچەکە پاکیزە بووە. (رزیق، ٢٠٠٠)

چەمکێکی تری بنەڕەتی ئەوەیە کە ژن موڵکی ئەندامانی نێرینەی خێزانەکەیانن. "تاوانەکانی نامووس" تاوانی کوشتنن لە دژی ئەو ئافرەتانەی کە بەلای کۆمەڵگەوە ڕێسا نەنووسراوەکانی نامووسیان شکاندووە و ئەمەش خێزانەکانیانی تووشی شوورەیی کردووە. ژنێک دەتوانێت چەندان هەڵە لە ژیانی پیشەیی و کەسیدا بکات و هێشتا سەری بەرز ڕاگرێت، بەمەرجێک شوێن نەریتە تەقلیدییەکان لەبارەی ڕەفتاری سێکسییەوە بکەوێت، ئینجا ئەگەر بەرواڵەتیش بێت. بەگوێرەی ئەم ڕێسا تەقلیدییانە لەبارەی نامووس و شوورەییەوە، ئافرەت بۆی نییە بەهیچ جۆرێک پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرێتییەک کە پیاوانی خێزانەکەی پێی قایلن ئەنجام بدات[٧]. بەم شێوەیە، ڕۆڵی تەقلیدیانەی مێینە لە کۆمەڵگەدا، واتە زاوزێکردن (منداڵ خستنەوە)، بەبیرۆکەی نامووس و شوورەییەوە دەبەستنەوە. لە میسر، ڕۆژنامەکان باسی حاڵەتیان کردووە کە چەندان ژن کوژراون نەک لەبەرئەوەی کە پێوەندیی سێکسییان لە دەرەوەی هاوسەرێتییەکەیان هەبووە، بگرە لەبەرئەوەی کە شوویان بەدژی خواستی خێزانەکانیان کردووە یان لەسەر ئەوەی کە وتوویانە حەزیان بەشووکردنێکی لەو جۆرە هەیە. هەواڵی ئەوە دەخوێنینەوە کە پیاوێک دایکە ٥١ ساڵانەکەی کوشتووە لەبەرئەوەی وتوویەتی حەز دەکا شوو بەیەکێک لە هاوڕێکانی کوڕەکەی بکا[٨]، یان هەواڵی پیاوێک کە خوشکەکەی و مێردەکەی لەبەر ئەوە کوشتووە کە بەبێ ڕازیبوونی خێزانەکەی شووی پێ کردووە[٩]، هەواڵی ئەوە دەخوێنینەوە کە دایک و باوکێک کچەکەیان لە کارەبا داوە لەبەرئەوەی شووی کردووە بەکوڕێکی گەنج و بەگوێرەی داوونەریتەکان بەڵام بەدژی خواستی ئەوان[١٠] هەروەها دەشێت تەڵاقیش ببێتە مایەی شوورەیی بۆ خێزان، وەک لە حاڵەتی ئەو خوێندکارەی کە خوشکەکەی کوشت، کە پاش حەوت مانگ لەوەی شووی کردبوو تەڵاق درابوو، لەبەرئەوەی کە هاوەڵەکانی گاڵتەیان پێ کردبوو.[١١]

ڕێساکانی نامووس/شوورەیی، هەروەها بەستنەوەی ئافرەت بەڕۆڵی تەقلیدیی زاوزێوە، پشت بەناسنامەی تەقلیدیی مێینە دەبەستێت – ئەو شێوازەی کە کۆمەڵگە وێنای ژنی پێ دەکا، ئەمە ئەگەر لەگەڵ واقیعیشدا نەیەتەوە – کە گریمانەی ئەوە دەکا کە ئافرەت بەسروشت ڕەوشت بەرزە،

بۆیە هەر لادانێک لە ڕەفتاریان پێشێلکاریی مێبوون یان "مێیەتییان"ە. ئەمە سەرچاوەی ئەو دوو فاقییەیە کە نێرینە و مێینەکان بەرامبەر ڕەفتاری سێکسی بەکاری دەهێنن، پیاوان بەسروشت بە ڕەوشت بەرز دانانرێن و بەهۆی ئەمەشەوە دەبێت جڵەو شل بکەین بۆ لادانە سێکسییەکانیان، ئەمە لە کاتێکدا "ژنێکی بەرەڵا" خۆی لەناو دەبات و ئابڕووی خێزانەکەی لەکەدار دەکا و شایەنی ئەوەیە بکوژرێ.. (مۆریس، ۳۱:۱۹۹۳) بێگومان لە واقیعدا ژن و پیاو هەردووکیان ئارەزووی سێکسییان هەیە و هەردووکیشیان توانایەکی ژیریان بۆ زاڵبوون بەسەر چالاکیی سێکسیدا هەیە – لەمەدا یەکسانن. ئەو گوتانەی بەپێچەوانەی ئەمەوەن هەڵقوولاوی توێژینەوەی جیدی نین لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە بگرە لە هەمان جیاکاریی کۆمەڵایەتیی پیاوسالارەوە دێت کە یاسایەکی ناموسی دەرکردووە کە بەدوو چاوی جیاواز حوکم دەدا، یاسایەک کە لە مەسەلە سێکسییەکاندا پیاو، گرینگ نییە چەندەش بەدڕەفتار بێت، بەبێ تاوان دادەنێ، بەڵام ئافرەت لەسەر بچووکترین هەڵە بەتاوانبار دادەنێ.

دەکرێت ڕێساکانی ناموس/شوورەیی کورت بکرێنەوە بۆ ئەوەی کە ناموسی پیاوان بەڕەفتاری سێکسیی ئافرەتەکانی خێزانەکانیان دەپێورێت. ڕێساکان نێرینەی بالادەست دڵنیا دەکەنەوە کە ئەو منداڵانەی لە ژنەکەی دەبیێت سامانەکەیان بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە. سیستەمە خێڵەکی و کشتوکاڵییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کوڕ بەسەرچاوەی هێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێزانەکە دادەنێن، هەروەها بەسەرچاوەیەکی کاری هەرزانیشی دادەنێن. لەم تێگەیشتنەدا، ناموس وەک عیرز ناسراوە (واتە ناوبانگی باش)، ئەوە پیاوانی خێزانەکەن کە ئەم ناموسەیان هەیە، کە ئەمەش لە ڕەفتاری سێکسیی ئافرەتی ناو خێزانەکەدا بەرجەستە بووە. ئەگەر ئافرەتەکان بەباشی هەڵسوکەوت بکەن، ئەوە پیاوانی خێزانەکە یان خێڵەکە ناموسیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئافرەت بەدڕەفتار بێت ئەوە شوورەییەکە پیاوانیش دەگرێتەوە. حوکمدان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ ئافرەت باش ڕەفتاری کردووە، مەرج نییە پێوەست بێت بەوەی کە کردارێکی سێکسیی ئەنجام دابێت، پێکەنین بەدەنگی بەرز لەسەر جادە یاخۆ خۆشی بینین لە قسەکردن لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا دەکرێ بەس بێت بۆ ئەوەی کە بگوترێ ئافرەتەکە سازشی لەسەر ناوبانگی کردووە، کە ئەمەش ئافرەتەکە دووچاری سزا و خێزانەکەش دووچاری شوورەیی دەکاتەوە. هەروەها ژنان تەنیا لەسەر گومان کوژراون. بۆیە دەخوێنینەوە کە قوربانییەک لەگەڵ هاوەڵێکی نێرینەیدا قسەی دەکرد لەسەر جادە[١٢]، یان درەنگ گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، هەرچەندە تەمەنی نۆ ساڵان بووە[١٣]، بەبێ ئیزنی مێردەکەی زۆرجار ماڵی جێ هێشتووە[١٤]، یاخۆ بەشێوەیەک خۆی گۆڕیوە کە بکوژەکە بەنەگونجاوی زانیوە[١٥].

کۆمەڵگەی پیاوسالار ئەو ژنانەی گەیشتوونەتە تەمەنی باڵقی، یان بەگشتی ئەوانەی کە لە تەمەنێکدان کە لە ڕووی سێکسییەوە چالاکن، وەک مەترسییەک دەبینێت کە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت لە ڕێی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان و زوو بەشوودانی کچان و خەتەنەکردنی کچان و ڕێگرتن لە

کچان کە لە ڕاهێنانی جەستەییی سوودبەخشی وەک بازدان و ڕاکێشانی قاچ لەو بڕوایەوەی کە ڕەنگە پەردەکەیان زیانی پێ بگا، کە بەگوێرەی بیروباوەڕی تەقلیدی، ناموسی ئافرەتی لەخۆ گرتووە و لەدەستدانی دەبێتە مایەی شوورەیی بۆ کچەکە، تەنانەت ئەگەر لەدەستدانیشی هیچ پێوەندییەکی بەچالاکیی سێکسییەوە نەبێت. زاوزێ بنەمای دابەشبوونی جێندەرە لە کۆمەڵگەدا و ئەمەش تەئکیدکردنەوەیەکی زیادڕۆ لەگەڵ خۆیدا دێنێت لەسەر پاکیزەییبوون، کە وەک گرەنتیی باوکایەتی و درێژەپێدەری بنەماڵە لێی دەڕوانرێ.

لەمەش زیاتر، مەسەلەی ناموس ئەوەندەی پێوەندیی بەناوبانگەوە هەیە ئەوەندە پێوەندیی بەڕاستییەوە نییە. دەکرێت قسە و قسەڵۆک ناوبانگی کچ لەکەدار بکا. ڕەنگە کچەکە هیچ شتێکی نەکردبێ کە کۆمەڵگە بەبێناموسی لە قەڵەم بدات، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت پیاوانی خێزانەکەی ئازاری بدەن تا ناموسی خێزانەکە لە قسە و قسەڵۆک بپارێزن. ئەو ئافرەتەی پێشێلکارییەکی سێکسی ئەنجام دەدا بەتوندی سزا دەدرێ و ڕەنگە ڕووبەڕووی سزای مەرگیش ببێتەوە. لە کۆمەڵە بچووکەکاندا یاسا نەنووسراوە نەریتییەکان پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نێوان پیاوان لەسەر بنەڕەتی ژن هەڵدەسەنگێنن، واتە ژنێک کە لە ڕووی سێکسییەوە ئازادە بەهەڕەشە دادەنرێ بۆ یەکانگیریی پیاوان و ناموسیان و بەم شێوەیە ناموسی پیاوان پشت دەبەستێ بەوەی کە کۆنترۆڵی ڕەفتاری سێکسیی ژنانی ناو خێزانەکەی یان خێڵەکەی بکات (گیلمۆر، ١٩٨٧). ئەم یاسا نەریتییە لەو یاسایەدا ڕەنگی داوەتەوە کە تایبەتە بەمەسەلەی تاوانەکانی ناموس، لەوەدا کە ئەو پیاوەی لەو بارودۆخانەدا کەسێک دەکوژێ مافی کەمکردنەوەی حوکمی پێ دەدرێ[١٦] تەنانەت کاتێک ئافرەتێک زۆرەگێ دەکرێت، دەشێت خێزانەکەی بەبیانووی ئەوەی تووشی شوورەیی کردوون، بیکوژن. هەرچەندە ڕەفتاری وەک هەراسانکردن و پەلاماردان و زۆرەگێکردن، کە پیاوان پێی هەڵدەستن، عادەتەن پێوەستن بەپێوەندییەکانی دەسەڵاتەوە لە نێوان پیاواندا وەک لەوەی کە ئافرەتێک چۆن خۆی دەردەخا یان چۆن خۆی دەگۆڕێ، بەڵام کۆمەڵگە زۆربەی کات ئەو ژنەی کە زۆرەگێ کراوە بەتاوانبار دادەنێت و زۆرەگێکردنەکە دەخاتە ئەستۆی ژنەکە، هەروەک ئەوەی کە ئەمە ڕووی دابێت چونکە ئافرەتەکە بەجوانی خۆی نەپۆشیوە یان تەنیا لەبەرئەوەی کە لە ماڵ هاتووەتە دەرەوە. هەروەها ئافرەتە زۆرەگێکراوەکە بۆی نییە داوای قەرەبووکردنەوە لە دەوڵەت بکات لە دژی تاوانبارەکە چونکە زۆربەی ئافرەتان هەر باسی زۆرەگێکردنەکە ناکەن لە ترسی ئەوەی ئەمە تووشی ڕیسواییان دەکا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ٩٠٪ی تاوانبارەکانی زۆرەگێکردن وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن (الدسوقي، ١٩٩٧).

پیاوان تاکە تاوانباری "تاوانەکانی ناموس" نین لە کۆمەڵگە تەقلیدییە پیاوسالارەکاندا. ئەم کۆمەڵگەیە وای کردووە کە ئافرەت بەرپرسیار بێت لە چاودێریکردنی ئافرەتانی تر بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند بەگوێرەی ستاندەرە تەقلیدییەکانی ڕەفتار دەکەن تا ناموسیان پارێزراو بێت. ژنانی بەساڵاچوو پلە و پایەیەکی تایبەتییان دەدرێتێ بەهۆی ئەوەوەی کە چاودێریی ڕەفتاری ئافرەتە

گەنجەكان دەكەن بۆ زامنكردنی پاراستنی ناموسی خێزان یان خێڵەكە. لەو ئامرازانەی بەكاری دەهێنن قسە و قسەڵۆكە، كە لەوانەیە هانی كوشتن بدا یان تەنانەت خۆشیان بەشدار بن لە كوشتنەكەدا. قسە و قسەڵۆك یەكجار زیان بەئافرەت دەگەیەنێ و دەتوانێ ناوبانگی ئافرەتەكە و خزمە مێینەكانیان بزڕێنێت ئینجا ئەگەر قسە و قسەڵۆكەكە ڕاست بێت یان نا، ئەم خاڵە ڕوونی دەكاتەوە كە بۆچی هەندێك ئافرەت هانی كوشتنی خزمێكی مێینەیان دەدەن كە پێشێلی ڕێساكانی ناموسی كردووە.

ڕێسا نەنووسراوەكانی داوونەریتی تەقلیدی عەرەبی تاوانەكانی پێوەست بەناموسەوە، واتە ئەوانەی كە كاریگەرییان لەسەر ناموسی ژن هەیە، بەگوێرەی باری هاوسەرێتیی قوربانییەكە و ڕازیبوون و ڕازینەبوونی بەئەنجامدانی ئەو كردەوە سێكسییەی كە باس كراوە، جیا دەكەنەوە. بۆیە زینا برێتییە لەوەی كە پیاوێك لەگەڵ ژنی پیاوێكی تردا، بەرەزامەندیی ژنەكە، جووت بێت، سیفاح ئەوەیە كە ژنێكی بێ مێرد، ئینجا زگوردی، تەڵاقدراو یان بێوەژن بێت، بەرەزامەندیی خۆی لەگەڵ پیاوێكدا جووت بێت، زۆرەگێش برێتییە لە سێكسكردن لەگەڵ مێینەیەكدا بەبێ ڕەزامەندیی مێینەكە ئینجا مێردی هەبێت یان نا. لە میسری ئەمڕۆدا زۆر ژن لەلایەن خێزانەكانیانەوە لە بارودۆخێكدا دەكوژرێن كە هەموو ئەو تاوانانەی ناموسی لەخۆ گرتووە. تاوانبارەكان بەوە پاساو بۆ كردەوەكانیان دەهێننەوە كە گوایە لەسەر داوونەریتی عەرەبی دێرین دەڕۆن، هەندێكیان تەنانەت ئەوەی كە كردوویانە بۆ جێبەجێكردنی توندیی پەیامە ئیسلامییەكان دەگێڕنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەكان پێشانیان داوە كە كوشتنی ئەو ژنانەی كە قوربانیی تاوانەكانی ناموس بوون یان بەوە تاوانبار كراون بەهیچ شێوەیەك نەریتی عەرەب نەبووە. لە قۆناغی بەر لە ئیسلام یان سەرەتای ئیسلامدا عەرەبەكان پێیان وا نەبوو كە زۆرەگێكردن كاریگەری لەسەر ناموسی قوربانییەكە هەیە، بگرە ئەوە سووكایەتییەك بوو بۆ مێردەكەی یان ئەو كەسەی كە چاودێریی دەكرد و وەڵامەكەشیان بۆ بەدەستهێنانەوەی پلە و پایەی لەدەستچوویان ئەوە بوو كە یان زۆرەگێكەرەكە بكوژن یان یەكێك لە خزمە مێینەكانی زۆرەگێ بكەن. هەروەها وا دەردەكەوێ كە خێڵەكانی خوار نیوە دوورگەی عەرەب چاوپۆشییان لە سیفاح (پێوەندیی سێكسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی) كردووە، ئەمە لە كاتێكدا كە خێڵەكانی سەرەوە زۆر توندتر بوون و ئافرەتەكە و شەریكەكەشیان لە سزای كردەوەكەیاندا دەكوشت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داوونەریتە باوكسالارییە بەهێزەكانی باكور كە لەژێر كاریگەری شارستانێتییە دێرینەكانی خۆرهەڵاتدا بوون، بەتایبەت ئاشووری و عیبرییەكان، كە بەتوندی سزای هەردوو شەریكە سێكسییەكانی دەرەوەی هاوسەرێتییان دەدا (زەناتی، ١٩٩٥: ٢٢٠-٣٤). بەپێچەوانەشەوە، گەشتیارێكی بیانی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرنجی ئەو سنگ فرەوانییەی دابوو لە عومان كە بەرامبەر تاوانەكانی ناموس هەبوون و وتبووی كە ئەوان ئەو كوشتنانەی بەناوی ناموسەوەیە بە بەربەری و قبووڵنەكراو وەسف دەكەن (زەناتی، ١٩٩٤:٢٤).

هەرچی یاسا نووسراوەکانیشە، ئەوە وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکان یاساگەلێکیان هەیە کە ڕێ بەکەمکردنەوەی سزا لە حاڵەتەکانی "تاوانی نامووس"دا دەدەن. چەمکی "تاوانەکانی نامووس" دوو بیرۆکەی دژ بەیەکی لەخۆ گرتووە تاوان و نامووس. لە هەر جێیەک نەرمونیانی بنوێنرێ بەرامبەر تاوانباران بەبیانووی پارێزگاریکردن لە نامووسی خێزان، ئەوە کۆمەڵگە و دەزگەی دادوەری لە دزێویی ئەو تاوانانە کەم دەکەنەوە کە دژی ژنان لە خێزاندا ئەنجام دەدرێ. بەستنەوەی تاوان بەنامووسەوە نەک تەنیا لێبووردنی تاوانباران بگرە پاداشتکردنیشیان دەگرێتەوە لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا کە ئەنجامیان داوە (بارسی). هەڵوێستی یاسای میسر و جێبەجێکردنەکەی بابەتی بەشی داهاتوومانە.

## تاوانەکانی نامووس و یاسا

عەزە سولەیمان

لە یاسای میسریدا، هیچ برگەیەکی یاسایی لەبارەی "تاوانەکانی نامووس"ەوە نییە. بەپێچەوانەی هەندێک دەوڵەتی عەرەبیی ترەوە، یاسای میسری سووککردنی سزای سنووردار کردووە بۆ ئەو پیاوەی بەمەبەست مێینەیەک دەکوژێت لە پێوەندییەکی ژن و مێردانەدا: ئەویش برێتییە لەوەی کە کاتێک پیاوێک لە ناکاو ژنەکەی لە کاتی زینادا دەگرێ. ئەمەش لە مادەی ٢٣٧ی یاسای سزادانددا هاتووە:[١٧]

هەر کەسێک لە ناکاو بەسەر ژنەکەیدا بچێت لە کاتی ئەنجامدانی زینادا و دەستبەجێ ژنەکەی و ئەو کەسەشی کە زینای لەگەڵ دەکا (دۆستەکەی) بکوژێ لە جیاتیی ئەو سزایانەی کە لە مادەگەلی ٢٣٤ و ٢٣٦دا هاتوون[١٨] سزای زیندانیی بۆ دەبڕدرێتەوە.

لەمیانەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکەیدا لەسەر برگە یاساییە عەرەبییەکان لەبارەی ئەم بابەتەوە، لەما ئەبوعۆدە سەرنجی دابوو کە "برگە یاساییە میسرییەکە زیاتر خۆی بەبیرۆکەی سۆزەوە دەبەستێتەوە وەک لە نامووس، تەنیا مێرد لەمە سوودمەند دەبێت ئەویش تەنیا لە حاڵەتی زینادا و ئەمەش تەنیا کەمکردنەوەی سزاکە دەگرێتەوە" (ئەبوعۆدە، ١٩٩٦، ١٤٧–٨). لەلایەکی ترەوە، ئەو سەرنجەی هێنراوەتەوە (و ڕەخنەی لێ گیراوە) لەلایەن ئەبوعۆدەوە لە "ڕوونکردنەوە"ی برگە یاساییەکەدا هۆکارەکانی "نامووس"یش دەخاتە ڕوو:

یاسا ئەو بارە دەروونییە لە بەرچاو دەگرێ کە مێردە نامووس شکاوەکەی تێ دەکەوێ، کە ئەمەش بەنرخترین شتێکە کە هەیەتی. لەو ساتەدا کە ژنەکەی بەسەر زیناکەوە دەگرێ بێگومان عەقڵی لە دەست دەدا و ژنەکەی و شەریکەکەی دەکوژێ[١٩]

نەبوونی برگەیەکی یاسایی مەرجدار بۆ کەسانی تر وەک (باوک، برا، مام) کە بتوانن "سوودمەند" بن لە کەمکردنەوەی حوکمەکەیان لە کوشتنی بەمەبەستی خزمێکی مێینە کاردانەوەی

میسر پێشان دەدا لەسەر ئەو مەسەلانەی کە خرانە ڕوو لەلایەن گرووپەکانی کارکردنی ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان (کە لێرە بەدواوە بەCEDAW ناوی دەهێنرێت)ەوە لەبارەی ڕاپۆرتی سێیەمی میسر و ڕاپۆرتە وەرزییە هاوبەشەکانی چوارەم و پێنجەم کە کۆنگرە دەری کردوون[٢٠]. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنان کە داوای لێ کرابوو لەسەر "تاوانەکانی نامووس" بدوێ، کە تێیاندا ژنان لەلایەن خزمە نێرینەکانیانەوە بەگومانی ئەوەی کە ڕەفتارێکی سێکسیی نەشیاویان ئەنجام داوە، دەکوژرێن:

لە میسر لە یاسادا "تاوانی نامووس" نییە وەک هەندێک وڵاتی عەرەبیی تر و ئەوانەش کە ئەو کردارە ئەنجام دەدەن بەگوێرەی یاسای سزادان سزا دەدرێن و وەک پیاوکوژ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت[٢١]

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو ئەندامانەی خێزان کە "تاوانی نامووس" ئەنجام دەدەن سوود لە کەمکردنەوەی حوکمەکانیان بەگوێرەی هەلومەرجەکان نابینن. مادەی ٢٣٠ی یاسای سزادان تایبەتە بەکوشتنی بەئەنقەست و نەخشە بۆکێشراو:

هەر کەسێک یەکێک بەئەنقەست بکوژێ و نەخشەی بۆ ئەمە کێشابێ یان خۆی بۆ نابێتەوە (بەعەرەبی، سبق الاصرار والترصد) ئەوە سزای لەداردان وەردەگرێ.

ئەم مادەیە ناوی هیچ جۆرە هەلومەرجێکی سووککەر ناهێنێ کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی سزاکە ئینجا ناسنامەی تاوانبارەکە و قوربانییەکە هەرچییەک بێت. هەروەها یاسای میسر هیچ "پاساوێکی گشتی"ی لەبارەی وروژاندنەوە تێدا نییە، وەک ئەو نیمچە بەرگرییەی کە لە یاسای ئوردندا هەیە بۆ ئەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە لە "گەرمەی شێتگیریدا بەهۆی کردەوەیەکی هەڵە و مەترسیداری" قوربانییەکەوە[٢٢].. بەڵام لە مادەی ١٧ی یاسای سزادانەدا یاسادانەران دەسەڵاتێکی بڕیاردانی تایبەتییان داوەتە دادوەران بۆ کەمکردنەوەی سزاکە لەو حاڵەتانەی هەلومەرجی سووککەر هەیە بۆ تاوانبارەکە:

لە بڕگە یاساییەکاندا سەبارەت بەتاوانی گەورە، لەو هەلومەرجانەی تاواندا کە بنەمای دادگەییکردنەکە داوای بەزەیی لە دادگە دەکا، ڕێ پێدراوە کە سزاکە بەم شێوەیەی خوارەوە بگۆڕدرێ: سزای لەداردان و کاری قورس بگۆڕدرێ بەسزای زیندانیی هەتاهەتایی یان ماوە دیاریکراو، حوکمی هەتاهەتایی و کاری قورس بەحوکمێکی زیندانیی ماوەی دیاریکراو و کاری قورس یان حوکمێکی زیندانی، حوکمێکی زیندانیی ماوە دیاریکراو بەحوکمێکی زیندانی یان بەتەوقیف بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت، حوکمی زیندانی بگۆڕدرێ بەتەوقیف کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت.

ئەم دەسەڵاتە تایبەتەی بڕیاردانی دادوەرانە کە کێشەی سەرەکیی ئەم بڕگە یاساییانەیە. دادوەر، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەکە، بەلای بۆچوونی کۆمەڵگەکەیدا دەیشکێنێتەوە کە ژن

"نامووسی پیاوە" – ئینجا ئەم پیاوە باوک، برا یان کوڕ بێت – بۆیە لەوانەیە سکپڕبوونی ژنێک بەهۆی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە، یان گومان لەبارەی ڕەفتاریەوە، وەک ئەو هەلومەرجانە دابنێ کە پێویستی بەبەزەیی دادگە هەیە لە بەرامبەر بکوژەکەدا و بەم شێوەیەش ڕێ دەدا کە حوکمەکە بەگوێرەی مادەی ١٧ کەم بکرێتەوە. لێرەوە سزای تاوانی گەورە دەشێت کەم بکرێتەوە بۆ کەمترین ماوەی زیندانی –کە سێ ساڵە– وەک لە فەرمانێکی دادگەی تاوانی تەنتە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٨دا دەردەکەوێ:

برای قوربانییەکە بەگومان بوو لە ڕەفتاری خوشکەکەی و وای زانی کە لە ڕێی پێوەندیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە سکی پڕ بووە، مێردەکەی ماوەیەک بوو لە دەرەوەی وڵات بوو. براکەی داوای لە خوشکەکەی کردبوو سکەکەی لەبار ببا و ئەویش ئەمە ڕەت دەکاتەوە، براکەی کەللەی دەتەقێنێت و ئاگری تێ بەردەدا. خوشکە ئاگرەکەی دەکوژێنێتەوە و دەرگەی ئاودەستەکە لەسەر خۆی دادەخات. ئینجا براکەی نەوت دەکات بەدرزی ژێر دەرگەی ئاودەستەکەدا و گڕی تێ بەردەدا و خوشکەکەی گڕی تێ بەردێت و دەمرێ. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە پێشانی دا کە قوربانییەکە سکی هەبووە و بەفەرمانێک حوکمێکی زیندانیی سێ ساڵی بۆ ئەو پیاوەی کە خوشکەکەی کوشتووە بڕییەوە.

لە تاوان و حوکمەکەوە ئاشکرایە کە لەم حاڵەتەدا فەرمانی دادگە بەبەخشینی بچووکترین سزا پشتی بەوە بەستووە کە تاوانبارەکە خوشکەکەی بۆ پارێزگاریکردن لە نامووسی خێزانەکە کوشتووە. بۆیە هەڵوێستی دادگەری لەو حاڵەتانەدا بیرۆکەی چاوپۆشیی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە کوشتنی ئەنقەستی ژنان لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا تۆخ دەکاتەوە.

هەروەها ئەوەش جێگیربووە کە ئەوە "دادگەی ڕاستییەکانە" دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بەزەیی لە کەمکردنەوەی سزادا بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ١٧ پێشان بدا. ئەبوعۆدە لە چاودێرێکی ساڵی ١٩٦٤ەوە دەگوێزێتەوە کە وتبووی:

مەسەلەی هەلومەرجی سووککەر لەو مەسەلانەیە کە بەتەواوی بۆ دەسەڵاتی بڕیاردانی دادگەی ڕاستییەکان جێ هێڵراوە و ئەم دادگەیە بۆی هەیە ئەو مەسەلەیە لە بەرژەوەندیی تۆمەتبارەکە ڕەچاو بکا تەنانەت ئەگەر داواشی نەکردبێ... دادگەی تەمیز هیچ دەسەڵاتی لەو مەسەلەیەدا نییە، بۆیە داوایەک بۆ تێهەڵچوونەوە بۆ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سووککەر نابێتە هۆی ئەوەی کە دادگەی تەمیز کردار بگرێتە بەر(٢٣).

پاش وردبوونەوە لە فەرمانەکانی دادگەی تەمیزی میسر، ئەبوعۆدە (١٦٣: ١٩٩٦) ئاماژە دەدا بەوەی کە بەکردار ئەو کوشتنانەی نامووس کە ناتوانرێ لە سنوورە تەسکەکانی مەودای پیادەکردنی مادەی ٢٣٧دا جێیان بکرێتەوە دادەبەزێنرێنە مەودای دەسەڵاتی بڕیاردانی دادگە

نزمەکان لەبەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو جۆرە کێشانە بەگوێرەی مادەی ١٧ پێویستییان بەبەزەیی دادوەرە.

بۆیە ئاشکراکردنی بچووکترین وردەکاریی شێوازی مامەڵەکردنی دادگە میسرییەکان لە بەرامبەر "کوشتن لەسەر نامووس"دا لە سایەی یاسای هەنووکەدا تەنیا لە ڕێی وردبوونەوە لە داوا بڵاونەکراوەکان ئەنجام دەدرێ: ئەوانەی کە دادگە نزمەکان لێیان کۆڵیوەتەوە. لە بەشی داهاتوودا ئەو داوا بڵاونەکراوانەی دادگە نزمەکان شی کراونەتەوە کە سیژم کۆی کردوونەتەوە لەمیانەی لێکۆڵینەوەکەماندا لەسەر مامەڵەکردنی یاسایی "کوشتن لەسەر نامووس" لە دادگەی بەرایی تاوانی قینا. لە فەرمانەکانی دادگەدا ئەم داوایانەی خوارەوە وەک هەلومەرجی سووککەر قبووڵ کرابوون:

تۆمەتبارەکە ملی دابوو (بەگوێرەی تێگەیشتنی دادوەرەکە) بۆ پاڵەپەستۆی دەروونیی زۆر، بیرۆکەی ئەوەی کە قوربانییەکە، بەبەرهەڵستیکردنی خوو و داوونەریتە باوەکان (بۆ نموونە، لە ڕێی ئەوەی کە بەتەحەفوزێکی کەمترەوە خۆی گۆڕیبوو، هاوڕێیەکی نێرینەی بەتەنیا بینی بوو،... هتد) بەدەستی خۆی مەرگی خۆی هێنابوو، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی کە کردەوەی گومانبارەکە هەوڵێکی "ڕەوا" بووە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو هەستەی کە نامووسی لە دەست چووە و ڕزگارکردنی خۆی و خێزانەکەی لەو شووره‌ییی‌ەی کە گوایە لە ڕەفتاری قوربانییە مێینەکەوە کەوتووەتەوە. بەکورتی، ئەو هۆکارانەی کە بۆ کوشتنی ژنان بەناوی "نامووس"ەوە خراونەتە ڕوو ئەنجامی داوونەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانن، کە زۆرجار دەبنە هۆی سووککردنی قوربانییە مێینە "تاوانبارەکە"، کە وا پێشان دەدرێ - و لەوانەیە دادگەش وا لێی بڕوانێ - کە شایەنی ئەو چارەنووسە بووە.

با بگەڕێینەوە سەر مادەی ٢٣٧، ئاشکرایە کە بەگوێرەی یاسا ئەو مێردەی کە بۆی دەردەکەوێ ژنەکەی زینای کردووە پارێزگاری لە نامووسی خۆی دەکا و مافی ئەوەی هەیە کە بیکوژێت، ئەگەر ئەمەی کرد، ئەوە سزاکەی زیندانیکردن لە نێوان ٢٤ سەعاتەوە بۆ سێ ساڵ دەبێت. ئەمە حوکمێکە کە یەکجار کەم کراوەتەوە لە هەلومەرجی کوشتنی بەئەنقەست یان بێ ئەنقەستدا و مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاسایی دەبوو ئەگەر هاوسەری ژنیان لە بڕگە یاساییە گشتییەکان ئاوارتە بکردایە، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە بڕگەی یاسایی هەیە لەبارەی سووککردنی سزاوە لە یاسادا لە مادەی ١٧دا وەک باسمان کرد.

هەروەها مامەڵەکردنێکی بەرفرەوانتری زینا لە یاسادا شایەنی بایەخ پێدانە، لەبەرئەوەی کە ئەو مامەڵە جیاوازە پێشان دەدا کە لە یاسادا و بەکرداریش لە بەرامبەر چالاکیی سێکسیی دەرەوەی هاوسەرێتی لەلایەن ژنان و پیاوانەوە هەیە. ئەمانەی خوارەوە مادەی تری پێوەندارن بەزیناوە لە یاسای سزادانی میسریدا:

مـادەی ٢٧٤: ئەو ژنـە مـێـردارەی کـە سـاغ دەبێـتـەوە زینای کـردووە بەمـاوەیەکی زیندانیکردن ســزا دەدرێ کــە لــە دوو ســاڵ زیاتر نەبێت. مــێــردەکــەی دەتوانێت جێبەجێکردنی ئەم حوکمە ڕابگرێت بەوەی کە ڕازی بێت ژنەکە بگەڕێتەوە بۆ لای و وەک پێشتر لەگەڵیدا بژی.

مادەی ٢٧٧: ئەو مێردەی کە ساغ دەبێتەوە لە ماڵی ژن و مێردایەتیدا زینای ئەنجام داوە، لە ڕێی داوایەکی ژنەکەیەوە بەحوکمێکی زیندانی سزا دەدرێ کە لە شەش مانگ زۆرتر نەبێت.

یەکەم، ئەم بڕگە یاسـاییانە جیاکارییەکی ئاشکرا لە نێوان ژن و مێرد لە تاوانی زینادا دەکا لە ڕووی سـزاکـەوە، دووەم، مـێـردەکـە (بەڵام ژنەکـە نا) مـافی بەخـشـینی هـەیە، سـێـیـەم، مـەرجی سـاغـبـوونەوەی تاوانی زینا لەلایەن مـێـردەکـەوە (بـەڵام لەلایەن ژنەکـەوە نا) کـە لە مـاڵی ژن و مـێـردایەتیـدا ڕووی داوە. لە سـاڵی ٢٠٠٠دا، لە وەڵامی پرسـیـارەکـانی ڕاپۆرتەکـانی CEDAWی مـیسـردا لەلایەن (ئـەنجوومـەنی نیـشـتـمـانیی ژنان)ەوە پێشکێش کرا دانی بەبڕگـە یاسـاییـە جیـاوازەکـاندا نا لەبارەی زیناوە وتیشی کـە لە کاتێکدا مـادەی ٢٣٧ ڕێی داوە بەکەمکردنەوەی حوکـمی پیـاوێک کە ژنەکـەی لە زینادا دەگرێ، بـەڵام ئەگەر ژنێک مـێردەکـەی بکوژێت کـاتێک لە زینـادا دەیگرێت ئـەوە یان ڕووبەڕووی کـاری قـورس و زیندانیی هـەتاهـەتایی یان کـاری قـورس و زیندانیی مـاوە دیاریکراو لە سێ ساڵەوە بۆ ١٥ سـاڵ دەبێتـەوە بەگوێرەی مـادەی، ٢٣٤ وەڵامـەکـە سـەرنجی دابوو کـە "ئەم بڕگـە یاسـاییـانـە جیـاکـاری دەکـەن لە دژی ژنان و جـێی گـفـتـوگـۆ و پێداچوونەوەن[٢٤]"

لە کـۆتاییی توێژینەوەکـەمـاندا چەند ڕاسـپـاردەیەکـمـان لەبارەی یاسـا و نـەخشـەدانانەوە بۆ ئەنجوومـەنی نیشتمانیی ژنان و فـەرمانگە و دەزگەی تر لەسـەر بنەمای لێپرسراوێتیی حکوومەتی مـیسـری بەگـوێرەی یاسـای نێـودەوڵەتی و ناوخـۆیی خسـتـە ڕوو. لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی، بەرپرسیـارێتییـەکانی میسـر لە پابەندبوونیەوە بەپرەنسیپەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافـەکانی مـرۆڤەوە دێن. کۆمـەڵی نێودەوڵەتی توندوتیژی دژی ژنان بەلەمپـەرێک لە بەردەم ژنان دەزانێت بوو بەتەواوی سـوود وەرگرتن لە مـافەکانیـان. جاڕنامەی بنەبڕکردنـی هەموو شـێـوازەکانی جیاکاری دژی ژنانی نـەتەوە یەکگرتـووەکـانی[٢٥] سـاڵی ١٩٩٣ داوای بنەبـڕکـردنی هـەمـوو شـێـوازەکـانی توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە خێزان و کۆمەڵگەدا دەکا. لە پێناسـەکەیدا بۆ توندوتیژی دژی ژنان "ئەو پراکـتیـسـانەی کـە زیانبـەخشـن بۆ ژنان و پشت بەداوونەریت دەبەسـتن" ناو براوە. دەبێت دەوڵەتان وەک پێویست گوێ بەڕێگرتن لەو لێکۆڵینەوە و سـزادانی کـردەوەکانی توندوتیـژی دژی ژنان بـدەن، ئینـجـا لەلایـەن دەوڵەتەوە یـان کـەسـانی تایبــەتەوە[٢٦] ئەنجـام درابن و دەبێت بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ بەبەرپرس دابنرێن ئەگەر نەیانتوانی بەو کارانە هەسـتن.

له ساڵی ١٩٨١دا، میسر بووە یەکەم دەوڵەتی عەرەب کە ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان پەسند بکات و لە گازێتەی ڕەسمیدا بڵاو کرایەوە و بەم شێوەیە بووە بەشێک لە یاسای ناوخۆیی. لە کاتێکدا میسر تەحەفوزی لە بەرامبەر چەند بڕگەیەکی(٢٧) CEDAW دەربڕیوە، بەڵام ئەوانە بەندی (١)ە ناگرێتەوە، کە داوا لە دەوڵەتان دەکا:

هەموو ڕێوشوێنێکی گونجاو بۆ چاککردنی شێوازە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ڕەفتاری ژنان و پیاوان بگرنە بەر بەمەبەستی بنەبڕکردنی دەمارگیری و پراکتیسە نەریتییەکان و ئەوانی تریش کە پشت بەبیرۆکەی لاوازی یان باڵادەستی ئەم بەسەر ئەو ڕەگەزدا یان ڕۆڵە چەقبەستووەکانی ژنان و پیاوان دەبەستن.

هەروەها هیچ نارەزاییەک نییە لە بەردەم بەندی (ج)١٠ لەبارەی خوێندنەوە کە داوای "بنەبڕکردنی هەر چەمکێکی چەقبەستوو لەبارەی ڕۆڵی ژن و پیاوەوە لە هەموو ئاستەکان و جۆرەکانی خوێندندا" دەکا.

لێرەوە بەرپرسیارێتییەکانی میسر لە سایەی ئەم ڕێککەوتننامەیە و ڕێککەوتننامەکانی تردا بۆ پاراستنی ژنان لە دژی توندوتیژی پێویستی بەچەند جۆرێک کردار هەیە لە دژی "تاوانەکانی ناموس" و هەموو جۆرەکانی تری توندوتیژی دژی ژنان. ڕەفتاری قەزاش لەم ڕووەوە گرینگە، بەشی داهاتوو تاوتوێی چەند فەرمانێکی دادگە دەکا کە هیچ جۆرە بەرگرییەکی لەو جۆرە بۆ ژنان دابین ناکا و، بگرە بەڕادەی جیاواز، چاوپۆشی لە کوشتنی ژنان لەسەر بنەمای ڕێساکانی داوونەریتی وابەست بەناموسەوە دەکا.

## تاوانەکانی ناموس و فەرمانەکانی دادگە

عەواد ئەلمور(٢٨)

لە سەردەمانی بەر لە ئیسلامدا هەواڵی لەدایکبوونی کچێک جگە لە دڵتەنگی هیچی تری بۆ باوکی نەدەهێنا. ترسی شوورەیی لەوانە بوو وای لێ بکا کچەکەی زیندەبەچاڵ بکا و تەنانەت ئەگەر کچەکەشی بهێشتایەتەوە ئەوە بەچاوێکی سووکترەوە لە منداڵێکی کوڕ لێی دەڕوانی. ئەو جۆرە پراکتیسانە لەگەڵ ڕوانینی ئیسلامدا بۆ ڕۆحی تاکەکەسەکان و بەخشینی یەکسانانەی مرۆڤدۆستی بە ژنان و بە پیاوان ناکۆکن، کەچی هەتا ئەمڕۆش پیاوان کۆنترۆڵی جووڵەی ژنان دەکەن و هەڵسوکەوتیان جڵەو دەکەن. زۆر لە پیاوان خراپ مامەڵەی ژنان دەکەن و بەقسە و بەکردەوە ئازاریان دەدەن.

هەرچییەکیش ڕوو بدا ژنان لەسەر ماڵەکانیان سازش ناکەن و زۆریان، لەبەر خاتری منداڵەکانیان، بەرگەی نارەحەتییەکی لەبن نەهاتوو دەگرن. بەدەگمەن عادیلانە مامەڵەیان دەکرێ و بچووکترین قسە و قسەڵۆک نەهامەتیی قبووڵنەکراو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی

که ژنان ئێستا لە شوێنی کار لەگەڵ پیاوان تێکەڵن و چوونەتە ناو هەندێک بوارەوە کە نوێن بۆ ئەوان. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ژنان لەژێر چاودێریی پیاواندان، کە ئەمەش سنوور بۆ تواناکانیان دادەنێ، وەک ئەوەی ژنان لە پیاوان کەمتر بن لە ڕووی پێگەیشتن و ژیرییانەوە.

ڕەنگە ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکتر بن بەڵام بەکردەوە یەکسان نین. هەرچەندە قورئان ڕێزی لە ژن گرتووە، هێشتا بیروباوەڕەکانی شەریعەی ئیسلامی دوورن لە جێبەجێکردنی لە عەقڵی ئەو پیاوانەوە کە سەیری ئەو چاودێرییە دەکەن کە هەیانە بەسەر ژنانەوە نەک وەک ئەوەی کە دەقە پێوەندارەکانی قورئان سنوورداری کردووە بگرە وەک جۆرێک لە دەسەڵاتی هەڕەمەکی و کۆنترۆڵ کە ڕێیان پێ دەدا ڕێ لە ژن بگرن کە هەندێک شت بکەن، بۆ نموونە بێبەشکردنیان لە مافی کارکردن یان تەنانەت سەردانی خزمە نزیکەکان، ئەو پیاوانە پێیان وایە کە دەتوانن ڕەها بن لە فەرمانەکانیاندا و هەندێک جار وەک کەلوپەل لە ژن دەڕوانن.

وردبوونەوەیەک لە ڕێساکانی کوشتن ئەوە پێشان دەدا کە کوشتنی ڕێپێدراو بریتییە لە (قیساس)، واتە کوشتن لە تۆڵەسەندنەوەی دادپەروەرانەدا لە بەرامبەر ئەوەی کە پێشتر کەسێک کوژراوە: سەر بەسەر. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک پیاوێک ژنێک دەکوژێ – بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا– لەبەر ئەوە نییە کە ژنەکە کەسێکی تری کوشتووە، بگرە لەبەر قسە و قسەڵۆک لە بارەیەوە، یان تەنانەت لە هەندێک هەلومەرجی تردا، وەک لەو فەرمانەی کە لە خوارەوە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەهۆی پێوەندییەکی تەواو ڕەواوە کە لەگەڵ کەسێکی غەیری خزمێکی خۆیدا دروستی کردووە. دەشێت پیاوێک بەدزییەوە دوای ژنێکی خێزانەکەی بکەوێت و بیکوژێت، دەشێت بەهێمنی و لەسەرخۆ و دڵڕەقانە ڕێوشوێنی تاوانەکە دابنێت و نەخشەی بۆ بکێشێ، دەشێ بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بۆ ئامادە بکا و کەسانی تریشی لەگەڵ بن کە یارمەتیی دەدەن. کوشتنی لەو جۆرە تەنیا دەکرێ بەکوشتنی نەخشە بۆکێشراو دابنرێ و لەوانەیە لە ڕێی کەمینێکەوە بێت و ڕەنگە تاوانبارەکە تەنانەت خۆشی لە پشت دیوارێکەوە یان پوشوپەڵاشەوە یان هەر شتێکی ترەوە نەشارێتەوە و لە ناکاو دەردەکەوێ لە بەردەمیدا تا چی زووترە بیکوژێ.

لە یاسادا، تاوانی کوشتن ڕەگەزێکی تێدایە سەبارەت بەنیازی تایبەتی تاوانبارانە لەلایەن تاوانبارەکەوە، نیازی کوشتنی کەسێک، کە بەڵگەی ئەوەش لە هەلومەرجی تاوانەکە و ئەو ئامرازانەی تاوانبارەکە بەکاری هێناون دەردەکەون. پاش نیازەکە، کردەوەی کوشتنەکە دێت، ئاخۆ کوشتنەکە بەڕاستی ڕووی داوە، ئاخۆ تاوانبارەکە ئەو ژنەی کوشتووە کە مەبەستی بوو بیکوژێت یاخۆ لەگەڵ کەسێکی تر لێی تێک چووە و ئاخۆ تووشی برینداریەکی کوشندەی کردووە یان دەکرا ڕزگاری بکا. کوشتن هەر کوشتنە سەرباری پاڵنەرەکانی، ئەمانە هۆکارگەلێکی کوشتنن کە نابێت نە ڕێ بگرن لەوەی کە یاسا ڕێچکەی خۆی وەرگرێ و دادوەریش حوکمی خۆی دەربکا. کوشتن لە هەموو ئاینەکاندا حەرامە. خوا کوشتنی وەک پەلامارێکی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ حەرام کردووە، تەنانەت کاتێک ژیانی ئەو مرۆڤە تەنیا کۆرپەلەیەک بێت: کوشتنی ژنێک کە پێوەندییەکی سێکسیی

ناشەرعیی هەبووە و کۆرپەلەیەکی لە سکدایە کە ناتوانێ بەبێ ئەو بژی تاوانی کوشتنە دڕندانەکە ئەوەندەی تر گەورە دەکا. هەموو تاوانێکی کوشتن کە ڕەگەزی نیازی بەمەبەستی تێدایە بۆ کۆتاییهێنان بەژیانی کەسێک سزاکەی لەداردانە ئینجا ئەگەر کوشتنەکە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابێت یان کەمین بێت یان هەردووکیان. بەڵام مەیلێک هەیە لە قەزای میسریدا بۆ ئەوەی تاوانی کوشتنی ژنێک کە پێوەندییەکی سێکسیی نایاساییی هەیە (تەنانەت ئەگەر شووی نەکردبێت - واتە ژنی پیاوێکی تر نەبێت) بەتاوانی نامووس لە قەڵەم بدەن، کە بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان پێویستی بەکەمکردنەوەی سزا هەیە.

لەمەش زیاتر، دادوەرەکان ڕەنگە بڕیار بدەن نەک تەنیا سزاکە کەم بکەنەوە بۆ کەمترین سزا بگرە ڕەنگە دواتر هەڵیشی بپەسێرن. بەم شێوەیە وا دیارە هانی پیاوان دەدەن کە ئەو ژنانە بکوژن کە ناویان لە قسە و قسەڵۆکدا هاتووە و ناوبانگیانی زڕاندووە، ئینجا ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیش نەبێت بۆ ئەو قسە و قسەڵۆکانەی باسی پێوەندیی سێکسیی ناشەرعی دەکەن، بەلای تاوانبارەکانەوە، قسە و قسەڵۆکەکان و وتی وتییەکان وەک هەڵچوونێکی سۆزداری وایە کە دەتوانرێ تەنیا لە ڕێی کوشتنی ئەو ژنەوە کە نامووسی پێشێل کردووە بوەستێنرێ.

دەبێت بیر لەو هەڵوێستە بکەینەوە، کە کوشتنی ژن وەک سزایەک کە پیاو جێبەجێی دەکا لە ڕووی بەرەنجامەوە یەکسان دەکا بەبەدڕەفتاری ئافرەتەکە. قیساس- کە مافێکە لە شەریعەدا جێگیر کراوە - پێش وەخت گریمانەی کوشتنی یەکێک دەکا لە بەرامبەر یەکێکی تردا. با لە مەسەلەی سەپاندنی سزای بەردبارانکردنی ژنی زیناکەر بگەڕێین، بەڵام کاتێک دادگە ڕووبەڕووی ژنێک دەبێتەوە کە بەدڕەفتاریی کردووە و خۆی ون کردووە، دەبێت ڕێساکانی یاسای سزادان پیادە بکا. ئەو ڕێسایانە، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان دا، ئەو کوشتنەی پێش وەخت پلانی بۆ داڕێژرابێت یان کەسەکە خۆی بۆ نابێتەوە بەتاوانی بەئەنقەست دەژمێرن و سزاکەشی لەداردانە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لەو فەرمانانەوە دەبینین کە لەم بەشەدا ڕاڤە کراون، دادگەکانی میسر ئەم سزایە فەرامۆش دەکەن تەنانەت لە حاڵەتی کوشتنی ژنێکدا کە تاکە تاوانی ئەوەیە کە شووی بەنەناسێک کردووە، یاخۆ ژنێک کە چاوی لە ئابڕووی خۆی نەبووە بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکەی وای لێ کردووە خەڵکی گوندەکەی گاڵتەی پێ بکەن یاخۆ ژنێک کە ناوبانگی بووەتە جێی قسە و قسەڵۆکی خەڵک، تەنانەت کاتێکیش کە هیچ بەڵگەیەک نەبێت ئەم وتی وتییانە بسەلمێنێ.

### کێشەی یەکەم[٢٩]

لەم کێشەیەدا، ساڵی ١٩٩٨، قوربانییەکە ژنێک بوو کە نەخۆشییەکی عەقڵی و حاڵەتێکی دەروونیی هەبوو و ئەندامانی خێزانەکەی کوشتیان چونکە کاتێک باوک و براکەی لە ماڵەوە نەدەبوون ماڵەوەی جێ دەهێشت و دەچوو سواڵی دەکرد و کەلوپەل و خواردنەکانی ناوماڵەکەی کەرتوپەرت دەکرد. پاش ئەوەی کە دایکی دەمرێ، باوک و براکەی هیچ چاوپۆشییان لێ نەدەکرد.

بەپاڵ دەیخزێننە سووچێکیماڵەکەوە تا کەس گوێی لە قریشکوهوڕی نەبێت و شاڵێکی سوور لە ملی دەئاڵێنن و دەیخنکێنن، ئینجا خۆیان دەدەن بەسەریدا و بەر بۆکسی دەدەن و بەدارێک دەکێشن بەپشت و سکیدا و بەجێی دەهێڵن تا دەمرێ.

لە دادگەدا تاوانەکە لە ڕێی وتەی شایەتەکان و ڕاپۆرتی توێکاریی لاشەکەوە سەلمێنرا. لە دادگەدا هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەر ئەوەی کە قوربانییەکە ناموسی خۆی لەکەدار کردووە. دادگە باوەڕی هێنا بەوەی کە دوو تۆمەتبارەکە تاوانی کوشتنی قوربانییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ و کوشتنەکەش پێش وەخت نەخشە و تەگبیری بۆ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەها ئەژماری دەکەن کە بەگوێرەی مەرجەکانی مادەی ١٧ی یاسای سزادان شایەنی بەزەیی دادگەن و سزای ١٠ ساڵ زیندانی و کاری قورس بۆ هەریەکەیان دەبڕنەوە.

ئەستەمە تێ بگەین کە تاوانێکی لەو جۆرە بتوانێت بەزەیی دادگە بوروژێنێ! قوربانییەکە هیچی نەکردبوو کە لەدەستدانی ناموسی لێ کەوتبێتەوە و نە وشیاریی هەیە لەبارەی ئەو شتانەی کە کردوونی و نە دەسەڵاتیشی بەسەریاندا دەشکێت لەبەر ڕۆشنایی نەخۆشییە عەقڵییەکەی و حاڵەتە دەروونییەکەیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، باوکی و براکەی بەم شێوە دڕندانەیە کوشتییان بەس لەبەرئەوەی کە هەستیان کرد بەهۆی ئەوەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تووشی شەرمەزاری بوون، کچەکەیان کوشت لەبەرئەوەی کە هەستیان کرد کچەکە ناوبانگیان دەڕوشێنێت، نەک لەسەر بنەڕەتی کردەوەیەک کە ناموسیانی شکاندووە، بگرە لەبەرئەوەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا شتێکی وەها ڕوو بدا. لە جیاتیی درێژکردنی دەستی بەزەیی بۆ تاوانباران، ئاخۆ نەدەبوو دادگە تاوانباران لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجەکانی تاوانەکە و دڕندەیی کوشتنەکەیان بەتوندی سزا بدا؟

**کێشەی دووەم**(٣٠)

لە کێشەی دووەمدا، پیاوێک ژنێکی گەنجی پاش نەخشە بۆ کێشان و تەگبیری پێش وەخت کوشتبوو، تەنیا لەبەرئەوەی کە شووی کردبوو بەپیاوێک کە خزمی خۆی نەبوو. لە دادگە وترا کە قوربانییەکە مارەی لە ئامۆزایەکی خۆی بڕابوو بەڵام تووشی دەمەقاڵێ دێن، ئافرەتەکە دەست لەو ڕێککەوتنە دەکێشێتە دواوە و بەپێچەوانەی ئارەزووی خێزانەکەیەوە، شوو بەهاوەڵێکی دەکا کە لە ئیش پێکەوە بوون. لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەچێت بۆ شارەکەی ئەو و لەوێشەوە دەچن بۆ قاهیرە و لەوێ شووی پێ دەکا. ئەمەش هەست و سۆزە کۆنەپارێزەکانی خێزانەکەی جووڵاند. تۆمەتبارەکە تفەنگێک ئامادە دەکا و لەسەر ڕێگەی ئەو قوتابخانەیەی کە قوربانییەکە ئیشی لێ دەکا بۆی دادەنیشێ. دوو فیشەکی پێوە دەنێت و ڕادەکا لەو ناوە و لە ماڵێکی ئەو نزیکانە خۆی دەشارێتەوە و لەوێ دەمێنێتەوە و کە پۆلیس دەیگرن هێشتا ئەو چەکەی کە قوربانییەکەی پێ کوشتووە بەدەستییەوە دەبێت. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا تۆمەتبارەکە وتبووی کە قوربانییەکەی کوشتووە چونکە

ویستوویەتی بیهێنێت و ئەویش ئەمەی ڕەت کردووەتەوە، وتیشی بوو کە ڕووبەڕووی بووەوە فیشەکێکی لە پێشەوە پێوە ناوە و کاتێک ویستوویەتی هەڵبێت فیشەکێکی تری لە پشتەوە پێوە ناوە. بەهەمان شێوە تۆمەتبارەکە دانی بەوەدا نابوو کە هەلاتنی قوربانییەکە بۆ قاهیرە لەگەڵ هاوەڵەکەیدا و هاوسەرێتییەکەی بەبێ ڕەزامەندیی خێزانەکەی هەست و سۆزە کۆنەپارێزەکانی جوولاندووە و پاش ئەوەی کە خەڵک گاڵتەیان پێی کردووە لەسەر ڕەفتاری ئابڕووبەرانەی قوربانییەکە، ئیتر بڕیاری داوە کە تۆڵەی لێ بکاتەوە لە ڕێی ئەوەوەی کە لەسەر ڕێ بۆی دابنیشێ و بیکوژێ. تۆمارەکانی فەرمانەکە ئەوە پێشان دەدا کە دادگە بەم جۆرە بڕیار دەدا:

هەرچەندە شووکردنی قوربانییەکە شەرعی بوو، بەلام ئەوەی کە لەگەڵ مێردەکەیدا هەڵهاتووە بۆ قاهیرە و لەگەڵیدا ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ، دوور لە خێزان و خێڵەکەی و ئەو شوێنەی کە لێی دەژیا، ئەمە دژی داوونەریتی ناوچە گوندنشینەکانە و بێگومان خێزانەکەی تووشی شووڕەیی کردووە و خێزانەکەی لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە قسەی خەڵکیان هاتووەتە سەر. دادگە ڕەچاوی ئەوە دەکا کە لە وتەکانی تۆماری دوا دانیشتندا برای قوربانییەکە (وەلیولدەمەکەی)[٣١] لە تۆمەتبارەکە خۆش بووە و بەم شێوەیە دەقی مادەی ١٧ی یاسای سزادان جێبەجێ دەبێت و سزای زیندانی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەگەڵ کاری قورسدا بۆ دەبڕێتەوە، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی چەکی تاوانەکە.

لەم فەرمانەوە دەردەکەوێ کە دادگە ڕەچاوی دوو ڕەگەزی کردووە کاتێک حوکمەکەی سەپاندووە، یەکەم، بەها باوەکانی نێو چینە کۆمەلایەتییەکان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، دووەم، ئەوەی کە برای قوربانییەکە (وەلیولدەمەکەی) لە تۆمەتبارەکە خۆش بووە. لێرەوە فەرمانی دادگە جێبەجێکردنی یاسا لەلایەک و شەریعەی ئیسلامی لەلایەکی ترەوە تێکەڵ دەکا، کە ئەمانە نابێت تێکەڵ بکرێن.

### کێشەی سێیەم[٣٢]

لە کێشەی سێیەم، لە ساڵی ١٩٩٣دا، تۆمەتبارەکە پاش ئەوەی لە باخە مۆزێکدا شەڕیان دەبێت، دوای قوربانییەکە دەکەوێت، قوربانییەکە ساتمەیەک دەدا و تۆمەتبارەکە پەلاماری دەدا و برینداری دەکا، کە ئەمە لە ڕاپۆرتی توێکاریی لاشەی کچەدا پێشان دراوە - پیاوەکە لەسەر سکی قوربانییەکە دادەنیشێ و دەست دەنێتە بینی و دەیخنکێنێ، واتە نیازی کوشتنی هەبووە. پاشان لاشەکەی دەبا و فڕێی دەداتە بیرێکی جێ هێڵراوەوە لە نزیک ماڵی خۆیان. لەسەر ڕەفتاری خراپی قوربانییەکە ئەم کردەوەیە ئەنجام دەدا، کە ئەمەشی لە دایکییەوە بیستبوو، هەروەها لەبەرئەوەی کە ئافرەتەکە بەگوێی فەرمانەکانی خەسووی نەکردبوو.

دادگە هەبوونی نیازی کوشتنی ساغ کردەوە، چونکە نیازی تۆمەتبارەکە ئەوە بووە کە

بەكوشتنی قوربانییەكە شووڕەیییەكەی لە كۆڵ بێتەوە و تۆڵەی نامووسی خۆی بكاتەوە كە قوربانییەكە لە ڕێی ڕەفتارە خراپە و بەرەڵڵایی و گوێڕایەڵی نەكردنی پیاوەكەوە ڕووشاندبووی. بۆیە پیاوەكە ئەو شەڕەی كە تووشی دێن دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیكوژێ. دادگە فەرمانی دوو ساڵ زیندانی و كاری قورسی بۆ بڕییەوە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەكانی حاڵەتەكە و بەپشتبەستن بەمادەی ١٧، هەروەک حاڵەتەكانی تر، بۆ كەمكردنەوەی حوكمەكە بۆ ئەم ئاستەی ئێستای.

## كێشەی چوارەم[٣٣]

لە كێشەی چوارەمدا تۆمەتبارەكە هاوكاریی خەڵكی تری كردبوو لە كوشتنی ژنێكدا كە ناوبانگی زڕابوو بەهۆی قسە و قسەڵۆكەوە. دادگە ئەوەی بیستبوو كە تۆمەتبارەكان سووكایەتییان بەقوربانییەكە كردووە، پاش ئەوەی سكی پڕ بووە لە ڕێی جووتبوونی سێكسی ناشەرعییەوە و، لەنێو خۆشیاندا ڕێک كەوتوون كە خۆی و دایكیشی بكوژن لەسەر ئەوەی كە ڕەفتارە بەدڕەوشتانەكەی كچەكەی لێ شاردبوونەوە. بۆیە كەمینێک دەنێنەوە بۆ ئافرەتە زیناكەرەكە[٣٤]، كاتێک ئافرەتەكەیان بۆ دەهێنن لەو ئۆتومۆبێلەدا كە ڕفاندوویەتی، یەكێكیان بەدەسكی ساتورێک دەكێشێت بە سەر و ملیدا و ئەوانی تر كردارەكە تەواو دەكەن، هەروەها دایكی قوربانییەكە دەكوژن و لاشەكانیان دەكەن و فڕێی دەدەنە جۆگەیەكەوە. دادگە حوكمی سێ ساڵ زیندانی و كاری قورسی بۆ یەكێک لە تۆمەتبارەكان بڕییەوە. دادگە بەرچاوكردنی تێوەگلانی قوربانییەكە لە تاوانی زینادا (واتە جووتبوونی ناشەرعی) –سكپڕییە نابەجێكەی– ئەم حوكمەی بەگونجاو زانی كە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خێزانەكەی كە بووبوونە قوربانیی دەستی قسە و قسەڵۆكی خەڵک لەناو شاردا و خێزانەكەشی تووشی ڕیسوایی بووبوون بەهۆی ئەوەوە ڕزگار بكا.

## كێشەی پێنجەم[٣٥]

لە كێشەی پێنجەمدا، قوربانییەكە سكی كردبوو لە ئەنجامی پێوەندیی سێكسیی دەرەوەی هاوسەرێتییەوە. كاتێک تۆمەتبارەكە ئەمەی بیست لە هاوسەرەكەیەوە (دایكی ژنەكەی)، خۆڵی كردبوو بەسەر خۆیدا و چەند ڕۆژێک مانی لە خواردن و خواردنەوە گرتبوو، پەست و خەمبار و سەرشۆڕ لە ئەنجامی ئەو ئابڕووچوونەی كە بەهۆی كردەوەی كچەكەیەوە تووشی بووبوون. لە ڕۆژی ڕووداوەكەدا، تۆمەتبارەكە چاوەڕێ دەكا تا هەموو ئەوانی تر، جگە لە قوربانییەكە، دەچنە دەرەوە ئینجا گڕ لە قوربانییەكە بەردەدا، تا بیكوژێ و شووڕەیییەكەی بسڕێتەوە. دەستی ئافرەتەكە دەبەستێتەوە و لێی دەگەڕێ تا بڵێسەكە لەناوی دەبا و ئینجا دەچێتە دەرەوە بۆ گەوری مانگاكان و لەوێ دەمێنێتەوە تا دڵنیا دەبێت كە ئافرەتەكە مردووە. ئینجا دەچێت بۆ پۆلیس و لە تاوانەكەی ئاگەداریان دەكاتەوە. شایەتەكان لە شایەتییەكانیاندا وتیان كە قوربانییەكەی بەقولاپێكی ئاسنەوە بەستبووەوە ئینجا ئاگری تێ بەرداوە. لە ڕاپۆرتی یەكلاكردنەوەی لاشەكەدا هاتبوو كە هۆكاری مردنەكە سووتان بوو لە سەرتاپای گیانیدا، سەرباری گیرانی خوێنبەرەكان

بەهۆی ئاگرەکەوە کە تەشەنەیان کردبوو و هەموو گیانیان داپۆشیبوو. ڕاپۆرتەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئافرەتەکە ئاوڵەمەیەکی لە منداڵداندا بووە کە کاتی خۆی تەواو نەکردبوو، کە مردنی ئەویش بەهۆی مردنی دایکەکەوە بووە.

دادگە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە نیازی کوشتنەکە ساغ بووەتەوە بەوەی کە تۆمەتبارەکە قوربانییەکەی بەقولاپێکی ئاسنەوە بەستبووەوە کە چەسپاندبووی بەزەوییەکەوە تاوەکو ئاگرەکە بەتەواوی داپۆشێت و جێی نەهێشتووە تا ئافرەتەکە مردووە. هەروەها دەرگەکەی لەسەر داخستووە تا کەس بەهانایەوە نەیەت و ڕزگاری بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، دادگە هەلومەرجی تەگبیر بۆ دانانەکەی ڕەت کردەوە، لەسەر ئەو بڕوایەی کە تۆمەتبارەکە هەرکە بیستوویەتی کچەکەی چالاکیی سێکسیی ناشەرعیی ئەنجام داوە، دەستی لە خواردن و خواردنەوە هەڵگرتووە و خۆڵی کردووە بەسەری خۆیدا، ئەمەش هیچ بوارێکی بۆ بیرکردنەوەی هێمنانە بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە نەهێشتبووەوە. بگرە، پێچەوانەی ئەمە ڕووی داوە: تۆمەتبارەکە کوژراوی دەستی پاڵەپەستۆی دەروونی بووە و بەشی ئەوەی تێدا نەماوە کە بتوانێت بیر لە تاوانەکە بکاتەوە و ئامادەکاریی بۆ بکا.

دادگە بڕیاری دا بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەزەیی لە بەرامبەر تۆمەتبارەکە پێشان بدا و حوکمی ساڵێک و کارکردنی بۆ بڕییەوە و جێبەجێکردنی حوکمەکەشی بۆ سێ ساڵ هەڵپەسارد. دادگە هەڵپەساردنی حوکمەکەی بەڕەوا زانی، یەکەم چونکە بەگوێرەی شەریعەی ئیسلامی "باوکەکە لە تۆڵەی کوڕەکەدا نەکوژراوە"، دووەم چونکە هەلومەرجەکانی داواکە ڕوونی دەکەنەوە کە تۆمەتبارەکە کردەوەی لەو جۆرە دووپات ناکاتەوە.

با سەرنجی ئەوە بدەین کە یەکەم بەڵگەهێنانەوە بۆ هەڵپەساردنی حوکمەکە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت) کە دەڵێت "نابێت باوک لە تۆڵەی کوڕەکەیدا بکوژرێ" ئەمە بیرۆکەی نیمچە خاوەندارێتییە کە لە مەسەلەکەدا یەکلا کراوەتەوە وەک لە وشەکانی پێغەمبەرەوە ساغ کراوەتەوە "تۆ و موڵکەکانت موڵکی باوکتن". لێرەوە، ئەگەر منداڵەکە موڵکی باوکەکە بێت، ئەگەر باوکەکە کوڕەکە بکوژێ ئەوە یەکێک لە سەروماڵەکەی خۆی لەناو بردووە. ئەمە ساغ کراوەتەوە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن موڵکدارێتی ڕێگرە لە بەردەم قیساسدا. هەروەها ئەوەش وتراوە کە باوک هۆکاری وجوودی کوڕەکەیە، بۆیە ناشێ منداڵەکە ببێتە هۆی لەداردانی باوکەکە. هەندێک یاساناسی حەنبەلی پێیان وایە کە باوکەکە وەلیولدەمی منداڵەکەیە و باوک ئەگەر منداڵی خۆی کوشت نابێت بکوژرێ بەهۆی ئەو پێوەندیی خوێنەی کە هەیەتی لەگەڵ منداڵەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مالیکییەکان لەگەڵ حەنبەلیاکاندا لەبارەی ئەم خاڵەوە کۆک نین و دەڵێن ئەگەر باوکەکە منداڵەکە پاڵ بخات و سەری ببڕێ یان بەمەبەست بیکوژێ بەشێوازێکی تر کە لەگەڵ تەمبێکردن نەگونجێت ئەوسا بەگوێرەی قیساس بەرپرسە چونکە کوشتنێکی بەمەبەست بووە و دەقە گشتییەکانی قیساس پیادە دەبێت.

## کێشـەی شـەشـەم[٣٦]

لەم کـێشـەیەدا، لە سـاڵی ١٩٩٦دا، قـوربانیـیـەکـە ئامـۆزای تـۆمـەتبـارەکـان بووە و هـەندێکیـان لەوەوبەریش هـەوڵی کوشـتنیان داوە. ئەمە بەهـۆی ئەوەوەی کە ناوبانگی خـراپی ئاشکرا بوو، لەگەڵ دایکیدا شارەکەی خـۆی جـێ دەهـێڵێت تا لە ئیسمـاعیلییە بژی و تا خێزانەکەی کە دوای کەوتبوون چیی تر بۆیان نەدۆزرێتەوە. پاشـان دەگەڕێتەوە تا لە قینا بژی و مێردەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، ئەمەش هـەسـتی کۆنەپارێزانەی تۆمەتبارەکانی جووڵاند کە بڕیار دەدەن لەناوی ببەن تا بەکوشتنی ئەو سـووکـایەتی و شـوورەییـیـەی بەهـۆی ڕەفـتـاری لادەرانەیەوە بەسـەریان هـاتـووە بسـڕنەوە. لە ماڵەکەی خـۆیدا و لە بەردەم مێردەکەیدا بەزۆر دەیگرن و دەیخەنە ناو ئۆتۆمـۆبێلەکەیانەوە و دەیبەن بۆ شـوێنێک کە تۆمـەتبـارەکانی تر لەوێ چاوەڕێیـان دەکەن. ئینجا دەیبـەن بۆ شـوێنی تاوانەکە و لەوێ یەکێکیـان بەردێک دەکێشـێ بەسـەریدا و یـەکێکی تریان دەست دەنێتە بینـی و دەیخنکێنی و بەمـردوویی جـێی دێڵن. تۆمـەتبـارەکـانی تریش هـەر وا ڕادەوەسـتن و هـانیـان دەدەن کـە بیکوژن، هـەروەک لە ئەوراقەکانی دادگەدا ڕوون کراوەتەوە.

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، خوشکی قوربانییەکە وتبووی کە تاوانبارەکان خۆیان بەردەوام ناوبانگی قوربانییەکەیان زڕاندووە و بەناهەق کوشتوویانە. پارێزەری بەرگری وتبووی مێردی قـوربانییـەکە نەزانراو بووە و هـیچ بەڵگەیەک لەسـەر دروسـتیی هـاوسـەرێتیـیـان لە بەردەسـتدا نەبووە – ئەمـە سەرباری ئەوەی کە تۆمەتبارەکان لە بەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەدادانییان بەمانەدا نابوو. دادگە ئەوەی سـاغ کـردەوە کـە نیـازی کوشـتن و تەگـبـیر بـۆ دانان لەم تاوانەدا هـەبـووە. دادگە بـەزەییی پێشـان دا لە بەرامبـەر هـەمـوو تۆمەتبـارەکاندا بەگوێرەی مـادەی ١٧ی یاسـای سـزادان و ئەو دوو کەسەی کە تۆمەتبار کرابوون بەکوشـتنی، حوکمی پێنج ساڵ زیندانی و کاری قورسیان بۆ بڕایەوە و ئەوانەی تر کە هانی کوشتنەکەیان دابوو حوکمی سێ ساڵ و کاری قورسیان بۆ بڕایەوە.

## کێشـەی حـەوتـەم[٣٧]

لەم کێشەیەدا، دوو تۆمەتبار (نێرینەیەک و مێینەیەک) قوربانییەکەیان، پاش ئەوەی کە سک دەکا لە دەرەوەی هـاوسـەرێتـی، بەکوشت دا. دووانەکە کە کەللـەیان لە سـەردا نامـێنێ بەهـۆی سکپڕیی قـوربانیـیـەکەوە، قـاچی دەبەسـتنەوە و بـەزۆر ترشی گۆگردی دەرخـوارد دەدەن. ئەمـە دەبێتـە هـۆی سـووتـانەوەی ناو سکی و مـردنی ئاوڵەمـەکە. دادگـە گـەیشـتـە ئەو بـڕوایەی کە دوو تۆمـەتبـارەکە نەیانویستووە قوربانییەکە بکوژن بگرە تەنیا ویستوویانە ئاوڵەمـەکە لە ڕێی لەباربردنی منداڵەکەوە لەناو بەرن. دادگە پێی وابوو کە نیازی کوشتنی قوربانییەکە سـاغ نەبووەتەوە و باوەڕیان بەوتەی ئەفسـەری پۆلیسـەکە نەبووە لەبەرئەوەی کە ناتەواو بووە و لەلایەک پشتی بەلێکۆڵینەوەیەک بەستووە کە کەمـوکورتیی هـەبووە و لەلایەکی ترەوە بەقسـەی کەسـانی تر کە لە بەردەم دادگەدا شـایەتییان نەداوە. لە ڕەگەزەکانی تـاوانی لەباربردندا نییـە کە دەبێت ژنە سکپڕەکە بەزیندوویی بمێنێ پاش

ئەنجامدانی تاوانەکە. دادگەش بەگوێرەی ئەمە تۆمەتەکەی دژی دوو تۆمەتبارەکە گۆڕی لە کوشتنی ژنێکەوە بۆ لەباربردنی منداڵ بەزۆر دەرخواردانی مادەیەکی ژەهراوییەوە، کە ئەمەش بەگوێرەی بەندەکانی مادەی ٢٦٠ی یاسای سزادان تاوانە. دادگە حوکمی ساڵێک زیندانی و کاری قورسی بۆ پیاوەکە بڕییەوە و هەمان سزاشی بەخشییە ژنەکە بەڵام بەهەڵپەسێردراوی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ژنەکە تاوانەکە دووبارە ناکاتەوە.

لێرەدا دەبێت بوترێت کە فەرمانەکە ئەم جووتەی حوکم دا نەک لەسەر کوشتن بگرە لەسەر ئەوەی بوونەتە هۆی لەباربردنی منداڵەکە، ئەم تاوانەش نیازی کوشتنی ژنەکەی تێدا نییە کە بەبەدڕەفتارییەک خەتابارە، بگرە تۆمەتبارەکان لەسەر نیازی سڕینەوەی بەڵگەی زیناکە سزا دراون چونکە هیچ ئەوراقێک لە بەردەستدا نەبووە کە پێشانی بدا قوربانییەکە هاوسەری کەسێکە و کەسیش شایەتیی لەسەر هاوسەرێتییەکەی نەداوە.

### کێشەی هەشتەم(٣٨)

لەم کێشەیەدا، لە ساڵی ١٩٩٧دا، دادوەر دایکی قوربانییەکەی بەکوشتنی ئەنقەست تۆمەتبار کرد بەوەی کە ژەهری مێرووکوژی کردبووە ناو شیوێکی پاقلەوە. دایکە هەستی بەگۆڕانی ڕەنگی دەموچاوی کچەکەی کردبوو و ڕشانەوە یەک لە دوای یەکەکانی بینی بوو. کچە شوونەکردووەکەی ئەوەی دووپات کردبووەوە کە سکی هەیە. دایکەکە کە کەللەی لە سەردا نامێنێ شیوێکی پاقلە لێ دەنێت، دواتر پاشماوەی خواردنەکە و ژەهرە مێرووکوژەکە دەشارێتەوە. دادگە کۆک بوو لەگەڵ ئەو تۆمەتەی کە دادوەر دابوویە پاڵ دایکەکە، بەتایبەتی چونکە تۆمەتبارەکە لە بەردەم دادگەدا دانی بەوەدا نابوو کە سکپڕییە ناشەرعییەکەی کچەکەی یەکجار پەستی کردووە و بڕیاری داوە لەناوی ببات تا ڕیسوایی و شوورەیییەکەی بشارێتەوە. پاش ئەوەی کچەکەی ژەهرخوارد دەکا، جێی دەهێڵێ تا بەئازارەوە دەمرێ. هەرچەندە باوکی قوربانییەکە دێت و دەیبات بۆ نەخۆشخانە، کچەکە بەهۆی برینەکانیەوە دەمرێ. ڕاپۆرتی توێکاریی لاشەکەش، هەروەک چاوەڕێ دەکرا، دووپاتی کردبووەوە کە هۆکاری مردنەکە خواردنی ژەهری مێرووکوژ بووە، کە پاشماوەکەی لە ناو گەدەیدا مابووەوە. ئەمەش بووە بەڵگەی نیازی تۆمەتبارەکە، دایکی قوربانییەکە، کە تاوانەکەی ئەنجام دابوو تا شوورەیییەکە بشارێتەوە. دادگە داواکەی ڕەت کردەوە کە تاوانبار نییە و بەرگرییەکیشی ڕەت کردەوە کە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی دادگەییکردنەکە خرابووە ڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا دادگە بڕیاری دا کە بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەزەیی پێشان بدا لە بەرامبەر تۆمەتبارەکە چونکە پاڵنەری ئەو تاوانەی کە ئەنجامی دابوو ئەوە بوو کە ئەو شوورەیییەی قوربانییەک هێنابووی بەسەر خێزانەکەدا بسڕیتەوە.

لەم کێشەیەدا، ڕەفتارە ناپەسندەکەی قوربانییەکە بەدان پێدانانی خۆی ساغ کرابووەوە. لە هەموو فەرمانەکانی تردا بەم شێوەیە نەبوو. ئەم فەرمانە یەکێک بوو لە زنجیرەیەک فەرمان کە

دادگه بەزەییی خۆی بەخشیە تۆمەتبار لە "تاوانەکانی نامووس"دا، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئاخۆ ڕەفتارە سێکسییە ناشەرعییەکەی قوربانییەکە لە ڕاستیدا ساغ بووەتەوە یان نا.

## " تاوانەکانی نامووس" لە ڕۆژنامەکاندا

بابەتی "تاوانەکانی نامووس" لە میسر تا ئێستاش بیروڕای جیاواز دەورووژێنێ، لەوانە ئاخۆ ئەم دیاردەیە شایەنی ئەوەیە بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. نەبوونی ئاشکرای زانیاری لەبارەی چەندایەتیی ئەم تاوانانەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕێی لە ئامادەکردنی دەستپێشخەری گونجاو گرتووە. لە هەوڵێکدا بۆ خستنە ڕووی چەند نیشاندەرێک سەبارەت بەقەبارەی "تاوانەکانی نامووس" لە میسردا، ڕووپێوییەک ساز کرا لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر ئەم ڕووداوانە لە سالانی ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠١ لە چەند ڕۆژنامە و گۆوارێکی میسردا بلاو کرابوونەوە٣٩، لە ١٢٥ ڕاپۆرتی سەنتەری مەحروسە بۆ بلاوکردنەوە و چاپەمەنی و سیژم تۆماریان کردووە(٤٠). ئەو هۆکارەی کە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر هێنرابوونەوە ٧٩٪ لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکاندا بۆ ئەنجامدانی تاوانی نامووس گومانی تاوانبارەکە بوو لەبارەی ڕەفتاری قوربانییەکەوە. هۆکاری دووەم کە زۆرترین جار هێنرابووەوە ٩٪ هەوڵدان بوو بۆ ڕێگرتن لە ئاشکرابوونی پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرێتی لەگەڵ دۆستێکی مێینەدا، ئینجا ئەمە قسەی دۆستە پیاوەکە بووبێت یان یەکێک لە خزمەکانی. لێرەدا، باوک و برا و ئامۆزای دۆستەکە هەستیان کرد کە بوونەتە قوربانیی تاوانی نامووس، لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا پیاوێک کارمەندێکی کوشتبوو کاتێک بۆی دەرکەوتبوو پێوەندیی لەگەڵ کچەکەیدا هەیە. هۆکاری تر ٦٪ بریتی بوو لەوەی کە دایکەکە ویستبووی شوو بکاتەوە یاخۆ بەشێوەی دابوونەریت شووی کردبووەوە، یان پەلاماری سێکسیی برایەک لە دژی خوشکەکەی (و براکەش کوژرابوو)، باوکێک پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ کچەکەی هەبوو و قوربانییەکە نیشانەکانی سکپڕبوونی پێشان دابوو. لەو حاڵەتانەدا کە گومان لەبارەی ڕەفتاری قوربانییەکەوە هێنرابوونەوە وەک پاڵنەری کوشتنەکە، زۆربەی کات بکوژەکە بەڕادەی یەکەم مێرد، بەدوایدا باوک ئینجا برا بووە. بێگومان دەبێت ئەوەش بوترێت کە ئەمانە "تاوانی نامووس" پێک دێنن و زۆربەی کات گەیشتوونەتە دادگە و ڕۆژنامەنووسان لە لاپەڕەکانی تاواندا بلاویان کردوونەتەوە. بۆیە دەشێت ئەمانە بچووکترین دەلاقە پێک بێنن لەسەر وێنە گەورەترەکە، کە تا ئێستا بەنەزانراوی لای ئێمە ماوەتەوە.

## ستراتیجەکانی وەلامدانەوە:

## پێکەوە لە دژی تاوانەکانی توندوتیژی و " تاوانەکانی نامووس"

لەمیانەی کارەکانمان لەسەر "تاوانەکانی نامووس"، لەوانە کاتێک فیدباکمان لە بەشداران لە کاتی کۆبوونەوە گشتی و وۆرکشۆپ و کۆنگرەکاندا وەرگرتووە، سیژم چەند بیرۆکە و پێشنیازێکی

دیاری کردووە بۆ ستراتیجەکانی "تاوانەکانی نامووس" لە میسر. ئەمانەش ئەم شتانە دەگرنەوە: جەختکردن لەسەر پێویستیی بەکێشەکردن و پرسیارکردن لە سروشتی باوکسالارانەی کۆمەڵگە، کە تا ئێستاش گرینگترین فاکتەری ڕووداوەکانی "تاوانەکانی نامووس"ن، کە لە ڕێی نەریت و بارودۆخە کولتوورییەکانەوە پاشکۆیەتیی ژنی بۆ دەسەڵاتی پیاو پتەو کردووە. لێرەدا پێویستە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە "تاوانەکانی نامووس" تەنیا تایبەت نین بەکۆمەڵە موسڵمانەکانی میسر، ژنانی کۆمەڵە مەسیحییەکانیش بێدەرەتانن[٤١]. دەشێت ئاین ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێ، گرینگە کە پشتگیریی هەوڵەکانی ئەو زانا ئاینی و یاساناسانە بکەین کە تێگەیشتنێکی پێشکەوتنخواز و ڕۆشنگەرانەیان لەبارەی دەقە ئاینییەکانەوە هەیە. لە هەمان کاتدا، گرینگیشە لەناو کۆمەڵگە بەگشتی جەخت لەسەر ئەوەی شەریعەی ئیسلامی "تاوانەکانی نامووس" قبووڵ ناکا بکەینەوە. نەبوونی وشیاریی جەماوەری لەبارەی هەڵوێستی شەریعەوە دەکرێت لەلایەن ئەوانەوە ئیستغلال بکرێ کە دژی ئەو چالاکی و هەڵمەت و پشتگیریکردنەن کە دەیانەوێ "تاوانەکانی نامووس" بنەبڕ بکەن و ئەو جۆرە چالاکییانە بە"دژە ئاین" و تەنانەت "نائیسلامی"ش لە قەڵەم بدەن.

ئەو هەڵوێستەی کە ئەندامانی دادوەری نواندوویانە - بەتایبەتی کاتێک دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەگوێرەی مادەی ١٧ی یاسای سزادان بەکار دێنن- جێی نیگەرانییەکی زۆرە. بەکارهێنانی مادەی ١٧ بەسوودی تاوانباران لە حاڵەتەکانی "کوشتن لەسەر نامووس" پشتی بەستووە بەو بیرۆکەیەی کە تاوانبارەکە لەژێر پاڵەپەستۆیەکی سۆزداریی یەکجار گەورەدا بووە بۆ پارێزگاریکردن لە نامووسی خۆی و ئەوەی کە قوربانییەکە لە ستاندەرە کۆمەڵایەتییە قبووڵکراوەکانی ڕەفتارکردن "لایداوە"، بۆیە تاوانبارەکە لەسەر حەق بووە کاتێک هەوڵی داوە ئەو "شوورەییە" بسڕێتەوە کە ژنەکە بەسەر خێزانەکەدا هێناویەتی. ئەوەی کە گرینگە لە هەوڵی ڕێگرتن لە "تاوان لەسەر نامووس" هەڵوێستی توندی قەزا و پیشەی یاسایە لە دژی جێکردنەوە و بەربەرەڵاکردنی یاساییە لە دژی ئەم کردارە توندوتیژانە لە دژی ژنان و پاراستنی زیاتریان لە خێزان و کۆمەڵگەدا. لە میسر پێشتر شتێکی پۆزەتیڤ ڕووی داوە کە دەکرێت وەک نموونە وەربگیرێ لە ڕووی ئەو کاریگەرییانەی کە دەشێت بەشداریی دادوەری هەیبێ لە بڕیاری مێژوویی دادگەی دەستووریدا بۆ سەپاندنی چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەم بڕیارە بەردەبازێکی ڕاستەقینە بوو لە پەرەپێدانی دیموکراسی و پراکتیسی دەستووریدا لە میسر و پێویستی ئەوەی کە قەزا هانی بەها لیبراڵەکان بدا دووپات دەکاتەوە.

میدیاش دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگ لە پەرەپێدانی بەها کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا ببینێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پێ ناچێت لەمڕۆدا ڕۆژنامەگەریی میسر دیاردەی تاوانەکانی نامووس یاخۆ بەها دژ و ناکۆکەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر پرسیارەوە کاتێک هەڵوێست بەرامبەر بەکوشتنی ژنان وەردەگرێ. لەبەرئەوەی کە بەشێکی گەورەی میدیای دەنگ و ڕەنگ و ڕۆژنامەگەری لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدایە، دەوڵەت دەتوانێت ڕۆڵێکی چالاکانەتر لە بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا لەم ڕووەوە ببینێ.

پەروەردە و ڕاهێنان دوو بواری ئاشکران کە دەزگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت تەرکیزی بکەنە سەر بۆ کۆتاییهێنان بەتوندوتیژی دژی ژنان. ئەمەش شان بەشانی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری لەنێو هەموو چینەکانی کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لەنێو لاواندا، ڕاهێنانی تایبەت لەبارەی توندوتیژیی ناو خێزانەوە بۆ ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت. هەروەها دەشێت ڕاهێنانێکی تایبەتی نەخشەڕێژ کراوە و خاوەن ئامانجی تایبەت بۆ کارمەندانی پزیشکی بەسوود بێت.

ئەوەندەی تایبەت بێت بەسیاسەت و یاسای دەوڵەتەوە، سیژم داوای لە حکوومەت کردووە کە بەئاشکرا هەموو "ئەو تاوانانەی کە لەسەر ناموسن" وەک پێشێلکاریی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ئیدانە بکا و بەو یاسایانەی سزادانیدا بچێتەوە کە پارێزگاری دەکەن لەوانەی کە ئەو جۆرە تاوانانە ئەنجام دەدەن، هەیە. بەتایبەت مەرج و بەکارهێنانەکانی مادەی ١٧ی یاسای سزا زۆر پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە. دەبێت کارکردن لەسەر بنەبڕکردنی "تاوانەکانی ناموس" شان بەشانی پلانێکی نیشتمانی بێت بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان و دەبێت لە ئەولەوییەتەکانی دەزگە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی میسردا بێت لە بواری مافەکانی ژناندا.

مەسەلەی "تاوانەکانی ناموس" بەرپرسیارێتیی هەموو کۆمەڵگەیە. بۆ ئەوەی گۆڕانی ڕاستەقینە بێنیتە گۆڕێ، پێویستە کاریگەریی هەبێت لەسەر پرۆسە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و پێکهاتەی بڕیارە سیاسییەکان. ئەمەش تەنیا کاتێک دێتە دی کە لەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن چالاکانەتر بەشدار بن لە جێبەجێکردنێکی سەرڕاستانەی یاسا و زامنکردنی سەربەخۆیی قەزا و پیشەی یاساییدا. یاسا جیاکاریکارەکان و سیستەمە یاساییە ناکۆکەکانیش پێویستیان بەوەیە کاریان لەسەر بکرێ تا بتوانرێ پیاوان و ژنان وەک یەک پارێزگاری و دادگەیەکی دادپەروەریان بۆ دابین بکرێ.

سەرنجەکان:

سیژم پێزانینی خۆی بەرامبەر بەم کەسانەی خوارەوە دەردەبڕێ، کە کارەکانیان ڕۆڵیان لەم توێژینەوە و پرۆژەیەدا بەگشتی گێڕاوە: بەڕێوەبەر عەززە سولەیمان، سەرۆک یاسر عەبدولجەواد، پارێزەر هالە عەبدولقادر، د. سیهام عەبدولسەلام، ڕاوێژکاری کۆچکردوو عەواد ئەلمور، دادوەری سەرەکیی پێشووی دادگەی باڵای دەستووری، ڕۆژنامەنووس لە کۆواری سەباحولخەیر د. کەریمە کەمال، تەهانی تەبالی، کە ئەو کات پارێزەر بوو لە دادگەی تەمیز و ئێستا کراوەتە دادوەر، سەرۆکی بەشی سۆسیۆلۆجیا لە زانکۆی جەنوب ئەلوادی د. مەدیحە عوبەیدە، ئەحمەد ئەلشوری. ئەم توێژینەوەیەی لە بەردەستانە بۆ بڵاوکردنەوە لەم کتێبەدا لەلایەن پرۆژەی CIMEL/ INTERRIGHTS ـەوە بەپشتبەستن بەمەوادی عەرەبی کە لەلایەن سیژمەوە دەرچوون نووسراوەتەوە و سیژم بەئینگلیزی بڵاوکردنەوەی پەسند کردووە. ئەو توێژینەوانەی کە نووسەرانی دەرەوەی سیژم ڕاسپێردراون بەنووسینیان مەرج نییە گوزارشت لە بۆچوونی ڕێکخراوەکە بکەن.

١- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، بڕیاری ,GA, A/RES/48/108 (1993). بەندی یەکەم.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ٧. لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵگە نەریتییە باوکسالارانەی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێی خێڵ و تیرەوە ڕێک خراون و بەیاسای داوونەریت بەڕێوە دەبرێن خەتەنەی مێینە و تاوانی نامووس قبووڵ دەکەن، هیچ کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی یان مۆدێرن زۆرەگێکردنی ئەو خزمانەی بەیەک ناشێن قبووڵ ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەوە بڵێین کچێک کە قوربانیی زۆرەگێیە لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا بەبیانووی "سڕینەوەی شووورەیی" کە تووشی خێزانەکە بووە، بکوژرێ. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

٣- بڕوانە "پێشەکی"یەکەی یاسر عەبدولجەواد لە سیژم (چەند نووسەرێک) ٢٠٠٢.

٤- بۆ نموونە بڕوانە، ئەلجێسری (٢٠٠٤) و فەوزی (٢٠٠٤).

٥- بڕوانە بۆ هەموو بەشدارییەکان لە عەبدولسەلام و سولەیماندا ٢٠٠٣

٦- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠-٤١

٧- بۆ شووکردن، یاسای میسری داوای ڕەزامەندیی خێزانی ژنێک ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک لەم توێژینەوەیەدا ڕوون کراوەتەوە، ژنان لەسەر ئەوە دەکوژرێن کە بەبێ ئەوەی ئەو ڕەزامەندییەیان هەبێت شوو دەکەن.

٨- سەمیر حیلمی لە سەوتولئومە، ٣١ مایس ٢٠٠١

٩- ئیبراهیم بیلبەیسی لە ئەلوەفد، ٣٠ کانوونی یەکەمی ١٩٩٨

١٠- خالید ئیدریسی لە ئەلوەفد، ١٤ ئابی ٢٠٠٠

١١- محەمەد موتاری عالەم لە ئەلئەهرام، ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٠

١٢- تاریق ئەلدەباغ لە ئەلئەحرار، ١٠ حوزەیرانی ١٩٩٩

١٣- مەنال ئەلغەرمی لە ئەلئەهرام، ٩ی کانوونی یەکەم ١٩٩٨، رزیق ٢٠٠٠

١٤- محەمەد بەرەکات لە ئەلئەهرام، ٣٠ حوزەیرانی ١٩٩٩

١٥- عاتیف دەعابیس لە ئەلوەفد، ٦ی ئاداری ٢٠٠٠، محەمەد موتاری عالەم لە ئەلئەهرام، ٥ تشرینی یەکەمی ١٩٩٩

١٦- یاسا ئەم هەڵوێستەی هەیە. سەرباری بۆچوونی چەند زانایەکی شەریعە کە پێیان وایە کوشتنی ژن لەسەر ئەوەی ڕەفتاری جێی گومانە ڕێپێدراو نییە - هەروەک چۆن تەنانەت کاتێکیش کەسێک ئافرەتێک دەگرێت لە کاتی سێکسی ڕێپێنەدراودا، ئەگەر چوار شایەت نەبێت بەسەر سێکسکردنەکەوە ئەوە بۆی نییە هیچی لێ بکا. (رزیق، ٢٠٠٠)

١٧- یاسای ژمارەی ٥٨ی ساڵی ١٩٣٩ هەموارکراو.

١٨- ئەمانە، سەرباری چەند شتێکی تر، سزای سێ بۆ حەوت ساڵ زیندانی دەگرێتەوە لەسەر کوشتنی بێ مەبەست و سزای قورستر لە حاڵەتی کوشتنێک کە پێشوەخت تەگبیری بۆ کرابێت.

١٩- عەبدولحەمید شەورەبی، لەبارەی هەلومەرجەکانی سووککردن یان قورسترکردنەوە، چاپخانەی ئەلجامیعییە، ئەسکەندەریە، ١٩٨٦، ل ٣٦، لە ئەبوعۆدەدا هاتووە، ١٤٦: ١٩٩٦ بڕوانە ڕەخنە لە مادەی ٢٣٧ لە نووسینی د. شوکری ئەلدەقاق کە لە فەوزی ٢٠٠٤دا هاتووە.

٢٠- پاشکۆی جووت ڕاپۆرتی وەرزی چوارەم و پێنجەمی کۆماری عەرەبیی میسر لەبارەی ڕێککەوتننامەی بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە دژی ژنان، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠دا خرایە ڕوو لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنانەوە: CEDAW/PSWG/2001/I/CRP 2/ADD.3

٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦، وەڵامی پرسیاری بیستەم.

٢٢- ڕەئووف عوبەید، ڕێسا گشتییەکانی یاسادانانی سزایی (چاپخانەی ئەلنەهزە، قاهیرە، ١٩٦٤، ل ٨٦٣، لە ئەبوعۆدەدا هاتووە ١٦٢: ١٩٩٦ بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، ئەبوعۆدە، ١٥٧: ١٩٩٦-١٦١ هەروەها توێژینەوەیەکی یەک حاڵەتی لەبارەی ئوردنەوە: حەسەن و وێڵچمان لەم بەشەدا.

٢٣- عوبەید، ڕێسا گشتییەکان، ل ٨٦٤، لە ئەبوعۆدەدا هاتووە ١٦٣: ١٩٩٦

٢٤- ئەنجوومەنی نیشتمانیی ژنان، بۆ جووت ڕاپۆرتی وەرزی پێنجەم و شەشەمی دەوڵەت، ل ٢٩، وەڵامی پرسیاری ژمارە ٥٤ لەبارەی مادەی ١٥ی ڕێککەوتننامەکەوە.

٢٥- بڕیاری ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، A/RES/48/104، ٢٣ی شوباتی ١٩٩٣

٢٦- جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان، بەندی C٤.

٢٧- میسر تەحەفوزی لەبارەی مادەکانی ٢، (٢)٩، ١٦، ٢٩ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی بنەبڕکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان هەبووە.

٢٨- سیژم ڕاوێژکار ئەلوری بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە ڕاسپاردووە و هەمووی بڵاو کراوەتەوە لە ئەلور، ٢٠٠٢دا. ڕاوێژکارەکەی لەبارەی ناموسەوە، عەواد ئەلور، پێشتر دادوەری سەرەکی بووە لە دادگەی باڵای دەستووری. مەرگە پڕ کەسەرەکەی لە ساڵی ٢٠٠٤دا وای کرد نەتوانێت چاو بەنوسخە ئینگلیزییەکەی ئەم توێژینەوەیەدا بەر لە بڵاوکردنەوە بگێڕێتەوە.

٢٩- حاڵەتی ژمارە ٨٣١ی ساڵی ١٩٩٨ کە لە دادگەی تاوانی قینا بەژمارە ١٩٩٨/١٠٣٥ تۆمار کراوە.

٣٠- حاڵەتی ٢٣٣٣ی ١٩٩١ کە لە دادگەی تاوانی قینا بەژمارە ١٩٩١/١٢٢ تۆمار کراوە.

٣١- لە لێکدانەوەی یاسایی تەقلیدی ئیسلامیدا، (ولی الدم) بریتییە لە نێرینەیەک لە بەرەی باوکەوە کە نزیکترینە لە کەسە مردووەکەوە و دەتوانێت لە جیاتیی مردووەکە و لایەنە پێوەندارەکانی تر و میراتگرەکان دەستبەرداری قیساس بێت (تۆڵەکردنەوە بەکوشتن) یاخۆ دەستبەرداری مافی قەرەبووکردنەوە ببێت. (نووسیار)

٣٢- حاڵەتی ٣٥٠١ی ساڵی ١٩٩٣ (دوشنا)، تۆمار کراوە بەژمارە ١٩٩٣/٥٧٦

٣٣- حاڵەتی ژمارە ٤٥٢١ی ساڵی ٢٠٠٠

٣٤- ئەم پەراوێزە تایبەتە بەبەکارهێنانی ئاوەڵناوی وشەکە لە عەرەبیدا.

٣٥- حاڵەتی ژمارە ١٥٨٥ی ساڵی ١٩٩٧

٣٦- حاڵەتی ژمارە ١٤٥٥ی ساڵی ١٩٩٦ (قینای ناوەندی) کە تۆمار کراوە وەک ١٩٩٦/٨٠٢ لە دادگەی

تاوانی قینا.

٣٧- حاڵەتی ژمارە ٩٨١ی ساڵی ١٩٩٦ (فارشوت)، کە تۆمار کراوە وەک ١٩٩٦/٣٤٢ دادگەی تاوانی قینا.

٣٨- حاڵەتی ژمارە ٨٣٠ی ساڵی ١٩٩٧، کە لە دادگەی تاوانی قینا بەژمارە ١٩٩٧/١٩٢ تۆمار کراوە.

٣٩- ئەلئەهرام، ئەلئەهرام ئەلەسائی، ئەلوەفد، سەباحولخەیر، ئەلجمهورییە، ئەخبار ساعە، ڕوزەلیوسف، ئەلئوسبوع و ئەلئەخبار ئەلیەوم. چەند ژمارەیەک بزر بوون.

٤٠- سیژم د. کەریمە کەمال (کەمال، ٢٠٠٢)ی ڕاسپاردووە کە شیکردنەوەیەکی باسکردنی "تاوانەکانی ناموس" بکا لە ڕۆژنامە میسرییەکاندا کە نەخرایە ناو ئەم توێژینەوەیە ئێستاوە بەهۆی کەمی شوێنەوە. نوسخەی ئینگلیزیی ئەم توێژینەوەیە لە ماڵپەڕی سیژم و CIMEL INTERRIGHTSدا دەست دەکەوێ.

٤١- سیژم بۆی دەرکەوت کە لە میسری سەروو دەشێ خێزانە قیبتییەکان بەئەندازەی موسڵمانەکان تاوانی "ناموس" ئەنجام بدەن لە ڕووی ئامارەوە. ئەلجەسری (٢٠٠٤-٨٧) فیلمەکەی کەمال ئەلشێخ "پۆستەچی" ساڵی ١٩٦٨ یادی خوێنەرەکانی دەهێنێتەوە "کە بەوە کۆتاییی دێت کە خێزانێکی قیبتی کچەکەیان لەسەر ئەوە دەکوژن کە پێوەندیی سێکسیی ڕێپێنەدراوی هەبووە".

---

خوێنەری واتە نابێ ئەم کتێبانەی نەدیبێ:



## هێزی خوێندنەوەی ڕوو

**دانانی: ڕۆز ڕۆزتری**

وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: لەیلا حەمید

٤١٤ لاپەڕە

قەوارە ٢١،٥ × ١٤،٥

بایی ٧٥٠٠ دینارە



## العلويون

أصحاب دين جديد أم طريقة تصوف أو مذهب سياسي لعصر العولة

**تأليف: ابراهيم الداقوقي**

٣٤٠ صفحة

الحجم ١٩ × ١٢،٥

السعر ٧٥٠٠ دينار

# ڕوانگە فیمینیستییەکان

لەیلا موری

فیمینیزم تیۆرییەکە کە لەودا ژن و پیاو پێویستە لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا یەکسان و وەک یەک بن.

یەکسانی، خاڵی سەرەکیی هاوبەشی هەموو تیۆرییە فیمینیستییەکانە. هەندێک جار لەم پێناسەیە "فیمینیزمی سەرەکی" یا تیۆریی سەرەکیی فیمینیزمیشی پێ دەگوترێ. دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە ئەم تیۆرییە خۆی بە جیاوازی یان باسی لێکچوونی نێوان ژن و پیاو و هەروەها جیاکردنەوەی پیاوان و بەهێزکردنی ئامانجەکانی تایبەت بە ژنان ناکا. ئەو کارەی کە لقەکانی تری فیمینیزم دەیکەن. ئەو بەڵگانەی کە واتان لێ دەکەن بڕواتان بە فیمینیزم هەبێ و بیروڕاکان یارمەتیی بەوەڕاست گەڕانی فیمینیزم بکەن، بناخەی ئەو باسانەن کە لە بزووتنەوەی فیمینیزم سەریان هەڵداوە. لەوانەیە ئێوە بڕواتان بە بنەماکانی فیمینیزم هەبێ، بەڵام لەگەڵ هیچ کام لە لقەکانی فیمینیزم کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین، نەگونجێن.

## فیمینیست

ئەو کەسەیە کە بڕوای تەواوی بە تیۆریی فیمینیزم بەو شێوەیەی کە لە سەرەوە باس کراوە، هەبێ.

فیمینیزمی لیبراڵ: فیمینیستە لیبراڵەکان لەنێو پێکهاتەی سەرەکی و لە ڕێگەی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا خەبات دەکەن و لە هەوڵی هاوئاهەنگکردنی ژنان لەگەڵ ئەو پێکهاتەی کۆمەڵگەدان.

فیمینیستە لیبراڵەکان لە هەوڵی چاکسازیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگادان، نەک بنیاتنانەوەیان. بە

---

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شنۆ مێهرپەروەر.

له بەرچاوگرتنی ڕوانگەکانی جان لاک و تیۆریی ڕوانگەی ڕێککەوتننامەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت کە لەلایەن شۆڕشی ئەمەریکاوە بنیات نراوە، دەتوانین ئابیگێل ئادامز و میزی وڵستۆن کرافت وەک یەکەمین لیبراڵ فیمینیستەکانی ئەمەریکا دابنێین.

زیاتر فیمینیستەکانی سەدەی نۆزدەم و فیمینیستەکانی شەپۆلی دووەم، کە تەئکیدیان لە هەڵسووڕانی ژنان لە چوارچێوەی قانون و یاسا و دەستڕاگەیشتن بەخوێندن دەکردەوە، دەتوانین بە فیمینیست لیبراڵ ناو بەرین. فیمینیست لیبراڵ و ڕادیکاڵەکان زۆرجار و نائاگایانە بە نازناوی فیمینیزمی چاک و خراپ هەڵدەسەنگێندرێن. فیمینیست لیبراڵەکان لە چاو فیمینیست ڕادیکاڵەکان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نەزمی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام فیمینیست لیبراڵەکان ناتوانن بە بێ ڕادیکاڵەکان ڕەوتێک بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان وەڕێ بخەن.

## ڕێبازی فیمینیزم ئامازۆن

فیمینیزم ئامازۆن، باس لە قارەمانەتیی ژن لە ئوستوورەناسیی یۆناندا بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیات و هونەردا هاتووە، دەکا. ئەو نۆرم و کردەوە ڕەگەزییانەی کە بایەخ بە باری فیزیکی و چالاکیی وەرزشکارانی ژن دەدا، زەق دەکاتەوە.

ئامازۆن فیمینیزم لەسەر یەکسانیی فیزیکی پێداگری دەکا و لەگەڵ جیاوازی دانان دژی ژنان کە لەسەر بناخەی کزی و لاوازی و کزیی ژنان دامەزراوە، دژایەتیی دەکا. ئامازۆن فیمینیزمەکان بە گژ ئەو بۆچوونەدا دەچنەوە کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکان بۆ ژنان و پیاوان بە زاتی دەزانن و دژیان دەوەستێتەوە و ئەوان قارەمانانە پشتیوانی لە ڕوانگەی ژنان دەکەن . بۆ نموونە فیمینیست ئامازۆنێک بە گژی ئەو ڕوانگەیەدا دەچێتەوە کە هەندێک کەس بە ئاسایی ناتوانن ببن بەئاگرکوژێنەوە، شەرکەر یان کرێکاری بیناسازی، یان ئەوەیکە بە شێوەی ئاسایی توانای بەڕێوەبردنی هێندێک کاریان نییە، دەبێ دەرفەتەکانی کارکردن بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، بۆ هەموو کەس دابین بکرێن. دەبێ ئەو ژن و پیاوانەی کە لە بواری فیزیکییەوە تواناییان هەیە، بتوانن هەر کارێک کە دەیانەوێ، ئەنجامی بدەن.

فیمینیست ئامازۆنەکان، نزیکن لەو ڕوانگەیەی کە هەموو ژنان هەر ئەو تواناییە جەستەییانەی پیاوانیان هەیە .

## فیمینیزمی کولتووری

فیمینیزمی کولتووری بڕوای بەو تیۆرییە هەیە کە ڕێز لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ژن و پیاو دەگری، ئەم تیۆرییە پشتیوانی لە چەمکێک دەکا کە بەپێی ئەو چەمکە ژنان و پیاوان لە باری ژینگەناسییەوە جیاوازییان هەیە. بۆ نموونە ژنان نەرمونیانتر و بە بەزەییترن لە پیاوان و ئەمەش ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ ئەگەر ژنان بەڕێوەبەریی دنیا بەدەستەوە بگرن، هیچ کات شەڕ ڕوو نادا .

فیمینیزمی کولتووری تیۆرییەکە دەیەوێ بە ڕێزگرتن لە توانا تایبەییەکانی ژنان ڕێگەچارە و ئەزموونەکانی ژنان، دژی ڕەگەزخوازی بوەستێتەوە و زۆرجار لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو ڕێگەچارانەی کە ژنان پێشنیازی دەکەن، باشتر و گونجاوترن.

## ئێکۆ فیمینیزم

پشتی بەو چوارچێوە بنەڕەتییە بەستووە کە فەلسەفەی باوکسالاری بۆ ژنان، منداڵان و گیانلەبەرانی زیندووی تر زیانی هەیە. شێوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە لەگەڵ ژینگە، ئاژەڵ و سەرچاوە ژینگەیییەکان و شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژناندا دەگونجێ. ئیکۆ فیمینیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوان (لایەنگرانی کۆمەڵگەی باوکسالار) بۆ مانەوەی کولتووری باوکسالاری درێژە بە تاڵان و برۆ و تێکدان و خاپوورکردنی زەوی دەدەن. ئەوان هەست دەکەن کە فەلسەفەی باوکسالاری لەسەر پێداویستیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ چاودێریکردن ژنەلاسار و وڵاتە سەرکێشەکاندا پێ دادەگرێ .

ئێکۆ فیمینیستەکان دەڵێن کە کۆمەڵگەی باوکسالار شتێکی تا ڕادەیەک نوێیە و لە ٥٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا پەرەی سەندووە و کۆمەڵگەی دایکسالاری یەکەمین کۆمەڵگە بووە. لە کۆمەڵگەی دایکسالاردا ژنان دەسەڵاتدار بوون و خەڵک خواوەندە ژنەکانیان دەپەرست. ئەمە شتێکە کە بە بەهەشتی فیمینیستەکان دەناسرێ.

**فیمینازی**: وشەیەکە کە لەلایەن پێشکێشکارێکی تەلەڤزیۆنی بەناوی "راش لیمباخ"ەوە هاتە بەرباس. ئەم وشەیە لەلایەن دژە فیمینیستەکانەوە دەدرێتە پاڵ ئەو فیمینیستانەی کە هەوڵ دەدەن تا ئەو شوێنەی بۆیان دەگونجێ لەباربردنی کۆرپەلە ئاسانتر بکەن. هەر بۆیە لە وشەی "نازی" کەڵک وەرگیراوە. "راش لیمباخ" فیمینیستەکان بە تاقمێک ناوزەد دەکا کە لە هەوڵی ئەوەدان دنیا لە گرووپێکی تایبەت لە تاکەکان، واتە ئاوڵمەکان بەتاڵ بکەنەوە.

## فیمینیزمی تاکخواز

بنەمای فیمینیزمی تاکخواز، فەلسەفەی تاکخوازییەکان و ڕەسەنایەتیی تاکە کەسییە. گرینگیدانی زۆر بە سەربەخۆیی تاکەکەسی، ماف، ئازادی، بەستراوە نەبوون و پلۆرالیزمە. فیمینیزمی تاکخواز سەرنج دەداتە پاوانخوازیی بەربڵاوی پیاوان و ئەو کۆسپانەی کە پیاوان و ژنان بەهۆی ڕەگەزەکانیانەوە لەگەڵی بەرەوڕوون.

## فیمینیزمی ماتریالیستی

بزووتنەوەیەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا، بۆ ڕزگاریی ژنان لەگەڵ باشتربوونی

بارودۆخی مـادیی ئەوان پێک هات. ئەم بزووتنەوەیە بۆ لـەنێـوبردنی بەرپرسـایەتییـەکـانی وەک: ماڵداری، چێشت لێنان و ڕۆڵە نەریتییەکانی ژنان هەوڵ دەدا. دەتوانین ئاماژە بە کتێبی "شۆڕشی گەورەی ماڵەوە" بەرهەمی "شارلوت پرکینز گیلمان" بکەین.

## فیمینیزمی میانڕۆ

لقێکە لە فیمینیزم کە پتر لەنێو ژنانی لاو یان ئەو ژنانەدا کە ڕاستەوخۆ تووشی هەڵاواردنی ڕەگەزی نەبوون، لایەنگریی هەیە. ئەوان خوازیاری هەوڵی زیاترن و وای بۆ دەچن کە فیمینیزم بۆ ماوەیەکی زۆر دەوام ناهێنێ. ئەوان زیاتر فیمینیزم بە ئازارهێنەر دەزانن. (وا دێتە بەرچاو کە ئەم گرووپە پێیان خۆشە پشتیوانی لە تیۆرییەکانی فیمینیزم بکەن، بەڵام خۆیان بە فیمینیست نەزانن).

## پاپ فیمینیزم

بە شێوەی ئاسایی چەمکی پاپ فیمینیزم لەلایەن خەڵکەوە لەگەڵ چەمکی فیمینیزم بەگشتی، واتە ئایدیۆلۆجیایەکی داڕێژراو و نەریتی ڕق لێبوونەوە و بێزاری لە پیاو بەهەڵە وەرگیراوە. هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەم جۆرە فیمینیستانە لە بەردەستدا نییە.

هێشتا هیچ فیمینیستێک کە بە تەواوی ڕقی لە پیاوان بێ، بەرچاو نەکەوتووە، لە هەمان کاتیشدا پیاوانێکی زۆر هەن کە فیمینیستن.

ئەگەر گرووپێک لەم فیمینیستانە هەبن کە باسمان کردن، دەتوانین ناویان بە پاپ فیمینیزم بهێنین. لەوانەیە ئەوانە لەو کەسانە بن کە ڕۆڵی پیاوان لە هەموو بوارەکاندا چکۆلە دەکەنەوە و بە کەمیان دەگرن و ڕێز لە ژنانیش دەگرن.

## فیمینیزمی ڕادیکاڵ

فیمینیزمی ڕادیکاڵ، ئاخێوگەی زۆر لەو تیۆرییانەیە کە فیمینیزم پێشکێشی کردوون. فیمینیزمی ڕادیکاڵ، دەمی تیژی تیۆرییە فیمینیستییەکانە کە لە ساڵەکانی ١٩٦٧ ـ ١٩٧٥، ماوەیەکی زۆر بەسەر پەسندکردنی دنیای ئەم چەمکەو ناساندنی دەستەواژەی فیمینیزمدا تێ نەپەڕیوە. ئەم گرووپە ستەم لەسەر ژنان، وەک زۆرێک لە شێوەکانی ستەم و چەوساندنەوە بە بنەڕەتی دەزانن، شتێکە کە لە سەرووی ڕەگەز، کولتوور و چینی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدا. ئەم بزووتنەوەیە خوازیاری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەی شۆڕشن. باسی سەرەکیی فیمینیزمی ڕادیکاڵ ئەوەیە کە بۆچی ژنان و پیاوان دەبێ ڕۆڵگەلێک بەپێی سروشتی ڕەگەزییان وەرگرن؟

فیمینیزمە ڕادیکاڵەکان لە هەوڵی ئەوەدان لە نێوان هەڵسوکەوتی ژینگەناسانە و هەڵسوکەوتی

کـولتــووری مــەودایەک پێک بێنن بۆ ئەوەی ژنـان و پیــاوان بتــوانن پاش ئـەو ڕۆڵە سنووردار و کۆنانەیان، ڕزگاریان بێ.

## جوداییخوازی

جوداییخوازەکان هەندێک جار بەهەڵە بە ژنانی Homosexual ناو دەبرێن.

ئەمانە ئەو فیمینیستانەن کە داوای جودایی لە پیاوان دەکەن، جیایی بە تەواوی یان ئاسایی. ئەوان زۆرجــار ڕووداوو باسـی تایبــەت بە ژنان ڕێک دەخــەن و هەر بەم هـۆیەشــەوەیە کــە ناوی جوداییخوازیان لـێ دەنێن.

ڕای ســـەرەکــیـــان ئەوەیە کــە جــودایی ژنان لە پیــاوان، ژنـان وا لــێ دەکـــا توانـایی و لێهاتووییەکانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بدۆزنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە فیمینیستەکان لە جوداییخوازەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەمە یەکەمین هەنگاوی پێویستە بۆ گەشەی کەسایەتی، هەرچەند ئەوان بڕوایان بە جودایی درێژماوە نییە.

ئەوەش هەڵەیەکە هەموو ژنە "Homosexual"ەکان بە جوداییخواز دابنـێین. دیارە ئەمە ڕاستە کە ئەوان هیـچ مـەیلێکیـان بۆ کـاری جـینسی لەگـەڵ پیاوان نـییـە، بەڵام ئەو بیـرۆکـەیەش کـە ئەوان، بەشێوەی "میکانیکی" لە پیاوان دوور دەکەونەوە، هەڵەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاریا

---

خوێنەری واتە ئەم کتێبەی پێویستە



**لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم**

**دانانی: مەهاباد قەرەداغی**

٢٨٨ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٤٠٠٠ دینارە

# دڵنەواییەکانی فەلسەفە
# دڵنەوایی لەبەر کەم پارەیی

ئالان دی بۆتن

١

شادمانی، لیستێک لە پێویستییە داراییەکان

١– خانوویەک بەشێوەی نیمچە کلاسیکی سەردەمی جۆرجیان، کەوتووەتە سەنتەری لەندەنەوە. چیلسە (ڕێڕەوی بەهەشت ، مەیدانی مارکهام)، کینگستۆن (پارکی باشووری هیل ڕۆد، شەقامی هۆرنتۆن)، پارکی هۆڵەند (ئۆبری ڕۆد). ڕووی دەرەوەشی بەڕووکەش لە نەخشەی کۆمەڵگەی دەسەڵاتدارانی هونەری دەچێت کە بەدەستی برادەرانی ئادەم (١٧٧٢–٤) نەخشێنرابێت. بۆ ڕاکێشکردنی خۆرەتاوی پاش نیوەڕۆی لەندەن بۆ نێو ژوورەکان، پەنجەرەیەکی گەورەی سەردەمی فینیسیان بۆ دروست کردووە، ئەو پەنجەرانە بەستوونی ئیۆنی هاوسەنگ کراونەتەوە (تاقی پەنجەرەکان نیو بازنەییە و سێگۆشەیە، پڕ نەخش و نیگارە). نهۆمی یەکەم ژووری وێنەکێشان و تاقێک و گەرمکەرەوەیەکی لێیە، ڕێک لە دیزاینی ڕۆبەرت ئادەم دەچێ کە بۆ کتێبخانەی ماڵی "کینفۆود"ی دروست کرد.

٢– باڵەفڕەیەک لە جۆری جەت jet کە لە ناوچەکانی "فارنبۆرۆ" یا "بیگین هیلدا"یە (داسو فالکون C 900 یا گەڵف ستریمی ٤) ئەم باڵەفڕەیە سیستەمی ئەلیکترۆنیی فڕۆکەوانیی تێدایە بۆ فڕۆکەوانە تووڕەکان، سیستەمی هۆشداریی نیزیک لە زەوییەوە، ڕاداری ئاشکراکردنی تۆفان و ڕێنوێنیکەری ئۆتۆماتیکی CatII تێدایە. لەسەر کلکی دواوەی باڵەفڕەکە، لەسەر ئەو جێگەیەی کە لۆگۆ ستانداردەکان جار بەجار دێنە گۆڕین، نموونەی نەخش و نیگاری شێوەکاری

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان.

ژیانی ڕاوەستاو دەبینین، بۆ نموونە نیگاری ماسییەک دەبینین بەرهەمی نیگارکێش ڤیلاکسیس، یان سێ لیمۆ دەبینین بەرهەمی "سانچیز کۆتان"ە، ئەو تابلۆیانەی سەر فڕۆکەکان لە تابلۆی میوە و سەوزەکانی نێو مۆزەخانەی "پرادۆ" لە مەدرید وەرگیراوە.





٣- کۆشکی ئۆرسیتی لە مارلیای نیزیک لۆکا. لە ژووری نووستندا دەتوانی چاوت بە ئاو بکەوێ و گوێت لە کانیاوەکان بێت. لە پشتەوەی کۆشکەکە، بەدرێژاییی دیوارەکان ڕووەکی شێوەی "ماگنۆلیای دیلاڤیا" ڕواوە، سەکۆیەکی تێدایە بۆ زستان، درەختێکی گەورە بۆ هاوینان و زەوییەکی پڕ لە چیمەن بۆ یاریکردن. باخچەیەکی پڕ لە هەنجیر و قۆخ، زەوییەکی چوارگۆشەییی پڕ لە داری سەروو، ڕیزێک گوڵی وەنەوشەیی، دار پرتەقاڵ و باغێکی زەیتوون.



٤- کتێبخانەیەک لەگەڵ مێزێکی مەزن، سۆپایەک و پەنجەرەیەک ڕووەو باخچە، چاپە سەرەتاییەکان و بۆنی خۆشی کتێبە کۆنەکان، کتێبەکان خۆیان و پەڕەی زەرد و زبریان. سەرەوەی ڕەفەکان پەیکەری نیوەی لەشی بیرمەندە مەزنە گەورەکان و هەروەها تۆپی زەویی فاڵگرەوەشی لێیە، ڕێک وەک دیزاینی کتێبخانەکەی ویلیامی سێیەمی پاشای هۆڵەندا وایە.

٥- ژووری نانخواردن ڕێک وەک ژووری نانخواردنی بلتۆن هاوس لە لینکلن شایەر. مێزێک دروستکراو لە داربەڕوو ١٢ نەفەری. ئەو شوێنەی بەردەوام نانخواردن لە هەمان ژووردا ڕوو دەدا و لەگەڵ هەمان کەس، گفتوگۆی هۆشمەندانە، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە بۆ خۆشی و ڕابواردن. بەردەوام گفتوگۆی پڕ لە میهرەبانی، چێشت لێنەری خۆش بیر و خزمەتکارانی پڕ تێبینی، کە هەر جۆرە چارەسەرێکی ئامادەیان پێیە بۆ هەر گرفتێک (چێشت لێنەرانی بلیمەتە لە لێنانی خواردنی تایبەت، کێک، شۆربای ماسی، پلاوی ئیتاڵیایی، مریشکی سوورەوەکراو و چەندان خواردنی تر). ژوورێکی بچووکی دانیشتن بۆ حەوانەوە و خواردنەوەی

چا و شوکولاتە.

٦- ئەو تەختەخەوەی لە ناو تاقی بچکۆلەی نێو دیوارەکە دانراوە (بەتەواوی وەک تەختەخەوی "جان فرانسوا بلوندل"ی خەڵکی پاریس دەکا). قەدی هێڵی دۆشەکەکان گشت ڕۆژێ دەگۆڕدرێن و بۆ ڕوخسار سەرمایەکی سازگاریان هەیە، گەورەیی تەختی خەوەکە ئەوەندەیە پەنجەی پێ بەر کۆتاییی تەختەکە ناکەوێ بە ئارەزوو بەسەریدا بخولێرەوە، کابینەیەکی تایبەت بۆ ئاو و بیسکویت، هەروەها یەکێکی تر بۆ تەلەڤزیۆن.

٧- گەرماوێکی مەزن، لەگەڵ حەوزێکی گەورە لە ناوەڕاست لەسەر ڕووی سەکۆیەکی بەرز لە مەڕمەڕ دروستکراو، ئەو حەوزە لەسەر وێنەی گوێی ماسیی کۆبەڵتی شین دروست کراوە، ئەو بەلوعانەی بەناولەپی پێ دەتوانرێ بکرێنەوە، ئاو بەشێوەیەکی گونجاو و بەردەوام دەڕژێننە نێو حەوزەکەوە. پەنجەرەیەک لە بنمیچی گەرماوەکەوە دەکرێ ببینرێ، ڕووی گەرماوەکە بە شێوە بەردێکی تایبەت داپۆشراو کە گەرمی کۆ دەکاتەوە. بە ڕووی دیوارەکانەوە شوێنە کۆپیکراوەکانی نموونەی سەر دیواری پەرستگەکانی (ئیزیس و پومپیئی) هەڵواسراوە.

٨- بوونی پارەی تەواو ڕێگە بە کەسێک دەدا بەپێی بەهرەی پارەکەی چێژ لە بەهرەی ژیان وەربگرێ.

٩- بۆ پشووی کۆتاییی هەفتە، ئاپارتمانێکی بچووک لەسەر ئیل دو لاسیتە کە بەجوانترین شێوە ڕازێنراوەتەوە بە شتومەکی سەردەمی بەهێزترین و نایابترین پاشایەتیی فرەنسا و (لاوازترین ساتی حکوومەتی فرەنسا)، واتە دەورەی پاشا لویسی شازدەم. کۆمۆدییەک (چەکمەجە) لە شێوەی نیوە مانگ بەرهەمی گرونیچ، مێزێکی لە دروستکردنی ساونیر، کۆمۆدییەک (چەکمەجە) بەرهەمی فاندەرکروز. بەیانییان هاوکات لەگەڵ تەمەڵی لەسەر جێگەکەیان سەرقاڵی خوێندنەوەی کۆواری پاریسکۆپ بوون، لەسەر سفرەی چینی خەریکی خواردنی کێکی پڕ نەستەلە بوون، خەریکی وتووێژ بوون لەبارەی بوون و ژیان، جارجار گاڵتەکردن بە وێنە کۆپییەکەی جیۆڤانی بەناونیشانی "بەلینیس مادۆنا" ( ئەو تابلۆیەی لە گالەری دلاکادمیایە لە ڤینیسیا )، ئەو ژنەی ڕوخساری خەماوی و تازیەبارییەکەی هەستی گاڵتەجاڕی و خۆشڕوویی ئەو دەشارێتەوە ئەو کەسەی بۆ پیاسەکردن بەدەوری ناوچەی مارایسدا جلی مێرکی "ئیگنس بی" و "ماکس مارای" دەپۆشی.



## ٢

کۆمەڵێ کەس هەبوون خۆیان بە کەسانی چاک لە قەڵەم دەدا بەڵام بارێکی ناپەسند لە نێواندا تەشەنەی کردبوو، قینیان لە خۆشیی دەبووەوە، فەیلەسوفێک هات پێ دەچوو تێگەیشتوو بێ، دەیویست یارمەتیدەر بێت. ئەو فەیلەسووفە ئەم شتەی نووسی" ئەگەر واز لە چێژی چەشتن و تامکردن بێنم، واز لە چێژی سێکس بێنم، واز لە چێژی بیستن بێنم، ئەگەر واز لە چێژی حەزەکانی شیرینی بێنم، گەر واز لەو هەمووانە بێنم، چۆن بزانم چاکە چییە".

ئەپیکۆرسساڵی ٣٤١ لە دوورگەی سامۆس هاتووەتە دنیاوە، ئەم دوورگەیە چەند میلێک لە کەنارەکانی ئاسیای بچووکی ڕۆئاواوە دوورە. هەر زوو دەستی بەخوێندنی فەلسەفە کرد، لە ١٤ ساڵیدا ڕووی کردە گەشتوگوزار، ڕۆیشت تا گوێ بداتە وانەکانی پامفیلۆسی، ئەو کەسەی بڕوای بە بیروباوەڕەکانی ئەفلاتوون بوو، هەروەها گوێ بداتە فەلسەفەی ئەتۆمی ناوسفانی، بەڵام هەر زوو درکی بەوە کرد زۆربەی ئەو وانانەی ئەو مامۆستایانە پێی دەڵێن لەگەڵ بۆچوونی ئەودا یەک ناگرنەوە، لە کۆتاییی بیستەکانی ژیانیدا بڕیاری دا بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی فەلسەفەی ژیان تۆمار بکا، دەڵێن نێزیکەی ٣٠٠ کتێبی لەبارەی گشت شتەکانی ژیان نووسیوە، لەوانە لەبارەی عەشق و موزیک و ڕەفتاری دادپەروەرانە و ژیانی مرۆڤایەتی (لە چوار کتێب)دا، لەبارەی سروشت (لە ٣٧ کتێب، هەرچەند کۆمەڵێ ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتئامێز بەدرێژاییی سەدەکان بوونە هۆی لەناودانی بڕێکی زۆری ئەو کتێبانە، بۆیە لەسەر بناغەی هەندێ لەو کار و کتێبانەی بەجێ ماون دەتوانین بزانین فەلسەفەی ئەپیکۆرسی دوای ئەپیکۆر چ قۆناغێک بووە).

ئەوەی وای کرد فەلسەفەی ئەپیکۆرس فەلسەفەیەکی دیار بێت جەختکردنەوەی بوو لەسەر گرینگیدان بەمەسەلەی چێژ، بەتایبەت چێژی هەست "چێژ سەرەتا و دوا ئامانجی ژیانێکی خۆشبەختە"، ئەپیکۆرس جەختی دەکردە سەر شتێک کە سەردەمانێک بوو بڕوای پێی هەبوو، بەڵام زۆر بە کەمی فەلسەفە ئەو شتەی پێ قبووڵ بوو، ئەپیکۆرسی فەیلەسووف دانی بەوەدا نابوو کە پێوەندییەکی خۆشەویستانەی لەگەڵ سفرە و خواردندا هەیە ( سەرەتا و ڕەگی هەموو چاکییەک چێژی گەدەیە. تەنانەت حیکمەت و کولتووریش دەبێ ئاماژە بەمە بکەن). فەلسەفەی ڕاست و دروست لە ڕێنوێنیی چێژ زیاتر شتێکی تر نەبووە:

ئەو پیاوەی ڕای دەگەیەنێ کە جارێ بۆ فەلسەفە ئامادە نییە یان دەڵێ تەمەنم بەکەڵکی ئەو کارە نەماوە ئەو کەسە ڕێک لەو کەسە دەچێ کە دەڵێ بۆ شادمانی جارێ منداڵم یان بۆ شادمانی پیرم.

تا ئەو سەردەمە کۆمەڵە فەیلەسووفێک بە ڕاشکاوی پێوەندیی خۆیان لەگەڵ شادمانیی ژیاندا ڕاگەیاندبوو. ئەو کارەی ئەپیکۆرس بووە هۆی سەرسوڕمانی بڕێکی زۆر لە خەڵکی، بەتایبەت کاتێک بیستیان ئەپیکۆرس سەرەتا لە لامپساکۆس سەر بە ناوچەی داردانل و پاشان لە ئەسینا هەندێ کەسانی خاوەن پارە و پوولی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و بە سوود وەرگرتن لە پارە و پوولی

ئەو دەوڵەمەندانە، دەزگایەکی فەلسەفەی بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ شادمانی دامەزراندووە. ئەو دەزگایە هەم پیاوان و هەم ژنانیشی وەردەگرت و هەروەها ئەو کەسانەشی هان دەدا تا لەبارەی چێژ شت بخوێننەوە و بەپێی سیستەمی چێژ بژین. بیری ئەپیکۆرس ئەوە بوو کە لە نێو ئەو قوتابخانەیە ڕووی دابوو، چی ڕووی دابوو لە یەک کاتدا جوولێنەر و لە ڕووی ڕەوشتەوە سەرزەنشتکارانە بوو.

زۆرجار، لە نێوان وانەکانی ئەپیکۆرسەوە هەواڵ دزەی دەکردە دەرەوەی قوتابخانەکەی لەبارەی کارە ناخۆشەکانی ئەو کابرایە. تیموکراتیس، برای ئەپیکۆرس و یارمەتیدەری میترۆدۆرۆس، پڕوپاگەندەیەکی بڵاو کردەوە لەبارەی ئەوەی کە ئەپیکۆرس ڕۆژانە دووجار بەهۆی زۆرخۆرییەوە ڕشاوەتەوە. دیۆتیمۆسی فەیلەسووف ئەم کارە زاڵمانەی ئەنجام داو ٥٠ نامەی فاسقانەی بڵاو کردەوە، گوایە ئەو نامانە ئەپیکۆرس لە کاتی سەرخۆشی و لغاو لەدەست دەرچوونی سێکسیدا نووسیونی.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانە، وانەکانی ئەپیکۆرس لایەنگرانێکی زۆری بۆ پەیدا بوو، لە سەرتاسەری دەریای ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە، قوتابخانەی چێژ لە سووریا دۆزرایەوە، لە وڵاتی جووەکان و میسر و ئیتاڵیا بڵاو بووەوە، ئەم فەلسەفەیە بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ کاریگەری خۆی بەجێ هێشت، ئەم فەلسەفەیە تەنیا ئەو کاتە لەناوچوو لە سەردەمی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژئاوا لە ئەنجامی ململانێی نێوان بەربەرییە توندڕۆکان و مەسیحییەکان. بەڵام پاش ئەوەش ناوی ئەپیکۆر چووە نێو زۆر لە زمانەکانەوە وەک ئاماژەیەک بۆ پێوەندی و هاوڕێیەتی. (ئۆکسفۆرد، فەرهەنگی ئینگلیزی. ئەپیکۆری: وا دەناسرێتەوە کە هۆگری چێژخوازییە بەرامبەر ئەمەش خۆشگوزەرانی و شەهەوانی و چڵێسی).

لە کاتی گەڕانم لە یەکێک لە کتێبفرۆشەکانی لەندەن، 2340 ساڵ پاش لەدایکبوونی ئەپیکۆرس، لووتم تەقی بەلووتی کۆوارێکەوە لەبارەی ژیانی ئەپیکۆرسی، کۆوارێکی وەرزی بوو، پڕ بوو لە وتار لەبارەی هۆتێل و کەشتی و چێشتخانە، لەسەر ڕووبەری پەڕاوێکی بریقەداری شێوە سێو نەخشێنرابوو.

ئەم کۆوارە مەغزای حەزەکانی ئەپیکۆرسی دەخستە ڕوو، لەوانە چێشتخانەیەک لە شارۆچکەی ئۆرسیستەرشاین، میوانەکانی ئەم ڕیستۆرانتە لە هۆڵێکی ئارامی نانخواردن لەسەر کورسییەکی پشت بڵند دانیشتوون، چێشتخانەکەش ئەم شتانەی پێشکێش بەمیوانەکانی خۆی دەکا خواردەمەنی لە جۆری سەدەفی دەریایی و سکالۆپ و پڵاوی ئیتاڵیای لەگەڵ دۆمەلان.

## ٣

ڕاستگۆیی و توندوتۆڵیی چەمکە باسکراوەکان، ئەوانەی بەدرێژاییی سەدەکان لەلایەن ئەپیکۆرەکانەوە خراونەتە ڕوو هەر لە دیوتیمۆسی سەر بە قوتابخانەی ڕەواقییەکانەوە تا

نووسەرانی وەرزنامەی ژیانی ئەپیکۆرسی، شایەدی لەسەر ئەوە دەدەن ئاشکرا بووە کە مەبەستی ئەپیکۆرس چی بووە لە چەمکی "چێژ"، ئەو پرسیارە کە دەڵێ: "بۆ ژیانێکی پڕ لە شادمانی پێویستم بە چییە؟" کاتێ پارە و پوول نەبێ پرسیارێکی ئا لەم شێوەیە تا بڵێی پرسیارێکی سەختە.

پرسیارێکی لەم جۆرە "بۆ ژیانێکی پڕ لە شادمانی پێویستم بە چییە؟" ڕەنگە وەڵامەکەی دژوارتر بێت، بۆ نموونە کاتێ تووشی دەردەسەری یەک لە دوای یەکێن یان پاش خواردن لە نێو سکمانەوە گوێمان لە قۆڕەقۆڕێکی سەیر دەبێت، ئەو کاتە دەزانین گرفتێک هەیە، بەڵام دۆزینەوەی چارەی ئەو گرفتە ڕەنگە ئاسان نەبێت.



لە کاتی دەردەسەردا ڕەنگە مرۆڤ دەرمانی سەیروسەمەرەی بەخەیاڵدا بێ: کرمی زالوو، کەڵەشاخ گرتن، کونکردنی جومجومە، nettle stews، ژانی نیوە سەرە، ژانێکی سەیرە، وەک ئەوەی هەموو کەللەسەر بخرێتە ژێر گیرەیەک و پاڵەپەستۆ بدرێ، وا هەست دەکەین هەر ئێستە سەرت دەتەقێتەوە. ئەوەی بەزوویی هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەردە برێک هەوا بچێتە نێو سەرەوە. ئەو کەسەی تووشی ئەم دەردە بووە دەخوازێ کەسێک سەری بخاتە سەر مێزێک و کونێکی تێ بکا. پاشان دوای چەند سەعاتێک کەسی تووشبوو بەم دەردە بەهۆی خوێن بەربوونی مێشک گیان لەدەست دەدا.

سەرەڕای بارودۆخی زۆر لە ژوورە دڵتەنگەکانی نەشتەرکاری ئەگەر ڕاوێژکردن لەگەڵ دوکتۆرێکی بەئەزموون بەکارێکی ماقووڵ دابنرێ، لەبەرئەوەیە ئەوە دوکتۆرە کەسێکە بەشێوەیەکی قووڵ و هۆشمەندانە بیر لە کارکردنی جەستە دەکاتەوە و ڕێگەی تێ دەچێت ئەو کەسە ڕای باشتریشی هەبێت لەبارەی تەندروستی لە کەسێک کە تەنیا پەیڕەوی هەست و بۆن دەکا لەبارەی تەندروستیی مرۆڤەوە. زانستی پزیشکی بەشتێکی ئاسایی دەزانێ کە دەسەڵاتی هەرەمیی هەبێت لە نێوان بەرەڵاییی بیری ڕەشە خەڵک، لەمەڕ بێ ئارامی و نەخۆشیی دەروونی، زانینی ڕاستتری ئەو پزیشکانەی بیرکردنەوەیەکی مەنتیقییان هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە پێویستمان بەو پزیشکانەیە کە لە کاتی باری زۆر دژوار و کوشندەدا دەتوانن یارمەتیی نەخۆشەکانیان بدەن، بەقەرەبووکردنەوەی ناتەواوی و خۆنەناسینەوەکانیان.

لە دڵی ئەپیکۆریزمدا ئەم بۆچوونە هەیە کەوا ئێمە بە شێوەیەکی مەزندەیی وەڵامێکی خراپی ئەو دوو پرسیارە دەدەینەوە، ئەو دوو پرسیارەش برێتین لەمانە، یەکەم: " چ شتێک خۆشبەختمان دەکا؟" دووەم "چ شتێک لەشساغمان دەکا؟". ئەو پرسیارەی زۆر بە خێرایی بەبیرماندا گوزەر دەکا، گومان لە ڕاستییەکەی دەکرێ. ڕۆحمان گرفتەکانی خۆی ئاشکراتر ڕادەگەیەنێ تا

جەستەمان، دەستنیشانکردنە مەزەندەییەکانمان بەدەگمەن ڕاست دەردەچن. کونکردنی کەللەسەر ڕەنگە لە یەک کاتدا سیمبولێک بێت هەم بۆ دژوارییەکانی درککردنی پرسە دەروونییەکان و هەم پرسە فیزیۆلۆجییەکانمان.

کاتێ پیاوێک هەست بە نارازیبوون و ناخۆشی دەکا دەمەوبەیان بەبێ تاقەتی لە خەون ڕادەپەڕێ و سەر و ڕوخساری ترشاوە و بەرامبەر خێزانەکەی دانیشتووە، هەر بەشێوەیەکی بەڵگەنەویست تاوانی ئەو بێ تاقەتییەی خۆی دەخاتە مل ئەو شێوە کارەی کە دەیکا و دەست دەکا بەگەڕان بەدوای کارێکی تردا، هەرچەندە هەستان بەم کردارە زۆری لەسەر دەکەوێ.

هەر بەخێرایی بەو ئەنجامە دەگا کە لە کاری ماسیگریدا خۆشبەخت دەبێ و دەچێتە بازاڕ تۆڕێکی ماسیگری دەکڕێ و جێگەیەک دەکرێ تا لە کاتی ڕاوەماسیدا لێی بمێنێتەوە. بەڵام ئەمەش خەمەکانی کەم ناکاتەوە.

بەپێی وتەی لۆکریتۆس شاعیری ئەپیکۆری ئێمە زۆرجار ڕێک لە (نەخۆش )ێک دەچین ( نازانین هۆی نەخۆشییەکەمان چییە)، هۆی سەردانمان بۆ دوکتۆر ئەوەیە ئەوان باشتر لە ئێمە دەردەکانی لەش دەناسنەوە. یان کاتێ ڕۆحمان نەخۆش دەبێ، هەر بۆ چاکبوونەوەی ئەو ڕۆحەش سەردانی فەیلەسووفێک دەکەین، کەواتە دەبێ بەهەمان ئەو پێوانەیەش کردارە فەلسەفییەکان داوەری بکەین:

تەواو وایە، ئەگەر پزیشکێک نەتوانێ دەردی جەستە چاک بکاتەوە چ سوودی هەیە، ئەگەر فەیلەسووفێکیش نەیتوانی ئازارە فیکرییەکان چاک کاتەوە، بەکەڵکی هیچ نایە.



ئەپیکۆر ٣٤١ پ. ز – ٢٧٠ پ. ز

ئەپیکۆر بڕوای وابوو ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە کۆمەککردن، لە ڕاڤەکردن و دەربڕینی هۆکارەکانی ژان و خواست و حەز و ئارەزووە نادیار و ئاڵۆزەکانمان، هەروەها پاراستنمان لە تووشبوون بە شادمانییەکی درۆزنانە. سەد ساڵ پێش ئەو بۆچوونەی ئەپیکۆر، سوکرات لە ئێمەی خواستبوو لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین پاڵپێوەنەر دەبێ ڕاوەستین و هیچ نەکەین، لە جیاتیی ئەوە بە ڕێگەی عەقڵانییەت خواستەکانی خۆمان بەپێی شێوازی پرسیار و وەڵامی سوکراتی شی بکەینەوە. ئەو شتەی فەلسەفە پێشنیازی دەکا، ڕەنگە هەندێ جار وەک دەستنیشانکردنە بێ مەزەندەکانی نەخۆشییەکانمان بن بەپێی بۆچوونی ئەپیکۆر ڕێنوێنیمان دەکەن بەرەو چارەسەرێکی باش و شادمانییەکی ڕاستەقینە.

٤

ئەوانەی پڕوپاگەندەیان لەبارەی ئەپیکۆرەوە بیستبوو، دەبووایە سەرسوڕمانی دایگرتنایە پاش ئاشکرابوونی تام و چێژە ڕاستەقینەکانی ئەو فەیلەسووفە. ئەو پڕوپاگەندەی بۆیان دەکرد هیچی ڕاست نەبوو، ئەپیکۆرییەکان خانووی گەورەشیان نەبوو، خواردنەکانیش سادە بوون، ئەپیکۆر ئاوی دەخوارد نەک شەراب، شیوی ئەو نان و سەوزی و پڕ چنگێک زەیتوون بوو. جارێکیان بەهاوڕێیەکی گوت "گۆزەیەک پەنیرم بۆ بێنە بۆ ئەوەی هەر کاتێ حەزم کرد بۆ خۆم سەیرانێک بەرپا کەم"، ئەمە بوو حەزەکانی ئەو پیاوەی چێژ ئامانجی ژیانی بوو.

نەیدەیویست فریوی کەس بدا. هۆگری ئەو بە چێژەوە زۆر زیاتر بوو لەوەی کە تاوانبارکەرانی بۆی دەچوون، ئەوان بەکەسێکی هەوەسبازیان لە قەڵەم دەدا، بەڕاستی پاش ئەو شیکردنەوە عەقڵانییە بوو کە لەبارەی کۆمەڵێ پرسەوە پێی گەیشت کە چ شتێک بە ڕاستی ژیان خۆش دەکا، ئەوانەشی دەرامەتیان کەم بوو، ئاگەداری ئەم ئەنجامە دڵخۆشکەرەیە بوون. بە بڕوای ئەپیکۆرس ڕەگەزە پێویستەکانی چێژ، هەرچەندە وەک مەتەڵ وان، بەڵام هەڵهێنانی ئەوەندە گران نییە.

## شادمانی، لیستی پێویستییە داراییەکانی ئەپیکۆری

١- هاوڕێیەتی

ساڵی سێ سەد و شەشی پێش زاینی، ئەپیکۆر لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئەسینا، لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا، جۆرە ژیانێکی خێزانیی نائاساییی هەڵبژارد، چەند میلێک دوور لە سەنتەری شاری ئەسینا لە خانوویەکی گەورە نیشتەجێ بوو، ئەو خانووە کەوتبووە ناوچەی "میلیتە" لە نێوان بازاڕ و بەندەری پیرائۆس، لەگەڵ گرووپێک لە هاوەڵانی لەو ماڵە نیشتەجێ بوو: پێوەندیی کرد بە میترۆدۆروس و خوشکەکەی و هاوڕێکانی "پۆلیەینیوسی ماتماتیکزان، هێرمارخۆس، لیۆنتیۆس، سیمیستای هاوسەری و بازرگانێک بەناوی ئیدۆمینۆس ( کە هەر زوو لەگەڵ خوشکی میترۆدۆروس هاوسەرکاریی کرد)، لەگەڵ هەموو هاوڕێکانی چوونە نێو ئەو خانووە، لەو خانووەدا ئەوەندە شوێنی پێویست هەبوو تا هەر کەسە و بۆ خۆی کونجێکی ئاسایی داگیر بکا، ژوورێکی هاوبەشیش هەبوو بۆ خواردن و ژوورێکیش بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن.

ئەپیکۆر دەیگوت: لە نێوان هەموو ئەو شتانەی حیکمەت پێشکێش بەکەسێکی دەکا بەنرخترینیان هاوڕێیەتییە، هاوڕێیەتیی ئەپیکۆر لەگەڵ هەڤاڵەکانی ئەوەندە توندوتۆڵ بوو، داوای دەکرد تا دەکرێ هەوڵ بدرێ کەس بە تەنیا نەچێتە سەر سفرە بۆ نانخواردن:

پێش ئەوەی هەر شتێک بخۆیت یان بینۆشیت، مەڕوانە چی دەخۆیت و چی دەنۆشی بگرە بڕوانە بزانە لەگەڵ چ کەسێکدا دەخۆیت و دەنۆشی، خواردنی بێ هاوڕێ وەک ژیانی شێر و گورگ وایە.

خێزانی ئەپیکۆر زۆر گەورە دەهاتە پێش چاو، بەڵام هەرگیز لە ڕوخساریاندا ترشی و

نارەزاییت نەدەبینی، ئەوی کە دەبینرا تەنیا هاودڵی و میهرەبانی بوو.

ئێمە بوونمان نییە تا ئەو کاتەی کەسێک بێت و ببینێ ئێمە هەین، ئەوەی دەیڵێین هیچ مانایەکی نییە تا ئەوکاتەی کەسێک پەیدا بێت و بزانێت ئەوەی دەیڵێین مانای چییە، هەردەم بەئامادەبوونت لە نێوان هاوڕێیانتدا دەتوانی ناسنامەی خۆت بدۆزیتەوە، زانین و چاوەدێری و پێوەندیی هاوڕێیانمان ئەوەندە هێزمان پێ دەدا تا لە سستی بێینە دەرێ، لە گفتوگۆ ئاساییەکانمان زۆر لەو هاوڕێیانە تەوسمان پێ دەکەن و ئاماژە بە سستییەکانمان دەکەن و ئەو سستییانە قبووڵ دەکەن، بەرامبەر بەمەش ئێمە ئەوەمان پێ قبووڵ دەبێت کە لەم جیهانەدا جێگەیەک بۆ خۆمان داگیر بکەین. دەتوانین لەو هاوڕێیانە بپرسین ئاخۆ "ئەو کابرایە کەسێکی ترسناک نییە؟" یان "هیچ کاتێ هەستت کردووە کە ...؟" ئەویش لێت تێ بگا، نەک ئەوەی کە بەسەرسوڕمانییەوە بێژێت "نەخێر، هەرگیز" ئەم شێوە وەڵامە ڕەنگە زۆر لەسەرمان بکەوێ، تەنانەت کاتێکیش لەگەڵ هاوڕێیانماندابین شیمانەی ئەوەش هەیە، ئەوەندە هەست بە تەنیایی بکەین ڕێک وەک هەستی تەنیایی ئەو کەسانەی پسپۆڕی گەڕان و پشکنین لە بەستەڵەکەکانی گۆی زەوی.

دۆستە ڕاستەقینەکانمان لەسەر بناغەی پێوەرە دنیاییەکان هەڵمان ناسەنگێنن، بگرە ئەوان پێوەندیی بنچینەییان بە خودی ئێمەوە هەیە، تەواو وەک دوو شەریکی نموونەیی، خۆشەویستی ئەوان بۆ ئێمە لەویوە سەرچاوە ناگرێ ئاستی کۆمەڵایەتیمان چۆنە و سەر بەچ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتین، بەرامبەر بەمەش ئێمە ئەوەندە نیگەران نین لەوەی جلی کۆنمان لەبەر بێت، یان بڵێین ئەمساڵ پارەیەکی کەممان چنگ کەوتووە. ئارەزووی سامانداری نابێت هەموو کات وا لێی بڕوانرێ کە شێوەیەکە لە برسێتی بۆ هەبوونی ژیانێکی خۆش و پڕ لە ڕابواردن، ڕەنگە هۆکاری گرینگتر بۆ ئەم ئارەزووە هەبێت، ئەو ئارەزووەی حەز بکەین کەسانی تر بەهایەکمان بۆ دانێن و ڕێزمان لێ بگرن، ڕەنگە مەبەستی ئێمە لە بەدەستهێنانی پوول و سامان، تەنیا بەڵگەیەک کە هەبێ ئەوەیە دەمانەوێ خەڵکی ڕێزمان لێ بگرن و ببینە جێگەی سەرنج، ڕەنگە بە پێچەوانەوە لەوە بترسین خەڵکی بە چاوی سووک تەماشامان بکەن و ڕێزمان لێ نەگرن. ئەپیکۆر بە دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی ئێمە بۆی دەرکەوت ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێیانی ڕاستەقینەمان دەتوانن ئەشق و ڕێزمان پێشکێش بکەن، ڕەنگە تەنانەت ماڵ و سامانیش نەتوانێ ئەو ڕێز و خۆشەویستییە بێنێتە دی.

### ئازادی

ئەپیکۆر و هاوەڵانی بناژۆیەکی نوێیان داهێنا، بە شێوەیەک ناچار نەبن کار بۆ کەسانێک بکەن کە حەز بە چارەیان ناکەن، بەم ڕێگەیەش ناچار نابن بەوەی هەستن بە ڕازیکردنی حەز و ئارەزووە قێزەونەکانی ئەوان، بۆیە خۆیان لە کاری بازرگانیی ئەسینا وەدوور خست «دەبێ ئێمە خۆمان ڕزگار کەین لە کاروباری ڕۆژانە و سیاسەتی ڕۆژانە»، دەستیان بە شێوە کارێک کرد باشترین

وەسف بۆ ئەو کارە کاری سۆسیالیستییە، تەواو سەربەخۆ بوون، ژیانێکی سادە و ساکاریان گرتە بەر. خاوەنی پارە و پوولی زۆر نەبوون، بەڵام چیی تر ناچار نەبوون پەیڕەوی فەرمانی ئەربابە نەعلەتییەکانیان بن.

بەرامبەر بەمەش، لە نیزیکی ماڵەکەی ئەپیکۆر تۆزێک دوورتر لە دەروازەی ناوچەی دیپلیونی کۆنی، پارچە زەوییەکیان کڕی بۆ وەشاندنی سەوزە و میوە، پێ دەچوو ئەو سەوزانەی لەوێ رواندبێتیان بریتی بوو بێت لە: لەهانە (بلیتۆن)، پیاز (کرۆمیۆن)، درکەزەوییانە (کینارا). سیستەمی خواردنیان نە شاهانە بوو نە موسریفانە، بەڵام بۆندار و بەتام و پڕ هێز بوو، هەروەک ئەپیکۆر بۆ منوسیوسی هاوڕێی روون کردەوە و پێی گوت "(پیاوی عاقڵ) ئەوەی هەڵی دەبژێرێ زۆرترین بڕی خواردن نییە، بگرە بەتامترین خواردنە".

سادە و ساکاری کاری نەدەکردە سەر پلە و پایەی هاوڕێیانی ئەپیکۆر، لەبەرئەوەی ئەوان بەجیاکردنەوەی خۆیان لە بەهاکانی ئەسینا، چیی تر خۆیان هەڵنەدەسەنگاند بە پارە و پوول و ژیانی مادییەوە، شەرمیان نەدەکرد لەوەی ماڵەکانیان چۆڵە، زێڕ و زیویش شتێک نەبوو شانازیی پێوە بکەن. لە نێوان گرووپێک هاوڕێ کە لە دەرەوەی سەنتەری سیاسەت و ئابووریدا دەژیان شتێک نەبوو لە بواری ئابوورییەوە خۆیانی پێ بنوێنن.

**بیرکردنەوە**

ژمارەیەک چارەسەر هەن بۆ دڵەڕاوکێ باشترن لە بیرکردنەوە، ئەو چارەسەرکردنانە بریتیبوون لە نووسینەوەی گرفتەکان لەسەر پەڕاو، یان باسکردنی لە کاتی گفتوگۆدا، بەم کردارەش بوار دروست دەبوو تا تایبەمەندییەکانی ئەو گرفتانە دەرکەون، نە خودی گرفتەکە، تایبەتمەندییە نێوەندییەکانی ئازاردەر دەرکەون وەک گێژی و سەرژانکردن، ئەمبەر و ئەوبەرکردن و سەرسوڕمان.

بیرکردنەوە لە باخچە کارێکی هاندەر بوو ، هەروەک چۆن کۆبوونەوەکانی ئەپیکۆر بەم ناوە ناسرابوو، کۆبوونەوەی باخچە ناوێک بوو لە کۆبوونەوەکانی ئەپیکۆر نرابوو، زۆر لە هاوڕێیانی ئەپیکۆر نووسەر بوون، بەپێی گێڕانەوەی دیوگنیس لایرتیۆس، میترۆدۆریس ئەپیکۆر ١٢ کتێبی نووسیبوو، لەو کتێبانە دەتوانین ئاماژە بەبەرهەمی ونبووی بکەین بەناونیشانی "رێگەی حیکمەت، لەبارەی سستیی تەندروستیی ئەپیکۆر". بێگومان لە هەردوو شوێنی ژوورە هاوبەشەکانی خانووی میلیتە و باخچەی سەوزەکەیان بوار هەبووە بۆ ئەوەی بەردەوام گفتوگۆ بکەن لەگەڵ کەسانێکی نەک تەنیا هۆشمەند بگرە بەهەمان ئەندازە دڵسۆزیش.

بێگومان ئەپیکۆر ئەو حەزەی هەبوو کە خۆی و هاوەڵەکانی لەسەر ئەوە ڕابهێنێ گرفتەکان و نیگەرانییەکانیان لەبارەی پارە، نەخۆشی، مەرگ و مەسەلەکانی سوپەرناتیوراڵ شی بکەنەوە. ئەگەر کەسێک بەشێوەیەکی عەقڵانی بیر لە لەناوچوون بکاتەوە، بەبڕوای ئەپیکۆر، ئەو کەسە بۆی

دەردەکەوێ پاش مـەرگ غەیری لە بیـرچوونەوە و فەرامـۆشی هیـچی تر بوونـی نییـە و ((بێـهـوودەیە گەر پێشـتر نیگەرانیی شتێک بین و ئەو شتـەی کە دێتە پێشـەوە هیچ گرفتێ دروست نەکات.)). بێ مانایە پێشتر لە شتێک بترسین کە هـەرگیز تاقیمان نەکربێتەوە:

کەسێک تێ گەیشـتبێ کە لە دەرەوەی ژیان هیچ شـتێکی ترسناک نییـە، ئەوە لە ژیانیـشدا تێ دەگا کە هیچ شتێکی بێزارکەر نییە.

شـیکردنەوەی جیـدی، بیـر بەرەو سـەقـامگیـری دەبـا، ئەمـەش بواری خـۆش کرد بۆ هـاوڕێکانی ئەپیکۆر تا بەچاوێکی خێرا بڕواننە ئەو گرفتانەی لە دەرەوە لـەلایەن گەمژەکانی باخچەوە سـەرنجی ئەمانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و ئازاریانی دەدا.

***

ئەڵبەتە ڕاست نییە گەر بگوترێ ماڵ و سـامان خەڵکی خۆشـحاڵ ناکا. بەڵام بناغـەی بۆچوونەکانی ئەپیکۆرس ئەمـەیە کە دەڵێ: ئەگـەر پارە و سـامـانمـان زۆر بوو، بەڵام خـاوەنی هاوڕێ و ئازادی و ژیانی پڕ شیـکردنەوە نەبووین، ئەو کاتە شـادمانیمـان بە نسیب نابێت، بەڵام ئەگەر هـاتوو ئەو سێ نیعمەتەمان هـەبوو بەڵام پارەمان نەبوو، ئەوە هـەرگیز بەدبەخت نابین.

بۆ چـەختـکردنە سـەر ئەوەی چ شـتێک پێویسـتـە بۆ ئەوەی ژیانت خـۆش بێت و چ شـتێک توانای بەئەنجام گەیاندنی شـادمانیی هەیە، ئەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەم بۆچوونە کە دەڵێت گەر هـاتوو لە ئەنجـامی نەبوونی دادپەروەریی کـۆمـەڵایەتی و بـەرەڵاییی ئابووری تاک نـەبووە خـاوەنی خـۆشـی و شـادمانی و پارە و سـامـان، ئەوە تاک تووشی پەشـیـمـانییـەکی مەزن دەبێت و واز لە خۆشـییـەکان دەهێنێ، ئەپیکۆر پێویستییەکانمان بۆ سێ چەمک دابەش دەکا:

لەبارەی حەزەکانەوە، هـەندێکیان سـروشتین و هـەندێکیان پێویسـتن، هـەندێکیان سـروشتین بـەڵام پێویست نین، هـەندێکی تریان ناسروشتی و ناپێویست.

شتە پێویست و ناپێویستەکانی شادمانی چین:

| سروشتی و پێویست | سروشتی و ناپێویست | ناسروشتی و ناپێویست |
|---|---|---|
| هـاوڕێ | ماڵی گەورە | شوهرەت |
| ئازادی | گەرماوی تایبەتی | هێـــز |
| بیرکردنەوە (لەبارەی | | |
| هۆی سەرەکیی دڵەڕاوکێ: | خزمەتکار | |
| مەرگ، نەخۆشی، هەژاری، | ماسی و گۆشت | |
| جادووگەری). | | |
| خواردن، ماڵ، پۆشاک | | |

بۆ کەسانێک توانای پەیداکردنی پارەیان نییە یان لە بێ پارەیی دەترسن، زۆر گرینگە بەشێوەیەکی یەکلاییکەرەوە بزانن بەپێی ئەو سێ دابەشکردنەی ئەپیکۆر شادمانی پێوەستە بەهەندێ باری دەروونناسی ئاڵۆز، پارە و پوول هەندێ جار دەوری نامێنێ لە دابینکردنی شادمانی، جگە لەوەی مرۆڤ هەندێ جار تۆزێ پارەی پێویستە بۆ کڕینی جلوبەرگی گەرموگوڕ و هەندێ خۆراک و شوێنێک بۆ ژیان کۆمەڵێک شتی سەرەتایی کە بۆ بیرکردنەوەی کەسانێک نەخشە کێشراوە ئەوانەی شادمانیی هاوبەرامبەر دەکەن بە سەرکەوتنە گەورەکانی دارایی و سەرنەکەوتنیش دادەنێن بە شێوەیەک لە دەسکەوتی هیچ و پووچ.

بۆ وێنەکێشانی پێوەندیی نێوان پارە و شادمانی لەسەر ڕووی هێڵی بەیانی دەکرێ بگوترێ بە پارە و دەرامەتی کەم دەکرێ شادمانی دەستەبەر بکرێ، بەڵام مەرج نییە بەبوونی پارە و دەرامەتی زیاتر شادمانی زیاد بکا. پارەی زۆر بێبەشمان ناکا لە شادمانی، بەڵام بەپێی پێداگرتنی ئەپیکۆر، لە حاڵەتی بوونی پارەی زۆر ئاستی شادمانیمان بەرزتر نابێت لە ئاستی شادمانیی کەسێکی کەمدەرامەت.

پێوەندی نێوان شادمانی و ڕێژەی خەرجکردنی پارە
بۆ کەسێک هاوڕێ و ئازادی هەبێت




ئەم شیکردنەوەیە وابەستەیە بە تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی شادمانییەوە. بەبڕوای ئەپیکۆر گەر ئازارێکی هەمیشەییمان نەبێ شادمانین، لەبەرئەوەی لە حاڵەتی نەبوونی خۆراک و پۆشاک ئازار دەچێژین بەدەستی دەردەوە، دەبێ بۆ کڕینی خۆراک وپۆشاک پارەی تەواومان هەبێ، بەڵام بەکارهێنانی وشەی ئازار بۆ ئەم حاڵەتە زیادەڕۆییە گەر ناچار بین لە جیاتیی پۆشاکی کشمیر، پۆشاکی ئاسایی بپۆشین، یان لە جیاتیی خواردنی سەدەفی دەریایی، سەندەویچ بخۆین، کەواتە بەڵگەکە ئەمەیە:

کاتێ ئەو ئازارەی لە حەز و نیازەوە دێت لایبەین، هەردووکیان یەک چێژیان دەبێت مێزی ڕازاوە

و قابێکی سادە.

بۆیە گەر هاتوو ئێمە بەردەوام ئەو خواردنەمان خوارد کە کەوتووەتە لای ڕاستی ئەم وێنەوە یان ئەوەی لای چەپ ، ناکرێ ببنە دەستنیشانکەری هۆکاری ڕۆحیمان.





لەمەڕ خواردنی گۆشت، خواردنی گۆشت نە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پەستنەوە خۆڕسکییەکانمان کەم بکاتەوە و نە ئەو حەز و ئارەزووانەی کە تێریان نەکەین دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئازار... ئەم کارەش یارمەتی بە بەردەوامبوونی ژیان نادا بگرە یارمەتیی جۆراوجۆربوونی چێژ دەدا.. بۆ نموونە نۆشینی شەرابی سەیروسەمەرە، کە سروشتی ئێمە بەو جۆرەیە بەبێ تەواوی ئەوانە مرۆڤ دەتوانێ بژی.

ڕەنگە کارێکی وروژێنەر بێت، کاتێ بەکەم تەماشاکردنی ژیانی پڕ ناز و نیعمەت بدەینە پاڵ جۆرە شمەکێک کە ئەو کاتە لە نێو سیستەمی ئابووریی گریکەگانی هێلینی لە بەردەستی دەوڵەمەندەکانی ئەو کاتە بووە و بۆ چینی سامانداران مەیسەر بووە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێستەش دەتوانرێ هەر لەبەر هەمان ئەو هۆیەی سەرەوە ئاماژە بە ناهاوسەنگی بکرێ لە ڕێژەی بەهای شادمانی لەگەڵ کاڵاکانی سەردەمی داهاتوودا.

پێوەندی نێوان شادمانی و ڕێژەی خەرجکردنی پارە
بۆ کەسێک هاوڕێ و ئازادی نەبێت




ڕێژەی خەرجکردنی پارە

بەبێ هاوڕێ ناتوانین هەست بە کەیفخۆشی بکەین چ لە نێو ئەو ئۆتۆمۆبێلەی لای دەستی چەپ، یان لە کۆشکێکی گەورە بژین و ئازاد نەبین یان لەژێر لێفەیەکی حەریردا بنووین بەڵام چون ئەوەندە مێشکمان سەرقاڵی گرفتە، مەشغەڵەت و بیرکردنەوە ناهێڵی بنوویت و شادمانیش نابیت. تا ئەو کاتەی حەزە نامادییەکان بەدی نەهێنی ئەوە هێڵی بەیانی سەر هێڵکارییەکە کە بەشادمانی دەستنیشان کراوە، هەر بەرەو خوار دەکشێ و بەرز نابێتەوە.

بۆ ئەوەی دوور کەوینەوە لە بەدەستهێنانی ئەو شتەی پێویستمان پێی نییە، یان پەنجەگەستن بۆ شتێک توانای بەدەستهێنانیمان نییە، دەبێ ئەو کاتەی کە حەزمان لە شتێکی گرانە، وردبینانە لە خۆمان بپرسین ئاخۆ بەڕاستی ئەمە کارێکی ڕاستە یان هەڵەیە. دەبێ کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی فیکری بەئەنجام بگەیەنین بۆ زانینی پلەی شیمانەییی شادمانیمان. لەم تاقیکردنەوانەدا خۆمان لە زەمەنێکدا مەزەندە دەکەین کە حەز و ئارەزووەکانمان تێیدا دێتە دی:

دەبێ ئەم میتۆدە لەبارەی تەواوی نیازەکان بەکار بهێنرێ: ئەگەر ئەوەی لە دڵەوە دەمانەوێ بێتە دی، چی ڕوو دەدا؟ ئەگەر بەدی نەهات چی ڕوو دەدا؟

ئەگەرچی هیچ شێوەیەک لەم شێوە میتۆدانە بوونیان نییە، بۆ ئەوەی هەشبن دەبێ پێنج قۆناغ هەبێ ئەگەر هاتوو ئەو پێنج قۆناغەمان لەسەر زمانی کتێبی ڕێنوێنیی چێشت لێنان جێبەجێ کرد، ئەوە کارێکی خراپمان نەکردووە:

١- پرۆژەیەک بۆ خۆت دەستنیشان بکە کە شادمانت دەکا.

بۆ ئەوەی سەیرانەکەم لە ڕۆژی پشوودا پڕ بێ لە کەیف و سەفا، دەبێ لە ڤێلایەک بژیم.

٢- وا بزانە بوونی ئەو ڤێلایە شادمانت ناکا باشتر وایە، بگەڕێی بەدووی شتێکی تر بۆ لینکێکی گریمانی تر لە نێوان ئەو پرۆژەیەی مەبەستە و لە نێوان شادمانیدا، ئاخۆ دەکرێ ئەوەی کە داوای دەکەی بەدەستی بێنیت، بەڵام شادمان نەبی؟ یان دەکرێ شادمان بیت، بەڵام خاوەنی ئەو شتە نەبی کە دەتەوێ بەدەستی بێنی؟

ئاخۆ دەکرێ من پارە خەرج بکەم و ڤیلایەک بکرم، بەڵام شادمان نەبم؟ یان دەشکرێ ڕۆژانی پشوو شادمان بم، بەڵام بە ئەندازەی کرینی ڤیلاکە پارە خەرج نەکەم؟

٣- ئەگەر شتێک جیاواز لەوەی سەرەوە پەیدا بێت، ڕەنگە ئەوەی کە مەبەستە هەتبێ بەڵگەیەکی پێویست و بەس بێت بۆ شادمانی.

ئاخۆ شیمانەی ئەوە هەیە لەنێو ڤیلاکە بم کە مەبەستمە بەڵام ساتەکانم زۆر ناخۆش بن، بۆ نموونە لە پڕ هەستم کرد بێ هاوڕێم و دا براوم.

ئاخۆ شیمانەی ئەوە هەیە لە ڕەشماڵێکدا شادمان بم، بۆ نموونە، لەوێدا لەگەڵ کەسێک گوزەران دەکەم کە خۆشم دەوێ و ئەویش بەنرخەوە تەماشام دەکا.

٤- بۆ ئەوەی بە ڕاستی و دروستی لەبارەی پەیداکردنی شادی بیر بکەینەوە، دەبێ قۆناغی

یەکەم بەجۆرێک بگۆڕین کە شتێکی جیاییی تێدا بێت.

بوونی شادمانیی من لە ڤیلایەکی گران لەسەر ئەوە وەستاوە لەوێ لەگەڵ کێدا دەژیم، گەر لەو ڤیلایە لەگەڵ کەسێکدا بم خۆشم بوێ و ئەویش بەنرخەوە تەماشام بکا ئەو کاتە شادمانیم مسۆگەرە.

دەتوانم بێ خەرجکردنی پارە و پوول بۆ کڕینی ڤیلاش شادمان بم، تا ئەو کاتەی لەگەڵ یەکێکدام کە خۆشم دەوێ و ئەویش بەنرخەوە تەماشام دەکا.

٥- ویستی ڕاستەقینە وا پێ دەچێ ئێستا زۆر جیاوازە لەگەڵ ویستە نادیارەکانی سەرەتای شادمانی، زیاتر پێوەستە بەبوونی هاوڕێیەکی هاودڵ تا ڤیلایەکی ڕازاوە.



دەستکەوتی زۆرترین سامان، نابێتە هۆی لابردنی تەشویشی ڕۆح و هەروەها ناشبێتە هۆی شادییەکی نایاب.

٥

ئەگەر شتە گرانەکان ناتوانن ئەوەندە دڵخۆشمان بکەن، ئیتر بۆچی دەستبەرداریان نابین؟ ئەمەش ڕێک وەک ئەو هەڵەیە وایە کە کەسێکی تووشبوو بەدەردی ژانی نیوە سەر دێت و بە درێلێک کونێک دەکاتە سەری خۆیەوە، ڕەنگە وا هەست بکرێ شتە گرانبەهاکان چارەسەرێکی ماقووڵن بۆ داواکانمان، ئەو داوایانەی لێیان تێ ناگەین. شتەکان ئەوانەی ڕەهەندی مادییان هەیە شتێک بەدەست دێنن کە ئێمە دەمانەوێ لە ڕەهەندی دەروونناسیدا بەدەستی بێنین، دەبێ دووبارە بیرمان ڕێک بخەینەوە، بەڵام تووشی داماوییەکی تر دەبین. پۆشاکێک دەکڕین لە قوماشی کشمیر لە جیاتیی ئەوەی دۆستێک و هاوڕێیەکی باش پەیدا بکەین.

ئەو ئاژاوەیی و ناڕێکوپێکییەی لە مێشکماندایە خەتای خۆمان نییە. خەتای تێگەیشتنە ناڕاستەکانمانە لەبارەی داواکانمانەوە، یان بەپێی وتەی ئەپیکۆر "باوەڕە پەککەوتەکان" کەسانی دەوروبەرمان خراپتر دەکەن، ئەو باوەڕانەش ڕەنگدانەوەیەکی هەرەمییان نییە لەسەر داواکانمان،

بگرە تەنیا جەخت دەکەنەوە سەر سامان و خۆشگوزەرانی و زۆر بە کەمی جەخت دەکەنە سەر هاوڕێیەتی و ئازادی و بیر. هەر لەخۆوە نییە کە هەندێ باوەڕی پەککەوتە بازاڕیان گەرمە، ئەمە بەسوودی کۆمپانیا بازرگانییەکان دەگەڕێتەوە، ئەم باوەڕانە هەرەمی داواکانی ئێمە تووشی سەرلێشێواوی دەکا، تا بازارگەرمی بۆ ئەو بۆچوونانە بکەن کە بۆچوونی مادین لەبارەی چاکەوە، هەروەها ئەو چاکانەش کە بازاڕیان نییە بە کەمی نیشان بدرێن.

کەی ڕێگەمان لێ ون دەبێت؟ ئەو کاتەی کە بووین بە دۆست و هاونشینی هەڵخەڵەتێنەرانەی شتە ناپێویستەکان و فەرامۆشکردنی داواکانی خۆمان.

ڕەنگە دواجار ئۆتۆمۆبێلێکی جێب بکڕین بەڵام بە بڕوای ئەپیکۆر ئامانجمان بەدەستهێنانی ئازادی بوو.

ڕەنگە خواردنێک بۆ کردنەوەی لەزەت بکڕین بە بڕوای ئەپیکۆر ئامانجمان پەیداکردنی هاوڕێیەک بوو.

ڕەنگە شامپۆ و کرێم و پێویستییەکانی خۆشوشتن بکڕین، بەڵام بە بڕوای ئەپیکۆ ئامانجمان دەستەبەرکردنی بیرکردنەوەیەکە کە ئارامیمان بۆ دەستەبەر دەکا.

بۆ ئەوەی وێنە سەرنجڕاکێشە قەشەنگەکان کێشمان نەکەن بۆ لای خۆیان، ئەپیکۆرەکان بە گرینگییەوە ڕوانیویانەتە پڕوپاگەندەکان.

نێزیکەی ساڵی ١٢٠ پاش لەدایکبوونی مەسیح، لە بازاڕی مەرکەزی ئۆینادۆ، شارێک دانیشتوانی ١٠ هەزار کەس بوون، کەوتبووە باشووری ڕۆئاوای ئاسیای بچووک، دیوارێکی بەردینی دوور و درێژ بە درێژاییی ٨٠ مەتر نێزیکەی ٤ مەتر بەرز دروست کرا، لەسەر ئەو بەردە هەموو وتەکانی ئەپیکۆریان نووسیوە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کڕیاران:

خواردن و خواردنەوە و جوانی ڕازاوە، بە هیچ شێوەیەک نابنە هۆی لەشساغی و لەشیش ناپارێزن لەوەی تووشی نەخۆشی نەبێ.

دەبێ زۆر سروشتییانە بڕوانینە بێهوودەیی سامان و سەروەت، وەک ئاوێک لێی بڕوانین کاتێ لەنێو پیاڵەیەکدا ئەوەندە پڕ دەبێ لێی دەڕژێ.

بەهای ڕاستەقینە لە ڕێگەی شانۆ و گەرما و بۆن و بەرامەکانەوە نایەتە دی، بگرە لە ڕێگەی زانستی سروشتییەوە دێتە دی.

پارەی بنیاتنانی ئەو دیوارە یەکێک لە دانیشتوانی دەوڵەمەندی ئینواندا خستبوویە سەر شانی خۆی ئەو کەسە ناوی "دیوگنیس" بوو ئەو دیوارە ٤٠٠ ساڵ پاش کردنەوەی باخی ئەسینا لەلایەن ئەپیکۆر و هاوڕێکانییەوە دروست کرا، دیوگنیس دەیویست سیمبۆلەکانی شادمانی کە لە فەلسەفەی ئەپیکۆردا هەبوون ئاشکرا بکا، بیانخاتە بەردەستی هاووڵاتییانی شارەکەی، خۆشی لە گۆشەیەکی ئەو دیوارەدا نووسیبووی:

من ئێستە لە بەردەم ئاوابوونی ژیاندام و ئەو ئاوابوونە لە بەردەوامیدایە (بوونەوەر کاتێک لە ڕیزی پیراندا بێت هەردەم لە قەراخی بەجێهێشتنی جیهاندایە) پێش ئەوەی سرووودێک بۆ ستایشی ئەپیکۆر نەڵێم ناشمەوێ جیهان بەجێ بهێڵم ، بۆ ئەمەکداریی ئەو شادمانی و چێژەی وانەکانی ئەپیکۆر پێی بەخشیوم، ئێستە دەمەوێ یارمەتیی کەسانێک بدەم کە حاڵی حازر لەشساغن. گەر لەم زەمەنەدا کەسێک یان دووان یان سیان یان چوار یان پێنج یان شەش ڕۆژگارێکی خراپ بژین، دەبێ لەگەڵ یەک بەیەکی ئەو کەسانە بدوێم.. بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی بەدەست نەخۆشیی هاوبەشەوە دەناڵێنن، دەڵێی ڕشانەوەیە و هەمووانی گرتووەتەوە و ، لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو کەسانە ڕوو لە زیادبوونە، ئەوان ئاگاییەکی خراپیان بەرامبەر بە شتەکان هەیە ( بەهۆی چاوپێکەوتن و یەکتر بینین، وەک مەڕ نەخۆشی بۆ یەکتری دەگوێزنەوە) .. ویستم لە گۆشەی ئەم دیوارەوە بۆ هەمووان چارەسەرێکی دەرمانسازی گشتی ڕاگەیەنم تا لەشساغی بەدیاری بۆ هەمووان بێنێ.

لەسەر ئەو دیوارە بەردینە مەزنە ٢٥٠٠٠ وشە تۆمار کراوە و تەواوی لایەنەکانی بیروباوەڕی ئەپیکۆری تێدایە، لە ڕووی جەختکردنە سەر گرینگیدان بە دۆستایەتی و شیکردنەوەی ناکۆکییەکان، بە وردی هۆشداریی دابووە هاوولاتییانی ئینواندا کە بەردەوام لە کۆگەکانی ئەو شارەدا بازاڕیان دەکرد، هۆشداریی دابووە ئەوان دڵخۆش نەبن بەوەی ئەم کارە شادمانیان بکا.



ئەگەر ئێمە بوونەوەرێک نەبووینایە بە ئاسانی بکەوینە ژێر کاریگەرییەوە، پڕوپاگەندە ئەوەندە کاریگەری نەدەبوو. کاتێک پڕوپاگەندەی زۆر بەسەر دیوارەکانەوە دەبینم، پێوەندییەک لەگەڵ ئەو شمەکانە پەیدا دەکەم کە پڕوپاگەندەیان بۆ کراوە، کاتێ کە هیچ لەبارەی ئەو شمەکانەوە ناگوترێ و هیچ پێدا هەڵدانێکی بۆ ناکەن، ئەو کاتە هیچ پێوەندییەک لەگەڵ ئەو کالایانە دروست نابێت و لە

دەستی دەدەین. لوکرتیوسی بەم کارە بێ تاقەت بوو، بەوەی کە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە (لە ڕێگەی بیستنەوە هەڵی دەبژێرین نەک لە ڕێگەی هەستەکانی خۆمانەوە).

بەداخەوە وێنەی سەرنجڕاکێشەری شمەکی ناپێویستی جوانکاری و پاشکۆکانی ئەو شمەکانە پڕوپاگەندەیەکی باشیان بۆ دەکرێ، هیچ نەبێت بۆ شوێن و کەسانی ئاسایی، ئەمەش وا دەکا خۆشییە ئاساییەکان ئەوەندە نەبنە جێگەی سەرنجمان وەک خۆشییەکانی گەمەکردن لەگەڵ منداڵان، قسەکردن لەگەڵ هاوڕێیەکت، پاش نیوەڕۆیەک لەژێر خۆرەتاو ڕابکشێی، ماڵ پاک بکەیتەوە، پەنیرێکی نەرم بە نانێکی گەرمەوە بخۆی. "ئەمە وتەیەکی ئەپیکۆرە" (گۆزەیەک پەنیرم بۆ بنێرە بۆ ئەوەی هەر کاتێک حەزم لێ بوو، میواندارییەک بۆ خۆم بەرپا دەکەم).

هونەر دەتوانێ یارمەتیدەر بێت لە چاککردنەوەی ئەم لایەنگیرییە، لوکریتوس هێزی بەخشییە بەرگریی هۆشمەندانەی ئەپیکۆر و لە سادەییەوە بەهێزی کرد تا یارمەتیمان بدا، لەبەرئەوەی ئەو شیعرە لاتینیە مەزنە یارمەتیی داین لە شتە هەرزانەکانەوە خۆشیمان دەست بکەوێ:

دەزانین پێویستییە سروشتییەکانی لەشمان

دیاری کراون، بە هەمان ئەندازە بۆ دوورخستنەوەی دەرد و

زیادکردنی چێژەکان بۆ ئێمە پێویستن. سروشت شتێکی لەمە خۆشتری ناوێ

شکایەت ناکا گەر لە گۆشە و کەناری ماڵی غولامان مەشخەڵ بەدەستێک دەرنەکەوێ

بۆ ڕووناکی بەخشین بە میوانە درەنگ وەختەکان. قیمەتی چییە گەر تەلار درەخشانەوەی

زیو نەبێ و شەوقی ئاڵتوون و دەنگی عوود لە کوڵەکە هەڵکۆڵراو و زێڕکارییەکانییەوە نەبیسترێ؟

سروشت بیری ئەم شتە جوان و ڕازاوانە دەکا و قینی لە توندوتیژییە، کاتێ کە خەڵکی پێکەوە بتوانن لەسەر چیمەنێکی نەرم و لەسەر کەناری ڕووبارێکی ڕوون و لەژێر لقی درەختی بڵندا ڕاکشێن و بە دەرامەتێکی زۆر کەم خۆشی ببەخشنە جەستەی خۆیان. ئەگەر کەشوهەوا پێیان پێ بکەنێ و کەژی ساڵیش گەڵا سەوزەکان بە گوڵ بنەخشێنێ بارودۆخەکە باشتر دەبێت.

سەختە کاریگەری چالاکییە بازرگانییەکانی جیهانی گریکرۆم بەراورد بکەیت بە شیعرەکانی لۆکریتیۆس. بەهەرحاڵ گرانە بزانین ئاخۆ نووسراوەکانی سەر ئەو بەردەی شاری ئۆیناندۆ کڕیارەکانی تێ گەیاند کە چییان دەوێ، ئاخۆ وازیان لە کڕینی شتە ناپێویستەکان هێنا یان نەخێر؟ بێگومان پڕوپاگەندەی تێروتەسەلی وەک ئەوەی ئەپیکۆر دەکرێ ببێتە هۆی خێراکردنی هەرەسهێنانی ئابووریی جیهان. بە بڕوای ئەپیکۆر کار و کاسبییەکان زۆربەیان داوا ناپێویستەکانی خەڵکانێک دەجووڵێنێ کە توانای ئەوەیان نییە هەست بە داوا واقیعییەکانی خۆیان بکەن، دەکرێ بەهۆشمەندانە و هەستێکی زیاتر ئاستی فرۆشتن بە پلەیەکی زۆر مەزن تێک بدرێ. ئەپیکۆر لەم بارەیە هیچ دوودڵییەکی نەبوو:

کاتێک ژیان لەسەر بناغەی ئامانجی سروشتی هەڵسەنگێنین، هەژاری سامانێکی گەورەیە، سامانی بێ سنووریش، هەژارییەکی مەزنە.

ئەم نووسینە بەرەو هەڵبژاردنێکمان دەبا: لەلایەک هەڵبژاردن لە نێوان کۆمەڵگەیەک کە بزوێنەری داوا ناپێویستەکانن و لە ئەنجامیشدا ئەو کۆمەڵگەیە لە ڕووی ئابوورییەوە توانایەکی بێ وێنە بەدەست دێنێ، یان کۆمەڵگەیەک کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگەی ئەپیکۆری کە پێویستییە مادییە زەروورییەکان دەستەبەر دەکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێ ستانداردی ژیان لە ئاستی بژێوی زیاتر بەرەو سەرەوە ببا، ئەو کاتە لە کۆمەڵگەی ئەپیکۆری هیچ بنیاتێکی مەزن و هیچ پێشکەوتنێکی تەکنەلۆجی دروست نابێت و بازرگانی لەگەڵ وڵاتە دوورەکان ئەوەندە هاندەر نابێ. لە کۆمەڵگەیەک کە داواکانی مرۆڤ سنووردارە، سەرچاوەکانیش سنووردار دەبن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەر دەمانەوێ هەڵگری بڕوای فەیلەسووف ئەپیکۆر بین ئەوە ئەم شێوە کۆمەڵگەیە لە ڕووی خراپ و باشی کۆمەڵگەیەکی خراپ نییە، لوکرتیوس زۆر بەوردی ئەم هەڵبژاردنەی ڕاگەیاند. باسی لەو جیهانە کرد کە بەبێ بەهای ئەپیکۆری ژیان بەسەر دەبەن:

ڕەگەزی مرۆڤ بەردەوام قوربانیی دەستی ئازارێکی زۆرە، ئازاری بێ ئامانج و بێ بەر، ئەو ئازارەی ژیانێکی ناکۆک دروست دەکا، ئەمەش بەهۆی ناتەواوی لە بەدەستهێنانی خۆشیی ڕاستەقینە و بێ توانایی لە هەستکردن بە گرفتەکانی سامان بە شێوەیەکی بێ سنوور.

بەڵام لە هەمان کاتدا:

هەر هەمان ئەو دڵتەنگییە هەموو کات ژیانی بەرەو پێشەوە بردووە، بەرەو ڕووی دەریای پانوپۆڕ...

دەتوانین مەزندەی وەڵامەکەی ئەپیکۆر بکەین، هەرچەندە ڕۆیشتنمان بەرەو دەریای پانوپۆڕ سەرنجڕاکێش بێت، دیسانەوە یەکەمین ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکان و ئیمتیازەکانی ئەوان چێژێکە کە دەیدۆزنەوە:

روو دەکەینە چێژ، وەک پێوانەیەک بۆ خود، تا بتوانین دادوەری لەبارەی هەموو چاکەکانەوە بکەین.

پێ ناچێت زیادبوونی ماڵ و موڵکی کۆمەڵگە زامنکەری زیادکردنی شادمانی بێت، ئەپیکۆر دەیگوت ئەو داوایانەی کە بە شتی گران بەدەست دێن، مەرج نییە ئەو شتانە بن کە شادمانیمان بۆ دەستەبەر دەکەن.

٦

شادمانی، لیستێک لە پێویستییە داراییەکان

* ماڵێک

*



* دوورکەوتنەوە لە بەرپرسەکان، گەورەپەرستی، گرفتی ناوەخۆ و ڕکەبەرایەتی



* بیرکردنەوە

* لاسـاییکردنەوەی کـەسـایەتی "مـادۆنای جـیـۆڤـانی بیلـیـنی" (لە گـەلەری دیلا ئەکـادیمیـا لە ڤینیسیـا)، ڕوخسـاری خـەمـاوی و تازیەبارییـەکەی هەسـتی گاڵتـەجاڕی و خـۆشـڕوویی ئەو دەشارێتەوە، ئەو کەسێک بوو جلەکانی لە خوریی کارگەکان دروست کرابوون و ئەو جلانەی لە هەرزانترین زنجیرە فرۆشگەکانی مۆدە دەیکڕین.

ڕەنگە بەدەستهێنانی خۆشی ئاسان نەبێت، بەڵام ڕێگرەکانی خۆشی ڕێگری دارایی نین.

سەرچاوە:

Alain De Botton The Consolations Of Philosophy Penguin 2000

# پێویستییەکانی داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی

حەمید زەنگەنە

دەتوانین بڵێین ستراتیجی، هونەر و زانستی کەڵک وەرگرتن و پەرەپێدانی هێزە سیاسی، ئابووری، دەروونی و سەربازییەکانە لە کاتی شەڕ و ئاشتی تا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی شیمانەی سەرکەوتن و کەمکردنەوەی شیمانەی شکست، لەو سیاسەتانەی گیراونەتە بەر ئەوپەڕی پشتیوانی بەڕێوە بچێ.

تۆماس هۆبز لە کتێبی "لویاتان" نووسیویەتی:

"هیچ کەس ناتوانێ وێنەیەک لە داهاتووی ئەندێشەی خۆی هەبێ، چونکە ئەمڕۆ، هێشتا داهاتوو نییە. لە هەمان کاتدا ئێمە لە وێنە و خوێندنەوەکانی ڕابردووی خۆمان داهاتوویەک پەروەردە دەکەین."

مەبەستی هۆبز لەم نووسراوەیە، دوو بابەتە: یەکەم ئەوەی کە ڕابردوو تەنیا زەوینەیەکە بۆ پێشبینیی داهاتوو. بابەتی هەستیاریی دووەم ئەمەیە کە ژیانی کۆمەلایەتی بەپێی بیرکرنەوە و خوێندنەوەی مرۆڤەکان دروست دەبێ. لە هەردوو حاڵەتدا، هۆبز ڕاست دەکا. چونکە ئێمە توانای پێشبینیکردنمان نییە و تەنیا ئامرازی ئێمە بۆ باسکردن سەبارەت بە داهاتوو، نموونە دووبارەبووەکان و هەواڵ و ئاماژە مێژووییەکانە لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە. ئەمەش ڕاستە کە داهاتوو تەنیا شێوازی توێژینەوەکان سەبارەت بەو دیاری دەکا، چونکە زۆرتر لەسەر بنەمای پێشبینییەکانی خۆمان، بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکەین کە کەرەستەکانی دەستەبەرکردنی فەراهەم دەبێ.(١)

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر.

دەتوانین بڵێین داهاتووەکان زۆرن، بەڵام زۆربەی خاوەنڕایان لە توێژینەوەکانیاندا سەبارەت بەداهاتوو پێیان وایە سیاسەت دەتوانێ کاریگەریی لەسەر داهاتوو دابنێ. بەڵگەکانی ئەوان ئەمەیە کە چالاکبوون یان چالاکنەبوونی تاکەکان کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر داهاتوو دادەنێ. لەوەی کە ئێمە خاوەنی مافی هەڵبژاردنی جۆراوجۆرین، داهاتووی زۆریش لە ئارادایە کە ڕوودانیان بەستراوەتەوە بەوەی کە کەسانی تر بەڕێوەی دەبەن.[٢]

ئەمەش ڕاستە کە پێشبینییەکان ناتەواون، زۆر دژوارە ئەوەی کە هێشتا ڕووی نەداوە لە پێشبینی بۆ داهاتوو لەبەرچاوی بگرین. بەهۆی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە لە نادروستبوون و ناتەواوبوونی دێنە پێشێ، تەواوی ئەو پرۆگرامانەی کە پشت بە پێشبینی دەبەستێ دەکەوێتە بەر مەترسیی هەڵەبوونەوە. ئەو گرووپە لە پێشبینییەکانی پێوەندیدار بە داهاتوو کە لەسەر بنەمای ڕەوتەکانی ئەمڕۆن، ڕەنگە ببێتە هۆی بەلاڕێدا بردن. بەڵام پرۆگرامی ستراتیجی بۆ داهاتوو ئەگەر تۆکمە بێ، بەوەرگرتنی زانیاریی نوێ، پێداچوونەوە بە پێشبینییەکاندا دەکرێ و ئەو پرۆگرامانەی کە لەسەر بنەمای ئەو پێشبینییانە داڕێژرا بوو خوێندنەوەی دووبارەی بۆ دەکرێ و لە ئاکامدا بەردەوام ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی داهاتوو پێک دێ.

هەروەک دەزانین لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، وڵاتان لە ڕووی پێداویستی و توانای مادی و مەعنەوی لە یەک ئاستدا نین، بەرژەوەندیی دەوڵەتان هێندێک جار جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە و ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرژی و ناکۆکی لە نێوانیاندا. بەم پێیە، پلاندانان و هەوڵدانی بەردەوام بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و یان پەرەپێدانی پانتاییەکەی، یەکێک لە گرینگترین ئەولەوییەتی وڵاتەکانە. لەبەر ئەمەیە کە زۆربەی وڵاتان ڕوو لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. لەم نووسراوەیەدا هەوڵ دراوە تێبینی و پێویستییەکانی داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی تاوتوێ بکرێ. پێش هەموو شتێک پێویستە چەمکی ستراتیجی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی شرۆڤە بکرێ.

## چەمکی ستراتیجی

دەتوانین بڵێین ستراتیجی، هونەر و زانستی کەڵک وەرگرتن و پەرەپێدانی هێزە سیاسی، ئابووری، دەروونی و سەربازییەکانە لە کاتی شەڕ و ئاشتی تا بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی شیمانەی سەرکەوتن و کەمکردنەوەی شیمانەی شکست، لەو سیاسەتانەی گیراونەتە بەر ئەوپەڕی پشتیوانی بەڕێوە بچێ.[٣] ستراتیجی ئەگەر "تەکنیکی بەڕێوەبەری و ڕێنوێنیی هەموو سەرچاوەکانی کۆمەڵگە بەمەبەستی دەستەبەرکردن و گەیشتن بەئامانجێکی دیار کراوە" یان ئەگەر "پرۆگرامێکە کە سیستەم بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو پێداویستییەکانی خۆی دەیەوێ بە ئامانجە گرینگەکان بگا" یان هەر پێناسەیەکی تری هەبێ، نیشانەی پرۆگرام و گەڵاڵەیەکی ڕوون و دیاریکراوە بۆ

گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو. بەواتایەکی تر ستراتیجی لە سێ توخمی ئامانجەکان، ڕێگەکان و ئامرازەکان پێک دێ.

گرینگیی بوونی ستراتیجی لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئامرازە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی نەتەوەیەک سەرەڕای جیاوازیی بەکارهێنانیان، پێویستە بەگشتی لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو و هاوبەشی سیاسیدا کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەرکی ستراتیجی، دۆزینەوەی باشترین ڕێگەیە کە ئەم هەمووە لە خاڵێکدا بەیەک بگەیەنێ. بەشێوەی سروشتی نەتەوەیەک سەرچاوەکانی خۆی بەپێی ستراتیجییە چەند لایەنەکان دادەڕێژێ.

بەڵام ڕەنگە یەکەمین کێشەی گەورە لە ڕێڕەوی داڕشتنی ستراتیجی، سەرکەوتن لە چۆنیەتیی پێناسەی ئاستی ستراتیجی بێ. ئەگەر پێناسەی ئێمە لە ئاستێکی بەرزدا گەڵاڵە بکرێ، سەرچاوەکانی ئێمە توانای وەڵامدانەوەیان نییە و ئەگەر پێناسەکە لە ئاستێکی نزمدا گەڵاڵە بکرێ، ڕەنگە هاووڵاتییان متمانەی خۆیان بە توانای حکوومەت لە پشتیوانیکردنی خەڵک لە دەست بدەن.(٤)

پاش پێناسە، دەبێ ئاکامە خێراکانی هەڵبسەنگێندرێ. ئەم قۆناخە پێویستیی بەپێناسەی ئەولەوییەتەکان بەسەرنجدان بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان و هەروەها پێناسەی بەرپرسیارەتییەکان بەسەرنجدان بە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانە. دەبێ ستراتیجی لەگەڵ ئاکامەکانی شیاوی هەڵسەنگاندن یەک بگرێتەوە و بودجەیەکی تۆکمە و سەرچاوەیەک کە خاوەن بەرپرسیاریەتی بێ، پشتیوانیی لێ بکا. ئەم قۆناخە، کۆڵەکەکانی ستراتیجییەکی باشە.

لە سەرووی هەموو ستراتیجییەکان، ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەییە. لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی، دەبێ ئامانجی سەرەکی لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشان بکرێ و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دەبێ ئەولەوییەتەکان و سیاسەتەکان دیاری بکرێ. پاش پێناسەی ئەم ئامانجانە، سەرچاوەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە چوار بەشدا پۆلین دەکرێ: دیپلۆماتیک، زانیاری، ئابووری و سەربازی. ئەو ئامرازانەی کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە بەردەستدان، دەتوانێ شێوازەکانی ئەخلاقی و سیاسی، دەسەڵاتی سەربازی، هێزی ئابووری، پێوەندیی هاوپەیمانی، دیپلۆماسیی گشتی، هاوکاریی ئەمنی، هاوکاریی پەرەسەندن، هاوکاریی زانستی و تەکنۆلۆجیا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتییە دیپلۆماتێکەکان بێ.

## چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و بەکارهێنانی لە ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی

لەوەی کە نێوەڕۆکی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشە، ئەم چەمکە دەبێ بەوردی تاوتوێ

بکرێ. ئاسایش چەمکێکی چەند ڕەهەندییە کەوابوو سەبارەت بەماناکەی بۆچوونەکان زۆر جیاوازن. "بری بوزان" پێی وایە "ئاسایش لە ڕووی چەمکەوە لاواز و لە ڕووی پێناسەوە، ئاڵۆز و لە ڕووی سیاسییەوە، چەمکێکی بەهێزی هەیە، چونکە چەمکی ناڕوونی ئاسایشی نەتەوەیی ڕێگە بۆ گەلاڵەی بەرفراوانکردنی دەسەلات لەلایەن بژاردە سیاسی و سەربازییەکان والا دەکا."(٥) بەلام بەگشتی دەتوانین لەو پێناسانەی لەبارەی ئاسایشەوە خراونەتە ڕوو، خاڵە هاوبەشەکانی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١- ئاسایش بەهایەکە و زۆرتر بەهایەکە بۆ گەیشتن بە بەهاکانی تر.

٢- بەردەوام ئاسایش لە گۆڕاندایە و پلەی جۆراوجۆری هەیە. هێندێک لە نەتەوەکان تا تاکەکان لەبەر زۆر هۆکار زیاتر لە کەسانی تر هەست بەئاسایش دەکەن. ڕێژەی هەڕەشە یان مەترسی، ژمارەی ئەو بەهایانەی کە پێویستە پشتیوانییان لێ بکرێ و هەروەها چاوەڕوانی لە داهاتوو، ڕەنگە جیاواز بێ.

٣- ئاسایش نە تەنیا نیگەرانییە سەبارەت بە پاراستنی ئەو بەهایانەی کە پێشتر بەدەست هاتوون، بگرە پێوەندیی بەچاوەڕوانیی ئێمە سەبارەت بە بەهاکانی داهاتوویش هەیە.

٤- ئاسایش بەلانی کەم گەیاندنی مەترسی یان هەڕەشەکانە. ئەم هەڕەشانە نە تەنیا لە جۆری نەریتی و سەربازین، بگرە هەڕەشەی نوێی ناسەربازی لە هەمبەر خۆشگوزەرانیی نیشتمانییش لە بەرچاو دەگیرێ.(٦)

یەکێک لە گریمانە بنەڕەتییەکانی شێوازناسی لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەیە کە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێ تەواوی بگۆڕە سیاسی، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی، تەکنۆلۆجیا و ئابوورییەکان لەخۆ بگرێ کە بە جۆرێک پێوەندییان بە دەسەلات و ڕەفتاری حکوومەتەوە بێ. ئەمڕو بەجیهانیبوونی زانیاری یارمەتی بە چەند ڕەهەندبوونی هۆکارەکانی هەڕەشە لە بوارەکانی سەربازی، ئابووری، بەڕێوەبەریی سیاسی، زانست و تەکنیک، سەقامگیریی کۆمەلایەتی، ژینگە، تیرۆریزم و... هتد، داوە. هەروەها نادیاربوون و بێ سنووربوونی شۆڕشی زانیاری، هەڕەشە لە فەرهەنگی زۆربەی وڵاتان دەکا، بەجۆرێک کە پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خۆجێیی، بەها نەریتییەکان و پێشگیری لە نفووزی فەرهەنگی دەرەکی، بۆ ئەوان بووەتە ئەرکێکی دژوار. کەوا بوو تاوتوێکردنی ڕەهەندەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە بارودۆخی ئێستادا زۆر بەکەڵک دەبێ:

١- ئاسایشی ئابووری:

ئەمڕۆ هۆکاری ئابووری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ و ئاسایشی ئابووری بەشێکی سەرەکیی ئاسایشی وڵاتان پێک دێنێ. شەفافیەت و پشتبەستنی دوولایەن بەئابووریی دنیا بووەتە تایبەتمەندییەکی گرینگی ئەم سەردەمە و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان پێیان

وایە ئاسـایشی ئابووری بانتـرین هۆکـار و ئامـانجـە لە ئاسـایشی کـۆمـەڵگەی خـۆیاندا. لە چوارچێوەی ڕوو لە گۆڕانی ئەمڕۆیدا سەبارەت بە ئاسایشی ئابووری، پێداگریی سەرەکی، لەسەر ڕکابەریی ئابووری و سەرکەوتن لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندایە. کەوا بوو ئەو وڵاتانەی کە ڕەنگە لەسەر ڕێی گەشەی ئابوورییان لە داهاتوودا کۆسپێک بێتە پێش، زیاتر هەست بە هەڕەشەی ئەمنی دەکەن.

لە حاڵێکدا گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی ئابووری ڕەنگە پێوەندیی خۆشەویستیی خەڵک لە هەمبەر وڵات کەم بکاتەوە، بەڵام دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان لە دەوڵەتی ئەو وڵاتە. سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتانە لەلایەک بۆ ڕاییکردنی پرسە ئابوورییەکان ڕەواییی کەمتریان هەیە و لەلایەکی ترەوە بۆ خستنە ژێر کاریگەری ئەم پرسانە، خاوەن هێز و دەسەڵاتی کەمترن. بێگومان چاوەڕوانی و خواستە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر، لەگەڵ نفووزی کەمتری دەوڵەت، ئەوە دەخوازێ کە جارێکی تر سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێناسە بکرێن.

سیاسەتەکانی پێویست بۆ گەشەی ئابووری دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانکاریی زۆر لە وڵاتدا و بەها کۆمەڵایەتی یان سیاسییەکان تێک بدا. زۆرجار گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی توند لە ڕێژەی داهات و سەروەتی ئەندامانی کۆمەڵگە و ئەوانەی کە خاوەن نفووزی ئابووری و سیاسین، ڕەنگە دەسەڵاتی خۆیان لە مەترسیدا ببین. گرینگترین گریمانەکانی ئاسایشی ئابووری بریتییە لە:

- هەرچەندە لەمپەرەکانی ئاڵوێر کەم بێتەوە و بەستراوەییی دوو لایەنی ئابووری بەرز بێتەوە، ڕێژەی زیانی ئابووریی نیشتمانی زیاتر و کۆنترۆڵی دەوڵەت کەمتر دەبێ.
- هەرچەندە ململانێی ئابووریی نێودەوڵەتی بەرز بێتەوە و هەڵبژاردنی کەرەستەی خاو، هێزی کار، شوێنی بەرهەمهێنان و بازاڕ هەمەچەشنتر بێ، شیمانەی ئەوەی کە ئابووریی دنیا بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتێک یان کۆمپانیایەک، کەم دەبێتەوە.
- هەرچی نفووزی دوولایەنی ئابووری بەرز بێتەوە، ئەو گرووپە لە وڵاتان کە توانایی یان ئۆگرییان بە تێکەڵبوون بە ئابووریی دنیاوە نییە، زیاتر دوورەپەرێز دەبن و دەخرێنە پەراوێزەوە و کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان بە قازانجی کەسانێک کە خاوەنی زۆرترین سەروەتن کە دنیا پێویستی پێیەتی، زیاتر دەبێ.
- هەرچەندە ژمارەیەکی زۆرتر لە نەتەوەکان، لە هەوڵی سوودمەندبوون لە سیستەمی ئابووریی دنیا بن، هێندێک کە خاوەنی ژێرخان یان پەروەردەی پێویست لە پێناو قبووڵی گۆڕانکاریی خێرای ئابووری نین، لەگەڵ بەڵێنی دەستەبەرنەکراو و چاوەڕوانیی سەرکوتکراو بەرەوڕوو دەبن.
- هەرچی جەمسەرە ئابوورییە ناوچەیییەکان زیاتر گەشە بکەن، بەرهەمهێنان لە هێندێک ناوچە چڕتر دەبێتەوە، کە ئەم حاڵەتە گرینگیی تێکچوون و ئاڵۆزی لە خستنەڕوو لە دەرەوە کەم دەکاتەوە.

- هەرچەندە ناسنامەی دۆست و دوژمن لە سیستەمی نێودەوڵەتی ئاڵۆزتر و ناجێگیرتر بێ و نەتەوەکان بەرەو ئابووریی ئاڵۆزتر و بەیەک بەستراوەتر برۆن، یارمەتی یان پاڵەپەستۆی ئابووری لە بەدەستهێنانی ئامانجی ئەمنی کاریگەر نابێ.

٢- ئاسایشی سەربازی

هۆکاری سەربازی بەدرێژاییی مێژوو یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی پاراستنی ئاسایشی وڵاتان بووە. دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵاتی زۆرتر لە ڕێگەی زیادکردنی ژمارەی تاکەکان و هێزی ئاگرینی چەک و چۆڵەکان، بەشداری لە هاوپەیمانییە سەربازییەکان و هەوڵدانی چەند لایەنە بۆ پێشگیری لە ڕوودانی شەڕ و کۆتاهێنانی، هەر لەم پێناوەدا بەڕێوە دەچێ. گرینگترین گریمانەکانی ئاسایشی سەربازی برێتین لە:

- هەرچەندە دەسەڵاتی سەربازی لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی نێودەوڵەتیی چەک و چۆڵ و تەکنۆلۆجیا، ناکۆجێیتر و پەرش و بڵاوتر بێ، ئاسایشی وڵاتان و سیستەمی نێودەوڵەتییش زیاتر کەم دەبێتەوە.
- هەرچەندە بڕیاردانی بەرگری لە نێوەخۆ و لە نێوان دەوڵەتەکان ناکۆجێیتر بێ، بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنی ئاسایشی بەکۆمەڵیش دژوارتر دەبێ.
- هەرچەندە بەستراوەیی بەرگریی وڵاتێک بە دەرەوە زیاتر بێ، ئاستی زیانەکان و لەدەستچوونی کۆنترۆڵیش زیاتر دەبێ.
- هەرچەندە ناسنامەی هەڕەشەکان و دوژمنان ئاڵۆزتر بێ، ئامادەیی سەربازییش کەم دەبێتەوە و نارەزایەتیی گشتی لە خەرجییە سەربازییەکان، زیاتر دەبێ.
- هەرچەندە شەڕ، نائاساییتر و چەند لایەنەتر بێ، ڕێژەی سەرکەوتن لە دیاریکردنی ئاکام، پێشگیری و بەڕێوەبەرییەکەشی کەم دەبێتەوە.(٨)

٣- ئاسایشی زانیاری

زانیاریی بەکەڵک و گونجاو، کلیلی پێشگیری پەلامارەکان بۆ سەر نیشتمانە. زانیاریی مرۆیی بەکەڵک، بەتایبەتی لەبارەی ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی کە بەشێوەی نهێنی لەلایەن دەوڵەتانەوە پشتیوانی دەکرێن، دەبێ تەواوکەری زانیاریی تەکنیکی بێ. دنیا لە سەردەمی نوێدا شاهیدی گۆڕانکاریی گەورەیە لە بەشی زانست و تەکنیکی تایبەت بەگەیاندنی زانیاری. ئەو وڵات و خەڵکانەی کە بتوانن لە ڕەوتی ئەم شۆڕشە گەورەیە سوود لە هەل و دەرفەتەکان وەربگرن و خاوەن بزاوتی پێویست بن، داهاتوو بەدەست دێنن و لە ململانێ جیهانییەکانی داهاتوودا ڕۆڵی ڕێنوێنیکەری ستراتیجی دەگێڕن. کەوا بوو هێندێک پێیان وایە ئاسایش زانیاریی یەکەمین و گرینگترین هۆکاری ئاسایشە و پێگەی سەرەکیی زانیاری لە ململانێ زلهێزەکان ڕۆژ بەڕۆژ گرینگیی زیاتر پەیدا دەکا. هێز یان لاوازیی توانای زانیارییە کە چارەنووسی وڵاتان دیاری دەکا و

گـەورەترین پێـوانـەی هاوئاهـەنگکردنـی  تواناییـیـە گـشـتگیـر و هـەمـەلایەنەکـانە لە ملمـلانێ نێودەوڵەتییەکاندا.[٩]

٤- ئاسایشی سیاسی - فەرهەنگی:

مـەبەسـتـی ڕوانگەی سـیـاسـی - فـەرهـەنگی لە ئاسـایشی نەتەوەیی، پاراسـتنی حکوومـەت و ئایدۆلۆجـیـاکەی و هـەروەها ناسنامـەی تایبـەتیی کـۆمـەڵگەکـەیەتی. لە حـاڵی حـازردا، ڕەهەندی ئەمنیی ئـامـاژە پێکراو بەسـەرنجـدان بەکـەمـبـوونەوەی کـۆنتـرۆڵی کـۆمـەڵگەکـان لەلایەن حکوومەتەکانەوە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی نفووزی هێزەکانی بەرامبەر، گۆڕانکارییە نێوەخۆیی و دەرەکییەکان، لەژێر پاڵەپەستۆی بێ وێنەدایە. حکوومـەتەکان و گرووپە فەرهەنگییەکان زیاتر لە هەر سـەردەمێک لە کاتی دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، ناچارن گـۆڕانکارییـەک کـە بۆ خـۆیان خـوڵقـێنـەری نەبوون و پێکیـان نەهێنـاوە، قـبـووڵی بکـەن. ئەمـڕۆ، پەرەسـەندنی نێـودەوڵـەتیی شـێـوازگـەلێک لەوانە دیموکـراسی، مـافی مـرۆڤ، ئازادی لـە بوارە کۆمـەڵایەتی و ئابوورییـەکان، یارمـەتیی هـاوسانکردنی بەها سیـاسییـەکانی داوە. زۆربەی وڵاتان توانای بەدیهێنانی چاوەڕوانییە نوێیەکان نین و فەرهەنگیش توانای خۆگونجاندنی خێرای نییە. بەسـەرنجـدان بە هەڵچوونەکـان کە زۆرجار لەگەڵ ئـەم نائارامی و ڕووبەڕووبوونەوانەدا هـاوڕێیـە، گومـانێکی زۆر سـەبارەت بە باشـتـرین ڕێگەی بەڕێوەبەری و ڕووبەڕووبوونەوەکان پێک دێنێ.[١٠] گرینگترین گریمانەکانی ئاسایشی سیاسی - فەرهەنگی بریتین لە:

- هاوتەریب لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئازادی و تێگەیشتنی نێوەخۆیی، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کـە خـاوەنی نـەریت و ژێرخـانی پێـویست بۆ ڕاڤـە و ڕاکـێشـانـی زانیـارییـەکـان نـین، ئاسـتی ڕێکخستنی سیاسی و فەرهەنگییان ڕوو لە کزی دەڕوا.
- بەرەبەرە کە گرووپە ئەتنیکییـەکان لە وڵاتێک پەرە بە داواکاریی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەدەن، وا دێتە بەرچاو کە نەتەوەی باڵادەست پێی باشـە کە دەسـەڵاتی فـەرهـەنگیی خۆی بکاتە قوربانیی دەسەڵاتی سیاسی.
- لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی گەشـەی دیپلۆماسیی چەند لایەنەی دەرەکی و پاڵەپەستۆی گرووپە خاوەن دەسـەڵاتەکان لە نێوەخۆ، نەتەوەکانیش لە بواری ئەولەوییەتەکانی فەرهەنگی و سیـاسیی نێـوەخـۆیی و دەرەکـیی خـۆیـان، تووشی لێکتـرازان دەبن و ئـامـرازی کـەمـتریان بۆ وەڵامـدانەوە بەهەردوو لایەن هەیە.
- هەرچی ناوچەگـەرایی و بەسـتـانداردبوونی جیـهـانـی پەرە بسـتێنێ، جیـاوازیی نێـوان ناسنامـە سیـاسـی- نەتەوەییـیەکان کـەم دەبێتـەوە و هـەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ناسنامـەیەکی فـەرهـەنگی پەرە دەستێنێ.
- لەگەڵ کەمبوونەوەی کۆنترۆڵی حکوومـەتی نیشتمانی، چاوەڕوانیی گشـتی لەبارەی لێهاتوویی

دەوڵەت ئاراستەیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێ و حکوومەتەکان زۆرتر دەبنە نوێنەری سەرچاوەی دەسەڵات.

بەرەبەرە کە شێوازەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و بەهاکانی نێوەخۆی دەوڵەتان هەمەچەشنتر دەبێ، بیرۆکەی ڕەوایی سیاسی و فەرهەنگیش بەرەو گومانی زیاتر دەڕوا.[11]

٥- ئاسایشی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی:

فەرهەنگ وەک هۆکارێکی دیاریکەر لە چارەنووسی وڵاتان گرینگییەکی زیاتری لە ئاسایشدا هەیە و نائارامیی فەرهەنگی دەبێتە هۆی تەنگژە لە کۆمەڵگەکاندا. نائارامیی فەرهەنگی، نائارامیی کۆمەڵایەتیشی لێ دەکەوێتەوە، بۆ وێنە گەندەڵیی لە کۆمەڵگە، قاچاخی مرۆڤەکان، گەندەڵی دارایی، تیرۆریزم، ڕەفتاری توندوتیژ و... هتد.

نایەکسانیی داهات و سەروەتەکان، بێکاری، بێ هیوایی لە دووره دیمەنی ژیان و لاوازیی یەکەی بنەماڵە، چەند ڕەهەندێکن لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە لە ئاکامدا ئاستی ئاسایش و هێمنیی گشتی کەم دەکەنەوە. گەنجبوونی ڕێژەی دانیشتوان دەتوانێ دەرفەتێک یان هەڕەشەیەکی کۆمەڵایەتی بێ. کۆچی بەهرەدارانیش تەنگژەیەکی ئەمنییە کە بەشێوەی تایبەتی بۆ وڵاتانی ڕوو لە گەشە مانا پەیدا دەکا.

٦- ئاسایشی ژینگەیی

ڕوانگەی ئاسایشی ژینگەیی لەسەر بەڕێوەبەریی هەڕەشە نەتەوەیی و بان نەتەوەییەکان لە هەمبەر پاراستنی ژینگە، وەک گەرمبوونی زەوی و تێکچوونی چینی ئۆزۆن، فەوتانی دارستانەکان، زیانەکانی گازە مەترسیدارەکان لەسەر ژینگە تەئکید دەکاتەوە. گرینگترین گریمانەکانی ئاسایشی ژینگەیی برێتییە لە:

- هەرچەند کەمبوونی سەرچاوەکان و کەمبوونی چۆنیەتیی ژینگە پەرە بستێنێ، پێوەندیی نێوان دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان و پارێزگاریی ژینگە دژوارتر دەبێ و بەخاڵی سفر نزیکتر دەبێتەوە.
- هەرچی پاڵەپەستۆ بۆ سەر سەرچاوەکانی ژینگە بەشێوەیەکی نایەکسان لە دنیادا پەرە بستێنێ، توانای بەڕێوەبەریی ئەم پاڵەپەستۆیانەش نایەکسانتر دەبن و گرژیی و ئاڵۆزییە ئەمنییەکانی نێوەخۆیی و دەرەکیی زیاتر دەبێ.
- بەرەبەرە کە تێگەیشتن لە پانتایی و ئاستی پرسە جیهانییەکانی سەرچاوەکان و شوێنی ژیان بەرز دەبێتەوە، گرووپە نەتەوەیی، بان نەتەوەیی و جەمسەرە ناوچەیییەکان، ئۆگرییەکی زیاتریان بۆ بەدەستهێنانی نفووز بەمەبەستی ڕێگەچارەکان لە خۆیان نیشان دەدەن.
- بەرەبەرە کە بەستراوەییی دوو لایەن لە سەرچاوەکان و تەشەنەکردنی ئاسەوارەکانی پیسبوونی ژینگە، دەبێتە هۆی زیانە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدانی یەک لایەنەی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبەریی

تێبینییە ئەمنییەکانی تایبەت بەسەرچاوەکان و ژینگە، لە ڕووی کاراییەوە کەم دەبێتەوە و لاواز دەبێ.

- هەرچی وڵاتان، کەمبوونەوەی بەرچاوی سەرچاوەکان و چۆنایەتیی ژینگە ببەستنەوە بەڕەفتاری بەئەنقەستی مرۆڤ بەبەراورد لەگەڵ سروشت، شێمانەی گرژی و ئاڵۆزیی نێوەخۆیی و نێودەوڵەتی بەرز دەبێتەوە.(١٤)

بەگشتی دەبێ بڵێین بە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی، دەبێ ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان لە بەرچاو بگرین و بۆ دەستەبەرکردنی ڕێژەیەکی دڵخواز هەوڵ بدرێ. کاتێک دەتوانین بەدەستەبەرکردنی ئاسایشی گشتگیر هیوادار بین کە بۆ هەریەک لەم ڕەهەندانە پرۆگرامێک هەبێ و بۆ وەدیهێنان و دەستەبەرکردنی هەوڵ بدرێ. ئەم خاڵەش دەبێ لە بەرچاو بگیرێ کە ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی هەرچەند ساڵ جارێک، بەسەرنجدان بەگۆڕانکارییەکان لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیی چاکسازی و پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ. لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا هۆکارەکانی دیاریکەری ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنین.

## هۆکارەکانی دیاریکەری ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی

لە دیاریکردن و داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی هەر یەکەیەکی سیاسی، زۆر هۆ ڕۆڵ دەبینن کە لە کاتی دەستنیشانکردن و ناسینی وردی ئەوان لەلایەک دەتوانین بە چوارچێوەیەک بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ڕێڕەوی ڕەفتاری خۆمان و لەلایەکی ترەوە بە ناسین و بەربەرەکانێ لەگەڵ ستراتیجیی وڵاتانی ڕکابەر بگەین. کە وا بوو ناسینی هۆکارەکان و قۆناخەکانی دیاریکردن و داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتاری یەکەیەکی سیاسی یان پێکهێنانی گۆڕانکاری، زۆر گرینگە و پێویستە بایەخی پێ بدرێ. بەڵام گرینگترین هۆکاری کاریگەر لەسەر ڕەوتی داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەتوانین لە دوو ئاستی هۆکارەکانی پێوەندیدار بە چوارچێوەی نێوەخۆیی و هۆکارەکانی پێوەندیدار بەچوارچێوەی دەرەوە پێناسە بکەین.

- ئاستی یەکەم: هۆکارەکانی پێوەندیدار بەچوارچێوەی نێوەخۆیی

لە بواری نێوەخۆییدا، زۆر هۆکار لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەرن. دیارە تایبەتمەندیی نەتەوەییی وڵاتان زۆر جیاوازە و بەستراوەتەوە بە زۆر هۆکار. لە ئاکامدا، هەر دەوڵەتێک دەبێ بەشێوەی سەربەخۆ پلانی ستراتیجیی نەتەوەیی دابڕێژێ. بەڵام دەتوانین کۆمەڵێک لە هۆکارە گشتییەکان دەستنیشان بکەین. لەم نووسراوەیەدا، هەندێک لە گرینگترین هۆکارە نێوەخۆییەکان تاوتوێ دەکەین:

أ- هۆکاری دەروونناسانە

ئەم هۆکـارانە بریتین لە بابەتگەلێک وەک خـوێندنەوەی زەینی، بڕواکـان، بەهاکـان و بیـروڕای گشتی کە لە درێژەدا باسیان لەسەر دەکەین.

- خوێندنەوەی زەینی:

خوێندنەوەی زەینی داڕێژەرانی سیاسەت تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی لە شیکردنەوەی ئامانجەکان و بژاردەکان یان وەڵامدانەوە بە ڕەوشـەکان هەیە. تاکەکـان بەهۆی وێنەیەک کە لە شـوێنی ژیان لە زەینیاندا هەیانە، کـردار و کـاردانەوە نیشـان دەدەن. لە داڕشـتنی سیاسـەتدا بە گشـتی و لە دەسـتنیشـانکردنی سـتراتیجییە نەتەوەییـەکـان بەتایبـەتی ئەوەی زۆر گـرینگە، خـوێندنەوەی بەرپرسـانی حکوومـەتە لـە شـوێنی ژیان نەک ڕەوشی هـەسـتپـێکراوی شـوێنی ژیان. وێنەی زەینی تاکەکان سەرەڕای خوێندنەوە زەینییەکان لە ڕاستییەکان، بریتیە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاستییە و چەمکێکە کە لە ڕاستییەکانەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. دیارە ئەم وێنە و خوێندنەوە زەینییانە تا ڕادەیەک لەسـەر بنەمای ئەو زانیارییانەیە کە سەبارەت بە شـوێنی ژیان وەردەگیرێن، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا ئەو خاڵانەی کە لە زەینی خـۆیدا لە ڕاسـتی بەتاڵە، بە خـوێندنەوەی زەینیی خـۆی پڕی دەکاتەوە. هەروەک هاڵستی دەڵێ: "تاکەکان بەردەوام لەژێر بۆردمانی پەیامگەلێک سـەبارەت بە شـوێنی ژیانن، بەڵام تەنیا بەشـێک لەوە دەبیـنن کـە هەڵدەبژێرن و ڕاڤـەی دەکـەن، چونکە تەنیـا بەشـێک لەوە کە دەبینن پێوەندیی بەڕەوشـێکی تایبـەتییـەوە هەیە. هەندێک جـار تاکـەکان تەنیـا زانیارییەک دەبینن کە لەگەڵ بەهاکان و باوەڕەکان یان چاوەڕوانییەکانیان گونجاوە."(١٤)

- بڕواکان:

بڕواکان، لێکدانەوەیەکی گشتییە بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەکان، ڕاستییەکان یان ڕەوشێکە کە دەتوانێ کەم تا زۆر دۆستانە، دڵخواز، مەترسیدار، جێی متمانە یان دوژمنکارانە بێ. ئەم بڕوایانە دەتوانێ کاریگەرییەکی گرینگ لەسـەر چۆنیەتیی کاردانەوەی داڕێژەرانی سیاسـەتی لە هەمبـەر هەڵسوکەوتەکان، مەبەستەکان و داواکاریی دەوڵەتان و جۆری خوێندنەوەی ئەوان لە مەبەست و ئامانجی ئەم دەوڵەتانە دابنێ.(١٥)

- بەهاکان:

بەهاکـان ئاکـامی چۆنیـەتیی گـەشـەی ئێمـە، ڕەوتی کـۆمـەڵگەخـوازیی سـیاسـی لە ڕەوشی جۆراوجۆریی گرووپەکان، پەروەردەکردن و وەبەرنانی سیاسی و ئەزموونی تاکەکەسییە. بەهاکان وەک پێوانەیەک ڕەفتار دەکەن کە هەڵسوکەوتی خۆی و کەسانی تر بەپێی ئەوان هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ، کە وا بوو بنەمای زۆربەی بڕواکانی ئێمەیە. بەهاکان ڕێڕەوی گشتیی ئێمە نیشان دەدا و بۆ داڕێژەرانی سیاسەت لە ئاستی جۆراوجۆردا وەک کەرەستە و پاساوێک بۆ

ئامانجەکان، بڕیارەکان و ڕەفتاری ئەوان لێک دەدرێتەوە. بەهاکان ئەو هۆکارانەن کە هەندێک جار داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەران هەست بەکاریگەریی سنووردارکردنی ناکەن. خۆگونجاندنی ناوشیارانە لەگەڵ سیستەمێک، بواری ئازادیی بڕیاردان بەبێ ئەوەی کە بۆ خۆیان پێی بزانن، سنووردار دەکاتەوە. دیارە بەهاکان وەڵامی تایبەتی لە ڕەوشە تایبەتییەکان پێشنیاز ناکا، بەڵام دەبێتە هۆی پێکهێنانی پێگەکان بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخەکان، واتە هەم سیاسەتە جۆراوجۆرەکان پاساو دەدا و هەم ڕێرەویان دیاری دەکا.(١٦)

- بیروڕای گشتی:

هیچ حکوومەتێکی دیموکراتی ناتوانێ بیروڕای گشتی لە دڕێژخایەندا لە بەرچاو نەگرێ و هەر سیاسەتێکی بەرگری کە لە چوارچێوەی ئەودا هاوسەنگ نەکرێ، لە ئاستی ئەکادیمی دەمێنێتەوە. کە وا بوو بڕیاردەران لە کاتی داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێ خواستەکان و ئەولەوییەتەکانی خەڵک لە بەرچاو بگرن و بیکەنە کۆڵەکە و بناخەی بڕیارەکانی خۆیان.

ب- ڕەوشی جوگرافیایی:

ڕەوشی جوگرافیاییی وڵاتێک چ لە ڕووی هەڵکەوتی ئەو وڵاتە لەسەر گۆی زەوی و چ لە ڕووی مەودای ئەو وڵاتە تا ئاوە ئازادەکان و پێوەندیی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی زۆر گرینگە. دیارە دەڵێن بەهۆی سەرهەڵدانی چەکی مۆدێرن لە ڕێژەی گرینگیی ڕەوشی جوگرافیایی تا ڕادەیەک کەم بووەتەوە، بەڵام بێگومان هۆکاری جوگرافیایی هەروا یەکێک لە هۆکارە دیاریکەرەکانە لە ستراتیجیی وڵاتان و هێشتا لە دارشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەییی پرسەکانی جوگرافیایی لەوانە چەندی و چۆنیی سەرچاوە سروشتییەکان (پانتاییی جوگرافیایی، ڕێژەی سەرچاوەکان و توانای سوودوەرگرتن لەم سەرچاوانە) گرینگییەکی زۆریان هەیە.

ج- پرسی ئابووری:

ئەمڕۆ گەشەسەندنی ئابووری لە ئاستی نەتەوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، بەردەوام لەگەڵ پرسگەلێک وەک ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکان، تەکنیکە پێشکەوتووەکانی بەرهەمهێنان، پەروەردەکردن و سەرمایەی مرۆیی، بەدەستهێنانی بازاڕ، کاروباری دارایی، بازرگانی و کۆمەڵێک یاسا و گرێبەستێک کە تەواوی ئەم چالاکییانە پێکەوە پێوەند دەدا، زۆر ئاڵۆز بووە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن یان شکستی ئەو ستراتیجییە.

د- پرسی سەربازی:

لە داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی، زۆر پرسی سەربازی دێنە بەرباس. وەک: دەبێ

ولاتێک ببێتە خاوەن چ جۆرە کەرەستەیەکی سەربازی؟ چ پەلامارێکی تیرۆریستی ڕەنگە دژی بەرژەوەندیی ولات ڕوو بدا؟ ولاتانی ڕکابەر و دوژمن لە کاتی شیمانەی ڕوودانی شەڕ، توانایی سەربازییان چەندەیە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوان پێویستە لە چ ئامرازگەلێک کەڵک وەردەگیرێ؟ بەسەرنجدان بە پێشکەوتنی کەرەستە سەربازییەکان، بەربەستە سنوورییەکانی ولاتان ناتوانێ وەک ڕابردوو بە ئاسانی پێش بە مەترسییەکان بگرێ. کە وا بوو بە سەرنجدان بە ڕەوشی نوێی دنیا و ستراتیجیی گونجاو لەگەڵ ئەو ڕەوشە، لە ڕووی سەربازییەوە، ولاتان دەبێ خاوەن تواناییەکانی خوارەوە بن.

- توانای و پێداویستی جێگیرکردنی ئاسایشی ولات.
- توانای سەربازیی بۆ پێشگیری و سەرکەوتن لە شەڕەکاندا.
- پێداویستییەکانی پۆلیس و هێزەکانی یارمەتیدەری مرۆڤدۆستانە

هەروەها دەبێ لایەنە ناسەربازییەکان لە ئاستی پێویستدا دابین بکرێن و ڕێک بخرێن تا ئاستی دەسەلات و وەلامدانەوە و قبووڵی بەرپرسایەتی بەرز بکاتەوە.

هـ- پرسی کۆمەلایەتی:

بە چ شێوەیەک دەتوانین ڕوانگە جیاوازەکان پێکەوە ئاشت بکەینەوە؟ لە ژیانی کۆمەلایەتیدا چ شتێک دادپەروەرانەیە؟ ئەو ئامرازانەی کە حکوومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بشێوییەکان بەکاریان دێنێ چییە؟ گۆڕانکاری لە ڕێژەی دانیشتوان چ ئاسەوارێک بەجێ دێڵێ؟ ئەمانە هەندێک پرسیارن کە لە دارشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی لە بواری کۆمەلایەتیدا دەبێ وەلامی گونجاویان پێ بدرێتەوە. بەو جۆرەی کە لێکۆڵەران دەڵێن گۆڕانکاری لە ڕێژەی دانیشتوان، هاوسەنگیی کۆمەلایەتیی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە. پیربوون یان گەنجبوونی کۆمەڵگە هەر کامەیان پێداویستیی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەم بابەتە گرژی و ئالۆزییە فەرهەنگی و کۆمەلایەتییەکان پەرە پێ دەدا. بەشی کاریگەر و چارەنووسسازی کۆمەڵگە، گەنجان و مێرمندالانن. ئەگەر ئەم گرووپانە بەشێوەی گونجاو پەروەردە نەکرێن و بواری کاری بەرهەمهێنیان بۆ نەڕەخسێ، کۆمەڵگە پێشکەوتن بەخۆوە نابینێ و نائارامییە کۆمەلایەتییەکانی سەر هەڵدەدەن. چەندایەتی (ڕێژەی دانیشتوان) و چۆنایەتیی (ئاستی لێهاتوویی و زانیاری) سەرچاوە مرۆییەکان، ڕێژەی نایەکسانییە کۆمەلایەتییەکان، پێکهاتەی ئەتنیکی- ڕەگەزی- مەزهەبیی دانیشتوان، پێکهاتەی دانیشتوان (شارەزا/ناشارەزا، پیر/گەنج) هەر کامەیان دەتوانێ ئاکامێکی جیاوازی لێ بکەوێتەوە.

و- کاریگەری تەکنۆلۆجیای نوێ:

ئەوەی لە ڕوانگەی ئامانجەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرینگیی تایبەت بەخۆی هەیە، کاریگەریی کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی ئامرازی داهێنەرانەیە نەک ئامرازەکان خۆی. داهێنانی نوێی زانستی و تەکنیکی چەندە سوودی بێ ئەژماری هەیە، ئەوەندەش کێشە خوڵقێنە کە هەندێکیان

مەعریفی و زانستی و هەندێکی تریشیان ئەخلاقی و فەلسەفین. چاوەڕوانیی خولْقانی کێشە و ئاریشەی نوێ، هۆکاری زۆری هەیە، لەوانە ئەم ڕاستییە کە گۆڕانکارییەکان خێراتر لە هەر سەردەمێکی تر بە ئێمە دەگا. خێراییەک کە داهێنانی نوێی هێناوەتە ناو بازرگانی و لەو ڕێگەیەوە بە ڕەوتی کۆمەلاّیەتی پێوەست دەبێ، بەجۆرێکی بەردەوام و پێداگر پەرە دەستێنێ و کۆمەڵگە هەل و دەرفەتی کەمتری دەبێ بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتە بگونجێنێ. هەروەها ئەم نیگەرانییەش لە ئارادایە کە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیا بکەوێتە خزمەتی ئامانجی دژە مرۆیی یا خاوەنی لایەنە نیگەتیڤەکان بێ.(١٧)

– ئاستی دووەم: هۆکارەکانی پێوەندیدار بە دەرەوە

ولاّتان لە بۆشاییدا نین. لە ڕاڤەی ستراتیجیدا، لە بەرچاونەگرتنی ڕەوشی دەرەکی وێنەیەکی نادروست و ئالۆزی لە بارودۆخەکان لێ دەکەوێتەوە. لە زۆر حاڵەتدا، ستراتیجی و سیاسەتی دەوڵەتەکان، وەلاّمێکە بۆ ئامانج و هەڵوێستی دەوڵەتانی تر یان ڕەوشی ڕوو لە گۆڕانی ناوچەیی و جیهانی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. کەشی ئەمنیی کە لەودا دەژین زۆر ناروون و ئاوێتەیە لەگەڵ زۆر کێشەی گەورە. چەکی کۆمەڵکوژ، تیرۆریزم، تاوانی بەرنامە بۆدارێژراو، دڵەڕاوکێی ژینگەیی و نیگەرانیی جیهانی خاوەنی کاریگەرییەکن بە دوور لە چوارچێوەی سنوورەکان. ئامانج و هەڵوێستی دەوڵەتانی تر دەتوانێ هەڕەشە یان ئیمتیاز بێ و بەم جۆرە لە دیاریکردنی ڕێرەوی سیاسی – ستراتیجیی ولاّت کاریگەرە. بەتایبەتی ئەو گرووپە لە زانایانی پێوەندیی نێودەوڵەتی کە ئاستە گەورە و بەربلاّوەکان ڕاڤە دەکەن، پێیان وایە کاریگەریی سیستەم لەسەر یەکەکان یەکجار زۆرە و هۆکاری چارەنووسسازی ڕەفتاری یەکەکانە.(١٨)

یاریزانانی سەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی هێشتا دەوڵەتەکانن و ڕۆڵێک کە ئەوان دەیگێڕن زۆرترین کاریگەریی هەیە. دیارە هەڵکەوتی دەوڵەتان لە پێوەندیی نێودەوڵەتی لە ئاکامی بەجیهانیبوون و گۆڕانکارییە کۆمەلاّیەتییەکان لە حاڵی گۆڕاندایە. بەهۆی ئەم گۆڕانکارییانەوە، پێگەی هاوولاّتییان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بەرز بووەتەوە. ڕاگەیەنەکان و بیروڕای گشتیش کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتاندا هەیە. لە دارشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێ ئەم پرسە ڕاڤە بکرێ و لەسەر ئەو بنەمایە بڕیار بدرێ.(١٩)

سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە کاریگەریی لەسەر بڕیارەکان و ستراتیجیی دەوڵەتان دادەنێ. پێکهاتەی دابەشکردنی دەسەلاّت، گرتنەبەری ستراتیجییەکان سنووردار دەکا. کاتێکیش کە پێکهاتەی سیستەم تووشی گۆڕانی بنەڕەتی دەبێ، نفووزی پێکهاتەی سیستەم لەسەر ئامانج و هەڵوێستی دەوڵەتان و هەروەها ستراتیجیی ئەوان گرینگیی زۆر پەیدا دەکا. لەگەڵ ئەمانەشدا هەر سیستەمێکی نێودەوڵەتی خاوەن کۆمەڵێک بەها و نۆرمە کە بانتر لە بەها و نۆرمە نەتەوەیی و خۆجێییەکانە و سروشتیە کە بە گۆڕانی ئامانجەکان لە ئاکامی گۆڕانی بەها نێودەوڵەتییەکان، ستراتیجیی دەوڵەتانیش دەگۆڕدرێ.(٢٠)

له هەر حاڵەتێکدا هێندێک له گۆڕاوەکانی ئاستی دەرەکی کە پێویستە بایەخیان پێ بدرێ، دەتوانین بەم جۆرە دابەشیان بکەین:

أ- ئاستی ناوچەیی

١- جۆری پێوەندی لەگەڵ دراوسێکان

٢- کورتە مێژووی دەستێوەردانی زلهێزەکان لە ناوچەدا.

٣- هەڵکەوتی تایبەتیی وڵات لە ناوچەدا.

ب- ئاستی نێودەوڵەتی

١- جۆری سیستەمی نێودەوڵەتی.

٢- جۆری پێوەندیی نێوان زلهێزەکان.

٣- هەڵکەوتی ستراتیجیی ناوچە و هەروەها وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

٤- ئەو بەها و نۆرمانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کێشەیان لەسەرە.

٥- چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ڕێکخراوە گرینگە نێودەوڵەتییەکان

## ستراتیجی لەسەر بنەمای بەرگریی چەند لایەنە

باشترین ڕێگەی دابینکردن و گەرەنتیی ئاسایشی وڵات، لە ڕێگەی داڕشتنی ستراتیجییەکی پشتبەستوو بە بنەمای بەرگریی چەند لایەنەیە کە لە قۆناخی یەکەم پێشگیری و لە قۆناخی دووەم پارێزگاری و سەرەنجام وەڵامدانەوە بایەخی پێ دەدا.

* پێشگیری:

لە بابەتی پێشگیری، ستراتیجیی وڵات سێ ئامرازی گرینگی لە بەردەستدایە: یەکەم ئامراز، دیپلۆماسییە. هەوڵدانی دیپلۆماتیک بەمەبەستی دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە و جێی متمانە لەگەڵ دەوڵەتان و نەتەوەکانی بێگانە دەتوانێ دەرفەتەکانی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی ئاگەدارییەکان سەبارەت بە پەلامار و گرتنەبەری ڕێوشوێن لەبارەی هەڕەشەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو زۆرتر بکا. هاوکاریی زانیاریی لەگەڵ وڵاتانی تر بەمەبەستی یارمەتیدان بە ناسینی گرووپگەلێک کە ڕەنگە بەرنامەی پەلاماردانیان دژی وڵاتێک هەبێ، گرینگیی زۆری هەیە. هەروەها دەبێ لە تواناییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاوانە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سوود وەربگرێ.

ئامادەی دیپلۆماتێک، زانیاری و سەربازیی لە دەرەوەی وڵات، دووەمین ئامرازی ئاسایش وڵات پێک دێنێ. نوێنەرایەتییەکانی دیپلۆماتیک، زانیاری و سەربازی، چاو و گوێی سەرەکیی هەر وڵاتێکە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا. لە هەمان کاتدا چالاکیی بەربڵاوی دەوڵەتی و تایبەتی

بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕەوتە ئەمنییەکان لە چوارچێوەی تۆڕەکانی ڕاگواستنی نێودەوڵەتی کە تاکەکان و کاڵاکان بۆ وڵاتانی تر ڕادەگوێزێ، گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

سیستەمە وشیارەکانی ئاسایش و چاودێریی سنوور، سێیەمین ئامرازێکە کە دەتوانێ پێش بەهاتنە ناوەوەی ئەو گرووپە بگرێ کە لە هۆکارەکانی پەلامارن بۆ وڵات. بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی ئاژانسەکانی کۆنترۆڵی سنوورەکان لە بواری ناساندن و بەدواداچوونی هەڕەشە جیدییەکان -بەبێ پێکهێنانی لەمپەر لە ڕێرەوی بازرگانی و هاتوچۆدا- زۆر گرینگە.

هەروەها پێشگیری لە پەلامارەکان، پێویستی بەتوانایی زەربەلێدان لە ڕێگەی دوورەوە هەیە. وڵات دەبێ بەنیشاندانی پێداگریی خۆی لە کەڵک وەرگرتنی پێشگیرانە لە هێزی سەربازی لە کاتی پێویستدا، سیاسەتی بەرگریی خۆی بەهێز بکا.

* پارێزگاری:

چالاکیی هەمەچەشن لە بواری پارێزگاری لە نیشتمان دەبێ لە نێوەخۆی سیستەمێکی پارێزگاریی گشتیدا کە بەزیادکردنی چەند سەرچاوەیەک بەهێز دەبێ، بگونجێ. پارێزگاری لە ژێرخانە گرینگ و هەستیارەکانی وڵات و دەستەبەرکردنی ئاسایش پێویستە ڕێوشوێنەکانی خوارەوە بگرێتە خۆی:

- هەڵسەنگاندنی پێشکەوتوو لە بوارەکانی هەواڵ و هەڕەشە و پەلامار.
- سیستەمێکی ئاگەدارکردنەوە کە ڕاپۆرتی خۆبەخشانە و خێرا سەبارەت بە پەلامارەکان لەخۆ بگرێ، بە جۆرێک کە دامەزراوەکانی تر کە ڕەنگە بکەونە بەر پەلامار بتوانن ڕێوشوێنی خۆپاراستنی باشتر بگرنە بەر.
- لە بەرچاوگرتنی سیستەمە پێشکەوتووەکان بۆ ڕاگرتنی پەلامارەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی جێگرەوە.

دژکردەوە:

بۆ بەشێک لە بەڕێوەبەری، یەکەمین ئەولەوییەت دەبێ بەرزکردنەوە و بەهێزکردنی ئاستی تواناییەکانی دژکردەوە و وەڵامدانەوە بێ. ئەم گرووپە دەبێ دەستیان بە ئامرازی پێویست ڕابگا. ڕێنوێنی و ڕەوتە بەڕێوەبەرییەکان دەبێ پێناسە و ژابگەیەندرین و لە ڕێگەی تەمرینەکانەوە جێبەجێ بکرێن. توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەر جۆرە کارەساتێک، زۆر گرینگە.(٢١)

وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵەش گرینگە کە ڕێژەی توانایی هەر وڵاتێک و چۆنیەتیی بەکارهێنانی بژاردەکانی ئەم وڵاتە لەم تواناییانە، گرینگترین هۆکاری دیاریکردنی ئاستی ئەم بەرگرییەیە.

* ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی لە قۆناخی جێبەجێکردندا

داڕشتنی ستراتیجی ئەگەر جێبەجێ نەکرێ، هەوڵدانی بێهوودەیە. کە وا بوو پاش ئەوەی

ستراتیجیی بەربڵاوی ئاسایشی نەتەوەیی دارێژرا، ئەم ستراتیجییانە دەبێ ببنە سیاسەت. بۆ گۆڕینی ستراتیجی بە ڕێباز سەرەتا دەبێ بایەخ بە هۆکارە دیاریکەرەکان لەم بوارەدا بدرێ. سێ هۆکاری زەوینە، پێکهاتە و بڕیاردەر لە دیاریکردنی ڕێباز زۆر گرینگە.

زەوینە بریتییە لە سیاسەتەکان، ئامانجەکان و تەنگژەکان و پێکهاتە پێداویستییەکان، ئامانجەکان و بەربەستەکان لەخۆ دەگرێ کە لەسەر ئەو بنەمایانە بڕیاردەر بە ناسین و هەڵسەنگاندنی ڕەوش، ڕێبازی نوێ دادەڕێژێ.[٢٢]

هەروەها دەبێ بزانین کە پاش لێکدانەوەی ڕەوشی ئاسایشی نوێ و گەلاڵەی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی گونجاو لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیە، کارکردی دەزگا جۆراوجۆرە ئەمنییەکان بۆ جێبەجێکردنی دروست و کاریگەریی ئەم ستراتیجییە دەبێ تاوتوێ بکرێ و ڕاسپاردەی پێویست بۆ ئەنجامی چاکسازی لەواندا پێشکێش بکرێ.[٢٣]

لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت دەبێ بەباشترین شێوە بتوانێ گرفتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشبینی بکا و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بە پێشکەوتووترین سیستەمی زانیاری تەیار بکرێ، دەبێ ڕەوت و پێکهاتەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجی ئامادە بکرێ. لەم پێناوەدا دەوڵەت دەبێ بەشێوەیەکی کاریگەر هۆکارە نانەریتییەکانی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ هۆکارە نەریتییەکانی هاوئاهەنگ و یەکپارچە بکا. دەوڵەت پێویستی بەڕێوشوێنی نوێیە بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی نێوان هێزەکانی سەربازی، پۆلیس، دەزگای دادوەری و هەروەها شێوازی جۆراوجۆر و نوێی کەرەستەی سەربازییە. هەروەها دەوڵەت پێویستی بە وەرگرتنی وانە لە ئەزموونەکانی خۆی و هەروەها هاوئاهەنگی لە نێوان سیاسەتە نێوەخۆییەکان لەگەڵ پێویستییە سەرەکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەیە.[٢٤]

ڕێکخراوە نەریتییەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان (وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و... هتد) پێویستی بە هاوکاریی نوێ بە شێوازی نوێ هەیە و دامەزراوە ئابوورییەکان وەک وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی دارایی و نوێنەرایەتییەکانی بازرگانی پێویستیان بە هاوکاریی زۆر نزیک لەگەڵ کۆمەڵگەی نەریتیی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. هەروەها کاربەدەستەکانی تر وەک وەزارەتی داد و ڕێگەوبان دەبێ لە ڕەوتی دیاریکردنی ڕێباز بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی بەشدار بکرێن.

دەزگا سەربازییەکان دەبێ بایەخێکی تایبەتی بە ئەرکی خۆیان لە بواری ئاسایشی نەتەوەیی بدەن و لە توانایی میکانیزمی هاوئاهەنگی پشتیوانیی سەربازی لە ڕەوشە هەستیارەکاندا، دڵنیایی بەدەست بێنێ. هەروەها، بەشی پشتیوانیی ناسەربازیی هێزە هاوبەشەکان دەبێ بەهێز بکرێن و پانتایی چالاکیی ئەوان پەرە پێ بدرێ تا ئەم بەشە بتوانێ بۆ دابینکردنی پشتیوانیی سەربازی بۆ هەموو مەترسی و کارەساتەکان، بەرنامەڕێژی و فەرماندەییەکان هاوئاهەنگ بکا.

ئەم خاڵەش زۆر گرینگە کە بەتاوتوێکردنی ڕەوشی نوێی ستراتیجی لە داهاتوو و ستراتیجییەک

کە وەڵامـدەری ڕەوشـێکی ئەوتۆ بێ، ڕەنگە گـۆڕانکارییـەکی بەرچاو لە پێکهاتە و ڕەوتـی دەزگای ئاسـایشی نەتەوەیی وڵات پێویست بکا. ئەم گـۆڕانکارییـانە دەتوانێ لە چوارچێوەی گـەرەنتـیی ئاسـایشی نەتـەوەیی وڵات، پێـداچوونەوەی بە پێکهـاتەی تواناییی زانسـتی و پـەروەردەییی وڵات، پێداچوونەوە بـە دامـەزراوە سـەرەکییـەکانی دەزگای بەڕێوەبەری، پێداچوونـەوە و نۆژەنکردنەوەی سیـستـەمی هەڵـبژێرانی سـەربـازی و ناسـەربازییـەکانی دەوڵەت و ڕێکخـستنی سـەرلەنوێ ڕۆڵی پەرلەمان لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی بەڕێوە بچێ.

سـەبـارەت بە ڕۆڵی دەزگای یاسـادانان دەبێ بڵـێین بەربەرەکـانێ لەگەڵ هـەڕەشـە لە ئاسـایشی نەتەوەیی و چارەسـەرکردنی، کێشـەیەک نییـە کە تـەنیا داوێنگیری دەزگای بـەڕێوەبەری بێ، بگرە دەزگـای یاسـادانانیش دەبێ لە ڕەوتی ئامـادەکردنی پرۆگرامـەکانی ئاسـایشی نەتـەوەیی وڵاتدا بەشداریی چالاکانـەی هـەبێ. هەندێک لە ئەندامـانی پەرلەمـان پێویستـە لە سیاسـەتی ئاسـایشی وڵات و جێبـەجێکردنی ئەم سـیاسـەتەدا لێهـاتوو بن تا بتـوانن بـە کەڵک وەرگرتن لەم پسـپـۆڕیە، بۆشاییە سیاسـییەکان پڕ بکەنەوە و لە کاتی تەنگژەکاندا ڕا و بۆچوونی ڕاوێژکارانە و ڕوانگەی پێـویست بخـەنـە ڕوو. پەرلەمـان دەبێ شـێـوازێکی تـایبـەتی بـۆ تاوتوێکردنی پرس و بابەتـەکـانی ئاسایشی وڵات ببینێتەوە کە سنوور و بەربەستەکانی ئێستای دەسەڵات و بەرپرسیارەتییەکان تێ پەڕێنێ و میکانیزمـێکی چاودێریی نوێتر دابهێنێ. لەوەی کە پەرلەمـان، هەڵبژێراوترین دامەزراوەی حکوومـەتە، ئەو جـۆرە سـیاسـەت و ڕێوشـوێنانەی دەزگـای بەڕێوەبەری کـە دابینکەری بەشـێکی بەرچاو لە ڕوانگەی پەرلەمـانە باشتـر و زیاتر پشـتـیوانیی خـەڵک بەدەست دێنێ. سـەرەنجـام بۆ ئەوەی کە پـەرلەمان بتـوانێ بەوپەڕەیکاراییی هـاوکاری لەگەڵ دەزگای بەڕێوەبەریدا بکا دەبێ لەگەڵ گـرووپێکی بەرفـراوان لە پێـشڕەوانی بـواری زانست، ئابووریی نێودەوڵەتی، بـەرگری، زانیـاری و بوارەکانی تری ئاسایش ڕاوێژ بکا.[٢٥]

* بەرنجام:

ئێمـە هیچ کـات لـە جیـهانێک بە دوور لە مـەترسی نـاتوانین بژین و سـتـراتیـجییـەکی نەتەوەیی هـەمـەلایەنی ئاسـایشیش ئەم جیـهانە ناگۆڕێ. مـەبەسـتی ئێمە ئامـادەبوونە بۆ شکست پێـهێنانی شـیـمـانەی هـەڕەشـەکـان. گـەڵاڵەی سـتـراتیـجـیـیـەک دژوارە و بەڕێوەبردن دژوارتر دەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە دەبێ بەڕێوەی ببەین.

داهاتـوو ڕووداو خـوڵقـێنە. ڕەوتی کـاروبار و ڕەوشـی وڵات، ناوچە و جـیـهـان لە سـاڵەکـانی داهاتوودا کـۆمـەڵێک بڕیاری بچـووک و گـەورە دیاری دەکا کـە هێـشـتـا نەگـیراونەتە بەر. بەڵام بەهـەرحـاڵ، ڕووانین بۆ داهاتوو، هـەر ئەندازە دژوار بێ، پێویستـە، چونکە مـەترسـییـەکان ئەوەندە زۆرن کە تەنانەت هـەوڵدانی کەم (بۆ ڕوانین بۆ داهاتوو) باشتر لە هـەوڵ نەدان.[٢٦]

لەم ڕەوشـەدا وا دێتە بەرچاو کە چالاکیی سـەرکەوتوو لە چوارچێوەی ئاسـایشی نوێ پێویسـتی

به ناسینی ئاشکرای پێوەندییە دژبەرەکان و ئاسەواری حاشاهەڵنەگری هەڵبژاردنەکانە لەم چوارچێوە ئاڵۆزەدا. پێویستە ڕێبەران لە بیرۆکەی نەگۆڕ، هێڵی و تاک ڕەهەندیی ئەمنی بەم بۆچوونە کە ڕەفتارێکی ئەوتۆ لە کاروبارەکانی تری پێوەندیدار بە بەرگریی ئاسەوارێکی گرینگی نییە، خۆ بپارێزن و پێویستە خەڵک لە هەڵسەنگاندنی ئەم سیاسەتانەدا دژبەرییەکان لە ئامانجەکان و کەرەستەکان قبووڵ بکەن و بەدوای ستراتیجیی ئاسایشی ڕەش و سپی و ئاکامی بەتەواوی ئاشکرادا نەگەڕێن. هەروەها هەڵسەنگاندنی وردی دژبەرییەکان و پێوەندیی دژبەرییانە بۆ گرینگیدان بە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی گرینگە.

بۆ ئەم مەبەستە هەر وڵاتێک لە پێناو ئامادەیی بۆ نەهێشتنی مەترسییەکان دەبێ بە ناسینی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاسایش و کەڵک وەرگرتن لە هۆکارە دیاریکەرەکانی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ داهاتووی خۆی پلانی هەبێ و لە قۆناخی دواییدا لە هەموو توانایییەکانی خۆی بۆ بەداو چوون و جێبەجێکردنی سوود وەربگرێ.

سەرچاوەکان:
١ - کمیسیون امنیت ملی آمریکا، استراتژی امنیت ملی آمریـا در قرن ٢١، ترجمه جلال دهمشگی و بابک فرهنگی و ابولقاسم راه چمنی، انتشارات مؤسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران: تهران، زمستان ١٣٨٠، چاپ نخست، صص ١٩- ,١٨

٢ - لطفیان، استراتژی و روش های برنامه ریزی استراتژیـ، مؤسسه چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه: تهران، ١٣٧٦، چاپ اول، صص ١٧١- ,١٧٠

3-http://www.Globalsecurity.org/military/library/report/1989/TLD.htm(Sept 2003

2003 4-http://www.nea.edu/naehome.nsf/weblinks/CGOZ-58NLJY?OpenDocument (Sept.

٥- رابرت ماندل، چهره متغیر امنیت ملی، ترجمه پژوهشکده مطالعات راهبردی، انتشارات پژوهشکده مطالعات راهبردی: تهران، ١٣٧٩، چاپ دوم، صص ٤٩- ,٤٨

٦- پیشین، استراتژی و روش های برنامه ریزی استراتژیـ، ص ,٧٦

٧- پیشین، چهره متغیر امنیت ملی، صص ١٢٤- ,١٢٣

٨ - همان، صص١٠٤- ,١٠٣

٩- محمد جواد امیدوارنیا، امنیت در قرن بیست و یکم (دیدگاه چین)، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی: تهران، ١٣٨١، چاپ اول، صص ٨٣- ,٧٦

١٠ - پیشین، چهربر متغیر امنیت ملی، صص ٧٨- ,٧٧

- ١١ همان، صص ,١٦٣

- ١٢پیشین، امنیت در قرن بیست و یکم (دیدگا چین)،، صص ٩٦- ,٨٣

١٣ پیشین، چهره متغیر امنیت ملی، صص ١٤٤- ,١٤٣

14- K.J. Holsti, International Politics, Englewood Cliffs: N.J., Prentice-Hall, 1988, P.321

١٥- علی رضا ازغندی و جلیل روشندل، مسائل نظامی و استراتژیـ معاصر، انتشارات سمت: قم، ١٣٧٨، چاپ دوم، صص ٩٣- ,٩٢

١٦- همان، صص ٩٥-٩٣،

17- Several Problems of Setting up the National Security, By Naruhiko Ueda, Available at:

http://www.drc-jpn.org/AR-2E/ueda-e.htm

18- http://clinton2.nara.gov/WH/EOP/NSC/Strategv (Sept.2003

19- http:www.mzv.cz/bezp_strategie/ebs1.html (Sept2003)

– ٢٠پيشين، مسائل نظامى و استراتژى_ معاصر، صص ٩١- ٨٥،

– ٢١ پيشين، استراتژى امنيت ملى آمريكا در قرن ٢١، صص ٣٢٢-٣١٩،

– ٢٢ رضا خليلي، عوامل و مراحل تدوين، اجرا و ارزيابي استراتژي امنيت ملي، مجلة ڕاهبرد، ش ٢٨، تابستان ١٣٨٢، ص ٤٦٠،

– ٢٣ پيشين، استراتژى امنيت ملى آمريكا در قرن ٢١، ص ١٨،

٢٤ – همان، ص ٢٩٠،

٢٥ – همان، صص ٤٣٦- ٤٣٢،

٢٦ – همان، صص ٢١-٢٠،

سەرچاوە: سايتى (آفتاب)


خوێنەری واتە ئەم کتێبانەی بۆ گرینگە:



**چین زلهێزی نوێی جیهان**

لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیی مێژوویی ئابووریی سۆسیۆلۆجییە

**دانانی: ئەردەلان عەبدوڵا**

٢٤٦ لاپەڕە

قەوارە ٢٢،٥ × ١٥،٥

بایی ٥٠٠٠ دینارە



**بنەوای باوەڕی یارسان**

**دانانی: د. محەمەد عەلی سوڵتانی**

٥٢ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢،٥

بایی ١٥٠٠ دینارە

# چۆن زمان لەناو دەچێ

توریێ یانسۆن



توریێ یانسۆن Tore Janson ساڵی ١٩٣٦ لە ستۆکهۆڵم لەدایک بووە، پرۆفیسۆری خانەنیشە لە زمانی لاتین و زمانە ئەفریقاییەکان. لە زانکۆی کالیفۆرنیا و لۆس ئەنگێلس و زانکۆکانی سوێددا کاری کردووە.

دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی لەبارەی زمان و مێژووی زمانەوە نووسیوە.

## مردنی زمانێک

زمان لە سکۆتلاندا ماوەیەکی زۆر گایلی Gaelic بوو، کە زمانێکی کێلتی Celtic بوو. لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا، گایلی هەر زیتر پاشەکشەی پێ کرا و ئینگلیزی تەواو بوو بەزمانی بالادەست. لە زۆربەی ناوچەکانی سکۆتلاندا گایلی تەواو لەناو چووە. ئەو زاراوە گێلتییەی کە لە East Sutherland قسەی پێ دەکرا، باش دۆکۆمێنت کراوە چی بەسەر هات.

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی.



هەتا کۆتاییی سەدەی هەژدەیش نزیکەی هەموو دانیشتوانەکەی بە گایلی دەدوان. لەسەر ئەو زەوییە تا ڕادەیەک بێپیتانەدا خەریکی کشتوکاڵ بوون. نزیکەی هەموویان زەوییەکانیان لە دەرەبەگە ئینگلیزەکانەوە بەکرێ وەرگرتبوو.

بەڵام دەرەبەگەکان مەیلیان چووە سەر ئەوەی واز لە کشتوکاڵ بهێنن و زەوییەکانیان بۆ بەخێوکردنی مەڕومالاَت بەکار بهێنن، چونکە خوری و گۆشتی بەرخ زۆر داوایان لەسەر بوو. ڕێک و ڕەوان، بەشی زۆری ئەوانەی زەوییان وەرگرتبوو، لە کاری کشتوکاڵییان دەرکران. بۆ مەڕومالاَت بەخێوکردنیش لە باشوورەوە خەڵکی ئینگلیزیزمانیان هێنا. کرێگرتەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا لە کەنار زەریا جێنشین بن. ئەمە وا دانرابوو، تا بە ماسیگرتن لە زەریاوە ژیانیان بگوزەرێنن.

توانیشیان، بەو شێوەیە هەتا ئێستایش نەوەکانیان وەک ماسیگر لە گوندەکانی کەناردا بژین. بەڵام ئەوان هەژار بوون و بە هەژارییش مانەوە و گۆشەگیر کران و پێوەندییان لەگەڵ دانیشتووانە ئینگلیزیزمانەکەی دەوروبەرەکەدا کەم بوو.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا ئینگلیزی فرەتر پاڵەپەستۆی هێنا. زمانی کڵێسا ئینگلیزی بوو. کە قوتابخانەیش کرایەوە، ئینگلیزی زمانی خوێندنیان بوو. تەندروستی، بازرگانی و گواستنەوە و پێوەندییەکانی تر لەگەڵ دنیای دەرەوەی گوندەکاندا، پێویستییان بە ئینگلیزی هەبوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بەشیوەیەکی گشتی هەموو کەسێک دوو زمانی دەزانی، تێکڕای خەڵک گایلی زمانی یەکەم و ئینگلیزی زمانی دووەمی بوو. بەشێکی ئینگلیزیزمانیش گواستیانەوە بۆ ناو گوندەکان، لەبەرئەوەی کەم جار خۆیان فێری زمانی گایلی دەکرد، لە هەموو بوارێکدا کە ئینگلیزیزمانێک لەگەڵ بووایە ئینگلیزی زمانی ئاخاوتن دەبوو. بەتایبەتیش وای لێ هات کە منداڵی دایک و باوک گایلیزمان و ئینگلیزیزمان لە ماڵ هەردەم گوێیان لە ئینگلیزی دەبوو و ئیتر

ئینگلیزی بوو بە زمانی سەرەکی.

بەم شێوەیە لەو گوندانەدا بەچەند نەوەیەک زمان گۆڕا، لە نزیکەی بەتەنیا گایلییەوە، بۆ نزیکەی بەتەنیا ئینگلیزی. ئەو دوا کەسانەی کە لە دایک و باوکیانەوە وەکو زمانی یەکەم فێری گایلی بوون، ئێستا زۆر پیرن. ئەو گەنجانەیش کە شتێک لە زمانەکە دەزانن، لە باپیرەکانیانەوە فێری بوون، زۆر جاران زۆر ناتەواو. ئەوان لە بارێکدا نین منداڵەکانیان یان نەوەکانیان لە چەند وشەیەکی ئەو زمانە کۆنە بەولاوە فێر بکەن. لە ماوەی چەند دەیەیەکدا زمانەکە وەک زمانی ئاخاوتن بە تەواوی لەناو دەچێ (ئەگەر موعجیزەیەکی زیندووکردنەوە ڕوو نەدات). لە نووسیندا ئەم زاراوە تایبەتە بەهۆی یاداشتکردنی چەند زمانزانێکەوە دەمێنێتەوە.

واتە نزیکەی دوو سەدە و نیوی برد، لەوەی کە زمانەکە لە ناوچەکەدا تەواو باڵادەست بوو، هەتا ئەوەی کەوتووەتە لێواری لەناوچوون. گەشەکردنەکە بەوە دەستی پێ کرد، کە قسەکەرەکان لەو وڵاتەی تێیدا دەژیان بۆ بەرژەوەندیی قسەکەری زمانێکی باڵادەست پەڕاوێز خران. پاشان زمانە باڵادەستەکە کاریگەرییەکی هەمیشەیی هەبوو، کە وردە وردە زیادی کرد. یەک لە دوای یەک ئەو ئەرکانەی وەرگرت کە زمان لە کۆمەڵگەدا هەیەتی، هەتا زمانی گایلی لەناو خێزانەکانیشدا وەک زمان تەنگی پێ هەڵچنرا. ئەو قۆناغە یەکلاکەرەوە ئەوە بوو کاتێک منداڵ دەستبەرداری فێربوونی زمانەکە بوون وەک زمانی یەکەم لە دایک و باوکیانەوە، واتە دەستبەرداری زمانەکە بوون وەک زمانی دایک. پاشان زمانەکە خێرا لەناو چوو.

لێکۆڵەری ئەمەریکایی، نانسی دوریان، دەیان ساڵ بەوردی چاودێریی گەشەی زمانی لە East Sutherland کرد. لەناو زۆر شتی سەرنجڕاکێشدا، ئەوەی نیشان دا، کە لە سەردەمی نەوە نوێیەکاندا زمانەکە خێرا گۆڕا، نەک بە پلەی یەک لەبەر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی، کە وا مەزەندە دەکرا. بگرە وا دەزانرێ گۆڕانی "ئاسایی"ی ناو زمانەکە بێ، کە زۆر خێرا دەبێ، کاتێک کەم قسەکەری مابێ.

نانسی دوریان دەستەواژەی "مردنی زمان"ی داهێنا، Language deadth مردنی زمان، بۆ ئەوەی کە ڕووی دا و "مردنی زمان" ناوی ئەو کتێبە باشەیشە، کە ئەو لەبارەی گایلییەوە لە East Sutherland نووسیی. من بەشبەحاڵی خۆم لە دەستەواژەی "مردنی زمان" دوودڵم، کە ئێستا تا ڕادەیەک باوە. بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەوە دەڵێ، کە چی ڕوو دەدات، بەڵام ئەوەیش دەگەیێنێ کە زمان ژیانێکی هەیە. ئەگەرنا نەدەکرا بمرێ. ئەمە هاوجۆرییەکی سروشتییە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ، بەڵام ئەمە سەرلێشێواندنە. مرۆڤ زمان بەکار دەهێنێ، زمانیش هەتا بەکار بهێنرێ، هەیە. کاتێک کە بەکار نەهێنرا، نییە. ئەمە ژیانێکی گەورەی کولتوور دەگەیێنێ، بەڵام ئەوەی کە لەناو دەچێ زانیاری و توانایە، نەک هیچ ئۆرگانیزمێکی زیندوو.

مردنی زمان، نزیکەی قەت ئەنجامی ئەوە نییە، کە هەموو مرۆڤەکانی، زمانەک قسە دەکەن، لەپڕ دەمرن، یان دەکوژرێن. ئەوەی کە ڕوو دەدات، ئەوەیە مرۆڤەکان قسە بە زمانێکی تر دەکەن، لەوەی

که دایک و باوکیان پێیان دەکرد، بەمەیش زمانە کۆنەکە ناگوێزنەوە بۆ منداڵەکانیان. واتە دیاردەی بنەڕەتی، زمانگۆڕینە.

یەکەم جار لەم دەیانەی ڕابردوودا لێکۆڵەرەکان بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کرد، کە چۆن زمانێک لاواز دەبێ و لەناو دەچێ. بەڵام بێگومان دیاردەکەیش نوێ و بێ هاوتا نییە. بەپێچەوانەوە ئێستا زمان زۆر لە جاران زێتر لەناو دەچن.

## زمانانی بێ داهاتوو

لەو نزیکەی پێنج هەزار زمانانەی ئێستا لەسەر زەوی قسەیان پێ دەکرێ، زۆربەیان تا ڕادەیەک ژمارەی قسەکەریان کەمە. ئێستا زێتر لە پێنج ملیارد مرۆڤ هەیە و زۆربەی هەرە زۆریان یەکێک لە زمانە گەورەکان دەزانن. گەورەترین شەست زمان بەیەکەوە زۆر زێتر لە چوار ملیارد قسەکەریان هەیە. ئەوانی تر بەسەر زمانەکانی تردا دابەش کراون، کە هەر یەکێکیان کەمتر لە دە ملیۆن قسەکەریان هەیە. بەشێکی زۆری زمانە بچووکەکان خێرا قسەکەریان کەمتر دەبێ و لە ماوەیەکی کورتدا ترسی لەناوچوونیان هەیە. بەشێکی زۆرتریشیان نیشانەی لاوازییان پێوە دیارە و ڕەنگە لە داهاتووی دووردا مەترسیی جیدییان بێتە سەر.

وەک کە دیار کەوت زمان قەت سەقامگیر نەبووە، بگرە هەردەم زمانی نوێ گەشە دەکات و زمانی تر لەناو دەچێ. بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات بە ڕێژەیەکی زۆرترە لەوەی کە پێشوو ڕووی دابێ. وەک کە لە سەرەتای کتێبەکەدا گوترا، لەوانەیە هەر لە چاخی بەردیندا ژمارەیەکی زۆر زمانی بچووک هەبووبێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە زمانی گەورە نەبووە. لە ماوەی سێ هەزار ساڵی ڕابردووەوە بەردەوام گەشەکردن بەرەو زمانی گەورە چووە، بەڵام هاوکاتیش هەزاران زمانی بچووکیش هەبوون. ئێستا نزیکەی هەموو زمانە بچووکەکان لەژێر پاڵەپەستۆی زمانە گەورەکاندان، ئەم پاڵەپیش بەردەوام زیاد دەکات. ئاکامیش ئەوەیە کە وا هەر لە ئێستاوە زۆر بەخێرایی زمان لەناو دەچێ. هەموو شتێک ئەوە دەگەیێنێ کە ئەم خێراییە زیاد دەکات و لە ماوەی چەند نەوەیەکدا ژمارەی زمانەکان زۆر لە ئێستا کەمتر دەبێ، ئەگەرچی ژمارەی مرۆڤ لەسەر زەوی بەردەوام خێرا زیاد دەبێ.

زمانە بچووکەکان هێندە زۆر قسەکەریان نییە و لە زۆربەشیاندا قسەکەرەکان نە کاریگەریی سیاسییان هەیە، نە هی ئابووری. بۆیە لەناوچوونی زمانە بچووکەکان لە زۆربەی گۆشەکانی جیهاندا، زۆر نابیسترێ. هەندێک زماناناس تێبینیی مەسەلەکەیان کردووە و هەوڵ دەدەن ڕای گشتی دروست بکەن، بەڵام لە زۆربەی لاوە گۆڕانە گەورەکە ڕوو دەدا، نزیکەی بێ ئەوەی کەس هەر تێبینیشی بکات.

ئەوەی کە لە East Sutherland لەناو چوو فۆرمێکی زمانی گایلی بوو، هەموو گایلی نەبوو. فۆرمێکی زۆر جودا بوو لە گایلییەکی تر، ئیتر دەتوانرێ گفتوگۆی ئەوە بکرێ کە ئایا زمانێکی سەربەخۆ بوو کە لەناو چوو، یان زاراوەیەک بوو.

بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە ئەگەر فۆرمێکی زمانێک لەپێناو فۆرمێکی تردا لەناو بچێ کە وەکو یەکترین، یان لەپێناو یەکێکی تردا لەناو بچێت کە تەواو جودایە. لەناو دەچێ. ئیدی ئەگەر ئەو فۆرمەی لە East Sutherland زمان بووبێت یان زاراوە، ئەوا قسەکەرەکان چوونە سەر زمانی ئینگلیزی، نەچوونە سەر گایلییەکی تر. ئەمە ئەڵقەیەکی گرینگی گەشەکردنێکی گشتی بوو، کە وا مەزەندە دەکرێ بەوە کۆتایی دێت کە هەموو فۆرمێکی گایلی لەپێناو ئینگلیزیدا لەناو دەچێ. کە ئەمە ڕووی دا، ئەوسا زمانێک، (یان چەند زمانێکی لە یەکتری نزیک) بەتەواوی لەناو چوون.

شتێکی تریش، کە ئێستا بەربڵاو ڕوو دەدات، زاراوەی زمانن کە ڕێنووس و زۆر قسەکەریان هەیە، وەک فرانسی و سویدی و هی تریش، زۆرجاران وەک زمانی ستانداردیان لێ دێت. هەندێ جاریش بەتەواوی لەناو دەچن. زاراوە سویدییەکانی دەشت بەشێوەیەکی بەرچاو دووچاری ئەمە دەبن. بەشێکی زاراوەکان کە زۆر لە زمانی ستاندارد جودا بوون، بۆ نموونە "ئێلڤدالسمۆل و پیتێمۆل" Elvdalsml & Piteml لە ڕاستیدا لە فۆرمی ڕاستەقینەی خۆیان نەماون. نزیکەی هەموو زاراوەکانی دەشت، بەشێکی زۆر لە وشە تایبەتەکانی خۆیان لە دەست دەدەن و لەبریاندا وشەی زمانی ستاندارد بەکار دەهێنرێ. بەڵام هێشتا دەکرێ فۆنێتیک زۆر دوور بێ لە هی زمانی ستانداردەوە.

کە زاراوەکان زێتر وەکو یەکتریان لێ دێت، یان لەناو دەچن بەشێکی لەبەر هەمان هۆیە، کە زمانێک لەناو دەچێ. ئەمە پێوەندیی بە زێتر خوێندن، زیادبوونی چالاکی، باشتربوونی پێوەندیی و شتی ترەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر کەمتر دراماتیکییە ئەگەر مرۆڤ زاراوەکەی بگۆڕێ، لەوەی کە بچێتە سەر زمانێکی تەواو جوداتر. جیاوازییەکی گەورەیش هەیە کە چەند فێربوون پێویست دەکات.

لێرەدا زاراوەگۆڕین بەجێ دەهێڵم، ئەگەرچی بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشیشە. وەکو تر، هەر وا نییە کە زاراوە لەناو دەچێ، بگرە بەردەوام هی تریش دروست دەبێ. بەڵام ئەمە بابەتی کتێبێکی ترە. لێرەوەی ئەم بەشە بەتەنیا لەبارەی زمانگۆڕینی بنەڕەتییەوە دەبێ.

## چی دەمێنێتەوە؟

کە زمانێک لەناو دەچێتهیچی لێ دەمێنێتەوە؟ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆر کەم. بە دڵنیاییەوە لەم سەدانەی دواییدا زۆر زمان لەناو چوون بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک، کە بناسرێتەوە بەجێ بهێڵن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو زمانانەی ئێستا لەناو دەچن، ئەگەر هیچ نەبێ ناوێک لە دوای خۆیانەوە بەجێ دەهێڵن و کەم جاریش نەبووە، فۆرمێکی هێشتنەوە، یان تۆمارکردن نەبووبێ. ئەگەر تێکستێکی نووسراو هەبێ ئەوا گەلێک جار میسیۆنارێک (موبەشرێک) شتێکی کردووە، ڕەنگە تەرجەمەکردنی بەشێکی کتێبی پیرۆز، ڕێزمانێکی سادە و فەرهەنگێک.

ئەگەر وەسفێکی باش و شتێکی وا دەوڵەمەندی تێکستی نووسراو هەبێ، ئەگەر کەسێک بخوازێ دەکرێ فێری زمانەکە ببێ و هەر بە ڕاستی سەرلەنوێ قسەی پێ بکرێ. ئەو زمانانەی کە زۆر ئاسەوار لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، بەیەکجاری لەناو ناچن، بەڵکە لە بەردەستدا دەبن، بۆ نموونە، بۆ نەوەی نوێی ئەوانەی قسەیان پێی دەکرد، بۆ لێکۆڵەری زمان و ئەوانەی ئارەزوویان لێی هەیە. ئەوە بەهایەکی یەکجار زۆر گەورەی هەیە، ئەگەر هەتا بکرێ لەو زمانانەی کە خەریکە لەناو دەچن، بەو شێوەیە دۆکۆمێنت بکرێن. بەداخەوە ترسێکی زۆر هەیە ئەو کارە نەکرێ.

کە زمانێک دوای ئەوەی بەکار نەهێنرا، دیسان سەرلەنوێ قسەی پێ بکرێ، بێگومان زۆر ناباوە. بەڵام نموونەیەکی زۆر ناسراو هەیە کە لەڕاستیدا دەکرێت بەشێوەیەکی بەربڵاو بکرێ. زێتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، زمانی عیبریی ئینجیل، وەک زمانی قسەکردن لەناو چوو، بەڵام لە سەدەی بیستدا زیندوو کرایەوە و ئێستا بۆ نووسین و قسەکردن لە ئیسرائیلی نوێدا بە کار دەهێنرێ. ئەوە بۆیە هەڵەیە کە زمانێک کە قسەی پێ ناکرێ، بەڵام نووسراوی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، بە "مردوو"ی بزانین. ئێستا بەکار ناهێنرێت. ئەو سەرمایە کولتوورییەیش کە زمان نوێنەرایەتیی دەکات، قەت تەواو لەناو ناچێ.

ئەو زمانانەی کە لە دوای خۆیان نووسراو بە جێ ناهێڵن، بەشێوەیەکی ڕەها لەناو چوون. تاکە شت کە باوە لە دوای خۆیان بەجێ دەهێڵن، ناوی چەند ناوچەیەکە، ڕەنگە تاکوتەرایش وشەی لە زمانی تری نزیکەوە وەرگیراو بێ، ڕەنگە شێوەیەکی تایبەتی تۆنی دەنگ بێ لای نەوەی ئەوانەی بە زمانەکە قسەیان کردووە، بەلای کەمەوە لای چەند نەوەیەکی سەرەتا.

نموونەیەک لەسەر ئەوەی کە زمانێکی لەناوچوو چی لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ، دەکرێ لەبارەیەوە لێ بکۆڵیتەوە، ئەگەر لە ئەمەریکا بچیتە جێی سوێدینشینەکان. زێتر لە شەشسەد هەزار سوێدی، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا کۆچیان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان کرد. لە ماوەی کۆچکردنەکە و چەند دەیەیەکیش دواتر لە مینیسوتا و شیکاگۆدا، زمانی سوێدی زۆر بەکار دەهێنرا. بەڵام زوو منداڵی کۆچکردووەکان، بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو ئینگلیزییان کردە زمانی یەکەم و ئیستا زمانی سوێدی یەکجار زۆر کەم بەکار دەهینرێ. ئەو یادەوەرییە زمانەوانییانەی کە لە ئاخاوتندا ماون، ناوی زۆر شوێنن، وەکو ستۆکهۆلم، ئوپسالا و شوێنی تر، ناوی زۆر کەس و زاراوەیەکی ئینگلیزیش کە لە مینیسوتادا هەیە، بە ڕوونی ئاسەواری فۆنێتیکی سکەندیناڤیایی بەسەرەوەیە. بەڵام لە نووسیندا "سوێدیی ئەمەریکا" ماوەتەوە. لە ماوەی زۆر ساڵاندا، زۆر ڕۆژنامە بە سوێدی بڵاو کرانەوە و کۆچکردووەکان زۆر بەرهەمی ئەدەبییشیان

نووسی. ئەگەر واز لەوە بهێنین، کە زمانی سوێدی لە ئەوروپادا زمانێکی زیندووە لە نووسین و ئاخاوتندا، ئەوا لە ئەمەریکادا شاهێدیی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە.

## چۆن زمانەکان لەناو دەچن

لە هەموو بەشێکی جیهاندا زمان لەناو دەچێ و لە هەموو شوێنێکیشدا، پرۆسەکە وەکو یەکە. مرۆڤ لە قسەکردن بە زمانێکی لە ناوچەیەک بەکار هاتووە، کە کەم کەس قسەی پێ دەکات، دەچێتە سەر زمانیک و بەکاری دەهێنێت کە زۆر قسەکەری هەیە و لە ناوچەیەکی فراوانتریشدا برەوی هەیە. هۆیەکان وەکو یەکترین. نزیکەی لە هەموو وڵاتێکدا خوێندنی قوتابخانە زیاد دەکات و تەنیا زۆر کەمیان بە زمانی بچووکن. بازرگانی و پێوەندییەکانیش زۆر لە زیادبووندان، ئەمەیش پێویستیی بوونی زمانێکی هاوبەش لەگەڵ دەوروبەرێکی گەورەتردا زیاد دەکات. خزمەتگوزاریی تەندروستی، بە پارە کارکردن، باج و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دیاردەن کە هەتا دێت قسەکەری زمانی بچووک زۆر باش پێیان ئاشنا دەبن. ئەمانە هەموویان لە جاران زێتر پێوەندیی لەگەڵ خەڵکی تردا دەگەیێنێ، کە هی ناوچەکە نین و زمانی ناوچەکەیش نازانن.

بێجگە لەمەیش، زۆر جاران قسەکەری زمانە بچووکەکان، لە وەرگرتنی زەوی و کەرەستەی تردا پشتگوێ خراون، وەک کە لە East Sutherland وا بوو. ئەوان کەم، یان قەت ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بکەن، بگرە دەبێ خۆیان فێری زمانی دەسەڵاتدارەکان بکەن، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی خۆیان بکەن.

بەڵام بێگومان بارەکە لەنێو وڵات و کیشوەرەکاندا زۆر جیاوازیی هەیە. دەتوانین بەشێوەیەکی زۆر گشتی بڵێین، هەر کیشوەرێک حاڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

بەڵام لە پێوەست بەم مەسەلەیەدا دەبێ مرۆڤ دوورگەی ''گینیای نوێ'' New Guinea سەربەخۆ ببینێ، چونکە گەلێک زۆرتر لە هەر بەشێکی جیهاندا، زمانی هەیە. دوورگەکە ڕووبەرێکی هەیە کە کەمێک لە هی سوێد گەورەترە و کەمتر لە پێنج ملیۆن دانیشتووانی هەیە، بەڵام وا دەزانرێ کە هەتا هەزار زمانی هەبێ، یان یەک لەسەر پێنجی ئەو هەموو زمانانەی کە لەسەر زەوی قسەیان پی دەکرێن. دوورگەکە لە ڕووی سیاسییەوە دابەش کراوە: بەشی ڕۆهەڵات وڵاتی ''پاپو گینیای نوێ''ی سەربەخۆیە، بەشی ڕۆژئاوا سەر بە ئیندونێسیایە بەناوی ''ئیریانە ژایە''.

''گینیای نوێ'' دەشتودەرێکی یەکجار زۆر عاسێی هەیە و هەتا چەند دەیەیەک لەمەوبەریش پێوەندیی نێوان ئاوەدانییەکان زۆر خراپ بووە. خەڵکەکە گرووپی بچووکی سەربەخۆ بووە و بە کشتوکاڵی سادە و بازرگانیی زۆر سنووردار لەنێو کۆمەڵگەکاندا ژیاوە، لە کولتوورێکی ماتریالیدا بە چاخی زووی بەردین دەزانرێ. ڕاستتر هەر گوندێک زمانی خۆی هەبووە و هێشتوویەتییەوە. زۆر لەو زمانانە زۆر بچووکن، ڕەنگە بە کەمتر لە سەد قسەکەرەوە و پێ ناچێ لە هیچ سەردەمێکدا زۆر گەورەتر بوو بن.

لە سەدەی بیستدا و بەتایبەتیش لە دەیەکانی دواییدا، زۆربەی کۆمەڵگەکان پێوەندیی و بازرگانی، دەرفەتی خوێندن و پێوەندیی لەگەڵ میسیۆنار و هی تریش، دروست کرد. گۆڕانەکان زۆر سەرسوڕهێن و بنەڕەتین. ئاکامێکی ئەم سەردەمە نوێیە ئەوەیە، کە منداڵ و گەنجەکان بەلێشاو دەستبەرداری زمانە خۆماڵییەکان دەبن.

ئەوان لە بریدا لەناو ئەو زمانانەدا ئەو زمانە هەڵدەبژێرن کە لە دەرەوەی گونددا پێوەندییان پێیەوە هەیە. لە زمانە جیهانییەکان نین، بگرە لە "پاپوا گینیای نوێ" توکپیسینە. توکپیسین (کە لە Talk pidginەوە هاتووە) جۆرە زمانێکی "کریۆل"ە، کە لەو شێوەیەیە، پێشتر لەبارەیەوە دواین. زەخیرەی وشەی لە ئینگلیزییەوە هاتووە. سەرەتا وەک زمانێکی "پیجن" لە کێڵگەکانی کە لە دوورگەکانی مێلانسین، لە دەرەوەی "گینیای نوێ"دا هەبوون، خوێنرا، بەڵام زوو بوو بەزمانێکی بە برەوی پێوەندیی لە هەموو ناوچەکەدا. لە "پورت مۆریسبی" پایەیەکی باشی درایێ، کە بوو بە پێتەختی وڵاتە تازەکە، "پاپوا گینیای نوێ" کە ساڵی ١٩٧٥ سەربەخۆیی وەرگرت. لە پاشاندا زمانەکە بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵک بوو بە زمانی دایک و پایەیەکی باشی درایێ وەک ئامرازی هاوبەشی دەربڕینی نەتەوە.

لەوانەیە ئێستا لە "گینیای نوێ"دا چەند سەد زمانێک لە بەرژەوەندیی زمانی "توکپیسین"دا خەریکی لەناوچوون بن. بەداخەوە ئاسان نییە بە وردی بزانرێ چی ڕوو دەدا.

لە کیشوەری باشووردا، لە ئوسترالیادا. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، ئەوروپاییەکان، بەشێوەیەکی دڕندانە تەنگیان بە "ئەبورگینییەکان" هەڵچنی. ئێستا بارەکە جودایە. ئاخیروئۆخرەکەی ئەبورگینییەکان هەندێ دەرفەتیان پێ ڕەوا بینرا دەنگیان ببیسترێ، ڕاو نەنرێن و نەچەوسێنرێنەوە. بەڵام وەک گرووپێکی گیرۆدەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەمێننەوە و کەوتوونەتە بەر ڕەفتاری ڕەگەزپەرستی و کولتووری ڕەسەن و شێوەی ژیانیان لەناو چوون. ئەوان زۆر هۆیان هەیە بچنە سەر زمانی ئینگلیزی، کە زمانی زۆرینە و هۆی زۆر کەمیشیان هەیە، کە زمانەکانی خۆیان بهێڵنەوە. هەموو شتێک ئەوە دەگەیێنێ، کە لە ماوەی چەند نەوەیەکدا ئەو زمانانە لەناو دەچن.

لە ئەمەریکا و کەنەدا، بۆ زمانە هیندییەکانی کە ماون، حاڵەتەکان تا ئاستێک وەکو یەکترین. ئەگەرچی هەندێک هەوڵیش دەدرێن بۆ ئەوەی بەشێک لەو زمانانە بەزیندوویی بمێننەوە، وا باوەڕ دەکرێ کە زۆربەیان لە دوای نەوەیەک، یان دوو نەوەی تر، لەناو بچن. کە ئەوروپاییەکان هاتن وا بڕوا دەکرێ، نزیکەی سێسەد زمان هەبوون، هەتا ساڵانی ١٩٦٠یش زمانناسەکان وایان مەزەندە دەکرد کە نزیکەی دووسەد زمان قسەیان پێ دەکرێ. بەڵام لەم چەند دەیەی دواییدا، ژمارەیان خێرا کەمی کردووە، بەوەی کە ئەو دوا کەسانەی ئەو زمانانەیان دەزانی، مردن. بێگومان منداڵەکان زمانی قسەکردنیان دەکەنە ئینگلیزی.

گەشەکردنەکە، لە ئەمەریکای ناوەڕاست و ئەمەریکای باشووردا، زۆر لە یەکتری دەچێت.

ئەگەرچی هێندە لەمێژیش نییە. گەنجەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان دەچنە سەر زمانی ئیسپانی و پورتوگالی. بەڵام هێشتا چەند سەد زمانێک ماون.

لە ئاسیا و ئەوروپادا بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەمتر زمان هەیە، چونکە لێرە زۆر لەمێژە زمانی گەورە پەرەیان سەندووە و زۆربەی زمانە بچووکەکانیان قووت داوە. بەڵام هەتا ئێستایش هەندێک شت هەر ڕوو دەدەن. لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا ڕووسیا فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر هەموو سیبیریادا فراوان کرد، لەوێ زۆر میللەتی بچووک دەژیان. ئێستا زۆربەی ئەوانەی لە سیبیریا دەژین ڕووسی دەزانن، زۆر لەو زمانە بچووکانەیش مەترسییان لەسەرە، یان هەر نەماون.

لە ئەوروپا تەنیا دەیان زمانی بچووک ماون، کە ئەگەر مرۆڤ حاڵەتەکانی بەشەکانی تری جیهانی لە بەرچاو بێ، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام لای ئێمەیش زمان لەناو دەچێ. بۆ نموونە، لە سوێد زمانی "سامیی باشوور، سامیی لولێ و سامیی باکور" هەن. لەوانە سامیی لولێ زۆر لاوازە و سامیی باشووریش خەریکە لە سوێد لەناو دەچێ، لەگەڵ ئەوەیشدا لە نەرویج کەمێک بەهێزترە. دەشێت لە ماوەی چەند نەوەیەکدا هەرسێ زمان لەناو بچن.

لە ئەفریقا ڕەوشەکە تا ڕادەیەک جودایە. لە کیشوەرەکەدا نزیکەی هەزار زمان هەیە و زۆربەیان بچووکن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەم ماوەیەدا کرا، نزیکەی دووسەد لەو زمانانە هەڕەشەی جیدییان لەسەرە، یان وەک زمانی قسەکردن لەناو چوون. لێرەیش وەک لە کیشوەرەکانی تردا، ژمارەی زمانەکان خێرا کەم دەبنەوە.

جیاوازییەکە ئەوەیە، کە لە ئەفریقا، قسەکەرەکان بەگشتی ناچنە سەر زمانێکی گەورەی ئەوروپایی، وەک ئینگلیزی، یان فرەنسی یان پورتوگالی. ئەو زمانانە تا ئاستێکی باش لە ئەفریقادا هەن، چونکە ئەوان زمانی کۆلۆنیالی جارانن، کە وەک زمانی فەرمیی بەڕێوەبردن بەکار دەهێنرێن، کە زمانی هەموو خوێندنە باڵاکانن و ڕۆژنامەیش لە نووسین و قسەکردندا سەدان میلیۆن ئەفریقایی بە کاریان دەهێنن. بەڵام ئەوانەی کە زمانە بچووکەکان دەزانن، ناچنە سەر یەکێک لەو زمانانە. یەکەمیان لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی کەم کەس هەیە لە ئەفریقا کە زمانێکی ئەوروپایی، زمانی دایکی بێ، ئەگەر باشووری ئەفریقای لێ دەربهێنین. دووەمیان لەبەرئەوەیە، زمانە بچووکەکان لە شارەکاندا نین، کە لەوێ زمانە ئەوروپاییەکان بەهێزن، بەڵکە لە دەشتەکانن. لەوێ دەکەونە بەر پاڵەپەستۆی زمانێک کە لە نزیکیانەوەیە. هەندێ جار قسەکەرەکان لە زمانێکی زۆر بچووکەوە دەچنە سەر زمانێکی کەمێک گەورەتر، کە لەو دەوروبەرەی تێیدا دەژین، گرنگە. بەڵام گەلێ جار یەکێک لەو زمانانە هەڵدەبژێرن، کە لە سەدەی بیستدا لە وڵات و ناوچەی جودادا باش گەشەی کردووە. لە تانزانیا و کینیادا زمانی "سواحیلی"یە، لە زیمبابوێدا "چیشونە"یە، لە بوتسوانادا "سیتسوانا"یە، لە نێگیریادا " هاوسا، یوروبا، یان ئیگبۆ"ن و... هتد. بەم شێوەیە چەندان زمان لەناو دەچن و چەند زمانێکی بەهێزیش، بەهێزتر دەبن.

ئەگەر ئەمانە هەموویان لەسەر یەکتری دابنێین، دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە بەلای کەمەوە هەزار

لەو پێنج هەزار زمـــانانەی ســەر زەوی ڕەنگە لە مـــاوەی چەند نەوەیەکــدا لـەناو بچن. ئەگــەر هەلومـەرجـەکان نەگۆڕێن، بۆ ماوەیەکی زۆر گەشـەکردنەکە بەهـەمـان ڕەوت دەڕوات، هـەتا ڕەنگە نیوەی ئەو زمانانەی کە ئێستا هەن، لە ماوەی سـەد ساڵدا لەناو بچن.

بەڵام ئاسان نییە بەوردی بزانرێت چی ڕوو دەدات. هـەمـوو زمانێکیش هـەمان گـەشـەی نابێ. زۆر شت پێوەندیی بـە قسـەکەرەکانەوە هـەیە. دەکرێ ئەمـە لە جیـاوازیی نـێوان دوو زمـانی بچـووک لە ئەفریقادا ببینین.

## شـێیی و تیـمبوکوشـوو

لە باکوری بوتسوانادا، زۆنگاوێکی گەورەی سـەیر هـەیە. ڕووباری "ئوکەڤانگۆ" دەڕژێتە ناو بیابانی "کەلەهاری"، بەڵام ڕێگە دەرناکات، بگرە لە دێلتایەکی گەورەدا پەنگ دەخواتەوە و لەوێ ئاوەکە لەم ئاووهـەوا وشکە و لەبەر ئـەم هـەوا گەرمـەدا دەبێتـە هـەڵم. دێلتـاکە خاکێکی یەکجـار زۆر جـوانی بە سـروشـتێکەوەیە، کـە مرۆڤ کـەمێک کـاری تێ کـردووە. لێرە فـیل و شـێر، زەڕافـە و گامـێش دەژین. چەند گوندێکی بچووکیش هـەن، کـە دانیشـتووانیان بە مـاسیگرتن و کـەمێک کشـتوکاڵیـشـەوە ژیان دەگوزەرێنن. لە جـوانتـرین شـوێنەکانیـشـدا، خـانووی نایاب و بچـووکی گـەشـتیـاری هـەیە. ئێسـتـا دێلتاکە ناوچەیەکی پارێزراوە.



ئەو خەڵکانەی کە لە دێلتاکە و دەوروبەریدا دەژین، سەر بە چەند گرووپێکی ئێتنیکیی زمان جودان. لە هەمووان بە ژمارە زۆرتر "وایێیی"یە، Wayeyi کە بە زمانی "شیێیی" Shiyeyi قسە دەکەن. مەزەندە دەکرێ بیست و پێنج هەزار کەس بن. گرووپێکی تری گەورە "هەمبوکوشوو"ە، Hambukushu کە بە زمانی "تیمبوکوشوو" Thimbukushu قسە دەکەن. ئەوان لە نێوان پێنج هەزار و دە هەزار کەس دەبن. لەوێیش زۆر کەس هەیە، زمانی "سیتسوانا" Setswana قسە دەکەن، کە زمانی سەرەکییە لە بوتسوانادا. ئەم گرووپە گەشە دەکات، هاوکات ئەوانی تر بچووک دەبنەوە.

ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکەین، ڕەوشەکان بۆ "شیێیی و تیمبوکوشوو" زۆر زۆر هاوشێوەن. هەردووکیان لە گۆشەیەکی دوورەپەرێزی وڵاتدا، کەمینەی بچووک قسەیان پێ دەکەن. هیچ لە زمانەکان لە قوتابخانە ناخوێنرێن، کە زۆربەی منداڵەکان دەچنە قوتابخانە. لەوێ لە چەندساڵی سەرەتاییدا، هەموو شتێک بە زمانی "سێتسوانا"یە و لە پۆلەکانی سەرووترەوە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە. هیچ لەم زمانە بچووکانە وەک زمانی نووسین بەکار نەهاتوون، بە ئاستێکی یەکجار زۆر کەم نەبێ.

بەڵام ئەم دوو زمانە وەکو یەکتری گەشە ناکەن. "شیێیی" وا خەریکە زۆر خێرا قسەکەری کەم دەبێتەوە. ئیتر منداڵەکانی گوند زمانەکە وەک و زمانی یەکەم فێر نابن، بەڵکە، ڕەنگە وەک زمانی دووەم و ئەوسایش هێندە باش فێری نابن. لەو بیست و پێنج هەزار کەسەی کە پێیان وایە کە سەر بە گرووپی "وایێیی"ن، لەڕاستیدا نزیکەی هەر نیوەیان بە ڕاستی زمانی "شیێیی" وەکو زمانی یەکەمیان قسەی پێ دەکەن. ئەوانی تر زمانی "سێتسوانا"یان وەک زمانی دایک و زمانی "شیێیی" وەکو زمانی دووەم قسەی پێ دەکەن، یان هەر نایزانن.

کەچی وا پێ دەچێ "هەمبوکوشوو" قەت نایەوێت دەستبەرداری زمانی خۆی ببێ. ئەگەرچی ئەوان ژمارەیان زۆر کەمترە، بەڵام ئێستا هیچ ئەو ترسە نییە کە زمانەکەیان لەناو بچێ. منداڵەکان لە ماڵ فێری دەبن و دایک و باوکەکانیش لە ژیانی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن.

جیاوازییەکە پێوەندیی بە فاکتەری دەرەکییەوە نییە، بگرە پێوەندیی بە داوونەریت، مێژوو و ویستی خۆیانەوە هەیە. "وەیێیی" هیچ ئیدارەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی خۆی نەبووە و زوو خۆیان لەگەڵ ئەو بارە نوێیەدا گونجاندووە، کە لە سەدەی نۆزدەدا، دێلتاکە لە ڕووی سیاسییەوە کەوتە دەست "بەتاوەکان"، کە گرووپێکن بە "سێتسوانا" قسە دەکەن. ئەوان نەریتیانە گەڕۆک بوون و لەملا و ئەولادا کاریان وەرگرتووە. ئێستا هەر لە نزیکی خۆیان کاری گەشتیارییان دەست دەکەوێ. ئێستا هاوسەرگیری لە دەرەوەی گرووپەکەیاندا باوە. کاتێک چەند دەیەیەک لەمەوبەر دەرفەتی خوێندنیشیان بۆ ڕەخسا، دەرفەتەکەیان بۆ منداڵەکانیان قۆستەوە.

"هەمبوکوشوو" ئەزموونێکی بەهێزی لە خۆبەڕیوەبردندا هەیە و لە چەند ناوچەیەکدا زۆر لەگەڵ یەکتریدا دەژین. ڕوانینیان وەکو ئەوان باش نەبووە بەرانبەر بە قوتابخانە، بەڵام هەستێکی تا ڕادەیەک بەهێزیان بۆ داوونەریتی خۆیان هەیە. ئەوان زێتر لەناو گرووپی خۆیان گرد دەبنەوە و

پێوەندییان بە جیهانی دەرەوە کەمە.

جیاوازیی وا، جیاوازیی نێوان ئەوەن، کە زمانێک بەردەوام دەبێ لە مانەوەدا و یەکێکی تر لەناو دەچێ. ئەوە بەتەنیا پاڵەپەستۆی دەرەکی و باشیی مرۆڤەکان نییە، کە ئەوە یەکلا دەکاتەوە، کە ئەوان کام زمان هەڵدەبژێرن بەکار بهێنن، بگرە تێگەیشتنی ئەوانیشە لەوەی چی گرینگە و لە بنەچەیشدا خۆیان چین.

## لەناوچوونی زمانەکان – باشە یان خراپە؟

کاتێک پرسیار لە "وەیێیی"یە wayeyi گەنجەکان دەکرێ، کە زێتر کام زمان بەکار دەهێنن، دەڵێن کە زێتر سێتسوانا بەکار دەهێنن و هەندێ جاریش ئینگلیزی، بەڵام نزیکەی قەت "شیێیی" بەکار ناهێنن. بەڵام ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێ ڕایان چییە بەرانبەر بە زمانی شیێیی، ئەوە دیار دەکەوێت کە زۆر ڕێزیان بۆ زمانەکە هەیە و بە لایانەوە گرینگە بمێنێ، چونکە بەشێکی گرینگی فەرهەنگی خۆیانە. لە ڕاستیشدا ئەوانەی کە زمانەکە خراپ دەزانن، دەڵێن کە زۆر ڕێزیان بۆی هەیە.

ڕەنگە ئەمە وا پێ بچێت کە ئەوان نائەقڵانی بن، یان دووڕوویی بێ، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. گەنجەکان خۆیان بەو گرووپە دەناسنەوە کە خۆیان و دایک و باوکیان سەر بە "وایێیی"ن و ئەمەیش بۆ هەموو کەسێک ئاساییە وا بکات. ئەوان دەزانن کە زمان یەک لە نیشانە تایبەتەکانی گرووپەکەیە و زۆر ڕێزی دەگرن، ئەمەیش هەر سروشتییە. کە زۆر بە زمانەکە قسە ناکەن، پێوەندیی بەو بارودۆخەوە هەیە کە ئەوان خۆیان دروستیان نەکردووە.

یەک لە بارودۆخەکان ئەوەیە کە دایک و باوکەکان لە ماڵ زێتر بە "سێتسوانا" قسەیان دەکرد، ڕەنگە لەبەر ئاسانی، یان لە ناچاری، بەڵام ڕەنگە لەبەر بەرژەوەندیی منداڵەکانیشیان بووبێ. ڕەنگە ئەوانیش هەمان تێگەیشتنی باشیان لەسەر "شیێیی" هەبووبێ، بەڵام پێیان وا بووە، کە لە هەموو شتێک گرینگتر ئەوە بووە هەتا بکرێ زوو منداڵەکانیان زمانی قوتابخانە فێر ببن. ئاکامی ئەوەی کە زۆر دایک و باوک بەهەمان شێوە بکەن، ڕەنگە وای لێ بێ زمانەکە لەناو بچێ، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە دایک و باوکەکان، یان منداڵەکان بیانەوێ زمانەکە لەناو بچێ.

وا پێ دەچێ زۆر جار بەم شێوەیە بێ. زمانێک لەبەر ئەو هۆیە لەناو ناچێ، کە ئەوانەی قسەی پێ دەکەن، دەیانەوێ لە ناو بچێ، بەڵکە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەیشدا کە کەسیان نایانەوێ، لەناو دەچێت. وا پێ دەچێ ئەوەیش باو بێ کە قسەکەرەکان خۆیان هەتا قۆناغێکی زۆر درەنگ، کاتێک کە نەوەی نوێ نزیکەی بە تەواوی زمانەکەی نەماوە، لەوە تێ ناگەن کە هەموو زمانەکەیان لە مەترسیدایە. ئێستا وا پێ دەچێ ئەم تێگەیشتنە بۆ زمانی "شیێیی" هاتبێ. ئێستا "وەیێیی" کۆمەڵەیەکی دامەزراندووە بۆ ئەوانەی زمان نازانن، ئەرکی ئەوەیە ڕێنووس ڕێک بخات و تێکست بڵاو بکاتەوە و شتی تریش. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە کاریگەرییەکەی ببینین.

ئەگەر قسەكەرەكان نزيكەی هەموو كاتێک پێیان وایە، كە ئەوە باش نییە زمانی ئەوان لەناو بچێ، كەسی تر هەیە كە دەیەوێ زمانی ئەوان بكوژێ؟ وەڵامەكە -بەڵێ- یە، بەلای كەمەوە لە زۆر باردا. لە هەموو دەوڵەتەكانی جیهاندا حكوومەت هەیە و زۆربەی حكوومەتەكانیش پێیان باشە كە گرووپی ئێتنیكی و زمانی كەمی لە وڵاتدا هەبێ.

تا ئاستێک لەبەرئەوەیە زۆر كەس لە جیهاندا وا دەزانێ كە دەوڵەتی نەتەوەیی، كە یەک نەتەوەیە و یەک زمانی نەتەوەییشی هەیە، باشترین یەكەتیی سیاسییە. ئەم تێگەیشتنە لە ئەورووپادا زۆر بەهێز گەشەی كرد و تێیدا چەند دەوڵەتێكیش بەرەو ئەو لایە گەشەی كرد، كە بینیمان. بەڵام لە زۆر بەشی جیهاندا واقیع تەواو بەجۆرێكی ترە. بەشێكی پێوەندیی بە نەخواستنی حكوومەتەكانەوە هەیە دژی فرەزمانی و ئەو گرفتانەی لەگەڵ خۆیان دەیانهێنن. سەختە، یان مەحاڵە خوێندن بە زۆر زمان دابین بكرێ، ناكرێت بە زۆر زمان قانوون بنووسرێ و گفتوگۆكانی پارلەمان بكرێن و ناشتوانرێ پۆلیس و كارمەندی تەندروستی زۆر زمان بزانن.

بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەتەكان، نزیكەی هەمیشە ڕكیان لە هەموو زمانەكانی وڵات دەبێتەوە، بێجگە لە یەک، یان دوو زمان نەبێ. بەهەرحاڵ لە هەمووشیان خراپتر كەمینە بچووكەكان نین، گەورەكانن، چونكە ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە ترسناكن. بەڵام لەلایەكی ترەوە، دەكرێ زۆر جاران كەمینە بچووكەكان پشتگوێ بخرێن، بێ ئەوەی مەترسیی سیاسییان هەبێ.

لە ئەورووپا، لەمێژە دەوڵەتە نەتەوەییەكان بەهێزن و لە توانەوەی زۆر زمانی بچووكدا سەركەوتن. بە زۆریی مێتوودەكان ڕەق بوون، لەوانە لە سوێد. هەتا ئێستایش لە "تورنێدال" زۆر كەس لە بیریەتی چۆن كە لە قوتابخانە بە زمانی "فینلەندیی تورنێدال" قسەیان دەكرد، سزا دەدران. لەم چەند دەیەی ڕابردووەوە، لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەكاندا كەمە زمانەكان، باریان باشتر بووە. ڕەنگە زێتر لەبەر زیادبوونی تولێرانس بووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگە زێتر لەبەرئەوە بێ، كە ئیتر ئەو زمانانە هیچ مەترسییەک نین.

لە بوتسوانادا كە "شێیی" قسە دەكرێ، زمانێكی زۆرینە هەیە، كە "سێتسوانا"یە و نزیكەی بیست زمانی تریش هەن. زۆرینەیان قسەكەریان زۆر كەمە. ئەگەر حكوومەت بشیەوێ، هیچ ئیمكانییەتێكی نابێ كە خوێندن بەو هەموو زمانانە دابین بكات، یان خزمەتگوزاری تریان پێ بكات. ئەو زمانانە لە دەرەوەی گۆڕانە بەهێزەكانی كۆمەڵگەدا دادەنرێن، چونكە هیچ شتێكی تر نییە بكرێ. هیچ زمانێک دژایەتی ناكرێ، وەک كە هەتا ئەم ماوەیەیش لە سوێد دەكرا، بەڵام یارمەتیش نادرێن. ئەگەر هەر لە خۆیانەوە لەناویش بچن، ئەوا بێگومان گرفت بۆ ئیدارەكانی حكوومەت كەمتر دەبێتەوە.

بێجگە لە قسەكەرەكان خۆیان و حكوومەتەكان، خەڵكی تریش هەن كە بیروڕایان هەیە. لێكۆڵەرەكانی زانستی زمان و مرۆڤناسی بینیویانە كە چی وا خەریكە ڕوو دەدات. بێگومان هەموویان لەوە نیگەرانن كە سەدان زمان لەناو دەچێ. هەر یەكێكیان بەرهەمهێنەری كولتوورین،

ئەزموونی ژیانی زۆر نەوەیان هەڵگرتووە و هێزی زمانەوانیی داهێنەرن. بەڵام تێگەیشتنی جودا هەیە کە پێویستە چی بکرێ. هەندێک لێکۆڵەر پێیان وایە هەتا بکرێ، لە هەموو وڵاتێکدا کار بکرێتە سەر ڕای گشتی و قسەکەرەکان خۆیان و گەشەکردنەکە بسوڕێنرێ. هەندێکی تر پێیان وایە ئەوە ئەرکی لێکۆڵەرەکانە، کە ئەوەی ڕوو دەدات تۆماری بکەن و هەتا ئەو شوێنەی دەکرێ شاهێدی لەبارەی زمانانەوە بپارێزن، کە لەناو دەچن، بەڵام خۆیان تێکەڵ نەکەن.

ئەوە هێندە گرینگ نییە لێکۆڵەرەکان چی دەکەن و چی ناکەن. هەتا پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەو شێوەیە بن کە ئێستا هەن، زمان بەردەوام لەناو دەچێ، بە لای کەمەوە بە هەمان ڕەوتی ئێستا. لە ڕاستیدا کەم مرۆڤ حەز دەکات کە ئەمە ڕوو دەدات، بەڵام زمانگۆڕین لە زمانێکی بچووکەوە بۆ یەکێکی گەورەتر، زۆر سوود دەبەخشێ، کە لە داهاتوویشدا زۆر کەس وا دەکات. هەر گۆڕینێکیش هەنگاوێکە بەرەو ئەو ڕۆژەی کەس نابێ قسە بە زمانە بچووکەکە بکات.

سەرچاوە:

Tore Janson   Sprken och historien Norstedts 1997

---

خوێنەری واتە ئەم کتێبانەی پێویستە:



**کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ**

کۆمەڵە وتار

**نووسینی: مەسعوود محەمەد**

٥٥٨ لاپەڕە

قەوارەی ٢١,٥ × ١٤,٥

بایی ٩٠٠٠ دینارە



**زمانێکی نێرسالار**

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

**نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن**

١٨٠ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٢٥٠٠ دینارە

# چیرۆکی ڕۆمیۆ و جولێت بەکورتی

ویلیام شێکسپیر

مۆنتاگیو و کاپیولێت، دوو بنەماڵەی بەناوبانگی دەوڵەمەند دەبن لە شاری "ڤیرۆنا"دا لە ئیتاڵیا. ئەم دوو بنەماڵەیە دەمێک بوو دوژمنایەتییەکی زۆر کەوتبووە ناویانەوە. ڕۆمیۆ، کوڕێکی گەنجی قۆز دەبێت لە بنەماڵەی مۆنتاگیو. "جولێت"یش، کچێکی گەنجی ئێسک سووکی جوانی خوێنگەرم دەبێت لە بنەماڵەی کاپیولێت. ئەم کوڕ و کچە، هەرکە یەکەمین جار یەکتری دەبینن، بێ ئەوەی بزانن کە لە بنەماڵەی دوژمنی یەکترین، عاشقی یەکتری دەبن. کاتێک کە پێی دەزانن، ئەوەندە یەکترییان خۆش دەویست، ئامادە بوون، ئەگەر پێویست بێت، لە پێناوی خۆشەویستیی یەکتریدا واز لە بنەماڵە و دایک و باوکی خۆیان بهێنن.

***

جولێت، هەرچەندە هێشتا چواردە ساڵی پڕ نەکردبووەوە، زۆر گەنجی خانەدان حەزیان لێ دەکرد. یەکێک لەوانە، کوڕێکی قۆز دەبێت لە بنەماڵەی میری شارەکە. ناوی پاریس دەبێت. پاریس، کە دێت بۆ خواستنی جولێت، کاپیولێت پێی دەڵێت؛ ئەم شەو ئاهەنگێکی هەڵپەڕکێ دادەمەزرێنم و لەبەر خاتری تۆ، هەموو کچە جوانەکانی شارەکەی بۆ بانگ دەکەم. تۆ وەرە بۆ ئاهەنگەکە و سەیری هەموویان بکە. دوای ئەوەی کە هەموو جوانەکانی شارەکە دەبینیت، ئەگەر کچەکەی منت لە هەموویان زیاتر پەسند کرد، ئەوساکە باسێکی لێ دەکەین.

"کاپیولێت" زۆر کچی جوان بۆ ئاهەنگەکە بانگ دەکات. یەکێک لەو کچە جوانانە ناوی ڕۆزەلین دەبێت. ڕۆمیۆ، ئەو کچەی دەناسی و حەزی لێ دەکرد. لەبەر ئەوە کەزانی ڕۆزەلین بۆ ئەو ئاهەنگە دەچێت، بڕیار دەدات خۆشی، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا، بچێت. بەڵام ڕۆمیۆ، چونکە لە بنەماڵەی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە و پێشکەشکردنی: د. سەلاح بابان .



مۆنتاگیو دەبێت، نە بانگ کراوە، نە ڕێگەی دەدرێت بچێت بۆ ئاهەنگی ماڵی کاپیولێت.

ئاهەنگەکە، ئاهەنگی "مەسکەرەید" دەبێت. واتە ژن و پیاو، لە کاتی هەڵپەڕکێدا، ماسکەدەکەنە ڕوویانەوە بۆ ئەوەی یەکتری نەناسنەوە و کەس نەزانێت کێ لەگەڵ کێدا هەڵپەڕکێ دەکات. ڕۆمیۆ و هاوڕێیەکانی سوود لەوە وەردەگرن؛ هەر لە دەرەوە، پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە، ماسکەکانی خۆیان لە ڕوو دەنێن.

کە دەچنە ژوورەوە، لەوێدا ڕۆمیۆ، بۆ یەکەمین جار، جولێت دەبینێت. هەر یەکسەر حەزی لێ دەکات؛ دەچێت لەلایەوە دەوەستێ و دەست دەکا بە دواندن لەگەڵیدا و "ڕۆزەلین"ی لە بیر دەچێتەوە. لەو کاتەدا، "تیبالت"ی، خاڵۆزای جولێت، دەیبینێ و بەدەنگەکەیدا، دەیناسێتەوە. زوو دەچێت ئەو هەواڵە بە" کاپیولێت"ی باوکی جولێت دەگەیێنێت و پێشی دەڵێت؛ دەچم شمشێری لێ هەڵدەکێشم و دەری دەکەم. بەڵام، کاپیولێت، جگە لەوەی بیستبووی کە ڕۆمیۆ کوڕێکی ئازا و قۆز و خانەدانە، نەشیدەویست ئاهەنگەکەیان تێک بچێت. لەبەر ئەوە ڕێ نادات بەتیبالت ئەو کارە ناشیرینە بکات.

تیبالت، پیاوێکی زۆر ئاژری(١) دەبێت؛ ئەو ئێوارەیە، بەناچاری واز لە ڕۆمیۆ دەهێنێ. بەڵام بڕیار دەدا کە هەر تۆڵەی ئەم ڕیسواکردنەی، کە هاتووە بۆ ئاهەنگەکەیان، لێ بسەنێتەوە.

****

دوای ئەوەی ڕۆمیۆ و جولێت هەندێک لەگەڵ یەکتریدا دەدوێن، هەردووکیان هەست بە

١١- خۆشەویستییەکی زۆر بۆ یەکتری دەکەن. ڕۆمیۆ دەستێکی جولێت دەگرێت و پێی دەڵێت؛

ئەگەر بەدەستی بێ نرخی زبرم،
پاکێتی ئا ئەم
بتە پیرۆزەم، گڵاو کردبێت،
ئا ئەمە، بەزە ناسکۆڵەکەمە؛[٢]
لێوەکانی من، وەکو دوو حاجی
شەرمن، لە شەرما،
سوور هەڵگەڕاون.
بەئامادەیی، خاتوون، وەستاون،
ئەم زبراییەی جێی دەستەکانم،
بە ماچی ناسک لووس بکەنەوە.

دیارە جولێت، وتەکانی ڕۆمیۆی پێ خۆش دەبێت. وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:

هەی بەڕێز، حاجی،
حەق نییە ئاوا بەدەستت بڵێیت؛
ئەو بە ڕەوایی لە پەرستگەدا،
ئەرکی ئاینی دەهێنێتە دی؛
هەموو بتێکی پیرۆز دوو دەستی
هەیە تا حاجی،
بێت بیانگرێ و ناو بەری دەستی،
خۆی ڕاست بخاتە سەر بەری دەستی
بتی پیرۆزی.
ئیتر ئا ئەوە،
دەبێت بەماچی پیرۆزی حاجی.

کە ڕۆمیۆ ئەوەی لێ دەبیستێ، لێی دەپرسێ:

بۆ لێویان نییە،
هەردووکیان؛ بتی پیرۆز و حاجی؟

جولێت، وەڵامی دەداتەوە:

با، بەڵام حاجی، بۆ نوێژکردن،

لێوەکانی خۆی بەکار دەهێنێ.

ڕۆمیۆ:

باشە گەر وابێت، ئەی بتی پیرۆز،
با لێوەکانیش،
وەک دەستەکان بن لەگەڵ یەکتری؛

١٢- لەو نوێژانەی کە دەیکەن، تەنیا
ئا ئەوە لە خوای گەورە دەخوازن.(٣)
دەبا ئەوەیان پێ ببەخشرێ!
نەوەک ئیمانیان بە دین نەمێنێ.

جولێت:

ئا، بت، دەیبەخشێ،
بەڵام لە جێی خۆی، ناجووڵێتەوە.

ڕۆمیۆ:

مەجووڵێوە پیرۆز، کە وابێت،
تاکو بەرهەمی
نوێژەکانم پێ وەردەگیرێت. (ماچێکی دەکا)
ئەوەتا ئێستا گوناحی لێوی
من، بەوانەی تۆ، پاک کرایەوە.

جولێت:

خۆ ئەگەر وابێت،
لێوەکانی من، ئەو گوناحەیان
پێوەیە ئەوەی، ئێستا وەریان گرت.

ڕۆمیۆ:

لە لێوەکانی منەوە گوناح؟
ئای،
چەند بە جوانی تێم دەگەیێنی
کە تاوانباریم دژت کردووە.
تاوانەکانی خۆمم بەرەوە. (دیسانەوە ماچی دەکا)



که ئاهەنگەکە تەواو دەبێت و میوانەکان ئامادە دەبن بڕۆن. ڕۆمیۆ و جولێت هەردووکیان لەبارەی یەکترییەوە دەپرسن و بۆ هەردووکیان دەردەکەوێ کە ئەوەکەی تر لە بنەماڵەی دوژمنەکانێتی. بەڵام ئەو کاتە ئەوەندە یەکترییان خۆش دەویست، نە دوژمنایەتیی بنەماڵەکانیان نە هیچ هێزێکی تر، ئیتر نەیدەتوانی ئەو خۆشەویستییەیان هەڵبوەشێنێتەوە.

***

که لە ئاهەنگەکە دەردەچن و میوانەکان هەرکەس بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە، دڵی ڕۆمیۆ،

١٣- خاوەنەکەی خۆی ناچار دەکا، خۆی لە هاوڕێکانی خۆی بدزێتەوە و بەو شەوە درەنگە تاریکە، بەسەر دیواری باخەکەی ماڵی " کاپیولێت"دا هەڵبگەڕێت و بچێت بەڵکو جولێت ببینێتەوە. لە پەنجەرەیەکی نهۆمی سەرەوە، جولێت دەبینێت لە ژووری نوستنەکەیدایە و بە دەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەدوێت. ڕۆمیۆ، لەژێر پەنجەرەکەدا، لە تاریکییەکەدا، خۆی دەشارێتەوەو گوێ دەگرێت. لەبەرئەوەی ئەوساکە هاوین دەبێت، پەنجەرەکە کرابووەوە. ڕۆمیۆ بە ڕوونی گوێی لە جولێت دەبێت کە دەڵێت؛

ئاخ، ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ،

تۆ، بۆچی "ڕۆمیۆ"یت؟

حاشا لە باوکی

خۆت بکە و ناوی خۆت نکوول بکە.

منیش، لەمەولا،

حاشا لە ماڵی کاپیولێت دەکەم(٤)

ڕۆمیۆ، کە ئەوەی گوێ لێ دەبێت، زۆری پێ خۆش دەبێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت کە وابێت ئەویش منی خۆش دەوێت. با جارێ گوێی لێ بگرم بزانم چیی تر دەڵێت:

تەنیا ناوەکەت، دەوەستێت دژم؛
"مۆنتاگیو"ش نەبیت،
هەروەک خۆت دەبوویت.
چییە مۆنتاگیو؟
نە دەستە، نە ڕوو،
نە پێ، نە بازوو؛
هیچ پارچەیەکی لەشی تۆ نییە؛
تەنیا ناوێکە.
ئاخ، ئاخ،
ناوت بگۆڕە. ئاخر ناو، چییە؟
ئەو گوڵەی ناوی،
گۆڵەباغە گەر ناوی بگۆڕین،
بۆنە خۆشەکەی هەر خۆش و شیرین،
دەمێنێتەوە.
بەو جۆرەش ڕۆمیۆ؛ ئەگەر ناویشی
ڕۆمیۆ نەبوایە، بەبێ ئەو ناوە،
هێژاییی ئێستای، هەر دەمایەوە.
ڕۆمیۆ، واز بێنە لەو ناوەی هەتە.

١٤- ئەوە، پارێکی لەشی تۆ نییە.(٥)
لە باتیی ئەوە،
تۆ، هەمووم بەرە.(٦)

ئیتر ڕۆمیۆ، دەست دەکات بە دواندن و دەڵێت؛ ئەگەر ناوم بنێیت "ڤیانم" من ناوم دەگۆڕم و حاشا لە بنەماڵەی خۆم دەکەم. ئیتر دەڵێت؛

تەنیا "ڤیان"م، ئەتۆ ناو بنێ،(٧)
سەرلەنوێ گیانم، من تەعمید دەکەم؛(٨)
لەمەولا ناوی من ڕۆمیۆ نابێ.

جولێت، کە ئەوەی گوێ لێ دەبێت زۆر سەیری لێ دێت و دەڵێت:

پیاوەکە تۆ کێیت، لەناو تاریکی،

خۆت شاردووەتەوەو گوێ لە نهێنیی

دەروونم دەگری؟

ڕۆمیۆ، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت؛ ئاخ، ئازیزەکەم، چونکە ناوەکەم دوژمنتە، لەبەر ئەوە، ئەو ناوە لە زمانی من، نابیستیت. ئیتر جولێت بەدەنگەکەیدا دەیناسێتەوە و لێی دەپرسێت؛ ئاخۆ تۆ ڕۆمیۆ و مۆنتاگیو نیت؟ ڕۆمیۆ وەڵامی دەداتەوە و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا ڕوو دەدا.

ڕۆمیۆ:

کچە جوانەکە، ئەمن هیچیان نیم،

ئەگەر تۆ ڕقت لەو دوو ناوەیە.

جولێت:

پێم بڵێ تۆ چۆن

گەیشتیتە ئێرە و لەبەر چی هاتووی؟

ئاخر دیواری بێستانەکەمان،

بەرزە و گرانە پێدا هەڵگەڕانی.

ئا ئەم جێگەیەش، بۆ تۆ مردنە،

گەر هاتو یەکێک، لە خزمەکانی

من پێیان زانی

کە تۆ لێرەیت و جەنابت کێیە.

١٥- ڕۆمیۆ:

ئەمن بە باڵی سووکی دڵداری،

هەڵفڕیم بەسەر دیوارەکانی.[٩]

چونکە سنووری

بەرد، هەر چۆنێک بێت،

ناتوانێت ڕێگە لە ئەڤین بگرێت.

ئەڤین هەردەم، دەکات سەرچڵی،

تاکو دەگاتە داخوازی بەرزی.

کەسوکارانی ئەتۆ کەوابێت

هەرگیز قەت ڕۆژێک،

نابن بەکۆسپ و ڕێگەم لێ بگرن.

جولێت:

ئەگەر بتبینن لێرە دەتکوژن.

ڕۆمیۆ:

ئاخ، چاوەکانی ئەتۆ مەترسیی
گەلێک زۆرترە لە بیست شمشێری
کەسوکارانت.(١٠)
هەر بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی
سەیری من بکەیت، من دەپارێزی
لە شیرەکانی دوژمنەکانم.

جولێت:

بەهەموو دنیا، نایەڵم کەسێک،
لێرە بتبینێت.(١١)

ئیتر بەم جۆرەوتە ناسکانە، کاتێکی خۆش پێکەوە رادەبوێرن. ڕۆمیۆ، لە خوارەوە لە باخەکەدا و جولێت، لە سەرەوە لەسەر باڵکۆنی ژووری نوستنەکەیدا. بۆ بەرەوبەیان هەردووکیان ئەوەندە یەکترییان خۆش دەوێت؛ هەر شەیدای یەکتری دەبن. بڕیار دەدەن کە بۆ بەیانییەکەی، بەدزییەوە بێ ئەوەی بنەماڵەکانیان پێی بزانن، بچن بۆ کڵێسا و مارە ببڕن.

***

قەشەکە، هەرچەندە لەلایەکەوە پێی خۆش نابێت بەم جۆرە، بە نهێنییەوە، مارەیان ببڕێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێی خۆش دەبێت و بەدوو گەنجەکە دەڵێت؛ دەی بەڵکو خوایە ئەم هاوسەرییەی

١٦- ئێوە، ببێت بەهۆی ئاشتبوونەوەی بنەماڵە خانەدانەکانتان. بەیانییەکەی ئەو ڕۆژە، ڕۆمیۆ پەیژەیەکی پەت، لەگەڵ دایەنەکەی جولێتدا، دەنێرێت بۆ جولێت. بۆ ئەوەی دوای مارەبڕینەکەیان، شەو کە دنیا تاریک دەبێت، پێیدا سەرکەوێت بۆ ژووری بووکەکەی و لەگەڵیدا بنوێت.

دوای مارەبڕینەکەی ڕۆمیۆ و جولێت، هەرکەس بۆ ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە. بەڵام ڕۆمیۆی نەگبەت، کە بەرێگەوە دەبێت بەرەو ماڵەوە، تووشی تیبالت دەبێت. تیبالت شمشێرەکەی خۆی لێ هەڵدەکێشێ. هەرچەند تکای لێ دەکا و پێی دەڵێت من هیچ دوژمنایەتییەکم لەگەڵتدا نییە و وازم لێ بهێنە با بڕۆم، سوودی نابێت. کە"مێرکیشیۆ"ی دۆستی ڕۆمیۆ، ئەوە دەبینێت، شمشێرەکەی خۆی هەڵدەکێشێ و بە تیبالت دەڵێت، دەی تیبالت، ئەگەر پیاویت وەرە بۆ مەیدانی من. ڕۆمیۆ دەچێتە ناویان جیایان بکاتەوە و لە هەردووکیان دەپاڕێتەوە کە شەڕ نەکەن. ئا لەو کاتەدا، کە ڕۆمیۆ لە بەینیاندا دەبێت، "تیبالت"ی ناپیاو لەژێر دەستی ڕۆمیۆوە، شمشێرێک دەدات لە



مێرکیشیۆ و دەیکوژێت. ئیتر ڕۆمیۆ، ناچار دەبێت خۆی بەرەنگاری تیبالت ببێتەوە و مافی دۆستەکەی خۆی بسەنێتەوە. ڕۆمیۆ، ئەو دەیکوژێت.

بۆ ئەوەی نەیگرن، ناچار دەبێت ڕابکات بۆ لای قەشەکە و لای ئەو خۆی بشارێتەوە. میری شارەکە، کە ئەم ڕووداوە دەبیستێت و دەزانێ کە چۆن شەڕەکە دەستی پێ کردووە و چۆن تیبالت "مێرکیشیۆ"ی کوشتووە، فەرمان دەردەکا بەنەفیکردنی ڕۆمیۆ بۆ شاری "مانتووا"، کە زۆر لە"ڤیرۆنا"وە دوور نییە. بە پێی ئەو فەرمانە، ڕۆمیۆ دەبوایە دەستبەجێ شاری ڤیرۆنا بەجێ بهێڵێت و ئەگەر دوای ڕۆئاوای ئەو ڕۆژە، لە ڤیرۆنادا ببینرێ دەکوژرێ. قەشەکە بڕیاری میرەکەبە ڕۆمیۆ دەگەیێنێ و ئامۆژگاریی دەکات کە زوو ڤیرۆنا بەجێ بهێڵێ. بەڵێنیشی دەداتێ کە لە دواییدا یارمەتیی بدات تاکو بتوانێت جولێت بەرێت بۆ لای خۆی بۆ مانتووا.

ڕۆمیۆ، وەکو بەڵێنی دابوو بەجولێت، شەو بەتاریکی بە پەیژەکەدا سەردەکەوێت و دەچێت بۆ لای جولێت. شەوەکەی لەگەڵدا ڕادەبوێرێت. بەری بەیان زوو، هەڵدەستێت و دەچێت بۆ مانتووا.

***

ئەو ڕۆژەی کە ڕۆمیۆ و جولێت بەنهێنی مارە دەکرێن، دووشەم دەبێت. هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی، پاریس دێت بۆ خواستنی جولێت. لەو کاتەدا جولێت، لە ژوورەکەی خۆیدا چاوەڕوانی ڕۆمیۆی دەکرد. لەبەر ئەوە هەر لە ئێوارەوە خۆی دەکات بە نەخۆش لە ژوورەکەی خۆی دەرناچێت.

لەبەر ئەوەی پاریس، لە بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەند دەبێت، کاپیولێت، نایەوێ زاوایەکی ئەوەندە باشی لە کیس بچێت؛ بەبێ ئەوەی ڕای کچەکەی خۆی وەربگرێ، بەڵێن بە پاریس دەدا کە جولێت شووی پێ بکا و هەر خۆیشی بڕیار دەدات کە ڕۆژی پێنجشەم مارەیان ببڕن.

١٧- بۆ ڕۆژی دوایی کە جولێت قبووڵ ناکا شوو بکات بە پاریس، "کاپیولێت"ی باوکی بڕیار دەدا بەزۆر بیدات بە شوو. بێگومان، قبووڵنەکردنی جولێت، هەر لەبەر ئەوە نەبووە کە پاریسی خۆش نەدەویست و نەیدەویست شووی پێ بکات. خۆ ئەگەر بشیەوێت تازە ناتوانێ شووی پێ بکات. چونکە بەدزییەوە شووی بە ڕۆمیۆ کردووە. لەبەر ئەوە جولێت دەکەوێتە کێشەیەکی زۆر گرانەوە؛ نە دەتوانێت بە باوکی بڵێت کە بە دزییەوە شووی کردووە بەکوڕی دوژمنی بنەماڵەکەیان، نە دەتوانێت دژی بڕیاری باوکی بوەستێت. لەبەر ئەوەدەچێت بۆ لای قەشەکە بەڵکو چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. لەگەڵ خۆیشیدا کێردێک دەبات و لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

ئێستاکە دەچم بۆ لای قەشەکە،
تاکو بزانم
چ تیمارێکی لا هەیە بۆ من.
گەر چارە نەبوو، ئەوسا دەتوانم،
بە دەستەکانی
خۆم، خۆم بکوژم.

کە دەچێت بۆ لای قەشەکە، بە کورتی، ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا ڕوو دەدا:

قەشە لۆرێنس:

جولێت، دەزانم، باش ئاگەدارم،
لە پەژارەی تۆ و کێشەی گرانت؛
زیاتر لە ڕادەی توانای مێشکم،
لە دڵمدا بیری لێ دەکەمەوە.
بیستوومە دەبێت، ئەم پێنجشەمەیە
هیچ دواش ناخرێت
شوو بکەیت بەپاریس.

جولێت:

قەشە، پێم مەڵێ تۆ چیت بیستووە، ٤.١.٥٠
ئەگەر پێم ناڵێی چۆن ڕزگار بم لێی.
بەو داناییەت، ئەگەر ناتوانیت
بۆ من چارەیەک بدۆزیتەوە،
تۆ هەر پێم بڵێ

که ئەم بڕیارەی داومە دانایە،        (لە گیرفانی ڕۆبەکەیەوە کێردێک دەردەهێنێ)
بەم کێردە ئێستا چارەی خۆم دەکەم.
خوا دڵی من و "ڕۆمیۆ"ی پێکەوە
بەستەوە و ئەتۆش، دەستەکانمانت.[١٢]        ٥٥ . ١ . ٤

١٨- ئینجا پێش ئەوەی،
ئەم دەستەی کە تۆ، بە شوو بەستەوە
بەوەی ڕۆمیۆوە،
مۆری پەیمانی شووی دووەم بکا.
یاخۆ پێش ئەوەی ئەم دڵە پاکە،
بەوەفایەی من،
خیانەت بکا و یاخی بێت دژم،
بەم کێردە هەردووک، ئێستا دەکوژم.[١٣]

قەشە لۆرێنس:
بوەستە، کچم، ئارامت هەبێت.
جۆرە ئومێدێک، ئەمن دەبینم.
پێویستی دەکات بە ئاکارێکی
ناچاری و گەلێک نائاسا و سامناک.

ئیتر قەشەکە پێی دەڵێ: ئەگەر تۆ بە ڕاستی مردنت پێ خۆشترە لەوەی کە بەزۆر بدرێیت بە شوو بە پاریس، من دەرمانێکت دەدەمێ کەی خواردتەوە، بەجۆرێکی ئاوا دەتنوێنێت و ڕەنگت زەرد دەکات کە هەر بە تەواوی لە مردوو بچیت. ئەو نوستنەچل و دوو سەعاتی تەواو دەکێشێ. پیلانەکەی من ئەمەیە: بڕۆ بە باوکت بڵێ کە ئامادەیت شوو بە پاریس بکەیت. ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی دەبێت بچیت بۆ کڵێسا بۆ مارەبڕین، پێش ئەوەی بنویت، دەبێت ئەو دەرمانە بخۆیتەوە. بۆ سبەینێیەکەی خزمەکانت وا دەزانن تۆ مردوویت. دوای شین و شیوەنکردن، بە پێی نەریتی شارەکەمان، جوانترین جلت لەبەر دەکەن و دەتخەنە گۆڕێکەوە لەناو گومەزی بنەماڵەکەتان. ئینجا پێش ئەوەی چل و دوو سەعاتەکە بەسەر بچێت، من و ڕۆمیۆ دێین بەدزییەوە لە گۆڕەکە دەرت دەهێنین و یەکسەر ڕۆمیۆ دەتبات بۆ مانتووا بۆ لای خۆی. ئینجا ئەگەر ناترسیت ئەو دەرمانە بخۆیتەوە و لەگەڵ مردووەکاندا بچیتە گۆڕەوە، ها، ئەوە دەرمانەکەیە وەری بگرە. جولێت دەرمانەکە وەردەگرێ. دوای ئەوەی بەگەرمی سوپاسی قەشەکە دەکا، ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەڵێت:

ئاخ، خۆشەویستی، هێزم بدەرێ!
هێز،
یاریدەری ڕاستیی من دەبێ.
باوکی پیرۆزم،
ئەسپەردەی خوا بی و خوا بتپارێزێ.

١٩- بەپێی پیلانی قەشەکە، جولێت دەرمانەکە دەخواتەوە. بۆ بەیانییەکەی کە دایەنەکەی دێت خەبەری بکاتەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ کڵێسا کە بۆ مارەبڕین، سەیر دەکا مردووە. دوای گریان و شینێکی زۆر تاڵ و گران، لە گومەزی بنەماڵەکەیاندا جولێت دەنێژن.

***

بۆ نەگبەتی، وا ڕێک دەکەوێت کە نامەکەی قەشە لۆرێنس، ناگات بە ڕۆمیۆ.

ڕۆمیۆ "بالتەزار"ی نۆکەری خۆی، ڕاسپاردبوو، کەهەموو هەواڵێکی جولێتی دەسبەجێ پێ بگەیێنێت. لەبەر ئەوە بالتەزار، دوای ناشتنەکە، یەکسەر دەچێت بۆ لای ڕۆمیۆ و باسی مردنی جولێتی بۆ دەگێڕێتەوە. بەو هەواڵە، ڕۆمیۆ وەک شێتی لێ دێت؛ بڕیار دەدا بچێت سەری گۆڕەکەی جولێت بکاتەوە و لەناو گۆڕەکەیدا خۆی بکوژێ و لە تەنیشت جولێتەوە بمرێت. لەو کاتەی ڕۆمیۆ گۆڕەکەی دەکردەوە، جولێت زۆری نەمابوو هۆشی بێتەوە بەر. لەبەر ئەوە لێو و ڕوومەتەکانی هەمدیسانەوە ئاڵ بووبوونەوە و هیچ لە مردوو نەدەچوو. ڕۆمیۆ کە دەیبینێ دەڵێ؛

ئاخ، ڤیانەکەم،
هەتاکو ئێستا، مەرگ، نەیتوانیوە
بەسەر جوانێتیی تۆدا زاڵ بێت و
ئالای ڕەنگ زەردی خۆی هەڵبواسێ.
دەشێت من بڕوا
بکەم کە مەرگی بێ لەش خۆی حەزی(١٤)
لە تۆ کردبێ؟
ئەم بەئاڵۆشە، دزێوە پیسە،(١٥)
برسییە لێرە،
لە تاریکیدا، تۆی ڕاگرتووە،
بۆ ئەوەی بتکات بەبانوویاری؟(١٦)
لە ترسی ئەوە، ئەوا لەگەڵتدا،

تاهە هەتا، دەمێنمەوە؛
قەت جارێکی تر،
لەم جێیە لێڵە تاریکە ئیتر،
ناچمە دەرێ؛
لەم جێگەیەدا، لە تەنیشت تۆوە،
ئارامگەی دوایی بۆ خۆم ڕادەخەم.

٢٠- چاوەکانم، دەی،
دەی سەیری بکەن بۆ دوایەمین جار.
دەستەکانم، دەی،
باوەشی پێدا بکەن بۆ دوایەمین جار.
ئاخ، لێوەکانم،
دەروازەکانی هەناسەدانم،
دەی بە ماچێکی بژوین و پەتی،[١٧]
ڕێککەوتننامەی هەتاهەتایی،
لەگەڵ مردنی چڵێس، مۆر بکەن. (ماچی دەکا)

ئەمجا شووشەی ژەهرەکە دەکاتەوە و ڕوو دەکاتەوە جولێت و دەڵێت:
وا ئەمە، بۆ تۆ، من دەخۆمەوە.
کەژەهرەکە زوو کاری تێ دەکات، دەڵێت:
دەرمانچیی ڕاستگۆ،
دەرمانەکانت، خێرا کار دەکەن.
ئیتر ماچێکی تری جولێت دەکات و فریا دەکەوێت بڵێ:
بەم ماچە سەری خۆم دەنێمەوە.
لە تەنیشت جولێتەوە پاڵ دەکەوێت و دەمرێت.

***

قەشەکە، کە دەزانێت نامەکەی نەگەیشتووە بە ڕۆمیۆ، کاتی خەبەربوونەوەی جولێت، دێت بۆ ئەوەی دەریبهێنێ و بیبات لە ژوورەکەی خۆیدا بیشارێتەوە، تاکو خەبەر بە ڕۆمیۆ دەگەیێنێ بێت بۆ لای ژنەکەی. کە دێت، تەرمەکەی ڕۆمیۆ دەبینێت. تاکو بۆی ڕوون دەبێتەوە چی ڕووی داوە، جولێت چاوەکانی خۆی دەکاتەوە. کە قەشەکە دەبینێت یەکسەر دەڵێت:

ئای،
قەشەی دڵخۆشکەر، مێردەکەم کوانێ؟
باش لە بیرم دێ؛
لە کوێدا دەبێ چاو بکەمەوە.
"ڕۆمیۆ"کەم کوانێ؟

٢١- قەشەکە، دوای ئەوەی هەناسەیەکی ساردی پڕ داخ و خەفەت دەدات، دەڵێ:
دەسەڵاتێکی،
گەورەتر لەوەی ئێمە بتوانین
دژی بوەستین، نیازەکانی،
ئێمەی سەرانسەر، هەڵوەشاندەوە.
ڕۆمیۆ، ئەوەتا،
لەناو باوەشی تۆدا، مردووە.
قەشەکە، زۆری لێ دەپاڕێتەوە، کە لە گومەزەکە دەربچێ. جولێت قبووڵ ناکات و دەڵێ:
برۆ، من ئێرە، بەجێ ناهێڵم.
کە قەشەکە دەڕوا، جولێت شووشەی ژەهرەکە بەدەست ڕۆمیۆوە دەبینێ، دەڵێ:
ئای، ئەو شووشەیە،
چییە لە دەستی ڤیانەراستەقینەکەمدایە؟
ژەهرە، دەیبینم.
کە سەیر دەکا، هەموو ژەهرەکەی خواردووەتەوە و هیچی نەهێشتووەتەوە، دەڵێ:
ئای کە ڕەزیلیت! هەمووت خواردەوە؟
چەند دڵۆپێکی
دڵسۆزت بۆ من، نەهێشتووەتەوە،
تا بەیارمەتی ئەوان دوات کەوم.
با ماچت بکەم، بەڵکو بەختیار بم؛
هەروا ئاستەمێک ژەهریان پێوە بێت،
تیماری دەردم بکا و بمکوژێت. (ماچی دەکا)
ئاخ، لێوەکانت، هێشتا هەر گەرمن.

لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی ئێشکگرەکان دەبێت بەرەو گومەزەکە دەچن. لەبەرخۆیەوە دەڵێت؛
دەی با دەسبەجێ بیبڕمەوە. خەنجەرەکەی ڕۆمیۆ لە کێلانەکەی هەڵدەکێشێ. بەخەنجەرەکە دەڵێ:

٢٢- ئاخ،

خەنجەری شادمان،(١٨)

ئەمە کێلانی هەتاییت دەبێت.

خەنجەرەکە دەکات بەسنگی خۆیدا تا دەچێتە ناو دڵییەوە. ڕوو دەکاتە خەنجەرەکە و دەڵێ:

تۆ، لەوێ ژەنگی خۆت هەڵبهێنە،

منیش، با بمرم.

جولێت، دەکەوێت بەسەر تەرمەکەی ڕۆمیۆدا و دەمرێت.

***

کاپیولێت، تاکە یەک منداڵی هەبوو، ئەویش جولێت بوو، کە بەو جۆرە مرد. "مۆنتاگیو"ش هەر ڕۆمیۆی هەبوو. هەردووکیان، منداڵەکانی خۆیان زۆر زۆر خۆش دەویست. کە قەشە لۆرێنس، باسی خۆشەویستی و شەیداییی ئەو دوو گەنجەی بۆ گێڕانەوە، کاپیولێت بەگریانەوە، دەستی بۆ مۆنتاگیو درێژ دەکات و دەڵێت؛

برام، مۆنتاگیو، دەستتم بەرێ. (دەستی دەداتێ)

ئەمە، لە تۆوە،

دیاریی مارەییی کچەکەم دەبێ.

ناتوانم لەوە زیاترم بوێ.

"مۆنتاگیو"ش بە گریانەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

بەڵام من لەوە،

دەتوانم گەلێک زیاترت بەمێ؛

من پەیکەرێکی بۆ دروست دەکەم

لە ئاڵتوونی ڕووت.

هەتا ڤیرۆنا، ئەو ناوەی مابێت، ٥. ٣. ٣٠٠

شێوەیەک نەبێت هەندە هێژا بێت،

وەک ئەم بتوانێت،

ڕادەی دڵسۆزیی جولێت دەربڕێ.

کاپیولێت:

منیش پەیکەرێک بۆ ڕۆمیۆ دەکەم،

هەندە هێژا بێت،

لەلای پەیکەری ژنەکەیەوە.

٢٣- ئەم هەژارانە، بوون بە قوربانیی
ئاژری ئێمە(١٩)

***

ئێستا، لە شاری ڤیرۆنادا، خانوویەک هەیە، باڵکۆنێکی نزمی هەیە لەسەر جادەکە. گوایە کاتی خۆی جولێت لەوماڵەدا ژیاوە و ئەو باڵکۆنەش، باڵکۆنی ئەو پەنجەرەیەیە کە لە ژێریدا ڕۆمیۆ لە تاریکییەکەدا خۆی شاردبووەوە و لەگەڵ جولێتدا دەیدوان.

ئێستاش، هەموو مانگێک، سەدان نامە دەنووسرێت بۆ جولێت و دەخرێتە درزی دیوارەکانی ئەو ماڵە، لەلایەن ئەو کچە گەنجە عاشقانەی کە ئومێدی دڵیان جێبەجێ نەبووە. داوای ئامۆژگاری لە جولێت دەکەن. نامەکان، لەلایەن بەلەدییەی ڤیرۆناوە، کۆ دەکرێنەوە و ئەنجوومەنێکی تایبەتی هەیە، کاری هەر ئەوەیە، بەناوی جولێتەوە، وەڵامی نامەکانیان بداتەوە.



ئەم وێنەیە زۆر نییە گیراوە بۆ ماڵی کاپیولێت لە ڤیرۆنا. جولێت لەسەر باڵکۆنەکە دەوستا و ڕۆمیۆ لە خوارەوە، لە تاریکییەکەدا خۆی دەشاردەوە و خۆشەویستیی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی.

* شانۆگەری ڕۆمیۆ و جولێت، وەرگێڕانی: د. سەلاح بابان، ئەم پایزە بەدرێژی لەلایەن دەزگای "ئاراس"ەوە بڵاو دەکرێتەوە.

پەراوێزەکان:

(١) ئاژری: بەقین. (٢) بەزە: گوناح. (٣) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ راستە لێوەکانی حاجی هەر بە نوێژکردنەوە خەریکن. بەڵام نوێژەکانیان بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوانیش وەکو دەستەکان بەیەکەوە بنوسێن لەگەڵ لێوەکانی بتی پیرۆزدا. (٤) جولێت، بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە دەدوێت و رۆمیۆ، لە دەرەوە لەبن پەنجەرەکەیدا، گوێی لێ دەبێت. بە رۆمیۆ، دەڵێت؛ تۆ حاشا لە باوان و بنەماڵەی خۆت بکە، منیش حاشا لەوانەی خۆم دەکەم. (٥) پار؛ پارچە. ئەو ناوەت، پارچەیەک نییە لە لەشی تۆ. (٦) لە باتیی ئەو ناوە، هەموو لەش و گیانی من، بۆ خۆت بەرە. (٧) ڤیان؛ خۆشەویست. ڤیانم؛ خۆشەویستم.

(٨) مەسیحییەکان، کە منداڵیان دەبێت، لە دوای چەند رۆژێک دەیبەن بۆ کڵێسا. لەوێ لەناو ئاوی پیرۆز هەڵی دەکێشن و ناوی لێ دەنێن. بەو کردەوەیە دەڵێن تەعمیدکردن (Baptize) (٩) دیوارەکانی: دیوارەکانی بێستانەکەتان. (١٠) چاوەکانی تۆ من دەکوژن، نەک شمشێری کەسوکارانت. (١١) ئەگەر هەموو دنیاشم بدەنێ، نایەڵم لێرەدا کەسێک بتبینێ. (١٢) ئەتۆش، دەستەکانمانت؛ ئەتۆش دەستەکانمانت پێکەوە بەستەوە. (١٣) هەردووک: دەستم و دڵم. (١٤) مەرگ لەشی نییە. (١٥) بەئاڵۆش: ئەو کەسەی زۆر حەز لە سێکس دەکا و هەموو کات بیری لێ دەکاتەوە. (١٦) بانوویار: عەشیقە. (١٧) بژوین و پەتی: پاک و پەتی. (١٨) خەنجەرەکە، شادمانە چونکە دڵی جولێت دەبێت بەکێلانی. (١٩) ئاژر: رق.

---

بۆ خوێنەری واتە ئەم کتێبانەی خوارەوە پێویستن:




**ولیام شێکسپیر**

**هاملێت**

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: د. سەلاح بابان

٤٣٨ لاپەرە

قەوارە ٢٢,٥ × ١٥,٥

بایی ٨٠٠٠ دینارە




**ولیام شێکسپیر**

**مەکبێس بەچیرۆک**

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: د. سەلاح بابان

١٩٠ لاپەرە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٣٠٠٠ دینارە

# قوربانیی دەستی کەسانی ترین؟

گی کۆرنو

## شکستی بەردەوام

ڕەنگە لە ژیاندا کاتێک دێت ئیتر هیچ شتێک سوودی نابێ، هیچ شتێک دڵگیر نییە. ئەم بەدحاڵیبوونە هەندێ جار هۆکاری دەرەکیی هەیە، وەک ڕووداوی جیابوونەوەی هاوسەرکاری، شکستهێنان، نەخۆشییەکی کوشندە، هەندێ جاریش هۆکاری ئەوەش پێوەندی بە دەروونەوە هەیە و لە ناخی مرۆڤ خۆیەوە هەڵدەستێ، دەکرێ بڵێین باری دووەم سەختترە لە باری یەکەم، لەبەرئەوەی هیچ بیانوویەک نییە بۆ ڕێنوێنیکردنی باری بوونی مرۆڤ خۆی. هەموو شتێک سەر بەدەرەوە بێت باشترە. سەرکەوتن بەسەر ڕووداوەکانی دەرەوە ئاسانە، بەڵام لە ناخەوە هەستی شکان ماوەتەوە. هەروەک بڵێی سەرە دەزووی چارەسەر لە دەست دەرچووە.

بەهەرحاڵ ئەم تێنەگەیشتنە لە کوێوە پەیدا بووە، ئەوە گرینگ نییە، لە پڕ وا پێ دەچێت سەرە دەزووی ژیانمان لە دەست دەرچووە. هەستێک لە ناخمانەوە سەرهەڵدەدا هەر باس ناکرێ، ئەم هەستە دەکرێ لە دەروونمانەوە بەشێوەی خەمێکی مەزن یا ماندووبوونێکی گەورە و جووڵێنەرێکی ناخ و ئارەزوونەکردنی ژیان دەرکەوێ، بەپێی بۆچوونی لیۆنارد کۆهینی شاعیر، وا هەست دەکەین "ڕووبەڕووی شکانێکی بەردەوامین. وا هەست دەکەین ناتوانین دەروونی خۆمان وێران بکەین. هەستێک ناخمان دەشێوێنێ و ئازارمان دەدات و پارچە پارچەمان دەکا. هەستێک هیچ شەرحێکی خۆی ناکات و بەسەرهاتێکی نییە بیگێڕێتەوە، واتە ئەو چیرۆکەی دروستی دەکات خۆشمان توانای گێڕانەوەیمان نییە".

---

(*) وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

لەم کاتەدا دڵەڕاوکێیەکی مەزن وامان لێ دەکا ڕۆڵی قوربانی بەخۆمان بدەین و کەسانی تریش بکەینە جەلاد، ئەو کەسانە دایک و باوک، منداڵەکان یان ڕەنگە دەسەڵاتدارانیش بگرێتەوە. بەخۆمان دەڵێین نابێ کەسێک لە خۆیەوە دڵی خۆش بێت و لە خۆشیەوە خەمگین بێت. بێگومان لەم خەمگینبوونەدا حەتمەن کەسانی تر ڕۆڵێکیان هەیە.

بە ڕوانینمان بۆ دەروونی خۆمان بڕوام وایە ناچار دەبین ئەم وێنەیە ئاوەژوو بکەینەوە و بڕوانینە دەروونمان تا ببینین تا چ ئاستێک ئێمە قوربانین، بەڵام قوربانیی دەستی خۆمانین، دەبینین خۆمان دیواری زیندانمان بۆ خۆمان دروست کردووە و ئاشکرا دەبێت تا چ ڕادەیەک پشتمان کردووەتە ژیانی خۆمان. بەکورتی ئەوەی نایزانین چییە لەمەڕ خۆمان دواجار دەیزانین و تێی دەگەین.

دەبینین هەروا لەخۆڕا بارودۆخمان نەگۆڕاوە، جیابوونەوەی هاوسەرکاری، شکستهێنان، نەخۆشییەکی کوشندە یان ڕووداوی دڵتەزێن، هەر لە خۆیەوە ڕووی نەداوە. هێدی هێدی پەی بەوە دەبەین ڕووداوە دەروونییەکانە کە کەشتیی ئێمەی نوقمی ئاو کردووە، ئەو ڕووداوانەی هەندێ جار لە ناهۆشمەندییەوە سەرچاوە دەگرن، هۆکارە دەرەکییەکان تەنیا لە ئاشکراکردنی ئەو ڕووداوانەدا ڕۆڵیان هەیە، واتە ئەو شتەی لە تاریکیی دەروونماندا خۆی حەشار دابوو دەردەکەوێ. ڕەنگە لە دەرکەوتنی ئەو شتەدا نارازی بین، بەڵام دەکرێ ئەوەی لەم ئاشکرابوونەدا بە ئەنجام دەگا، واتە ئاگایی، بە قۆناخی یەکەم دابنرێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە گرینگەکان.

## دەرفەتێکی زۆر کەم

بۆ ئەوەی لەم هەلومەرجەی ناخ بگەین، پێشنیازی تاقیکردنەوەیەکی بچووک دەکەم، ئەم تاقیکرنەوەیە چەند چرکەیەک دەخایەنێ، ئاگاداری خۆت بە و داواتان لێ دەکەم بخرێنە نێو دەروونتانەوە لە قۆناخی یەکەمدا بێ هیچ مەبەست و ئامانجێک بۆ یەک چرکە هەست بەبوونی ناخی خۆتان بکەن: بۆ نموونە هەستکردن بە ترپەی دڵتان کە لێ دەدا، هەناسەدان و هەناسە وەرگرتن، بیرکردنەوەتان، هەستکردن بەناخی خۆتان وەک هەستکردن بەڕاحەتی و نارەحەتی، هەموو شتەکان قبووڵ بکەن و هەست بکەن، بێ ئەوەی بتانەوێ هیچ شتێک بگۆڕن.

تەنیا گوێ بدەنە بوونی خۆتان، هەست بە دەوروبەر ئامادەییی خۆتان بکەن، هەرچەند ئارەزوو دەکەن بەردەوام بن لە هەستکردن، گەر هەستتان کرد لە ڕێگەی شتێکەوە هاتوونەتە گۆڕان، واز لە ئەزموونی هەستکردن بهێنە، دووبارە بگەڕێوە سەر خوێندنەوەی ئەم کتێبە.

ئەم تاقیکردنەوە بچووکە، لەم ساتە بەدواوە دەمانخاتە نێو دڵی ڕووداوەکانەوە، بەمەبەستی لەخۆ نزیکبوونە، بڕۆن بەرەو ناخی خۆتان ئەمەش هەمان ئەو شتەیە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم.

لەم بەرنامەیەدا بڕیار ئەوە نییە ئاسایشی کەسایەتیمان بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و یان بۆ داواکردنی ئاسایش و سەربەخۆییەک کە دوورمان دەخاتەوە لە لێدانە دڵتەزێنەکان ڕاپەڕین و

هەستینە سەرپێ، بۆ نموونە ئێمە کاری زۆر دەکەین بۆ ئەوەی بارودۆخمان باشتر بێت، ببینە خاوەنی ئۆتۆمۆبێلێکی باش، خانوویەکی باش، بەڵام لەولاشەوە بۆ چاککردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و شتەکانی تر پێویستمان بە یارمەتیی کەسانی تر دەبێت، واتە ئەو گەڕان و پێویستییانە ئازادیی ئێمە سنووردار دەکەن. تا ڕادەیەک پاش چەند ساڵێک، ئەرکی ئێمە دەبێتە بەجێگەیاندنی ئەو خزمەتگوزارییانە، زۆر کار هەیە ناچارییە، ئەو ساتە دەستنیشانکردنی ئەوەی کام لەو کارانەت پێ باشترە کارێکی دژوار دەبێ.

خێرابوونی ئاهەنگی چالاکییەکانی ژیان هەندێ جار تووشی تەنگەنەفەسیمان دەکات، دەبێ پێوەندیی هاوڕێیەتیی زۆرمان هەبێت، بەرنامەی هەمەچەشن جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی لە ژیانمان تەسکینییەک هەبێ، پەنا دەبەینە بەر جگەرەکێشان و خواردنەوە و شوکولاتا و تەلەڤزیۆن و مادە هۆشبەرەکان. ئاشکرا ئاگامان لێیە ئێمە لەنێو گرفتێک دەژین و دەبێت ڕۆژێ لە ڕۆژان چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بەڵام لەپڕ بۆمان دەردەکەوێ هەموو شتەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئێمە نین و کەوتووینەتە نێو لێشاوێکەوە و دەرچوونمان زەحمەتە، لەم کاتەدا زەمینەی ئەوە بە تەواوی ڕەخساوە کە خۆمان بە "قوربانی" لە قەڵەم بدەین، چونکە هەرچییەک لە دەستمان هاتووە کردوومانە، بەڵام هیچ سوودی نەبووە، هەموو کات تایەکی تەرازووەکە لەنگە.

کەواتە بۆچی ماوەیەکی زۆر کورت تەرخان نەکەین بۆ پێوەستبوون بەخۆمانەوە، بێ هیچ ئامانج و چاوەڕوانییەک، بێ ئارەزوویەک بۆ گۆڕان؟ بڕواننە ئەم ئامێرە، ئاخۆ ئەم ئامێرە جێگەی پێکەنین نییە کە خۆمان دامانناوە بۆ لەناوبردنی خۆشبەختی، کەواتە ترست نەبێت، ئەگەر بەڕاستی تۆ خۆت ئەو ئامێرەت داناوە بۆ لەناوبردنی خۆشبەختیت، هەر خۆشت دەتوانی ڕزگار بی لێی.

وەرە بەچاوکراوەیی یان بەچاوبەستراوی چەند چرکەیەک ئازادی ببەخشە خۆت، وەرە چەند ساتێ سەربەخۆییت دەست کەوێت و چێژ ببینیت. ئەم ساتانە هیچیان تێ ناچێ. تامی ئەو ساتانە زۆر خۆشە، چەند ساتێکی زۆر کورتن زۆر کورت بۆ گەڕانەوە بۆ ناخی خۆت، لە هەر شوێنێک و لە هەر ڕێگەیەک ڕێی تێ دەچێ، ساتێکی کورتە، لەو ساتانەدا هەست بەو هەناسانە دەکەی کە دەچنە کونە لووتەکانتەوە، ساتێکە ڕزگارتان بووە لەو بارودۆخەی کە خەریکە گیان و ڕۆحتان بەهەدەر دەبا.

لە هەمان کاتدا هەست بە ئامادەییی خۆت دەکەیت. کاتێ کە ئیتر ئەو ساتە بەرەو بێکۆتایی دەڕوا، بەسە بۆ ئەوەی ئەم ساتە درێژ کەیتەوە، ئەو کاتە دەگەی بەو شتەی هزرمەندان پێی دەڵێن ئازادی، دەگەڕێیتەوە بۆ ئازادیی قۆناخی منداڵی، بەڵام ئازادییەک بەئاگاییەوە.

بەم جۆرە تۆ ئازادی لە چێژ بینین، ئازادی لە چێژ بینین لەوەی کە هەتە و نیتە، بێ ئەوەی لە سەرتاپای ئەو شتانەدا ببیتە کۆیلەی هیچ شتێک، ئێستە تۆ چیی تر مۆڵکی شتەکان نیت، شتەکان مۆڵکی تۆن، تۆ چیی تر سوود لە خزمەتگوزارییەکان وەرناگریت، خزمەتگوزارییەکان

سوود لە تۆ وەردەگرن، پێوەندی دانامەزرێنی، پێوەندییەکان تۆ بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، تۆ خاوەنی بیر و هەست و سۆزەکان نیت، بیر و هەست و سۆزەکان موڵکی تۆن و زەینتیان تووشی ئاژاوە کردووە، تۆ قوربانی و دوژمنی خۆتی.

بۆ چەند چرکەیەک ڕاوەستان بەسە بۆ ئەوەی بتوانین سەرچۆپی ئەم هەڵپەڕکێیە بەکۆمەڵە بگرینە دەست ، ئەو سەمایەی هەموومان بێ ئارەزوو تێیدا دەستمان گرتووە و هەڵدەپەڕین، لە ڕاستیدا ئەم چەند چرکەیە ڕێگەی ئاگاییمان لێ دەکاتەوە ئەو ڕێگەیەی بەرەو ئەوەمان دەبات ئازاد بین لە چێژ وەرگرتنی ڕاستەقینە لە ژیان. ئازادیی ڕاستەقینەش تەنیا لە دەروونەوە بەرپا دەبێت.

پێموایە سەربەخۆیی رەها کارێکە لە خەیاڵەوە نێزیکە هەروەک گوتم، ئێمە بوونەوەرێکین بە توندی بەستراوین بەخۆمانەوە و سەرقاڵی خۆمانین، بەڵام ئەو هاوپەیمانییە هاوبەرامبەرە دەتوانێ لە ناخەوە سەربەخۆییەک بەدی بهێنێ، ئەم سەربەخۆییە دەروونییە، دەمانپارێزێ لەو شتانەی بەسەرمان دێت و ئەو شتانەی هەستی پێ دەکەین، ئەم کەشوهەوای ئازادییەی ناخ وامان لێ دەکا ئەو ئارامی و شادییەی هەردەم لە دەرەوە بەدوویدا وێڵین لە دەروونی خۆماندا ببینین. ئەم وردە سەربەخۆییە مۆڵەتی ئەوەمان دەداتێ، بە شێوەیەکی ڕێژەیی بڕوانییە ڕووداوەکان، ئەسیری دەستی حەزە نابەجێیەکان نەبین.

## خۆدانە دەست ڕووداوەکان

ئاخۆ تێبینیت کرد، یەکەمین سەرەتاکانی ئەو ڕاهێنانە بچووکەی کە بۆم پێشنیاز کردن چەند سادە بوو، هەر بە ئاسانی لە نیگەرانییەکانی ڕۆژانە ڕزگارت بوو؟ ڕەنگە هەستت بە ئارامی و جۆرێک لە ئازادیی دەروونی قووڵ کردبێت، هەرکە ویستت لەسەر ئەو ڕاهێنانە بەردەوام بیت، گرفتێ هاتە پێش، بۆچوونی هەمەچەشن بەبیرتاندا هات، بیری زۆر سادە و بیری زۆر ئاڵۆز و ناوازە.

ئەم تێکچوونە هۆکارەکانی زۆرن، یەکەم: ئەو ئاشتی و ئارامییەی لە دەرەوە بۆی دەگەڕێین لە ناخی خۆماندایە. یان وا باشترە بڵێین پێشتر لە ناخماندا هەبووە، ئەم ئاشتی و ئارامییە جێگەی لەدایکبوون و گۆڕی ئێمەیە، زەوی لەدایکبوونمانە لەبەرئەوەی لەوێوە سەرمان هەڵداوە، هەریەک لە ئاکارەکانمان یادگاریی ئەون و بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بەسە کە بڕوانینە خۆشیی منداڵان و پێکەنین، ئەم زەوییە گۆڕی ئێمەیە، بەڵام بەداخەوە بیرمان چووە ئێمە خاوەنی ئەو زەوییەین و لە دەرەوە بۆی دەگەڕێین، یان ڕووداوێک بۆ لای ئەو زەوییەمان دەگەڕێنێتەوە.

دووەم: ئەم تێکچوونە فێرمان دەکا توانای ئەوەمان هەبێت ئەم ئاشتییە بەدەست بێنین چ ژنی ماڵەوە بین یان بەڕێوەبەرێکی پلە بەرز، لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی ئەو ئاشتییە پێوەندیی بە پلە و پایەیەک نییە کە هەمانە و یان دەمانەوێ بەدەستی بێنین.

لێرەوە سەرنجتان بۆ خاڵێکی گرینگ ڕادەکێشم. لە کاتی تاقیکردنەوە بچووکەکەی کە پێشنیازم کرد، ئەو هۆکارە چییە، کە ناهێڵێ ئەم تاقیکردنەوەیە بەردەوام بێت، ئەو شتە چییە دێت و ئەو دابڕانە تێک دەدات؟ ئەو هێزە چییە دوورمان دەخاتەوە لەسەرچاوەکەی بوونمان بۆ ئەوەندە دەسەڵاتمان کەمە بەسەر حاڵەتی نێزیکبوونەوە لە خۆمان؟

وەڵامی ئەم پرسیارە یەکسەر بەرەو ئەو گریمانەمان دەباتەوە کە هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە بووە. لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئەو هێزەی دووری خستوومەتەوە لە سەرچاوەی خۆم، هەر ئەو هێزە خودی ناسنامەی من نییە؟ لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ناسنامەی تاکەکەس یان ئەوەی ناسنامەی کەسایەتیی پێ دەڵێین، تا ڕادەیەک لەسەر بناخەی کاردانەوەیەکی پاراستنانە نییە لە ترس؟ جارێکی تر لە خۆم دەپرسم ئاخۆ ئەم کۆتاییییە کە وەک ناسنامە بەکاری دێنین، لە جیاتیی ئەوەی بمانپارێزێ، دەستبەندمان ناکات؟ هێزە بنیاتییەکانی ژیانمان ناپچڕێنێت؟ بێ بەشمان ناکا لە وزەی دەروونیی پێویست بۆ ژیان و دروستکردنی ژیان؟

ناکۆکییەکە لێرەدایە ئەو کەسەی ناسنامەکەیمان دەستنیشان کرد و ناومان نا (من)، هەر ئەو کەسە خۆی ڕێگرە لە بەردەم بە ئەنجام گەیشتنی ئەو ڕاهێنانە. ئەمەش هەمان ئەو کەسەیە دوژمنایەتیمان لەگەڵدا دەکا، دەمانکاتە قوربانی، بەڵام وا دەزانین قوربانیی دەستی کەسانی ترین، دەترسین دوژمنایەتیمان لەگەڵدا بکات، یان دوژمنایەتیی بکەین.

دەزانم ئەوەی دەیڵێم ئەوەندە شتێکی زانراو نییە. ڕەنگە گریمانەکانی من ببنە هۆی نیگەرانیی کەسانێک، لەبەرئەوەی لە خۆیان دەپرسن، گەر تەنیا شتێک کە هەمانە شوناسنامەمانە ڕەتی بکەینەوە، چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟ بۆیە داواتان لێ دەکەم وەرن لەگەڵمدا هاوڕا بن لەبارەی بۆچوونەکانمەوە و بوێریی ئەوەتان هەبێت بەرگرییەکانی دەروونی خۆتان بشکێنن. لەبەرئەوەی ئەو کەسەی ئێمە ناسنامەی خۆمان پێ داوە، نەبووەتە هۆی خۆشکردنی دڵمان بگرە هەندێ جار بووەتە هۆی ئەوەی دەرد و خەمێکی فراوانیشمان تووش بکا، بۆ نموونە بەهۆی ترسی لۆمەکردنی خەڵکی و تەنیا مانەوە دوور دەکەوینەوە لە کارێک کە دڵنیاین ئەنجامەکەی ڕاستە.

لەم کتێبەدا پێشنیازی ئەوە دەکەم، هەموو ئەزموونە تاڵەکانی کەسێک، بێنە پێش چاوت کە دەرگەی بە ڕووی خۆیدا داخستوە. پاشان بڕوانن ئاخۆ بەهۆی ئەم تاقیکردنەوەیە سەرەڕای گرفتەکان، شەهامەتی ئەوەمان هەیە تا ببین بە "خۆمان"؟ ئاخۆ لەم کاتەدا و لە داهاتوودا ژیانێکی جوانتر و دووربینییەکی تەندروستمان نابێ؟

## دەسەڵاتی ئەفسانەیەک

تا ماوەیەکی زۆر بیرم لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانین کەسێک دەستگیر بکەین، ئەو کەسەی کە پێمان وایە هەمان ئەو کەسە خۆمانین و هەوڵ دەدا لەو ڕێگەیەی کە هەین دەرمان بکا، لە ئەنجامدا

بڕیارم دا ئەم کارە ئەنجام بدەم بە گەڕانەوە بۆ ئەفسانە، ئەفسانەیەکم هەڵبژارد ئەو ئەفسانەیە ئەفسانەیەکی میسریی کۆنە کە ئەویش ئەفسانەی ئیزیس Isis و ئۆزیریس Osiris ، لەم ئەفسانەیەدا ڕووداوێکی دڕندانە ڕوو دەدا. ڕووداوێک تەواو لەو ڕووداوانە دەچێت کە لە دنیای ئێستەی ئێمەدا بەزۆری ڕوو دەدا. ڕێک وەک ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەکان دەیخوێنینەوە و لە تەلەڤزیۆنەکان دەیبینین، وا بیر دەکەینەوە ئەم ڕووداوانە پێوەندییان بە ژیانی ئێمەوە نییە، بەڵام لە ڕاستیدا پێوەندیی هەیە، لەبەرئەوەی ئەو ڕووداوانە لە واقیعدا لە ناخی ئێمە ڕوو دەدەن نەک لە دەرەوەی ئێمە. ئێمە چاک دەزانین کە ئێمە لەنێو سیستەمێکی ئابووریدا دەژین بەردەوام براوەکان گەورەتر دەکا و دۆڕاوەکانیش فەرامۆش دەکا. هەروەک هەندێ لە سەرکردەی چاونەترس هەن دەڵێن ڕیشەی تیرۆریزم بەم شێوەیەی کە جیهانی ئێمەی تووشی ئاژاوە کردووە هۆکەی بۆ ئەو سیستەمە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئێمەش لە ناخەوە خاوەنی هەمان ڕەفتارین. لە ناخماندا براوەکان دەبەین بە ئاسمان و دۆڕاوەکانیش دوور دەخەینەوە. دەگەینە ئەو بەشانەی دەروونمان کە بووەتە جێگەی سەرنجی دایک و باوک و دۆستەکانمان، کەچی ئاگامان لەو بەشانە نییە دوور خراونەتەوە هەرچەندە ئەو بەشانەش مایەی دەرد و ئازار بن.

ئێمە هەموو بێ ئەوەی کەسێک ببینین لە ناخمانە دەست دەکەین بە هەڵاواردن (دوورخستنەوە و جیاوازی). لە ناخمان ئەو بەشانە دەدۆزینەوە کە بێ مشوور و دەرکراون. ئەم بەشانە جێگەیەکیان نییە، داوای پەنابەرێتی دەکەن، دەنگی خۆشیان لە ڕێگای نیشانە جەستەییەکانەوە بەرز دەکەنەوە، لە ڕێگەی نیشانە دەروونییەکانەوە، ئەو نیشانانەی ئێمە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن. ئاخۆ بڕوات بەوە هەیە گەر لە ناخماندا شەڕ نەبووایە، لە جیهانیدا هەرگیز شەڕێک بەرپا نەدەبوو؟ لە ڕاستیدا لە دڵی هەر کەسێکدا ململانێیەک هەیە، ململانێی نێوان ڕووناکی و تاریکی، نێوان دەنگە کۆن و دەنگەکانی ژیان، لە نێوان ئەو شتەی کەسێک دروست دەکات و ئەو شتەی وێرانی دەکا.

ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس داوامان لێ دەکات بفەرمووین بۆ شیکردنەوەی ئەم مەسەلانە. بە لێکۆڵینەوەیەکی وردبینانەی هەڵبژێردەر و ڕاکێشەری پێوەست بەخۆپەرستی بەرامبەر بە خۆبەزل نەزانین گۆڕان ڕوو دەدات. لەم ئەفسانەیە لەربارەی ڕووبەڕوبوونەوەی تاقیکردنەوەکانی ژیان کۆمەڵێ وانە فێر دەبین. ئەم ئەفسانەیە هەنگاو بەهەنگاو مانای توندوتۆڵیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەم ئەفسانەیە داوەتمان دەکا، پۆشینی جلوبەرگی قوربانی و دوژمنی (جەلاد) بخەینە ژێر پرسیارەوە، ئەو جلەی بەدرێژاییی ژیانمان بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت لەبەرمان کردووە، لەبەرئەوەی ئەم جلوبەرگانەش لە ڕابردووەوە بە مەرج قەرزمان کردووە تا بە زیندوویی بمێنینەوە. ئەم ئەفسانەیە هانمان دەدا خیانەت لەخۆ بکەین، بەمەبەستی وازهێنان لە هەڵهاتن و دەردە دەروونییەکان. لە کۆتادا داوامان لێ دەکا خەریکی بنیاتی خۆمان بین.

لە پشتی ئەم ئەفسانەیەوە، داواتان لێ دەکەم چاوێکی نوێ بخشێنن بەو تەڵانەی مرۆڤ لە

ڕێگەی خۆشبەختیی خۆی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەو تەلآنەی وابەستەن بە ترسێک کە تووشی ئیفلیجبوونمان دەکات، بە پێویستییەک کە قووتمان دەدا و بە تووڕەییەک لە بوونی ئێمەدا هێلانەی کردووە.

لە ڕاستیدا داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە چاوی منەوە ئەم ئەفسانەیە ببینن، هەر لەم ڕووەوە داوا دەکەم کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەوەتان لە بەرچاو بێت کە ئەوەی من دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، پێهەڵگری ڕێوڕەسمی دەروونناسانەیە و بریتی نییە لە ڕاڤەکردنێکی کلاسیکیی ئەفسانەیەک. سەرەڕای ئەوەش مەبەستم نییە دەست بە ڕاڤەکردنی بەش بەشی ئەم ئەفسانەیە بکەم. نەخێر ئەمە کاری من نییە.

ئامانجی سەرەکیی من ئەوەیە گوێ هەڵخەم بۆ یەک بە یەکی کەسایەتییەکانی نێو ئەو ئەفسانەیە و لەوانەوە ئیلهام وەرگرم و ئەوەشی چنگم دەکەوێ بیخەمە بەردەستی ئێوە، بۆیە نەخشەی ئەم کتێبە تاقیکردنەوەیەک بوو تاقیکردنەوەیەک پڕ بەپێستی خۆی، وەبیرهێنانەوەیەک لەربارەی ئەم ئەفسانەیە پێشکێشی دەکەم، وەک خەونێکە و ڕوو دەدا، وەک ئەوە وایە پێکەوە ڕوو بکەینە پێشانگەیەکی هونەری، وەک ڕێنیشاندەرێ سەرنجت ڕاکێشم بۆ ئەم شوێن و ئەو خاڵ.

بۆ ئەوەی ئەو کەسانە دڵنیا بکەمەوە کە هیچ پێوەندییەکیان نییە بە وەدووکەوتنی ڕووداوەکانی نێو ئەم ئەفسانەیە، پێیان دەڵێم بە مەبەستی وەسفکردنی ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن سوود لەم ئەفسانەیە وەردەگرم، ڕووداوەکانی نێو ئەم ئەفسانەیە چوارچێوەیەکە بۆ ڕێکخستنی بەزم و سەیرانی ئەو داوایانەی کە دەبێ ڕوون بکرێنەوە. بەم شێوەیە زۆر بەخێرایی لەوە حاڵی دەبیت سوود وەرگرتن لەم ئەفسانەیە تەنیا بیانوویەکە. تەنانەت لە هەندێ لە بەشەکاندا ئاماژە بەم ئەفسانەیە ناکەم. لە ئەنجامدا تەنانەت پێویستت بەوە نابێت تا بزانی ئەم ئەفسانەیە چییە و یا بیخوێنیتەوە تا بتوانی ڕەدووی ئەو گەشەکردنە دەروونییەی من بکەویت کە پێشنیازم کردووە . هەنگاو بەهەنگاو کە بەرەو پێش دەڕۆم ڕەگەزە پێویستییەکان دەخەمە بەردەستتان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە بابەتە سەرەکییەکەی بریتی نییە لە ڕاڤەکردنی ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس، بگرە وەئاگا هاتنەوەیە بەرامبەر ئەو زیندانەی کە خۆمان بۆ خۆمانی دروست دەکەین، ئەو کەسەی ئێمە دەکات بە قوربانیی دەستی کەسانی تر و دوژمنی خۆشمان. داواتان لێ دەکەم هاوڕێی من بن، بە سەماوە گەشتێک بکەن بەنێو ئەم چوار خاڵەی خوارەوە، ڕووداوی نێو چیرۆکەکە، شیکردنەوەی چیرۆکەکە، ئەوەی لە ژیانی ئێمەدا ڕوو دەدا، ڕەگەزە پێویستەکانی تێگەیشتن لە لایەنە دەروونییەکان.

لەم کتێبەدا هەندێ ڕاهێنانی کرداریم گونجاندووە کە توانا بە خوێنەران دەدا تۆزێ زیاتر لە سنووری خۆی هەنگاو هەڵهێنێ. پێشنیازی ئەنجامەکانی ئەم ڕاهێنانەتان بۆ دەکەم، ئەڵبەتە ئەم کارە زۆرەملێی تێدا نییە.

بێجگە لە ئیزیس و ئۆزیریس هاوڕێی تریشمان دەبێ. کارل گۆستاف یۆنگ هەرگاڤ لەگەڵمانە، دەروونناسی سویسرایی کارل گۆستاف یۆنگ، لە کاتی دانانی (نووسینەوەی) هەر کتێبێکم بەرهەمە دەوڵەمەندەکانی ئەم نووسەرە تا دێت تووشی سەرسوڕمانم دەکەن و دەمخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. یۆنگ لە ڕێگەی چەمکی "پرۆسەی دۆزینەوەی تاک" ئەو توانایەی دایە دەروونناسی تا بتوانێ ئەو تیۆرانەی کە تەنیا لە زەمینەکانی مەزهەبی و ناوەکی بەکار دێن، لە ڕێگەی دەروونناسییەوە قابیلی ڕاڤەکردن بن. ئەم کتێبە بۆ ئەو مەبەستە نووسراوە لە قۆناخی پرۆسەدا ئەندێشەیەک بێت و بتوانێ خۆی ئاشکرا بکا و خۆی بدۆزێتەوە. بەم جۆرە لای خۆشمەوە هیوادارم بەشدار بم لە پرۆسەی گەشەکردنی دەروونی، کە هۆشمەندانە یا ناهۆشمەندانە پێوەستە بە ڕێرەوی ژیانی هەر مرۆڤێکەوە.

جگە لە گۆستاف یۆنگ و ئەفسانەی میسری، سوودیشم لە هەموو جۆرە سەرچاوەکانی تر وەرگرتووە وەک: ئاینی بودیزم، سۆفیگەری، شیکردنەوەی دەروونی، دەروونناسی. بەهەرحاڵ سوودم وەرگرتووە لە ستووڤدانەکانی پیاوان و ژنان، ئەو کەسانەی بەپرۆسەی گۆڕاندا تێ پەڕیون، ئەم ستووڤدانانە بەشێوەی نووسراو لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون دەمزانی ئەو کەسانە خۆیان ئەزموونێکی ئاشکرا و ڕوونیان تاقی کردووەتەوە. نووسینی ئەو کەسانە بۆ من زۆر سوودمەند بوو و لێرەشەوە ئەو بوارە دەقۆزمەوە تا سوپاسی هەر هەموو ئەوانە بکەم کە ئەزموونەکانی خۆیان خستە بەردەستی من تا سوودی لێ ببینم.

بۆ خۆم کە کەسێکی دەروونشیکارم، پرسیارگەلێکی زۆر دێنە بەردەستم. من کەسێکی توێژەرەوەم، بڕواشم وایە کە زیادەڕۆییەکی زۆر کراوە لە بەکار هێنانی زمان و زاراوەکان. بۆیە من وەک برگسۆنی فەیلەسووف لە جێگەی وشەی "خوا" سوود لە دەستەواژەی "هێزی ژیان" وەردەگرم، بۆ دەستەواژەی "خوایەتی"، "گشتێتی" بەکاردەهێنم. لە ڕاستیدا ڕوو دەکەمە ئەو شتانەی کە ژیان زیندووتر دەکەنەوە. هەوڵ دەدەم ئیلهامە واتاییەکان بە دەستەواژە دەروونییەکان دەرببڕم، تا بۆشم بکرێت دوور بکەومەوە لە بڕوا پێشدروستکراو و دۆگماتیزەکان، تا دەروونناسی مانای هەبێت و واتا پێشکێش بکا.

پەندێکی کۆن هەیە دەڵێ قسە هەزارە ئەفسانەیەک بەکارە، ئەم گوتنە ڕاستە، گەرچی لە نووسینەوەی ئەم کتێبەدا گوتنی زۆر بەکار هاتووە! لە راستیشدا ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین پێویستی بە گوتن نییە. ناکرێ ناو بدەینە ئەو شتەی کە دەمانەوێ بیڵێین و نیشانی بدەین، گوتنەکان هەندێ جار بەشێوەی گوتنی ئاسایی و هەندێ جار بەشێوەی گوتنی شاعیرانە بەیان دەکرێن، ئەم دووانە هەردووکیان شێوەیەکن لە زمانشیرینی پێوەستن بەترسێکەوە هەر جارێک کە ڕووبەڕووی شتێکی ڕاستەقینە دەبینەوە کۆنترۆڵمان دەکا. ئەمەش شێوازێکە بۆ ئەندازەگیرییەکی

بێدەنگ، مەرگ یان گۆڕان.

ئەڵبەتە ئامانج لەم کارە چ دامەزراندنی پێوەندی بێت لە نێوان من و خود لە دیدگای یۆنگەوە، یان تێپەڕبوونی تاک بێت بە پرۆسەی واتایی لە ڕێگەی ئەو شتانەی کە ئەفسانە دەیڵێت، یان دووبارە خستنە ڕووی مەسەلەی خۆپەرستی بێت کە لە زۆربەی مەزهەبەکاندا هاتووە، یان خستنە ڕووی مەسەلە بەناوبانگەکەی سوکرات بێت کە دەڵێت "خۆت بناسە"، یان پێوەندییەک لەگەڵ ئەشقێکدا بێت کە شاعیر لە هەموو جێگەیەک و گشت کاتێکدا پێشانی داوە، بەهەرحاڵ هەر هەموو ئەمانە تێپەڕ بوونە بەرەو خۆت و یان نزیکبوونەوە لە خۆت. ئەم نزیکبوونەوەیە تەواو پێچەوانەوەی چوونە نێو خودە لە ڕێگەی ناهۆشمەندییەوە، لەبەرئەوەی لە دەروونی هەر کەسێکدا بزووتنەوەیەکی ئاشقانەی ڕەها هەیە بەو شێوەیەی کە ئالبەرت لۆ دەڵێ: خۆدۆزینەوە لە خۆبوردووییە.

لە ڕاستیدا قبووڵکردنی ناسنامە و ئاگابوون لە شێوەگیریی ئەو ناسنامەیە، ئەو توانایەمان پێ دەدا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە گرینگیی خۆمان بڕوانین، ئەم کارەش بە شێوەیەکی سروشتی ڕوو دەدات، هەنگاو بەهەنگاو گەورەتر و ڕۆشنتر سەرنجمان ڕادەکێشن، ئەو خۆشییانە باڵاترن لەو خۆشییە سنووردارانەی پێشتر پەنامان بۆ بردبوون، ئەمەش لە ترسی ئەوەی ئەگەر وازیان لێ بێنین هەرگیز جارێکی تر خۆشیی وامان دەست ناکەوێتەوە.

هەنگاو بەهەنگاو پەی بەوە دەبەین کە تەنانەت دەتوانین ڕۆڵی قوربانیی دەستی کەسانی تر و دوژمنکارێتیی ناهۆشمەندیی خودی خۆشمان، کە نهێنییەکی گرینگە لە ژیانمان، بخەینە ژێر پرسیارەوە و خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. دەتوانین دەست بکەین بە ورووژانێکی سەیر کە مانایاکی نوێ بە ژیانمان دەدا. یا هیچ نەبێت لایەنی ڕاستی و توانا، جوانی و نەرمیی هێزی ژیانمان پێشان بدەین.

بە ئاگەداربوون لەم خاڵانە بفەرموون با لە بەندەری ئەم کەنارە بێینە دەرێ و لەنگەری کەشتییەکەمان لە ئاو هەڵکەینە سەرێ و پەردەی ئەو "هەتاوە کەشتییە"ی کە ئیزیس و ئۆزیریس کەشتییەوانی بوون هەڵکەین، ئەو دووانەی ئێمە بەرەو سەمایەکی ئەفسووناوی دەبەن، ئەو سەمایەی کە بوونەوەرە بێدەنگییەکانی ئاوی ئارام دەگۆڕێت بۆ سەر بەگۆبەنی دەریایەکی دوورەدەست، تاک لە ئیمپراتۆریەتی تاکەکەسەوە دەگەیەنێتە چوارچێوەیەکی گشتێتی.

سەرچاوە: De soi-même Guy Corneaul

# له سۆراخی ئەو ئێستایەی کە بەسەر چووە

میلان کۆندێرا

١

لە ناوجەرگەی ئیسپانیا لە شوێنێکی نێوان بەرشەلۆنەو مەدریدا، دوو کەس لە مەیخانەی وێستگەیەکی بچووکدا دانیشتوون: ئەمەریکاییەک و کچێک. ئێمە هیچیان لەبارەوە نازانین مەگەر هەر ئەوەی کە چاوەڕێی شەمەندەفەری ڕووەو مەدریدن کە بڕیارە لەوێ کچەکە نەشتەگەرییەکی بۆ بکرێ، دیارە (وشەکەقەت ناگوترێ) لەباربردنێک. ئێمە نازانین ئەم دوو کەسە کێن، چەند ساڵانن، ئەگەر یەکتریان خۆش دەوێ ئەگەر نا، نازانین چی ئەم بڕیارەی پێ گرتوون. ئەگەرچی شێوەی ڕەوتارکردنیان بەوردییەک کە بیر لەباریدا بێ باس دەکرێ، هیچێک فریامان ناکەوێ نە لە هۆکاریان نە ڕابردوویان تێ بگەین.

کچەکە نیگەرانە و پیاوەکە هەوڵ دەدات هێوری بکاتەوە:

"نەشتەرگەرییەکە شتێکی زۆر ئاسانە، جەیگ. درۆم نەکردبێ نەشتەرگەرییش نییە."

بەسەر ئەمەوە:

"لەگەڵت دێم و هەموو کاتەکە بەدیارتەوە دەمێنم."

بەسەر ئەمەیشەوە:

"دوایی هەموو شتێکمان دیسان باش دەبێ، دوایی ڕێک وەک جارانمان لێ دێ."

کە هەست بەتووڕەبوونێکی کەمی کچەکە دەکات، دەڵێ:

"جا ئەگەر ناتەوێ بیکەی، مەیکە. منیش نامەوێ بیکەی ئەگەر تۆ خۆت نەتەوێ."

(*) وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەسەن نوور.

میلان کوندێرا

دواییەکەی و دیسان:

"دەبێ بزانی کە من نامەوێ بیکەی ئەگەر خۆت نەتەوێ. ئامادەم ئەنجامەکەیشی بەسەر خۆمدا ببرم، ئەگەر نرخێکی لات هەبێ."

لە پشت وەڵامەکەی کچەکەدا هەست بەڕێگرە ئاکارییەکانی دەکرێ. کچەکە چاو بەسروشتەکەی بەردەمیدا دەگێڕێ و دەڵێ:

"ئێمە دەمانتوانی خاوەنی ئەم هەمووە بین. دەمانتوانی خاوەنی هەموو شتێ بین و هەموو ڕۆژێ زەحمەتتری نەکەین."

پیاوەکە دەیەوێ هیوری بکاتەوە:

"دەتوانین چیمان بوێ بەدەستی بێنین. [...] دەتوانین هەموو دنیامان هەبێ [...]"

"نا، ناتوانین. ئێمە ئیتر نیمانە. [...] ئینسان شتێکی جارێ لەدەست چووبێ، قەت دەستی ناکەوێتەوە."

کە پیاوەکە جارێکی تر بۆی ڕوون دەکاتەوە نەشتەرگەرییەکە ئاسانە، کچەکە دەڵێ:

"ئێستا شتێکت لێ داوا بکەم بۆمی دەکەی؟"

"چیت بوێ بۆتی دەکەم"

"تکای شتێکت لێ دەکەم، تکات لێ دەکەم تکایە تکایە تکایە گیانە تکایە تاوێ وس بە."

پیاوەکەیش:

"بەڵام من نامەوێ بیکەی، بۆ من گرینگ نییە."

کچەکە دەڵێ: "هاوار دەکەم، ها!".

ئا لێرەدایە کە گرژییەکەی نێوانیان دەگاتە سەرپەڕەکەی. کابرا ڕادەپەڕێت و جانتاکان بەدەوری

بالاختەی وێستگەکەدا بۆ شۆستەکەی ئەوبەر هەڵدەگرێ. کە دەگەڕێتەوە لێی دەپرسێ: "ئێستا باشتری؟" کچەکە دەڵێ: "زۆر باشم، هەمـوو شتێ وەک خۆیەتی، خۆیشم زۆر باشم." ئەمە دوا قسەی کورتە چیرۆکە ناودارەکەی ئێرنست هەمنگوای "چیا وەک فیلی سپی" پێک دەهێنێ.

٢

لەم کورتە چیرۆکە پێنج رووپەڕەییەدا سەرنجبزوێن، بەشبەحاڵی سەرەتاکەی، ئەوەیە کە دەتوانین بیر بۆ ژمارەیەکی بێکۆتایی پێشهات ببەین: کابرا ژنداره و کچەکەناچار دەکات سکی لەبار ببات و بەوەیش رەحمێک بەژنەکەی خۆی بکات؛ کابرا بێژنە و لەباربردنەکەی بۆ کچەکە پێ باشە، چونکە نایەوێ ژیان لە خۆی تاڵ بکات؛ بەڵام لەوەیە چاکەی کچەکەی بوێت ئەگەر ئەو هەموو سەختییەمان بیر نەچێ کە دوور نییە منداڵێک بۆ کچەکەی بنێتەوە؛ لەوانەیە، هیچ شتێک بەدوور نازانرێت، دەردێکی کاریی هەبێ و خەمی ئەوەی بێت کچە تەنیاکە بەمنداڵەوە بمێنێتەوە؛ مرۆڤ دەتوانێ تەنانەت بیر بۆ ئەوەیش ببات کە باوکی منداڵە کەکابرایەکە کچەکە لەپێناوی ئەم ئەمەریکاییەدا بەجێی هێشتووە کە لەباربردنەکە بۆ کچەکە بەباش دەزانێ، بەڵام کچەکە ئەگەر مل نەدات، ئامادەیە منداڵەکە بەملی خۆیدا ببڕێت. ئەی کچەکە؟ لەوەیە بەلەباربردنەکە ڕازی بووبێت تا قسەی کابراکە نەشکێنێ؛ لەوەیە خۆی بەباشی زانیبێت و ئێستا کە سەروەختییە تیورەی بەرداوە، خۆی بەگوناهبار دەزانێ و بەو قسانە بەرگری لە خۆی دەکات و رووی دەمی زیاتر لە ویژدانی خۆیەتی تا هاودەمەکەی. لە ڕاستیدا مرۆڤ باری دێت بەمسەر و ئەوسەری ئەو هەموو ڕێیانەدا بێت و بچێت کە دوور نییە لە پشت لێدوانەکەدا حەشار بن.

هەرچییەکیش پێوەندیی بەکەسایەتیی هەریەکەی کەسەکانەوە هەیە، ئەوەندەی هەڵبژاردنیان ئاڵۆزە: لەوەیە کابرا ناسک بێت، دڵبەند و نەرم؛ لەوەیە خۆپەرست بێ، فێڵباز و ساختەچی. لەوەیە کچەکە زۆر ناسکۆڵە بێ، دڵنەرم و بەڕەوشت؛ هیچ دوور نییە ڕارا بێ، نارەسەن و پێش هەموو شتێکیش بیەوێ ئەو هەموو هەرایە بنێتەوە.

هۆی ڕاستینەی پشتەوەی رەوتاری ئەمان ئەوەندەی تری لێدوانەکە پێوارە کاتێک قسەکان روون ناکرێنەوە کەچۆن دەکرێن: خێرا، خاو، گاڵتەجاڕانە، نەرم، بەدمەبەستانە یان ماندووانە؟ کابرا دەڵێ: "تۆ دەزانی کە خۆشتم دەوێ." کچەکە دەڵێ: "دەزانم." بەڵام ئەم "دەزانم"ەی چی دەگەیەنێ؟ ئاخۆ بە ڕاستی لە خۆشەویستییەکەی کابراکە دڵنیایە؟ یان گاڵتەی بەقسەکەی دێت؟ ئەگەر وایە مەبەست لەو دەنگ و ئاوازەی ئەو گاڵتەپێهاتنەی چییە؟ کە کچەکە باوەڕی بەخۆشەویستییەکەی کابرا نەماوە، یان خۆشەویستییەکەی کابرایە کە بایەخی بەلای کچەکەوە براوە؟

لە لێدوانەکە بەلاوە یەک دوو وەسفی پێویست لە کورتە چیرۆکەکەدا هەن؛ روون هەروەک روونکردنەوەی دیمەنێکی شانۆیی. یەک بابەت لەم پوخت و کورتکارییە دەترازێ: ئەو کێوە سپییانەی کەسەر لە ئاسۆ دەنێن؛ بابەتێک کە چەند جارێک جەخت دەکرێتەوە، خوازەیەکیش؛ تاکە

خوازەی کورتە چیرۆکەکە. هەمنگوای کارێکی ئەوتۆی بەسەر خوازەوە نەبووە. خوازەکەیش سەر بە چیرۆکەکە نییە، قسەی کچەکەیە؛ کچەکەیە کاتێک چاو بەچیاکاندا هەڵدەهێنێ، دەڵێ: "چیاکان بەفیلی سپی دەچن."

کابرا بینێک بەبیرەکەیەوە دەنێ و دەڵێ:

"شتی وام قەت نەدیوە."

"نەتدیوە، دیارە."

"لەوەیە دیبێتم. تۆ کە دەڵێی دیارە، خۆ بەڵگە نییە."

لەم چوار گوتەیەدا کەسایەتییەکان دیاری دەخەن کە نەک هەر لێک جیاوازن، بگرە پێچەوانەی یەکیشن: کابراکە خۆی لە ڕووی داهێنانە شیعرییەکەی کچەکەدا پەنا دەدات ("شتی وام قەت نەدیوە")، کچەکە دەستبەجێ کە لەوەیە بۆ توانجتێگرتنی کابرا بێ کە هیچ هەستێکی بۆ شیعر ناجووڵێ، لێی بەوەڵام دێت ("نەتدیوە، دیارە") کابرایش (هەروەک هەستی بەتوانجەکە کردبێت و لەباری نەبێ) بەر بەکچەکە دەگرێ ("لەوەیە دیبێتم"). کابرا لەوەولا کە دڵنیای دەکاتەوە خۆشی دەوێ؛ کچە دەڵێ: "بەڵام کە بیکەم [واتە ئەگەر کچە کە سکی لەبار برد] حەز دەکەی بڵێم شتێ بە فیلی سپی دەچێ و حەزیشت بەم قسەیەم دێ؟"

"بەڵێ، حەزم بەقسەی وا دێ. ئێستایش حەزم پێی دێت، بەڵام، ڕاست و ڕەوان ناتوانم بیری لێ بکەمەوە."

تۆ بڵێی هەر ئەم هەڵوێستە جیاوازەی بەرانبەر خوازەیەک بێ کە هەردوو کەسایەتییەکە لێک جیا دەکاتەوە؟ کچەکە، ناسک و شاعیرانە و کابراکە، بەهەردوو پێی سەر زەمینەی واقیعەوە؟

بۆ نا، دەتوانین کچەکە لە کابراکە بەشاعیرانەتر بزانین. بەڵام دەشتوانین لە داهێنانە خوازەیییەکدا شتێکی منەکراو، دەستکرد و ناڕەسەن ببینینەوە: کچەکە دەیەوێ دڵی پیاوەکە بۆ خۆی وەک کەسێکی ڕەسەن و داهێنەر ئەوەندەی تر ڕابکێشێ؛ کچەکە بەوردە ئاماژەی شاعیرانە وەختە باڵ بگرێتەوە. جا ئەگەر وا بێ لایەنە ئاکاری و بەزەبزوێنەکەی قسەکانی کە لەبارەی ئەو دنیایەیان دەکات دوای لەباربردنەکە ئەمان ئیتر لە دەستیان داوە، دەبێ بەحەزی بۆ خۆنواندنێکی شیعرییانە ڕەواتر بێ تا ئەو نائومێدییە ڕاستینەیەی ژنێک کە لە دایکایەتیی خۆی دەکات.

نا، هیچ شتێکی ئاشکرا لە پشت ئەم لێدوانە سادە و ڕۆژانەیەوە نییە. کام پیاو دەڵێی لەوانەیە هەر ئەو قسانە بکات کە کابرای ئەمەریکایی دەیانکات، هەر ژنێک دەڵێی هەر قسەکانی کچەکە. پیاوێک ئەگەر ژنێکی خۆش بوێت یان نا، ئەگەر درۆ بکات یان ڕاستگۆ بێ، گرینگ نییە، هەر قسەکانی ئەم دەکات. دەڵێی ئەم لێدوانە لە ڕۆژی پەیدابوونەوە، لێرە چاوەڕێ بووە، بێ ئەوەی باری دەروونیی تاکەکەسی لێ بەرچاو گیرابێت، ژن و پیاو بە جووتە تا دنیا دنیایە بیانڵێنەوە. جا بێین لە ڕووی ئاکارەوە ئەم کەسانە هەڵبسەنگێنین کارێکی نەکردە نییە ئەگەر بیرمان نەچووبێت کە

ئەمان هیچیان نەماوە بۆی دابنیشن و بەلایەکیدا دابلەنگێنن؛ ئەمان کە لە وێستگەکە وەستاون ئیتر هەموو شتێکیان بەجارێک و بۆ هەردەم براندووەتەوە؛ قسەی خۆیان لە بارەیەوە کردووە و کردووەتەوە؛ دڵی ڕوحی خۆیان جار بەسەر جارەوە داوەتەوە؛ ئێستایش شەڕە کۆنەکە (مشتومڕە کۆنەکە، دراما کۆنەکە) تروسکەیەکی کزی لە پشت ئەو لێدوانەوە دیار دەکەوێ کەلێیدا هیچ شتێک نەماوە بکەوێتە تای بێبارییەوە، لێیشیدا قسە هەر قسەیە.

٣

ئەگەرچی ئەم کورتە چیرۆکە زۆر ئەبستراکت ـ دەرهەستە و دۆخێکی تا ڕادەیەک نموونەیی ڕوون دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا زۆر کۆنکرێت ـ بەرهەستە کاتێک دەیەوێ ڕووبەرە بەرچاو و دەنگدارەکەی دۆخەکە دەستگیر بکات، کە دیارە سەر بە لێدوانەکەیە.

ئێوە خۆتان هەوڵێک بدەن و لێدوانێکی ژیانتان، مشتومڕێکی نێوانتان یان لێدوانی ئەویندارێتان دابڕێژنەوە. ئەو دۆخەی کە لە دڵماندا شیرینترین و گرینگترینە تاهەتایە لەدەستمان داوە. ئەوەی کە لێی ماوەتەوە هەر مانا دەرهەستەکەیەتی (من بەرگریم لەوا و وا بۆچوونێک کرد، ئەو لە بۆچوونێکی تر، من بەگژیدا چووم، ئەو لێم کشایەوە)، ئەوپەڕەکەی یەک یان دوو وردەکاریش، بەڵام لایەنە بەرهەستە دەنگدار و بەرچاوەکەی دۆخەکە کە ئەوسا چۆن بووە، لەدەست چووە.

جا ئەو لایەنە هەر لەدەست نەچووە، ئەو لەدەستدانە شتێک نییە کەس بیری لێ بکاتەوە. ئێمەخۆمان لە دۆخێکدا دەبینینەوە کە لێیدا لامان وایەلایەنی بەرهەستی ئەم ئێستایە بەسەر چووە. ئێمە دەستبەجێ لە تروکەساتەکەی ئێستا دەرهەستییەک پێکەوە دەنێین. بەسمانەشتێک بگێڕینەوە کە چەند سەعاتێک لەمەوپێش ڕووی داوە: لێدوانەکە بەپوختەکارییەکی ورد کورتەیەکی خێرا و دیکۆری چەند زانیارییەکی گشتیی لێ دادەهێنرێ. ئەمە تەنانەت بیرەوەریی یەکجار ڕوونیش دەگرێتەوە کە خۆیمان وەک هەژانێک بەسەردا دەسەپێنێ. ڕووناکییەکەی ئەو بیرەوەرییە بەرچاومان ئەوەندە دەگرێت کە ئیتر دەرک ناکەین ناوەڕۆکەکەی چەند کورت و کەمە.

کە واقیعێک لێک دەدەینەوە و لێی دەدوێین و دەکۆڵینەوە، چۆن لە هەست و بیرماندا دەردەکەوێ، هەر بەو چەشنە لێکی دەدەینەوە. ئێمە لەباری ڕابردوویدا هەست بەواقیع دەکەین. ئێمە وەک ئەوەی کە لەم ئێستایەدایە، لەو تروکەساتەی کە خۆی دیار دەخات کاتێک لە ئارادایە، هەستی پێ ناکەین. ئەم ئێستایە بەبیرەوەری و یادی خۆی ناچێ. بیرەوەیش ڕەتکردنەوەی فەرامۆشی نییە، بیرەوەری شێوەیەکی فەرامۆشییە.

ئێمە دەتوانین دەفتەری یاداشتەکانمان بنووسینەوە و تێیدا هەر شتێک کە پێش دێت، تۆمار بکەین. جا کە ڕۆژێک ئەو یاداشتانە دەخوێنینەوە بۆمان دەسەلمێت کە ناتوانن تەنانەت یەک تاکە وێنەی بەرهەست بدەنەوە. بەولاوە تریشەوە: خەیاڵمان نایپەرژێت یاریدەی بیرمان بدات و ئەو شتە

دابهێنێتەوە کە لە بیرمان چووە. بەڵام ئێستا، لایەنی بەرهەستی ئێستا، وەک دیاردەکە لێی بکۆڵینەوە، وەک پێکهاتە، بەلامانەوە هەسارەیەکە هێشتا پێی نەزانراوە؛ نەدەزانین چۆنی لە بیردا ڕابگرین نەچۆن بەیاریدەی خەیاڵ دای بهێنین. دەمرین بێ ئەوەی بزانین چیمان دیوە.

٤

پێویستمان بەڕەتکردنەوەی لەدەستدانی واقیعی کورتخایەنی ئێستا، ئەوەندەی لێی بەئاگام، شتێک نییە ڕۆمان، تا تروکەساتێکی تایبەت لە پەرەسەندنیدا، هیچی لێ زانیبێ. کورتە چیرۆکی بوکاچیو نموونەی ئەو دەرهەستییەیە کە ڕابردووی بۆ دەگۆڕدرێ هەر کە دەگێڕدرێتەوە: چیرۆکێکە، بێ هیچ دیمەنێکی بەرهەست، بەڵکە بێ لێدوانێکی ئەوتۆ، هەروەک کورتەیەک، لایەنی گرینگی چیرۆکێک، مەنتیقە هۆیەکییەکەی بەسەرهاتێکمان پێ دەڵێ. ڕۆماننووسی دوای بوکاچیو گێڕەرەوەی زۆر باش بوون، بەڵام کە لایەنی بەرهەستی ئەم ئێستایە بەگیر بهێنن نە بەکێشەی خۆیان دادەنا نەهەوڵیان بۆ دەدا. ئەوان چیرۆکێکیان دەگێڕایەوە بێ ئەوەی لەو پێناوەدا ناچار بن لە شێوەی دیمەنی بەرهەستدا بیوێنن.

دیمەن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا توخمە بنەڕەتییەکەی داڕشتنی ڕۆمانی لێ پێک دێت (ئەو خاڵەی کە لێیدا ڕۆماننووس لێهاتوویی خۆی دەنەخشێنێ). لای سکات، بالزاک و دۆستۆیێڤسکی ڕۆمان وەک زنجیرەیەک دیمەن دادەڕێژرێ کە بەوردەکارییەکی زۆرەوە باس دەکرێ، هەموو دیمەنێک بە دیکۆر، لێدوان و ڕووداوی پەرەسێنی خۆیەوە؛ هەرچییەکیش سەر بەم زنجیرە دیمەنەوە نەنێت، هەرچییەک دیمەن نەبێ، بەلاوەکی و تەنانەت زیاد دادەنرێ و هەر بەو جۆرە هەستی پێ دەکرێ. ڕۆمان بەسیناریۆیەکی گشتگر دەچێ.

هەر کە دیمەن دەبێتە توخمێکی بنەڕەتیی ڕۆمان، بەکردەوە پرسیار لەبارەی واقیعەوە کە چۆن خۆی لە ئێستادا دەنوێنێت، هەر بەو جۆرە دەکرێ. دەڵێم "بەکردەوە" چونکە پرسەکە هەم بۆ بالزاک و هەم بۆ دۆستۆیێڤسکی لە خولیای ورووژاندنەوە نزیکە تا خولیای بەرهەستکاری، لە شانۆوە نزیکە تا واقیعێک کە دیمەنی شانۆی لێ ڕادەنرێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە ڕۆماندا بەرپا دەبێ جوانیکارییە نوێکەیە (دووەمین قۆناخی جوانیکاری لە مێژووی ڕۆماندا)، کە لە کەسایەتیی شانۆییی پێکەوەناندا خۆی دیار دەخات: ئەمەیش پێکەوەنانێکە کە لە:

أ- یەک تاکە نەخشە و ڕووداوی پەرەسێن (بەپێچەوانەی "ڕۆمانی بەدکاری"یەوەکە ڕیزێک ڕووداوی پەرەسێنی جیاوازە)؛ ب- هەر هەمان کەسەکان (کە بەریان نەگریت لەنیوەی ڕێدا ڕۆمانەکە بەجێ بهێڵن، ئەو شتەی کەسێرڤانتس زۆری بەلاوە ئاسایی بوو، نەی لێ دەکرێ)؛ پ- سنوورێکی دیاریکراوی کاتدا چڕ دەکرێتەوە (ئەگەرچی لە نێوان سەرەتا و کۆتایی ڕۆماندا کاتێکی درێژ تێ دەپەڕێ، ڕووداوی پەرەسێن لە چەند ڕۆژێکی بژاردەدا پێش دێت؛ هەر بەمەیشە کە بەنموونە"ئەروا بەدەکان" چەند مانگێک درێژە دەکێشێ، بەڵام ڕووداوە پەرەسێنە یەکجار

فرەلاکەی بەسەر دوو، دوایی سێ، دواتر دوو و دواییەکەی پێنج ڕۆژدا دەبەشێنرێتەوە).

لەم شێوە پێکهاتە بالزاکییە یان دۆستۆیێڤسکییەی ڕۆماندا هەر لە دیمەنەکاندایە کە بوار دەڕەخسێت سەرلەبەری فرەلایەنییەکەی ڕووداوی پەرەسێن، هەموو دەوڵەمەندییەکەی بیر (لێدوانە مەزنەکانی بیری دۆستۆیێڤسکی) و بەرودوای بارە دەروونییەکەی کەسەکان بەڕاشکاوی دەرببڕدرێن؛ بۆیە دیمەنێک، جا بەشبەحاڵی شانۆ، بەشێوەیەکی ناسروشتی خڕ دەکرێتەوە و چڕوپڕ دەبێ (چاوپێکەوتنێکی زۆر لە یەک دیمەندا) و، بەڕیزکردنێک کە هۆش پەسەندی ناکات پەرەی پێ دەدرێ (بۆ ئەوەی ناکۆکیی نێوان بایەخ و خولیاکان ڕوون بکرێتەوە)؛ بۆ ئەوەی گوزارە لە هەموو شتێکی بنەڕەتی بکرێ (بنەڕەتی بۆ ئەوەی ڕووداوی پەرەسێن و مەبەستی ڕووداوی پەرەسێن ڕوون بن) پێویستە لە هەموو شتێکی "نابنەڕەتی"، واتە لە هەموو شتێک کە بێ بایەخە، ناوەنجییە، ئاساییە، هەموو شتێک کە ڕێکەوتەیان شتێک کە وەک بڵقی سەر ئاوە، لا بێت.

فلوبێرە ("ڕابەرە هەرە ڕێزدارەکەمان"، شێکسپیر لەبارەیەوە بۆ فاکنەر دەنووسێ) کارێک دەکات ڕۆمان لایەنە شانۆییەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ. لە ڕۆمانەکانی فلوبێردا کەسەکان لە بارودۆخێکی ئاساییدا بەیەک دەگەن (لە ڕێی بێباکی و سەرەڕۆییانەوە، بەڵام لە ڕێی هاودەمی و هۆش ڕاکێشانیانەوە کە بارودۆخێک دەنێنەوە هەم جوانە و هەم لە بیر دەچێ) لە چیرۆکەکانیاندا هەموو کات دیار دەکەوێتەوە. ئێمما بڕیارە لە کڵێسا چاوی بەلیۆن بکەوێت، بەڵام کڵێسا کارێکیان بەپیرەوە دێت کە ئەوەندەی دەڕێسێت ژوانیان لێ دەشێوێنێ. مۆنتریا لە پێشەکییەکەی مەدام بوڤاریدا گاڵتەی بەم لە قالبدانەی ئەو شێوازە دێت کە دیمەن بابەتی ناکۆکی تێ هەڵبکێشرێت، بەڵام گاڵتەکە ڕاستی ناپێکێ؛ چونکە لێرەدا باس لە ڕازاندنەوەیەکی هونەرییانە نییە؛ بگرە باسی شتێکە کە دوور نەچووین ئەگەر بڵێین دۆزینەوەیەکی بوونناسییە: دۆزینەوەی ساخت و پێکهاتەی ئێستایە؛ دۆزینەوەی پێکەوەبوونی تاهەتاییی ئەو لایەنە هەم پڕوپووچ و هەم کاریگەرانەیە کە ژیانمان خۆی لەسەریان ڕادەنێت.

دەستگیرکردنی لایەنی بەرهەستی ئەم ئێستایە یەکێکی ئەو حەز و مەیلە بەردەوامانەیە کە لەگەڵ فلوبێردا ڕەنگ لە پەرەسەندنی ڕۆماندا دەداتەوە: ئەمە خاڵی هەرە هەڵکشاوی خۆی، پەیکەرەی ڕاستینەی خۆی لە ئۆلیسی جەیمس جۆیسدا دەبینێتەوە کە لە نزیکەی نۆسەد ڕووپەڕەدا باسی ژیانێکی هەژدە سەعاتە دەکات؛ بلووم لەگەڵ ماکۆی لەسەر ڕێ دەوەستێ: لەمیانی یەک تروکەساتدا، لە نێوان وشەیەکی ئەم و وشەیەکی ئەودا، شتی بێژمار پێش دێن: خۆدواندنی دەروونیی بلووم؛ جووڵەکانی (دەستی لە گیرفانی کەمێک بەر زەرفی نامەیەکی خۆشەویستی دەکەوێ)؛ هەموو شتێک کە دەیبینێ (ژنێک کە سواری گالیسکەکەی دەبێت و ڕانی ئاستەمێک دیار دەکەوێت... هتد)؛ هەموو شتێک کە دەیبیستێ؛ هەموو شتێک کە هەستی پێ دەکات. یەک تروکەساتی ئێستا لای جۆیس تاهەتایەکی بچووکی لێ پێک دێت.

٥

لە داسـتـان و هـەروەها درامـادا بـەگـوڕ و هێـزی جـۆراوجـۆر گـوزارە لە حـەزی توند بۆ لایـەنی بەرهـەست دەکرێت، کە شتێکە پێوەندییە نایەکسانەکەیان بەپەخشانەوە ئاشکرای دەکات. داستان لە سـەدەی شازدەم و حـەڤدەیەمدا شیعر دەنێتە لاوە و دەبێتە هونـەرێکی نوێ: ڕۆمان. دراما واز لە شیعر دەهێنـێ و بە درەنگەوە و زۆر خـاوتر پەخشـانی لێ پێک دێت. ئۆپێرا بەشاکپەنتیێ (لویس ١٩٠٠)، دێبوسی (پیلیێ و مێلیزا، ١٩٠٢، ئەگەرچی بـەشێوازە پەخشـانێکی شیـعریی یەکجار ئاشـنا نووسـراوە) و یاناچێکەوە (یێنوفـا، کـە لە نێـوان ١٨٩٦ و ١٩٠٢دا نووسـراوە) بەڵام زۆر درەنگتر، لـە بەرەبەری سـەدەی بیسـتەمدا دەپەخشێندرێ. ئەم دوایینەیان ئەو کەسە بوو کە بەڕای خـۆم گرینگترین جـوانیکاریی ئۆپێرای لە مـێـژووی هونەری نوێیینەدا داهێنا. دەنووسم "بەڕای خـۆم"، چونکە نامـەوێ خـولیای تایبـەتی خـۆمی بۆ بشـارمـەوە. سـەرەڕای ئـەمـە لام وا نیـیـە لێی بەهەڵەدا چووبم، چونکە ئەوەی یاناچێک پێی گەیشت شتێکی گەورە بـوو: یاناچێک دنیایەکی نوێی ئۆپێـرا، دنیـای پەخـشـانی دۆزییـەوە. نـامـەوێ بڵـێـم کـە ئەو تاکـەکـەسی ئەم بوارە بـوو (بێـرگ، بەوۆتزێک، ١٩٢٥، کـە بەوپەڕی زەبرکـێـشـانەوە بەرگـریـیـەکی زۆری لێ کـرد و، تـەنانـەت پوێلیش بە"دەنگی مرۆڤینە"، ١٩٥٩، زۆر لێی نزیکە)، بەڵام یاناچێک سی ساڵی تەواو بە ورە و باوەڕی پتەو درێژەی بەڕێـی تایبـەتی خـۆی دا و پێنج کـاری بەرهـەم هێنا کـە هـەر دەمـێننەوە: یێنوفا، کـاتیـا، کابانوڤا،١٩٢١، ڕێویی فێڵباز، ١٩٢٤، وەسیەتنامە، ١٩٢٦، و خانەی مردووان، ١٩٢٨.

گوتم دنیای پەخشانی دۆزییەوە، چونکە پەخشان هەر شێوازێکی نمایشکردن نییە لە شیعر جیا بێت، بگرە ڕوویەکی واقـیـعیـشـە، ئاساییـیـەکەی، ڕووە بەرهـەست و تروکەساتییـەکەی، شـتێک کـە پێـچـەوانەی هـەمـوو ئەفسانەیـەکە. لێرەدا مرۆڤ بەر قـووڵترین باوەڕی ڕۆمـاننووس دەکـەوێ: هیچ شـتێک لە پـەخـشـانی ژیان پەنهانتر نـیـیـە؛ هـەمـوو مـرۆڤێـک بێ پشـوو هـەوڵ دەدات بەژیانی خـۆی ئەفـسـانەیەک دابهـێـنێ، واتە مـرۆڤ هـەوڵ دەدات ژیانی خـۆی بەشیـعـر بینووسـێـتـەوە، بەشیـعـر پەردەپۆشی بکات (بـەشیـعری خراپ). جا ئەگەر ڕۆمـان هونەرێکە نەک هـەر "ڕشـتـەیەکی ئەدەبی" هـەر لەبەرئـەوەیە کە داهێنانی پەخـشـان ئەو ئـەرکە بوونناسـیـیـەیەتی کە ڕۆمـان نـەبێ هـیـچی تر ناتوانێ تا سـەر بەئەستۆی خۆیەوەی بگرێ.

لەڕێی ڕۆمانی ڕووەو ڕازی پەخشان، ڕووەو جـوانیی پەخشاندا (چونکە ڕۆمان، وەک هونەر لێی بڕوانین، پـەخـشـان وەک جـوانی دەدۆزێتـەوە)، فلوبێـر هـەنگاوێکی هـەراوی نا. لـە ئۆپێـراخـانـەدا یاناچێک دوای نیـو سـەدە شـۆڕشـەکەی فلوبێری تا سـەر برد. جا ئەگەر شۆڕشـەکەمان لە ڕۆماندا پێ لە جێی خۆیدا بێ (هـەروەک دیمەنەکەی نێوان ئێمما و ڕۆدۆلفی ڕوو لە پاشخانێک تەنزە شانۆ، لە جینەکانی ڕۆماندا وەک هەلومەرجێکی سـەپاو تۆمار کرابێت)، لە ئۆپێرادا بەجۆرێکی یەکجار جـودا ڕاچڵـەکـێنە و بـوێرانەیە و چـاوەڕێ نەکـراوە: ئـەمـە پێـچـەوانـەی ئەو ناواقـیـعـیـیـە و ئەو

سادەکارییە زۆرەیە کە باوەڕ وایە ئۆپێرا دەبێ وا بێ.

بەو پێـودانگەی کـە نوێخـوازە گەورەکـان هەوڵیـان دا ئۆپێـرا بنووسن، گـەلێک جـار بەباشیـان دەزانی لە پێـشـەنگانی سـەدەی نۆزدەیـەمـیـان زۆر سـادەتر بنووسن. هـونوژی ڕوو لە قـارەمـان و کەسـایەتییـەکانی کتێبی پیرۆز دەنێ و وەک شتێکی نێوان ئۆپێرا و ئوراتۆرۆیان دادەڕێژێ؛ بابەت لە تاکە ئۆپێراکەی بارتۆکدا حەکایەتێکی سیمبولییە؛ شۆنبێرک دوو ئۆپێرای نووسی: یەکێکیان ڕەمزییە، ئەوی تریان شتێک دەنوێنێ سەر بەسنووری شێتییەوە دەنێ؛ ئۆپێراکانی ستراڤینسکی لەسـەر زەمـینەی دەقی سـەروادار و سـاکـار ڕانراون. یاناچێک هەر بەگـژ داوونەریتی ئۆپێـرادا نەچوو، بەری ئەو ڕێبازەیشی گرت کە ئۆپێرای نوێینە گرتییە بەر.

٦

وێنەکـە زۆر ناسـراوە: کـابرایـەکی کـورتەبنە، سـمـێـڵـداری ڕۆپەسـپی کـە دەفـتـەرەکـەی دەسـتی کردووەتەوە، جادە دەبڕێت و ئەو وشانە یاداشت دەکات کە خەڵک دەیڵێن. ئەو هـەر ئەمـە خدە و خولیای بوو: کە وشـەی گوتراو یاداشت بکات؛ کابرا پاش خۆی سـەدانی لەم "ئاوازاندنەی زمـانی ئاخاوتن"ی بەجێ هێشت. ئەم کارە بێتامـەی ئەو، هاوسـەردەمـانی ناچار کرد لە باشـترین باردا بەیەکێکی نێو کەسە ڕەسەنەکانی بزانن و لە خراپترینیاندا بە کەسێکی ئەوەندە بێ خـەوش کە قەت نەیزانیوە موزیک شتێکە دادەهێنرێ نەک لاساییکردنەوەیەکی سروشتگەرانەی ژیان.

بەڵام پرسـیاری لەم بارەیەوە ئەوە نییەکە ئێمـە: لاسایی ژیان بکەینەوە یان نەیکەینەوە؟ پرسـیار ئەمــەیە: مــوزیکێک ئاشکرای بکات کـە دنیـایەک لە دەرەوەی مـوزیکدا هەیە و لێی بکۆڵیـتـەوە؟ کۆڵینەوە لە زمانی ئاخاوتن دوو بۆچوونی بنەڕەتی لە موزیکی یاناچێک ڕوون دەکاتەوە:

١) ڕەسـەنایەتییە ئاوازییەکەی: بەرەو کۆتایی ڕۆمـانتیزم گەنجینە ئاوازییـەکەی موزیکی ئەورووپا پێ دەچوو بنەی بێ (ژمـارەی بڕارەبەندی کەحـەوت یان دوازدە ژمـارەیە لـە ڕووی بیرکـارییـەوە بەری گـیراوە)؛ تێگەیشتنی باوی ئاوازاندنی وا کـە سـەر بەمـوزیکەوە ناگـرن بەڵکە بەدنیـای بابەتییـانەی وشـەوە، بۆ یاناچێکی دەرەخسێنێ سروشێکی تر، سـەرچاوەیەکی تری خـەیاڵی ئاواز بەدەست بهێنێت؛ ئاوازەکانی (دوور نییـە یاناچێک دوایین ئاوازکاری گەورەی مێژووی موزیک بێ) هەر لەبەرئەوەی زۆر تایبەتن لەوەیە دەستبەجێ بناسرێنەوە:

أ) بەپێچەوانەی پەندەکەی ستراڤینسکییەوە ("میانەی مـوزیکی کەم بەکار بهێنە، وا بزانە دۆلارن") میـانەی وایان تێـدایە ئەوەندە گـەورەن کـەس شـتی وای نەدیوە و کـەسـیش بیـری نەبردووە لە ئاوازی ئاوا "جوان"دا بەکار ببردرێن؛

ب) کەمن، کورتن و سەختی یەکجار سەختە پەرەیان پێ بدرێ، درێژ بکرێنەوە یان بەتەکنیکی ئەو سـەردەمـە کـاریان لەسـەر بکرێتـەوە، کـە بکرایە دەسـتـبـەجێ قـەلب و ناڕەسـەن و "درۆ"

دەردەچوون، واتە: ئاوازەکان لەسەر ڕەوتی خۆیان پەرەیان بردووە: یان دووبارە کراونەتەوە (دووبارەکردنەوەیەکی سەرسەختانە) یان وەک وشەیەک: بۆ نموونە زۆر تیژ (وەک کەسێک لەسەر قسەی خۆی سوور بێت، یان وەک کەسێک بپاڕێتەوە) و... هتد، کاریان لەسەر کراوە.

٢) ئامانجی دەروونییان: ئەوەی کە یاناچێک لە لێکۆڵینەوەی زمانی ئاخاوتندا بایەخێکی تایبەتی پێ دەدا ئیقاع ـ ریتمی تایبەت یان لحنەـ ئاوازەی زمانی (چیکی) نەبوو (لە ئۆپێراکانی یاناچێکدا قسەبێژی نییە)، بگرە دۆخی کاریگەریی دەروونیی تروکەسات کە لە ئاوازاندنەکەدایە، کە لە ئاستی دەنگی ئاخێوەردایە؛ یاناچێک هەوڵی دا نیشانە زمانییەکانی ئاواز تێ بگات (لێرەوە یاناچێک وەک پێچەوانەیەکی تەواوی ستراڤینسکی کە هیچ توانستێکی دەربڕینی بەموزیک ڕەوا نەبینیوە، دیار دەکەوێ؛ بەلای یاناچێکەوە هەر ئەو نۆتەیەی کە دەربڕینە، کە هەستە، مافی هەبوونی خۆی هەیە)؛ لە ڕێی لێکدانەوەی تەواوی پێوەندیی نێوان ئاستێکی دەنگ و هەستێک، یاناچێک وەک موزیکدانەر دیتێکی تاکانەی ڕوونی دەروونییانەی داهێنا؛ توڕەییيە دەروونییە ڕەسەنەکەی یاناچێک (بیرمە کە ئادێرنۆ لەبارەی ستراڤینسکییەوە باسی "تووڕەیییەکی نادەروونی"ی دەکات) بەهەموو کارەکانییەوە دیارە و هەر لەبەر ئەمە بوو کە خۆی تەرخانی ئۆپێرا کرد، چونکە لێیدا لە هەموو کوێیەک باشتر توانستی "پێناسەکردنی موزیکییانەی هەست" ئەنجام دەدرێ و دەسەلمێنرێ.

٧

لێدوانێک لە ژیانی ڕاستینەدا، لە ئێستای بەرهەستدا، چییە؟ نازانین. بەڵام دەزانین کە لێدوان لە شانۆدا، لە ڕۆماندا یان لە ڕادیۆدا بەلێدوانێکی ڕاستینە ناچێ. دیارە ئەمە یەکێکی ئەو بۆچوونانە بوو کە هەمنگوای خووی پێ دابوو: کە هەوڵ بدات پێکهاتەی لێدوانێکی ڕاستینە دەستگیر بکات. وەرن با ئەم پێکهاتەیە لە ڕێی بەراوردکردنی لەگەڵ لێدوانی شانۆدا پێناسە بکەین:

أ) لە شانۆدا: چیرۆکە شانۆییيەکە بەلێدوان و لە ڕێی لێدوانەوە سەروبەر دەنرێ؛ بەرەودوای ئەم لێدوانەیش هەر ڕووداوی پەرەسێن، هەر مەبەست و ناوەڕۆکی ئەم ڕووداوە دەگرێتەوە؛ لە ژیانی ڕاستینەدا: لێدوان هەموو شتێکی ڕۆژانە و ئاسایی چەمبەری دەگرێت و دای دەپچڕێ و دوای دەخات، کار لە پەرەبردنی دەکات، بەگومڕێدا ڕای دەکێشت، دەیشێوێنێ و وەک شتێکی نابەجێ دیاری دەخات؛

ب) لە شانۆدا: لێدوان دەبێ تا پێی دەکرێت وێنەیەکی ئاشکرا و ڕوونی ناکۆکییە درامییەکە و کەسەکان بۆ بینەر دابین بکات؛ لە ژیانی ڕاستینەدا؛ کەسەکان کە پێکەوە دەدوێن یەکتر دەناسن و بەبابەتی لێدوانەکە دەزانن؛ بۆیە لێدوانی ئەمان بەلای کەسی سێیەمەوە شتێک نییە لە هەمووی تێ بگات؛ لێدوانەکە وەک ڕاز دەمێنێتەوە، وەک توێژێکی تەنکی شتێک کەلەبارەی وشەیەکی بێژماری واوە دەگوترێ، کە قەت ناگوترێن.

پ) له شانۆدا: کاتی سنووورداری نمایشکردنەکە ئەوپەڕی کەمکردنەوەی وشەی لێدوان بەمەرج دەگرێت؛ لە ژیانی ڕاستینەدا: کەسەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو بابەتەی کە لێی بوونەتەوە، دووبارەی دەکەنەوە، لە قسەی هەر ئەو دەمەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە و بەولاتریشەوە؛ ئەم دووبارەکردنەوە و ناقووڵاییە بەربیرەی کەسەکان ئاشکرا دەکەن و ئاوازێکی تایبەت لە لێدوانەکە دەنێن.

هەمنگوای هەر لەوە تێ نەگەیشتبوو کە چۆن پێکهاتەی لێدوانی ڕاستینەبەگیر بهێنێ، بگرە چۆنیش ئەو پێکهاتەیە بەدەستپێک بگرێت و شێوەیەک، شێوەیەکی ساکار، تەنک، ڕوون وەک بلوور و جوانی وای لێ دابهێنێ کە لە"چیا وەک فیلی سپی"دا دیار دەکەوێ: لێدوانی نێوان ئەمەریکاییەکە و کچەکە خاوەخاو دەست پێ دەکات، قسۆکەی بێسەروبەر؛ هەمان گوتە و هەمان بەرپەرچدانەوە جار بەسەر جارەوە و بەهەموو چیرۆکەکەدا پات دەبنەوە و، یەکپارچەییەکی ئاوازداری پێ دەبەخشن. (هەر ئەم ئاوازاندنەی لێدوانەکە لای هەمنگوای ئەوەندە دڵڕفێن و بەو ئەوەندەیەیش ئەفسووناوییە)؛ ئەو ژنە مەیگێڕەی بەشتێکەوە کە ئەمان بیخۆنەوە لێیان دێتە دەرەوە لە گرژییەکەی نێوانیان دادەشکێنێت کە پلە بەپلە تاو دەگرێتەوە، بەرەو کۆتایی بەدواسنووری دەگات ("تکات لێ دەکەم، تکایە تکایە") و دوایی و لە دوا قسەدا زۆر خاو هێمن دەبێتەوە.

٨

"پازدەی فێبریوەری بەرەو ئێوارە. لێڵەی سەعات شەش، نزیکی وێستگەکە. دوو ژن چاوەڕێن. لەسەر شۆستەکە ئەویان کە گەورەترە و کوڵمی گەش و پاڵتۆکەی سوورە لەرزیەتی.

لەپڕ دەکەوێتە قسەکردن:



'لێرە چاوەڕێ دەبین، ئەگەرچی دەزانم نایە.'

ژنە هاودەمە بێرەنگەکەی کە تەنوورەیەکی سادەی پۆشیوە بەزایەڵەیەکی تاریک و خەمگینی ڕوحی، دوایین تۆنەکەی دەبڕێت:



'جا فەرقی چییە.'

ژنەکە لە جێی خۆیدا، نیوێک لاسار، نیوێک چاوەڕوان، دەمێنێتەوە."

ئاوا دەست پێ دەکـات یـەکـێکی ئەو دەقـانـەی کـە یاناچێک بـەنۆتـەکـانیـانـەوە، ناوە نـاوە لە ڕۆژنامەیەکی چیکیدا بڵاوی دەکردەوە. وەرن با گوزارەی "لێرە چاوەڕێ دەبین ئەگەرچی دەزانم نایە" بەگوتەیەک لە چیرۆکێک بزانین کە ئەکتەرێک بەدەنگی بەرز بۆ جەماوەرێکی دەخوێنێتەوە. لەوەیە ئەم بێژەیە بەئاستی دەنگی ئەو ئەکتەرە کەمێک ناڕەسەن بەر گوێ بکەوێ. ئەکتەرەکە بەو جۆرەی کە بیری دێتەوە دەری دەبڕێ. بەڵام لە بارێکی واقیعی و ڕاستینەدا چۆن دەگوترێت؟ ڕاستییە ئاوازییەکەی ئەم گوتەیە کامەیە؟ کامەیە ڕاستییە ئاوازییەکەی تروکەساتێکی لەدەستچوو؟

سۆراخکردنی ئێستای لەدەستچوو؛ سۆراخکردنی ڕاستییە ئاوازییەکەی تروکەساتێک؛ ئاواتێک کە بەسەر ڕاستییە کورتخایەنـەکەدا بدەیت و بیگریت؛ ئاواتێک کە بەو جۆرە بترنجێنێتە نێو ڕازی ئەو واقیعە دەستبەجێیەی کەبێ وچان ژیانمان بەجێ دەهێڵێ، ژیانێک کەبەو جۆرە بۆمان دەبێتە ئەو شتەی دنیا کە کەمترین شتی لە بارەوە دەزانین، باوەڕم وایە مەبەستە بوونناسییەکەی لێوە کۆڵینی زمانی ئاخاوتنە و لەوەیشە مەبەستە بوونناسییەکەی سەرلەبەری موزیکی یاناچێک بێ.

دووەم پەردەی یێنوفا: دوای چەند ڕۆژێک بەمنداڵی تاداری ناو جێوە، یێنوفا ڕادەپەڕێ و بۆی ئاشکرا دەبێ کە نەوزادەکەی گیانی داوە. کاردانەوەکەی شتێکی کتوپڕە: "جا وا بێ مردووە. وا بێ پەرییەکی بچووکی لێ پێک هاتووە" و یێنوفا بەسەرسوڕمانێکی سەیرەوە، هەروەک لە پەلوپێ کەوتبێ، بێ ئەوەی بقیژێنێ یان شیوەن بگێڕێ، ئەم قسانە دەچرێت. ئاستی ئاوازەکە چەند جارێک هەڵدەکشێ و هەر بەو جۆرە دەستبەجێ دادێتەوە جێی خۆی، هەروەک ئەمەیش لە جووڵە کەوتبێ؛ دیارە کە ئەم کارە جوانە، هەستبزوێنە، بەڵام بێ ئەوەی لەم پێناوەدا ئیتر پڕاوپڕ نەبێ.

نۆڤاک، کاریگەرترین موزیکدانەری ئەو سەردەمەی چیک، بەم دیمەنە گاڵتەی هاتووە: "دەڵێی یێنوفا تووتییەکەی مردووە." ئەم گاڵتە بێتامە هەموو شتێک دەدرکێنێت. دیارە کەس بەم شێوەیە ژنێک ناوێنێت کە هەر لەو دەمەدا بۆی دەردەکەوێ منداڵەکەی مردووە! بەڵام پێشهاتێک، بەو جۆرەی کە مرۆڤ دەیوێنێت، شتێکی ئەوتۆی بەسەر ڕێک ئەو پێشهاتەوە نییە کە هەرکە پێش دێت چۆنە.

یاناچێک یەکەم ئۆپێراکانی خۆی بەدەستپێک لەوەوە نووسی کە بەشانۆنامەی واقیعی ناو نراوە؛ ئەمەیش لە سەردەمی ئەودا داوونەریتەکانی سەروژێر کرد؛ بەڵام بەو تینوێتییەی کە بۆ بەرهەستکاری هەیبوو بەلایەوە تەنانەت پەخشانە درامایش شێوازێکی ناڕەسەن و دەستکرد بوو: جا بەو جۆرە خۆی ئۆپێرانامەی دوو ئۆپێرا بوێرانەکەی خۆی نووسی؛ یەکیان ڕێویی فێڵباز، کە بەزنجیرە لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوی کردەوە، دووەمیان لەسەر ڕەوتی دۆستۆیێڤسکی، نەک ڕۆمانێکی (تەڵەیەکی ناسروشتی و شانۆیانە کە لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیێڤسکی گەورەتر بێ، نەبووە و نییە)، بگرە لەسەر ڕەوتی "ڕێپۆرتاج"ەکەی تایبەت بەهەوارگەکەی سیبیریا: بیرەوەرییەکان لە خانەی مردووەکانەوە.

یاناچێک

هەروەک فلوبێر یاناچێک سەوداسەری پێکەوەبوونێک بەناوەڕۆکی سۆزداری جۆراوجۆرەوەبوو کە لە یەک دیمەندا پێش بێ (یاناچێک بەم حەز و سەودایەی فلوبێری دەزانی کەبۆ "بابەتی ناکۆک" هەیبوو) بۆیە لای ئەم ئۆرکێسترا ژێر ناکەوێ، بگرە زۆر جار شتێکی پێچەوانەی ناوەڕۆکە بەسۆزەکەی گۆرانی دەردەبڕێ. دیمەنێکی "ڕێویی فێڵباز" هەموو کات کاری زۆر بەهێزی لێ کردووم: لە میوانخانەیەکی نێو دارستانێکدا لێرەوانێک، فێرکارێکی گوند و ژنی خاوەنی میوانخانەکە دانیشتوون و دەدوێن: بیر لە هاودەمی کۆچبردوو دەکەنەوە؛ خاوەنی میوانخانەکە هەر ئەو ڕۆژە چووە بۆ شار، کەشەی گوندەکە باری کردووە و ژنێک کە فێرکارەکە جاران خۆشی ویستووە و بەم دواییە شووی کردووە. لێدوانەکەیان زۆر ئاساییە (پێش یاناچێک کەس لە دیمەنێکی ئۆپێرادا باردودۆخی ئەوەندە ڕۆژانە و بەو ئەوەندەیەیش بێ کارکردێکی ئەوتۆی نەدیبوو)، بەڵام ئۆپێراکە تاسەیەکی ئەوەندە زۆری لێ بارە کە کەس لە باری نایەت و، کە دیمەنەکە دەکاتە یەکێکی ئەو شەپۆرە هەرە جوانانەی کە تا ئەمڕۆ لەبارەی ڕابردووەوە نووسراون.

٩

چواردە ساڵی تەواو بەڕێوەبەری ئۆپێرای پراگ، کۆڤارۆڤیچ ناوێک، ڕابەری ئۆرکێسترا بەڵام نەک موزیکدانەرێکی تەنانەت ناوەنجییش، ڕێی نەدا یێنوفا سەر شانۆ بخرێت. دواییەکەی کە ملی دا (١٩١٦ خۆی ئۆرکێستراکەی یەکەم نمایشکردنی یێنوفا لە پراگ بەڕێوە دەبات) وا نەبوو کە ئیتر

دەم لە یاناچێک نەکوتێت و بەتازەکاری ناو نەهێنێت، بگرە گەلێک جێی نۆتەنامەکەی گۆڕی و گۆڕانی بەئۆرکێستراکارییەکەیشدا هێنا، تەنانەت چەند بەشێکی لا برد.

یاناچێکیش نەی لێ نەکرد؟ دیارە کردی، بەڵام دیاریشە کە ئەم هەمووە بەهۆی لاسەنگیی هێزەوە بوو. یاناچێک لاوازەکە بوو. شەست و دوو ساڵان و تا ئاستێکیش نەناسراو. جا ئەگەر بەری ئەم کارەی بگرتایە، لەوەیە دە ساڵی تریش چاوەڕێ بوایە تا ئۆپێراکەی نمایش دەکرا. بەشبەحاڵی ئەوانەیش کە لاگری ئەم بوون، دڵیان بەو سەرکەوتنە کتوپڕە دابین بوو کە کارەکەی پێشەنگەکەیان بێ پێشبینیکردن بەدەستی هێنابوو، ئەمان لەسەر یەک ڕا بوون: کۆڤارۆڤیچ کارێکی گەورەی ئەنجام دا! دوا دیمەنەکەی.

دوا دیمەن: کە ئاشکرا بوو منداڵە ناشەرعییەکەی یێنۆفا خنکێنراوە، زڕدایکی ددانی بەتاوانەکەدا نا و پۆلیس بردی، یێنۆفا و لاکا بەتەنیان. لاکا پیاوێکە یێنۆفا لەپێناوی کەسێکی تردا جێی هێشتووەکەهێشتا یێنۆفای خۆش دەوێ، بڕیار دەدات بەدیاریەوە بمێنێت. ئەمان بەدبەختی نەبێت هیچی تریان چاوەڕێ نییە، ئاوڕووچوون و دەربەدەری: دۆخێک کە لاسایی ناکرێتەوە: جێ ماو، خەمبار و سەرەڕا بەزەیییەکی بێ کۆتایی ڕۆشنایی لێ ناوە. چەنگ و ژێ، زەنگەزەنگی نەرمی ئۆرکێسترا؛ دراما گەورەکە بەگۆرانییەکی هێمن، هەستبزوێن و ناخەکی کۆتایی دێت.

بەڵام ئاخۆ کەس هەیە ڕێ بدات ئۆپێرا بەم شێوەیە تەواو ببێ؟ کۆڤارۆڤیچ مەزناندنێکی ڕاستینەی ئەوینی لەمە پێک هێنا. کێ دەیێرا بەری ئەم جۆرە مەزناندنە بگرێ؟ دیارە مەزناندنەکە زۆر ساکارە: مرۆڤ چەند ئامێرێکی هەوایی لێ زیاد دەکات کە بەلاساییکردنەوەی نۆتەدژ بەنۆتەی ئاوازەکە پشتی ئاوازەکە دەگرن. شێوەیەکی کاریگەر کە گەلێک جار پات کراوەتەوە. کۆڤارۆڤیچ کاری خۆی دەزانی.

یاناچێک لەلایەن هاووڵاتییانییەوە کاری ناڕەوا و سووکایەتی پێ کرابوو، بەڵام لەماکس برۆددا پشتگیرییەکی باش و ئەمەکداری دۆزییەوە. کە برۆ دنۆتەنامەکەی ڕێویی فێڵباز لێک دەداتەوە کۆتاییەکەی پەسەند ناکات. دواقسەی ئۆپێراکە: گاڵتەوگەپی بۆقێکی بچووکی لاڵە پەترە کە ڕووی دەمی لە لێڕەوانەکەیە: "ئەئەوەی کە ئێ ئێ ئێوە پێتان وایە دەیبینن، مـ مـ من نیم، با با با... پیرمە." برۆد لە نامەیەکدا ناڕەزایی دەردەبڕێ: "کە بەبۆ قتەواو ببێت، نەبووە و نابێت" و وەک دوادێری ئۆپێراکە ڕوونکردنەوەیەکی شکۆدارانە پێشنیاز دەکات کە دەبوو لێڕەوانەکە بیچڕێ: لەبارەی نوێبوونەوەی سروشتەوە، لەبارەی گوڕ و تینی تاهەتایی لاویەتییەوە. مەزناندنێکی تر.

ئەم جارەیان یاناچێک نەی تەواوی لێ دەکات. ئیتر ناوی لە دەرەوەی وڵاتیشدا ناوەتەوە و لاواز نییە. بەڵام پێش نمایشتکردنی خانەی مردووان، یاناچێک دیسان وایە، چونکە ئیتر لە دنیادا نەماوە. کۆتایی ئۆپێراکە پەنددادانە: پاڵەوانەکە لە زیندان بەرەڵا دەکرێ. بەندە سزاییەکان هاوار دەکەن "ئازادی، ئازادی". بەدوای ئەمەدا سەرۆکی زیندانەوانەکان دەنەڕێنێ: "بگەڕێنەوە سەر کاری خۆتان!" و ئەمەیش دوا قسەیە لە ئۆپێراکە کە بەڕیتمێکی دڕی کارکردنی گیراوەکان

تەواو دەبێ و کە بەزڕەی زنجیر خاڵبەند دەکرێت. نمایشکردنی ئۆپێراکە، دوای مردنی ياناچێک، فێرخوازێک بەڕێوەی دەبات (کە دەقی نۆتەنامەنیوەچڵەکەیشی بۆ بڵاوکردنەوە تەواو دەکات). فێرخوازەکە پەنجە بەدوا لاپەڕەکانیشدا دەهێنێت: بۆ نموونە هاواری "ئازادی، ئازادی" لە کۆتاییدا گەورە دەکرێتەوە تا میانەیەکی درێژخایەنی لێ زیادکراو، میانەیەکی شاد پێک دەهێنێت. مەزنانەنێک (دیسان). دیارە هیچ لێ زیادکردنێک بەدووبارەکردنەوەیەکی ناپێوست ناتوانێت مەبەستی دانەرەکە ڕوونتر بکاتەوە، شتی وا بەرپەرچی مەبەستی دانەر دەداتەوە؛ درۆیەکی شاخدارە کە لێیدا ڕاستییەکەی ئۆپێرا خۆی خۆی لەناو دەبات.

١٠

ژیننامەکەی ١٩٨٥ی هەمنگوای هەڵدەدەمەوە کە جێفری مایێرس، پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی زانستگەیەکی ئەمەریکایی نووسیویەتی و بەشی تایبەت بەچیا وەک بەفری سپی دەخوێنمەوە. ئەوەی کە فێری دەبم ئەمەیە: کورتە چیرۆکەکە" لەوەیە کاردانەوەی هەمنگوای بەرانبەر دووەمین سکپڕییەکەی هادلی ڕوون بکاتەوە" (هادلی یەکەم هاوسەری هەمنگوای بوو). بەدوای ئەمەدا ئەم ڕوونکردنەوانە دێن، کە خۆیشم لەنێو کەوانەدا قسەی خۆمیان لەبارەوە دەکەم:

"کە چیا بەفیلی سپی بچوێنیت، فیلی سپییش ئاژەڵی ناڕاستینەیە کە هەروەک منداڵی نەخوازراو نموونەی ڕەگەزی ناپێویستە، شتێکە ڕوونکردنەوەی چیرۆکەکە بەلایەکدا دەخات. (ئەم لێکچوواندنە کەمێک جەڕدراوەی نێوان فیل و منداڵی نەخوازە هیی هەمنگوای نییە، بگرە هیی پرۆفیسۆرەکەیە؛ ئەمەیش بنەمایەکی بەسۆزی شرۆڤەکردنی کورتە چیرۆکەکەیە).

لێکچواندنەکە دەبێتە بابەتی مشتومڕ و، ناکۆکییەک لە نێوان ژنە خەیاڵفراوانەکە کە دیمەنە سروشتییەکە کاری لێ دەکات و پیاوە واقیعییەکەدا دەنێتەوە کە نایەوێ ڕای کچەکە پەسەند بکات. [...] بابەتی کورتە چیرۆکە کە بەدەستپێکێک لە ڕیزێک جەمسەرگیرییەوە پەرە دەستێنێت: ڕەسەن دژی نارەسەن، ڕەمەک ـ غەریزی دژی هۆشمەند، تێرامان دژی قسەی بێسەروبەر و ساغ دژی نەساغ (مەبەستی پرۆفیسۆرەکە دیارە: ژنەکە بکاتە جەمسەری ئاکاری باش و پیاوەکەیش جەمسەرە خراپەکەی). پیاوەکە، کەسێکی خۆپەرستە (هیچ شتێک دیاری ناخات کە پیاوەکە خۆپەرستە) کەهەستی ژنەکە دەڕۆستی نایەت (هیچ شتێک نییە دیاری بخات کەوایە)، هەوڵ دەدات منداڵی پێ فڕێ بدات بۆ ئەوەی ژیانیان بچێتەوە سەر باری جاران، ]... [ژنەکە، کە لەباربردنی منداڵی بەلاوە وەک شتێکی دژ بەسروشت وایە، زۆر دەترسێ منداڵەکە بکوژێت (ناتوانێت منداڵەکە بکوژێت، چونکە هێشتا لەدایک نەبووە) و زیان بەخۆی بگەیەنێ. هەرچییەک پیاوەکە دەیڵێ درۆیە (نا، هەرچییەک پیاوەکە دەیڵێت دڵدانەوەی سادەیە، کە لە بارودۆخی وادا لەمە زیاتر ناکرێ)؛ هەرچییەک ژنەکە دەیڵێ توانجە (قسەکانی کچەکە دەکرێت بەزۆر شێوەی تر لێک بدرێنەوە). پیاوەکە دەیەوێ کچەکە ناچار بێ نەشتەرگەرییەکە بکات ("من نامەوێ بیکەی

ئەگەر خۆت نەتەوێ"، پیاوەکە ئەمە دوو جار دەڵێت و هیچ شتێک ڕوونی ناکاتەوە کە مەبەستی ئەوە نییە کە دەیڵێت) بۆ ئەوەی ئەوینی پیاوەکە بەدەست بهێنێتەوە (هیچێک ڕوونی ناکاتەوە کە کچەکەیان دڵی پیاوەکەی پێوەبووە یان لێی شکاوە)، بەڵام هەر ئەوەی کە پیاوەکە دەتوانێ ئەو پرسیارەی لێ بکات، دیاری دەخات کە ژنەکە ئیتر ناتوانێت خۆشی بوێت (هیچێک ڕێمان نادات کە بڵێین دوای دیمەنی وێستگەکە چی ڕوو دەدات). ژنەکە بەم خۆلەناوبردنە ڕازی دەبێ (کە ئاوڵەمەکە لەناو ببرێت و کە ژنەکە لەناو ببرێت هەمان شت نین) لەبەرئەوەی، وەک ژێرخاننشینەکەی دۆستۆییێڤسکی یان جۆزێف کافی کافکا، بەخاڵێکی وای کەرتبوونی کەسایەتی گەیشتووە کە هەر ڕەنگی هەڵوێستی مێردەکەی دەداتەوە: 'سا وا دەکەم. گرینگ نییە کامیان.' (کە ڕەنگی هەڵوێستی کەسێکی تر بدەیتەوە کەرتبوونی کەسایەتی نییە، ئەگینا دەبێت هەموو منداڵێک کە لە قسەی دایک و باوکی خۆی دەرناچێ کەسایەتییەکەی لەت بێت و بەجۆزێف کاف بچێت؛ لەمە بەلاوە خۆ لە هیچ کوێیەکی کورتە چیرۆکەکەدا نەهاتووەکە کابرا مێردیەتی؛ کابراکە نابێ وا بێ، چونکە کەسایەتییە ژنانەکە لای هەمنگوای هەموو کاتێک هەر کچە؛ بەڵام کە پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییەکە سەرومڕ بەژنی ناو دەهێنێت هەڵەیەکی بەمەبەستە: پرۆفیسۆرەکە دەیەوێ ئاماژە بدات کە دوو کەسەکە هەمنگوای خۆی و هاوسەرەکەیین.) دوایی خۆی لە پیاوەکە دەکێشێتەوە و [...] بەسروشت؛ بەگەنمەجاڕەگە، بەدرەختەکان، بەڕووبارەکە و چیا زۆر دوورەکان سەبووریی دێتەوە. ڕوانینە ئاسوودەکەی ئەو (ئێمە نازانین سەرنجدانی سروشت کام هەست بەکچەکە دەبەخشێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئاسوودەیی نییە چونکە ئەو وشانەی دوای تروکەیەک دەریان دەبڕێت، تاڵن) کە بۆ هانا چاو بەچیاکاندا هەڵدەهێنێ، بیری مرۆڤ بۆ مەزمووری ١٢١ دەبات (تا شێوازی هەمنگوای پەتیتر دەبێ، ڕوونکردنەوەکانی پرۆفیسۆرەکە بەربڵاوتر دەبن). بەڵام پیاوەکە ئەم بارە دەروونییە دەشێوێنێ کاتێک درێژە بەمشتومڕەکە دەدات (وەرن با کورتە چیرۆکەکە بەوردییەکی زۆر بخوێنینەوە: کابرای ئەمەریکایی نییە، بگرە کچەکەیە کە دوای ئەوەی بۆ کورتەساتێک ون دەبێت قسە دەکات و درێژە بەگفتوگۆکە دەدات؛ پیاوەکە نایەوێت لەسەری بڕوات، دەیەوێت کچەکە هێور بکاتەوە) و خەریکە کچەکە شێت بکات. جا تکایەکی توند لە ناخەوەی تێ دەگرێت: 'ئێستا کارێکم بۆ دەکەی؟ [...] تکات لێ دەکەم تاوێ وس بە.' کە شتێکە بیرمان بۆ شالیر دەبات 'هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز' (ئاماژەدان بەشێکسپیر ئەوەندەی ئاماژەدان بەدۆستۆییێڤسکی و کافکا پڕوپووچە)."

جا وەرن با کورتەکەی کورت بکەینەوە:

١) لە ڕاڤەکردنەکەی پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییەکەدا کورتە چیرۆکەکە گوتارێکی ڕەوشتپارێزانەی لێ پێک دێت: کەسەکان بەپێی بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی لەباربردن حوکم دەدرێن، کە پێش هەموو شتێک بەکارێکی خراپی دادەنێ: بەدوای ئەمەوە ژنە"خەیاڵفراوانەکە کە دیمەنەکە کاری لێ دەکات" نوێنەری هەموو شتێکی ڕەسەن، ساغ، ڕەمەک و خەیاڵبۆبردنە، لە کاتێکدا پیاوەکە

("خۆپەرست" و "ئاسایی") نموونەی کەسی نارەسەن و هۆشپەسەند و نەخۆش و قسەی بێسەروبەرە (دەتوانین بەدەم باسەوە ئەوەیش یاداشت بکەین کە لە لێدوانی نوێیینەی تایبەت بەڕەوشتدا کەسی هۆشمەند نموونەی خراپەیە و کەسی ڕەمەکی نموونەی چاکەیە).

٢) گرێدانی بەژیانی نووسەرەوە(پەڕینەوە بەدەمەبەستەکە لە کچەوە بۆ ژن، پێمان دەڵێت پاڵەوانە خراپەکارە بێڕەوشتەکە هەمنگوای خۆیەتی کە بەکورتە چیرۆک گوناهەکانی جاڕ دەدات؛ جا ئەگەر وا بێ لێدوانەکە کەسایەتییە پەنهانەکەی خۆی لەدەست دەدات، کەسەکان هیچ شتێکی شاراوەیان نییە و بۆ کەسێکیش ژینامەکەی هەمنگوایی خوێندبێتەوە تەواو دیاریکراو و ڕوونن؛

٣) کاراکتەر ـ کەسایەتیی جوانیکارانەی خودی کورتە چیرۆکەکە (نادەروونناسییەکەی، داپۆشینی بەمەبەستی ڕابردووی کەسەکان، کەسایەتییە ناورووژێنەکەی و... هتد) سەرنج نادرێت؛ بەولاتریشەوە، ئەم کەسایەتییەی جوانیکاری لەناو دەبرێت؛

٤) بەدەستپێک لە زانیارییە وردەکانی کورتە چیرۆکەکەوە ( پیاو و ژنێک بۆ لەباربردنی منداڵ دەچن) پرۆفیسۆرەکە کورتە چیرۆکی خۆی دادەهێنێت: پیاوێکی خۆپەرست خەریکە ژنەکەی خۆی ناچار دەکات سکی لەبار ببات؛ ژنەکە ڕقی لە مێردەکەیەتی و ئیتر ناتوانێت خۆشی بوێت.

٥) ئەم کورتە چیرۆکە نوێیە زۆر پەشم و بێتامە و هەر لە قسەی سوواو پێک هاتووە، بەڵام کە بەڕیز و نۆرە بەکاری دۆستۆیێڤسکی، کافکا، ئینجیل و شێکسپیر بەراورد دەکرێت (پرۆفیسۆرەکە لە یەک تاکە شوێندا توانیویە ناوداره گەورەکانی هەموو سەردەمێک کۆ بکاتەوە) هێشتا جێوشوێنی خۆی وەک کارێکی گەورە دەپارێزێت و لەوەولا ئەو بایەخە ڕەوا دابێت کەپرۆفیسۆرەکە پێی دەدات، سەرەڕای نەدارییە ڕەوشتییەکەی دانەرەکەی.

## ١١

ئا بەم جۆرەیە کە شرۆڤەیەکی داڕووخێن کاری هونەری دەکوژێت. نزیکەی چل ساڵێک بەر لەوەی پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییەکە ئەم مانا ڕەوشتییە لە کورتەچیرۆکەکە بنێ، چیا وەک بەفری سپی لە فەرانسا بەناوی ("بەهەشتی لەدەستچوو")، ناوێک کە هیی هەمنگوای نییە، وەرگێڕدرا (بەهیچ زمانێکی دنیایش ئەم ناوەی نییە) کە هەمان ناوەڕۆکی پێوە دەر دەخات (بەهەشتێکی لەدەستچوو: بێگەردیی پێش لەباربردن، شادییەکەی دایکایەتییەکی پیرۆز و بەولاتریشەوە).

ئەو شرۆڤە داڕمێنە شتێک نییە پرۆفیسۆرە ئەمەریکاییە یان ڕابەرێکی ژەنیارانی پراگ و سەرەتای سەدەی ڕابردووی پێ گوناهبار بکرێ (ڕابەری تری ژەنیاران دوای ئەو، جار بەسەر جارەوە گۆڕانکارییەکانی ئەمیان لەیێنوفا پەسەند کردەوە)؛ ئەمە حەز ڕاکێشانێکە لە بێئاگایی

گشتیدا ڕەسیوە؛ بڕیاری دادەرە بەرپێوارەکەیە؛ داخوازییەکی بەردەوامی کۆمەڵایەتییە؛ هێزێک. ئەم هێزە سیڕەی هەر لە هونەر نەگرتووە، پێش هەموو شتێک سیڕەی لە خودی واقیع گرتووە. ئەمە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە فلوبێر، یاناچێک، جۆیس و هەمنگوای ویستیان پێشی بخەن. ئەمە پەردەیەک لە قسەی سوواو بەسەر ئەم تروکەساتەی ئێستادا دەکێشێ و ڕووی واقیع دادەپۆشێ.

بەجۆرێک کە قەت نەزانیت چیت دیوە.

## چیا وەک بەفری سپی

ئێرنست هەمنگوای

چیای ئەوبەری دۆڵی ئێبرو درێژ و سپی بوون. لەمبەردا نە سێبەر کەوتبوو، نە درەختی لێ بوو، ساختمانی وێستگەکە نێوانی شۆستەی دوو ئاسنەڕێی درێژی بەر بەخۆرەوەی گرتبوو. ڕێیەکی بەرتەسک کە بەدرێژایی لایەکی ساختمانەکەدا دەهات سێبەرێکی گەرمی لێ نیشتبوو؛ پەردەیەکیشی لێ بوو کەلەشوولەزەلی باریکی گورزەهۆن ناو دەرگەی ڕوو لە مەیخانەکەی گرتبوو نەکا مێش دزەی بۆ بکات. ئەمەریکاییەکە و ئەو کچەی کە هاودەمی بوو لەسەر مێزێکی بەر سێبەرەکە، لە دەرەوە، دانیشتبوون. دنیا زۆر گەرم بوو، چل خولەکیش مابوو شەمەندەفەرەکە لە بەرشلۆنەوە بگاتە ئێرە. لەم پێکگەیشتنەی ئاسنەڕێیەکاندا دوو خولەک دەوەستا و دوایی بۆ مەدرید بەردەوام دەبوو.

کچەکە کە کڵاوەکەی لە سەری لا بردبوو و لەسەر مێزەکەی دانابوو، لێی پرسی: "حەز دەکەی چی بخۆینەوە؟".

ئێرنست هەمنگوای

پیاوەکە گوتی: "دنیا زۆر گەرمە."

"دەتوانین بیرەی بۆ بخۆینەوە."

پیاوەکە بەتوێی پەردەکەدا گوتی: "دوو بیرە".

مەیگێڕێکی ژن لەناو دەرگەکەوە پرسی: "گەورە؟"

"بەڵی، دووی گەورە."

ژنە مەیگێڕەکە بەدوو پەرداخە بیرە و دوو ژێر پەرداخی لبادەوە هاتە دەرەوە. پەرداخەکانی لەسەر ژێرەکانیان دانا و چاوێکی بەپیاوەکە و کچەکەدا هێنا. کچەکە دانیشتبوو سەرنجی کەنارەی چیا دوورەکانی دەدا. چیاکان بەبەر خۆرەوە سپی بوون و، خاکی ئەو دەوروبەرەیش قاوەیی دەچووەو وشک هەڵگەڕابوو.

کچەکە گوتی: "دەڵێی فیلی سپین".

پیاوەکە گوتی: "شتی وام قەت نەدیوە" و، بینێکی بەبیرەکەیەوە نا.

"نەتدیوە، دیارە."

"لەوەیەدیبێتم. کە دەڵێی دیارە، بەڵگە نییە."

کچەکە سەیری پەردەزەلەکەی کرد و گوتی: "وێنەی شتێکی لەسەر کێشراوە. چی لێ نووسراوە؟"

"ئانیس دێل تۆرۆ. جۆرێ مەیی شیرینە."

"تامێکی نەکەین بزانین چۆنە؟"

کابرا بەنێو پەردەکەدا هاواری کرد:

"ئا ئێوەی ژوورێ"

ژنە مەیگێڕەکە لە مەیخانەکەوە لێیان دەرکەوت.

"چوار ڕیال"

"دوو ئانیس دێل تۆرۆمان بۆ بێنە."

"بەئاوەوە؟"

"ئاوت بۆ دەوێ؟"

کچەکە گوتی: "نازانم. بەئاوەوە خۆشە؟"

"ئەی چۆن!"

ژنە مەیگێڕەکە پرسی: "بەئاوەوە؟"

"بەڵێ، بەئاوەوە."

کچەکە گوتی: "تامی ڕازیانە دەدا" و، پەرداخەکەی دانایەوە.

"بەڵی، هەموویان وەک یەکن."

کچەکە گوتی: "بەڵێ، هەموو شتێ تامی ڕازیانە دەدا، بەتایبەت ئەوەی کە ماوەیەکە تامەزرۆییت ئابسنت دەڵێم."

"ئەمەیان، ئیتر، ببڕەوە."

کچەکە گوتی: "تۆ دەستت پێ کرد. من زۆر خۆشم بوو. خەریک بووم خۆشی بەسەر ببەم."

"جا با هەوڵێ بدەین بەخۆشی ڕایبوێرین."

"ئا، بەڵێ. من هەوڵی خۆم دا. وتم چیاکان بەفیلی سپی دەچن. چییە، پێت باش نەبوو؟"

"با، باش بوو."

"دەمەوێ تامی ئا ئەم مەیە نوێیە بکەم. خۆ هیچی تر ناکەین ـ سەیری شتی جۆراوجۆر و تامی مەیی نوێ؟"

"نا، ڕاست دەکەی، نایکەین."

کچەکە چاوی بەرەو چیاکان لا دا و گوتی: "چیاکان چەند جوانن، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ بەفیلی سپی ناچن. بیرم هەر لە ڕەنگی پێستیان کردەوە، بەنێو درەختەکاندا."

"شتێکی تر بخۆینەوە؟"

"با بخۆینەوە."

گڕەبایەکە پەردەزەلەکەی بەمێزەکەدا کێشا.

پیاوەکە گوتی: "بیرەکە سارد و خۆشە."

کچەکە گوتی: "زۆر خۆشە."

پیاوەکە گوتی: "نەشتەرگەرییەکە یەکجار ئاسانە، جەیگ. ڕاستیت دەوێ نەشتەرگەرییش نییە."

کچەکە سەیری بەرپێی خۆی کرد کە مێزەکەی لێ بوو.

"دەزانم بەخەتەری نازانی، جەیگ. بەڕاستی ئەوەندە ناهێنێ کە قسەی لێ بکەین. هەر ئەوەندەی بایێ کە پێتدا هەڵبکا."

کچەکە هیچی نەگوت.

"لەگەڵت دێم و هەموو کاتەکە بەدیارتەوە دەمێنم. ئەوەندەی بایێکە پێتدا هەڵبکا و هەر بەو جۆرەیش تەواو دەبێ."

"باشە، دوایی چی دەکەین؟"

"دوایی هەموو شتێکمان دیسان باش دەبێ. دوایی ڕێک وەک جارانمان لێ دێ."

"چۆن دەتوانی باوەڕ بەشتی وا بکەی؟"

"هەر ئەم شتە نەبێ کە نیگەرانی کردووین. هەر ئەمەیە کە دڵتەنگی کردووین."

کچەکە سەیری پەردەزەلەکەی کرد، دەستی درێژ کرد و دوو شوولی گرتن.

"جا تۆ پێت وایە دوایی هەموو شتێکمان باش دەبێ و ئێمەیش دڵخۆش دەبین؟"

"ئاخر دەزانم. تۆیش پێی ناوێ بترسی. من خەڵکێکی زۆر دەناسم کە وایان کردووە."

کچەکە گوتی: "منیش. دوایی هەموویان شاد و بەختەوەر بوونە."

پیاوەکە گوتی: "ئا وا، جا ئەگەر ناتەوێ مەیکە. منیش نامەوێ بیکەی ئەگەر خۆت نەتەوێ. بەڵام دەزانم چەند ئاسانە."

"ئاخر، تۆ دەتەوێ بیکەم؟"

"من بەباشتری دەزانم. بەڵام نامەوێ بیکەی ئەگەر خۆت دڵنیا نەبی کە دەتەوێ."

"جا کە بیکەم، دڵخۆش و ڕازی دەبی و هەموو شتێ وەک جارانی لێ دێت و خۆشمت دەوێ؟"

"من ئێستایش خۆشتم دەوێ. دەزانی کە خۆشتم دەوێ."

"دەزانم. بەڵام کە بیکەم، دیسان حەز دەکەی بڵێم شتێ بەفیلی سپی دەچێ و حەزیشت بەم قسەیەم دێ؟

"بەڵێ، حەزم بەقسەی وا دێ. ئێستایش حەزم پێی دێت، بەڵام، ڕاست و ڕەوان ناتوانم بیری لێ بکەمەوە. تۆ دەزانی چیم لێ دێ کە نیگەرانی شتێ دەبم."

"ئەگەر بیکەم ئیتر نیگەران نابی."

" من نیگەرانی نیم، چونکە زۆر ئاسانە."

"جا وا بێ دەیکەم. چونکە خەمی خۆمم نییە."

"مەبەستت چییە؟"

"خەمی خۆمم نییە."

"بەڵام من خەمی تۆمە."

"بەڵێ. بەڵام من خەمی خۆمم نییە، دەیکەم و دوایی هەموو شتێکمان باش دەبێ."

"من نامەوێ بیکەی ئەگەر وای دادەنێی."

کچەکە ڕاپەڕی و تا ئەوسەری شۆستەکە چوو، لەوێ، لەوبەری دۆڵەکەدا، گەنمەجارێک لە ڕۆخی ئێبرو هەبوو، درەختیشی لێ ڕوا بوو. لەولاترەوە، لە دوورێکی ڕووبارەکەوە، چیاکان هەڵکەوتبوون. سێبەرێکی هەور بەسەر گەنمەجارەکەدا کشا و، کچەکەیش چاوی بەڕووباری نێوان درەختەکان کەوت، گوتی: "ئێمە دەمانتوانی خاوەنی ئەم هەمووە بین. دەمانتوانی خاوەنی هەموو شتێ بین و هەموو ڕۆژێ زەحمەتترمان نەکردایە."

"چیت وت؟"

"وتم دەمانتوانی خاوەنی هەموو شتێ بین."

"دەتوانین. دەتوانین چیمان بوێ بەدەستی بێنین."

"نا، ناتوانین."

"دەتوانین بۆ کوێمان بوێ سەفەر بکەین."

"نا، ناتوانین. ئیتر هیی ئێمە نییە."

"هیی ئێمەیە."

"نا، وا نییە. کە ئینسان شتێکی بۆ جارێ لەدەست دا، قەت دەستی ناکەوێتەوە."

"بەڵام ئێمە لەدەستمان نەداوە."

"چاوەڕێ بی دەیبینی."

پیاوەکە گوتی: "وەرە و لە سێبەرەکە دابنیشەوە. پێی ناوێ هەست بەشتی وا بکەی."

کچەکە گوتی: "نەهەست بەشتی وا دەکەم و نەهیچ. بەڵام دەزانم."

"نامەوێ شتێ بکەی خۆت نەتەوێ..."

کچەکەیش گوتی: "شتێکیش نەکەم کە لەوەیە خەتەر بێ. دەزانم. پەرداخێ بیرەی تریش نەخۆینەوە؟"

"با، بەڵام دەبێ بزانی کە..."

کچەکە گوتی: "دەزانم. ئەرێ نابێ تاوێ بێدەنگ بین؟"

لەسەر مێزەکە دانیشتنەوە و سەرنجی ڕەوانەی چیاکان کرد و پیاوەکەیش سەیرێکی کچەکە و مێزەکەی کرد، گوتی: "تۆ دەبێ بزانی کە من نامەوێ بیکەی ئەگەر خۆت نەتەوێ. من ئامادەی تەواوی ئەوەم کە ئەنجامەکەیشی بەملی خۆمدا ببرم ئەگەر نرخێکی لات هەبێ."

"ئەرێ، هیچ نرخێکی لات نییە؟ خۆ ئێمە لە هیچمان کەم نەبوو."

"با وا بوو. بەڵام من هەر تۆم دەوێ. هیچ کەسێکی ترم ناوێ و، دەزانم چەند ئاسانە."

"بەڵێ، دەزانم کە زۆر ئاسانە."

"بۆ تۆ ئاسانە کەوا بڵێی، بەڵام من دەزانم."

"ئێستا شتێکت لێ داوا بکەم، بۆمی دەکەی؟"

"ئا، چیت بوێ بۆتی دەکەم."

"تکای شتێکت لێ دەکەم. تکات لێ دەکەم تکایە تکایە تکایە گیانە تکایە تاوێ وس بە."

پیاوەکە هیچی نەگوت، سەیرێکی جانتاکانی کرد کە لە ناوڕێی وێستگەکە دانرابوون. بەجانتاکانیشەوە کاغەزی ئەو هەموو میوانخانانە هەبوون کە شەویان لێدا بەسەر بردبوون.

پیاوەکە گوتی: "ئاخر من نامەوێ بیکەی. بۆ من هیچ فەرقێکی نییە."

کچەکە گوتی: "هاوار دەکەم، ها!"

ژنە مەیگێڕەکە بەدوو پەرداخە بیرەوە بەپەردەکەدا هاتە دەرەوە، لەسەر ژێرپەرداخە تەڕەکاندا دایینان.

ژنەکە گوتی: قەتارەکە دوای پێنج دەقە دێ."

کچەکە پرسی: "چیی وت؟"

" کە قەتارەکە دوای پێنج دەقە دێ."

کچەکە خەندەیەکی گەشی بەڕووی ژنە مەیگێڕەکەدا بۆ سوپاسکردنی نواند.

پیاوەکە گوتی: "باشتر وایە جانتاکان لەوبەری بینای وێستگەکە دانێم."

کچەکە بەڕوویدا خەنییەوە.

"وا بکە. دوایی وەرەوە با بیرەکان تەواو بکەین."

پیاوەکە هەردوو جانتا قورسەکەی هەڵگرت و بەدەوری وێستگەکەدا بۆ ئەوبەری شۆستەکەی بردن. سەرنجی ڕەوانەی دوورێک کرد، بەڵام هیچ شەمەندەفەرێکی نەدی. کە گەڕایەوە بەمەیخانەکەدا هات کە لێیدا خەڵک بەدیار پەرداخەکانیانەوە دانیشتبوون و چاوەڕێی شەمەندەفەرەکە بوون. پیاوەکە ئانیسی لەسەر میزی مەیخانەکە خواردەوە و چاوی بەخەڵکەکەدا گێڕا. هەر هەموویان هاوبیر و وریا چاوەڕێی شەمەندەفەرەکە بوون. دوایی بەنێو پەردەکەدا هاتە دەرەوە، کچەکەیش کە لەسەر مێزەکە دانیشتبوو خەندەیەکی بۆ کرد. پیاوەکە لێی پرسی: "پێت وایە ئێستا باشتر بی."

کچەکە گوتی: "باشم. لە هیچم کەم نییە. زۆر باشم."

................................................................................


خوێنەری واتە بێ دەبێ بەدوای ئەم کتێبەدا وێڵ بێ:

**شارە تۆقیوەکە**

ڕۆمان

**دانانی: یودیت نیورینک**

وەرگێڕانی: هێمن عەبدوڵا

٣٥٢ لاپەڕە

قەوارە ١٩ × ١٢,٥

بایی ٤٠٠٠ دینارە

# لاچین(١)

## له ئەدەبی كوردستانی سوور

سەیفولا شامیلۆڤ

ئەسپەكان هێندە بەهەورازی ئەو گردۆڵكانەدا هەڵگەڕابوون كە قەرە بەقەرەی دارستاندا درێژ دەبوونەوە هەتا هەموویان شل و كول بووبوون. ناچار ئێمەیش لە ڕێگە لامان دا و لەناو مێرگێكی بناری گردێك ئەسپەكانمان داكوتان. بۆ خۆشمان چووین لە لێواری ڕووبارێكی تیژی كەفاوی دانیشتین.

دنیا گەرمەی بەهاری بوو؛ كێڵگە زێڕینەكانی گەنم بەشنەی با كەروێشكەیان دەكرد. لە دوورتریشەوەڕا، گردە گەردەن كەشەكان باوەشیان بۆ لووتكە شكۆمەندەكانی قۆقازی بچووك كردبووەوە. ئاوونگیش لە كێوی مۆنگوزەوەڕا هەڵی دەكرد و دەهات و خۆی لە ڕوخسارمان دەخشاند و فێنكی دەكردەوە.

سروشت هەناسەی دەدا؛ هێندەی چەهرەی سەرەژنێك پاك و ئارام بوو. زەمین ئاوس بوو؛ خەریك بوو بەروبووم پێ دەگەیشت. ئادەمیزادی ئەم ناوەش هەموو چاوەڕێ بوون؛ زۆر لەگێن بوو یەك دوو ڕۆژی تر دروێنە بگەڕێ.

تازە ڕەوەندەكان مێگەلەكانیان بەرەو كوێستان ڕادا بوون. ئێمەش بە دوای ڕەوەندانەوە عەبداڵ بووین؛ ئاخر بۆ ئەوە دەچووین تا ڕانەكانیان بژمێرین. بە خۆم و بەهاوڕێیەكەمەوە كەنەفتەیێكی شارەزای ئەم ناوەمان بەكرێ گرتبوو تا ڕێنوێنیمان بكا و چاوساغمان بێت.

پیرەمێردەكە لەسەر لاتەنیشتێكییەوە لێی ڕاكشا و قلیانەكەی دەركێشا و پڕی تووتنی خۆمانەی كرد و گوتی "خوا یار بێت، زوو دەگەینە كەرخی پاوانەكان. سەیرێكی ئەملا و ئەولای خۆتان بكەن؛ لێرە هەموو شتێك فرە قەشەنگە."

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامكاك

پاشان بەردەستێکەی دەرهێنا قاوی لێ نزیک کردەوە و ئەستێکەی لە بەردەکە دا و چەخماخەی پێ کردن و قاو تریسکەی گرت و ئەویش لە تووتنی ناو قەننەکەی نزیک کردەوە و دووکەڵی لێ هەستاند.

گوتم "ئای کە حەزم لێیە بەسەر ئەم شاخانەدا هەڵگەڕێم."

هاوڕێیەکەم لەسەر گیا لەسەر زگ لێی ڕاکشا. دەستی بۆ تفەنگەکەی برد. سێرەی لە شتێک گرت. کە زەینی لوولەی تفەنگەکەیم دا، زانیم سێرەی لە نیشانەیێکی بۆز گرتووە کە لە دوورەوەڕا دیار بوو. نیشانەکە لەسەر تەپکی گردێکی بڵندی ئەوبەری ڕووبارەکەدا بوو. نیشانەکە فرە لە گومبەت دەچوو. منیش خۆم خستە سەر زگ و وەک هاوڕێیەکەم سێرەم لە نیشانەکە گرت.

دەستێک، بەتوندی، شانی ڕاتەکاندم. ئاوڕم داوە. دیتم کەنەفتە پێشەنگەکەمان بوو. وریای کردمەوە تا پەلە نەکەم. چونکە کەسم لەو نزیکی نیشانەکە نەدیتبوو، پرسیم "کەسی لێ نییە، وایە؟"

بەزەردەخەنە وەڵامی دامەوە و گوتی "ڕۆڵە ئەگەر زەوی بپەیڤیبا، پێی دەگوتی ئاخۆ کەس لەوێ هەیە یان نییە!"

– "مەبەستت چییە؟"

بەقامکە گەورەکەی، بەتوندی، تووتنی لەناو قەلنەکەی پەستا. پاشان سەری هەڵبڕی، زەینێکی دوور و درێژی خانووە سەیرەکەی دا، هەناسەیەکی سارد و قووڵی بۆی هەڵکێشا، ئینجا فەرمووی "بەڕاستی من مێژووناس نیمە! بەڵام چەندان سەدەیە شایەر و لاوکبێژەکانمان تاڵی و شیرینیی ئێمەیان بەئاواز بۆ گێڕاوینەتەوە و پیر و سەرسپییانی وەک خۆشم ئاسا، ئەو گۆرانی و ئەفسانانەشمان لە فەرامۆشکردن هەڵگێڕاوەتەوە و بۆ نەوەکانی ئەم سەردەمەمان دەرباز کردوونە. ئەم ڕێبازەشمان وای کردووە کە گەلەکەمان پاڵەوانەکانی خۆی لە بیر نەچنەوە هەموو کات سەربردەکانیان بگێڕنەوە. داخی گرانیشم تەنیا بۆ ئەو کەڵەمرۆڤانەیە کە لە دوای مەرگیان ناوەکانیان زیندەبەچاڵ دەبن."

تێ کۆشام بزانم ئەم پسپۆڕە هەڵوەدای چ بووە! بەشێنەیی تفەنگەکەم لە تەنیشت خۆم هەڵپەسارد، بۆی سووڕامەوە، ڕووم تێی کرد. بەزرۆ کەهەستم کرد گەرەکی بوو هەقایەتێکم بۆ بگێڕێتەوە. تەقەلای بوو بزانێ لە کوێوەڕا دەست بەقەتارەی قسەکانی بکا. نەمزانی بۆ ئاوا شپرزە بوو! دەشێ کارەساتێکی ناهەمواری ئەم دەڤەرەی وەبیر هاتبێتەوە؟! هەر چ بێ؛ دەبێ بزانم چ بووە! مکوڕ بووم بزانم چ قەوما بوو، لێم پرسی "بۆ؟ ئەرێ وات زانی سێرەم لە مزگەوتەکە گرتبوو؟"

– "خۆ هیچ نیشانەیەکی تر لەو هەورازەدا نییە!"

– "لە چی خراپە ئەگەر نیشانەی تێ بگرین؟"

– "ڕەنگە هیچ خراپیی نەبێ؛ بەڵام پێویستە نەیکەی!"

هاوڕێیەکەم لەمێژ بوو تاپڕەکەی لەسەر عاردی دانا بوو، گوێشی بۆ مشتومڕی من و ڕێنما کەنەفتەکەمان ڕاگرتبوو.

– "ڕۆڵە دەزانم گەنجانی وەک ئێوە پڕ بایەخ بەم جۆرە خانووبەرانە دەدەن. ئەمەشیان، ڕۆڵە، پەیکەرێکی ڕابردووی خۆمانە!"

بۆی داما؛ پاشان بەپەنجە ئاماژەی بۆ قۆپکی گردەکە کرد و گوتی "جاران لەسەر ئەم گردە ئاوایییەکی گەورە هەبوو. کێژوکار ڕاهاتبوون لێی شۆڕ دەبوونەوە. سەد مخابن ڕۆژێک دێ کە ئەم مزگەوتەش وەک ئاواییەکە دەڕمێ! کەسێک نامێنێ وەبیری بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان مرۆڤ لەم ناوەدا ژیا بێت!"

زنجیرەی بیرەوەرییەکانیم پچڕاند و پرسیارم لێی کرد "ئەرێ ئەوێ پەرستگەیە؟!"

پەلەی لە وەڵامدانەوەم نەبوو. خۆڵەمێشی ناو قاڵینەکەی وەتاڵ کرد و دەستی بۆ ناو بەیری خۆی برد و کیسەی تووتنەکەی دەرهێنا و قەلنەکەی داگرتەوە، ئینجا بۆم بەقسە هات و فەرمووی "ڕۆڵە دیرۆکێکی دوور و درێژە و نابڕێتەوە!"

– "خۆ ئێمەش – نانمان لەسەر سێڵێ نەسووتاوە![٢]"

دووکەڵە سپییە ژەهرەکەی لە هەردوو کونە لووتییەوەڕا دەردا و دەستی بەگێڕانەوەی هەقایەتەکە کرد و گوتی "ئەو تەپۆلکەیەت لێ دیارە؟"

پەنجەی بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە ڕەوان کرد. تخوبی کێڵگەیەکی نیشان داین......(لەوڕەوەڕا بەرەو هەوراز بڕۆ تا دەگەیە گومبەتە کە، لەگەڵ لێواری ڕووبارەکە، هەمووی خانووبەرە و مۆڵگە بوون. ئەو تەلانە دەبینن؟ هەرگیز لەوێ هیچ نەدەچێندرا. لێرەش مەڕوماڵات ئالیک دەدران. ئەم بنە سەرووە چەماوەیەشت لێ دیارە؟ ئەوێ بازاڕ بوو! ژمارەیەکی زۆر کەم دووکانی لێ هەبوو.)

دیسان مات بوو! داما! سڕ بوو!

– "لەو سەردەمی، تەمەنم یازدە تا سێزدە ساڵان دەبوو. گوندەکەمان ناوی یاردڵ بوو. بەرپرسی گوندەکەمان ناوی بەیرام یوزباشی بوو. بەیرام یوزباشی خورتێکی سوورەی کۆسەی شەمووڵەی مل ئەستووری توندوتیژ و توورە بوو. ڕقی پڕ لە نەدارانی دێیەکەمان هەبوو. بۆیە هەژارەکانیش هەردەم خۆیان لێی دەشاردەوە. بەیرام یوزباشی خووی بەخولانەوەی ناو گوندییەوە گرتبوو. هەردەم قامچییەکی درێژی بەدەستەوە بوو. ژنان خۆیان لە چاوی چەپارە دەدا. پیاوان تەنانەت لە ڕۆژانی هەینیشدا تەقەلایان دەدا کە لەناو گۆڕەپانی ئاواییدا نەبیندرێن. کە دەیانگوت _ بەیرام یوزباشی هات – منداڵان زەندەقیان دەچوو.

وا فێر بووبوو هەموو ڕۆژانی پێنجشەم لێی سوار دەبوو و بۆ شاری دەچوو. کە لەگەڵ جەندرمەکانیشی دەگەڕانەوە، وەک لەشکری دزان بەشاری وەردەبوون. بەیرام یوزباشی کەسی پشتگوێ نەدەخست، شوان با، گاوان با، جووتیار با، ژن با یان پیاو، ئەو یوزباشییە گاڵتەی خۆی هەر پێ دەکرد. هەرکە چاوی بەکەسێک دەکەوت کڵاوێکی (قەرەقوڵ)ی باشی لە سەرە، یەکسەر

خـیزەی بۆ قـۆزاقـەکانی دەکرد؛ ئیـتر یەکێکیـان زەختـەیێکی لە ئەسپـەکەی دەدا و بەتاو دەچوو، لە سەری خاوەنەکەی دەکردەوە و دەیڕفاند. بەیرام یوزباشی ئۆقرەی نەدەگرت. هەر خۆی ئاغا و میر و کوێخا و تاکەدەست بوو! لە ڕۆژانی هەینییش دەچوو لەسـەر کانی، بۆ دانە ڕۆژێک، هەڵدەتووتا. چاوی لە کیژۆڵە و ژنە جحێڵەکان دەبڕی و هەرکە گۆزەبەشانێک دەگەیشتە سـەر کانی، زۆر وا دەبوو بێزاری دەکـرد. ئەگەر مـەیلی لە کچێکیش بایە، فـەرمـانی دارودەستـەکـەی دەدا. ئەوانیش دەچوون کچەکەیان بۆی دەهێنا. هەرکە داوای ئاویشی لە خاتوونێک بکردایە، کە خـاتوونەکە ئاوی بۆ دەهێنا، یەکسـەر بەرزەفتی دەکرد و بەبن خۆی دەگرت و هەڵی دەگلۆفاند. بە ڕێککەوت ئەگەر ئافرەتێک بەرگریی لە خۆی بکردایە و تەسلیمی نەبا، ئەوا بێگومـان بەیرام یوزباشی غـەزەبی لەو ژنە و لە خـزم و کـەسی دەگـرت و بەتوندی تۆڵەی لێ دەکردنەوە. تۆڵەکـردنەوەکەشی ئەوە بوو یان برای یان باوکی یان هاوسەری ئافرەتەکەی بەدزین تاوانبار دەکرد و ئینجا یان شاربەدەری دەکرد یانیش لە زیندانێی دەپەستا.

سـەرباری ئەم هەمـوو خراپەکارییەشی، بەیرام یوزباشی پۆستـی گـەورە لێپرسـراوی مـیری پێ سپێردرا. ئیتر کـەس نەما لە بەرانبەریدا (موو بپسێنێ)[٣]. تەنانەت چاشقیلی ئەفسەری پۆلیسی ناوچەکەش کلکی لەگەڵیدا یەک کردبوو. هەمـوو کـەسێک لێی دەترسـا. بەڵام خۆ تاقە نەفەرێکی سـەربڵندیش نەبوو ڕێزێک بۆ ئەفسـەرەکەی پۆلیس دابنێ. تەنیـا بەپشـتیـوانیی بۆرەپیاوە قۆزاق و سەربازە هبوودی[٤] خۆرەکانی دەوڵەتی دەخوری"

گوتم "ئەوەی تۆ دەیڵێی ئەو یوزباشییە هەر مەیلەو خودێیەک بووە!"

– "باسـی ناکرێ! تەنیا قسەی ئەو دەڕۆیی! کوڕە ئاخر... خوداوەندێک بوو! کەس نەبوو وەفریای جـووتیـارانەوە بێ! خـوا نەخـواسـتـە ئەگـەر هاواریشـیـان بکردایە؛ گـوێیـان لێ نەدەگـیـرا! چەند کلۆلێکیش کۆشـشی ئەوەیان کرد! بـەڵام هـەرگیز کـەسێکی لە خـۆی هـەورازتر ڕۆژێک ڕێشـمەی لێ توند نەکرد!.)

سـەرم لە بێن درێژی لادێییەکان سوڕما! گوتم: "ئێی؟!"

– "بەیرام یوزباشی هەمـوو ڕۆژێکی خـودێ دانیـشـتنی خـۆی هەبوو. بەخـۆ و بەدارودەسـتـە ستەمکارەکەیەوە هەموو ئێوارەیێک، بێ پسانەوە، بەزمیـان دەگێڕا و بادەیان هەڵدەقـۆڕی و خۆیان کـەر دەکرد! بەخـۆیشی بەرە بـەرە هەتا دەهات پتر دەڕسکا. وای لێ هاتبوو دەتگوت بەرازە لووس هەڵگەڕابوو. هەر جـووتیـارێکیش سـەردانی بکردایە، گرینگ نەبوو یوزباشـی لێی قـایل ببـا یان نا، لەسـەری پێـویست بوو، ئەسـپـێکی ڕەسـەنی خـۆی یان جـوانەگـایەکی بۆ بـرا گـەورە بهـاوردایە. لادێڤـەکـان چینگەلێکی هێندە سـادە بـوون سـوێندیـان یان بەسـمـبێلی یان بەسـەری یـوزباشـی دەخوارد. خۆ ئەو مەلایانەش کە پێیان یێژن خەلیفەی (محـەمەد)، ئەوانیش بۆ دەرمـان، جارێک نە بەگـژیدا چوون و نـە بە ڕوویدا هـەڵچـەرخـانەوە. دەترسـان جـاڕسی بکەن. ناچار هـەر سـەری خـۆیانـیـان بۆ دەلەقـاند و دەیانگوت "بەڵێ، ڕاست دەفـەرمـووی!" نەشـێـم بێژم کە بەیرام یوزباشی

خورتێکی دیندار و لە خواترس بوو؛ چونکە ڤۆدگای هەڵدەقۆڕاند و دامێنپیسیش بوو، بەردەوام بەختی خۆی تاقی دەکردەوە، هەرگیز نە بە ڕۆژوو دەبوو نە سەریشی بە بەرماڵێ دادەگرت. کەچی ناوە ناوە دەچووە مزگەوت و لەوێ بەناو ڕێزی نوێژکەراندا گوزەری دەکرد. هەرگیز وەک جووتیاران، چوارچمکێ لەسەر عاردی دانەدەنیشت و قاچەکانی تێک نەدەپەڕاندن. هەموو کات کورسییەکی تایبەتی بۆ ئامادە دەکرا. هەیهوو، هەیهوو! هێشتا پڕ سەربردەی ئەو کابرایەم دەباخەڵێدا ماوە، ئەگەر بۆتانی بگێڕمەوە!"

ئێمە هەردووکمان سڕ بووبووین! ئەو سەربردەیەی ئەم پیرەمێردە دەیگێڕایەوە، هەردووکمانی قولاخ کردبوو! من بەشبەحاڵی خۆم وام زانی ئەم کەنەفتەیە، وەک زۆران، بەپێخواسی بەناو کەوتبوو! وا مەزەندەم کرد هیچی لەبارەی تۆپکە سەیرەکەی بان گردەکەیەوە لە بیر نەمابوو؛ ویستم بەیادی بێنمەوە. کەچی بۆ خۆی هاتەوە سەر خەت و گوتی "ڕۆژێک دیتم هەموو خەڵکی ئاوایی ڕووەو گۆڕەپانی ناو گوندی دەچوون. هەموو غاریان دەدا. ژنە لادێییەکانیش لەبەر دەری خانووە قوڕەکانیانەوەڕا وشت مابوون! هەموویان تەماشای گۆڕەپانی ناو ئاواییان دەکرد. وەک کۆستکەوتە لە ئەژنۆی خۆیانیان دەدا! جا منیش بەشوێنی گەڕەلاوژەکەدا چووم."

مامەپیرە قومێکی لە سبیلەکەی دا. وامان زانی لە هەندێ لە ڕووداوەکان ڕاڕا بوو، خاس لە بیری نەما بوو!

– ئەوەی لەوێ دیتمان کارێکی نامرۆڤانە بوو. هەرگیز بەمێشکمدا نەهاتبوو کە ڕۆژێک کارەساتێکی ئاوا بقەومێ! قۆزاقێک فێر بووبوو توانجی لە دەزگیرانی لاچین دەدا. ئەویش گوللەیێکی لێی خەسار کرد. چونکە دەیزانی چییان بۆی لە قۆچەقانێ ناوە، دەبوو خۆی بپارێزێ، بۆیە لاچینی ئاسنگەر چەند ڕۆژ بوو بەناچاری خۆی لەناو گوندی حەشار دابوو! ئەو ڕۆژەش بەیرام یوزباشی تۆڵەی قۆزاقەکەی لە دایکی لاچین دەکردەوە. پیرێژنە چارەڕەشەکەیان لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی ئاوایی لە کۆڵەگەیێک شەتەک دا. سەریان تاشی. پارچە پەڕۆکێکی ڕەشیان لە سەرە تاشراوەکەی پێچا؛ ئەنجا لە بەرچاوی هەموو خەڵکی گوندی بە بەرقامچییانیان دا. تەمەنە پتر لە شەست ساڵییەکەی دادی نەدا.

– بەیرام یوزباشی لەبان تەپۆلکەیەک وەستابوو. بەسەر قۆزاقەکانیدا هاواری دەکرد و دەینەڕاند و فەرمانی دەدا تا بەهەموو هێز و توانایانەوە بەقامچی پیرێژنەکە دارکاری بکەن. تا زیانەکان[٥] دادەبارینە سەر جەستە ڕووتە مۆر هەڵگەڕاوەکەی ژنەکە، بەیرام یوزباشیش وەک ئاژەڵێکی هار دەینەڕاند و دەیگوت "هۆ! کوا، لە کوێی؟! تۆ ئەو پیاوەی گوللە لە قۆزاقی من ئاگر بدەی؟ بۆ نایێی دایکت قورتار بکەی؟ وەرە بلا ئازایەتیت ببینین!"

پاشان ڕووی خۆی لە پیرەکە کرد. پیرێژن ناڵەی دەگەیشتە لای بارەگاهی خوا. یوزباشی پێی گوت "ئەمە لە بری کوڕەکەتە ئاوا پێت دەکەوێ. منیش ئەوا چاوەڕێی دەکەم تا بێت و لە بەردەستم دەرت بێنێ. باشە! کوا ئەو سەگە؟! وا دەزانێ یاسا نەماوە؟! ئەگەر وایە، هەر کەسێک چی دەوێ

با وا بکات! وای دەزانی هیچت لێ ناکرێ؟ هەر ئێستا تێت دەگەیەنم قانوون و فەرمان چنە!)

خەڵکی هەموو زەندەقیان ڕژابوو. نقەیان لە بەرەوە نەدەهات. کەسێک نەبوو زاتی ئەوە بکات و بێ دەستی بگرێ. حەشاماتەکە ترسی مەرگی خۆ و کەسوکاری خۆیانیان دەکرد؛ دەیانزانی هەر کێ بەهانای ژنەکەوە بچووبایە ئیتر لێبووردنی بۆ نەبوو. نەفرەتی ترس خەڵکی هەموو ئیفلیج کردبوو. لە نەکاوێکدا، کەڵەمرۆیێکی نەبەرد پەیدا بوو. مەحاڵە دیمەنەکەیم لە یاد بچێ! لە یادم ناچێ! ئازایەتیی ئەم خورتە بروایێکی نوێی، بەگەلەکەم، پێ دام.)

پیرەمێردەکە کرەی لەناو سبیلەکەیەوە هێنا. برادەرەکەم لەسەر گازەرەی پشتێ لێی ڕاکشابوو. زەینی لە تاقی ئاسمانێ دابوو. مەزەندەم کرد بەچەند قۆناغێک لە ئێمەی هەڵباردبێ و ئاگای لە سوخەنی ئێمە نەمابێ؛ کەچی لەهیکەوەڕا سەری خۆی قیت کردەوە و گوتی "ئێی؟! پاشان چ ڕووی دا؟!"

بۆ سێیەمین کەڕەت، ڕێنما پێشەنگە چاوساغەکەمان قەننەکەی داگیرساندەوە. پاشان گوتی "هەرچەندە من پێشتر مرۆڤی ئاوا زیتم نەدیتبوو، بەڵام خۆ ئەویش وەکو هەر کەسێک بوو؛ هیچی لە خەڵکی هەڵنەباردبوو. بەیرام یوزباشی لە قسەکانی بووەوە و نەبووەوە کە کابرایەکی شڕۆڵی جەمەدانییەکی چڵکن لە سەری لێ هاتە پێشەوە. کابرا داسێکی بەدەستەوە بوو. هەرکە خێرا دەستی خۆی هەڵبڕی، تیغە پۆڵایە بەهەمبانە پێچراوەکەی ناو دەستی چەخماخەی دا. بەیرام یوزباشی وەک کۆلکەدارێکی کرمن ڕۆ چوو! بلەرزەیێک ئەو ناوەی گرتەوە! هەرکەسە و بابای بوو خۆی ڕزگار بکا، هەر کێ ڕای دەکرد پێی لە کاسەی سەری ئەوانی تر دەنا! هەموو لە هەموو تەقەلایان بوو خۆیان حەشار بدەن؛ (کەس نەبووە برای کەس)[٦]؛ کەس نەیدەویست دیمەنی کوشتنەکە بەچاوی خۆی ببینێ نەکا – خوا نەخواستە – بۆ گۆڤا بانگی بکەن؛ چونکە هەموو دەیانزانی ئەو بانگکردنە دەبێتە مایەی کۆستکەوتنیان. ژمارەیێکی کەمی قۆزاقە حەپەساوەکان لەگەڵ چەند تەحتە قاپووێکی ئازاتر بەچوار لای جەستە بێ سەرەکەی بەیرام یۆزباشیدا گردەوە بووبوون. یەکێکیان گوتی "پەککوو! ئەوە چ چەشنە تیغێک بوو ئاوا بەجارێک سەری ئەو کابرایەی پەل دا؟!"

– "ئەم زەبەلاحە سامناکەی دەمێک بەر لە ئێستا هەموو ئەم ناوەی لە زەواق نابوو، خۆ ئێستا وا تەرمێکی بێ سەرە!"

هاوڕێیەکەم وەک مار لوولی خوارد و تێکئالا و پرسیاری کرد "ئەرێ! ئەوە کێ بوو ئاوەها ئەم ئەرژەنگەی دوورییەوە؟"

– "ئەوە نەبەردێک بوو. بەو دڵە گەورەیەی خۆی ڕق و قینی ئاوایی و تووڕەیی هەموو خەڵکی بەپیاو و ژن و بەمنداڵانیشیەوە، هەمووی قووت دا! ئەوە دلێرێکی مەڵبەندەکەی خۆمان بوو!"

پیرەمێرد بەئەوپەڕی شانازیکردن دەیگێڕاوە و گوتی "ئەو کەڵەمرۆیە ناوی لاچین بوو! لاچین دەکاتە هەڵۆ! لاچین کوڕی پیرێژنەکە بوو! تەرمەکەی لەژێر ئەو گومبەتە بۆرەی سەر ئەو گردۆڵکەیەدا نێژراوە. گڵکۆیێکی هێندە پیرۆزە ناکرێ نیشانەی لێ بگیرێ!"

هاوڕێیەکەم بەوریاییەوە گوتی "نەمانزانی!"

منیش وەک ئەوەی لە خەوەزمەیێک ڕابووبم، هەموو ترسی سالانی ڕابردووم لێ نیشتەوە و دڵەکوتەم گرت! ترسی ئەو سەردەم و زەمانەم وەبیر هاتەوە کە چەکدارێک، بەئارەزووی خۆی، دوور لە یاسا، فەرمانی گەلێکی دەگێڕا!

خۆر ماڵئاوایی لێ کردین و کەوتە پەنای کەژ و کێو و شەومان بەسەردا هات؛ مانگی زیوینیش بۆمان هەڵات و لە تاقی ئاسمان درەوشاوە.

پرسیم: "ئاخۆ لاچین دەستگیر کرا؟!"

– "نا! چۆن لەنەکاویێکڕا پەیدا بوو، بەهەمان خێراییشەوە گوم بوو! بێ سەروشوێن چوو! ماوەیێکی زۆری پێ چوو، ڕۆژێک پیرە قۆزاقێکی یوزباشی لە کەناری دارستانێکدا بەنوستوویی بەسەر لاچین دادەچێ و تا بیور دەگرێ لە کەللەی گیر دەکا و شەهیدی دەکا! کەس ناوی بکوژەکەی لاچینی لە یاد نەماوە؛ وەلێ لاچین خۆی هەرگیز فەرامۆش ناکرێ. گوندەکەش ئێستا لەهێندەرێ نەماوە. بەلام هەر کێ ڕێی بکەوێتە سەر ئارامگەی ئەو جوامێرە یادی دەکاتەوە. بەڵێ! لەو سەردەمی قەلەڕەشەکان فەرمانیان دەگێڕا، لاچین هەڵۆیێکی ئازادیپەروەر بوو."

پیری کەنەفتە (ئاردی خۆی بێشت و کەپەکی خۆی ڕێشت)[٧] دنیا کشومات بوو، تەنیا بۆقەکانی قەراخی ڕووبارەکە بوون دەیانقیڕاند.

هێشتا هەر لەبن باری سامی ئەو سەربردەیە بووم کە پیرەمێردی ڕێبەرمان گێڕابوویەوە، کاتێک هەستم کرد گەنج لاچین بەسەر و ڕێشیەوە لە قەدپاڵی چیایەکەوەڕا بەرەو بناری شاخەکە دەهات! لاچین وەک ئەوەی بینیم؛ جووتیارێکی ڕووتەڵە بوو! لە بەرانبەری داگیرکەر و زۆردار ڕاپەڕی بوو، بەرگریی لە مافی گەلەکەی خۆی کردبوو.

پیرەمێردەکەش چاوی لە کێوی مۆنگوز بڕیبوو! لەبەر تریفەی مانگەشەو ڕیشەکەی سپی دەچووەوە و چاوەکانیشی دەتروسکانەوە. منیش هەموو جەستەم بۆی تژی خۆشەویستی بوو. سەیریم کرد... ئاخر بۆیێ خۆشم ویست چونکە پارێزەری ڕاستەقینەی دیرۆکی گەلەکەم بوو.

پەراوێزەکان:

(١) لە کتێبی:.Azarbaijanian Prose and Anthology, Edited by- Mirza Ibragimov, Press Publishers, Moscow 1977 وەرگیراوە

(٢) پەندێکی کوردییە.

(٣) دەستەواژەیەکی باوی کوردەوارییە.

(٤) هبوودی: بەرتیل.

(٥) تازیانە: قامچی.

(٦) قسەیەکی نەستەقی کوردییە.

(٧) پەندێکی کوردییە.

# ڤێرن و كاڵڤینۆ و ماركیز..
# بەپیتیی دنیای واقیعی

نزار ئاگری

ئیتالۆ كاڵڤینۆ لە گەشتەكەیدا بۆ وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمەریكا لەبارەی ماڵی چیكیتای سەماكەری سێركەوە لە كالیفۆرنیا شتێكی نووسی. تێیدا ئاماژەی بەوە كردبوو، كە پیاوەكەی ئەكتەری سینەمایە و بەردەوام ڕۆڵی گاردی كەسایەتییە ناودارەكان دەگێڕێ. وەكو كاڵڤینۆ وەسفی دەكا، كچەكەی چیكیتا ماڵی بەسەر درەختێكی دەم بایەوەیە.

كاڵڤینۆ بەو پێیەی داهێنەری ئەم شێوە ژیانەیە: ژیان لەسەر درەختەكان. سەری لە ماڵەكەی دا.

ئەو بەمە ئاماژە بەڕۆمانەكەی "بارۆنە هەڵنیشتووەكە" دەكا. كە پاڵەوانەكەی (كۆزیمۆی لاو) دوای ئەوەی لە ماڵەوە هەڵدێت لەسەر درەخت دەژێت. بارۆن و ماڵە "درەختییەكەی" هەوێنی ئەندێشەی نووسەرن.

هەڵبەت كاڵڤینۆ مەزەندەی ئەوەی دەكرد، كە سەركێشییەكی فەنتازی وا دەكا، ڕێگەی ئەوەی دەداتێ جڵەوی خەیاڵی بەر بدا، تاكو لە واقیع دوور بكەوێتەوە.

لە كتێبەكانیدا كاڵڤینۆ بۆی دەردەكەوێ، قەڵەمبازەكەی لە واقیعەوە دوور نییە. ئەوە تەنیا كۆزیمۆی پاڵەوانی ڕۆمانەكە نییە لەسەر درەخت ژیابێت. هەروەها چیكیتاش ماڵەكەی لەسەر دار بنیات ناوە و هەموو پێداویستییەكانی ژیانیشی تێدا دابین كردووە.

ژۆڵ ڤێرن و داڤنشی و وێڵز و ئەوانی تر، لە پاڵنانی ئەندێشە بۆ پێشەوە پێش كاڵڤینۆ كەوتوون، تاكو لە شەقەی باڵ بدا و واقیع لە پاش خۆیەوە جێ هێڵێ. چیرۆكەكانی ئەدگار ئالان پۆ و كافكا و بۆرخیس و ماركیز دڵگیر دیارن، هەر دەڵێی وێنەی شتی سەرسوورهێنەری وا دەكێشن لە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل.

توانای مـرۆڤ بۆ خـەیاڵکردن بەدەرن. بەڵام ئەوە واقـیـعـە دەنووسێ، ڕۆژانە واقـیع چیـرۆک و ڕۆمـانێلێکی سـەرسووڕهێنەرتر لە سەیرترین چیرۆک دەنووسێ، کە خـەیاڵگەی نووسـەر بەرهەمی دێنێ.

زریانی تسۆنامی. زریانی کاترینا، ئەو بلەرزەیەی لە پاکستـان و ئەفغانسـتـان و کشـمیری دا. ئەو سێلاوانەی لە پڕ بێدار دەبنەوە و هەموو شتەکانی بەردەمیان لەگەڵ خۆیـاندا ڕادەماڵن. ئەمانە جگە لە دوا بـەشی ڕۆمـانێکی نزیک لە بیرەوەریمانـەوە زیاتر، کـە خـەیاڵی سروشت دایڕشـتـووە، شتێکی تر نییە. ئەندێشەیەکە خەیاڵگەی مرۆیی نووسەران و داهێنەران ناتوانن پشـتی بەزەویدا بدەن.

لێ تەنیا سروشت فـەنتازی نییە. کارێلێک هـەن خـەڵکانێک بەخـۆیان ئەنجامی دەدەن، وا دەکـەن خـەیاڵگەی هـەر نووسـەرێکی فـەنـتـازی لێڵ بنوێـنێ. دیمەنی دارکـاریی زیندانەکـانی گـرتیگەی ئەبوغرێب. دیمەنی سەربڕینی ڕفێنراوان بەدەستی گرووپە چەکدارەکانی عێراق.

دیمەنی ئەو سەربازە بەریتانیاییەی بەگڕگرتوویی لە تانکەکەوە خۆی دەهاوێژێ.

ئاخۆ ئەوەتان خوێندووەتەوە، کە پیاوێک چی بە ژنەکەی دەکا، هەینێ لەگەڵ پیاوێکی نەناسیاودا قـسـە دەکـا؟ لێـوەکـانی لە بنەوە بڕین و لووتیـشی هەڵکێـشـا. داخـۆ لـە یادمـانە عـیـدی ئەمـینی دیکتاتۆری ئۆگەندا چی بەنەیارەکانی دەکرد؟ نووسراوە، گۆشتی دەخواردن.

ئەی مـیلۆسـۆڤـیـچی دیکتـاتۆری سرپـیـا چیی بەخـەڵکی بۆسنە و هێـرسک نەکرد؟ ئەی سـەدام حـوسـێن لە هـەڵمـەتەکـانی ئەنفـالدا چیی بەکـوردەکـان نـەکـرد؟ ئەی عـودەی کـوڕی، دوو لاوی لە قەفەسێکی ئاسنیندا لەگەڵ کۆمەڵە شێرێکدا جێ هێشتن.

ئەی سـتـالین چی بەسـەر بوخـارین و کـامنیێڤ و زینۆفییـفدا هێنان؟ چۆنیش لیـۆن ترۆتسکیی تیرۆر کرد؟ لە دوورخـراوگە مەکسیکییەکەی بەباڵتەیەک سەری کردە دوو لەتەوە. ئەی هیتلەر چیی نەکرد؟ ئەی فەرەجوڵا حلو چۆن کوژرا؟ بەتواندنەوەی لەناو تیزابدا.

ڕەفـتـارێن دیکتـاتۆران زۆر باڵاترن لە توانای خـەیاڵگە. نووسـراوە، لە کۆریای باکـوردا کیم ئیل سۆنگ دوژمنەکانی لە قیمە دەدا. لە ژێرزەوینەکەشیدا پتر لە دە هەزار شووشە شـەرابی گرانبەها هەن، لەو جۆرەی کارگەکانی شـەرابی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و فرەنسـا بەرهـەمیان دەهێنن، لە کاتێکدا منداڵان لەوێ لە برساندا بەلادا دێن.

نووسـەرانی ئەمـەریکای لاتین هـەر زوو تێبینیی سـەیروسـەمەرەیی و بەربادییی ڕەوشت و ئاکاری سـتەمکارانیـان کرد. ئـەو واقیعە نامـۆیەی ئەمـەریکای لاتین بووە شیمانـەی هەڵقووڵانی ڕیالیـزیمی ئەفسووناوی.

مـارکـیـز باس لەوە دەکـا، کـۆمـەڵێک لەوانـەی بڕوایان بـەپزیشکیی مـیـتـافـیـزیکی هـەیە، بەسەرۆکایەتیی ئەلڤارۆ نوونیزا کابیزا لە کانییەک دەگەڕان لاویەتیی هەمیشـەیی بەوانە بدات، کە

له ئاوەکەی دەنۆشن. ئەو کۆمەڵەیە بۆ ماوەی هەشت ساڵی ڕەبەق لە ناوچە بیاوانییەکانی خوارووی ئەمەریکا و مەکسیکدا بەدوای ئەو کانییەوە وێڵ بوون. گەڕانەکەیان کۆتای نەهات، تاکو ڕێیان ون کرد و بزر بوون، ئیدی وایان لێ هات لە برسییەتییاندا کەوتنە خواردنی یەکتر. لەو کۆمەڵە ٦٠٠ کەسییە تەنیا پێنجیان مانەوە.

گۆنزۆلۆ بیسارۆ بڕوای وابوو دۆشاوێک هەیە دەتوانێ سەری ئەو سەربازانەی لە شەڕدا دەپەڕێن، بەشانیانەوە بنووسێنێتەوە.

مارکیز دەڵێ، یەکێک لەو ئاریشە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی خوێنەری ئەمەریکای لاتین دەبێتەوە، لە تێگەیشتنی مانای وشەکاندا خۆی حەشار داوە. هەینێ ناوی ڕووبارێکی درێژ دەهێنرێ، خوێنەری ئەوروپایی (بۆ نموونە) ناتوانێ وێنای ڕووبارێکی درێژتر لە ڕووباری دانووبی (٢٧٠٠ کم) بکا. لە کاتێکدا درێژترین ڕووباری ئەمازۆن لە ٥٥٠٠ کم تێ دەپەڕێنێ، پانییەکەشی لە هەندێک شوێندا ڕووبەرێکی گەورەتر لە دەریای بەڵتیق دروست دەکا. کاتێکیش وشەی لافاو دێتە گۆڕێ، ئەندێشەی ئاسایی بۆ بارانێکی بەلێزمە و سەرما و برووسک دەچێت، کە جگە لە چەند سەعاتێکی دیارکراو بڕ ناکا. لە دەڤەرەکانی ئەندیز بارانێک باری تا پێنج مانگ نەوەستایەوە. هەورەتریشقەکان وا تێک چڕژابوون ئاگر و ئاویان تێکەڵ دەکردن و لە چیاکانیشەوە گرمەی وا دەهات، مرۆڤ وای دەزانی کۆتایی دنیایە.

مارکیز دەڵێت: ڕەنگە گەورەترین شتێک لە ژیانمدا کردبێتم، ئەوە بێت توانیبێتم ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئەدەبی بنووسمەوە، لێ گشت ئەوانەی لە ڕۆمانەکانمدا هاتوون لە واقیعەوە وەرگیراون نەک لە خەیاڵمەوە.

ڕۆمان هیچ شتێک دروست ناکا. تەنیا واقیع بەرجەستە دەکا. پەردە لە ڕووی شتە شاراوەکان هەڵدەداتەوە. لە "سەد ساڵ دوورەپەرێزی"دا بڕگەیلێک هاتوون باس لە هاتنە دنیای کۆرپەیەک دەکەن کلکی بەرازی هەیە.

مارکیز دەڵێ: وا دەهاتە بەرچاوم ئەم کارە لە خەیاڵ لادانە، کەچی کەمتر ماقووڵتر بوو لە واقیع. بەڵام دوای دەرچوونی ڕۆمانەکە کەسانێک پێوەندییان پێوە کردم، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کەسانێک هەن لە ناوچەی برانکۆنیلا کلکی بەرازیان پێوەیە. گەنجێکیش وێنەیەکی خۆی نارد تێیدا دیارە کلکی بەرازی پێوەیە.

کوڕە گەنجەکە دەڵێ: بەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تێکەڵ بەخەڵک نەدەبووم و زۆرم شەرم دەکرد. کەچی ئێستا شتەکەم بەلاوە ئاساییە.

زەحمەتترین شت ڕووبەڕووی مارکیز بووبێتەوە ڕۆمانی "پایزی پەتریرک" بوو. ئەوی بەردەستی کەوتبوو، لەو تێکستانەی باس لە ژیان و کارەکانی ستەمکارانی ئەمەریکای لاتینی دەکەن، بەتایبەتی لە دەڤەرێن کاریبی، خوێندبوونیەوە.

پاشـان دەرکـەوت ڕەفـتـاری زۆریـان لەو سنووره بەدەره، کـه خـەیالّی مـرۆڤ پێی بگا. دوڤـالێی دیکتـاتۆری هـایتی بڕیاری دا زۆر بەتـوندی و دڵڕەقـانه دارکـاریی یەکـێک له بەرهـەڵـستکارەکـانی بدرێ، تا ئەو بەرهـەڵـستکاره وای لێ هات بووه بوونەوەرێک له سـەگی ڕەش دەچوو، پاشـان بڕیاری لەناودانی هەموو سەگه ڕەشـەکانی هـایتی دەرکرد.

یەکـێک له دیکتـاتۆرەکـانی هندۆراس فـەرمـانی بـەدروسـتکردنی قـەفـەسـێکی زەبەلاح دا له دوو بەشی کراوه بەسەر یەکتریدا پێک هـاتبێ. بەشێکی بڕێتی بێت له ئاژەڵی دڕنده، بەشەکەی تریشی نەیارانی ڕێژیمەکەی بگرێته خۆ.

دەبێت دانی پێدا بنێین، مارکیز دەڵێت، خەیالّی واقیع زۆر کارامەتر و بەپیتتره له خەیالّی ئێمەی نووسەر. باشترین شت له ئێستادا پێی هەڵسین و بەدەستکەوتێکی مەزنی دابنێین، ئەوەیه جارجار بتوانین هەندێک له واقیع بگوازینەوه سەر کاغەز.

سەرچاوە: الحياة – ٢٠٠٥/١٢/١٣

---

خوێنەری واته ئەم ڕۆمانەی بەلاوه گرینگه



**شـەماعیه**

ڕۆمان

**عەبدولسەتار ناسر**

وەرگێڕانی بۆ کوردی: سەباح ئیسماعیل

١٨٦ لاپەڕە

قەواره ١٩ × ١٢,٥

بایی ٣٠٠٠ دیناره

# شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لەسەر هۆلۆکۆست

مالْپەڕی دۆیچە ڤێلە

گیلبیرێت ئاکار (Gilbert Achcar) مێژوونووسی لبنانی لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "عەرەب و پرسی هۆلۆکۆست" هۆکاری ڕەتکردنەوەی هۆلۆکۆست لەلایەن عەرەبەوە بۆ نەبوونی سەرچاوەی مێژوویی و ڕۆشنبیرانە بۆ ئەم ڕووداوە دەگەڕێنێتەوە. بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی ئەو، هەوڵێکی بەنرخە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕییە.

"عەرەب و پرسی هۆلۆکۆست، چیرۆکی عەرەب و ئیسرائیل" ناوی ئەو کتێبەیە کە لە چەند ڕوانگەوە خوێندنەوە بۆ پێوەندیی عەرەب لەگەڵ ئەو ڕووداوە مێژووییەدا دەکا. ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوە کە لەلایەن گیلبیرێت ئاکار ئەنجام دراوە پێش هەموو شتێک بوونی ڕۆشنبیری لە وڵاتانی عەرەب پێشان دەدا.

### تاوانی دژی "پاراستنی ڕەوشت"

پرسی هۆلۆکۆست لە دنیای عەرەبدا هەستیاری و وەڵامی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە. بەبۆچوونی هەندێکیان هۆلۆکۆست تەنیا پڕوپاگەندەیەکە لەلایەن ئیسرائیل بۆ بەڕەسمی ناساندنی حکوومەتی ئیسرائیل. هەندێکی تر پێیان وایە هۆلۆکۆست ڕووداوێکی مێژووییە کە بەهەر جۆرێک بێت پێوەندیی بەڕابردووەوە هەیە. ئەوان دەڵێن لە ئێستەدا ئەوە ئیسرائیلە کە دژی نەتەوەکانی تر و فەلەستینییەکان تاوان ئەنجام دەدا. گرووپێکی تر دەڵێن تاوان و کارەساتەکانی ڕابردوو وەک هۆلۆکۆست نابێت بۆ وڵاتەکان "پاراستنی ڕەوشت" یاخۆ "مافی تایبەت" لە پێوەندییە

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم.



نێودەوڵەتییەکان بەرهەم بێنێ.

گیلبێرێت ئاکار لەمبارەیەوە لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ "لایەنگرانی وەها بۆچوونێک تووشی هەڵەی گەورە دەبنەوە و ئەویش ئەوەیە هەوڵ دەدەن تاوانەکانی ڕابردوو بەبچووک پێشان بدەن یاخۆ ئەوەی بەتەواوی بەدرۆی ناو دەبەن".

## چوار گرووپ و چوار بۆچوون

"عەرەب و پرسی هۆلۆکۆست، چیرۆکی عەرەب و ئیسرائیل"، یەکەمین لێکۆڵینەوەی مێژووییە کە لەمبارەیەوە بڵاو بووەتەوە. نووسیاری ئەم کتێبە لە سەرەتادا دەڵێ "یەکەیەکی سیاسی یاخۆ گرووپێکی هاوناسنامەیی" بەناوی عەرەب بوونی نییە و بەهەمان شێوە کە موسڵمان یاخۆ جوولەکە بەشێوەی گشتی بوونیان نییە. پاشان ناوبراو ئاماژە بەعەرەب دەکا و ئەوان بەچوار گرووپ دابەش دەکا: لیبراڵ، مارکسیست، ناسیۆنالیست و ئاینییەکان.

ئاکار دەڵێ "ڕادەربڕین لەبارەی عەرەبەکانەوە نابێت لەسەر هەڵسوکەوتی موفتییەکان بێت کە لە ساڵانی ١٩٤٠دا لە ئۆرشەلیم ژیانیان بەسەر دەبرد و لایەنگری نازییەکان بوون".

ئاکار لە کتێبەکەیدا هەروەها دەڵێ "لیبراڵەکان و کۆمۆنیستەکان بەئاشکرا لە نێوان جوولەکەکان و ئیسرائیلییەکاندا جیاوازییان دەکرد. ناسیۆنالیستەکان بەپێچەوانەوە پاڵپشتییان لە فاشیست و نازییەکان دەکرد و هەوڵیان دا ئەوان بکەنە ڕێگەپێشاندەری خۆیان.

گـرووپی ئاینی لەلایەکی ترەوە ئـایەتەکـانی قـورئانیـان کـردە ڕێگەپێـشـاندەری خـۆیان و بەگوڵبژێرکردنی سورتەکانی دژی ئیسرائیلییەکان، سیاسەتێکی دژی ئەوانیان پەیڕەو کرد".

ئەو مێژوونووسە لبنانییە هەروەها ڕای گەیاند ئەو دژایەتیکردنە ئەو مانایە نییە کە عەرەب لە تاوانی هـۆلۆکـۆسـتـدا دەسـتـیان هـەبووە. ناوبراو بەشـداریی عـەرەب لەو تاوانـەدا کـە هـەندێک لە مێژوونووسـەکان ئاماژەیان پێ داوە ڕەت کردەوە و گوتی "ئەوان بەپێی ئەو بەڵگانە وەها قسـەیەک دەکـەن کـە لە پێـوەندیی نێـزیکی مـوفـتی ئەعـزەمی ئۆرشـەلیم شـێخ ئەمین ئال حـوسـێنی لەگـەڵ سەرکردە نازییەکان وەک هیتلر و هیملێردا سەرچاوە دەگرێ".

گیلبیـرێت ئاکار هەروەها گوتی "ئەو موفتییە ڕۆڵێکی گرینگی لە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی نازییەکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بینی. ناوبراو هەروەها لە کارەساتی ڕەگەزپەرستانەی نازییـەکـان دژی جـولەکـەکـان و هـەروەها لە دامـەزراندنی یەکەی سـەربازانی مـوسـوڵمـان دەسـتی هـەبوو. ئەو سـەربازانە شـان بەشانی نازییـەکان شـەڕیان دەکـرد، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە بەهۆی ئەمـەوە هـەمـوو عـەرەب دژی جـوولەکـە بزانین. لـەو کـاتـەدا زۆر لە عـەرەبەکـان دژی ئەو ڕەفـتـار و سیاسەتانە هەڵوێستیان گرت".

## دژایەتیی جوولەکەکان لە ئەوروپا

لە کتێبی "عەرەب و پرسی هۆلۆکۆست، چیرۆکی عەرەب و ئیسرائیل" هەروەها ئاماژە بەمێژووی دژی جوولەکەکان لە ئەوروپا کراوە. گیلبیرێت لەم بارەیەوە دەڵێ کە لە دنیای عەرەبدا پێش پرسی فەلەستین بەهیچ شێوەیەک شتێک بەناوی دژایەتیکردنی جوولەکەکان نەبووە.

ناوبراو بەپێی سـەرچاوە مێژووییـەکان گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە دۆخی جوولەکەکان لە دنیای ئیسلامدا بەشێوەیەکی گشتی باشتر لە دۆخی ئێستەیان لە دنیای کریستیانەکاندایە".

ئاکار دەپرسێ "کاتێک جوولەکەکان لە ئیسپانیا دەرکران بۆ کوێ هەڵاتن؟ بۆ دنیای ئیسلام".

بەپێی سـەرچاوە مێژووییـەکان جوولەکەکان تا سـاڵانی (١٩٣٠-١٩٣٩) دەیانتـوانی بەبێ هیچ گرفتێک لە وڵاتانی عەرەبدا ژیان بەسەر ببەن، بەڵام کاتێک جوولەکەکان بۆ فەلەستین کۆچیان کرد، ئەو دۆخە گۆڕا ".

سەرچاوە:

http://www.dw-world.de/dw/article/0,,5774802,00.html

# كۆچی نایاسایی

## کێشەیەکی بەردەوامی نێودەوڵەتی

دیمیتریۆس جی پاپادیمیتریۆ

نێزیکەی ٢٠ ساڵ دەبێ، شوێنە سەرەکییەکان، بازاڕی کاڵاکان، ناوەندەکانی خزمەتگوزاری و کەرتی کار و کرێکاران لە ئاستی نێودەوڵەتی کەوتوونەتە بەر شەپۆلێکی ئاڵۆز و بەهێز، دۆخێکی لێ کەوتووەتەوە کە زۆر گەورەترە لەوەی بەدیاردەیەک لە تێکەڵبوونی تۆڕی ئابووری و کۆمەڵگەی دنیایی بێتە ناساندن کە ئەویش کێشەی کۆچ و کۆچبەرە.

لە بەرەنجامەکانی ئەو تێکەڵبوونە دنیاییە، تەنیا دیاردەیەک بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی دێتە بەرچاو کە هەمان ڕۆیشتن و جووڵە و شوێنگۆڕکێی خەڵکە. نەکرا بەشێوەیەکی بەرچاو سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە بکرێ و هەوڵ بدرێ خەڵکی وڵاتان لە گەورەیی پرسەکە بگەن و تەنیا وەک کردەوەیەکی نایاسایی سەیری نەکەن، چونکە ئەو دیاردەیە تا ئێستە تەنیا لە خانەی پابەندنەبوونی یاسایی، نەبوونی بەڵگە و نایاساییبوونی کۆچدا ماوەتەوە و زیاتر لەوە بەهای پێ نەدراوە.

بێ لە بەرچاوگرتنی لایەنی یاسایی، مانەوەی تاهەتایی، گۆڕینی شوێن بۆ ماوەیەکی کاتی یاخۆ گواستنەوەی شوێنی ژیان بەهۆی کاروباری خێزانی و پیشەیی و گۆڕانکاریی نیشتەجێبوون لەو وڵاتانەی کەمتر پێشکەوتوون، زۆربەی هاتوچۆ و شوێنگۆڕینەکانی نێودەوڵەتی وەک هەوڵێک بۆ باشترکردنی دۆخی ژیان و بووژانەوەی لایەنی ئابوورییە، چونکە کۆچبەران و ئەوانەی لە شوێنی خۆیان دوور دەکەونەوە، پێویستییان بەهێنان و بردنی پارەیە، ئەو بڕە پارە و نەختینەی کەسەکان بەهۆی دووربوون لە شوێنی خۆیان پێویستە بە سیستەمی بانکیدا بیگوازنەوە کە بەساڵانە ١٥٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکایی دێتە خەملاندن.

..................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان.

ئەوە لە کاتێکدایە وڵاتانی پێشکەوتوو ئاگەداری کێشەکانی خۆیانن، وەک هەڕەشە تەناهییەکان، نەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر هەموو تاکەکان، کاریگەریی بۆ سەر هێزی کار، لەگەڵ ئەوەدا وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو باس لە نەبوونی دەسەلات بۆ کۆنترۆڵی دیاردەی کۆچی نایاسایی دەکەن. کێشەکە نەبوونی مافەکانی مرۆڤ، هێزی کار و مافە نەتەوەییەکانی تاکە، هەمووی ئەوانە هانی دیاردەی کۆچی نایاسایی دەدەن کە دواجار زیانێکی زۆر بە کەرتی پیشەسازیی وڵاتانی خۆیان دەگا و پاڵەپەستۆیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

ئامارە نارەسمی و خەمڵاندنەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی دیاردەی ساڵانەی کۆچ دەکەن، بەتایبەت کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەژمارەی کۆچ لە دنیا دەکات کە ساڵانە دەگاتە ١٩٠ ملیۆن بۆ ٢٠٠ ملیۆن کۆچبەر و ئەو ڕێژەیە نێزیکەی ٣,٣٪ کۆی گشتیی هەموو دانیشتوانی گۆی زەوییە.

لە کۆی ئەو ١٩٠ ملیۆن بۆ ٢٠٠ ملیۆن کۆچبەرە، نێزیکەی ٣٠٪ی لە ئەمەریکا و کەنەدان، هەرچەندە وڵاتانی ئەورووپایی کەمتر بایەخ بەبڵاوکردنەوەی ئاماری پەنابەری و کۆچبەری دەدەن، بەڵام شیمانە دەکرێ نێزیکەی ٢٠٪ی تری کۆچبەرانی هەموو دنیا لە ئەورووپا بێ و لەو نێوەندەدا وڵاتانی ئاسیایی زیاترین ڕێژەی کۆچبەریان ڕەوانەی دەرەوە کردووە.

ئەگەر ئەو ئامارانەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک پێوەرێکی سەرەکی وەربگرین، دەردەکەوێ لە وڵاتێکی بۆ نموونە ڕووسیا لەگەڵ ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو ٢٥ ملیۆن تا ٣٠ ملیۆن کۆچبەری لێ کەوتەوە کە ڕوویان لە وڵاتانی تر کرد و ئەو وڵاتە دابەشی سەر چەندان بەشی تری سیاسیی گەورە کرا.

زۆربەی کۆچبەرە کاتییەکان و بەشێک لەو کۆچانەی کە پێشبینی نەکراون ناخرێنە ناو داتا و ئاماری وڵاتانی مێوان و حکوومەتەکان تۆماری ناکەن و زۆرجار بەشێک لە کۆچبەران ئاماژەیان بۆ ناکرێ و بەنهێنی دەمێنێتەوە و کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی بەپاساو دێتەوە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەک کەنەدا دەسەڵاتی ڕاکێشانی نێزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسی وەک هێزی کار و مێوان بۆ وڵات پێ دراوە و ئەو دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی تریش دەبینرێ و لایەنێکی یاسایی بە کۆچ و کۆچ پێکردنی خەڵک دراوە.

لێرەدا بوونی یاسای تایبەت بەهێنانی کۆچبەر بەشێوەیەکی یاسایی سەیرە، چونکە بەشێک لە وڵاتانی باشووری پارزەوینی ئەمەریکا و ئەمەریکا خۆی لەلایەکەوە دیاردەی کۆچکردن ڕەت دەکەنەوە و نێزیکەی ٧٥٪ی ئەوانەی خۆیان بەنیازی کۆچ ڕوو لە ئەمەریکا دەکەن دێنە گرتن، بەڵام هاوکات دەرفەتێکی یاسایی بە پەرەگرتنی ئەو پرسە دەدەن.

سەرەڕای کێشە و گرفتەکان، ئامارەکانی نێودەوڵەتی لەبارەی دۆخی کۆچ زۆر هەستیارە و چەندان جار تووشی ڕەخنە بووەتەوە، بەتایبەت لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو کە هەڵوێستی وڵات و

لایەنەکان بەرامبەر کۆچ کۆمەڵێک سکاڵا و سەرکۆنەی لێ کەوتووەتەوە.

بەپێی ئامارێکی نارەسمی، ڕێژەی کۆچە نایاساییەکان ١٥٪ تا ٢٠٪ی کۆی هەموو کۆچەکانی دنیای لەخۆ گرتووە و ئەمەریکا زیاترین پشکی بەردەکەوێ کە ساڵانە نزیکەی ١١ ملیۆن کۆچبەری نایاسایی ڕووی تێ دەکا کە زۆربەیان لە باشووری ئەفریقیاوە هاتوون.

لەلایەکی ترەوە مەکسیک کە بەناوەندێکی نێودەوڵەتی بۆ ناردنی کۆچبەری یاسایی و نایاسایی دادەنرێ، هەر ئێستە لەو وڵاتە نزیکەی یەک ملیۆن کۆچبەری ئەمەریکایی هەیە کە زۆربەیان تەنانەت کارتی نشینگە و مۆڵەتی مانەوەی ڕەسمییان نییە.

لەو نێوەندەدا شتێکی تر هەیە بەناوی مانەوەی درێژخایەنی ڕەسمی، بۆ نموونە کۆچبەرێک بەشێوەی یاسایی سەردانی وڵاتێک دەکا، بەڵام دواتر زیاتر لە ماوەی یاسایی خۆی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە و هاوکات لایەنێکی یاسایی بە مانەوەی خۆی دەدا و لە هەندێک دۆخدا داوای مافی پەنابەرێتی دەکا کە پۆلینکردنی ئەو جۆرە لە کۆچبەران ئەستەمە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، ئوستورالیا و نیوزلاندا کە بەوڵاتانێکی خاوەن مێژوو، بەئەزموون و ناسراوی بواری کۆچ دێنە ناسین، ساڵانە تووشی دۆخی لەو شێوەیە دەبنەوە و نزیکەی ٣٤٪ی کۆچبەرانی ئەو وڵاتانە لەو کەسانەن کە بەشێوەی یاسایی هاتوون، بەڵام ئێستە ماوەی مانەوەیان درێژ کردووەتەوە یاخۆ بەنیازن وەک پەنابەر لەو وڵاتانە بمێننەوە و لەو پرسەدا لایەنی ئابووری و دارایی وڵاتان بۆ کەسی داواکاری پەنابەر یاخۆ مانەوەی هەمیشەیی گرینگە.

دەتوانین بە گشتی باس لە ٤ هۆکار و سەرچاوەی کۆچی نایاسایی لە دنیادا بکەین:

١- هاتنی نایاسایی و بەزاندنی سنوور بەشێوەیەکی نایاسایی و بێ بەڵگەی هاتنە ژوورەوە کە بەهاتنی بێ لێکۆڵینەوە ناسراوە و وڵاتی مێوان داوای لێکۆڵینەوە لە کۆچبەر دەکا، ئەو جۆرە کۆچە زیاتر دەرفەتی قاچاخکردنی مرۆڤی تێدایە.

٢- کۆچکردنی هاووڵاتییەک لە ویلایەتێک یاخۆ ناوچەیەک بۆ شوێنێکی تری وڵات و کۆچکردن لە ناوەخۆی وڵات بێ ئەوەی تۆمار بکرێ.

٣- ساختەکردن لە ماوەی مانەوەی ڤیزای ڕەسمیدا، لەو دۆخەدا کۆچبەر بەڕەسمی و یاسایی هاتووە، بەڵام ماوەی مانەوەی خۆی درێژ دەکاتەوە تا ڕادەیەک کە دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی وڵاتی مێوان.

٤- ساختەکردن لە جۆری ڤیزا، دەکرێ خاوەنی ڤیزای ڕەسمی جۆری ڤیزاکەی بگۆڕێ، بۆ نموونە ڤیزای کار بگۆڕێ بۆ ڤیزای خوێندن تەنیا بۆ ئەوەی زیاتر لە وڵاتی مێواندا بمێنێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو ٤ سەرچاوەی پەرەسەندنی کۆچ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، چەندان کاری تری ساختە و نایاسایی بۆچوون و مانەوەی نایاسایی لە وڵاتان هەیە و هەندێک جار پرسەکە لایەنی

سۆز و بەزەیی بەخۆوە دەگرێ و وڵاتی مێوان دەخاتە بەرامبەر بەرپرسیاریەتێکی مرۆیی.

## کۆنترۆڵی کۆچی نایاسایی

بەدڵنیاییەوە هیچ وڵاتێک نییە لە دەستی کۆچبەری نایاسایی بە دوور و پارێزراو بووبێ و پرسەکە ئاراستەیەکی نێودەوڵەتی و دنیایی وەرگرتووە. لێرەدا ئاماژە بە ٤ هۆکاری پەککەوتن و سەرنەکەوتنی سیاسەتی وڵاتانی پێوەندیدار لە نەهێشتنی کۆچی نایاساییدا دەکرێ:

١- یاسا و جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەکۆچبەری سەرچاوەی کێشەکانە، چونکە زۆربەی وڵاتان لە بوارەکانی تردا سەرکەوتوون، بەڵام بەرامبەر کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی کۆچی نایاساییدا کۆڵن، بەتایبەت ئەمەریکا کە توانای کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ مەکسیکدا بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچی نایاسایی نییە.

٢- نەبوونی سیاسەتێکی گشتگیر و هاوئاهەنگیی نێوان وڵاتان تا بەیەکەوە وەک زنجیرەیەک ڕێگە لە کۆچی نایاسایی بگرن و بۆ ئەو مەبەستە سیاسەت و پلانەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن، واتە هەر وڵات و لایەنێک تاکلایەنە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا دەکا.

٣- وڵاتان هەست دەکەن پێویستە خۆیان بە یەکلایەنە ڕووبەڕووی کۆچ ببنەوە، بەڵام لەو پرسەدا لایەنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان لە بەرچاو ناگرن و زۆرجار کاریگەرییەکانی لەو شێوەیە ڕەت دەکەنەوە و تا ئێستە هاوکێشەیەکی دیار و ڕوونیان بۆ ئەو مەبەستە نییە. ئەو هەڵوێستە وڵاتان زیاتر پێوەندیی بە کار تێکردنی چەمکی "دنیاییبوون Glo-balization" بەسەر بۆچوونی دەسەڵاتدارانەوە هەیە.

٤- بەشێک لە خەڵک و وڵاتان خۆیان ڕادەستی دۆخەکە کردووە و پێیان وایە بەرگەی ئەو هەڵمەتە بەربڵاوەی کۆچی بیانییەکان ناگرن و وا باشترە لەگەڵیدا بگونجێن. لەو بۆچوونەدا وڵاتانی مێوان ئاگەداری مەترسییەکانی کۆچی نایاسایی بەسەر ژیان و گوزەرانی خۆیاندا نین، بۆ نموونە کەمتر بایەخ بەکاریگەرییەکانی کۆچ بەسەر ئابووری و دارایی وڵاتدا دەدەن.

بەرزبوونەوەی ڕادەی دیاردەی قاچاخ و بازرگانیکردن بە مرۆڤ، یەکێک لە دەرهاویشتەکانی کۆچی نایاساییە کە دروستبوونی تۆڕێکی بەربڵاوی نایاسایی نێودەوڵەتی لێ کەوتووەتەوە و زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە نایەتە کۆنترۆڵکردن.

## پێوەندیی کۆچی نایاسایی و تیرۆریزم

شارەزایانی بواری تیرۆریزم لەو بڕوایەدان پێوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو دیاردەی کۆچی نایاسایی و پەرەسەندنی تیرۆردا هەیە و لە هەندێک شوێندا کۆچی نایاسایی وەک تیرۆرێکی شاراوە پێناسە دەکەن، چونکە هاتن و بەزاندنی سنوور لەلایەن کۆچبەرانی نایاسایی

دەرفەتێکە بۆ ئەوەی تیرۆریستان بتوانن لەو ڕێگەوە دزە بکەنە ناو وڵاتان.

هاوکات بەشێکی تر لە چاودێران پێیان وایە کە تیرۆریستان بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و یاسایی دەچنە ناو وڵاتانی مەبەست و کاروباری یاسایی وەک ڤیزا و بەڵگەی چوونەژوورەوەیان بۆ دابین کراوە، بەجۆرێک کە پێشکەوتووترین سیستەمی بەرگری ناتوانێ ڕێگەیان لێ بگرێ و کۆنترۆڵیان بکا، چونکە ساڵانە چەندان ملیار گەشتەوەر هاتوچۆ دەکەن و زۆر ئەستەمە لەو نێوەندەدا چەند تیرۆریستێک بێنە ناساندن.

هێرشەکانی سەر ئەمەریکا، مەدرید لە ئیسپانیا و لەندەن هەموویان بەدەستی بیانییەکان هاتنە ئەنجامدان و هەموویان بەشێوەیەکی یاسایی گەیشتبوونە ناو ئەو وڵاتانە.

وڵاتان دەتوانن بەپێڕەوکردنی سیستەمێکی گشتگیر و ئاگەدارکردنەوەی یەکتری لە دۆخی خەڵکی بیانیی نیشتەجێی ناوخۆی وڵاتەکانیان دژی تیرۆر بوەستنەوە و ڕێگە نەدەن شەپۆلی داهاتووی تیرۆر لەسەر کۆچی نایاسایی بەڕێوە بچێ، بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ کۆمەڵ و ناوەندەکانی تایبەت بە کۆچ و کۆچبەران هاوکاریی یەکتری بکەن.

سەرچاوە: لە پەیمانگەی سیاسەتی کۆچبەریی

---

بۆ خوێنەری واتە ئەم کتێبانە شوێنیان پڕ نابێتەوە



**مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهري**

**تألیف: جرجيس فتح الله**

٢٠٠ صفحة

حجم ٢١,٥ × ١٤,٥

السعر ٤٠٠٠ دينار



**شخصية الفرد العراقي**

ثلاث صفات سلبية خطيرة "التناقض. التسلط. الدموية"

**تألیف: باقر ياسين**

٢٨٠ صفحة

حجم ٢١,٥ × ١٤,٥

السعر ٤٠٠٠ دينار

## پێڕست


چمکەکانی سەردەم... بۆچی؟، عەبدورەزاق عەلی ........ 3

کولتووری ستوونی، کولتووری ئاسۆیی. محەمەد فەریق حەسەن ........ 5

ئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس "ئاکانیوز". وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: بەکر شوانی ........ 12

کورد و ئاینی بەهایی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی ........ 45

بێ تاوانێک لە کوردستان. یان بۆوچێک. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕابەر یونس عەزیز ........ 69

با لەسەر کوردستان نەبێتە ململانێ. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تاهیر تەیب ئەحمەد "مامکاک" ........ 74

دۆسیەی گاپ. ئا: نەجمییە ئوچانسۆی. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 126

موجاهیدینی خەڵق لە عێراقدا.. مەتەڵێکی سیاسەت. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید ........ 145

شەهیدانی وێڵ.. ڕاستە موجاهیدینی خەڵق بوونەتە.... وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەلا شاخەوان ........ 159

ڕیفۆرمی ئاینیی ئیسلامی و قۆناغی.... وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 164

سێ ڕەهەندی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل ........ 176

دەبووایە کورد بڵێ بەڵێ بۆ چاکسازیی دەستووری لە تورکیا. ڕابەر یونس عەزیز ........ 197

نەسر حامد ئەبوزەید. دیمانە: نازم ئەلسەید. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 203

تاوانەکانی نامووس وەک توندوتیژیی دژی ژنان لە میسر. وەرگێڕانی: لێژنەیەک ........ 224

ڕوانگە فیمینیستییەکان. لەیلا موری. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شنۆ مێهرپەروەر ........ 250

دڵنەواییەکانی فەلسەفە – دڵنەوایی لەبەر کەم پارەیی. لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 255

پێویستییەکانی داڕشتنی ستراتیجیی ئاسایشی نەتەوەیی. لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر ........ 275

چۆن زمان لەناو دەچێ. توریێ یانسۆن. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی ........ 294

چیرۆکی ڕۆمیۆ و جولێت بەکورتی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە و پێشکەشکردنی: د. سەلاح بابان ........ 308

قوربانیی دەستی کەسانی ترین؟. گی کۆرنو. وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 325

لە سۆراخی ئەو ئێستایەی کە بەسەر چووە. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: حەسەن نوور ........ 334

لاچین لە ئەدەبی کوردستانی سوور. سەیفولا شامیلۆڤ. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ........ 357

ڤێرن و کاڵڤینۆ و مارکیز.. بەپیتیی دنیای واقیعی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 364

شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لەسەر هۆلۆکۆست. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم ........ 368

کۆچی نایاسایی کێشەیەکی بەردەوامی نێودەوڵەتی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ........ 371